# (محەمەد مەولود مەم)ی

# شاکارنووس

زنجیرەی شاكارنووسانی كورد لە سەدەی بیستەم دا / /ژمارە (١)

# (محەمەد مەولود مەم)ی شاكارنووس

## كۆمەڵێك وتار و لێكۆڵینەوەی رەخنەیی

ئامادەكردنی: د . ئازاد حەمە شەریف

هەولێر - ٢٠٠٩

دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

- (محەمەد مەولود مەم)ی شاكارنووس
- نووسینی: د . ئازاد حەمە شەریف
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (٥٢٥)
- نرخ: (٦٠٠٠) دینار
- چاپی یەكەم : ٢٠٠٩
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی كتێب (٣٧٣)

هەموو مافێكی بۆ دەزگای موكریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

**سوپاسنامە**


من خێزانی محەمەد مەولوود (مەم)ی چیرۆك نووس و رۆژنامەنووسم بە ناوی خۆم و بنەماڵەی مەم زۆر سوپاسی کاك ئازاد حەمە شەریف دەکەین کەوا ئەرکی دەرچونی کتێبێکی رەخنەیی لەسەر نووسینەکانی بەهەشتی (مەم) لە ئەستۆ گرتووە.

**خێزانی مەم**

**مامۆستا ئافەرین**

**٢٠٠٠/٥/٣٠**

**دەستنووسی خاتوو ئافەرین بە سکان کراویەوە**




بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

من خێزانی محمد مولود (مەم) ی چیرۆك نووس و ڕۆژنامە
نووسم بە ناوی خۆم و بنەماڵەی مەم زۆر سوپاسی
کاك ئازاد حمە شریف دەکەین کەوا ئەرکی دەرچونی
کتێبێکی ڕەخنەیی لەسەر نووسینەکانی بەهەشتی
مەم لە ئەستۆ گرتووە.

خێزانی مەم

مامۆستا ئافەرین

٢٠٠٠/٥/٣٠





**پۆستکارتی (مەم)**

**بە پەڕامووچە رەنگینەکەی د. محەمەد عارف**

# ناوەڕۆك


لە جیاتی پێشەکی: چۆن (مەم)م ناسی؟/ ن: د. ئازاد حەمە شەریف ١

**چاوپێکەوتن:**

"بەر لە کۆچی مەم بە مانگێك: ٦ پرسیار لە بەردەم (مەم)ی زیندوودا"/ئا: ئیسماعیل بەرزنجی ٧

"دوانێك لەگەڵ مەم" — لە گۆڤاری (شەفەق)ەوە ١٥

**نامەکاری:**

نامەیەکی بڵاونەکراوەی مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار) بۆ (مەم) ١٩

نامەیەکی بڵاونەکراوەی (مەم) بۆ مامۆستا ( عەبدولرەزاق بیمار) ٢١

نامەیەکی خوشکە گەورەی (مەم) بۆ طالب محەمەد ئەحمەد ٣٣

**نووسەر و ئەزموونی چیرۆك نووسی:**

تاقیکردنەوەم لە چیرۆك نووسی دا: محەمەد مەولود مەم (ئەرشیفی دیداری دووەمی چیرۆکی کوردی) ٣٥

**بیرەوەری و رۆژنامەگەری:**

محەمەد مەولود (مەم)ی هەمیشە زیندوو/ن : قەشە فرەنسیس شێر ٤٧

بەشێك لە یادەوەرییەکانی بنەماڵەی (مەم)/ ن: خاتوو ئافەرین — خێزانی مەم ٥١

دەستنووسەکانی (مەم) و یەك شووشە خوێن/ ن: فیکرەت عیزەت ٥٧

(مەم) و چەند وێستگەیەك/ ن : مەحمود زامدار ٦١

بسرێنەوە هێڵە وەهمیەکان: برووخێن سنوورە دەستکردەکان/ن: ئیسماعیل بەرزنجی ٦٥

(مەم)ی رۆماننووس و چیرۆکنووسیش ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بوو/ن: تاریق جامباز ٦٧

محەمەد مەولود (مەم)ی کاریکاتێرنووس/ کەریم شارەزا ٧٣

(مەم)ی رۆژنامەنووس و فەرمانبەر/ شێرزاد قادر هەینی ٨١

مەم و ئەزموونی رۆژنامەوانی لە گۆڤاری (هەولێر)دا/ن : پ.ی. د. هیمدادی حوسێن ٨٥

**لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانی (مەم)**

لەعنەتی سنوور و چیرۆکەکانی (مەم)/ عەبدولرەزاق بیمار ١٠٩

محەمەد مەولود (مەم)ی چیرۆکنووس/ کەریم شارەزا ١١٣

چەوساندنەوە و بەرەنگاربوونەوە لە چیرۆکەکانی (مەم)دا/ ن: د. ئازاد حەمە شەریف ١١٩

فانتازیا یان ریالیزمی سیحری لە چیرۆکەکانی (مەم)دا/ ن: سابیر رەشید ١٤١

کوشتنی ئازادی ...لە چیرۆکی (خەڵکەکە چۆن بوون بە ..گا)/ ن : عەتا قەرەداغی ١٦١

چیرۆك وەك بنیات: محەمەد مەولود و نوێخوازی چیرۆکی کوردی/ ن: نەجات حەمید ١٧٣

**لێکۆڵینەوە لە رۆمانۆکەی (پایزەخەون)**

هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە (پایزە خەون)دا/ ن: د. ئازاد حەمە شەریف ١٨٥

پایزەخەونێك لە بناری چیای (سەفین) دا/ ن: ئازاد حەمەدەمین یونس ١٩٣

تەکنیك لە (پایزە خەون) دا/ ن: سابیر رەشید ٢٠١

قاسپەی کەوی کۆچەریان/ ن: هاشم سەراج ٢٠٩

رووچونێك بە (پایزە خەون) دا/ ن: فەرۆخ نیعمەتپوور ٢١٥

خەون لە (پایزە خەون) دا/ ن: دەریا جەمال حەوێزی ٢١٩

وەسف لە (پایزە خەون) دا/ ن: زرار عەبدوڵڵا سەرتاش ٢٣٣

دەستەوارەیەك بۆچوونی رەخنەیی بۆ (پایزە خەون) هەڵدەچنم/ ن: عەبدوللا حەمە سوور ٢٣٧

**لێکۆڵینەوە لە رۆمانۆکەی (کاروان و سەگوەڕ)**

(سەگوەڕ)ی موکری و (کاروان و سەگوەڕ)ی مەم: شۆڕش لە دوو ٢٤٩
گۆشەنیگای جیاوە/ ن: د. ئازاد حەمە شەریف

**لێکۆڵینەوە لە رۆمانی (رێگا)**

(رێگا) و تراژیدیای خولیاکان / ن: فەرۆخ نیعمەتپوور ٢٥٧

مەزراندنی فۆلکلۆر لە رۆمانی ( رێگا)ی مەم دا/ ن: سابیر رەشید ٢٦٩

رۆمانی (رێگا): هەڵوێست و پشووی هونەری/ ن: جەلیل کاکە وەیس ٢٨٥

خوێندنەوەی شوونەکانی دەسەڵات لە نێو دەقی (رێگا)دا/ ن: هاشم سەراج ٣٠٥

تەکنیك لە رۆمانی (رێگا)ی محەمەد مەولود مەم دا/ ن: سابیر رەشید ٣١٣

رۆمانی (رێگا) و رەهەندەکانی/ ن: د. ئازاد حەمە شەریف ٣٢٥

# له جیاتی پێشەکی

## چۆن "مەم"م ناسی؟

**بە پێنووسی: د. ئازاد حەمە شەریف**

پێم وایە ساڵی ١٩٨٤ بوو کە کاك "عەبدوڵلا عەباس" کۆڕێکی لەبارەی "رۆڵی رۆژنامەگەری لە پێشخستنی رۆشنبیریدا" یان بابەتێکی ئاوایی لە هۆڵی "چاودێری زانستی" لە هەولێر دەگێڕا. من وکاك (سەباح رەنجدەر)یش وەك هەر کەسێکی دی چووبووینە ئەو کۆڕە بۆ ئەوەی بزانین برای کۆڕگێڕ چی لە بارەی رۆڵی رۆژنامەگەری دەبێژێت.

دوای کۆتایی هاتنی کۆڕگێڕ لە قسەکانی، من چوومە سەر مایکرۆفۆن و گەلێ رەخنەم لە قسەکانی کاك عەبدوڵلا گرت و ئەوەم روون کردەوە کە "مەرج نییە کە هەموو رۆژنامەیەك رۆڵی ئیجابییانە بگێڕێت، بەتایبەتیش، ئەو رۆژنامانەی کە دەربڕی ئایدیۆلۆژیای رژێمێکن. جا رۆژنامەی ئەو چەشنە رژێمانە زۆر جار رۆڵی پێچەوانە دەگێڕن بەوەی راستییەکان دەشێوێنن و خەڵك چەواشە دەکەن و سەرەنجام مێشك دەشۆنەوە".

ئەو قسانەم هەرچەندە بەدڵی کاکی کۆڕگێڕ نەبوون، بەلاّم خوا شاهیدە، برای کۆڕگێڕ ئەو بابەتەی لە کورتیدا بڕییەوە و بەمەش هەم خۆی لە سەرنجەکانم لادا و هەم منیشی لە گێچەڵی سیاسی پاراست و ئەگەر بیویستایە زۆر بە سانایی تووشی دەکردم. بە هەرحاڵ سوپاس.

کە چوومەوە جێگای خۆم دانیشتمەوە، یەکێك لە پشتمەوە، دەستێکی لە سەر شانم دانا. ئاوڕێکم دایەوە و بینیم پیاوێکی رەشتاڵەی تەمەن لە پەنجا بە سەرەوەتر بوو، لە راستیدا زۆر ترسم لێ نیشت، بە تایبەتیش کە سەربازی گرتبوومیەوە و من خۆم لە خزمەتی سەربازی دزیبۆوە و ئەو قسانەشم کرد و کە ئەو پیاوەش گوتی دەمەوێ دوای کۆڕەکە بتبینمەوە هەر ئۆقرەم لێ بڕا و باوەڕکەن زۆر جار دەمویست بڕۆم و هۆڵەکە بەجێ بهێڵم.

بەرلەوەی کۆڕەکە کۆتایی پێ بێت، بە کاك (سەباح رەنجدەر)م گوت "هەر کۆڕەکە کۆتایی پێ بێت من چاوەڕوانی وەلاّمەکانی کۆڕگێڕ ناکەم و یەکسەر دەچمە دەرەوە، بەلاّم تۆ بمێنەوە و



باش چاودێری ئەو کابرایەم بۆ بکە تا بزانم چی لە من دەوێت!" سەرەنجام کۆڕەکە کۆتایی پێ هات و هەر هەستام بچمە دەرەوە، پیاوە رەشتاڵەکە لە دوام هات، زۆر بێ ئارام و نیگەران بووم. دیاربوو ئەویش هەستی بەو حاڵەتە دەروونییەم کردبوو. بۆیە یەکسەر دەستی درێژ کرد و دەستی گرتم و گوتی:

"زۆرم پێخۆشە کە میللەتی کورد رۆڵەی رۆشنبیری وەکو ئێوەی هەیە کە لە تاریکترین ساتدا لە هەڵە بێ دەنگ نابن، بەلاّم برالە، ئاگاشت لە خۆت بێت، ئەم قسانەت، لە شوێنی وادا جێی مەترسین."

دیاربوو هەستی دەکرد هێشتا نایناسم بۆیە لێی پرسیم:

"نامناسیت؟"

منیش گوتم: "نابەخوای، نازانم بەڕێزتان کێن؟"

ئەویش یەکسەر گوتی: "کوڕە، من (مەم)م مەم!"

لەگەڵ ئەو قسانەدا دوو هەستی خۆشی و سەرسوڕمان بەسەرمدا زاڵ بوون. پاشتر لێی پرسیم:

"تۆ کێیت؟ و کوڕی کێیت و خەریکی چیت؟"

ئەو دەمەش ئێمە لە دەرگای باڵەخانەی "چاودێری زانستی" هاتبووینە سەر شۆستەکە و گوتم: "بابڕۆین، لەڕێ بۆت باس دەکەم."

گوتی: "دەباشە، ماڵی منیش لەم خوارەوەیە."

ئێمە لەو قسانە دابووین، کاك (سەباح رەنجدەر)یش گەیشتەوە ئێمە. منیش بەیەکترم ناساندن. وادیاربوو ئەویش بەو ناساندنە دڵخۆش بوو. بەدەم رێگاوە باسی خۆم و خوێندنەوەم و ئەو وەرگێڕانانەی کردبوومن وەك "مردنی دێوەرەیەك"و "کافکا" و هتد کە هێشتا چاپ نەکرابوون، بۆ "مەم"م گێڕانەوە.

دیاربوو ئەو حەزی دەکرد زیاتر ئاشنای یەك بین، بۆیە کە گەیشتینە لای فلکەی زەعیم گوتی: "دەبا بچینە ماڵەوە و فنجانێك قاوە بخۆینەوە" ئیدی لەو ساتەوە ئاشنایەتیمان دەستی پێکرد. هەر لە ناو باخچەی ماڵەکەیان دانیشتین و لەجیاتی قاوە، ماستاوی کوردەوارییی بۆ هێنایین.

هەر لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەك دەربارەی چیرۆکی (دۆزینەوە) لە نێوان کاك (سەباح رەنجدەر) و (مەم) دروست بوو. کاك سەباح بەوردی پرسیاری لەسەر چیرۆکەکە لە (مەم) کرد و باسی لە لایەنی بەهێزی و کاریگەری چیرۆکەکەی (مەم)ی کرد. (مەم)یش لە کاك (سەباح)ی پرسی: "تەمەنت چەندە؟" ئەویش گوتی: "نۆزدە ساڵ." (مەم) پێ ی گوت: "تەمەنی

رۆشنبیریت پێش تەمەنت کەوتووە و ئومێدی زۆرم بە لاوی وەکو ئێوە هەیە باری ئەدەبیمان بەرەو داهێنانی بەرز ببەن."

دوای ئەو گفتوگۆیە (مەم) بەدەسخەتی خۆی هەریەکەو دانەیەك لە کتێبی (چیرۆکەکانی مەم — بەرگی دووەم)ی پێشکەش کردین. ئێمەش زۆر بە سوپاسەوە ئەو دیارییە هێژایەمان لێ ی وەرگرت و ماڵئاواییمان لێ ی کرد.

دوای چەند مانگێك بۆ جاری دووەم لە بارەگای "گۆڤاری کاروان" چاوم پێی کەوتەوە و دیسان بەدەم ڕێگا و پیاسەوە هەر باسی رۆشنبیری و ئەدەب و کوردپەروەریمان دەکرد. دیاربوو ئەمجارە حەزی دەکرد نووسینەکانی خۆی و کتێبخانە و ئەرشیفی شوێنەواری پڕ پارە و پوولی کۆنینەی سەردەمە زووەکانی کوردستان و شمەکی شوێنەواری کە ماڵەکەی پڕی بوو پیشانم بدا. کە لێم پرسی "بۆچی ئەو کەلوپەلە شوێنەوارییانە نادەیتە مۆزەخانە؟"

مەم گوتی: "رۆژی خۆی کە کورد ئازاد بوو من هەمووی پێشکەشی مۆزەخانەی کوردان دەکەم!"

دواتر باس هاتە سەر چیرۆکەکانی ئەوو چیرۆکنووسانی دی وەکو "حسێن عارف" و "شێرزاد حەسەن" و "محەمەد موکری" کە ئەوکات لە شاخ بوو "سەگوەڕ"ی هێندە لەمێژ نەبوو لە چاپدا بوو. (مەم) پێی گوتم: "من وەڵامی (سەگوەڕ)ەکەی موکریم بە رۆمانێك داوەتەوە بە ناوی (کاروان و سەگوەڕ)." دیاربوو (مەم) زۆر رای لەو نۆڤێلتەی "موکری" نەبوو و دەیگوت: "نابێ نووسەر لە بارودۆخی ئاوادا شۆڕشەکەی بە "سەگوەڕ" تێ بگات چونکە ئەوە لەخزمەتی دوژمن دەکەوێتەوە." هەروا دەیگوت: "شۆڕش کاروانە و کاروانیش بێ سەگوەڕ نابێت."

بەهەرحاڵ داوای "کاروان و سەگوەڕ"م لێی کرد بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە و پێی نەدام و گوتی: "لەبەرئەوەی ئەم رۆمانە وەڵامی رۆمانێکی موکری یە، ئەخلاقییەن واباشە تا موکری نەبینێت نەیدەم بەکەس. دوای موکری بەڵێن بێت تۆ دووەم کەس دەبێت بیخوێنیتەوە." هەرچەندی دواتر داوام لێ ی کرد هەر پێ ی نەدام، بەڵام لە جیاتی ئەوە دەستنووسی "پایزە خەون"ی پێدام بۆ ئەوەی بە وردی بیخوێنمەوە و هەرچی سەرنج و تێبینیشم هەیە لەو بارەیەوە راستەوخۆ لەگەڵی باس بکەم.

هەفتەی دوای خوێندنەوەی "پایزە خەون" بۆ جاری سێیەم لەگەڵ (مەم) یەکترمان بینییەوە و گەلێ سەرنج و تێبینیم لەبارەی ئەو بەرهەمەی لەلا گەڵاڵە بوون و راستەوخۆ لەگەڵم



باسکردن، مەم پێی گوتم: "جا بۆ ئەو سەرنج و تێبینییانەت نانووسیت تا بڵاویان بکەیتەوە".

منیش گوتم: "جاری تۆ (پایزە خەون) لەچاپ بدە ئەوسا خوا کەریمە". هەر لەو سەرودەرەدا بوو کە تازە هاوسەری خۆمم بە نیشان کردبوو، دیاربوو ئەڵقەی دەستمی بینی و پیرۆزبایی لێکردم لێی پرسیم: "بۆچی زوو ژنەکەت ناگوازیتەوە؟"

منیش گوتم: "هێشتا زرووفم تەواو نییە و ئیشەکانم ڕێك نەکەوتوون!".

(مەم) لای وابوو کە لەبەر باری ئابوورییە من ژنەکەم ناگوازمەوە، خۆ منیش ڕێك و راست پێی نالێم:

"ماموستا، من ئامادەنیم سەربازی بکەم بۆیە گوازتنەوەکەم کەمێك دوا دەخەم".

(مەم) ئەو دەمی زۆری لێکردم لەگەڵی بچمە ماڵەوە، دوای (کاکاو) خواردنەوە پێی گوتم: "برام ئەگەر گیروگرفتی ژن گواستنەوەکەت ئابوورییە، ئەوا من ئامادەم چەندت پارەت بوێت بدەمێ و کەی بووت بمدەرەوە و ئیشی خۆتی پێ جێبەجێ بکە."

منیش پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو هەڵوێستە بەرزەی (مەم)م کرد و هەر چۆنێك بێت بۆم روونکردەوە کە من باری ئابووریم چاکە، بەڵام هۆی تر هەن کە ئەو کارەم دوا دەخەن. لەو دەمەدا بە راستی بۆم دەرکەوت (مەم) یەکێکە لە برادەرە دڵسۆزەکان.

رۆژان هاتن و رۆژان رۆیین، من بە دەستی هەندێك لەو نووسەرە چەلاوخۆرە خەلاتخۆرەکانی سەردەمی رژێم و سەردەمی دوای راپەڕین بە گرتن درام، تا ماوەی شەش مانگ لە کونی زیندان قایم کرام، لەو ماوەیەدا دیاربوو (مەم) زانیبووی من گیراوم و بیستیشم دوای گیرانم هەڕەشەی لەهەندێ نووسەری خۆفرۆش کردبوو لەسەر بەگرتندانم. منیش شەش مانگی رەبەق لەزیندانی رژیم ناڵاندام و دواتر کە بەردرام بەرەو کێڵگەکانی مین لە (فاو) بەرێخرام تا لەوێ بەسەرمیندا بتەقمەوە. بەڵام من هەر رۆژی بەربوونم (١٣) کەسی هەولێر و کەرکوکیم بەسواری شەمەندەفەر لەگەڵ خۆم بەفیراری هێناوە دیوانییە و لەوێوە بۆ بەغدا و کەرکوك و ئینجا هەولێر.

کە هاتمەوە هەولێر بیستم (مەم) نەخۆشی سەری تێ کردبوو: رۆژێکیان دوای بەربوونم کە زۆر بەپارێز دەگەڕام و لەگەڵ کاك (سەباح رەنجدەر)پیاسەمان دەکرد، (اسماعیل بەرزنجی) پێی گوتم: "کاکە، ئەوە (مەم) زۆر هەواڵت دەپرسێت و دەزانێت بەربوویت، ئەویش زۆر نەخۆشە و پێی راسپاردووم کە بچیت سەردانێکی بکەیت."

هەر بۆ ئێوارەکەی چوومە ماڵیان. لەسەر چوارپایەك درێژ ببوو، کـە مــنی بـینی کـەمێك گەشایەوە و ورەی هاتەوە بەر و پاش ماچ و مــووچ، باسـی زینـدان و هەلپەرسـتی ئـەدیبان و خۆفرۆشی گەلیّ قەڵەممان کرد، ناوەکان پێویست بەبردن ناکەن، دڵسۆزان دەزانن خۆفرۆشان کێن، خۆفرۆشانیش دەزانن خۆیان کێن و چییان کردووە و چی دەکەن و لە هەموو زرووفێکدا هەر بـۆ پێشەوە هەڵپە دەکەن.

ئـەو جـۆرە کەسـانە زوو خۆیـان دەگەیەننــە کاربەدەسـتان و دەمـامکی پیـسی جارانیـان دەشارنەوە و خۆیان لەلای هەمـوولایەك دەکەنە ولاّتپارێزی عەیار (٢٤)، بەلاّم لەناخی دڵیانەوە رقیان لە کورد و شۆڕشەکەیەتی و لـەژێرەوەش راپـۆرت لەسـەر دڵـسۆزان بـۆ دوژمنـانی گـەل دەنووسن و لەسەرەوەش وادەردەخەن کە دڵسۆزن. لەهەمانکاتیشدا نووسەر و مرۆڤـە دڵـسۆز و خاوەن هەڵوێستەکان بە بوختان و درۆ و دەلەسەکانیان و بەفرۆفێڵە جۆراوجۆرەکانیان لەبەرچاوی کاربەدەستان رەش دەکەن. ئا ئەمەیە سایکۆلۆژییەتی نووسەرە خۆفرۆشەکان !!

دوای ئەو سەردانە کورتە، (مەم) بەیـەکجاری ماڵئـاوایی لێکـردین، بـەلاّم دوای مــەرگی بەچەند مانگێك "پایزە خەون" چاپکرا و بەبۆنەی ساڵرۆژی کۆچـی "مــەم" لـە سـاڵی ١٩٨٨ کۆڕێکی رۆشنبیری سازدرا و منیش تێبینی و سەرنجەکانی وەختی خۆی کە لەگەڵ (مەم) باسـم کردبوون کردە وتارێك و بەناونیشانی "هۆشیاری کۆمەلاّیەتی لە پایزە خـەون دا" دا بەبرایـەك کە ئەویش ناوی "ئازاد" بوو بۆ ئەوەی لە کۆڕەکەدا لە جیاتی من بیخوێنێتێتــەوە. ئـەو جـارە قسەکەی "مەم"م چاك لە گوێگرت و من نەچوومە هۆڵەکە و کاك "ئازاد صادق" وتارەکـەمی خوێندەوە نـەوەك خۆفرۆشـان جـارێکی تـر داوم بـۆ دابنێنـەوە و وەك جـاری پێـشوو لەلایـەن دەزگاکانی "ئەمن" بڕفێنرێم.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری کاروان ژمارە (١٨٣)ساڵی ٢٠٠٤ دا بلاّوکراوەتەوە.**

# بەر لە کۆچی بە مانگێك:

## ٦ پرسیار لە بەردەم - مەم - ی زیندوودا

ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی

**سەرەتایەك:**

هەر کەسە و بەجۆرێك لە مردن دەگا، بەلاّم هەموویان لە یەك حالّەتدا یەك دەگرنەوە، ئەمیش لە کاروەستانی دلّ و.. ڕاکشانی هەتا هەتاییە، ئەو کەسانەش لە جۆری دلّدا جیاوازییان هەیە. واتە کەسانی وا هەن.. دلّیان ڕەقە.. ڕەشە.. پڕ لە کینە و بوغزە، بەپێچەوانەوەش کەسانی وا هەن دلّیان نەرمە.. سپییە، پڕ لە خۆشەویستی و ئەڤینە، جا ئەگەر هاتوو.. ئەو کەسانە نووسەریش بوون، ئەوا بۆی هەیە لەلایەنی میکانیکییەوە دلّیان بووەستی و دە قان شەعادەی سپییان بۆ بکرێتە کفن و.. شۆڕ بکرێنەوە نێو گلّ و خاك، بەلاّم کێ دەلّێتن ئەوانە مردوون؟ ئەوانە لە هەزاران هەزار زیندووی ئەو دەمە بەختەوەرتر و دلّگەشتر و دەم بەپێکەنینترن.

ئەو- محەمەد مەولود (مەم)ەی، کە ئێستا لە نێوانماندا نییە، من هەموو ڕۆژێ دوو جاران دەیبینم:

جاری یەکەم: سپێدان زوو، پێش ئەوەی خێر و شەڕ بەش بکرێ، دەبینم- مەم - وا لەسەر گردی - قالیچ ئاغا - ڕاوەستاوە، لە منارە و قەلا ڕادەمێنێ، هەرکە ڕۆژ تالّە زێڕینەکانی پەخش دەکات، ئەویش لەسەر گردی دێتە خوارێ، باوەش بەمندالّێکی بۆیاخچی دادەکات، ئەو مندالّەی، ئەگەر پێلاّوان بۆیاخ نەکات و چەند- پەنجا فلس -یەك، پەیدا نەکات ئەوا وەکو بێچووە مراوی لە برسانا جوکەجووکی دێ، من لە شوێنی خۆم ڕادەکەم، بێ ئاگا لەوەی کە - مەم بۆتە تیشك و تیشکیش بەدەست ناگیرێ، بۆم ناگیرێ.

جاری دووەم: پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوابێت و فریشتەکان دابەزنە خوارێ، دەبینم جووتە کەوێکی ئاشق و ماشووق، لەسەری سەفینی دێنە خوارێ، بەهەلّەداوان لەسەر - گردی زەیتوون - دەنیشنەوە، بالّەکانی خۆیان ڕادەخەن، - مەم - بەرەو بەرزایی دەبەن.



**دوو وێنە:**

**(١)**

هاوینی سالّی ١٩٧٢ بوو وەك هەموو ئەو قوتابییە بێ دەرامەتانەی، کە خوا خوایانە بگەنە پشووی هاوین، بۆ ئەوەی کاسبییەك بکەن و وەك کوڕی هەندێك لە دراوسێکان، خۆیان بەپۆشتەیی ببینن، بەو ئومێدە ڕووم لە شارەوانی کرد، سکالاّنامەیەکم خستبووە دوتوێی گۆڤارێکی بەیانەوە، کەیفم بەخۆ دەهات وا بوومە پۆلی دووی ناوەندی و.. بە کرێکاری وەقتی دادەمەزرێم.

کابرای دەرگەوان سکالاّنامەکەی لێ وەرگرتم، چووە.. ژوورەوە.. هەندی بلّێی یەك و دوو هاتە دەرەوە و.. بەسەری لمووزی گوتی:

- تەعینات نییە.

بە نائومێدی پاشەو پاش گەڕامەوە، تینوێتی زۆری بۆ هێنام، لە کوپە ئاوەکە نزیك بوومەوە، دەوروبەری خلیسك بوو، پێم خزی و بەپشتا کەوتم، ئانیشکی چەپەم ڕووشا، بینیم زەلامێکی ڕەشئەسمەری گەنم ڕەنگ، خەریکە ڕاستم دەکاتەوە، سکالاّنامەکەی خوێندەوە، بزەیەکی هاتێ، بردمیە ژوورەوە، پاش ماوەیەك گوتی:

-بەیانی لە فلاّنە شوێن بە.

بە کورتی.. سێ مانگان دامەزرام، ئەو کاتە سەرەتای خوێندنەوەم بوو، -مەم- بەشی یەکەمی چیرۆکەکانی پێشکەش کردم، گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی دامێ، هانی دام بچمە ئێوارە کوڕان، زۆر شەرمم لێی دەکرد، کە دەمبینی ڕەنگم سوور هەلّدەگەڕا، ئێمەمانان ئەو دەمە شەرممان لە نووسەرانی لە خۆ گەورەتر دەکرد، ئێستاکی دەبینم، ئی وا هەن، هێشتا فێری ئەلف و بێ نەبوون، کەچی دەکەونە مێچکە مێچك. بەلّێ -مەم فێری ئیشی کردم و بەوشەی پیرۆز ئاشنای کردم....

**(٢)**

هاوینی سالّی ١٩٧٧ بوو، بۆ تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەش خۆمان ئامادە دەکرد، لەگەلّ دوو برادەری تر شەوانە.. لەسەر شەقامی شەست مەتری، لەبەر ڕۆشنایی دارتێلەکان بیرکاریمان دەخوێند، شوێنەکە بەرامبەر مالّی -مەم- بوو، دەیان جار بەدەستی خۆی میوە و ئاوی ساردی بۆ دەهێنایین، لەبەر ئەوەی دوو برادەرەکەی تریش، یەکیان شاعیر و ئەویتریش خەریکی خوێندنەوە بوو، بۆیە هەرکە لە بیرکاری بێزار دەبووین، دەچووینە لای مامۆستا و، لە باخەکەدا دەکەوتینە نێو دنیای ئەدەب.

ئیتر متووی ئەو نووسەرە گەورەیە بووم، تا ئەمڕۆ وا لەبەر چاوی هەموومانە کە ئەو چیرۆکنووسە داهێنەرە چی بۆ کردووین.

* * *

سەربووردەی ئەو (٦) پرسیارە:

زۆران جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە پێناسەیەك، یاخود.. لێکدانەوەیەکی تەواو بۆ ئەم گوتەیە بدۆزمەوە، کە دەڵێن (مردن تاڵە)، بەڵێ یەگجار تاڵە و ڕاڤەکردنیشی ئەوەندە سانا نییە، هەر لەم پێودانگەشەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان جورئەتم نەکرد کە گوتەی (مردنی تاڵ) بەگوێی - مەم -ی شیریندا بچرپێنم، تەنانەت برادەرێکی نووسەر، جارێکیان بیری لەوە کردەوە کە کامێرای ڤیدیۆ ببەین و گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، بەلاّم من خۆم بێدەنگ کرد، لەبەر ئەوەی حەزم نەدەکرد کە ئەو مرۆڤە وا بیربکاتەوە.. کە دوادوای ژیانییەتی، بۆیە ڕێگایەکی ترم دۆزیەوە، ئەمیش سوود وەرگرتن بوو لەو ڕێز و خۆشەویستی و سۆز و برایەتیەی کە لە نێوانماندا هەبوو، بۆیە لە ڕێکەوتی ٦/٤/١٩٨٧ کە ئەو ڕۆژە تەندروستی زۆر باش بوو، پێم وت:

- مامۆستا.. دەمەوێ ئەرشیفێکی تایبەت بەو نووسەرە داهێنەرانە بکەمەوە، کە لە بواری داهێنان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیماندا، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە، بەپێویستی دەزانم کە لە تۆوە دەست پێ بکەم.

فەرمووی:

- حەز دەکەم ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم، کە حاڵی حازر، نەخۆشی بواری ئەوەم نادات و زۆر حەزیش لە -لقاءات-و شتی وا ناکەم، بەلاّم با بزانم مەبەستت چییە.

شەش پرسیارەکەم دایێ، بۆ بەیانی ٧/٤/١٩٨٧ لە هەشت وەرەقەی مام ناوەندی وەلاّمەکانی دابوومەوە، من لەو بڕوایە دام کە وەلاّمەکان زۆر کورتن، -مەم- نەیویستووە زۆر شت بڵێ.

وا لە خوارەوە پرسیار و وەلاّمەکان وەکو خۆی دەنووسمەوە هیوادارم، ئەو ڕۆمان و نووسینانەی کە -مەم- بۆی بەجێهێشتین، لایەنە ڕۆشنبیریەکان فەرامۆشی نەکەن و ڕووناکی بخەنەسەر.

* * *

پرسیاری یەکەم:

- مامۆستا لە کوێوە دەست پێ بکەین؟



مەم: لام وایە نەتۆ ڕۆژنامەنووسی و نەمن خۆم بۆ چاوپێکەوتن و لێدوان ئامادە کردووە، بەلاّم ئەو شەش پرسیارەی کە تۆ لە منی دەکەی نایخەمە خانەی با بلێین-لقاء-ەوە، بەڵکو گفتوگۆی برایانەیە لەگەڵ یەکتری دەکەین.

وەك تۆ دەڵێی من زۆر کەم حەزم لە -لقاءات-و چاوپێکەوتنە، ڕاست دەکەی، بەلاّم لام وایە من لە ڕێگەی چیرۆکەکانمەوە، بۆ ئەم خەڵکە دەدوێم، هەر چەندە ئەم دوانەش سەدی سەد تەعبیر لە من ناکات، بەلاّم ئەوەش ناگەیەنی کە من تەلیسمێکی نەکراوەم، ئەوەتا لەبەر چاو و دڵی ئەم خەڵکە کۆمەڵێ چیرۆك و نووسینم خستۆتە ڕوو، یانی سەدان گرێ کوێرەم کردۆتەوە، با نموونەیەك بهێنمەوە: جارێکیان لە- چیخۆف-یان پرسی:

- تۆ بۆ کێ دەنووسیێ؟

لە وەلاّمدا وتی:

-ئەگەر بۆ ئێوەم نەنووسیبا، ئێوەش ئەو پرسیارەتان لێ نەدەکردم.

لام وایە ئەوەندە بەسە.

پرسیاری دووەم:

- لە دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیدا فەرمووتان کە دەستەواژەی (چیرۆکنووسی شایەتی سەردەمی خۆیەتی) وتەیەکی ناتەواوە، حەز دەکەین زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

مەم: لە دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیدا کە وتم ئەم وتەیە بەناتەواو دەزانم تا ئێستاش لەسەری موسیرم.

لە هەموو ئان و زەمانێکدا، جیاوازیە هەرە سەرەکیەکەی نێوان نووسەر و مرۆڤی سادە، مەسەلەی ئاستی هۆشیاری (وعی)یەکەیە، چیرۆکنووسیش مەرج نییە هەموو ڕووداو و کارەساتێك کاری تێ بکات، بۆی هەیە بیبەهەژێنیێ و بیگریێنێ، بەلاّم داینەڕێژێتە سەر کاغەز، بۆ نموونە گریان منداڵێك لە بەرچاوم کەوتە نێو گۆماوێك و خنکا، من لەو حاڵەتەدا، هەوڵ دەدەم کە لە خنکان ڕزگاری بکەم، گریان نەمتوانی ڕزگاری بکەم، بۆی هەیە بۆی بگریم، بەلاّم مەرج نییە چیرۆکێکی لەسەر بنووسم، لە هەمان کاتدا هەوڵی ئەوە دەدەم کە لە خەیاڵی خۆم وێنەی منداڵێکی برسی یا خنکاو دەکێشم و لەسەری دەنووسم.

(مارکیز) زۆربەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی لە ئەنجامی گوێ بیست بوون داڕشتووە، جارێکیان چیرۆکنووسی بەتوانا (جلیل القیسي) لە گۆڤارێکدا هەواڵێك دەخوێنێتەوە دوای ماوەیەك شانۆگەری (زفیر الصحراء) دەنووسێ، کە من هەر جارێك دەیخوێنمەوە لە شوێنی خۆم ڕادەچڵەکێم، کەواتە لە سەردەمی ئەمڕۆمان، ڕووداوەکان ئەوەندە خێرا و سەرسوڕهێنەرن،

نووسەر فریای هەر هەموویان ناکەوێت، بەلاّم ئەوەی کە مەبەستی بێت هەر دایدەڕێژێ. لە گەشتێکمدا ناسیاویم لەگەڵ نووسەرێکی بیانی پەیدا کرد، هەزاران کیلۆمەتری بڕیبوو بۆ ئەوەی ئەو گەڕەکە ببینێت کە ڕووداوی شێت بوونی پاڵەوانی چیرۆکەکەی لێقەوماوە، ئەو نووسەرە لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو، کە ڕووداوەکەی لە داپیرەی برادەرێکیەوە بیستبوو.
من لە منداڵیما برسیەتی و سەرگەردانی و بێبەشیم زۆر دیوە، ئەمڕۆ کە لوقمەیەکی چەور دەخۆم، ئەو ڕۆژانەم وەبیردێتەوە، کاتێ لە نێو پێخەف و نوێنی گەرمدا دەخەوم، سەرما و موچڕکی جارانم بەلەش دادێ، هەر لەم.. پێودانگەشەوە چیرۆك دەنووسم.

پرسیاری سێیەم:

– ڕەخنەگری ناسراو.. بۆریس بۆرسۆڤ- لەو بڕوایە دایە، کە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی چیرۆك و ڕۆمان، بەرهەمەکانیان بایۆگرافی واتە-سيرة ذاتية-ی خۆیانە، جەنابتان لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

مەم: بەش بەحاڵی خۆم زۆر لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، بۆی هەیە -بۆرسۆڤ- لە ڕوانگەی بۆچوونی خۆی بۆ ڕۆماننووس و چیرۆکنووسانی وڵاتی خۆی ئەم ڕایەی هەبێت، بۆ نموونە دیستۆڤسکی-کتومت ژیانی خۆی خستۆتە سەر کاخەز، بەلاّم ئەوەندە هونەرمەندانە دایڕشتووە، کە مرۆڤ دەیخوێنێتەوە، هەست دەکات داهێنان-ابداع- دەخوێنێتەوە، ئەمە لە لایەك و، لە لایەکی ترەوە-سيرة ذاتية- بەلای منەوە، گێڕانەوەی مێژووە بەئوسلوبێکی هونەری، ئەمەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت، هەموو نووسەرانی جیهان سوودیان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بینیوە، بەلاّم هەر یەکە بەپێی توانای هونەری خۆی دایڕشتووە وەکو وتم.. باوەڕ ناکەم نووسەر لە دنیادا هەبێت بەقەد-دیستۆڤسکی-ژیانی خۆی -توظیف- کردبێت، بەلاّم چۆن؟ خوێنەرم دەوێت بەقووڵی بیخوێنێتەوە و مووی سەری ڕاست نەبێتەوە.

سوودم لە ژیانی خۆم بینیوە، بەلاّم میکانیکییانە نەمگێڕاوەتەوە، ئەو دایکەی من لە چیرۆکێکمدا باسی دەکەم، بۆی هەیە دایکی تۆ یا ئەو بێت، جا لێرەدا لێکچوون لە نێوانی بەرهەمی نووسەرێکی تر پەیدا دەبێت، چونکە هەر یەکەیان بەجۆرێك ژیانی خۆی دەئاخنێتە نێو بەرهەمەکەیەوە، بەلاّم کامەیان داهێنانە، بێگومان ئەوەی کە هەست تیایدا دەورێکی بالاّ دەبینێت.

جارێکیان خەریکی کۆتایی پێهێنانی کورتە چیرۆکێك بووم، کە لە گۆڤارێکدا.. وا بزانم -الادب- بوو چیرۆکێکی وەرگێڕدراوم خوێندەوە، زۆر لە چیرۆکەکەی من دەچوو تەنانەت پاڵەوانی هەردووکمان حەزیان لە چێشتەخەو بوو ویستم هەر دوو چیرۆکەکە بەیەکەوە بلاّو



بکەمەوە، بەلاّم هەردووکیانم لە بارودۆخێکدا لێ ون بوو، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم خۆم حەز لە چێشتەخەو ناکەم کەواتە چیرۆکەکە زادەی بیری منە، بەلاّم -سيرة ذاتية-ی من نییە، بۆی هەیە نووسەرە بیانییەکە حەزی لە چێشتەخەو بێ وە بەپێچەوانەوەش.

پرسیاری چوارەم:

– ئەو جووتە ڕۆمانە دەستنووسەت، هەر چەندە ڕووناکیان نەدیوە، بەلاّم تا ئەو ڕۆژەی ئەو نەوەیە دەیخوێننەوە، حەز دەکەین لەم بارەیەوە شتێك بفەرموون!!

مەم: لام وایە دەتەوێ لێرەدا ڕایبگەیەنم کە ڕۆمانم نووسیوە، زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ئەمە نازانن، منیش تا ئەو ڕۆژەی چاپیان دەکەم، خوا دەزانێ، لەبەر دەستم چییان بەسەر دێت، چونکە سەدان جار لێیان کەم و زیادە دەکەم، ماوەیەکە-پایزەخەون-ئیسراحەتی کردووە، چونکە تۆ خەریکە دەینووسیتەوە، بەنیسبەت-ڕێگا-شەوە، ئەوە زۆر جار سکم بەپاڵەوانەکانی ناوی و دەستوپلی خۆم دەسووتێ، شەو نییە جێگۆڕکێیان پێنەکەم و نەیان هێنمە قسە، من لە نووسیندا زۆر -قلق-م، تا دە دێر دەنووسم، دوو لاپەڕە تێك هەڵدەشێلم، جا ئەگەر نووسینەکە ڕۆمانیش بێ، ئەوا هەر مەپرسە.

-پایزەخەون-کۆتایی پێهاتووە، ڕێگا-ش کە بەشی یەکەمی بەناوی -کاروانی گەنم-ە، لە ئاخر و ئۆخری دایە، ئەمساڵ (١٩٨٧) نەخۆشی وای لێکردووم، نەپەرژێمە سەری، ئەو ڕۆژانەی هەست بەهێوربوونەوە دەکەم، ئیشی تێدا دەکەم، لە پڕ ژان و برووسك هێرش دێنن، تۆزێك دان بەخۆما دەگرم، سەیر دەکەم.. گەیشتوومەتە ئەو حاڵەتەی کە یەکێك لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەش تووشی سەغڵەتی بووە، ئازار تەنگم پی هەڵدەچنێ، ڕادەکشێم.. نازانم دەخەوم یان نا.. بیرم هەر لای -کاروانی گەنم-ە.

لێرەدا ناتوانم لە هەردوو ڕۆمانەکە بدوێم، چونکە تاك و توك کە ژمارەیان لە پێنج کەس تێناپەڕێت.. کەسیتر نەیخوێندۆتەوە، بڕیار وابوو بەهەڵقە -ڕێگا- لە گۆڤارێك بلاّو بکەمەوە، بەلاّم بەداخەوە.. هەر چۆنێك بێت ئیدیعای گەورە ناکەم، ئەوە دنیایە ڕۆژێك دادێت ئەو خەڵکە بیخوێنێتەوە. من هەوڵم داوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی -ڕێگا-دا، سەربوردەی مرۆڤی سەر ئەم خاکە، لە پێناوی مان و.. نەمانیدا بگێڕمەوە، زۆرم لە خۆ نەکردووە، نەشم ویستووە هەقایەتان بگێڕمەوە، چونکە ئەوە نزیکەی ١٨ساڵە، بیرۆکەی ئەم ڕۆمانەم داڕشتوە و ئیشی تێدا دەکەم، لەو دەمانەی کە تەندروستیم باش بوو، زۆر ڕۆمانم خوێندەوە، هەستم دەکرد هەندێکیان هەر ڕۆمان نین، (مەبەستم لە خۆ بەزل زانین نییە)، بەقەد ئەوەی مەبەستمە بڵێم

ڕۆمان نووسین گاڵتە نییە، پیشەیەکی قورسە، لەسەر شانی نووسەر گەورە دەکەوێتەوە، پرسیاری زۆری بەڕوودا دەتەقێنتەوە.

پرسیاری پێنجەم:

– ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی بەگشتی و لایەنی کورتە چیرۆك بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

مەم: وەکو ئاگادارن ماوەیەکە ناپەڕژێمە سەر خوێندنەوە، تەندروستیم بوارم نادات، بەلاَم هەست دەکەم جوینەوە زۆرە، زۆر نووسەری لێهاتوو بەرهەمیان کەم بلاَو دەکرێتەوە، ئەو برادەرە تاك و تەرایانەی کە زۆربەیان هاوتەمەنی من نین و لاون، کە دێنە لام، هەست دەکەم شتیان پێیە، دەیانەوێ شتی گەورەش بڵێن، ئەو برادەرەی کە لەگەڵ تۆ هات، (پایزە خەون)ی برد و خوێندینەوە، کە هێنایەوە سەرنج و تێبینی خۆی لە کاخەزێکی برایانەدا نووسیبوو، لە زۆر خاڵدا یەکمان نەدەگرتەوە، بەلاَم بەختەوەری کردم، لاوێك بۆ یەکەم جار بمناسی و ئینجا ڕاستگۆیانەش بۆم بدوێ، شانازی پێوە دەکەم، ئەوەی گەرەکمە بیلێم، من دەمەوێ لە نووسیندا -عمق- هەبێ، کە نووسین -عمق-ی تێدابوو، -صدق-یشی تێدا دەبێ، ئێستا ئەم حاڵەتە یەگجار کەمە.

– پرسیاری شەشەم:

وەك چیرۆکنووسێکی داهێنەر و ڕۆماننووسێکی شاراوە- حەز دەکەین بەئارەزووی خۆت چەند وشەیەك بەگوێی ئەم نەوەیەدا بچرپێنیٚ؟

مەم: چیرۆکنووس و تەنانەت شاعیریش -خطیب-نین تا وتار بەگوێی خەڵك دابدەن، بەڵکو دەیانەوێ و هەوڵیش دەدەن خەڵکیش بگەیەننە ئاستی ئەو سووتانەی کە خۆیان لە ناویدان.

ئەگەر مەبەستت لەم نەوەیە نووسەرە لاوەکانە من هەموو دەم شانازیم بەوانەوە کردووە، ئەوانەی کە هەستم کردووە خوێنەری ڕاستەقینەن ئینجا نووسەرن، چونکە نووسەر نابێ قەڵەمدار بێ ئەگەر خوێنەرێکی ڕاستگۆ و وریا نەبێ، ئەو برادەرانەی کە پێریٚ هاتنە لام باسی ڕاستگۆییمان کرد، ئەوەتان خستە ڕوو، کە چۆن ئەمە بەڕەوا دەزانم، نووسینی خۆم پێش چاپکردن ئەم دەست و ئەو دەست بکات، ئەمە بەلای منەوە شتێکی یەگجار ئاساییە چونکە خوێنەری ڕاستگۆ بەهۆشیاریەوە دەیخوێنێتەوە، ئەوەی کە بشیەوێ فیکرەکەشی بدزی ناتوانێت چونکە -عمق-ی نییە، خۆ ئەگەر بردیشی ناتوانی -ابداع-ی تێدا بکات.

هیواخوازم هەموو ئەو لاوانەی کە لە دواڕۆژانی تەمەنمدا بەسەریان کردمەوە، هەروا بەڕاستگۆییەوە لەگەڵ نووسین دابن. لە فەرهەنگی ژیانمدا وشەیەك نییە ناوی -ڕق- بی بۆیە نە ڕقم لە کەسە و لەو بڕوایەش دام کەس ڕقی لێم نییە. خۆ ئەگەر هەشبێت ئەوا من بەخۆشەویستی گولاَو پڕژێنی دەکەم.

## (لە گۆڤاری شەفەق)ەوە: دوانێك لەگەڵ "مەم"

**گۆڤاری (شەفەق) چەند پرسیارێکی کرد لە مامۆستا (محەمەد مەولود) وێـژەوانی کـوردی ناسراو دەربارەی وێژەی کوردی و گۆڤاری (شەفەق) کاك محەمەدی نیشان کرد بۆ سەندنی بیر و باوەڕی دەربارەی وێژەی چیرۆك بەتایبەتی وێژەی کوردی بەگشتی. چونکە دەستێکی باڵای هەیە لەپاڵ پێوەنانی وێژەی چیرۆك، کە بەڕای ئێمە رووی پێشکەوتنی پێشان ئـەدا، بەتایبـەتی لـە وێژەی کوردی کە بەلای زۆری رووی کردۆتە (شیعر) کە ئـەویش دەسـت کـورتی و سـاواییە. سوپاسی کاك محەمەد ئەکەین کە وەڵامەکانی (شەفەق)ی داوەتەوە، چەند بیروباوەڕێکی خـۆی هەڵهێنجاوە بۆ خوێندەواران.**

پرسیارەکان:

١- سەبارەت بە پەیداکردنی دەسەڵاتێکی چاکت دەربارەی وێژەی چیرۆك، ئەفەرموی شتێك پێشکەشی خوێندەوارانی (شەفەق) بکەی دەربارەی وێژەی چیرۆك؟

٢- بیروڕات چییە دەربارەی وێژەی کوردی لە دەمی ئێستامان؟

٣- لە کام کاتەوە دەستت داوەتە نووسینی کوردی؟ وەتاقی کردنـەوەکانی ژیـان، لـە ڕووی وێژەوانییەوە، چین؟

سەرنووسەرانی گۆڤاری (شەفەق)ی بەرێز سەرپێیی... چەند پرسیارێکی لیّ کردم لە بابـەت وێژەی کوردی، و تاقی کردنەوەکانی ژیانم لە ناو چارچیوەی ویژەدا.

پێشەکی ئەبێت پیّ لەوە بنێم کە ئەو پرسیارانە گرانن بۆ من، و وەڵام دانـەوەیان لـە وزەی من دانین (وەڵامێکی تـەواو پـڕ بـە پێـست پرسـیارەکان) ئـەویش لەبـەر ئـەم دوو هۆیانـەوە: یەکەمیان: من لە وێژە.. و بەتایبەتی (چیرۆك) ئەوەندە دەست درێژ و دەسەڵاتدار نیم کە بتوانم ئاواتی گۆڤاری خۆشەویست و خوێندەوارانی بەڕێزی بهێنمەدی.. وەتائێـستاش دەوری مـن لـە میدانی چیرۆك نووسینا تەنها (محاولات) بووە و بەس.. بە هیوای کە رۆژێك بتـوانم لـە ڕێگـای ئەم هونەرە گرنگەوە هەست و ئازار و ئاواتی گەلەکەم دەربرم.

هۆی دووەمیشیان: بەستراومەتەوە بە (وظیفة) کە زۆرترینی کاتم ئەبات.. و مـاوەی ئـەوەم نامێنیّ کە دوا بەدوایی پێشکەوتنی وێژەی ئیمڕۆمان بڕۆم. و لە (تتبع) نەپسێمەوە..



بەڵام لەگەڵ (إلحاح) دەستم نییە جگە لەوەی منیش هەر سەرپێیی ئەوەی لە ئارام هەیە لـە ڕووی پرسیارەکان پێشکەش بکەم، لەگەڵ داوای لیّ بوردن لە کەموکوڕی و کـاڵی بیرەکـانم کـە ڕاستە و راست انعکاساتی وجود و چۆنییەتی ڕاستەقینەی ئێستامن.

وەڵامی یەکەم:

کە لە چیرۆك ئەپرسی واتا چیرۆکی نویّ.. کە تعبیر لە ژیانی ئێستامان بکات.

دەنا، چیرۆك بەمانای فراوانی لەکوردیـدا لەگـەڵ کـۆنی نەتـەوەی کـورد.. کۆنـەکانمان لـە سەردەمی مناڵی.. لە رۆخ ئاگردان دایکمـان جۆرەهـا چـیرۆکی دێـو.. و درنـج و قارەمانـانی نەتەوەکەمانی بۆ نەگێڕاینەوە.

بیّ گومان ئینسانی نەتەوەی کورد، وەکو هەموو نەتەوەییێکی جیهان کە ظـروفێکی وەکو ئـەم ژیابیّ.. خەیاڵی چڕ و.. بیری تیژ و هەستی ئەوەندە ناسکە کە لەگەڵ رووداوانی ژیان.. و مێژووی جوانی خۆشی چەند ترش بووبیّ.. لەوە نەپنگاوەتەوە کە بە جۆرێك ردی فعل پەیدا بکات.

ئەتوانین بڵێین ئەو چیرۆکانەش کارێکی گرنکیان کردۆتەسەر ژیانی کۆمەڵایـەتی کـورد. و تـا ئێستاش پاڵ پێوەنەری بووە بۆ پێشەوە، هەروا یارمەتی داوەکە حقائقی تایبەتی خۆی بپارێزێت.

بەڵام ئەوە جێگـەی داخـە.. ئـەم هونـەرە گرنگـە هـەروا بـە پاشـکەوتوویی ماوەتـەوە و نەنووسراوەتەوە. وە وێژەکانمان نەیانتوانیوە، دایان بڕێژنەوە لە قالبێکی نویّ، بۆ ئەوەی لە شێوە و بەرگە ئاساییەکەی کۆنی رزگار بکەن.. بە جۆرێك کە لەگەڵ عـصری نوێمـان.. و مفـاهیمی بگونجیّ، و سوودبەخـشی بێـت. بـەلای منـەوە ئـەوەش ئـەنجامی وضـعي تایبـەتی ئێـستا و رابووردووی نووسەرە کوردەکانە کەماوەیان تەسکە، بۆ ئەوەی بتوانی هەڵکـەوتی تـاڵی ژیـانی دووبارە بکەنەوە لە نووسینەکانیان.. واتا.. پڕ بەسیپەلکی هەناسەی ساف بکێشی.

ئەمە وا.. وەلەلایەکی تریشەوە.. سەبارەت بەوەی کە چیرۆك نـاوکی وێژەیـە گـەورەترین پـاڵ پێوەنەرە بۆ ئینسان کە لەزاتی خۆی و چۆنییەتی ژیانی دەورەی بکات، وەهانی ئەدات کـە بـەرەو پێش تەکان بدات بەرەو رووناکی و فێنکی.. جا بۆ ئەوەی چیرۆك بتوانێت لەم مجالەدا دەوری خـۆی بەڕێکی بنوێنیّ.. ئەبیّ ئەو چیرۆکەی ئەینووسێت لەناو جەرگەی گەلەکەی هەڵقولابیّ و بەشـێکی لە ژیانی زۆربەی کۆمەڵ دووبارە بکاتەوە و ئازار و ئاواتی چینەکانی بنوێنیّ و ئارەزوویان دەربـڕی بە جۆرێکی واقعی کە وێنەیێکی پڕ ژیان و زیندوو هەست دار بیت.

چیرۆك نووسی.. لە دەربڕینی هەست و دەروونی، دووبارەکردنەوەی باری ژیانی کۆمەڵەکەی ئەبێت لە هەموو کات تعبیر لە وێنەیەکی سادەی سارد وەربگریّ کە کەس هەست و تامی لیّ نەکات.

وەلاَمی دووەم:

بەلای منەوە هەموو گەلێکی پاشکەوتوو کە لە خەباتان بۆ ژیانێکی باشتر، ناتوانن بە ئامانج بگەن بەبێ هەرەوەزی لە تارین هەموو ئەو (عناصرانەی) ژیانیان لێ پێك هاتووە.. کە وێژەش بەهێزترین (عناصر)یانە.

جا.. لەبەر رووناکی ئەم راستییە کە بیروڕامان دەربارەی وێژەی کوردی، لە دەمی ئێستامان دەرئەبڕین، یەکسەر ئەم پرسیارانەمان پەیدا ئەبن و لەبەر چاومان هەڵ ئەپەڕنەوە:

ئایا وێژەی کوردی.. تا چ رادەیێك کاری لە جولاَنەوەی و راپەڕینی گەلی کورد کردووە؟..

ئایا وێژەوانی کوردی.. جێگا و شوێنی چییە لە جولاَنەوەکەدا؟ ئایا وێژەوانی کورد.. توانیویەتی ئینسانی کورد.. لە چۆنییەتی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی حاڵی بکات؟ بۆ جۆرێك راست و رێك و دوور لە تیفە.

ئایا وێژەی کوردی.. تا چ رادەیێك سەرکەوتووە و لە پێشخستنی عەقلیتی ئینسانی کورد و پاڵ پێوەنانی.. وەهاندانی بۆ بیرکردنەوەییێکی راستی "ایجابی"، و بلاَوە پێ کردنی و سواندنی "ژەنگی" هەموو بیرێکی رەش، کە بەهۆی ژیانی کۆیلەتی و ئەمپریالیزم بە تەفکیری وەنووساوە.

بەلای منەوە، وێژەی کوردی.. توانیویەتی لەم رووەوە لەسنوورێکی تەسکدا بجولێتەوە.. و هۆی گرنگی ئەم پاشە گەردانییەش، ئەمانەن:

-ئاسایی ئەدەبی کورد.. و سەرنەکەوتنی لە چوونە ناو کۆمەڵ.. و نقوم بوون لەناو گێروگرفت ژیانی راستەقینەی گەلەکەی.. بۆ ئەوەی بتوانێ لە کەم و شارەزاییێکی راست تەجروبەی ذاتی پەیدا بکات.. کە لەو ژیانە هەڵقولاَبێت.

-سەرنەکەوتنی وێژەوانی کورد لە تەحلیلی ژیانی کۆمەڵەکەی لەسەر بنکەییێکی زانستی، مێژوویی راست.

- بەزین بەدوای عاتیفە و جولاَندنەوەی هەستی ئینسانی کورد.. لەجیاتی.. دیار کردنی دەردی کۆمەڵەکەی، و نیشاندانی دەرمان.. کە ئەمە فەرمانی راستی و خووی وێژەوانە. نەبوونی "رابطە"یێك لە نێوانی ئەدەبیاتی کورد.

- کەمی خوێندەوارانی کورد و نەبوونی تشجیع چ لە حکومەت و چ لەوانەوە.. بەلابردنی ئەمانە گەلێك تەگەرە.. لەپێش ئەدەبی کوردی و گەشە پێدانی.. لائەچن.



وەلاَمی پرسیاری سێیەم:

یەکەم نووسینم لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ بوو.. و ڕووداوەکانی بەغدا کارێکی گرنگی تێ کردبووم.. (وتارێك) یا نووسینێکم بەناوی (ساڵی چل و هەشت) وە بەناوێکی نهێنی لە گۆڤاری گەلاوێژ بلاَوکردەوە.. هەروا ئەنجامی راپەڕینەکەی بارزانی و بەغدا و جۆری ژیانی نالەباری خۆم و گەلەکەم زۆر کارکرایە سەر ویژدانم ئیتر ئەوە بوو پاڵی پێوەنام کە محاوەلاتی چیرۆك نووسین بکەم.

و یەکەم چیرۆك کە نووسیومە ناوی (پەنجا فلس) بووە.. ژیانی رۆژێك لە رۆژانی قوتابیەتیم دووبارە ئەکاتەوە.

تەجروبەیێکی گرنگ کە لە ژیانی رابوردوما وەرم گرتبێت ئەوەیە: کە نووسەر هەرگیز سەرکەوتوو نابێت ئەگەر لە گەلەکەی دوور بێت و نەچێتە ناخی ژیانییەوە و هەموو بەرهەمی لەو ژیانەدا هەڵنەهێنجابێت و بڕوایم بەوە هاتووە کە لە وێژەدا واقعییەت بناغەیە.. هەر نووسینێك لەسەر ئەم بناغەیە هەڵنەنرابێت.. پوچە.. و بێ سوودە.. و زوو ئەمرێت.

دەرسێکی تریش، ئەویش خۆشەویستی مرۆڤ.. و مرۆڤایەتی.. ئینسانی ئەمڕۆمان.. برسیەتی.. نەخوێندەواری.. دوودڵی و شێواوی.

---

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنەی (مەم) لە گۆڤاری (شەفەق) ژمارە (١)ی نیسانی ساڵی ١٩٦١دا بلاَوبۆتەوە. برای چیرۆکنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) ئەو بابەتەی بۆ ناردم، ئەو نەبوایە کەم کەس هەر پێشی دەزانی. زۆر سوپاسی دەکەم. ( ئازاد )**

# نامەیەکی بڵاونەکراوەی مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار) بۆ (مەم)

مامۆستای بەڕێز کاکە محەمەدی خۆشەویست

ڕۆژتان باش:

لە دوورەوە پاش ماوەیەکی دوور و درێژی بێ دەنگی و بێ هەواڵی لە ناکاوا نامەیەکت بۆ ئەنووسم، کە وەکو خۆم خاو و شڕۆڵ بێت بەڵام دیسانەوە حەز ئەکەم گەرمترین سەلامی خۆشەویستیت لە برایەکی دڵسۆز و پەسندکەری ئەدەبەکەت هەڵگری و سۆزی دووریت بێنییە پێش چاو.

مامۆستا: باسی نامەی پێشووت ناکەم، چونکە لەوە دەرچوو کە داوای پۆزش هێنانەوە و لێبووردن بکەم وە لەوەدایە کە بووترێ بەبیری کەس نایە کە کاغەزی ئێوەم پێگەیشتووە وەڵامم لە دڵا بۆ نەهاتۆتە سەرکاغەز.

ئەم جارە لەهیوادا ڕەخنەی کتێبی (قەڵای دمدم)ی (مصطفي صالح کەریم) ئەبینن کە نووسیمە و لەم وتارەدا زۆر بەسادەیی و توازع (خاکێتی)یەوە شوێنی تۆشم دیاریکردووە لە مەیدانی چیرۆکی کوردیدا، هیوادارم کە بەرچاوت بکەوێت و شایانی خوێندنەوە بێت، وە خەریکم دراسەتێکی کورت لەسەر توو و چیرۆکەکانت بنووسم، تکایە هەندێ مەعلوماتم بۆ بنووسە وە ئەوەش بزانە ئێستا بۆ نووسینی (هیوا) لێژنەیەك دامەزراوە منیان کردووە بەئەندام وە ڕەنگبێ حەزیش بکەیت ئەوانی تر بناسیت ئەوانیش علاءالدین سجادی، محەمەد مەلا کەریم، کاکە مەم فخری و ناهدە و منم ئیتر تکام وایە بەلەز وەڵامم بۆ بنووسیتەوە و بەڵێنت ئەدەمێ کە لەمەودوا یەك ڕۆژنامەت دواناخەم حەز ئەکەم مەعلوماتەکانم لەم نقاطانەدا بێت:

١- مێژووی ژیانی خۆت.. لە بابەت هاتنتان بۆ شەقڵاوا. دەوری منالیت و ئازاری دەوری منالیت ئەگەر هەبێ.

٢- چ کارێ زۆر تەئسیری لە ژیانی لاوی کردوویت؟

٣- نەخۆشی لەش چ کارێکی کردۆتە سەر دەروونت و جۆری ژیانت..



٤- سەرەتای خوێندەواریت.. کام کتێبی ئەدەبی.. هی کام زمان تەئسیری یەکەمجاری هەیە لە سەرەتا. وە ئێستا کام کتێب ڕێگەی ئەدەبت بۆ ئەڕەخسێنێ وە کام نووسەر هی کورد یا بێگانە حەز بەنووسینەکانی ئەکەیت؟ وە هەست دەکەیت پێیەوە هۆگری بووی؟

٥- لە ئەدەبدا کە ڕێگەی واقیعەتت گرتبێ کام چەشنە واقیعەتە؟

٦- أیا بیری نەتەوایەتی پێویستە بەسەر هەموو کەرەستەکانی تری ئەدەب و هونەری ئەدەبدا، زاڵ بێت؟ هەرچەندە ئەدەبی نەتەوایەتیت ئەدەبێکی ئینسانیشە لە هەمان کاتا. أیا حەزت نەکردووە ئەدەبێکی ئینسانی ڕووت بنووسیت!...

٧- یەکەم چیرۆکت کامەیە؟ وە ئەوەی بڵاوت کردبێتەوە کامەیە؟.. وە ئەم چیرۆکەی خۆت کە زۆر پەسندی ئەکەیت کامەیە؟ وە لەبەر چی؟

- تکا ئەکەم کە ئەم پرسیارانە بە ئەوپەڕی سنگ فراوانی و ڕاستگۆیی (کە پیشەیەکی تەواوی خۆتە) وەڵام بدەیتەوە ئەگەر گەلێ شتی وای تیابوو حەز نەکەیت بڵاوبکرێتەوە کە ڕاز و نهێنی خۆتە، تکام وایە بە منی ڕابپەرمووی و بڕواییم پێ بکەیت کە تەنها بۆ یادگار و مێژوو لام بێت.

ئەمە وا، وە حەز ئەکەم ئەم شتانەشم بۆ بنێری..

١- وەختێك چەند دێڕێکم لەسەر چیرۆکی (قینی لێم بوو) نووسیبوو بۆم ناردبووی ئەگەر لات مابێ تکایە بۆم بنووسیتەوە...

٢- ئەم چیرۆکەی کە لایەك یان دیمەنێکی ژیانتی لە ناوا جێ بووتەوە، ئەگەر بەردەستت بێ بۆم بنێرە..

٣- حەز ئەکەم، چیرۆکی (پیاو) بۆ هیوا بنێریت بۆ بڵاوکردنەوە..

ئیتر برا گیان هەرچەندە ئەگەر ئەم شتانە ئەزیەت و ئەرك بن، بەڵام ئەمە شتێکی تایبەتی نییە و بۆ منە تکام وایە درێغی نەکەیت..

ئیتر چاوەڕوانی هیمەتتانم، وە هیوادارم صحەتت یارتان بێت..

برای دڵسۆزتان: عبدالرزاق محەمەد ١٩٦١/٣/٢٧

---

**تێبینی: ئەم نامەیە لە ڕووی ڕێنووسەوە دەسکاری نەکراوە و خۆی چۆنە ئاوا بڵاوکراوەتەوە. (ئازاد)**

# نامەیەکی بڵاونەکراوەی (مەم) بۆ (عەبدولڕەزاق بیمار)[1]

**د. تاڵب محەمەد ئەحمەد**
(کولێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین)

لە کاتێکدا بەناو پەڕەزەردەکانی (مەم)ی چیرۆکنووسدا دەگەڕام بۆ ئەوەی زانیاری پتر کۆبکەمەوە و نامەی ماستەرەکەمی پێ دەوڵەمەندتر بکەم. چاوم بە ژمارەیەك پەڕەی نووسراوی کۆن کەوت کە (٢١) لاپەڕە بوو، پاش خوێندنەوەیان بۆم ڕوون بووەوە کە ئەم زانیارییانە بریتین لە وەڵام دانەوەی (٧) پرسیار ئاراستەی (عەبدولڕەزاق بیمار) کراون بۆ ئەوەی شتێکیان لە بارەوە بنووسێت و بلاویان بکاتەوە.

ئەو نووسینە لەشێوەی نامەدایە پاشانیش لەبری پرسیاری یەکەم و دووەم باسی ژیانی خۆی و خێزانەکەیان دەکات و وەڵامی پرسیارەکانی تریش دەداتەوە.

نووسینەکە مێژووەکەی بۆ (١٩٦١/٣/٢٧) دەگەڕێتەوە هەروەکو لە کۆتایی پەراوێزی نووسینەکەدا هاتووە. گومانی تێدانییە کە ئەمەیان نووسخەی یەکەمی نووسینەکەیە، چونکە تەنانەت شوێنەواری ڕاستکردنەوەکەشی لەسەر دیارە کە هەڵەکان هەر بەقەڵەم ڕەش کراونەتەوە و چاك کراون.

ئەم نووسینە هەر بە ڕێنووسی کۆنی ئەو سەردەمە نووسراوە و من خستوومەتە سەر ڕێنووسی نوێ و بەبێ دەستکاری نووسیومەتەوە.

- بایەخی ئەم نووسینە لەوەدایە کە (٥٤) ساڵی بەسەر نووسیندا تێدەپەڕێت و تا ئێستاش ڕووناکی نەبینیوە.

- هەندێك لەو ڕاستییانەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە تەم و مژاوی بوون، یان بەهەڵە تێیان گەیشتووین.

- جگە لەو شێوازە جوانە گاڵتەئامێزەی (مەم) کە بە خەندە دەمان گرێنێت و بەزەییمان لا دەورووژێنێت.



**ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:**

کە چاو لەسەریەك دادەنێم.. و.. هەزاران.. وێنە و.. ڕووداوی ژیانی ڕابردووی باوکم و دایکم (واتا خێزانەکەمان) دێنمەوە بەرچاوم.. وەك شریتی سینەما.. چارچێوەیەکم بۆ دروست دەبێت.. سووچێکی لەناوچەی شنۆی کوردستانی بەئێران بەستراوە کە پارچەیەك لەو ژیانە ڕابردووەمانی لێ کۆبۆتەوە.. دادەبینم.. لە کوێستانەکەی دایکم.. لەبێرێ دێتەوە.. و دەسمەنجەڵی شیری پێیە و لەگەڵ کچ و کاڵ و ئافرەتانی.. خێڵی زەرزا.. بەرەو.. ژوور.. دەگەڕێتەوە... کە ئەو وێنە تێپەڕی.. وێنەی باوکم دێتە بەرچاو.. لە دێی سنگان.. لە ڕۆخ ڕووباری گادەر.. جووت دەکات، یان زەوی تۆ دەدات پاشان.. پاش گەڕانەوە لە کوێستان کە ژیانێکی نیمچ کۆچەری ئەو ناوچەیەی ئەو کاتەم دەنوێنێ.. کە ڕاستەوڕاست نموونەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستانە لە سەرەتای ئەم سەدەیە و.. تا ئێستاش.. بەهەموو خۆشی و ترشییەوە.. بەهەموو زۆرداری و (ستەمیەوە).. بەهەموو چەوسانەوە و.. ململانەیە بەدە لە ڕێگای وەدەست هێنانی ژیان و لەسەر گردێکی بەرزیش لەناوچەکە (دوور لە گوندی سنگان) کۆشك و باڵەخانەی هەمزاغای زەرزاش لەو دیمەنە جیا ناکرێتەوە، کە وەك مۆتەکە خۆی بەسەر ناوچەکە ڕەگی داکوتاوە.. هەر لەناو ئەو چوارچێوەیە ئەو دیمەنانەش بە (پەلە) تێدەپەڕن.. دیمەنی شەڕی یەکەم بەجۆرێك و دەنگی پۆستاڵی زلی سەربازەکانی عوسمانی.. و تەقەی.. تفەنگ و داد و ڕۆڕۆ و ناڵەی کوژراو.. م.. لە گوێ دەزرنگێنەوە.. تا.. گرانی گەورەکە.. کە لەبەر لاشەی مردووی لە برسا مردوو ئەو خەڵکەی ماوە لەبەر تالان و ڕاووڕووت.. پەنا دەبەنە بەرچیاکان و دایکم دەڵێ لەبەرچاوی خۆی بەسەدان ئینسان دەکەوتن و لەبرسانا دەمردن... ئەم دیمەنانەم لە چیرۆکی (برسیەتی بەهێزترە).. نیشان داوە.. کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

با نەختێك بەگورجی ڕابوورین.. تا دەگەینە سەر ئەوەی دایکم و باوکم و خوشکی گەورەم لەگەڵ سەدان خێزانی کەل و کورم بوو.. و پەڕاگەندە.. دەربەدەر بوون.. و وەدنیا کەوتن.. بۆ نان.. بۆ نان و هەلاتن و ڕزگاربوون لەشەڕ و.. لە پاش مردن.. تا.. دێنە گەرمیان (واتا کوردستانی عێراق) ساڵانی (١٩١٧-١٩١٩) تا دێنە ناوچەی هەولێر.. دوو منداڵیان دەبن.. دەمرن.. و تا.. لە دواییدا لە شەقلاوە جێگیر دەبن.. تا ڕۆژێك لە ڕۆژانی زستانێکی سەخت و بەفراوی (١٩٢٦-١٩٢٧).. لە کۆنەخانوویەکی تاریك و شێدار لەگەڕەکێك لە شەقلاوە کە ئێستا جێگای ئەو خانووە.. کراوە بە قوتابخانە جوانەکەی شەقلاوە کە پار کۆنگرەی

مامۆستایانی کوردی لێ بەسترا[٢] لەو کۆنە خانووە تاریکە.. مندالێکیان دەبێت.. ئەویش منم.. دایکم دەڵێت.. ساوایەکی قەڵەو و جوان بوویت بەجۆرێك نەفەس کاری تێ کردووم.. واتە چاوەزاری بەد.. تیری لێ داوم هەر لە فرچك ئەنگیونراوم.. نەخۆش و لاواز بووم.. بەجۆرێك هەر لەو وەختەوە.. دەرد و ئازار.. بوونەتە هاوڕێم.. دایکم ئەوەندە برسیەتی و ئازاری دیوە.. بەهیچ جۆرێك هەستی پێ نەکردووە.. و هەرچی بەسەری هاتووە.. بەچاوەزار و نەفەس ژماردوویەتی.. دایك و باوکێکی تووتنەوان.. و بێ دەرامەت.. کۆڵێتێکی تاریك و دووکەڵاوی.. خواردنێك کە هەر نان و.. دۆ.. و گیا و بیئەیەك کە پڕ بووبێ لە نەخۆشی و.. پیسی.. دەڵێم ئەم جۆرە خێزانە کە دەرامەتێکی نییە دڵێشیان بەخوایەکی گەورە و توانا بووبێ.. چۆن والێکی نەدەنەوە و خۆشیان ئیقناع نەکەن کە ڕاستە و.. خۆیان تووشی گوناح و ناشوکری بکەن.. هەر لەو وەختەوە.. وەکو مندالێکی کۆمەڵگەیەکی کوردستانی.. ڕووت و لاواز ورگن.. ڕووام.. تا ڕۆژێك خۆم.. لە قوتابخانە بچکۆلەکە شەقلاوە دۆزیەوە.. کە لەگەڵ مندلانی تری گوند پێ خواس چڵپاو دەشێلم.. بەیانیان و نیوەڕۆ سیپارەکەم پێیە.. دەچمە ناو دەم شەتوخوارەکەی.. ئەو قوتابخانەیە.. ئێوارانیش بۆ ناو دەمی مزگەوت.. بۆ خوێندنی جزو.. لای.. لا..

لە سالانی (١٩٣١ - ١٩٣٢) چوومە قوتابخانە نەك لەبەر ئەوەی تەمەنم ڕێکە.. بۆم دەشێ ببم بە قوتابی بەشکەم زۆرتر لەبەر ئەوەی باوکم لە قوتابخانەکەدا کرێ گرتە بوو.. خزمەتی دەکرد.. چونکی تاقانە کوڕیان بووم.. و زۆر دڵی پێوە بووم.. دڵنیایی وا دەهات کە لە نزیکییەوە بم ئەگەرچی.. ئەو نزیکییەی.. کارێکی ناخۆشی کردە سەرم کە لە دواڕۆژدا لە خوو وڕەوشتم سەری هەڵدا کە ئەنجامەکەی ڕکێکی زۆر و قینێکی ڕەش بوو بەرامبەر ئەو باوکە بەپەرۆشەم. کە.. بەپاڵ پێوەنان و زۆری دەیەویست.. هەر لە (٥ - ٦) ساڵییەوە بم کات بەپیاو.. و.. ژیر و.. پیاوێکی وا کە هەموو شەقلاوە بێنە سەیرم.. و پێی لێ بنێن (دانی پیا بنێن) کە (ئعجوبەی زەمانم) و وێنەیەکی ڕاستەقینەم لەخۆی کە (بە) پیاوێکی بەدین و دەست و دڵ خاوێن ناسرابوو لە شەقلاوە، بەلام من والێك دەمەوە.. کە ئەو کردەوەیەی باوکم دافعی بێ کەسی.. و غەریبی بووە.. لەوشارە.. و بۆ ئەوەی (هەست بەکەمایەتی) نەکات.. گرێی نەفسییەکانی.. پێ نەرم بکات.

ویستوویەتی.. من بکات بە نموونەی ئەدەب.. و خوو ڕەوشت باشی.. و پیاوەتی.. بێ گومان شانازی بوو بۆ باوکم کە منداڵەکانی.. خووبەرز و هەست بەرز.. و نەفس بەرزبن.. ئەو چ حساب



بۆ ئەنجام دەکات.. ئیتر وا لەسەر ئەو هەموو خۆشویستییەی بەرامبەر من هەبوو (لە دەروونەوە ئێشاندبووی).. کە ساتێك بەتەنیا بوومایە.. سەیری.. ئاسمانم دەکرد.. و داوام لە خاوەنەکەی دەکرد کە لەسەر کورسییە زێڕینەکەی دانیشتووە لەسەرەوە بەرز بەرز لە تۆپکە سەری ئاسمان.. کە زوو ئەو باوکەم لێ بزر بکات.. تا ڕزگاربم لە دەستی.. یان.. گلەییم دەبردەوە بەر دایکی بە پەرۆشم.. کە دالدەم بدات.. و سەیرم پێوە دەهات.. خوا هەقە.. نایەتە یادم.. کە باوکم ڕۆژێك لێی دابم.. یان جنێوی پێ دابم یان ئازاری لەشی دابم.. یان.. هەرچی خواردنێکی خۆشی لە بازاڕ ببوایە یان جلێ لە توانا بوایە دورست بکرێ.. دەڵێم.. خوا هەقە لەو ڕووەوە چ قسووری نەبوو.. لە خێزانی دەگرتەوە بۆ من بەلام.. من.. هەر ڕکم لێی گەرمتر دەبوو.. هەرگیز.. فەرامۆشیم پێوە نەدەهات.. ڕۆژێك.. زستان بوو.. لەسەر ڕەوشت و فەرمانی باوکم دەبوایە هەموو بەیانییەك لەگەڵ مەلا بانگدان هەڵیان ساندبام و چووبامە مزگەوت بۆ ئەوەی وە ئەوەڵ جەماعەت ڕابگەم.. ئەو ڕۆژە زستانەش.. هەڵیان ساندم.. ئەو کاتە لە پۆلی چواربووم تەمەنم لە (١٠)ساڵ تێپەڕی نەدەکرد.. ڕێگام گرتەبەر بەرەو مزگەوت.. بەفر دنیای داپۆشیبوو.. وردە وردەش دەباری نزیکەی (٢٠) مەترێك لەماڵ دوورکەوتم لەسەر شەقامە گەورەکەی شار دەڕۆیشتم.. و بۆ خۆپاراستن لە بەفری ئەرز و بەفری هەوا.. بەلای زۆری لەبن سواندە و.. بن دیواری خانووەکانی ئەم بەروئەوبەری (٠٠٠) بەگورجی تێدەپەڕیم.. هێشتا تاریك و ڕوون بوو کە گەیشتمە بن هەیوانەکەی مام (حەمەدەمین) لەپڕ بەرمیلە ئاوێکی سارد.. کرایە سەر سەروگوێلاکم.. لەگەڵ.. بانگی من.. دەنگێکی ژنانە بانگی کرد. (ئای کۆرەبم) بەلام چ داد دەبەخشێ.. تازە من لە ئاو هەڵکێشرام لە ئاوی چلکنی.. قاپو قاجاغ شووشتن.. هەموو لەشم بوو بە چڵك و جێگای وشکم بن هەنگڵ بوو.. بەگورجی گەڕامەوە ماڵ.. بۆ ئەوەی خۆم وشك بکەمەوە یان جلەکانم بگۆڕم.. ئەمجا بچمەوە.. نوێژ.. هەر کە باوکی ڕەحمەتیم چاوی پێم کەوت و لە مەسەلەکە حالی بوو، گوتی.. قەیدی نییە جاری بڕۆ نوێژەکەت بکە.. تاوەکو نوێژت نەچووە.. ئەمجا وەرە جلەکانت وشك بکەوە.. بەفەرمانی ئەولیا.. نوێژت قەبوولە.. ناچار گەڕامەوە.. دواوە.. بۆ مزگەوت.. ئەمە دیمەنێکی بچووك بوو.. لە کردەوەی باوکم.. بەرامبەر بە من.. کە تاقانەی بووم.. و هیچ گومانم نییە کە.. ئەوەندەی ڕۆحی خۆی خۆشی دەویستم.. و بەپەلە بوو، بۆ ئەوەی بم کات بە پیاو و نرخم لە کۆمەڵ زیادبکات.. بەلام.. بەوشێوەیەی.. سەرەوە ئیتر.. کە لە ساڵی (١٩٣٨) کۆچی دوایی کرد.. ئەگەر چی تەمەنم.. ئەوکاتە لە (١٢) ساڵی دەدا.. بەلام.. مردنیم.. لا گران نەبوو.. نەم توانی خۆم ڕازی بکەم.. بەوەی.. فرمێسکێکی گەرم و ئاهێکی لە دڵەوە هەڵقولاوی دوابەدوا

بنێرم بۆ ئەو بەهەشتەی.. دڵنیام ئێستا یەکێکە لە دانیشتوانی.. چونکی ئەوی ناسیاری پێی هەبا بە مرۆیەکی خواناسی باشیان دەناسی و ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست.. خۆشی (سوفی) بوو.. جگە لەمن.. دایکیشم هەر لەشەڕوشۆڕ بوو لەگەڵی.. جا چ لە ترسی خەیاڵی ژن بەسەرهێنانی بووبێ.. یان لەسەر من.. ئەو چاودێرییە توندەی کە منی خستبووە ناویەوە.. هەرگیز ڕێگای نەدەدام بچمە ناو منداڵانی گەڕەك و ڕێگای یاری.. و گەمەی لێ دەگرتم.. دەیگوت نەوەکو ڕەوشتم تێك بچێت.. یان لێی نەدەوەشاندمەوە بچمە ناو منداڵان.. چونکی بەخەیاڵی خۆی من هەر لە ڕۆژی بوونمەوە.. بە پیاوێکی تەواو خولقابووم.. زۆرجار کە هێشتا لە پۆلی (٣-٤)ی سەرەتایی بووم.. نامەی فارسی بۆ دەهات لە خزم و ناسیاوەکانی، نامەکەی لەبەردەم پان دەکردمەوە و.. لێی داوا دەکردم.. کە بیخوێنمەوە.. کە ئومێدیشی لەوە دەبڕا نامەکە بخوێنمەوە و ئەنگوستی لەسەر دەدا لە دواییشدا بەزۆری ئاهێکی هەڵ دەکێشا.. و لەسەری دەهاڕاندم.. چۆن فێرە سەودا نابیت.. چۆن هەروا بەکۆرەیی دەمێنییەوە.

ڕۆژی (١٩٣٨/٣/٢٠)یش.. کە ئێوارەی ڕۆژی پێشوو لاشەی باوکمیان بە گۆڕسپارد.. ئەوکاتە لە پۆلی شەشەم بووم، هەستم بە چ دڵتەنگی و ناخۆشییەك نەکرد.. جگە لە ئەوکاتەی کە لەماڵ بوومایە و لەگەڵ گریان و.. لوژگەی دایکم منیش دڵتەنگی دەیگرتم.. و جارجارەش.. لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم دەبووە گریان و فرمێسك ڕشتن دەنا ئەگەر لە دەرەوە بوومایە.. هەر کە نەباران بووبێ نەبا.. من هەستم بە ناخۆشییەك نەدەکرد.. ئەو ڕۆژە.. لەسەر گردی (دێرە) لەگەڵ.. هەندێ لە هاوتەمەنەکانم.. منداڵە دراوسێکانمان (سەبری و قادر و عەولا).. لەسەر ئەوگردە بووین.. دۆڵ و زوڕناش لەپێش دەرگای سەرا دەکوترا هەندێ کەس شایی (یان) دەکرد.. زۆر ئارەزووم دەکرد بچمە.. ناو ئەو زەماوەندە کە بەبۆنەی لەدایك بوونی (مەلیك غازی) گیرابوو.. کەچی برادەرەکانم ڕێگایان نەدام لە جێگاکە دووریان دەخستمەوە.. لەپاشا کەوتینە یاری خۆمان.. لەنکاو.. قادر.. گاڵتەی پێ کردم و شەڕی پێ فرۆشتم.. (سەبری) لێی گەڕایەوە.. و چووە بناگوێی.. و پێی گوت کوڕە.. گوناحە.. نازانی.. باوکی مردووە..

دیاربوو.. (قادر)یش.. هەستی بەو مردنەی باوکم نەکردبوو.. کە (سەبری) وای پێ گوت بەشەرمەزاری و دڵساردی هاتە نزیکمەوە.. و دڵی دامەوە و پەرۆشی نیشان دام ئەوکاتە.. هەستێکم بۆ پەیدا بوو.. کە شتێکم لێ قەوماوە.. کە وام لێ بکات ببمە جێگای بەزەیی و سۆزی برادەرەکانم.. بێ دەستی خۆم فرمێسك لە چاوم بارینە سەر جۆگەکەی لەسەری وەستا



بووین.. (سەبری)یش، خۆی لە (قادر) زوویر کرد.. (قادر) چاوی شۆڕکردن.. بەمە هەستم کرد کە کەلێنێك لە ژیانمدا پەیدا بووە.

کە ئاوڕم لەبەر دەرگای سەرا دایەوە.. و دەنگی دۆڵ و زوڕناش تەپڵی گوێچکەی زرنگاندمەوە.. سەیرم.. بەو خەڵك و خوایە دەهات وام لێ دەهات کە هیچی لێ تێ نەگەم.. سەیرە.. خەڵك بۆم بگریێ و.. بەزەییان پێ بێمەوە.. دایکیشم.. دایك و دراوسێیەکانمان لە ماڵی ئێمە دەگرین.. دەڵێین.. باوکم مردووە لەولاش شایی و زەماوەندە.. سەیر دەبێ کە مردوویەك بمرێ شایی بۆ بگرن.. بەلام نابێ خۆ بووك هێنان نییە.. ئەی دەبێ چی بێت؟! بۆچی مردنی باوکی من زەماوەند لەشار پەیدا دەکات؟! کەوتمە.. ئەو بیرانە کەچی سەرم لێی دەرنەچوو.

زۆریشی بۆ تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا نەمابوو.. کەوتمە.. خوێندنەوە.. و کۆشش کردن.. و ئەوساڵە.. بە یەکەم دەرچووم لە پۆلەکەم (هەر ئەوەبوو).. کە.. ئەو پیاوەیی لە جێگای باوکم لە قوتابخانە ئیشی دەکرد (مستەفا) لێم دەگەڕا.. کە دۆزیمیەوە.. بەڕوویێکی تەماوی و.. کز.. پێی ڕاگەیاندم.. کە بچمە قوتابخانە بەڕێوەبەر داوام دەکات.. کە چووم.. هەموو هەڤاڵەکانی پۆلی شەشەم لەناو دالانەکە وەستابوون.. و لەبەر دەرگای ژووری بەڕێوەبەر.. هەر کە گەیشتم.. زوو بەزوو ڕێگام درا.. و چوومە ژووری بەڕێوەبەر چەند مامۆستایەکیش لەوێ دانیشتبوون سەردەمێك (...) سەیری یەکتریان کرد.. و سەیری منیان کرد لە پاشان هەموویان چاویان لە من بڕین.. و بەڕێوەبەر (عومەر ساقی) نەختێ سەری هەژاند و.. وەکو لەبەرخۆیەوە قسە بکات.. گوتی:

- کوڕم.. ئافەرین.. تۆ.. بەیەکەم.. سەرکەوتی لە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا.. ئەمجا دەچیتە پلەی.. سانەوی.. ئێمەش هەموومان یارمەتیت دەدەین.. ئافەرین کوڕم.. و پارچە کاغەزێکی بۆ درێژ کردم و گوتی ئەویش نمرەکانت.

کە لە ژوورەکە چوومە دەرەوە.. (مستەفا) داوای پارەی لێ نەکردم.

قوتابییە هەڤاڵەکانم دەوریان دام و پیرۆزباییان لێ کردم. کە چوومەوە لای دایکم ئاو لە چاوی زا و.. ویست بەری فرمێسکی بگرێ.. بەلام نەیتوانی.. هەرچەندە هەوڵی دا.. مژدەکە بەگەرمی وەربگرێ.. بەلام.. نەیتوانی بە چ جۆرێك هەستی دەرخات.. جگە لە بزەیەکی ساردی وشك.. لەپاشا.. چەند فرمێسکێك کە بەڕوومەتی گیرسابوون، وشکی کردنەوە.

## وەڵامی پرسیارەکان

### وەڵامی پرسیاری (٣)

نەخۆشی زۆر ئازاری داوم.. وای لێ کردووم کە ئازاری کۆمەڵەکەم باشتر هەست پێ بکەم.. و.. بەشێوەیەکی ڕاست لە ئازار و ئاواتی ئەو کۆمەڵەم.. بدوێم.. و جستوجۆم دەربڕم.. ئەمە یەك.. و دووەمیش.. وا بزانم.. هەست بەنەخۆشی کردن.. گرێیەکە مرۆڤ هەوڵی کردنەوەی دەدا.. یان هەوڵی جێ گرتنەوە و.. (تعویض).. کەم و کوڕیەکە لەو گرێیە.. پەیدا دەبێت.. لەبەر ئەوە.. دەتوانم بڵێم.. لە ماوەی نەخۆشی یەکەم کە لە (١٩٥١) تا (١٩٥٨) بنی نەهات.. بە (مصرترین اسلوب).. هەستی خۆم و کۆمەڵەکەم دەربڕیوە.

### وەڵامی پرسیاری (٤)

وەکو لە چۆنییەتی ژیانی سەردەم دەردەکەوێت یەکەم شتێك کە هۆگری خوێندنەوە و تام لە چێژتنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی کردم (مام قەشە جبرائیل شێر بوو).. یەکەم شاعیری کورد کە کاری لێ کردبم و هانی دابم بۆ ئەوەی بە ڕێگەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا بردم، (حاجی قادر کۆیی) بووە.

هەروا لە پۆلی (٥-٦) سەرەتاییش مامۆستایەکمان هەبوو خوا لێ خۆش بێ کە ناوی (سەید ئەحمەدی جەباری بوو) خۆی شاعیر و کوردی زان بوو.. زۆرهانی دەداین بۆ خوێندن و نووسینی کوردی و فێربوونی شیعر و لەبەرکردنیان.. هەروا هەستی نەتەوایەتی و چۆنیتی ژیانی مرۆی کورد.. و کوردستانی.. بەگشتی بۆ دەردەخستین و هەستی دەجووڵاندینەوە، زۆر قەرداری ئەو مامۆستایەم.. هەرگیز لەبیرم دەرناچێ.

بەڵام بەمانای کتێب، ئەوەی (کتێب) کاری لێ کردبم.. ئەوە لە پۆلەکانی ناوەندی هەولێر بوو.. کە دوو کتێبی کوردیم دەست کەوت ئەوانەش (دیاری لاوان و یادگار لاوان) بوون بەڕاستی دەتوانم بڵێم.. ئەو دوو کتێبەن کە یەکەم کاریگەری یەکەم جاریان تێ کردووم ئەوانەش لە نووسینی وابزانم (کوردی و مەریوانی) بوون. لە پاشان.. دیوانی حاجی قادریشم بەتەواوی چەنگ کەوت.. سوودێکی باشم لێی وەرگرت.



ئێستاش... لە نووسەرەکانی کورد هەموویان لام گەورە و بەڕێزن.. و بێگومان لە نووسینی هەریەکەیان.. دەرس وەردەگرم.. بەڵام لەهی بێگانەکان یەکەم نووسەری کاری تێ کردبم (ئەنتوان چیخۆف) بووە چیرۆکەکانی ئەو ئەگەر وەحی درۆ نەبێت دەتوانم بڵێم (وەحیم) پێ دەبەخشن.

نووسەری ئەمریکیش (بێرل باك) لە دڵی من جێگایەکی گرنگی گرتووە. هەروا.. (گۆرگی) و (ئەرسکین کالدویل).

### وەڵامی پرسیاری (٥)

ئەو واقعیەتەی ئێمە کوردی کوردستان بەتایبەتی.. و کوردی عێراقی بەگشتی تێیدا دەژی.. بۆ چارەسەرکردنی.. گیروگرفتی ئەو کۆمەڵە لەسەر بنکەی شیکردنەوەیەکی زانستی ئاشکرا و دەرس وەرگرتن هۆیەکانی سەرەکی ئەو گیروگرفتانە لەگەڵ توانا... دەڕوێت.. و لەبەرمان بەرز دەبێتەوە و بڕوایم وایە.. کۆمەڵ.. پێویستە بناغەی هەر پێشکەوتنێك بێت.

### وەڵامی پرسیاری (٦)

من ناتوانم.. خۆم بەوە ڕازی بکەم.. کە.. ئینسانییەت.. جودایە لە نەتەوایەتی.. کوردی.. واتا (کوردایەتی).. هەر نەبێت.. هێشتا.. نەمتوانیوە.. ئەو هێڵەی لێکیان جودادەکاتەوە.. بەدی بکەم.

من لام وایە ئەرکی ئێستام.. ئەوەیە کە لە هانای ئینسانێك بێم.. کە ئینسانێکی کوردە.. کرێکارێکە.. جووتیارێکە.. داروبەفر و ڕۆژ و شتێکە.. مرۆیەکی.. کوردێکی زۆر لێکراو.. و پاشکەوتووە.. چەوساوەیە و دڵنیاتان دەکەم کە.. من لە پەنای ئینسانی کوردەوە، ئینسان هەموو کێن دەبینم.. یان ڕوونتر.. ناتوانم ئەم هەردوو ئینسانە لێك جودا بکەمەوە.

**وەلاّمی پرسیاری (٧)**

یەکەم چیرۆکم وەرگێردراوی چیرۆکێکی کۆری (یوسف السباعی)یە بەناوی (کۆرنکۆ) کە لـە مساواتی جب سـالانّی (١٩٤٨- ١٩٥٠) بلاّوکرابـووەوە باسـی خـەیالّی یـەکێك لەگەلـەکانی (ڕۆژهەلاّتی باشووری ئاسیا) دەکات.

ئەوکاتەش گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی وانەبوو بلاّوی بکاتەوە.. ڕەنگە وەرگێڕانیشی پەسەند نەبێت.. نازانم هەر چۆنیّ بێت ئێستاکە.. نەماوە.. بەلاّم یەکەم چیرۆك خۆم نووسـیبم چـیرۆکی (پەنجا فلس)ە کە لەسالاّنی (٤٩- ٥٠) نووسیبووم لە هیوای (١٩٥٧) بلاّوکراوەتەوە.

من بەڕاستی بە چیرۆکەکانی خۆم دەلّێم (هەولّدانی چیرۆك نووسین) نەك (چـیرۆك).. بـڕوایم وایە زۆرم ماوە بگەم بەو ئامانجەم. بـەلاّم لـەو نووسـینانەی کـە نووسـیومن.. لـە هـەموویان پەسەندتر لای من (پیاو)ە کە هێـشتا بلاّونەکراوەتـەوە.. و دووەم (داپـیرەم)ە کـە لـە هیـوای (١٩٥٧) بلاّوکراوەتەوە.. بەلاّم بۆچی ئەمانە پەسەند دەکەم.. نازانم چۆن وەلاّم بدەمەوە..

وابزانم چونکی ڕوویەکی تایبەتی ژیانی من دووبارە دەکەنەوە.

**محەمەد مەولود مەم**

**١٩٦١/٣/٢٧**

## پەراوێز:

(١) لە ساڵی (١٩٦١)دا، عەبدولڕەزاق بیمار، نامەیەکی بۆ مەم نووسیوە، داوای لێ کردووە، کە نووسینێکی بۆ بنووسێ، باسی ژیانی خۆی تێدا بکات و وەڵامی چەند پرسیارێکیشی بداتەوە تا شتێکی لەسەر بنووسێ، مەمیش بەم نووسینە وەڵامی داوەتەوە.

تێبینی: بە پێویستمان نەزانی سەرەتای نووسینەکە بلاوبکەینەوە، چونکە تەنیا بریتییە لە هەواڵ پرسین و چاك و خۆشی.

هەروەها (عەبدولڕەزاق بیمار) پێی ڕاگەیاندم کە ئەو نووسینە لەکاتی خۆیدا بلاونەکراوەتەوە چونکە هەر لەو ماوەیەدا تووشی گرتن و ڕاوەدوونان هاتووە، هەرچی پەڕەوکاغەزێکیش هەبووبێ سووتێنراون.

(٢) ئەم نووسینە لەساڵی (١٩٦١)ەوە نووسراوە، چونکە کۆنگرەکە لە (١٥- ١٧) ئابی (١٩٦٠)دا لە شەقلاوە بەستراوە.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (رامان)ی ژمارە (١١٢) ئەیلوولی ٢٠٠٦ دا بلاوکراوەتەوە.**

# نامەیەکی خوشکە گەورەی مەم بۆ نووسەری نامەی ماجستێر (طالب محەمەد أحمد) لەسەر ژیاننامەی (مەم):

پاش شەڕی جیهانی یەکەم نەخۆشییەك بلاّو دەبێتەوە (کولێرا) خزم و کەسی باوکی دەمرێ. ئەمیش ناچار دەبێت سەر هەڵدەگرێ و دێت بۆ ئەودیو.

هۆیەکی تریش ئەوە بوو تاقانە بوو هەموو ماڵی باوکی لە دەست دەدات و شەرم دەکات لە جێگای خۆی ئیش بکات چونکە ئەم کوڕی پیاوێکی وا دەوڵەمەند چۆن کار بکات ناچار سەری خۆی هەڵدەگرێ دێت بۆ ئەم دیو دیسان لەبەر زوڵم و زۆری عوسمانییەکان. باوکی مەم چوار ژنی هێناوە و ئەوەی دوای هەمووان دایکی مەم دەبێت. کە هاتووە بۆ ئەو دیو لە زینوێ شێخ بوون ئەنجا دێن بۆ ڕەواندوز لە ماڵی خورشید بەگ بوون. پاشان هاتوون بۆ شەقلاّوە. دوکانێك دادەنێت پاشان قازانجێکی وای نەبووە ناچار تێکی داوە و هاتووە بۆ هەولێر لە گوندێك دانیشتون ناوی (عەزەوقونیان) بووە پاشان هاتوون بۆ شاری هەولێر دایکی مەم کوڕێکی بوو مردووە ئەنجا کوڕێك بەخێو دەکەن ناوی حاجی ئەمین کە دەبێت بە (٣) ساڵ باوکی ئەمین، ئەمین دەباتەوە. دایکی مەم زۆر عادز دەبێت و دووکچی دەبێت فاطمە و ئایشەگوڵ ئەمانە لەگەڵ خۆی دەبات دەچن بۆ سەر پیاوچاکێك داوای کوڕێك دەکەن لەم پیاوچاکە پاشان مەم دەبێت ناوی دەنێن محەمەد لە ساڵی (٣٠) لە دایك بووە بەلاّم سێ ساڵ گەورەکرا و سێ ساڵ کراوە بە (١٩٢٧) لەبەر تەعین پاش مەم کچێك دەبێت ئەمیش دەمرێ محەمەدی برایەکی دەبێت ئەمیش گەورە دەبێت بە کۆکەڕەشە دەمرێت. پاشان خوشکێکی بچووکی ناوی خەدیجە ئەنجا کوڕێکی دەبێت بەلاّم ئەمیش دەمرێ مەم بچووك دەبێت کە باوکی دەمرێ لە ساڵی (١٩٣٩) دەمرێ مەم بچووك دەبێت بەلاّم دایکی زۆر ئافرەتێکی ئازا و تێکۆشەر دەبێت منداڵەکان پەروەردە دەکات و مەم دەخوێنێ تا پۆلی سێی ناوەندی ئەنجا مەم قوتابخانە بەجێ دەهێڵێ و معاملەی تەعین بوون دەکات لە ساڵی



(١٩٤٣) تەعین دەبێت بەکاتب ناحیە لە سیدەکان پاشان سێ ساڵ لە سیدەکان دەمێنێتەوە ئەنجا نقل دەبێت بۆ گەلاڵە لەوێ تووشی گرتن دەبێت لەسەر سیاسەت شەش حەوت مانگ دەگیرێ پاشان واسطەی بۆ دەکەن بە بەکر سامی بەر دەبێت و دیسان نەقڵ دەبێت بۆ سیدەکان پاشان دوو ساڵ لە سیدەکان دەمێنێتەوە ئەو کاتە نەقڵ دەبێت بۆ مێرگەسوور لە مێرگەسوور دوو ساڵ مایەوە تووشی نەخۆشی سپڵ بوو عملیات کراوە.

نەخۆش دەبێت بەڕاپۆرتی پزیشکی نەقڵی شەقلاّوە دەبێت و دەچێت بۆ بەغدا عملیات دەکات لە ساڵی (١٩٥٣) لە نەخۆشخانەی مجیدیە. پاش عملیات پزیشك دەڵێت دەبێت لە جێگایەك بێت هەوای خۆش بێت. دێت بۆ مصیف صلاح الدین پاشان دێتەوە بۆ شەقلاّوە بۆ ماوەی (١) ساڵ. ئەنجا لە ساڵی (١٩٥٤) هونەر بەخێو دەکات، ئاغەکان ململانێی لەگەڵ دەکەن، ناچار نەقڵ دەبێت لە کۆیسنجق دوو ساڵ کەمتر لەوێ دەبێت ئەنجا نەقڵ دەبێت بۆ شەقلاّوە لە ساڵی (١٩٥٧) ئەنجا ساڵێك تەواو نابێت نەقڵی ڕەواندز دەبێت تا ساڵی (١٩٦١) ئەنجا نەقڵی هەولێر دەبێت و دەبێت بە مدیری بلدیاتی شاری هەولێر تا ساڵی (١٩٦٤) لەم ساڵە ژن دێنێت. زۆر زۆر هێمن و لەسەرخۆ بووە لەگەڵ خوشکەکانی زۆر ڕێزی دەگرتن و خۆشی دەویستن وەها دایکی خۆی دەپەرست بەهیچ جۆرێك دڵی نەشکاندبوو، لە ساڵی (١٩٦٤) دەستی لە وەزیفە کێشراوە لە ماڵ دانیشت بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەنجا گەڕایەوە بۆ بلدیە و کرایەوە (مدیر تحریر و ذاتیة) تا خانەنشین بوو.

**١٩٩١**

# لەگەڵ دیداری دووەمی چیرۆكی كوردیدا

## تاقیكردنەوەم لە چیرۆكنووسیدا

**محەمەد مەلوود مەم**

**بەڕێزان:**

ڕەنگە هەندێك لە ئێوەی بەڕێز، وایان دانابێ كە، تاقیكردنەوەكانی نووسەرێك.. شتێكی تایبەتین! واتا دەچنە چوارچێوەی (زاتیەتێكی صرف!!). ئەگەر بە تەمای ئەوەبن، چۆن لەبەر دەكەم، چۆن دەخۆم، چۆن دەخەوم، ئەوا حیساب بكەن ڕەنجی ئەمرۆمان بە خەسارچوو؟!

پیرێژنەكەی دایكم دەیگوت: ئەگەر جۆی زەردكراو (واتا نیوە كوڵاو) بدەی بە مریشكێكی هێلكەكەر، هێلكەی زۆرتر دەكا!! تاقیكردنەوەكانی زانستیش دەرمانی وایان دۆزیوەتەوە هێلكەی مریشكی پێ ڕەنگاوڕەنگ دەبێ. ڕەنگە ئەمانە ڕاست بن، بەڵام نووسەر، ئەم جۆرە تاقیكردنەوانەی لێ نایەن!. مەرج نییە هەورە تریشقە، یان لێزمەی باران، یان زەردەپەڕ، یان مانگی چواردە، دەرگای ئیبداع بۆ نووسەر بخەنە سەر پشت، یان دیمەنی جوان، كچی جوان.. گوڵی جوان، شاعیر وەشیعر بهێنن.

بە ڕای من تاقیكردنەوەكانی نووسەرێك هەرچەندە زاتی-یش بن، دەبێ بەشێك بن لە تاقیكردنەوەكانی كۆمەڵەكەی. لەبەر ئەوە تاقیكردنەوەكانی من پتر گشتین و پێوەندییان بە باری گشتیی گەلەكەمەوە هەیە.. ئیتر لەو مەودایەدا دەچمە ناو باس.

❊ ❊ ❊

كە منداڵ بووم لەگەڵ زارۆكانی گەڕەك، دەچووینە سەر جۆگەلە ئاوەكە، لە دارە هەنجیرەكە، كاڕكە هەنجیرێكمان دەچنی، تەوەرێكی دارمان بە ناوەندی دا ڕایەڵ دەكرد، بە زلكەدار، بە دەورەی هەنجیرەكە پەڕمان دەچاند، ئینجا بەسەر جۆگەلەكەدا هەڵمان دەخست، كە پەڕەكان دەگەیشتنە ئاوی جۆگەلەكە، هەنجیرەكەیان دەسووڕاند، لەگەڵ سووڕی هەنجیرەكە ئێمەش بە دەوری خۆمان سووڕمان دەخوارد و دەلەیزین.. بە خۆشییەكەوە بانگمان دەكرد:



- هۆ.. ئاشەكە سووڕا.. ئاشەكە كەوتە گەڕ!

بەم ڕەنگە بە خەیاڵی بچووكانەی خۆمان، ئاشمان دروست دەكرد، هەتا ئاوەكەشمان پتر دەكرد، ئاشەكە بە گوڕتر دەسووڕا، كە ئاوەكەشمان چك دەكرد، ئاش دەوەستا!، وردە وردەش ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە كە ئەگەر ئاوەكە لە بەرزاییەوە بەرەو خوار ببیتەوە بە گوڕتر دەبێ و تەوژمی بەهێزتر.. ئاشەكەش توندتر بەگەڕ دەخا.

كە شارۆچكەشمان دروست دەكردن، بە تاقیكردنەوە دەگەیشتینە ئەو ئەنجامەی، كە هەتا بناغەی خانووەكانی شارۆچكەكەمان پانتر و بەتینتر بن، دەتوانین كۆشكی بەرزتر و نهۆمی زۆرتر بەسەریەكەوە هەڵ بنێین. هاوینان لە گۆڕەپانەكەی پشت ماڵان، لە ناو خۆڵەكە، بە بەری پێ شەقامەان دەكێشان، هەندێكمان شەقامی ڕاست، هەندێك كەوانەیی، هەندێك بازنەیی و چوارگۆشە!، بەڵام ئەو منداڵە دەبووە سەردەستە و ئازایی دەبردەوە كە جادەی پێچاوپێچی پڕ كۆسپ و قۆرت و هەڵدێر و ئاڵۆزی دەكێشان و بە ڕاكردن، بێ هەڵە و بێ وەستان و سەنگرانەوە، بەسەری دادەچووەوە.

ئەمانە یادگاری سەردەمی منداڵین، ڕەنگە ئێرە جێگای گێڕانەوەیان نەبێ، بەڵام چونكی پێوەندییان بە تاقیكردنەوەكانمەوە هەن، وەك نموونە هێنامنەوە.

❊ ❊ ❊

گوندەكەم چۆن هەموو جوانیی سروشتی تێدا كۆبووەوە، ساردی و بەفری زستانیش، لەو جوانییە سروشتییەی پتر دەكرد و باری ژیانی خەڵكە هەژارەكەی گرانتر.. هەروەها هەموو (تناقضات) و نالەباریی ژیانیشی بە كۆڵەوە بوو!! لە گوندەكەم، جوولەكە، دیان (مەسیحی)، كرمانج، بەگزادە، ئاغا.. لە سەری ئەم بەشانەش، دەستەی پیاوانی حكوومەت و بنەماڵەی میرەكان وەكو دێو دوولینگیان داكووتابوو.. جوولەكە، لە پاش دیانەكان ئەمانەش.. لە دوای كرمانجەكان.. كرمانجیش لە ڕكێف بەگزادەكان دەگەیشتنە سەرەوە. دەوڵەمەندی جوولەكە و دیان لە كرمانجی هەژار بە ڕێ و جێتر وەردەگیران، كرمانجی دەوڵەمەندیش لە بەگزادەكان بەڕومەت تر بوون!. مەلا ڕیش سپییەكەش هەر پێنج فەرزە بەسەر قووچكەی مزگەوت دەكەوت و بانگی یەكسانیی ڕادەهێشت!. ئەوەی لەم چۆنییەتییە سەرنجی ڕادەكێشام ئەوەبوو، كە هەموو ئەم بەشە بەشخوراوانەش، لەگەڵ یەكدا ناتەبا و دوودڵ بوون!. تاقە شتێك كە كۆی دەكردنەوە، بە زار خواپەرستی و بە كردار ڕازی كردنی میر و میری بوو!.

بەم ڕەنگە دەوری منداڵیم لەگەڵ شەڕەگەڕەك ڕابوارد، گوێچکەم پڕ باسی دزی و پیاوکوژی و زەوتکردن و جەور و ستەم بوو. گەلێك جار دەمدیت پۆلیس بە لیس خەڵکی گوندیان کۆ دەکردنەوە و وەك ڕانەمەڕ بۆ بێکار لێیان دەخوڕین! زۆر جار لەگەڵ خۆمدا دەمپرسی:

- چۆن ئەم هەموو خەڵکە ڕەشوڕووتە بە کڕیی و بەبێ سەرپێچی ئەوها مل دەدەن؟!

وەڵامی ئەم پرسیارەم ئەوکاتە وەچنگ کەوت، کە بووم بە شوانی ڕەوەیەك عەلیشیش!. بەیانیان شووڕکە دارێکم وەدەست دەگرت کە ڕام دەوەشاند گڤەی دەهات، قەلەموونەکانم دەدانە پێش خۆم، تەنانەت قەلەموونێك لە ڕەوە دەرنەدەچوو!، وەڵامەکەش وەکو لێکدانەوە و پرسیارێکی تر بوو کە لە خۆم دەکردەوە:

- بزانە خەڵکی گوند و ئەم عەلیشیشانە چەند وەیەك دەچن؟!

بە خەیاڵی منداڵانەی خۆم، عالەمی گوندەکەم دەکرد بە دوو بەشەوە.. بەشێکی پۆلیس و بەشەکەی تری عەلیشیش!

* * *

لە پۆلەکانی سەرەتایی قەشەی بەڕێز (جبرائیل شێر) مامۆستای زمانی کوردیمان بوو، ئەم ئینسانە مەزنە خوێنی خۆشەویستی ئەدەب و زمان و وڵات و کەلەپووری نەتەوەکەمی لە دەمارەکانمدا جووڵاندەوە، ئەو حاجی قادری کۆیی پێ ناساندم، جوانیی شیعری نالی، وەفایی.. و ئاوات و ئازاری مەم و زینی ڕژاندە گیانم. ئەگەرچی مامۆستای یەکەمم دایکم بوو.. بە چیرۆکی کوردی فۆلکلۆری، ئەفسانە و پەندی پێشینان فرچکی دابووم، بە باس و خواسی سەفەربەر و گرانییە گەورەکە و ڕشانەوە و ڕۆژە تاڵ و نالەبارەکانی کۆمەڵەکەمان کوولانکەی ژیانی بۆ کردمەوە، بە قارەمانییەتی پیاوانی دم دم، شێخ فەرخ، خەج و سیامەند، برایمۆك و لەیل و مەجرووم، تێر شیری کردبووم، بەڵام ئەم قەشە مەزنە ئەو شیرەی پێ کردم بە خوێن و هێسك و گۆشت، شانەکانی لەشمی پێ گورج و گۆڵتر کردم. تاکو قۆناغی سەرەتاییم تەواوکرد.. شیعرەکانی حاجیم دەور دەکردنەوە، چیرۆك و ئەفسانە و سەربوردەکانی دایکم لەلا ڕوونتر دەبوونەوە. بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندیی کەوتمە باوەشی شارە پیرە بەڕێزەکەی هەولێر، لەم شارەدا، پتر لە ژیان ئاشنابووم، کەوتمە ناو ڕێکخراوەیی نیشتمانی، بەو هۆیەوە لایەنی دیکەی ژیانم بۆ ڕوون بوونەوە.. فێری زمانی عارەبی بووم، لە تەك دیوانە کۆنەکانی حاجی و تایەر بەگ و شێخ ڕەزا و دیاری و یادگاری لاوان.. کتێبەکانی مەنفەلووتی و زەییات و ئەحمەد شەوقی و سەلامە مووسا زەنوون ئەیووب و عەبە سبوسم



کردنە هۆگر و دۆست. بەهۆی ئەمانەشەوە دەرگای ئەدەبیاتی عەرەب و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام بۆ کرایەوە، ئەفسانەکانی هیند و گریکم خوێندنەوە، ئاشناییم لەگەڵ بەلزاك-دا پەیدا کرد، چۆنییەتی مردنی لۆرد بایرۆن.. دڵتەنگی دەکردم، چیرۆکەکانی موپاسان کۆمەڵێکی لە کۆمەڵەکەی خۆم فراوانتریان پێ ناساندم، جوانیم لەگەڵ لامارتین و شاتوبریان هەڵدەچوڕاند، ڕك و فرمێسکم بۆ جان ڤالجان و مام تۆما هەڵدەڕشتن.. ئازاری دەروونم تێکەڵ بە ئازارەکانی تۆلستۆی و ژانەکانی ڤێرتەر دەبوون.

لەو ڕۆژانەدا، شەڕی دووەمی جیهانی هەموو دنیای گرتبووەوە، لەگەڵ مەلا کوێرە بیر ڕووناکەکە دەمگوتەوە:

**ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە**

**هەر کەس بە جەخاری جگەری قیمە کراوە**

منیش کە بەو فەریکییەوە بەرەنگاری ڕێگای سەختی ژیان ببووم، ژیانی منیش شڵەژا.. برسییەتی پتر پێی پێوەنام، ناچار خوێندن و قوتابخانەم لەگەڵ ئاهێکی سارد بۆ دەرەوەی سنووری ژیانم تێ هەڵدا.. خۆم هاویشتە ناو گێژەلووکە و گەرداوی ڕۆژگار، پێویست بوو نان بۆ خۆم و پاشماوەکانی باوکی کۆچ کردووم پەیدا بکەم، لەو ماوە درێژەی لە سنوور فەرمانبەر بووم، کەوتمە ناو لەعنەتی سنوور، بە تەواوی خزامە ناو کانگای دەردی کۆمەڵ، ناو جەرگەی ڕووداوی تاڵ و سوێر.. ملم بە کەند و کۆسپی چیای سەختی ژیانەوە نا، لەو ماوەیەدا گەلێك ڕاستیی ئەم ژیانەم بۆ دەرکەوتن. هەوڵم دەدا ئەو ڕاستیانەی من پێیان گەیشتم و هەستم پێ دەکردن لە پێش چاوی ڕەشوڕووتی خەڵك قیتیان بکەمەوە، هەستی ئەوانیش بجوڵێنمەوە، ئەوەڵ جار ڕێگای شیعرم گرتەبەر، لام وابوو دەتوانم بەم ڕێگایەوە بگەم بە هەوارگەی دڵی ئەوان!، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ئەم ڕێگایەم لێ ون بوو!

ئەو سەردەمە کتێب لە نان هەرزانتر بوو، پتر کتێبم دەخوێندنەوە، جگە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، چیرۆکنووسە گەورەکانم ناسین، چێخەفم ناسی، خۆزیام دەخواست بتوانم وەك ئەم نووسەرە نەمرە، بچمە ناو دەروونی ئینسان و ببم بە بەشێك لە خەمی کۆمەڵەکەم. چێخەف ڕێگای چیرۆکنووسینی نیشاندام، پاڵی پێوەنام قووڵتر بە دەریای ئەدەبی چیرۆکدا نقووم بم، ئاشنایی لەگەڵ تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکی و گۆرکی پەیدا کردم، لەو سەردەمەی ئەمانەم ناسین یەکەم چیرۆکم بە ناوی (برسیەتی بەهێزترە) لە سەرەتای پەنجاکان، نووسیوە. ئەم چیرۆکە لە بەرگی دووەمی چیرۆکەکانمە کە ساڵێك پترە دەسگای ڕۆشنبیری

کوردی بە نییەتی چاپکردنی وەری گرتووە. بەهۆی (گەلاوێژ) بەشێك لە ئەدەبیاتی بێگانەم بە کوردی خوێندنەوە، نووسینەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی)، شیعرەکانی (بێکەس و گۆران و ئەسیری)، چێژی ئەدەبییان لا خۆشتر کردم، چارەنووسیان بەستم بە چارەنووسی ئەدەب بە تایبەتی چیرۆك.. تا گەیاندیانە قەسرە تەلیسماوییەکەی (کافکا)، ماوەیەك لە ناو قەسرەکەدا گەڕام، سەرم لە ناو عالەمەکەی (بیکیت و ئادامۆف) دەسووڕا.. خۆم لە ناو (غەریب)ی کامو دەدۆزییەوە، تێکەلاوی (سوء تفاهم)ەکەی بووم. لە قوڕنەیەکی دادگاکەی (کافکا) شێخ مەلا عەبدولقەدوسی خوالێخۆشبووم دیتەوە، لەوێش ڕەشووڕووتێکی زۆر وەك دیوار دەوریان دابوو! کە ئەو باسی عەزابی دۆزەخی دەکرد، وەسفی لاشەی وەك کەباب لە شیش دراو و ئافرەتی بە مەمك لە زارکی کوورەی ئاگر هەڵواسراو و باسی زەبانییەکانی جەهەنەمی دەکرد کە چاویان وەکو کوورەی زەردەواڵە و لێویان وەك تەختەبەڕ و ددانیان وەك پێمەڕەن! ئەوان دەستیان بە ناڵە و هاوار دەکرد.. شیوەنیان دادەمەزراند، لوورەیان لێ هەڵدەستا، دیوارەکەیان دەهەژاندەوە! کە جەنگاوەرەکەی (بیکیت)م ناسی، وێنەی ئەژدیها هەشتا سەرەکەی ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات و مەرجانی جادووی ئەفسانەکانی کوردیم دەهاتنەوە بەرچاو!. بە کارتێکردنی ئەمانەوە چیرۆکی قووچکە و سەرەتایی و دوایی، پاشدانیش (عاجباتی هەشتەم)م نووسی.

کە ئەم وێنانەم هێنانەوە و بەراوردکردن، هەر لەبەر وێکچوونیان بوو و بەس! دەنا بە بێ یەك و دوو پێ لەوە دەنێم کە نەم توانیوە ئەم سێ کەڵە نووسەرە هەزم بکەم، یان ئەو کەم خۆراکەی لەوانم خواردووە تێری نەکردووم!، جگە لەمەش، بڕواییم بە گەڕانەوە نییە بۆ عالەمی تەلیسم و دێو و درنج. من کە پیاوێکی ئاساییم و دەمەوێ شتێك بەم خەڵکە بڵێم، ئەگەر بمەوێ خەڵکەکە تێم بگەن، دەبێ بە زمانی ئەوانەوە بدوێم و سنووری فیکری ئەوان بە یەکجاری نەسڕمەوە، کە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە دەنووسم، دەبێ پێشەکی باری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکە بزانم، کە دەمەوێ بەهۆی چیرۆکەوە، مامڵەتیان لەگەڵدا بکەم، دەبێ بیر لەوە بکەمەوە چۆن گرێ کوێرەی هەزاران ساڵیان دەکەمەوە و دڕندەی سندم کراوەکەی هەزاران ساڵەی دەروونیان کەی بەرەڵڵا دەکەم.

هەرگیز ناتوانم وەکو نووسەرێکی ڕۆژئاوا بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا دەنووسێ، وەك ئەو نووسەرە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات بنووسم. چۆن دەتوانم بە خەڵك بڵێم ئەوەی باوکی خۆی بکوژێ قارەمانە؟! هەتا لەلایەن شێوەشەوە، بە لای من، ئەمە ڕاستە، هەتا لە شێوەش، شێوەکە ئەداتێکە گەیاندن خۆشتر دەکات. مومکین نییە هەتا فڕۆکەخانە لە گوندی (زەڵم) دروست نەکرێ بە



فڕۆکە لەو گوندە دابەزم، لەگەڵ بڕوایی پتەویشم بەوەی کە دەبێ ڕۆژێك بێت بتوانم بە فڕۆکە بچمە ئەو گوندە. ماوەیەکی کەم لە ڕۆژئاوادا ژیاوم، لە کۆڵانەکان، لە ناو پاس، شەمەندەفەر، لە گازینۆکان، چێشتخانەکان، لە پارکەکان، کوڕ و کچ هیچ پەردەیەکیان لە ناویندا نییە، سێکس لەوێ مەفهومێکی تایبەتی و مەقبوولی هەیە، ئەوانەی لەو جێگایانە، لە عالەمی سێکسدا دەیانبینی، ڕۆژانی یەکشەممە، بەیەکەوە، لە ڕیزەکانی کەنیسە دەیاندۆزییەوە!.

هەرگیز پێم وانەبووە وەپێش عەسری خۆم کەوتووم، یان زووتر لە وادە و بە کاملیش خولڤاوم، دەنا هانام دەبردە بەر ئەو جیهازەی دەڵێن گیانلەبەر دەخەوێنێ، یان دەیبەستێ، واتا (تەجمیدی) دەکا! و دەیخاتە دەوری (سوبات).. تا لەو عەسرەی کە بە عەسری خۆمی دەزانم بێمەوە مەیدان.

لە تاقیکردنەوەکانم، ئیمان بە خاك و بە ئینسان دروشمی یەکجاریم بوون، بڕواییم وا بووە کە پێم لەم زەوییە چەقیون، ڕەگم لەم خاکە قووڵ قووڵ داکوتاون، گیانم وابەستەی ئەو ئاخەیە کە لە سەری دەژیم، بە ئاو و هەوای نەشونوما دەکەم.. خۆشەویستیم بۆ ئینسان بە گشتی و بۆ ئینسانی وڵاتەکەم بە تایبەت، بێ دواییە. هەرگیز شەوازی کۆمەڵەکەم بە نموونە نەناسیون، هەرگیز بڕواییم بە قارەمانی خوداسیفەت نەبووە، لام وایە هەموو کەسەکانی چیرۆك مادام ڕۆڵی خۆیان بە چاکی دەگێڕن.. هەریەکەیان قارەمانێکە و بە هەموویانەوە ژیان دەخەنە بەر چیرۆکەکە. ئەم ئیمانەشم کردووەتە بنکەی مامڵەتم لەگەڵ کۆمەڵدا. هەرگیز پەنام نەبردووەتە بەر دەست و لاق، بۆ شێ کردنەوەی گیروگرفت. هەرگیز لە سەرەوە سەیری خەڵکم نەکردووە و ئەو حەقیقەتەم لا روون بووە کە ڕۆژ زۆر لە سەرەوەترە. هۆگری پیاهەڵدان و ئافەرینی ساختە و دەست لە پشتدان نەبووم، ئەمانەم بە هەڵدێرێك ژماردوون، کە نووسەر بەهۆیەوە لە خشتە دەچێ و هەڵدەخلیسکێ و دەدۆڕێ، یا وەك پەینی کیمیاوی کە بەرەکەیان وەك ئەو شووتیانە دەبێ کە ئیمڕۆ لە بازاڕی هەولێر، لە ڕۆخ جادەکان کۆمەڵ کراون.. شووتی زل و بە شان و شەوکەت.. بێ تام و شام.

بە هۆی گیروگرفت و سەختیی ژیانی ڕابردووم لە گیروگرفتی ئەوانی دیکە شارەزاییم پەیداکردووە و هۆشیاری مەسەلە گشتییەکان بوویمەوە، بێزم لە خۆپەرست و دووڕوو و ئەوانە دەبێتەوە کە دیلی گیرفان و ورگیانن. بڕواییم وایە ئەدەب و سیاسەت وەك دوو قوتبی کارەبان، پێکەوە نەبێ ڕووناکی نادەن. لە پێویستیشدا ئاگر هەڵناکەن. یاخی بوو لە لای من ئەو کەسەیە

ئامانجێك بۆ ژیان بەدی دەكا، بڕوایی بەوە هاتووە كە ژیان هەرگیز ناوەستێ و هەر بەرەو گۆڕانێكی باشتر دەڕوا و هەوڵ دەدا كە لەو گۆڕانەدا بەشداری بكا و قاوغی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی بدڕێ، تا دەگاتە بارێك عالەم لەبەر دەمیدا ئاشكراتر و شتە وردیلەكان لەبەر چاویدا مەزن و گەورەتر دەبن و بڕوایی بەوە قایمتر دەبێ كە ژیان جوولانەوەیەكی بێ كەڵك نییە و هەموو ئامانجی ئینسان هەر تەنیا خواردن و زاوزێ و مردن نییە. ئەم بڕواییەش بەهێزتری دەكا و بەسەر ترس زاڵ و توانای ئەوەی پێ دەبەخشێ كە خۆشەویستترین شت تەرخان و لە پێناو ئەو ئامانجەی بەخت بكا.

❋ ❋ ❋

نهێنییەك ئاشكرا ناكەم كە دەڵێم هەر بیروڕایەك، یان هەر ئەفكارێك كە لە چیرۆكەكانی مندا هاتوون، یان هەر جوولە و كردەوەیەك كەسانی ئەو چیرۆكانە بە مرازی گەیشتنە هەڵوێستێكی تایبەت، یان بیروڕایەكی تایبەت دەیكەن، ئەوانە هەمووی بیروڕای خۆمن، هەڵوێستی خۆمن، پاش لێكدانەوە و قەناعەتێك یەكسەر، یان لە زاری، یان بە هۆی كردەوەی كەسەكان دەرم بڕیون. بە لای منەوە ئەم ڕێڕەوە، ڕێڕەوی ڕاستەقینە و ڕەوا و ڕەوانە، ئەگەر نووسەر ڕەچاوی نەكا كارەكەی دەبێتە جۆرە كرێ گرتەیەك، یان دەچێتە چوارچێوەی كاری كۆسەكان (موهەڕیجەكان)، ئەوانەی بازرگانی بە هونەر دەكەن، نووسەری سەرڕاست ناتوانێ لە ئەفكار و بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆی بەولاوە تەعبیر لە شتی تر بكا، ئەگەر نا دەبێتە میرزا و وەعزخوان و دەچێتە ڕیزی ئەو شاهیدە حازربەدەستانەی كاتی خۆی لەبەر دەرگای دادگاكان ڕادەوەستان و بەپێی پێویست و بەرژەوەندی تایبەت دەستیان لە سنگیان دەدا و ڕاستیان بە چەوت نیشان دەدا و خراپەیان دەشاردەوە، یان دەیانكردە چاكە.

بێگومان من ناڵێم هەموو ئەو بیروڕایانەی دەرم بڕیون، یان ئەو هەڵوێستەی لێی دەوەستم، هەر دەبێ ڕاست و بێ گرێ و كەموكورتی بن.. نا.. هەرگیز من وام نەگوتووە. زۆر ئاساییە ئەگەر نارێكی، یان لاوازی، یان.. یان.. بیر و هەڵوێست گوڵییش لە پێچ و پەنا و سووچی ئەو نووسینانەم هەبن، ژیان حاڵەتێكی (جامد) نییە، دەشێ نووسەر لەگەڵ گۆڕانی ژیان و تەمەنی خۆی و تاقیكردنەوەی ڕۆژانەی، پتر بیر بكاتەوە، قووڵتر بیر بكاتەوە.. لە شیكردنەوە و كۆكردنەوە و لێكدان و لێكدەركردندا پتر وریایی پەیدا بكا و ئەنجامی پوختتر وەدەست بهێنێ، بەڵام وەك ئەشكەوت دەنگدانەوە، لاساییكردنەوە، گوێ نەدانە پێویستیی جەماوەر، یان بوون بە (وەعزخوان) و میرزا و شاهیدی حازربەدەست ئەمانە دوورن لە نووسەری سەرڕاست.

❋ ❋ ❋



چیرۆكی كوردی وەك لایەك لە ئەدەبی كورد، بەشێكن لە ئەدەب و چیرۆكی عیراق، عیراق وڵاتی هەموومانە، بەڵام ئەوەی جێگای خەفەت و داخە، ئەوەیە كە نووسەرانی عیراقیی (عەرەب) خۆیان لەم حەقیقەتە بواردووە! وەك ئەم حەقیقەتە هەر نەبێ، ئەوها هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەدەب و بەتایبەتی چیرۆكی كوردی دەكەن!؟ ئێمە هەرگیز گومان لە دڵسۆزی ئەم برا نووسەرانە ناكەین، بەڵام ئەمە ڕەوایە ئەگەر لێیان بپرسین:

- بۆچی وا ؟! ئایا چیرۆكی كوردی، چیرۆكی عیراقیش نین؟!

القصه العراقیه.. دانەری: جعفر الخلیلی

الادب القصصي في العراق منذ الحرب العالمية الثانيية.. دانەری: د. عبدالاله أحمد

الرواية العراقية وقضية الريف.. دانەری: باقر جواد الزجاجی.

ئەم كتێبانەم دیوون..[1] دەیان دیراسە و ڕەخنە و لێكۆڵینەوەم لەسەر چیرۆكی عیراقی خوێندوونەتەوە، ئەوەی سەرم لێ سوڕماوە ئەوەیە كە چ یەكێك لەم كتێب و ڕەخنە و نووسینانە كە باسی چیرۆكی عیراقی دەكەن كەم و زۆر باسی چیرۆكی كوردیان نەكردووە!

جەعفەر ئەلخەلیلی هەرچەندە لە پێشەكی كتێبەكەیدا، كە باسی چیرۆكی كۆنی عیراقی دەكا، دەڵێ: (ئەم شێوەیە تا ئێستاش لە گوندەكانی كورد هەر باوە).

ئەمە وەك بەڵگەیەكی بوونی ئەم جۆرە چیرۆكە لە عیراقدا دەهێنێتەوە! كەچی پاش ئەم چەند دێڕە تەنانەت بە یەك تاقە وشەش، لە بەشێكی گرنگی چیرۆكی عیراقی كە چیرۆكی كوردییە، نادوێ؟!. د. عبدالالیش لە كتێبە نایابەكەیدا هەتا ئەگەر خۆی بەمە ڕازی بكا كە داوای بەخشین لە خوێنەر بكا، چونكی ئاگاداری چیرۆكی كوردی نییە.. ئەم داوای بەخشینەی لە لای منەوە جێگای خۆی نییە، چونكی دكتۆر دەیتوانی هەر لە هەڤاڵە كوردەكانی خۆی لە دكتۆرەكانی زانكۆی بەغدا ئاگادارییەكی وا لە بابەت چیرۆكی كوردی پەیدا بكا، كە ناو و ناوەرۆكی كتێبەكەی پێ یەكتری بگرنەوە، ئێمە هەموومان دەزانین كە پتر لە دوو دكتۆر لەو دكتۆرە كوردانە چیرۆك دەنووسن، ئەوانی تریش زۆربەیان بڕوانامەیان لەسەر ئەدەبی كوردی وەرگرتووە. هیچ چارەم نییە لێرەدا هەر دەبێ بپرسم:

---

(١) لە هەردوو دەقی بڵاوكراوەی ئەم نووسینەدا، بە هەڵە نووسراوە ((ئەم كتێبانە نەدیوون))!! باشە دەپرسین ئەگەر ئەم كتێبانەی نەدیوون چۆنە وا بە وردی باسیان دەكات، بۆیە من ڕاستم كردەوە كردم بە (ئەم كتێبانەم دیوون) كە ئەمە ڕاسترە. (ئازاد).

– ئایا بەم کردەوەی جەعفەر ئەلخەلیلی و د. عبداللە ئەحمەد و نووسەرەکانی دیکەش، ئایا چیرۆکی کوردی لە عیراقییەتەکەی دەشۆریٚ؟! یان عیراقی بوونی ئەدەبی کوردی ڕەش دەبێتەوە؟! و عیراقییەتی گەلی کورد لە عیراقدا دەپەڕیٚ و دەبێتە هەڵم؟!

هەموومان دەزانین زۆر دەقی چیرۆکی کوردی هەر لەم وڵاتەی عیراقەماندا، بە هۆی ڕۆژنامە و گۆڤارە عیراقییەکان کراونەتە عەرەبی، نووسەرە کوردەکانیش تا ڕادەیەکی باش توانیویانە ئەدەبی کوردی بە گشتی بە برا عەرەبەکانمان بناسێنن، لام وایە ئەوەی بیەویٚ ئاگاداری لەم بابەتەوە پەیدا بکا دەتوانیٚ بگەڕێتەوە سەر ئەو دەقانە و کەڵکیشیان لیٚ وەربگریٚ. کاکە ئەمەش نا خۆ ئەم زاتانە ئەگەر زمانی کوردی برا بچووکیشیان نازانن، لە زمانەکانی بێگانە شارەزان، بە بەڵگەی ئەوەی لە هەموو زمانەکانی گەلەکانی دنیا، لە هەر پێنج قارە ئەدەب و چیرۆکیان کردووەتە عارەبی.. ئەو بێگانانەش، تەواوێك چیرۆك و دەقی ئەدەبی کوردیان بۆ زمانی خۆیان وەرگێڕاوە، خۆ دەیانتوانی لەو زمانە بێگانانەوە دەقە کوردییەکان وەربگێڕن، یان بە هۆی ئەو زمانانەوە لە ئەدەب و چیرۆکی کوردی ئاگاداری پەیدا بکەن.

من بە حەقی خۆمی دەزانم کە بەمانە بڵێم:

– کاکی برا.. خوا لێتان ڕازی بیٚ.. خۆ ئەگەر ئەمە وا نەبوایە من ئەوەم بۆ نەدەڕەخسا کە لێرەدا بە گوێتا بچرپێنم:

– بە خوا هەر چی بکەی، لە عیراقییەتی ئێمە، لە خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەم وڵاتەمان، کەم ناکەیتەوە. مەسەلەکەی تۆش وەك مەسەلەی مام وەیسە، هەموو خەڵکی گوندەکەی دەیانناسی، بەڵام کەس ڕکی لیٚ نەدەبووەوە. ڕەنگە بپرسن ئەم مام وەیسە کێیە؟!

مام وەیس یەکێکە لە کەسەکانی چیرۆکێکی ئەفسانەیی کوردی، دایکی خوالێخۆشبووم بۆی دەگێڕامەوە و دەیگوت:

– مام وەیس لەگەڵ برا بچووکی لە قوڕنەیەکی گوند لە خانوێکدا دەژیان، هەموو ڕۆژێکی خوا، لەگەڵ ڕۆژهەڵات مام وەیس لە دەرگای پشتەوەی خانووەکەیان دەچووە دەریٚ، تا لە گوند دوور دەکەوتەوە دەڕۆیی، پاشدان بە ڕێگا باریکەکە بەرەو گوند دەگەڕایەوە! یەکە یەکە بە ناو کۆڵانەکانی تێدەپەڕی، کە خەڵقی چاویان پێدەکەوت و لێیان دەپرسی: ها خێرە وا... مام وەیس؟!

مام وەیس لە وەڵامدا بە خەڵقەکەی دەگوت: وەڵڵاهی غەریبی برا گچکەکەم کردووە.. ئەوا دەچم سەرێکی لیٚ دەدەم!.. بە کۆڵانەکانی گوند هەڵدەچوو، تاکو لە دەرگای پشتەوە خۆی



دەخزاندەوە پیرە خانوو! خەڵکی گوندیش، بەشێکیان بەزەیی بە مام وەیس دەهاتەوە، بەشەکەی تریشیان لە ناوەوە پێی پیٚ دەکەنین، بەڵام کەسێکیان ڕقی لیٚ هەڵنەدەگرت.

* * *

دەگوتریٚ.. چیرۆکنووس شاهیدی سەردەمی خۆیەتی، بە لای منەوە ئەو وتەیە ناتەواوە، ڕەنگە بپرسن.. چۆن دەبیٚ ناتەواوبیٚ؟. جاریٚ با بزانین شاهید کێیە؟ و پێوەندی شاهیدێك بە قەزییەیەکی دیاریکراو چییە؟! ئایا شاهید بەشێکە لە قەزییەکە؟ یان ئایا شاهید پێوەنداریێکە، واتا بە (ذوي العلاقة) دەژمێردریٚ؟.. بێگومان نا، تەنانەت لە لایەنی یاساییەکەشەوە، شاهید پێوەنداری هیچ قەزییەیەك نییە، شاهید پیاوێکی لاتەریکە لە ڕۆخی مەسەلەکە ڕادەوەستیٚ، ئەی کەواتە چیرۆکنووس چۆن دەبێتە شاهید؟

با بڵێین مرۆ خۆی بەوە ئیقناع بکا کە چیرۆکنووس جۆرە شاهیدێك بیٚ، بە چەشنێك بە شاهید بچیٚ! بەڵام کام شاهید؟

شاهید هەن، با ناویان بنێم (شاهیدی کلاسیکی)، ئەم شاهیدانە کە خەڵك بە زۆری دەیانبینن و دەیانناسن، ئەوانەن کە شتێك دەبینن زەق دەیگێڕنەوە، یان تۆماری دەکەن، واتا لێرەدا چاو ئەندامی سەرەکیانە لە گەیاندنی شاهیدییەکەیان، با دەست و قەڵەمیش دەورێکیان هەبیٚ لە چەسپاندنی ئەو چاودیدەییە، لەسەر لاپەڕەیەك، یان لەسەر تەلیشە بەردێك، یان لە ماددەیەك دابڕێژریٚ، یان بە ڕەنگ عەکسی بکاتەوە. بە لای منەوە ئەم بابەتە شاهیدە فرمانی هونەرمەندی ڕاستەقینە ناگەیەنن، ئەمانە شاهیدی ئاسایین، چۆن دەبینن وا دەیلێنەوە و لەمە پتر خۆیان ماندوو ناکەن لەوەی بە چاو دیویانە، یان بە دەست گرتوویانە، یان گوێبیستی بوون.. زیاتر بکۆڵنەوە، بەم چەشنەش خوای خۆیان ڕازی دەکەن، ئیتر کاریان بەسەر ئەوەدا نییە کە بیر لە ڕەگوڕیشەی ڕووداو بکەنەوە، یان لە دەوافعی بکۆڵنەوە، هەتا وەك ئینسانێك هەڵوێستێکی بۆ وەربگرن! و بەپێی ئەو هەڵوێستە بجوولێنەوە. ئەم شاهیدانە ناتوانن خۆیان لە کۆیلەیەتی پێنج حەواسەکانیان ئازاد بکەن و هەرگیز چاویان لە خۆڵەکەی بەرپێی خۆیان بەرزتر ناکەنەوە و لەو بستە زەوییە پتر نابینن کە وەك دەڵێن بارگیری گالیسکە دەیبینیٚ!

بە لای من ئەم جۆرە چیرۆکنووسە شاهیدانە، یان شاهیدە چیرۆکنووسانە، دەکەونە ڕیزی چیرۆکنووسە قۆپیەچییەکان و لە ڕوانگەیەکی تەسك خۆیان مات کردووە و ڕاوی ڕووداو

دەکەن، هەرگیز خۆیان بە بەشێك لە ڕووداوەکە دانەناوە و نەیان ویستووە، یان نەیانتوانیوە لەمەندە پتر لە مەسەلەکە نزیك بکەونەوە کە جازبیەتی ڕووداو بیانکێشێ و تووشی سەرئێشە بن!.

شاهیدیش هەن پێیان دەڵێن شاهیدی حازربەدەست!. لە سەرەتای چلەکان لە ناوەندیی هەولێر دەمخوێند، باسی ئەو شاهیدانەیان دەکرد کە لەبەر دەرگای دادگای هەولێر ڕادەوەستان، یان لە خزمەتی ئاغایەکان دەهاتنە دادگا و بۆ چەند دینارێك، یان بۆ ڕازی کردنی ئاغا، لە پێش حاکم دەستیان لە کتێبە پیرۆزەکە دەدا. ئەم شاهیدانە بە چاویش شتێکیان نەدیبوو، تەنانەت (حەواسی خەمسەشیان) نەجووڵابووەوە!، بەڵام بەپێی بەرژەوەندی و لەپێناو ڕازی کردنی ئەوانی تر دەجوولانەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم کردەوەیان مافی خەڵکی بێ تاوان بە فیڕۆ دەدا و ڕەنگە ژیانیشیان بخاتە مەترسی!.

شاهیدیش هەن لە ڕاستی لا نادەن، هوشیاریی ئەوەیان هەیە کە ئادەمیزاد هەر تەنیا چاو و پێست و زمان و لووت و گوێچکە نییە، بڕوایان بەوە هەیە کە هەر یەکێك لەو حەواسانە چەند شانەیەکن لەو ملیۆنەها شانانەی بنیادی ئینسانی لێ پێك هاتووە. ئەوانە دەزانن کە ئینسان زۆر لەو پێنج ئەندامە زۆرترە. ئەم شاهیدە ئەو حەقیقەتەی دەیڵێ حەقیقەتی خۆیەتی، لاتەریك لە مەسەلەکە ڕانامێنێ، خۆی بە بەشێك لە مەسەلەکە دەژمێرێ، بگرە زۆر جار تەنانەت خۆیشی بە دروستکەر و هۆیەکی ڕووداوەکە دەزانێ.

ئەم شاهیدە هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ڕووناکی ئەو هەڵوێستەی بە هەموو هوشیارییەوە شاهیدییەکەی دەدا و ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێ کە چیرۆکنووس نەك شاهیدە، بەشکەم بەشداری ڕووداوی سەردەمی خۆیەتی، دەستی لە دروستکردنی عالەمەکەی خۆیدا هەیە.

ئادەمیزاد لوغزێکە کلیلی شیکردنەوەی لە گەرووی حووتەکانی دەریا دایە، ئەشکەوتێکە دەنگی سەدەکان دووبارە دەکاتەوە، ئاسمانێکە بێ دوایی.. چیرۆکنووسیش ئادەمیزادە، هەر چەند بکۆشێ ناتوانی بە تەواوی خۆی بە عالەم بناسێنێ، دەڵێم نەیتوانیوە تەنانەت خۆی بە خۆی بناسێنێ!.. لێرەشدا تەنیا دڵم بەوە خۆش دەکەم کە لەم چەند دێڕانەی خوێندمەوە، بە ڕاستگۆیی و ئەمینی بەشێك لە تاقیکردنەوەکانی ئەدەبیی خۆم بە ئێوەی هێژا گەیاندن، هیوادارم کە لە دوارۆژیش وەك نووسەرێك دەکرێم بە شاهیدی ئەم ڕۆژانەمان، ئەو شاهیدە



حازربەدەستە نەبووبم، کە دەست لەسەر سینگ وەستاوە و ئارەزووی ئەوانی دی دەهێنێتە دی، هەروەها ئەو شاهیدە ئاساییەش، کە مێش دەچنە کوونە لووتی ئەوجا سەری دەڵەقێنێ! بەشکەم ئەو شاهیدە بووبم کە لە مەسەلەی گەلەکەی، لە مەسەلەی ئینسان خۆی بە پێوەندار و (ذوي العلاقة) دەناسێ و بە هوشیارییەوە شت لێك جودا دەکاتەوە و توانای ئەوەی هەیە بە ڕەش بڵێ ڕەش و بە سپیش.. سپی..

**هەولێر**
**١٩٨٢/٨/١٧**

---

**تێبینی: ئەم نووسینە جاری یەکەم لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٢)، ت٢، ١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوە، بۆ جاری دووەمیش لەلایەن برای بەڕێزم کاك (ئازاد عەبدولواحید) بەپوختکراوی لە گۆڤاری (رامان) ژمارە (٩٦)ی مایسی ساڵی (٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە.**

# محەمەد مەولود (مەم)ی هەمیشە زیندوو

**قەشە فەرەنسیسی شێر**

**١٩٨٨/٤/٢٣**

**ئەم نووسینەی بەڕێز قەشە فەڕەنسیس شێر لە سالیادی کۆچی محەمەد مەولود (مەم) خوێندراوەتەوە و لە ئەرشیفی (سابیر ڕەشید) پارێزراو بوو.. (دەنگارە) وەك بابەتێکی بەنرخ و بۆ بلاوکردنەوە و وەك هەلسەنگاندنی قەشەیەك لەبارەی (مەم)ەوە کە گوزارشت لە هاوکاری و پێکەوە ژیان دەکات لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەکان کە ماوەیەکی درێژە پێکەوە ژیاون بەتایبەتیش لە (شەقلاوە) کە هەردووکیان خەلکی ئەوێن.. بۆیە لەبەر ئەمانەتی ئەدەبی بەبێ دەسکاری و هەر بەڕێنووسی خۆی بلاوکرایەوە.**

(دەنگارە)

بەبۆنەی تێپەڕ بوونی سالێك بەسەر کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو، برای بەڕێزمان، نووسەری کوردی گەورە (مەم) خۆم بەبەختیار ئەزانم، کە ئەم هەلە بدرێتە من و بەشدار بم. بەداخەوە ئەو ماوەیەم نەبوو لە ژیان بتوانم وەکو باوکم خوالێخۆشبوو قەشە جبرائیل شێر خزمەتی زمانەکەمان بکەم. چونکە هەر لە منالیمەوە کەوتمە ناوچەیێك کە زمانی کوردی تیا کەم بووە. بۆیێ لە زمانی کوردی خۆشەویستمان وەکو پێویستە نیم. ٢٢ سالی عومرم لە موصل ڕابواردووە. لە معهد مار یوحنا الحبیب کە قوتابخانەی تایبەتی قەشانە. ئەما چۆنییەتی ناسین و چاوپێکەوتنی یەکەم جاری خوالێخۆشبوو برای بەڕێزم (مەم) بەو جۆرە بووە. لە سالی ١٩٥٦، تازە دەرچووبووم و داندرابووم بەقەشەی شەقلاوە و ڕەحمەتی مەم لەو کاتەدا نوسەری تحریراتی قائمقامیەتی شەقلاوە بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو هاتە لام و خۆی پێشکەش کرد، چونکە من نەم ئەناسی و دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لە گەلم دەربارەی باوکم و پێی وتم: من زۆر بەشانازیەوە ئەلێم کە من زۆر قەرداری باوکتم، لەم زانیارەی کە هەمە. چونکە ئەو خۆشەویستن و بەڕێزگرتنی زمانی کوردی خۆشەویستمان ئەو لە دلمی چاند. لەبەر ئەوەی کە ماموستای زمانی کوردی بوو، لە قوتابخانەی شەقلاوەی سەرەتایی کوڕان. کە من یەکێك بووم لە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە.



لە پاش ئەوەی ڕەحمەتی مەم دەستی کرد بەباسی خواستەکانی خۆی، سەبارەت ئەدەبی کوردی، و کە زانی من زمانی فرەنسی باش ئەزانم، داوای لێ کردم کە فێری زمانی فرەنسی بکەم. چونکە زۆر معجب بوو بەئەدەبی فرەنسی. وەرگێڕانی بەشێك لەم ئەدەبە بەرزە بۆ زمانی کوردی، یەکێك بوو لە مرازەکانی و ماوەی دوو مانگ دەرسی زمانی فرەنسیم بۆ ئەدا. بەلام گواستنەوەی بۆ ڕواندوز ئەم خەونە خۆشەی پەرتوبلاو کرد.

لەو ماوەی کە لە شقلاوە مایەوە زۆر جار دەهاتە لام و باسی ئەدەبمان دەکرد، بەصورەتێکی تێکڕایی، و لە بەشی زۆری دانیشتنمان باسی ادیبەکانی فەرەنسی بەرز وەکو کورنیل و ڕاسین، و ڤیرلین، شاتوبریان، و لامارتین، ئەلبیر کامۆ، و الفونس دودی و اندرێ جید مان ئەکرد.

ڕۆژێك لە ژوورەکەم چاوی بەکتێبی سکوت ألبحر (بێ دەنگی دەریا) کەوت کە نووسەری ڤێرکورە. لێمی پرسی ئەم کتێبە باسی چی دەکا. منیش وەلامم دایەوە باسی خێزانێ نوسەرەکە دەکا لە کاتی داگیر کردنی ئەلمانییەکان بۆ فەڕەنسا لە شەڕی جیهانی دووەم. کە بەکورتی ئەوەیە: افسرێکی المانی لە قاتی دووەمی مالەکەیا جێنیش ببوو، هەموو هێوارە کە ئەهاتە مالەوە، ڕۆژ باش لە صاحب مال و کچەکەی ئەکرد. ئەوانیش وەلامیان نەئەدایەوە. هەتا کۆتایی شەڕ هات ئاخر هێوارەکە ویست بڕوا بۆ ولاتی خۆی وەکو جاران هات و هێوارە باشی لێ کردن وە گوتی بەیانی بەیەکجاری ئەڕۆم. کە بەیانی هات کە بڕوا هاتە لایان گوتی بەخێربمینێن:

ڤێرکوری نووسەر کە صاحب مال بوو وەلامی دایەوە بەخێرچی. بەلام کچەکە کە هات ئەو ڕۆژە چاوی پێوە بەرز نەکردبوو تەنها سەری بەرز کرد و بێ قسە تەماشاییێکی کرد.

ڕەحمەتی مەم لێی داواکردم کە ئەو کتێبەی بۆ ترجمەی عەرەبی بکەم، تاکو ئەو بیکاتە کوردی. ئەما لەبابەت ژیانی ڕەحمەتی باوکم قەشە جبرائیل شێر لەم چەند دێرانەی خوارەوە بەکورتی باسی دەکەین:

١- هاتۆتە دنیا لە سالی ١٨٩١ لە شەقلاوە.

٢- لە سالی ١٩٠٢ داخلی مەکتەبی قەشاتی بووە لە موصل.

٣- لە سالی ١٩١٩ بوو بەقەشەی شەقلاوە.

٤- لەسالی ١٩٢٩ بوو بەماموستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی سەرەتایی شەقلاوە هەتا سالی ١٩٣٦.

٥ - زۆر حەزی لە شعر و ئەدەبیاتی کوردی ئەکرد.

٦- لە ٣ی نیسان ١٩٤٨ کۆچی دوایی کرد و نێژرا لە ناو کلێسەی گردی دێرێ لە شەقلاوە.

بەلام چۆن باسی ئەم دانیشتانە خۆش و بەلەزەت بۆایوەی بەڕێز بکەم. چۆن ئەتوانم وەصفی ئەم

لحظاته خۆشەتان بۆ بکەم کە لەگەڵ یەکترمان ڕائەبوارد. لەم دانیشتنانە بـۆم وەدیـار کـەوت کـە ڕەحمەتی (مەم) مبدعێکی زۆر گەورە بوو زۆر مشاریعی هەبوو زۆر مشاریعمان پێکـەوە هـەبوو، یێك لە مرازەکانی ئەوە بوو کە ڕوائعی ادبی عالمی ترجمەی کردی بکات. هـەمی گـەورەی ئەمـە کە ادبی کوردی دەوڵەمەند بکات و مستوایەکەی بەرز بکات.

لە نێو دانیشتوانی کوردستان بەینی برا ئیسلام و مەسیحییەکان هـەوڵی زۆر ئـەدا بـۆ بەتین کردنی ڕۆحی برایەتی. زۆر جریء بوو. زۆر دەرگای تازەی کردەوە لە ئـەدەبی کـوردی وەکو چیرۆك و ڕۆمان...

ئەما ئەو شتانەی کە زیاتر کاریان لێ کردم لە نووسـینەکان و چـیرۆکەکانی بـرا نەمرەکـەمان (مەم) ئەمانەن:

١- برسیەتی بەهێزترە: برسیەتی چی بەمرۆڤ دەکا چۆن کوێخا ڕەسول کـە پیـاوێکی عاقـڵ و مەعقول بوو ئەیکاتە پیاوێکی دڗوار دوژمـنی کەس و کاری خۆی. لەبـەر ئـەوە پێویـستە ئێمـە دژی برسیەتی هەوڵ بدەین چونکە گەورەترین ئافەتە لە کۆمەڵ.

٢- پەنجا فلس: تحفەیێکە لە ڕوائعی ادبی عالمی، کە پێشان ئەدا چۆن هەژاری و فقیراتی هـۆش و زەین لەسەری مرۆڤ ناهێلێ، هەروەکو بەسەر ئەم قوتابیانە هات کە ٥٠ فلسەکەیان دۆزیبـۆوەوە. چۆن ئەم ٥٠ فلسە بووبووە جوابی هەموو سوالێك.

لەم چیرۆکە کورتەدا ڕەحمەتی (مەم) بەڕاستی بەتـەعبیرێکی ڕائـع واقعـی کۆمـەڵی وەصـف کردوە و پیشانی ئەو کەسانەی داوە کە هەستی پێ ناکەن و نایبینن. کـە چـۆن زۆر لەبرایـەکانمان ژیانێکی سەخت و تاڵ ئەژیان.

٣ - پایزە خەون: مەم ئەلی ویستومە خەڵکی نوستوو لـە ئازارەکانیـان هۆشـیار بکەمـەوە. پایزە خەون پیشان ئەدا کە کۆمەڵی خڵك لە چی ڕادەیەك دواکەوتون و بـێ هـۆش بـوون. بـەڵکو ڕەحمەتی مەم، بەاسلوبێکی ڕمزی. وەسفی دوا ڕۆژەکانی ژیانی خۆی دەکا کـە لـە دوا ڕۆژەکـانی ژیانی چەند هەست و بیر و لێکدانەوەی بەرز بووە. هەروەکو لە هاوکاری شاعیر هاشـم سـراج لـە مقالەیەکدا بەدیاری خستوە، و بەرامبەر بەئازاری لەشی خۆی و خەڵك دەردەکەوێ خـۆی بوویتـە کابوسێك لەسەر ژیانی.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (دەنگارە) ژمـارە(١)ی سـاڵی ١٩٩٨، لـە لاپـەڕە ٣١ - ٣٢ بلاوکراوەتەوە.**

# بەشێك لە یادەوەرییەكانی

# بنەماڵەی (مەم)ی چیرۆكنووس

**بە پێنووسی: خاتوو ئافەرین (خێزانی مەم)**

شەڕ كاولكاری و مـاڵ وێرانـی و تێكـچوونی بـاری ئـابووری هـەموو لایەكـە. بنەمالـەی (مەم)یش یەكێك بوون لەو خێزانانەی تووشی ماڵكاولی و تـەفروتوونا بـوونی سـامان هـاتن و بۆیە دەستیان كرد بەكۆچكردن بۆ كوردسـتانی عێـراق. جـا لەبـەر ئـەوەی بـاوكی (مـەم) لـە ئـەنجامی ئـەو بارودۆخـە ناهـەموارەدا هـەموو سـامانی لەدەسـت دابـوو و كـوڕی پیـاوێكی دەوڵەمەندی عەشیرەتی (زەرزا) بوو، بۆیە پێی شەرم بووە ئـیش بكـات و ناچـار سـەری خـۆی هەڵدەگرێ و دێت بۆ ئەم دیو. باوكی (مەم) لەگـەڵ خێزانـی و كـچێكی لـە دێـی (سـنگان)ی ناوچەی (شنۆ)وە هاتنە كوردوستانی باشوور و لە شارۆچـكەی (ڕەوانـدوز) دەگیرسـێتەوە و تـا ماوەیەك لەوێ دەمینێتەوە. پاشان لەبەر نالەباری باری ئابووری دیسان كـۆچ و باریـان تێكنـا بەرەو شاری (هەولێر) و ئینجا دەچنە دێیەك بەناوی (عەزەو قونیان) و لەوێ نیـشتەجێ دەبـن. دیسان باری ئابووری ژیانیان خراپ دەبێت و سەرەو ژوور بۆ (شـەقلاوە) كـۆچ دەكـەن و لـەوێ نیشتەجێ دەبنەوە. پاشان باوكی دەست دەكات بەكاسبی و خێزانەكەی پێ بەڕێوە دەبـات. لـە زستانێكی ساردی باراناوی لـە ڕۆژی ١٩٢٦/٢/٢٣ لـە شارۆچـكەی شـەقلاوە، لـە پارێزگـای هەولێر (مەم) لە دایك دەبێت و تەمەنی منداڵی لەوێ بەسەر دەبـات و قوتابخانـەی سـەرەتایی لەوێ تەواو دەكات. ساڵی ١٩٣٨ دەچێتە هەولێر بۆ خوێندن، هـەر دوای ئـەو ماوەیـە بـاوكی كۆچی دوایی دەكات و (مەم) ناچار دەبێت خوێندن بەجێ بهێڵێت و (ئامادەیی تەواو نـەكات). لە ١٩٤٣/٩/١ دەبێتە فەرمانبەر و زۆربەی ناوچەكانی كوردستان گەڕاوە (وەكـو مێرگەسـۆر و سیدەكان و باڵەك و شەقلاوە و پیرمام).

لە سیدەكان دەگوازرێتەوە بۆ گەلاڵە و لەوێ لە سەر سیاسەت تووشی گرتن دەبێت و ماوەی شەش حەوت مانگێك دەگیرێت. ئینجا لـە سـاڵی ١٩٥٣ دا دەگەڕێتـەوە بـۆ (شـەقلاوە). لـە



نەوروزی ساڵی ١٩٥٥-١٩٥٦ دا (مەم) ئۆپەرێتێك بەم بۆنەیەوە پێشكەش دەكـات و لەسـەر ئەم ئۆپەرێتە كە بەناوی (داربڕین)ە دەگیرێت. لە كاربەدەستانی ئەو سەردەمە كـە (نائـب)ێـك لەوێ دەبێت و هەر كە گـوێی لـە وشـەكانی ئۆپەرێتەكـە دەبێـت و ماناكـەی لێـك دەداتـەوە ڕاپۆرتێكی لە سەر دەنووسـێ بـەوە تاوانبـاری دەكـات كـە ئـەم ئۆپەرێتـە دژی حكومەتـە و دەستبەجێ (مەم) دەگرن. وەكو گوتمان ناوی ئۆپەرێتەكە (داربڕین)ە، كاتێـك كابرایـەك دارێـك دەبڕێتەوە دارەكە دێتە قسە و پێی دەڵێت:

- بۆچ دەم كوژیت، بۆچ دەم بڕیت ؟

تاوانم چییە، دوژمنی تۆ، من دەهێنیٚ لە بن.

یەكێك لەو كەسانەی كە ڕۆڵی لەو ئۆپەرێتەدا بینیوە كوڕی متصرفی ئەوسـای هـەولێر خالـد نەقشەبەندییە، ئەویش د.ئیحسان نەقـشەبەندی دەبێـت و دەوری پەپوولـە دەبینێـت و ئـەم وشانە دەڵێت:

من پەپوولەم، پەپوولەی جوان<br>
ئەفڕم ئەگەڕێم لە ئەرز، لە ئاسمان<br>
دنیا پڕ ئەكەم لە كامەرانی<br>
ئەڕازێنمەوە كوردستان جوان

هەروەخا (خاڵۆی ڕێبوار) ناوی كەسایەتییەكی ئۆپەرێتەكە دەبێت كە لەبن سێبەری دارەكـە دادەنیشێت و وا دەڵێت:

ئەی خاڵۆی ڕێبوار، ڕێی هات و نەهات<br>
ئەمە سەرەی بوو دوایی هەر نەهات<br>
ئەی خاڵۆی ڕێبوار، ڕێگاكەم دوورە<br>
پەڕینەوە بۆ ئەو دیو سنوورە.

ئەوی شایانی باسە هونەرمەند (سلێمان شاكر) كەسەكانی مەشق پـێ كـردووە و ئامـادەی كردوون بۆ سەر شانۆ. كەسایەتییەكانی دی ئەم ئۆپەرێتە، پسپۆڕێكی دار، دووژنی مازیكـەر و ڕاوچییەك دەبن.

پاشتر لە ساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ (مەم) بۆ شارۆچكەی (كۆیە) دەگوازرێتـەوە و لـە بـەهاری سـاڵی١٩٥٧ دەچـێتە ڕەوانـدز و تـا سـاڵی ١٩٦٠-١٩٦١ دەگەڕێتـەوە هـەولێر و دەبێتـە (بەڕێوەبەری شارەوانییەكانی هەولێر) و تا ساڵی ١٩٧٧ خانەنشین دەبێت.

سەرەتا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨-١٩٤٧ هەندێك چوارینە شیعر دەنووسێت و پاشان دەست دەکاتە چیرۆك نووسین. یەکەم بەرهەمی پەخشانێك دەبێت کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەناوێکی نهێنی بلاّوی کردۆتەوە. لە پەنجاکاندا دەستی کردووە بەچیرۆك نووسین و بلاّوکردنەوەیان لە گۆڤاری (هیوا، گەلاوێژ، بلێسە، شەفەق، دەفتەری کوردەواری و هەولێر و بەیان و کاروان و هتد..) یەکەم چیرۆکی بەناوی (برسیەتی بەهێزترە) نووسیوە، گەرچی خەڵك وا دەزانن چیرۆکی (پەنجا فلس) یەکەم چیرۆکیەتی کە ئەویش لە ساڵی ١٩٥١ لە ناوچەی (برادۆست) نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩٥٧ لە گۆڤاری (هیوا) دا بلاّوکراوەتەوە. سەرباری ئەوەی کە(مەم) چیرۆکنووس بوو، (مەم) ڕۆژنامەنووسیش بووە، بەلاّم جێی داخە کە تا ئیمڕۆش مافی خۆی نەدراوەتێ. (مەم) سەرنووسەری گۆڤاری (هەولێر) بووە کە شارەوانی (هەولێر) دەری دەکرد بەناوی (خاڵۆی ڕێبوار) نووسینی بلاّو دەکردەوە. لەسەر نووسینێکی (مامۆستا هەژار) کە بەناوی (حەلەق مەلەق) بووە (مەم) گیراوە، بەلاّم بەئەمری بارزانی نەمر بەربووە.

(مەم) ئەندامی (کۆمەڵەی هیوا) بووە و پاشتر ئەندامێکی کاریگەر بووە لە پارتی دیموکراتی کوردستان تا ساڵی ١٩٦٤. دواتر دەستی لە حزبایەتی هەڵگرتووە و خۆی تەرخانکردووە بۆ بەرهەمی ئەدەبی. هەر لەو ساڵەشدا ١٩٦٤ (مەم) ژنی هێناوە. تا لە ژیاندا بووە (مەم) ئەو بەرهەمانەی چاپ کردووە:

١- چیرۆکەکانی مەم، بەرگی یەکەم، ١٩٧٠.

٢- چیرۆکەکانی مەم، بەرگی دووەم ١٩٨٤.

٣- گوڵەبەڕۆژە (کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە) بەهاوکاری خاتوو (ئافەرین)ی هاوسەری نووسیویانە و ساڵی ١٩٨١ چاپکراوە.

٤- نۆڤلێتی (پاییزە خەون) بەغدا ١٩٨٧.

٥- ڕۆمانی (ڕێگا) لە سوید ١٩٩٤ بەیارمەتی کاك ئازاد محەمەد صالح چاپکراوە.

ئەم دەستنووسانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

١- ڕۆمانی (کاروان و سەگوەڕ).

٢- شانۆگەری (پیلان)

٣- شانۆگەری (خاڵۆی ڕێبوار).

ئەوەی شایەنی باسە دوو چیرۆکی (گوڵە بەڕۆژە) لە لەندەن بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی چاپکراون و بەڕێز: ئێدوارد کۆرێل وەری گێڕاوە.



دەرهێنانی هونەری: ڕۆجێر هاننکۆك

نیگارکێشانی: کاتمان گیونەر.

هەروەها ژمارە (دوو)ی (ڕوڤار) کە لە (دەزگای سەردەم) دەرچووە تایبەتە بە (مەم)ی داهێنەر.

لەلایەنی ژیانی تایبەتییەوە ئەگەر لە (مەم) بدوێم دەتوانم بڵێم:

لەبەر ئەوەی (مەم) لە سەر سنوور ژیاوە هەمیشە ترس و گرێی سنوور و لێ پەڕینەوەی لە ناخیدا پەنگیان خواردبۆوە و نائارامییەکی قووڵ و ڕەگاژۆیان لەناخی داکوتا بوو. (مەم) چەند جارێك سەفەری (لەندەن)ی کردووە و هەوای تەماوی ئەوێی زۆر پێ خۆش بووە وەکو هەوای پیرمام. دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکی دژوار (مەم) ڕۆژی پێنج شەممە لە ١٩٨٧/٥/٧ لە سەر چیای (حەمرین)ی سنووری کوردستان دڵی گەورە و فراوانی لە لێدان کەوت و ڕۆحە شیرنەکەی تەسلیم بە خاکی پاکی کوردان کرد و تا نەگەیشتە سەر زوورگەکانی چیای حەمرین گیانی نەسپارد. لەسەر گردی زەیتون لە شەقلاّوە بەخاك سپێررا، ئەو خاکەی کە بۆ ئەو ژیا و بۆ ئەویش مرد.

(مەم) ئەندامی یەکەمین کۆنگرەی (یەکێتی نووسەرانی کورد) بووە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) و سەرۆکی لقی هەولێر بووە.

(مەم) شەش کوڕ و دوو کچی هەن: کوڕەکان: هونەر - سۆران- بۆتان- سیامەند- بڵند و پێشەوان، کچەکان: سۆزان نۆبەرەیە و لەیلاش بچووکەکەیانە. ناونانی ئەو کیژەمان بە (لەیلا) خۆی لە خۆیدا گیانی بەرخودانی (مەم) دەردەخات. کاتێك (لەیلا قاسم) و هەڤاڵەکانی ئیعدام کران، ئێمە کچێکمان بوو، مەم بڕیاری دا بەناوی لەیلا قاسمی بکات هەرچەندەش من وەکو دایکێك ئەوەم پێ خۆش نەبوو، بەلاّم چونکە ئەو کارەساتە (مەم)ی زۆر هەژاندبوو کە چۆن دەبێ ئافرەتێك ئیعدام بکرێت، بۆیە ئەو لەسەر ئەوە مکووڕ بوو ئەم کارەشی بۆ ژیاندنەوەی خەباتی هەمیشە نەپساوەی ئافرەتی کورد بوو.

ئەوە ماوە بۆ مێژوو بیڵێم کە (مەم) هەمیشە بۆ کورد و کوردایەتی تێ دەکۆشا و بەهیچ جۆرێك مساوەمەی دژی میللەتەکەی نەکردووە. کاتێك گوندەکانی کوردستان تێکدرابوون، ئێمە بەهاری ١٩٨٥ بەسەیران چووبووینە ناوچەکانی ناو چیا. هەرکە (مەم) دیمەنی ئەو خانووانەی دیت کە سەرەوژێر کرابوون، هەر ئێوارەی ئەم ڕۆژە ئۆقرەی لێ هەڵگیرا و خوێن ڕشایەوە و هەر بەو نەخۆشیەش سەری نایەوە.

ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم (مەم) چ وەك چیرۆکنووس چ وەك ئەدیب و ڕۆژنامەنووس هیچ حیسابێکی بۆ نەکراوە و حەقی سووتاوە و نازانم لەبەر چی؟!

(مەم) وەکو باوك زۆر زۆر منداڵی خۆش دەویست و هەمیشە منداڵی کوردی دەپەرستن و خەمی بۆی دەخواردن. دەیگوت ئەگەر پێم بڵێن کامیان هەڵدەبژێریت نێوان ئەوەی کە شەقێك لە منداڵێکی کورد بدرێت یان خۆت بمریت، ئەوا من مردنەکە هەڵدەبژێرم و بەهیچ جۆرێك نامەوێ ببینم منداڵ دەچەوسێتەوە. لەبەر ئەوەی نموونە بوو بۆ باوکایەتی، هەمیشە دۆست و هاوکاری هەموو شتی منداڵان بوو و هەرگیز لە ژیانی دا خۆی لە منداڵێك تووڕە نەکردووە زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو ئەگەرچی لە نامەی ماجستێری کاك (طالب) دا لە شوێنێك نووسراوە، مەم زۆر زوو هەڵدەچوو، بەڵام ئەمە وا نییە و نازانم کاك طالب ئەمەی لەکوێ هێناوە.

هەرگیز دیمەنی ڕۆژانی نەورۆزم لەبیر ناچێت. خانووی ئێمە زۆر گەورە بوو، (مەم) هەموو ساڵێك هەرچی دار و باری وشکی ناو باخەکەمان هەبووو کۆی دەکردنەوە بۆ نەورۆز. کە نەورۆز دادەهات ئاگرێکی گەورەی بەو دارانە دەکردەوە و خۆی و منداڵەکان لە دەوری کۆدەبوونەوە و (مەم) سروودی نەورۆزی دەگوت و من و منداڵەکانیش بۆمان دەگێڕاوە، تا درەنگی شەو هەر سروود گوتن بوو بەیانیش هەر دەبوایە بچینە سەیران.

هەروەها (مەم) وەکو منداڵ دایکی خۆی لە دوای خودا و پێغەمبەر دەپەرست. بەڵام ئەو دەیگوت کە باوکم مرد زۆر کەیفم هات و ئەوەندەم نەدەفامی کە باوك مردن زۆر ناخۆشە. من ڕکم لە باوکم دەبۆوە چونکە بەزۆری نوێژی پێ دەکردم. ئەم شیعرەشی لە سەر دایکی داناوە کە ڕێز و خۆشەویستی پیشان دەدات:

هۆ دایکی خۆشەویستم
من هەر تۆ ئەپەرستم
من پەروەردەی دەستی تۆم
ئاواز و هەڵبەستی تۆم
لە سەرما و وەرزی هاوین
لە دەریای تاریکی ژین
شەوت کردۆتەوە ڕۆژ
ڕۆژت کردۆتەوە شەو
بێ خۆراك و بەبێ خەو



تاکو منت پێگەیاند
نەمامی منت ڕواند
ئیتر چۆن هاوار نەکەم
ئەم دێ و ئەو شار نەکەم
پڕ جیهان بچریکێنم
گوێی زەوی بدڕێنم
بڵێم تۆ ئەپەرستم
ئەی دایکی خۆشەویستم

(مەم) مرۆڤێکی هەژار پەرست بوو زۆر هەوڵی دەدا یارمەتیان بدات و هەرکەسێ ڕووی تێ کردبا بەهیچ جۆرێك بەنابەدڵی بەڕێی نەدەکردن.

(مەم) وەکو هاوسەر زۆر ڕێزی لێ دەگرتم ( ٢٣) ساڵ لەگەڵی ژیاوم هیچ ناخۆشییەکم لە (مەم) وەبیر نایێ. داوا لە خودای مەزن دەکەم بەهەشتی پان و بەرین جێگای بێت.

# دەستنووسەکانی مەم و یەك شووشە خوێن؟

فیکرەت عیزەت (پارێزەر)

بیستم مەم نەخۆشە، لەگەڵ سەعدوڵلاّ پەرۆشی شاعیر لەماڵەوە سەردانمان کرد بەلاّم وا دیار بوو نەخۆشییەکەی توند بوو بۆیە بردیان بۆ نەخۆشخانەی رزگاری، دوای دوو سێ رۆژ بیستم پێویستی بە خوێنی جۆری +AB هەیە و جۆری خوێنەکەی منیش هەر (+AB)ە و لام وایە سۆرانی کوڕیشی جۆری خوێنەکەی وا بوو بەلاّم ئەو کاتە لە هەولێر نەبوو، بەیانییەك هەر چەند کارم هەبوو بەلاّم دواخست و خۆم گەیاندە خەستەخانەی رزگاری. لە خوارەوە تەلەفۆنم بۆ مەم کرد کە لە قاتی سەرەوە بوو، هاتە لام و زۆر بەوە دڵشاد بوو کە هاتووم خوێنی پێببەخشم.

چوومە شوێنی خوێن وەرگرتن، فەرمانبەرەکە لەوێ نەبوو، وتیان نیو سەعاتی دیکە دێتەوە، بە مەمم وت تۆ بڕۆ ئیسراحەت بکە. چەند برادەرێکم لە نەخۆشخانە هەبوو لە ژووری -أحصاء- یەکێك لەوان دەستی نووسینی هەبوو و زۆربەی نووسەرەکانی دەناسی کە ناوی کەمال بوو خەڵکی گوندی جەلی زادە بوو، وتی خێرە لێرانەی؟ مەسەلەکەم بۆ باس کرد.. هەر بۆ نوکتە وتم کاك کەمال ئەمە تەلەفۆنی مەکتەبی هاوکاریە و تەلەفۆن بکە و بڵێ جەنابی مەحمود زامدار تۆ کە برای رۆحی مەمی وا لە خەستەخانە کەوتووە و پێویستی بە شووشە خوێنێکی جۆری +AB هەیە، جەنابیشت جۆری خوێنەکەت (+AB)ە، مەبەستم بوو بزانم زامدار دێت یان نا؟

کە کەمال تەلەفۆنی دەکرد من گوێم لێبوو زامدار دەیوت بەسەرچاو؟ بەسەرچاو کاکە هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ ٥٠ ئەدیب دەکەم بگەنە خەستەخانە.

کەمال تەلەفۆنەکەی داخست و پێویستیشی نەدەکرد قسەکان بۆ من بگێڕێتەوە چونکە دەنگی زامدار ئەوەندە بەرز بوو گوێم لێ دەبوو.

دوای دە دەقیقەی دیکە تەلەفۆنمان بۆ کردەوە دیسان زامدار مشەوەش بوو وتی کاکە تەلەفۆنم بۆ زۆر کەس کردووە هەر ئێستا دەگەنە لاتان؟



کاك کەمال وتی: کاکە پێویستمان بە زۆر کەس نییە پێویستمان تەنیابە یەك شووشە خوێنی گروپی +AB کە جەنابت گروپی خوێنەکەت +AB و حاڵەتی مەم زۆر شڕە و فریای کەوە.

ئەمیش گوتی سەرچاو هێندە نابا من لە لاتانم.

من چوومە ژوورەکە و شووشە خوێنەکەم بەخشی و وتم ئەمە بۆ فلاّن کەسە و لە فلاّن نهۆمە و نەخۆشە و وتیان ئێمەش ئاگادارین.

چوومە لای مەم، بە چاوێکی گەشەوە سەیری کردم و وشەی لە دەمەوە نەهاتە دەر، لەو لەحزەیە بۆم بە دیارکەوت مەم کوڕی بنەماڵەیەکی خانەدانە، ئەوەبوو خوداحافیزیم لێکرد و لە دڵی خۆمدا وتم بابچمە مەکتەبی هاوکاری بزانم وەزعی مەحمود زامدار چۆنە.

کە چووم بینیم مەحمود زۆر مشەوەش بوو تەلەفۆنی بۆ چەند کەسێك کردبوو کە مەم نەخۆشە و پێویستی بە خوێنی+AB هەیە، مەبەستیشی لەم تەلەفۆن کردنە ئەوەبوو کە خەڵکانی تریش بەرپرسیار بکات و ئەگەر یەکێك بڵێ من خوێن نادەم زامداریش بڵێ ها کاکە ئەوا فلاّنیش خوێن نادات.

کە زامدار منی بە دەستی پێچراوەوە بینی وتی: ئەی رەحمەت لە بابت ئەو نووسەرە گەورەیەت لە مردن قورتار کرد دەزانی چ کارێکی گەورەیە؟

من بە نیاز بووم بێم بەلاّم من چاوەڕوانی تەلەفۆنێکی دەزگای هاوکاری بووم لە بەغدا بۆم بکرابا دەهاتم و تا ئێستا نەکراوە؟ منیش وتم گیروگرفتەکە هەر ئەوە نییە؟ وتی ئەی چییە. وتم ئەو کابرایە وەزعی زۆر زۆر شڕە و من بوتڵێکم داوە و تۆیش دەبێ بوتڵێك بدەی.

زامدار دەموچاوی تێکچوو وتی تۆ بۆ دەچی خەبەر لە من دەدەی؟ دەڵێی زامدار خوێنی (+AB)ە. وتم کاکە ئەی کێ خەبەری لە مندا؟ وتی: کێ؟ وتم اسماعیل بەرزنجی وتوویەتی زامدار و فکرەت جۆری خوێنیشیان (+AB)ە، وتی وەی بابە ئەو هەتیوە جۆری خوێنیشمان دەزانێ.

لەو کاتەدا دڵشاد عبدالله و ئازاد مەولود هاتن وەکو بڵێی زامدار تەلەفۆنی بۆ کردبن، زامدار مەسەلەکەی بۆ باسکردن. دڵشاد پڕ بە دڵ وتی من یەك شووشە خوێن نادەم بە باوکم. زامدار وتی: ها کاکە ئەی بۆ من خوێن بدەم؟ ئازاد مەولود چاوێکی لە من قووچاند بە گاڵتەوە زانی زامدار ئامادە نییە خوێن بدات و هەر شت وەردەگرێت و بەلاّم شت نادات، ئازاد وتی یەعنی چی مەم بمرێ یان نەمرێ، چەندان کورد ئەنفال کراون، چەندەها منداڵی کورد کوژران، مەم بەو عومرە گەر مرد چی دەبێ؟ مەحمود لە خۆشیانا وتی: ئەی رەحمەت لە دایك و باوکت... کاکە سارتەر... کامۆ.. بیکیت مردوون.. مەمیش دەمرێ....

ئەگەر مرد چ بوو یەعنی چی نەمریێ و بە مردنی ئەو چ دەقەومیێ؟

وتم: زامدار چیتر سەغڵەت مەبە، شووشە خوێنەکەی من بەس بوو. وتی: ئیێ کاکە ئەی بۆ وا لە من دەکەی؟ وتم ئاخر تۆ بەم نەوعە جوانی!!!.

وابوو مەم کۆچی دوایی کرد، وردە وردە باس لە سازدانی چڵلەی ماتەمینی بۆ دەکرا، خەڵکانێکی زۆر ئامادە بوون لەو چڵلەیەدا وتار بخوێننەوە چونکە بە راستی لای نووسەران پایەیەکی گەورەی هەبوو، زامداریش چۆن وتار نەخوێنێتەوە؟

کاتێکمان زانی چڵلە سازدرا و خاتوو ئافەرینی هاوسەری مەم لە وتارەکەیدا سوپاسی ئەوانەی کرد کە بە مەمەوە ماندووبوون بە تایبەتی ئەو کەسانەی خوێنیان بە مەم بەخشی. کە نۆرەی زامدار هات بۆ وتار خوێندنەوە خەڵکانێکی زۆر لەبەرپرسی گەورەی ئەو کات وەك ئەمین عامی رۆشنبیری ئامادە بوون. باشە زامدار چۆن نەیرازێنێتەوە، زامدار هاواری کرد هۆ خاڵۆی رێبوار.. وەکو ئەوەی برای پشتی مردبێت، وەکو بڵێی دوای مەم دنیای کاول بووە، نەیدەتوانی مەسەلەی خوێنەکە باس نەکات، بەڵام چۆن؟ شێرێك لەویێ و رێویێیەك لەویێ سەری لە خەڵکەکە تێکدا و لە نێوان خۆی و مندا ئەوەندە باسی خوێنەکەی هێنا و برد تا خەڵکەکە سەریان لیێ تێکچوو نەیانزانی ئاخۆ من خوێنەکەم داوە یان زامدار؟

کە هاتینە دەرەوە مامۆستا سەعید یەحیای خۆشەویستمان بە سەرسامییەوە بە کاك ئیسماعیل بەرزنجی وت کە لە مەمەوە زۆر نزیك بوو.

- ئەریێ فیکرەت خوێنەکەی دا یان مەحمود؟

کە کوڕەو دەستی پێکرد، دوای سیێ رۆژ بارودۆخ تۆزێك هێور بۆوە، ئەو خەڵکانەی دەور و پشتی شار وردە وردە دەگەڕانەوە، منیش منداڵەکانم بە ئامانەت لای ماڵێك لە خەلیفان دانا، هاتمە شار و سەردانی ماڵی چەند برادەرێکم کرد بۆ دڵنیابوون: لەمانە ماڵی عەبدولغەنی عەلی یەحیا و تاریق جەمباز و بورهان ئیبراهیم و سەید مەولود، لە پێشی هەموویان چوومە ماڵی مەم، بینیم دەرگای هۆڵەکەیان شکاوە و دوو حەرەس جمهوری لەویێ بوون، تازە تووش بووم، سلاۆم لێکردن، وتیان بۆ هاتووی بۆ ئەم ماڵە؟ وتم ئەمە ماڵی پوورمە، وتیان پیاوەکەی چ کارەیە؟ وتم: نووسەرە و مردووە. وتیان: ئەی ئەم هەموو گوللە و فیشەکە چییە؟ کە ئاوڕم دایەوە بینیم ئەو ناوە پڕە لە فیشەك و قەوان و وەکو بڵێی شوێنی مقاومە بوو‌بیێ! وتم: ئەو ماڵە منداڵیان هەیە، منداڵیش فیشەك و گوللەی پیێ شتێکی سەیرە، منداڵم دیوە دەیان خوزەی عەسکەری کۆکردۆتەوە، وەزعەکە وابوو جادە و کۆڵان پڕ بووبوون لە فیشەك. وتیان: باشە، وردە وردە گەڕان دوو مەخزەنی کلاشینکۆفیان لە بن مافوورێك دۆزییەوە، دیسان مەسەلەکەم بردەوە سەر منداڵان، باش بوو کلاشینکۆفیان نەدۆزیەوە، چونکە ئەمریان بە دەست بوو هەر لەویێ ئیعدامم بکەن، من موجامەلەم کردن و وتم ئێوەش خاوەن ماڵ و منداڵن و ئینشاڵڵا بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە. هەستم کرد سۆزیان جوولا، وتیان وەڵڵا کاکە ئێمەیان یەکسەر لە کوێتەوە هێناوە بۆ ئێرە و چەند مانگێکە کەسوکاری خۆمان نەبینیوە. دەشزانی لە خوارەوە چ هەڵڵایە. وتم: وەزعی گەلی عێراق هەمووی وایە و دەبیێ یارمەتی یەکتر بدەین، جگەرەیان دامیێ و هەندیێ قسەی خۆشم بۆ کردن.

پێش ئەوەی بڕۆن وتیان ئێمە دەرگامان شکاندووە بەڵام ئاگادار بە، بە ژوورەکاندا گەڕام، لە ژووری سەرەوە کیسەیەکم بینی هەمووی دەستنووسەکانی مەم بوو. ئەمەم بە لاوە لە هەموو شتیێ گرنگتر بوو، کە هاتمە دەرەوە لەبەردەم وەزارەتی زراعە تووشی کاك عەبدوڵلا کانی مارانی پارێزەر بووم کە برادەرێکی زۆر نزیکی مەم بوو، وتی ئەمە چییە بە دەستتەوەیە، مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی رەحمەت لە دایك و باوکت ئەم دەستنووسانە لە هەموو شتێك گرنگترن. دەستنووسەکانم لە ماڵەوە دانا و دوای ئەوەی خاتوو ئافەرین و منداڵەکانی گەڕانەوە تەسلیمم کردنەوە.

# "مەم" و چەند وێستگەیەك

**مەحمود زامدار**

* حوزەیرانی - ١٩٦٠- پایسكیلەكەم بە جەگەكەی راگرتبوو، لەگەڵ دووبرادەری مێرمنداڵی وەك خۆم تەماشای ئاوی (كەسك و سوور) و خەڵكی ئاڵووای ئەو درەنگە ئێوارەیە دەكرد.. لە نكاو خۆی و خاڵە تایەر تۆفیق پەیدابوون، بە (وێنە)ی ناو رۆژنامە و گۆڤاران هەردووكم ناسینەوە، بزۆز بووم لێیان چوومە پێش و جاریێ بە خاڵۆی رێبوارم گوت: تۆ ماموستا (٥٠) فلس نیت؟.. دەستی بەسەر سەرم داهێنا و پێكەنی: بەڵێ من ئەو (٥٠) فلسەم ئەی تۆ كێی..؟ خۆم پێیانناساند، دەرچوو خاڵۆ و خاڵە هەردووكیان برادەری (بێبەش)ی برام بوون.. ئەو ناسینەبووە سەرەتا و رۆژ دوای رۆژیش قوولتر دەبوو.. كە جار جارە دەهاتە لای بێبەشی برام بە دووی دەناردم. ئەو ساتانە شیعرم دەنووسی، بەڵام ئەو هانی دەدام روو لە (شیعری ئازاد) بكەم و بنووسم..!

(١٩٦٦-١٩٦٧)

* خوێندنی هەولێرم تەواو كرد و لە زانستگەی بەغدا گیرسامەوە، گۆشەیەكی ئەدەبی و رۆشنبیریمان لەقاوەخانەی (پەرلەمان)ی حەیدەرخانەی شەقامی رەشید دامەزراندبوو، ببووە مەكۆی ئەدەبدۆست و یاران.. (مەم) كە دەهاتە بەغدا سەری لێدەداین و جارجارەش بەشەوان دەعوەتیشی دەكردین.

* ١٩٦٨- تەمووز- بەغدا- گەڕەكی كەسرەو ژوورێكی تەنگەبەر و شڕە پانكەیەكی زەوی.. لەسەر داوای خاڵۆ و پێشنیازی ماموستام د. خەزنەدار، كەوتمە ویزەی نووسینەوەی چیرۆكەكانی و بە ماوەیەكی كەم ئامادەم كرد و لە پێشەكی چاپەكەیدا سوپاسیشم كرا.. نامە و نامەگۆڕینەوەش لەوێ بوەستێ.

* ١٩٦٨- پیرەپایزبوو، نیوەڕۆیەك لەگەڵ د. خەزنەدار چووینە ماڵیان.. نانخوراو لە پاشا چەندین كتێب و نامیلكە لە كتێبخانەكەی هەڵبژێردرا، ماوەی دوو سەعاتێك ماینەوە و



بەشێكی من و بەشێكی ماموستام لە نێو توورەگەیەك هەڵمان گرت و بەرەو ماڵی كاك عومەر لە سەیداوە بۆی دەرچووین.

* ١٩٧٠- لەسەر داوای برادەرانی مەكتەبی سكرتاریەتی یەكیەتی قوتابیانی كوردستان و لەڕێی سەیدا ساڵح یوسفی، خەریك بووم لە رۆژنامەی (هاوكاری) دامەزرێم، ئەو لە بەغدا بوو، كە پێم راگەیاند زۆر هانی دام واز لە پەروەردە و ماموستایەتی بێنم و ببمە رۆژنامەنووس.. بووم.. كە گەڕاوە هەولێر، چەند ژمارەیەكی گۆڤاری هەولێری بۆ ناردم تا لە رۆژنامە و رادیۆی كوردیدا باسی بكەم.. كردم.. پەیتا پەیتاش نووسین و چیرۆكی بۆ دەناردم، تا لێرەو لەوێ بلاوی بكەمەوە.. كردم..!

* ١٩٨٧- نەخۆش كەوت، لە نەخۆشخانە پێویستی بە خوێن بوو، گروپی خوێنی من (A+) بوو، لەگەڵ خوێنی ئەو نەدەبوڕا، دەنا دەمدا.. بەتەلەفۆن و بەدەم داوام لە (٢٠) نووسەر و هونەرمەند كرد، هەندێكی نەیاندا، هەندێكی خوێنیان بۆ ئەو نەدەشیا.. تەنیا یەكێك خوێنی پێدا.. من لە بنجدا پێم وابوو، خوێنی ئەو، لە گروپی خوێنی (ستاندال و بلزاك و هۆگۆ و كێخەف و گۆركی و دیستۆیڤسكی)یە و هەموو خوێنێكی بۆ نابێ و جەستەی داهێزراوی پەسەندی ناكا.. خۆگەر خوێنی ئەو جۆرە كەڵەنووسەرانەی پێ بگەیشتایە، رزگار دەبوو، راپەڕین و پەرلەمان و حكومەتی كوردستان خەون و ئاواتیشی دەدی..!

* ١٩٨٨- بەرپرسی دەزگای هاوكاری بووم لە هەولێر.. لەگەڵ سمكۆ بەرزنجی شاعیر مشووری ساڵرۆژی خاڵۆمان خوارد.. داوام لە چەندین و چەند شاعیر و نووسەر و هونەرمەند كرد، تا لەم ساڵیادە لەگەڵم بەشداری بكەن- كردیان و لە رۆژانی (٢٣-٢٤-٤-١٩٨٨) لەهۆڵی گەل سیمینارەكە سازدرا و ئەم برایانە بەشدارییان تێداكرد: (سمكۆی بەرزنجی- سەعدوڵلا پەرۆش - قەشە فرەنسیس- عەزیز سەلیم- كەریم شارەزا- ئازاد حەمەشەریف- سابیر رەشید- عەبدوڵلای جندی- ئیسماعیل حەمەمین) حەمە عەلی خانی هونەرمەندیش- وەك ئامادەكەر و دەرهێنەر لەگەڵ دەستەیەك هونەرمەندی تر: (ئیسماعیل عەبدولوەهاب- سیروان عوسمان- ئیسماعیل قادر- خەتاب حامد- زیاد ئەسعەد- بەكر بورهان) نمایشێكی جوانی (پایزە خەون)ی خاڵۆیان پێشكەش كرد.. سەردار سنجاوی هونەرمەندیش پۆستەری ئەو ساڵرۆژەی كێشا، دارا حەمە عەلی هونەرمەندیش تابلۆی (مەم)ی پێشكەش كردین.. ئازاد حەمەاویش بە ڤیدیۆ و لوقمان

بەرزنجی هونەرمەندیش بۆ تەلەفزیۆن رووداوی سمینارەکەیان تۆمارکرد (سۆران و بۆتان) پەردەیان لەسەر تابلۆکەی باوکیان لادا... خاتوو ئافەرینش گوتاری بنەماڵەی خوێندەوە.. منیش وەك کۆڕگێڕ، لەسەرەتای کردنەوەی سیمینارادا لە کورتە گوتارێکمدا گوتم: "ئەمڕۆ یادی ساڵڕۆژی کەڵە نووسەرێکی گەورەی ئەم گەلە مەزنە و سەمەندەراسایەی ئێمەیە.. یادی جیهانێکی بەرفراوانی خۆشەویستی و مرۆڤخوازی و نیشتمانپەروەری و پاشەڕۆژی رووناکی نووسەرێکی خەمخۆری ئەم کوردەیە، یادی محەمەد مەمی نەمرە، مەمی مامۆستا و برا و رابەر.. تاد".. ئەمەو ئامانج غازی هونەرمەندیش پارچە مۆسیقای (دەنگارە)ی پێشکەشی جاویدانی خاڵۆی کرد.. هەروا کاك شێخ محی الدین زینۆی لەگەڵ یەکێك ناویم لەبیر نەماوە- بۆ هەندێ کاروباری هونەری یارمەتییان داین.

* دوای چەند مانگێکی هەر ئەو ساڵەی مەرگی مەم لەگەڵ برایان: (ئامانج غازی- سابیر رەشید- زرار سەرتاش) لەگردی زەیتوونی سەرمەیدانی شەقلاوە، چووینە سەر مەزاری پڕ لە ژان و ئەڤینی خاڵۆ.. لەپاشا بە ماوەیەك لەگەڵ برا و مامۆستایان، هەر بۆ یادی وەفاداری: (د. مارف خەزنەدار- ئازاد عبدولواحید- بورهان ئیبراهیم - سمکۆی بەرزنجی- ف- عیزەت) هەمدیس لە هەمان گرد و شوێن، سەردانی مەزاری خاڵۆمان کردەوە..!

* لە ساڵی -٢٠٠٠-یشدا هەزاران چەپکە شلێرەی چیای سەفین بۆ سەر گۆڕی (مەم)ی چیرۆك و تەنز و رۆژنامە و رۆماننووس..!

# بسڕێنەوە هێڵە وەهمییەکان.. بڕووخێنن سنوورە دەستکردەکان لە (هەژار)ەوە بۆ (مەم)

**ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی**

هەردووکیان.. بەڵێ هەردووکیان کوڕی یەك شاخ و دۆڵ و نزار بوون، یەك دایك فرچکی دابوون. لە تاقە سەرچاوەیەك پێکی کوردایەتییان نۆشیبوو. بەیەکەوە سروودی ڕاپەڕین و ڕزگاریان چڕیبوو.. کەچی هێڵە وەهمییەکان.. سنوورە دەستکردەکان لێکی کردبوون. یەکیان کەوتبووە ئەو دیوە و ئەویتریشیان لەم دیو.

بەلاَم کەینێ ئەو دووانە لە بەربەست و ئاستەنگ سڵەمینەوە؟ یەکەمیان.. واتە (هەژار) فەقیری هەمیشە دەوڵەمەند.. هەر زوو بازێکی گەورەی دا.. بەسەر تەلبەند و سیمەکاندا کەوت. دووەمیشیان "مەم"ی هەمیشە ئاشق و وێڵ تا دوا ساتی ژیانی هەر بەدوای ئەو مژدە دڵخۆشکەرەدا وێڵ بوو کە پێی بڵێن.. سنوور نەما.. کوردستانی پارچە پارچەکراو وا یەکی گرتەوە.. بەلاَم بەئاخەوە.. هەردووکیان چاوی بێ مرادیان لێك نا و ئەو ڕۆژە خۆشەیان نەبینی.

ئەمڕۆش.. لە کوردستانی خوێن و ڕاپەڕیندا.. هەر هەمووومان چاو لە مۆڵەق چاوەڕوانی ئەو ساتەین کە پشوویەکی شادی تێدا بدەین. ئەگەر خۆشمان نا نەوەکانمان وەکو چۆن گەنجانی برلین دیوارە تەلیسماوییەکەیان رووخاند... ئەوانیش وا هێڵە وەهمییەکان بسڕنەوە و سنوورە دەستکردەکان بڕووخێنن. بەڵێ ئا لەم ساتەشدا کە خەریکە هەوای ئازادی بەردەم و کەپومان دەکەوێت.. با یەکێك لەم نامانە بە سەربکەینەوە کە (هەژار)ی زیندوو بۆ "مەم"ی نەمری ناردووە(١):

**کاکی خۆم باوکی هونەر و غایب. سەلام و کەلامێکی زۆرت پێشکەش بێت.**

**زۆرم لە باس و خواسی دڵداران خوێندۆتەوە لە سۆز و شێواویان لە گریان و شیوەنیان و لە دڵگەرمی و سەرگەرمیان بەدڵبەرەوە. تەنانەت بیستوومە جارێك لە خوالێخۆشبوو(قەیسی عامری)یان پرسیوە ئاخر تۆش مەلایەکی چاکی باوەڕت وایە کە**



**خەلافەتی موسوڵمانان مافی ئەبوبەکر بوو یان مافی ئیمام عەلی! گوتی: ئەگەر لەهەق و هەقانەت دەپرسن دەبوو لەیلا ببێتە خەلیفە بەلاَم ناهەقیان لێ کرد.. واتا من زانیومە عاشق هیچ شتیان لەبیر نەماوە مەعشوق نەبێ.. بەلاَم تا لە دووری و پێك نەگەیشتن دابوون. وەختێك فریشتەی وەسڵیان بۆ گەیشتووە ئەو کەف و کوڵی دەروێشیی و جەزبەیە نیشتۆتەوە.. کەچی تۆ بەڵێ بەناشوکری ناڵێم تۆ خەیاڵت هەیە وەك هیچ کەس نەکەی. دەتەوێ هەموو کەس لەبیر خۆت بەریەوە ڕۆژێك تووشی پیاوێکی دوو میتر و نیوی بووم زوو بەگەرمی بەخێری هێنام و بەوردی باس و خواسی لێ پرسیم. پاشان گوتی ڕەنگە نەم ناسی من سەردارم.. ئای یاخوا بەخێر بێی.. سەرداری سەرگۆشت و ئێسك گیان، دەی خەبەری کاکە مەمی بێ سەروشوێن چییە. جا ئێستا بەگەیشتنی ئەو کاخەزە ئەگەر لایەکی سەرت لە دوکانی برایم بەربەری خەزووری سابیر تاشیوە لایەکەی دیکە رابگرە و نامەیەکم بۆ بنووسە بزانم چۆن و چیت کردووە و چ دەکەی. کاکە گیان وا دیارە تەکبیر و تەغدیر یەکتریان نەگرتەوە من دوکانم دانا پێم وابوو بەشی منی لێ پەیدا دەبێ. تا ئێستا چی لێ پەیدا نەبووە. گوتم کارێك بۆ خۆم پەیدا دەکەم. لە هەزار دەرکم دا کەس نەیگوت کێیە. وا ئێستا تەواو نزیکە بێ خەرجی هەڵم چۆقێنێ.**

**زۆر عەرزی سەلام و ئیحتیرام بۆ مامۆستا گیو. با چ توورە نەبێ بەوردی مەم و زینەکەی من بخوێنێتەوە زۆر کەلیمەی وای تێدایە بەکەڵکی قامووسەکەی ئەو دێت.**

**عەبدولقادر ئەحمەد و تاهیر تۆفیقیش سەلامیان لێ دەکەم.**

**ئیتر خۆشی و سەربەرزیت داوا دەکەم و هەر بژی بۆ برای هەژارت.**

**هەژار**

**١٩٦٥/١/٣١**

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (مەم) ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩١ دا بڵاوکراوەتەوە.**

# (مەم)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسیش ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بوو

**تاریق جامباز**

بەهرەمەنـدی و لێهـاتوویی مامۆسـتا (محەمـەد مـەولود - مـەم) لـە بـواری ڕۆمـان و چیرۆکنووسیدا، لە هزر و بیری خەمخۆرانی ڕەسـەنی کـوردی شـوێنی خـۆی کردۆتـەوە، چـونکە هەوێنی بەرهەمەکانی ناخ و دەروون و کانگای خودی خۆی و کۆمەڵەکەی و هزر و بـیری تیـژ و ورد و قووڵی مرۆڤێکی خامە ڕەنگین و سەنگینی مەزن و بەرزە، بۆیە بەرهەمـەکانی چـاوبڕکێ لەگەڵ عاشقانی زمانی کوردی دەکەن و هەرچـەند لـە بـارەی ئـەم مامۆسـتایە بنووسـرێتەوە، هێشتا ناتوانێ مافی هەموو لایەنـەکانی گەنجینـەی تـەژی لـە بڕشـتی بـدرێتێ و لەسـەردانی ئەندامانی حزبی هیوا جارێکیان ناوی مامۆستا (مەم)(١) هێنرا. کـە ئەنـدامێکی ئـەم حزبـە بووە و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ئەنـدامێکی تـر خانووێکیـان بـۆ گرتـوون (بـۆ ڕێکخسـتن و کۆبوونەوەکانی حزبی هیوا) و کە ڕۆمانی (ڕێگا)م خوێندەوە ئەوا پتر و فراوانتر بەشـداری مـەم لەکاری سیاسیم بۆ دەرکـەوت. کـە نـەك تـەنیا بەنووسـین بـەڵکو بـەکردەوەش بەشـدارییەکی بەرچاوی لەنێو حزبی هیوادا هەبووە. بەڕاشکاوی لەم چەند دێڕە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە مـەم باسی ئەندام بوون و ناوی بەشداربووان و ئەوەی کۆبوونەوەی پێ دەکردن (کاك نافیع (٢)... لـە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵە... باسی سیاسەت و ئابووری وڵاتەکانی ئەو دنیایەی بـۆ دەکـردین) و ئەم قۆناغە لە ژیانی مەم بەتەواوی ڕەنگی لە (ڕێگا) و بەرهەمەکانی تـر داوەتـەوە و مـۆرکی نەتەوایەتی لە بەرهەمەکانی ئاشکرا و ڕوونن. بۆیە مایەی شانازی و سەرفرازین کە مەمی بوێر و ناسك و بیرتیژ و قووڵ و ورد توانیویەتی (وشە و کردەوەی) یەك بگرێتـەوە و شاکارەکانیـشی شایەتی بۆ دەدەن و بەمەبەستی زانینی لایەنی سیاسی لە حزبی هیوادا بەپێویـست زانـرا ئـەم چەند وشەیە بنووسرێتەوە.



**مەم ناوی نهێنی مامۆستا (محەمەد مەولود) لە حزبی هیوادا**

هەر ئەندامێکی حزبی هیوا ناوێکی نهێنی بۆ دادەنرا، کە پێوەندی بەبنەماڵە و عەشـیرەت و ناوچە و ئۆڵ نەبوو، بەڵکو بەنەتەوە و خاك و زمان هەبوو، سەرەڕای ئەو دوو ڕایـەی کـە لـە بارەی نازناوی مامۆستا هەن کە یەکەمینیان بەدوو میم ناوی (محەمـەد مـەولود) پەیوەسـتە و هی دووەمینیشیان بۆ گەنجینەی نەتەوایەتیمان شاکاری مەزن و بەرز (مـەمی ئـالان - مـەم و زین) دەگەڕێتەوە، بەڵام پاش خوێندنەوەی ڕۆمانی (ڕێگا) باشتر و چـاکتر بـۆم ڕوون و ئاشـکرا بۆوە کە نازناوی (مەم)ی حزبی هیوا بۆ ماوەتەوە و هـەر بـەو نـاوەش ناوبـانگی دەرکـردووە، چونکە ئەندامانی تری لە حزبی هیواش، هەر بەناو نهێنی حزبی هیوا بەناوەکـەیان لکێنـراوە و هەر بەو ناویش ناسراون و نازناوی بنەماڵەو عەشـیرەت و ناوچـە و ئۆڵیـان هەڵنـەگرتووە، وەك (بەڕێزان ئیحسان شێرزاد و ئەنوەر دڵسۆز و جەلیل وشیار و...تاد

لە بارەی ناوهێنانی مامۆستا (مەم) کە ئەنـدامێکی حزبـی هیوایـە ئـاوا ڕێـزدار حـاجی حەیدەر عوسمان لەم بارەوە دەفەرموێ (پاش ماوەیەکی تر خانوویەکمان بـۆ ڕێکخسـتن گـرت و دوو ئەندامی حزبی هیوا لە خانووەکەدا دەژیان (محەمەد ئەفەندی عوسمان) و (محەمـەد مـەولود - مەم) هەردووکیان خەڵکی شەقڵاوە بوون و کۆبوونەوەکانمان لەوێ دەکرد)(٣).

مامۆستا مەم - یش هەمان زانیاری لە ڕۆمانی (ڕێگـا) بـاس کـردووە (بـەهاری پـار لـە هەولێر دەمخوێند لەگەڵ هەواڵێکی قوتابخانەم، لە گەڕەکی تەیراوە. لە خانوویێك دەژیـاین) (٤) هەردوو قسە تێك دەکاتەوە دەیسەلمێنێ کە پێکەوە دەژیان لەگەڕەکی تەیراوە لە هەولێر بووە و لە شـاکاری (ڕێگـا) مامۆسـتا زیرەکانـە و بەهرەمەندانـە بیرەوەرییـەکانی تێهەڵکێـشی ئـەم ڕۆمانەی کردووە و ئەوەی مەبەستی ئێمەیە بەشداری مامۆستایە لە حزبی هیوادا و تێیـدا زۆر بەوردی دەستنیشانی شوێنی کۆبوونەوەکانی حزبی هیوای لە شەقڵاوە کـردووە (کۆمەڵەکـەمان هەر هەفتەی جارێك یـان ئەگـەر هـەواڵ و دەنگوباسـێکی تایبـەتی دەگەیـشت، یەکـسەر لـە ئەشکەوتە سەختەکەی سووڕەحمان یان لەسەر گردی باویان... یان لە گەرووی حەسـارێ... یـان لەناو چەمە چڕەکەی زێوەر... کۆدەبووەوە... لە دەنگوباسی دیاری ئەم سەردەمە دەدواین.

- ڕۆژێك کۆمەڵەکەمان لە ئەشکەوتی سووڕەحمان لەناو قەدی سەفین یەکتری دەگرتەوە(٥).

لە بارەی بەرپرسی ڕێکخستنی حزبی هیوا لە شەقڵاوەدا دەفەرموێ (کاکل.. کە هەڤاڵێکی لە ئێمە بەتەمەنتر بوو... لە قوتابخانەش لـە پۆلـەکانی سـەرەوە بـوو، کاروبـاری ڕێکخـستنی کۆمەڵە بەو سپێردرابوو)(٦).

لەبەر ئەوەی خوێندنی قۆناغی ناوەندی ئەوسا لە شەقلاوە نەبوو. بۆیە پاش تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی ئەوا نەك تەنیا لە شەقلاوە و بەناو لە کۆیە و ڕواندزیش ڕوویان لە هەولێر دەکرد. تا خوێندن تەواو بکەن. مامۆستا (مەم) لەم بارەوە دەڵێ (قوتابییە لادێیەکان ئەوانەی بۆ خوێندن هاتبوونە شار (هەولێر) یەکتریان دەدیت و پێکەوە سەعیمان دەکرد)(٧).

مەمی مامۆستا بڕوایەکی بەتینی بەڕێکخستنی هیوا هەبووە، بۆیە دەڵێ (ئەو دەرسانەی لە کۆمەڵە... کاك نافیع و... ڕەسووڵ بیستووم و فێریان ببووم. بەبێ یەك و دوو بڕوایم پێیان هێنابوو)(٨).

دیارە مامۆستا پاش ئەوەی هاتۆتە هەولێر، ئینجا چۆتە نێو ڕێکخستنی حزبی هیوا، بەڵام ئەو بەکۆمەڵە ناوی دەبات ئەمەیش شتێکی ئاساییە، چونکە لە زۆر ئەندامانی حزبی هیوا لەوانەی سەردانم کرد و چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون وشەی (حزب) و (کۆمەڵە)یان بۆ حزبی هیوا بەکارهێناوە (منیش ئیمڕۆکە... تەنیا ئیمڕۆ پاش ئەوەی چوومە شار بۆ خوێندن، لە شاردا تێکەڵ بەژیانێکی جەنجاڵی بووم. لەگەڵ کۆمەڵێکی فراوانتر لێك خشام. چوومە ناو ئەم کۆمەلانە و.. لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی هیوا بەشداریم کرد. لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵە و لەو کتێبانەی ئامۆژگاری دەکراین بیانخوێنینەوە، کاك نافیع لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵە... باسی سیاسەت و ئابووری ئەم دنیایەی بۆ دەکردین)(٩).

(پاسەکە... نزیکەی بیست کەسێکی لە خۆی بارکردبوو. زۆربەی زۆریان دراوسێ و خزمی ئاوایی بوون، لەوانە چەند کەسێکیان هەر هاوڕێ و برادەری قوتابخانەم بوون وەکو سمایل و میرزا حەبیب و حەمە خێل و تۆما و مەهدی و یوسف... ئەمانە جگە لە هاوڕێیەتی قوتابخانە هەروەها ئەندامیش بوون لە کۆمەڵە نیشتمانییەکەی... پێش دوو ساڵ... وەکو لقێکی هیوا... لە گوندێکمان هێنابوو)(١٠).

(کاکل-ی هاوڕێمان دەیگوت: لەسەر هەموو لاوێکی کورد.. پێویستە بچێتە پاڵ شۆڕشەکەی (شێخ مەحمود) و بەرگری و پارێزگاری لە مافی خوراوی نەتەوەیی بکا...!

کاکل... کە هەڤاڵێکی لە ئێمە بەتەمەنتر بوو... لە قوتابخانەش لە پۆلەکانی سەرەوەی ئێمە بوو.. کاروباری ڕێکخستنی کۆمەڵە بەو سپێردرابوو... کە لە کۆبوونەوەدا ئەو بانگەی ڕاهێشت، عەولا و هەردوو هەڤاڵەکانی دیکەمان بڕیاریاندا بچنە پاڵ شۆڕشەکە و گیانیان لە ڕێگای نیشتمان ببەخشن)(١١).



(میرزا حەبیب.. پاش گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەدا دەیگوت. کە خەبەری بەدواهاتنی کەسوکارمان پێ گەیشت - خێلە - قەڵەمی شکان... زوو خۆی ئاشکرا کرد)(١٢)...

(یەکسەر بیرم دەچووەوە لای کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی هیوا!!.. لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکرایەوە کە چۆن ئینگلیزەکان ولاتیان خستە ژێر پێی خۆیان)(١٣).

(کاك نافیع لەو کۆبوونەوانەدا... باسی ئەو کارەساتانەی بۆ دەکردین و شی دەکردنەوە کە ئەو دوژمنە داگیرکەرە بەسەر ولاتی هێنا).

(ئەم شتانەمان لە کۆمەڵە بۆ باس دەکران و شی دەکرانەوە. کە گوێشم لە قسەکانی مام زانەوێر دەبوو... پێم سەیر بوو کە خەڵکی سادەی وەکو مام زانەوێر و مام هەیدەریش... بەچەشنێك لە چۆنییەتی ئەم مەسەلەیە دەگەن، بەچەشنێك لە مەسەلەکە دەدوان کە لەگەڵ تێگەیشتن و تاقیکردنەوە بارستی هوشیاری خۆیان دەگونجا).

(کاك نافیع دەیگوت: ئەو چیا سەر بڵندانەش... دەیان قەوماو... و... کارەساتی میللەتەکەی ئێمەیان لەسەر ڕوو هەڵکەندراوە و بوون بەسوپەری تیری ڕۆژگار و پەنای ئازا و لێ قەوماوەکان) دەیگوت (هەتا هەتایێ شۆڕشگێڕ و قارەمان... لە باوەشی ئەو چیایانەدا... لە پێناو حەق و دژی دوژمنانی ئازادی میللەتان... تێ دەکۆشن و ململانێ دەکەن)...

## پەراوێز

١- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ڕێزدار حاجی حەیدەر عوسمان لە ساڵی ١٩٩٧.

٢- کاك نافیع یونس کەسایەتییەکی دیار و جێ پەنجەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و عیراق هەبووە.

(٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢) لە ڕۆمانی (ڕێگا) وەرگیراوە لە هەردوو چاپی سوێد و کوردستاندا.

* نەمتوانی زانیاری پتر لە بارەی (کاکل) و (ڕەسوول) بەدەست بهێنم.



## سەرچاوە:

١- گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژ١ ئابی ١٩٩٧، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حاجی حەیدەر عوسمان ١٩٩٧.

٢- ڕۆمانی (ڕێگا)ی مامۆستا مەم سوود لە هەردوو چاپی یەکەم کە لە سوێد ١٩٩٤ و دووەم کە لە کوردستان ٢٠٠١ لە دەزگای ئاراس چاپکراوە، وەرگیراوە.

---

**تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ٥٩ی مایسی ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە.**

# محەمەد مەولود (مەم)ی کاریکاتێرنووس

**کەریم شارەزا**

محەمەد مەولود مەم (١٩٢٧-١٩٨٧) تەنیا هەر چیرۆکنووسێکی لێهاتووی کورد نەبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەگەر و کاریکاتێر نووسێکی باشیش بوو، لەوە گەیشتبوو کە نووسینی کاریکاتێری هونەرێکی خۆش و لەبارە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و، (ئەرکی سەرەکی ئەو هونەرە نوێیەش ڕەخنە و ڕەخنەی تاڵی نوکتە ئامێزە!!)[1] هەیە ئەم هونەرە بەوێنەکێشان جێبەجێ دەکاتن و هەیشە بەنووسینی پتەو بەهێز بەئەنجامی دەگەینێ، مەم جۆری دووەمی هەڵبژاردبوو، گەلێ لەو ڕایەدابوو کە وەکو پێشینان گوتوویانە:

"ئیش چەند بەخۆشی دەکرێ، دوو ئەوەندە بەناخۆشی"[2] کەواتە وا باشە لە جیاتی ئەوەی هەموو جارێك بەخۆشی و پاڕانەوە داوای کارێك بکەی، با هەندێ جاریش بەڕەخنەی توند و تیژ داوای جێبەجێکردنی ئەو پێویستییەت بکەی تاکو بۆت بێتە دی.

مەم لە ساڵی ١٩٧٠دا وەك ڕۆژنامە نووسێکی خامە توندوتیژ هاتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە بوو بەسەرەکی نووسینی گۆڤاری (هەولێر) کە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی لە مانگی ئایاری ١٩٧٠وە تاکو حوزەیرانی ساڵی١٩٧٢ بەزمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەری دەکرد و لەو ماوەیەدا دوازدە ژمارە و پاشکۆیەکی لێدەرچوو، گۆڤارەکە گرنگی بەزمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی دەدا و ئەرك و خزمەتگوزاریی شارەوانی بۆ خەڵکەکە دەربڕێ و پێویستیی سەرشانی هاووڵاتیانی بەرانبەر بەشاری هەولێر و پێشخستنی دەستنیشان دەکرد.

مەمی ڕۆژنامەنووس جگە لە وتاری ژمارە کە هەموو جارێ لە بارەی ڕێبازی گۆڤارەکە و ڕەوشتی هاووڵاتیانەوە دەینووسی کە چۆن هاریکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی هەولێردا بکەن بۆ پێشخستنی شارەکە لە هەموو ڕوویێکی شارستانێتییەوە، هەر جارەش بەناوی (خاڵۆی ڕێبوار)ەوە زنجیرە نووسینێکی کاریکارتێریی بڵاودەکردەوە.



ئەم گۆڤارەی هەولێر لە ژمارەی یەکەمییەوە تاوەکو ژمارە (١)ی ساڵی (٢)ی واتە: حەوت ژمارە و پاشکۆیەکی، محەمەد مەولود (مەم) سەرەکی نووسینی بوو، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی کە پتر پەیوەندی بەنووسینە کاریکاتێرییەکانی خاڵۆی ڕێبوارەوە هەبوو و هەندێ بابەتی ئەدەبی وایشی ڕێ دەدا بڵاوبێتەوە کە لەگەڵ ڕێبازی گۆڤاری شارەوانی وەك چاپەمەنی دەزگاییێکی میریی ڕێك نەدەکەوت، لە سەرنووسەریی گۆڤارەکە لادرا و دەستەیەکی نووسین بریتی بوو لە بەڕێزان (هاشم عەبدوڵلا و مەجید عومەر و مەغدید سۆران و بلال عەزیز و پیربال مەحمود) لە ژمارە (٢)ی ساڵی (٢)ەوە و گۆڤارەکەیان دەردەچواند[3] تاکو لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٢دا بەیەکجاری ڕێگەی دەرچواندنی لێ سەندرایەوە و وەستێنرا.

## محەمەد مەولود (مەم)ی کاریکاتێرنووس:

مەم نووسەرێکی ڕیالستی ڕەخنەگربوو، دەیویست واقیعی ژیانی کۆمەڵەی هونەرمەندانە لە نووسینەکانیدا دەربڕێ، نەك واقیعێکی ڕووتی فۆتۆگرافی بەڵکو واقیعێکی پڕ لە تاڵی و ترشی و نموونەی سەیر و سەمەرە، دەیویست لە ڕێگەی دەربڕینی وێنە و نموونە ناشیرینەکانی ناو ژیانی کۆمەڵەکەی نموونەی خۆشیی ژیان لە دوورەوە بەدی بکات، هەوڵی دەدا لە شەو و تاریکی کوێرەوەری و کەساسی ژیانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدا ترووسکەی ڕووناکیی ئاسۆی بەرەبەیانی ژیانێکی بەختیاری بۆ کلۆڵەکانی میللەتەکەی بەدی بکات.

ئەگەر ئێمە بەوردی سەرنجێکی تێکڕای نووسینەکانی (مەم) بدەین، هەست دەکەین هیچ نموونەیەکی لە وێنەی کاریکاتێری بەدەر نییە، خۆ چیرۆکەکانی زۆربەیان بەگیانێکی کاریکاتێریی ئاودراون و هەندێکیشیان هەمووی هەیکەلی دارشتنەکەیان لەسەر کاریکاتێر دامەزراوە وەکو چیرۆکەکانی (عاجباتی هەشتەم) و(نوێنەرەکان) و گەلێکیشیان کاریکاتێرئامێزن وەکو چیرۆکەکانی (ئەو گورگەی یوسفی خوارد) و (پایزەخەون) و گەلێکی تر.

(مەم)ی کاریکاتێرنووس وەك لەمەوبەر گوتمان زنجیرەیەکی لە نووسینی کاریکاتێریی لە گۆڤاری هەولێردا بەناوی (خاڵۆی ڕێبوار) بڵاوکردۆتەوە و سەرجەمی ئەو بابەتە کاریکارتێرییانەی دەکاتە (٢٥) بابەت و بەم جۆرەی خوارەوە بڵاوکراونەتەوە:

لە ژمارە (١)ی ساڵی (١)دا (٥)بابەت و لە ژمارە (٣،٢)ی ساڵی (١)دا (٨) بابەت و لە ژمارە (٤، ٥)ی ساڵی (١)دا (٩) بابەت و لە ژمارە (١)ی ساڵی (٢)دا (٢) بابەت و لە ژمارە

(١)ی ساڵی (٣)دا بابەتێکی دوور و درێژی لەسەر مەسەلەی هەولێر و بێ ئاویی بلاوکردۆتەوە، کە لە هەموو بابەتەکانی تری توندتر و کاریگەرترە.

هەر بابەتەی ئاراستەی دەزگایێکی میریی یاخود کۆمەڵێك لە دانیشتوانی شاری هەولێر کراوە، لەوانە ٥ بابەتیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کراوە و سەیریش ئەوەیە گۆڤارەکە هی شارەوانی بووە و، لە هەموو دەزگایەکی دی پتر یەخەگیریی بووە!! ٣ جار لە سەر ناتەواویی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و سەرو دوو جاریش لەسەر (بەرژەوەندیی گواستنەوەی هاتوچۆکەران) و (پۆستە و تەلەفۆن) و (زانکۆی بەغدا) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری کورد) و تەلەفزیۆن و (پۆلیسی هاتوچۆکردن) و (پاریزگا) و (نەخۆشخانەی هەولێر) نووسیوە[٤] و دوو چیرۆکی کورتیلەشی بەناوی (عەولا کەچەڵ) و (ڕێوی و لەشکری کەڵەشێران)ی بەشێوەیەکی کاریکاتێریی بلاوکردۆتەوە و، هەندێ جاریش ڕەخنەی توند و تیژی ئاراستەی ئەو جۆرە کەسانە کردووە کە نایانەوێ هاریکاریی لەگەڵ شارەوانیدا بکەن بۆ جوانکردن و پاککردنەوەی شارەکەیان!!

## خاڵۆی ڕێبوار و هونەری کاریکاتێر:

هونەری کاریکاتێر لە پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا، هونەرێکی ناسك و کاریگەرە و یەکەم جار لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە و لە دواییدا بەهەموو لایێکی جیهاندا بلاوبۆتەوە، بەزۆری خۆی لە بابەتی سیاسی و کۆمەلایەتیدا نواندووە، کورت بڕیی و خەست و خۆڵی تایبەتمەندییێکی سەرەکی ئەو جۆرە نووسینانە بوون و لە دواییدا ئەو هونەرەی کاریکاتێر هەر لە قاڵبی نووسیندا نەماوەتەوە، بەڵکو خۆی گەیاندۆتە وێنە و پۆستەر و ئەمڕۆ وێنە و پۆستەری کاریکاتێری جێی گەلێ جۆرە نووسینی سیاسی و کۆمەلایەتی گرتۆتەوە، چونکە وێنەی کاریکاتێری خەستکراوەی ڕووداوی دوور و درێژ و گەورە و گرانە و، ڕەخنەی توند و تیژە لە لایەنە چەوت و چەوێڵەکانی ژیانی ڕۆڵەکانی میللەت دەگیرێ.

ئەگەر چاوێك بەڕۆژنامەگەری عیراقدا بخشێنین، دەبینین ڕۆژنامە و گۆڤاری وای بەخۆیەوە دیوە کە سەرتاپای هەواڵ و بابەتەکانی کاریکاتێریی بوون، وەکو ڕۆژنامەی (حەبەز بووز)ی (نووری سابیت) و گۆڤارەکانی (قەرەندەل) و (فەلەقە) و (فکاهە)گەلی بابەتی کاریکاتێریی خۆشیان بلاوکردۆتەوە.



نووری سابیت بە ئیمزای (حەبەزبووز) وتارە کاریکاتێرییە سەیر و سەمەرەکانی لە ڕۆژنامەکەیدا بلاودەکردەوە و ئەو نازناوەیشی لە ناوی پیاوێکی گاڵتەجاڕی شاری بەغدا (ئەحمەد حەبەزبز)ەوە وەرگرت[٥] بوو.

کاتێ ئاوڕێکیش لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەدەینەوە، دەبینین هەندێ ڕۆژنامەنووسی پێشەنگی وەکو حوزنی موکریانی و حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە و گەلێ نموونەی کاریکاتێریان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیاندا بلاوکردۆتەوە و سەرنجی خوێنەرانیان پێ ڕاکێشاوە.

محەمەد مەولود (مەم)ی خۆیشمان زۆربەی نووسینە ڕۆژنامەییەکانی کاریکاتێر ئامێزن و بۆ بەکارهێنانی نازناوێك تا خۆی لە پەنایدا بشارێتەوە نەچووە ناوی گاڵتەجاڕێکی کورد یان پیتۆڵ و زۆرزانێکی نەتەوەکەی بکاتە نازناو، ناوی گاڵتەجاڕ و قسەخۆش و زۆرزانی وەکو (ئەحەی کورنوو) یا (کفرەحمەد) (مام موتکی خۆشناوەتی) وەرنەگرتووە، بەڵکو چووە نازناوی (خاڵۆی ڕێبوار)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، چونکە کارە ڕۆژنامەنووسییەکەی ئەوەبووە، بچێ وەکو ڕێبوارێك بەناو شاردا بگەڕێ و وێنەی کاریکاتێری ناشیرین و ناهەمواری خەڵکەکە و کاربەدەستان لە جیاتی بەهێڵ و ڕەنگ بکێشێ، چووە بە وشە و و دەربڕینی پتەو، لە قاڵبی بابەتی کورتیلەی خەست و خۆڵ دابڕێژێ و دڵی خوێنەرانی پێ فێنك بکاتەوە.

هەندێ نموونە لە نووسینە کاریکاتێرییەکانی خاڵۆی ڕێبوار:-

١-خاڵۆی ڕێبوار لە گۆڤاری (هەولێر)ی ژمارە (١)ی ساڵی (١)دا لە ژێر ناونیشانی (بە کوردی هەڵئەپەڕن)دا نووسیویە و دەڵێ:-دەیان گوت: هەندێ لە قوتابخانەکانی هەولێر، بەتایبەتی قوتابخانەکانی کچان دەرسی کوردی دەگۆڕن بە وەرزش، ئەگەر مرۆ بەمە بڕوا بکات دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە دەزگای پەروەردە و فێرکردن دیارە بەجۆرێکی تایبەتی فەرمانەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەیڕەو دەکات، هەموو شتێك ئەشێ.. تەنیا ناتوانین ئینکاری ئەوە بکەین کە خۆ (ڕمبازییەکەش هەر بەکوردییە)، بەلام بەدەست خۆم نییە کە ئەڵێم: شاعیری نەمر (زێوەر) لە ١٩٢٠بەمە ڕازی نەبووە کە فەرموویەتی:-

خواجە فەندی گەر دڵی عاجز نەبێ عەرزی ئەکەم
ڕۆژی دەرسی کوردییە تەئریخەکەی نادر نەما[٦]

دیارە خاڵۆی ڕێبوار لێرەدا تیری توانجەکەی دەگرێتە ئەو جۆرە قوتابخانانەی کە زمانی کوردی پشت گوێ دەخەن و لە هەمان کاتیشدا یەخەگیری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە دەبێ.

٢- خالۆ لە ژمارە (٢، ٣)ی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکەدا لە ژێر ناونیشانی (بازرگانی)دا دەڵێ:

ئەڵێن لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە فەرەنسا گۆشتی بۆق لە گۆشتەکانی تر بەنرخترە!! لە هەولێر خوا بەزۆری نەبینێ لە هەر کۆڵانە و گەڕەکێکدا گۆمێك هەیە و هەزاران بۆقیان تێدا دەژی.. بیری ئەوەم دەکردەوە کە بۆچ مرۆڤ قازانجێك لەمە وەدەست نەهێنێ؟

من زۆر پێم خۆشە ئەگەر (ئیدارەی محەللی) و (شارەوانی) ماوەم بدەن بۆ خۆم (شرکەتێك) دروست بکەم بۆ (تصدیر)ی ئەم بۆقانە بۆ دەرەوە! تا قازانجێك وەچەنگ بهێنم! بڕوا ناکەم بۆ ئەم کارە (دکتۆری صحەی شار)یش ڕازی نەبێت بەهۆی ئەوە کە دەڵێن: گوایا وجوودی بۆق باشە بۆ لەناوبردنی مێشوولە و مەگەز!! ئەرێ ئێوە ئەم بازرگانییەتان پێ چۆنە؟!.

لێرەدا خالۆ توانج دەگرێتە بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیەتی و شارەوانی و نۆژداری تەندروستی شار تاکو هەموو لایەکیان ئەو گۆماو و بۆقانە لەناو ببەن.

٣-خالۆ لە هەمان ژمارەی گۆڤارەکەدا لە ژێر ناونیشانی (ئینسکلۆپیدیای ئەدەبیاتی کورد)ەوە نووسیویە و دەڵێ:

(ئەمە لاپەڕەیەکە لە (دائرە المعارف)ی نووسەرانمان بۆ شارەزایی هەموو ئەدەب دۆستان تۆمار کرا لەگەڵ سوپاسدا

**ناکام و غەمگین، برسی و ئاوارە**
**غەمبار و پەشێو، هەژار، زامدارە!**
**دلزار و فانی خادیم و کەساس**
**بێ کەس و بێ بەش، بێ خەو، پەژارە**
**یەك دەربەدەرە و یەك قوڕ بەسەرە**
**ئەمیان بێ چاوە و ئەویان بیمارە**
**مەدهۆش و بێ سەر، حەزین و سەرسام**
**بەرۆژ قەلەندەر بەشەو بیدارە**
**دڵبەند و ژاکاو، کلۆڵ و داماو**
**حەریق و سووتاو، برژاو هاوارە**
**خالۆ تۆ چیتە لەم سەر ئێشەیە**
**وەدەرت دەنێن ئاخر لەم شارە!**(٧)

خالۆی ڕێبوار وێنە کاریکاتێرییەکەی لە نازناوی شاعیرانی کوردی دروست دەکات و لەو دیاردە سەیر و سەمەرەیە دەدوێ کە زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانمان نازناوی ناخۆش و تفت و



تاڵیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، کەم وا ڕێك دەکەوێ نووسەر یا شاعیری کورد نازناوی گەش و دڵ خۆشکەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن تاکو لە کاتی پێشیناندا، ئەدەب دۆستان هەست بەگەشبینی و بە چاو ڕوونی بکەن.

٤- لە ژمارە (١)ی ساڵی (٣)ی ڕێکەوتی مانگی حوزەیرانی **١٩٧٢**ی گۆڤارەکەدا واتە: دوا ژمارەی خالۆی ڕێبوار لە بارەی دەردی بێ ئاوی شاری هەولێرەوە نووسیویە و دەڵێ:

(شوکر بۆ خودا گیرگرفتی گامێش و گامێشەوانەکانی هەولێر سەبارەت بەنەبوونی ئاو بەناردنیان بۆ دەم زێی بادینان جێبەجێ کرا، هەروەکو شیعرێکی فۆلکلۆری کوردی دەڵێ:

**گامێش تەیرێکی سووکە،**
**دەفڕی دەچتە کوێستانێ!!**

بەڵام گیروگرفتێك کە لەم ڕووەوە مابێ بەنیسبەت دانیشتوانی شارەکە بێ گومان مەسەلەی بێ ئاوییە لە هاویندا پێویست بەعیلاجێکی فەوری دەکات (بەپێی ڕای خالۆی ڕێبوار) چارەسەریەکەیشی بەم جۆرە دەبێ:

١- بەربەرەکانی شار بۆ سەر و ڕیش تاشینی خەڵك ئەوەندە ئاو خەرج نەکەن.

٢- شەربەت فرۆشەکان، ئەم هەموو ئاوە نەکەنە شەربەت، چونکە خەڵك ئاوی پێ دەوێ نەك شەربەت!

٣- گەرماوەکانی شار بەدرێژایی هاوین دابخرێن!

٤- لە مزگەوتەکان مەلا فتوا بدەن کە تەیەموم کارێکی شەرعییە!

٥- خەڵکی شار بەزۆریی قورسیی نەعناع بەکاربهێنن بۆ فێنك کردنەوەی گەروو و دەروونیان.

٦- لە یانە و چایخانە و چێشتخانەکان لە جیاتی پەرداخێك ئاو نیو پەرداخ ئاو بدەن و دۆلکە مەنع بکەن!

خەڵکەکە ئاگایان لە خۆیان بێ، زۆر ئارەقە نەکەن، چونکە ئارەقە نسیبەتی ئاو لە لەشدا کەم دەکاتەوە!

ئەگەر خەڵکەکە هەروەکو ئێستا لێ بخوڕن و گوێ نەدەنە ئەم ئامۆژگارییانەی سەرەوە، ئەوا پێشنیاز دەکەم: یان سێ مانگی هاوین بکرێ بەعوتلەی شارەوانی تا فەرمانبەر و کاربەدەستان بیر لە ئاو نەکەنەوە! یان دەرگای داواکردنی ئاو دابخرێ هەتا سەردەمی (بارانی پەڵە). لە کۆتاییدا خالۆ ئەم بانگەوازەیشی بڵاوکردۆتەوە:

(بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی، بانگی هەموو دانیشتوانی شار دەکات، ئەوانەی عەریزە دەدەن و موراجەعەی شارەوانی دەکەن بۆ بەشدار بوون لە پرۆژەی ئاو جگە لە پوولەکانی سەر

عەریزەکان، هەریەکەیان پەرداخێك ئاو دەگەڵ خۆی بهێنێ و بیکاتە کوپەکەی بەر دەرگای شارەوانی، بۆ ئەوەی لە کاتی دەوامدا فەرمانبەرەکانی تێنوەتییان پێ بشکێنن و هەر کەسێ ئەم مەرجە جێبەجێ نەکات ئاوی پێ نادرێ.

(ئیمزا خالۆ)

ئەوەی لەم نووسینە کاریکاتێرییەی سەرەوە سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە مەسەلەی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆکان لە دەست شارەوانی دابوو، گۆڤارەکەش زمان حاڵی شارەوانی بوو، ئەمەش ئەوە دەگەینێ، کە خۆیان یەخەی خۆیان گرتووە و نووسەر گوێی نەداوەتە بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆی، بەڵکو هەست و داواکاریی خەڵکەکەی خستۆتە ڕوو، تاکو لە ئەنجامدا میری هەستی بەو ئەرکە زۆرەی شارەوانی کرد، بۆیە ئەرکی کاروباری ئاو و کارەبای بەدامەزراوی تایبەتی خۆیان سپارد، دوا وشەی نووسینەکەشم بەقسەیەکی خۆشی مەم دێنم کە لە یەکەم یەکتری ناسینماندا لە ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٥٦دا لە شاری کۆیە بۆی گێڕاومەتەوە و گوتوویە: پیاوێکی زۆرزان لە گێلە پیاوێکی پرسی سوودی پرد چییە؟! کابرا گێلەکە گوتی: تاکو ئاو بەبنیدا بڕوات! لەو دەمەدا مام مۆتکی پیتۆڵ لەوێ بوو، هەڵی دایە و گوتی: کوڕە گێلە نەتزانی، سوودی پردی سەر ڕووبارەکان بۆ ئەوە نییە ئاو بەژێریدا بڕوات، بەڵکو بۆ ئەوەیە ڕۆژی باران ماسی بچنە بنی تاکو تەڕ نەبن!!)، ئینجا مەمی دۆستم گوتی: ئێمە نابێ بەناوی زل و ناوبانگی گەورە هەڵبخەڵەتێین، بەڵکو پێویستە لە هەموو کاروبارێکدا مێشك و لێکدانەوەی خۆمان بەکاربهێنین و با چی دی پشت بەبیروڕاکانی مام مۆتکەکان نەبەستین!!

تا دوا ژمارەی گۆڤاری هەولێر دەرچوو، گەلێ جار بەبیرم دەهێنایەوە کە ئەم کاریکاتێرەش بنووسێ بەلاّم ئەو هەر دەیگوت ئەمەش ڕۆژی دێ!! کەچی خۆی ڕۆژی کۆچی دوایی داهات و ئەستێرەی لە کەل ئاوابوو و خوای لەگەڵ.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ و بەیان) بەشی (بەیان) ژمارە (١٢٧)ی ساڵی ١٩٩١، ل (١-٥) بلاّوکراوەتەوە.**



## پەراوێز:

١- هاوکاری ژمارە (٩٦٥)ی رۆژی ١١/٤/١٩٨٨ ((ئاوڕدانەوەیەك لە کاریکاتێر)).

٢- عومەر شێخەڵڵا-پەندی کوردی- ب٢، ل: ١٢٣.

٣- گۆڤاری هەولێر- ژمارە (٢) ساڵی (٢) ئەیلوولی ١٩٧١.

٤- ئەو ڕەخنانەی کە نووسەر لە دەزگا میرییەکانی گرتووە، دەگەڕێنەوە ساڵەکانی ١٩٧٠، ١٩٧١.

٥- جريدة -الأتحاد- العدد (٣٧)، ١٥/كانون الأول/١٩٨٦.

٦- گۆڤاری هەولێر- ژمارە(١) ساڵی (١) مایسی ١٩٧٠، ل: ٣٤.

٧- هەمان سەرچاوە-ژمارە (٢، ٣) ساڵی (١) حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٠، ل ١٩.

# (مەم)ی ڕۆژنامەنووس و فەرمانبەر

**شێرزاد قادر هەینی**

## ١- "مەم"ی ڕۆژنامەنووس:

گۆڤاری هەولێری شارەوانی هەولێر ژمارە یەکەمی لە مایسی (١٩٧٠) دەرچووە. ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی باشی لە دەوڵەمەندکردنی بوارەکانی ڕۆشنبیری کوردیدا بینیوە و لاپەڕەیەکی زێڕینی ڕۆژنامەگەری کوردی و شاری هەولێرە. ئەم کارەش لەسەردەستی چیرۆك نووس و فەرمانبەری شارەوانی هەولێر محەمەد مەولود- مەم- بووە.

دەرچوونی ئەم گۆڤارە بەناوەرۆکێکی پڕ لە بابەتی چیرۆك و شیعر و لێکۆڵینەوەی ئاست بەرز و بەردەوامی و چاپی جوان و بەرگی قەشەنگ لەسەر ئەرکی دامەزراوێکی خزمەتگوزاری سەقاڵ و بێ کادیری پسپۆڕی ڕۆژنامەنووسی ئاسان نەبووە. بەڵام بۆ ئەدیبێکی پاك و قەڵەمێکی نەترس و حەزێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ وشەی کوردی وەك (مەم) ئاسان بووە.

گەرچی لەسەرەتای شێستەکان ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) لە شارەوانی هەولێردا دەردەچوو بەڵام جیاوازییێکی زەق و ئاشکرا لە هەموو لایەنێکی لەگەڵ گۆڤاری هەولێردا بەدی دەکرێ. نامەوێ لەنرخی ڕۆژنامەکە کەم بکەمەوە بەڵام بەراوردکردن لەنێوانیان بێ هێزی فیکری و ڕەوشنبیری و ڕوونووسی و نووسەرەکان لە ڕۆژنامەکەی هەولێردا دیارە هۆیەکەش سەرپەرشتی و خامەی ڕەنگینی (مەم) بووە لە گۆڤارەکەدا.

دەرچوونی گۆڤاری هەولێر تەنیا لەسەر ئەرکی مامۆستا مەمدا نەبوو بەڵکو کۆمەڵێك لەفەرمانبەرانی شارەوانی هەولێر بەتایبەتی سەرۆك شارەوانی ئەو سەردەمە خوالێخۆشبوو هاشم عەبدوڵلا و چەند نووسەر و شاعیرێك.

گەرچی مەم ماوەیەك لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە دوور خرایەوە و "عقوبە"یەکی وەزیفیشی ئاراستە کرابوو، من خۆم لە فایلەکەی بەرچاوم کەوتبوو هۆیەکەشی بلاوکردنەوەی



شیعرێکی (هەژار)ی شاعیر بەناوی "حلەق.. مەلەق" بوو. کە داشۆرینێك بوو لەسەر لێپرساوەکانی گەورەی شار و ناوچەکە چونکە بناغەی گۆڤاری هەولێر پتەو بووە و گۆڤارەکەش (ببووە) ڕوانگەی نووسەری بەرز و بڵندگۆی شیعری چاك و بابەتی هەمەجۆر بۆیە لەسەر هەمان ئاستدا مایەوە. (مەم) برادەری گیانی بەگیانی "هێمن" بووە بۆیە یەکەمین شیعری لە ڕۆژنامەگەری کوردستانی عێراقدا بۆ بلاو کردەوە واتە بەهۆی گۆڤاری هەولێر و مەم خوێندەوارانی کورد چاویان بەشیعرەکانی گەشایەوە.

لەژێر ناوی (خاڵۆی ڕێبوار) دا (مەم) لایەنی سلبی زۆربەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئاگادار دەکردەوە چونکە شێوەی نووسینەکەی بە لەزەت بوو و گاڵتەجاڕی پێوە بوو بۆیە سەرنجی خوێندەوارانی ڕادەکێشا.

بەکورتی دەوری (مەم) لە گۆڤاری هەولێردا دیاربوو و گۆڤارەکەش سەدایەکی زۆری هەبوو..

## ٢- "مەم"ی فەرمانبەر:

لە ١٩٤٣/٩/١ بەکاتب ناحیەی برادۆست دامەزراوە تا هاوینی ١٩٥٢ لە نێوان برادۆست و شەقلاوە و باڵەك و مێرگەسوڕ بەکاتب ناحیە ماوەتەوە تا ١٩٥٧/٤/١٣ لە کۆیە و شەقلاوە و ڕواندوز بووە. ١٩٦٠/١/١٦ بۆ شاری هەولێر گوزراوەتەوە و تا حوزەیرانی ١٩٦٤ بەڕێوەبەری شارەوانییەکان بووە و لە ١٩٧٧/٦/٦ خانەنشین بووە.

لە ناوەندی شێستەکاندا کتابی (اربیل فی اربعە اعوام)ی ئامادە و چاپ کردووە.

لەلای خوێندەوارانی کورد مەم وەك چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس و نیشتمان پەروەر و کوردێکی پاك ناسراوە و ئەم مامۆستایانەش کە لەگەڵیا فەرمانبەر بووینە وایان ناسیوە و یادەکانیان پێوتم: مامۆستا محەمەد شەهاب چەلەبی:

(مەم فەرمانبەرێکی زیرەك بوو لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی کرا بەبەڕێوەبەری شارەوانییەکانی شاری هەولێر.)

مامۆستا ئیبراهیم خۆشناو:

(مەم هاوڕێم بوو کورد بوو بیر و باوەڕی پاکی هەبوو خزمەنی تایبەتی و گشتی لەبەرچاوان بوو. خەڵکی هەژار و بێ کەسی خۆش دەویست برادەری خۆی بۆ خزمەتی گشتی لە خۆی دڵتەنگ دەکرد.)

ماموّستا عومەر فەرهادی:

(خوّی لەگەلّ فەرمانبەری نویّ ماندوو دەکرد تا فیّری ئیشی بکات.)

ماموّستا بیلال عەزیز:

((بە یەکەوە گوّڤاری هەولیّرمان دردەکرد، چیروّکە نوێیەکانی نیشان دەدام و لە گوّڤارەکانی (المثقف والثقافة الجدیدة ومختارات من الأدب الکردي) چیروّکەکانیم کردنە عەرەبی)).

لەم بوارەدا خوّزگە دەخوازم بنەمالّەی (مەم) روّمانی "ریّگا"ی چاپ بکەن و دەزگاکانی رۆشنبیری کوردی یارمەتیان بدەن. ئەم روّمانەم لە دەستی خوّیەوە بەدەستنووسی خویّندوّتەوە..

جاریّکیان بوّی گیّرامەوە و وتی: گەرچی روّمانی ریّگا دریّژە، شەویّکیان " هیّمن" میوانم بوو بەیانی چاوەکانی سوور بووون پرسیم خیّرە وتی لەناو ئەو دوّلاّبە "ریّگا"م دوّزیەوە و تووشی بووم و تا تەواوم نەکرد وازم نەهیّنا دەست خوّش.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (مەم) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩١ دا بڵاوکراوەتەوە.**

# محەمەد مەولود مەم و ئەزموونی ڕۆژنامەوانی لە گۆڤاری (هەولێر)دا

**دکتۆر هیمدادی حوسێن**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

## پێشەکی

محەمەد مەولود (مەم) وەکو کەسایەتیەکی ڕۆشنبیریی شاری هەولێر و چیرۆکنووسێکی بەهرەوەریی جیهانی چیرۆکی کوردیی لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا ناسراوە. ئەگەرچی وەکو سەرەتا ڕووی لە شیعر کردووە، بەڵام هەر لە زووەوە لە گەنجیدا نەهامەتیەکانی ژیان و کلۆڵی و ئاوارەیی و نەهامەتی وای لێ کردووە ئەزموونی خۆی لە بواری چیرۆکدا تاقیبکاتەوە تاوەکو بووە یەکێ لە چیرۆکنووسە دیارەکانی قۆناغی شەستەکان و حەفتاکانی چیرۆکی هونەری کوردی.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانی (مەم) لە سەرەتای ساڵانی گۆڤاری (هەولێر) دەکات، بەڵام لە ئاماژەکردندا بۆ هەنگاوەکانییەکەمی (مەم) بە ناچارییەوە بۆ ساڵی (١٩٤٨) گەڕاینەوە.

### میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازێکی مێژوویی ئەدەبی وەسفی لەبەر گرتووە، پێویستی ئەم ڕێبازەش وادەخوازێ لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی (مەم)ی ڕۆژنامەوان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی لە میانەی ئەو ڕوانینە گشتی و هەمە لایەنەی سەردەمەکەیدا پلە و پایەی ڕۆشنبیریی لەسەر تۆپۆگرافیای ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی کوردیدا دیار بخرێت.

### بنیادی لێکۆڵینەوەکە:

بریتییە لە پێشەکییەك و دوو فەسل و ئەنجام و سەرچاوەکان، لەگەڵ کورتەیەکی چڕوپڕ.



لە فەسڵی یەکەمدا: لە ژیان و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی (مەم) لە ڕۆژنامەوانی کوردیمان کۆڵیوەتەوە.

لە فەسڵی دووەمدا: باسی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی (مەم)مان کردووە و ڕۆڵی لە گۆڤاری هەولێر، کە لە ساڵی ١٩٧٠دا لەلایەن شارەوانی هەولێرەوە بڵاوکراوەتەوە، دەرخراوە و ئاماژەمان بە هەندێ تەنزی کۆمەڵایەتی (مەم) بە ناوی (خاڵۆی ڕێبوار)ەوە کردووە، کە وەکو (سەرەك نووسین) گۆڤارەکەی بەڕێوە بردووە. لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ریزکردوون. هیوادارم سەرەتایەك بێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر.

## کورتەیەك لە ژیانی (مەم):

لە ساڵی ١٩٢٦دا لە دایك بووە، لە بنەچەدا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و لە دوای جەنگی جیهانییەکەمەوە بەرە و کوردستانی باشوور هاتوون. خوێندنی سەرەتایی لە شاری (شەقڵاوە) خوێندووە و پاشان لە (هەولێر) تا سێی ناوەندیی خوێندووە و بە هۆی کارەکەیەوە خەریك بووە. بە کاریی فەرمانبەرییەوە چەند ناوچەیەکی کوردستان گەڕاوە و تاساڵی ١٩٧٧ خانەنشین کراوە و لە ١٩٨٧/٥/٧دا کۆچی دوایی کردووە[1]. لە ماوەی ژیانی خۆیدا دوو بەرگ لە چیرۆکەکانی خۆی و کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵان بە هاوکاری خاتوو (ئافەرین)ی خێزانی چاپ کردووە و[2] لە دوای مەرگی کورتە ڕۆمانێکی بە ناونیشانی (پاییزە خەون) بڵاوکراوەتەوە، کە بە بەرهەمێکی فانتازیای ئاوازەی نووسەر لە قەڵەم دەدرێت[3]. دواجار ڕۆمانی (ڕێگا)ی

---

١. لە بارەی ژیان و بە سەرهاتی محەمەد مەولود (مەم)ەوە سوودمان لەم دوو سەرچاوەیە دیوە: طالب محمد احمد، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود (مەم) ، ل٦-٢٧.
بڵاوکراوەی ڕۆڤار، ژ ٢، محەمەد مەولود (مەم)لە پایزە خەوندا، سلێمانی، ١٩٩٩/٦/٥.

٢. بڕوانە: محەمەد مەولود (مەم)، چیرۆکەکانی مەم، ١٩٧٠، ب١.
محەمەد مەولود (مەم)، چیرۆکەکانی مەم، ١٩٨٤، ب٢.
محەمەد مەولود (مەم) و خاتوو ئافەرین، گوڵەبەڕۆژە، بەغدا، ١٩٨١.

٣. بڕوانە: محەمەد مەولود (مەم)، پایزە خەون، بەغدا، ١٩٨٧.

بڵاوکرایەوە[1]. لە سەرەتای ساڵی حەفتادا سەرۆکی نووسینی گۆڤاری هەولێر بووە و بۆ ماوەیساڵێك لەو کارەیدا بەردەوام بووە[2]. لە گۆڤارەکانی گەلاوێژو هیوا و بڵێسە و رۆژی نوێ و کاروان و دەفتەری کوردەواری و رۆژی کوردستان و هاوکاری و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکەی کوردیدا بە چیرۆك‌و نووسینی جۆراوجۆر بەشداری کردووە. یەکەم بەرهەمی رۆژنامەوانیی خۆی بە ناوی خوازراوی (کچەکورد-خۆشناو) بە بۆنەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ی عێراق دژ بە سیاسەتی ئینگلیز لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکردۆتەوە.[3]

کەسیەتی (مەم)، کەسیەتێکی هێمن و کۆڵنەدەر بوو، هەروەکو خۆی دەڵێ: ( لە تاقیکردنەوەکانم ئیمان بە خاك و بە ئینسان دروشمی یەکجاریم بوون بڕواییم وابووە کە پێم لەم زەوییە چەقیون، رەگم لەم خاکە قووڵ قووڵ داکوتاون، گیانم دابەستەی ئەو خاکەیە کە لەسەری دەژیم بە ئاو و هەوای نەشونما دەکەم خۆشەویستیم بۆ ئینسان بە گشتی و بۆ ئینسانی وڵاتەکەم بێدواییە، هۆگری پیاهەڵدان و ئافەرینی ساختە و دەست لە پشت دان نەبووم. ئەمانەم بە هەڵدێرێك ژماردوون کە نووسەر بە هۆیەوە لە خشتە دەچێ و هەڵدەخلیسکێ و دەدۆڕێ)[4].

(مەم) پێوەندی دۆستایەتی دەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی دیاری سەردەمەکەی خۆیدا هەبووە، تەنانەت بۆ (هێمن)ی شاعیر (یەکەمین شیعری لە رۆژنامەگەری- کوردستانی عێراقدا بۆ بڵاوکردەوە واتە بە هۆی گۆڤاری هەولێر و (مەم)ەوە خوێندەوارانی کورد چاویان بە شیعرەکانی گەشایەوە)[5]. لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعری (حەلەق- مەلەق)[6] ی هەژار دۆستی گیانی بە گیانی تووشی سزای ئیداری بوو لە سەروك نووسینی گۆڤاری (هەولێر)یش دوور خرایەوە.

بە شایەدی ئەدیب و رۆشنبیرەکانی دۆستی چیرۆکنووسێکی داهێنەر و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی دیاری سەردەمی خۆی بوو دان بە زیرەکی و ووردبینی و کوردپەروەری ئەودا

---

١. محەمەد مەولود (مەم)، رێگا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤.

٢. لە مایسی ١٩٧٠ تا مایسی ١٩٧١ بەردەوام بوو.

٣. کچە کورد، ساڵی چل و هەشت، گ گەلاوێژ، ژ ٣، س ٩، ل٥٣-٥٥.

٤. محەمەد مەولود(مەم)، محەمەد مەولود (مەم) و تاقیکردنەوەی لە چیرۆك نووسیندا، گ، کاروان، ژ ١، ل ١٨.

٥. شێرزاد هەینی، (مەم)ی رۆژنامەنووس‌و فەرمانبەر، گ مەم، ژ ١، ل ١٥.

٦. هەژار، حەلەق، مەلەق، گ هەولێر، ژ ١، س ٢، ل ٣١-٣٢.



دەنێن، بە لای ئەوەوە (ئەدەب.. ژیانە..)[1] هەروەکو خۆی گوتەنی، ئەویش ژیانی خۆی بۆ ئەدەب تەرخان کردبوو، بەو پێیە بۆ ژیان ژیا و لە پێناوی ژیانی میللەتەکەیدا ژیانی بەسەر برد.

(مەم) ئەو نازناوەیە، کە محەمەد مەولود بۆ خۆی هەڵیبژاردووە و بەشی زۆری نووسینەکانی بەم ناوە بڵاوکردۆتەوە یان لە پاڵ ناوی خۆیدا لە نێو دوو کەوانەدا نووسیویەتی. وا پێدەچێ کورتکراوەی ناوی خۆی و باوکی بێت هەروەکو لە هەندێ جێگەدا نووسراوە، بەڵام دەپرسین ئەدی بۆ ناوی (مەم)ەکەی داستانی (مەم و زینی) خانی نەبێ، کە ئەوەندە عەشق و خۆشەویستی خاك و نەتەوەی لە دڵی محەمەد مەولوددا جۆشداوە، لەبەر بەرزی ئەو داهێنانە ئەدەبییە، ئەو ناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، بە تایبەتی وەکو سەرنج دەدەین لە نووسینە سەرەتاییەکانی خۆیدا ئەو ناوەی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو دواتر ئەو ناوەی هەڵبژاردووە و سەرەتا (کچە کورد)[2]ی هەڵبژاردووە، کە لەوێشدا سەرباری ئەوەی وشەی (کورد)ی هەڵبژاردووە وەکو بەرزیی هەستی نەتەوەیی خۆی، ویستوویەتی بەردەبازێك بۆ بڵاوبوونەوەی نووسینەکەی خۆی بدۆزێتەوە، کە تائەو کاتە ساڵی (١٩٤٨) قەڵەم بە دەستی ژن زۆر دەگمەن بوو، ئەویش گەنجێك بوو، بڵاوبوونەوەی ئەو نووسینەی بە لاوە مەبەست بوو، بە تایبەتی لە گۆڤارێکی کوردیی ئاست بەرزیی وەك (گەلاوێژ) لەو رۆژگارەدا نووسەر و شاعیر و ئەدیبە هەرە دیار و بەرچاوەکانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووە و پایەی تایبەتی خۆی لە دنیای رۆژنامەوانیی کوردیدا هەیە.

لە میانەی ئەزموون و ژیانی تایبەتی خۆی لە بواری چیرۆکنووسیدا مەم دەڵێ: (مامۆستای یەکەمم دایکم بووە)، دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە تا چەند (مەم) بە دایکییەوە پەیوەست بووە و بە تایبەتی خۆشەویستی دایکی وایکردووە، کە ئەزموون و کۆڵنەدانی دایکی وای لێبکات قسەیەکی وابکات. بە تایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین، کە لە رووی خێزانییەوە هەروەکو خۆی لە نامەیدا بۆ عەبدولڕەزاق بیماری رەوانە کردووە، بە مردنی باوکی خۆی بە ئازاد و سەربەست دەزانێ و رادەی باوکسالاری و دەسەڵاتی باوك لە خێزانەکەیدا کاریگەرییەکی دەروونیی زۆری بەسەر (مەم)دا بە جێهێشتووە.[3]

---

١. محەمەد مەولود مەم، ئەدەب و هەندێ بیری ساکار، گ دەفتەری کوردەواری ، ژ ١، ل ٨٩.

٢. بڕوانە ئەو وتارەی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردۆتەوە، کچە کورد، ساڵی چل و هەشت، گ گەلاوێژ، ژ ٣، س ٩، ل ٥٣-٥٥.

٣. بڕوانە: محەمەد مەولود مەم، ئەدەب و هەندێ بیری ساکار، گ دەفتەری کوردەواری ، ژ ١، ل ٨٩.

پاشان خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە و ناوەندیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە و ئیتر بە کاری فەرمانبەرییەوە ژیانی هەتا سەر بە سەر بردووە.

وەکو گەنجەکانی سەردەمی خۆی سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە، پاشان بە هۆی فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی خۆی رووی لە نووسینی وتار و پەخشان و بە تایبەتیش چیرۆك کرد و بووە شۆڕەسوارێکی دیاری ئەو مەیدانە.

## یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی (مەم) لە رۆژنامەوانی و شێوازەکەی

### ساڵی چل و هەشت!

" ئەم لاواندنەوەم پێشکەش بە خوشكو برا خۆشەویستەکانم ئەکەم، ئەم هەمیشە بەهارەم بە تایبەتی پێشکەش بەو خوشکانەم ئەکەم کە دڵسۆزی نیشتمانن و بە شیری نیشتمان پەروەری گۆشی کۆرپەکانیان ئەکەن، ئەم سۆزەم، کە باڵە کوللەیەکە پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدەکانی ئیمساڵ ئەکەم، ئەو شەهیدانەی، کە بە چوونی خۆیان لە پێناوی حەق پەرستیدا دڵی هەزاران خوشك و برای خۆیانیان بریندار کردوو پەردەی ماتەمینیان کێشا بە سەریانا !!!.."

**رواندز: کچە کورد- هـ – هۆشناو**

**ساڵی چل و هەشت! ئەی سەر شین!..**

لە گەنجیدا کینە و دڵ پیسیت ئاشکرا کرد لە دەمەو بەهارا پایزت ژیاندەوە.. گەڵای داران وەران، بولبولان سەریان بردەوە هێلانە، چیا رەنگاوڕەنگەکانت بە رووت و قووتی هێشتەوە، بە دڵشکاوی و بەداخەوە ئاڵای ماتەمییان هەڵدا، تۆیش ئاڵای سووری خوێنت لە پاڵیا چەقاند، مێرگەکان بە رەنگی گەش وەستا بوون گێڕاتنەوە، شەقاو بە شەقاو پێش ئەکەوتن دەستت نا بەسنگیانەوە!!..

ساڵی چل و هەشت! بی بەخت!! خۆت لە کەمینا لە حەشاردابوو، باڵندە هەژارەکان و فریشتەی رەحمەتت بە تیری زۆرداری و بە سایەقە و کزەی بای ساردت پەشۆکاو و باڵ شکاو پەرێشان کرد، مێرگ و زەمینە جوانەکەت بە رەنگی ماتەمی رەنگ کرد!! لە جێگای گوڵە رەنگاوڕەنگە بەهارییەکانی گوڵی جوانەمەرگیت بۆ ژیاندینەوە!!! ئای لەو ڕووە، لەو هونەرە؟؟!.



بولبول! دۆستی جەفام! هاوتای وەفام، ناهومێد مەبە، برۆ بەرەو پێش، ئەوا دەستەی گەلان هاتنە مەیدان، ئەوا هاتین یا تۆڵەت ئەستێنین، یا پێکەوە بە دڵی غەمبار و بریندارسەر ئەنێینە سەر بالیفی ناکامی و نووستنی ئەبەدی!.

ساڵی چل و هەشت! ساڵی شووم، برۆ نەتبینمەوە، هەڵم مەخەڵەتێنە، گوڵ بنی نایە، بولبول دەنگی ناسوێ، هەر رۆژ لەسەر چڵی، لە ژێر داری، لە بن ئەشکەوتی گوڵی نەسرینی نێرگسی ئەبینێتەوە، گوڵ ئەو گوڵ، بولبول ئەو بولبول هیوا هاتە بەر!!

ساڵی چل و هەشت! وامەزانە ئەو خوێنانە، کە ڕشتت هەروا رۆیشت! وامەزانە ئەو زۆردارییە، کە کردت بۆت چووە سەر!! بزانە بە دڵ بزانە تۆڵەی خۆمان و دەستە دۆستە پاك و نەبەز و خۆشەویستەکانمان لێت ئەکەینەوە!! بە کوێرایی چاوت ئەبێ ئەو پەرێزە دڕکاوییە، کە خستوونەتە ناو مێرگە جوانەکان و کەژ و شیوە رەنگینەکانەوە هەڵێکەنین، لە شوێنیا گوڵی هیوا بچێنین و بە دەوریا بە شایی و ئاهەنگ و هەڵپەڕین!! مێرگەکانمان ئەبێ بروێنینەوە، کێوەکانمان بەرگی خۆیان لەبەر کەنەوە، کانیاوەکانمان ببوژێنەوە، لە سەرچاوەی (داد) ئەبێ ئاو هەڵقوڵێ و بیخۆینەوە!!

سەرەتای ساڵی چل و هەشت! بە شوومی هاتی، بەڵام دڵنیابە بەرەو بەهار ئەڕۆین، ئێمە بەرەو رۆژێك ئەڕۆین، کە ئازادی و سەربەستی تێدایە، بەرەو مێرگێك ئەڕۆین پڕیەتی لە گوڵ و لە بولبول، بەرەو رۆژێك ئەڕۆین کە هەمیشە بەهارە، لەو هەمیشە بەهارەدا یادی جوانەمەرگەکان ئەکەین و تۆڵەیان ئەستێنین!!!)[١].

**شێوازەکەی:**

ئەم پارچە پەخشانە هونەرییە بە شێوەیەکی خودی (ذاتی) گوزارشت لە هەست و سۆزی دەروونی دەکات لە بەرامبەر قوربانیانی ئەو ڕاپەڕینەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨دا هەموو لایەکی عیراقی گرتەوە و کورد و عەرەب پێکەوە بە یەك دەنگ لە دژی رژێمی ئەوسای عیراق کە داردەستی ئینگلیزەکان بوو ڕاپەڕیوون و داوای سەربەستی و چاککردنی باری گوزەران و ئازادیی مافە سیاسییەکانیان کردووە[٢]. ئەو ڕاپەڕینە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بۆتە هەوێنی

١. کچە کورد، ساڵی چل و هەشت، گ گەلاوێژ، ژ ٣، س ٩، ل ٥٣-٥٥.

٢. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی رووداوەکانی ١٩٤٨/١/٢٧ لە عیراقدا بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل ١٩٩-٢٢٥.

چەندین پارچە شیع رو نووسین و وتاری نووسەرانی کورد و گۆڤارەکەش بە ناوی (پۆستەی کوردەواری)یەوە دەنگوباسی گەیشتن و بەشداری ناوچە کوردییەکانی کردووە، کە چۆن هاتوونەتە (بەغدا)ی پایتەخت، لە چالاکی پۆستەی کۆیە و هەولێر دا گۆڤارەکە دەڵێ:

**(لە رۆژی ١٣/٤/١٩٤٨دا پۆستەی کۆیە و هەولێر گەیشتنە جێ، ئەوی پێی بڵێن پیاوەتی نواندیان، بە شەقامەکانا، لەسەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان، چەپکە گوڵیان بە دیاری بۆ بردن..)** [1].

ئەم پارچە پەخشانە بە شێوەیەکی رۆمانسی نووسراوە و هەستی جوان پەرستی بۆ سروشت و گوڵ و بولبول و یاخی بوون و هەست و سۆزی بە کوڵ جەستەی پەخشانەکەیان داپۆشیوە و شێوەی گفتوگۆی وەرگرتووە لە نێوان مرۆڤ و زەمەندا.

لە ڕووی شێوەزاری نووسینەوە بە شێوەزارێکی ئەدەبیی نووسراوەتەوە.

## (مەم) و ئەزموونی رۆژنامەوانی لە گۆڤاری (هەولێر)دا

شاری هەولێر یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهان و بە گوتەی هەندێ لە مێژوونوس و شوێەوارناسەکان کۆنترین شاری دنیایە، کە ئاوەدانی لێ ماوەتەوە و ژیانی تێدا بەردەوامە، بێ گومان شارێکی ئاوەها کۆن دەبێ خاوەنی کلتوور و رۆشنبیرییەکی رەسەن و دێرینیش بێت. لە سەدەکانی رابردوودا بەردەوام شوێنی کەڵە زانا موسڵمانەکان بووە، ئەوانەی لە شارستانییەتی ناوچەکەدا رۆڵی دیارییان بووە و چەندین تەکیە و خویندنگای ئایینی لێ بووە، کە لە زۆر لای کوردستان و غەیری کوردستانەوە روویان تێکردووە بۆ فێربوونی زانستە ئایینییەکان، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئامێری چاپ بە رۆژهەڵاتدا لە رێگەی ئەرمەنی و مەسیحییەکانەوە و دواتر هێنانی ئەو ئامێرانە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ کوردستان و دواجار گواستنەوەی چاپخانە لە لایەن ( حوزنی موکریانی )یەوە بۆ رەواندز و پاشتر بۆ شاری هەولێر بزاڤێکی تازە کەوتە شارەکە و سەرەتای رۆژنامەوانی لەو شارە دەست پێدەکات. دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ( زاری کرمانجی ١٩٢٦ —١٩٣٢) لە رەواندز، لە هەولێر یەکەم گۆڤار, گۆڤاری ( رووناکی ١٩٣٥- ١٩٣٦ ) لە لایەن حوزنی موکریانییەوە بڵاوکراوەتەوە، هەفتەنامەی ( گۆڤار- ١٩٤٣ ) و رۆژنامەی ( ئازادی- ١٩٤٤) و رۆژنامەی

١. گ گەلاوێژ ، ژ ٣، س ٩، بەغدا، ١٩٤٨، ل ١٤.



(هەتاو - ١٩٤٨) و گۆڤاری (یەکێتی تێکۆشین) بە نهێنی لە لایەن پارتە سیاسییەکانی ئەوێ رۆژێی ناو شاری هەولێر بڵاوکراونەتەوە[1]

لە ساڵی ( ١٩٥٠ — ١٩٥٣ )دا رۆژنامەیەکی زانستی و وێژەیی حەفتەیی لە هەولێر بڵاوکراوتەوە، کە بۆ شاری هەولێر خاڵی وەرچەرخانێکی تازە بوو.[2] دوابە دوای حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی برا بچووکی لە رووی رۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران و پاککردنەوەی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسیی کوردیدا خزمەتێکی زۆری شاری هەولێری کردووە و دەرکردنی گۆڤاری **(هەتاو ١٩٥٤ — ١٩٦٠)** دوا بە دوای نەمانی گۆڤاری (گەلاوێژ **١٩٣٩ - ١٩٤٩**) کەلێنێکی زۆری خستبووە نێو ناوەندی رۆشنبیری و رۆژنامەوانیی کوردییەوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە لەو کاتەدا بۆشاییەکی گەورەی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شاری هەولێری بە تایبەتی پڕ کردەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و رووناکبیرانی شارەکە و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشدارییان تێداکردووە.[3]

دیاردەیەك لە ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر بۆ میللەتان سەرچاوەی رووناکبیریان بە پلەی یەکەم (کتێب) بێت، بەڵام بۆ رۆشنبیری کورد (رۆژنامە) بوو، کەمی ئیمکانیاتی ماددی و نەبوونی ئامێری چاپی پێشکەوتوو ئاستەنگ بوون لەبەردەم چاپکردنی (کتێب) بە شێوەیەکی فراوان، بۆیە رۆژنامەکانی سەرەتایی لە جیاتی هەموو لقەکانی رۆشنبیریی بووە و تاڕادەیەکی باش پێویستیی رۆشنبییری کوردی پڕ کردۆتەوە،

١. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی رۆژنامەوانی نهینی کوردی بڕوانە: نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١- ١٩٩١ (نامەی ماجستێر)، کۆلێژی زمان — زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.
عبدالله زەنگەنە و رەفیق ساڵح ئەحمەد، رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی ،گ رۆژنامەڤانی ، ژ١١ -١٢، س ٤، ٣، ٢٠٠٣، ل ٨٧- ١٧١.

٢. لەبارەی ئەم رۆژنامەیەوە بڕوانە: محمود زامدار، حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی رۆژنامەی هەولێر، بەغدا، ١٩٨٨.

٠٣ لەبارەی گۆڤاری (هەتاو) بڕوانە: د. هیمداد حوسێن بەکر، رەنگدانەوەی هونەرەکانی رۆژنامەنووسیی و رۆشنبیریی کوردی پەنجاکانی شاری هەولێر لە گۆڤاری (هەتاو)دا، گ زانکۆی سلێمانی ، ژ ٩، ٢٠٠٢، ل ١٢١- ١٣٥.
کەریم شارەزا، دەوری گۆڤاری هەتاو لە بزاڤی رۆژنامەنووسی کوردیدا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٢٨٤، ١٥/٥/١٩٩٦.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت، رۆشنبیری کوردیش بە پێی تێگەیشتنی سەردەمەکەیی و لەبەر ڕۆشنایی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری خۆی لە مەسەلە مەعریفیییەکان نەداوە و هزری کراوە نەبووە، زیاتر (شیعر) جەستەی رۆشنبیریی کوردیی داپۆشیووە و بنەماکانی سۆز و ئەندێشە و خەیاڵ مەودای بیرکردنەوەی بووە تا ئاسۆیەکی دوور.

لە کوردستانی باشووردا لە دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنییەکەم قەوارەی سیاسی دەستەڵاتی کوردی لە سەردەمی شێخ مەحموددا، کە بیر لەوە کرایەوە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی و چاپەمەنی بۆ ئەو سەردەمە نوێیەی ئەو کاتە بەرپا بکرێ و بە تایبەتی چاپخانەکەی شارەوانی، کە ئینگلیز بۆ هەڵسووڕانی کاروباریی خۆیان هێنابوویان هەلێکی باشی بۆ رەخساندن بۆ ئەوەی ئەدیب و شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بە ئەزموونی کەسیی خۆیان و بە سوود بینین لە رۆژنامەی پێش خۆیان و دەوروبەر دەست بدەنە بەر کاری رۆژنامەوانی و لە پاڵ بەهرەی شیعریی خۆیاندا چەندین بابەتی هەمە چەشنەی رۆژنامەوانی بنووسن و قەڵەمیان لە زۆر بواردا تاقیبکەنەوە. شێخ نوری شێخ صالح و عەلی کەمال باپیر و پاشتر پیرەمێرد و رەفیق حیلمی..هتد، هەموویان بوونە رۆژنامەوان، بە تایبەتی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بە هەق بناغەیەکی چاکی بۆ رۆژنامەوانی لە کوردستانی باشوور دانا[1].

ئەم دیاردەیە وەنەبێ هەر بە تەنیا مۆرك و خەسڵەتی رۆژنامەوانیی کوردیی بێت و ئەدیب و شاعیرەکان سەروکاریی رۆژنامەوانییان بەڕێوەبردبێ، بەڵکو لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و دەوروبەردا بەرچاو دەکەوێت لەعیراقدا (معروف الرصافي) رۆژنامەوان و وەرگێڕو وتارنووسێکی چاکی سەرەتای سەدەی بیستەمی رۆژنامەوانیی عەرەبی بوو[2].

١. شێخ نوری شێخ صالح لە گۆڤارەکانی (رۆژی  کوردستان-١٩٢٢) و رەفیق حیلمی لە رۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال- ١٩٢٣) و (حاجی تۆفیق)یش ناسراو بە (پیرەمێرد) لە رۆژنامەنووسیدا پێشەنگ بوو، سەرەتا لە تورکیا و پاشان لە شاری سلێمانی رۆژنامەی (ژیان-١٩٢٦) و ( ژین-١٩٣٩)ی بەڕێوەبردووە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، ل ٣٢،٢٩،٢٦،٤٢.

د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی..، ل ٢١٩-٢٢٢.

٢. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: هیمداد حوسێن، چیرۆکی هونەریی کوردی سەرهەڵدان تا گۆڤاری گەلاوێژ، گ، کاروان، ژ ١٥٢، ل ٢-١١.



ئەمەش هۆیەکەی بە پلەی یەکەم لەوەدا بووە، کە ژمارەی خوێندەوار و رۆشنبیر لە میللەتانی دواکەوتووی رۆژهەڵاتی ئێجگار کەم بوو و نەخوێندەواری و هەژاری و برسیەتی لە سیما دیارەکانی میللەتانی رۆژهەڵات بوو.

محەمەد مەولود (مەم)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا، بەو پێیەی کە ئەرك و وەزیفەی لە شارەوانی هەولێر بووە و لە دەستکەوتەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠)یش، دەستکەوتی ئازادیی رۆشنبیری و گەشەکردنی چاپەمەنیی کوردی بوو، دیارە شارەوانی ئەو سەردەمە دەروازەیەکی دیاری شاری هەولێرێ بوو، بیری لەوە کردۆتەوە، کە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی خۆی بۆ وشیار کردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی هاووڵاتیانی شارەکەی هەبێ و لە دەوری ئەو گۆڤارە خڕیان بکاتەوە، ئەگەرچی بەو پێیەی کە (مەم) خۆی بەهرەی ئەدەبی هەبوو و وەکو چیرۆکنووسێك ناسراو بوو، بەرهەمە بڵاوکراوەکانی گۆڤارەکەش بە پلەی یەکەم ئەدەبین و کەمتر کۆمەڵایەتی و دەنگ و باسی شارەوانیی گرتۆتەوە، ئەمەش شتێکی سەیر نییە، شارەوانییەکی کەم دەرامەت و کەم چالاکیی نەیدەتوانی بە زمانی کوردی و بابەتی جۆر بە جۆری ژیانی مەدەنی خەڵك گۆڤارێکی تایبەت  بڵاو بکاتەوە، بەڵام حەز و خۆشەویستی وشە لە لای سەرەك نووسێن و کارمەندەکانی بەسەر زۆر کۆسپی ئیداریدا زاڵی دەکەن و بە بڵاوبوونەوەی هەر ژمارەییێکی ئەو ئەرك و ماندوو بوونەیان لە بیر دەچووەوە.

دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ژمارەکانی گۆڤاری (سلێمانی)[1] بە ماوەی دوو ساڵ پێش گۆڤاری (هەولێر)، لە شاری سلێمانی ڕێگە خۆشکەر بوو، لە هەمان کاتدا پاڵنەر و هاندانی گۆڤاری (هەولێر)یش بوو بۆ ئەوەی لە زۆر رووەوە سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی ئەوان ببینن، کە بەهەمان شێوە و لەهەمان قەوارەدا شارەوانی سلێمانی بڵاوی دەکردەوە.

گۆڤاری (هەولێر) لە چۆنییەتی کلێشە و گۆشەی تایبەتی و جۆری چاپ و هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەوانیی لاسایی گۆڤاری ناوبراوی کردۆتەوە، نازناوی(خاڵۆی رێبوار)، کە (مەم)

١. گۆڤاری (سلێمانی) لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانییە، بە کوردی و عەرەبی، یەکەم ژمارەی لە مانگی گەلاوێژی ١٩٦٨دا بڵاوکرایەوە. دەستەی نووسەرانی لەم بەڕێزانە پێك هاتووە: محرم محمد أمين و جمال شاڵی و نوری دەشتی و مەحمەد مستەفا کوردی و زیوەر)، بڕوانە: عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، ل ١٣١-١٣٢.

هەندی جار بابەتی پێ بڵاوکردۆتەوە، هەمان ئەو نازناوە لە گۆڤاری (سلێمانی)شدا هاتووە، بەڵام دڵنیاین لە شێواز و شێوەزاری نووسینەکەیدا یەکێکی ترە[1].

(مەم)، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکەوە لە (مایسی ١٩٧٠)وە تامایسی ١٩٧١ سەرەك نووسینی گۆڤارەکە بوو لەو ماوەیەدا حەوت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. بڵاوبوونەوەی گۆڤارێك بەم هەموو دەردی سەری و زەحمەتە کارێکی ئاسان نەبوو، لە (وتاری ژمارە)ی ژمارە (٢، ٣)ی گۆڤارەکەدا سەرەکی نووسین- مەم- نووسیویەتی:

(چەند رۆژێك لەمەوبەر گۆڤاری هەولێر، لە دایك بوو، وەکو چوزەرەییێکی تازە سەری لە ژێر بەستەڵەك و بەفر و باری رۆژانی سەخت و پڕ مەینەتی بەرز کردەوە.. بۆ ژیان.. وەك گزنگی رۆژ بە هەموو ولاتدا رووناکی بیروباوەڕی چاکی پەخش کرد.

بێگومان ئێمە هەر لەو رێگایەوە دەستمان داوەتە قەڵەم و هەر بە هیوای ئەو رووناکییە و لەبەر تیشکی ئەو بیروباوەڕانە، بەرێوە ئەڕۆین، بەرەو ژیانێکی باشتر، لە نیشتمانێکی سەربەرز و ئازاددا.

ئەگەرچی هەنگاوی یەکەم لە ژیاندا ئاسان نییە و لە رێگاش، مرۆڤ لەوانەیە تووشی کەند و کۆسپ و درك و داڵ بێتن بەڵام مەرج ئەوەیە بتوانین، لەو هەنگاوەوە پاشگەز نەبینەوە و گورجتر و بە گوڕتر بەرەو ئامانج بچین.. ئەوەش دروشمی هەولێرە هەر ئەمەش دروشمی ئەبێت)[2].

لە بارەی پلە و پایەی گۆڤاری (هەولێر) لەو سەردەمەدا پرسیارمان لە (پیربال مەحمود)ی شاعیر کرد، کە ئەوکاتە کارمەندی شارەوانی و لە کادیرەکانی ئەو گۆڤارە بوو، پێی وتین: ( ئەو سەردەمە هیچ گۆڤاری دیکەی رۆشنبیری و ئەدەبی لە مەیدانەکەدا نەبوو، ناچار رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە وەکو عەبدوڵلا پەشێو و عەزیز گەردی و جەمیل رەنجبەر و حەمە کەریم هەورامی و محەمەد حەسەن مەنگوڕی و کەریم شارەزاو د. خورشید دزەییو یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی و چەندانی دی دەهاتن سەردانی گۆڤارەکەیان دەکرد و بەرهەمی ئەدەبیی خۆیان لە بۆ دەهێناین و گۆڤارەکەش زۆرجار بە خۆم دەچووم لە قەیسەری و لای پیاوە دەوڵەمەندەکان دەمفرۆشت و دەیانکڕی، نەوەکو لەبەر ئەوەی خوێندەوار بوون، نەخێر،

---

١. بڕوانە: گ سلێمانی ، ژ ٢، س ١٩٦٩، ٢، ل ٣٨.

٢. سەرەکی نووسین، گ هەولێر، ژ ٢، س ١، ل ٣.



زۆربەیان هەر نەیاندەزانی بە کوردی بخوێننەوە، بەڵام لە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیانکڕی و دەیانزانی ئیشیان بە شارەوانی دەبێ، ژمارەی خوێندەواری کورد ئەو رۆژە کەم بوو.)[1]

کزی هۆشیاری نەتەوەیی و رۆشنبیری بە ئاسانی لە شاری هەولێری ئەو سەردەمە هەستی پێدەکرێ و خەڵك زیاتر خوێندنی بە عەرەبی بوو لە ئاست بە کوردی نووسین و وشەی کوردی ترس و سام دایگرتوون.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە گۆڤارەکە لە پاڵ نووسینی کوردیدا لە زۆربەی ژمارەکانیدا بە زمانی عەرەبیش چەندین بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیریی بڵاو کردۆتەوە دیارترین ئەو نووسەرانەی لەوێ بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە گەنجەکانی ئەو رۆژەی هەولێر بوون، لەوانە نزار جرجیس و طارق ابراهیم شریف و ناصر یوسف و زبیر بلال اسماعیل و..هتد.

شایانی ئاماژە پێکردن و پێزانینیشە، کە قەڵەمی چەند ئافرەتێکیش لە گۆڤارەکەدا دیارە، لەوانە: (کوردستان موکریانی و گەلاوێژ شفیع و دایکی سۆران و جەمیلە ئیبراهیم و سوڵتانە عەبدولوەهاب و ئیمان و سامیە چاوشلی و..هتد. کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسینیان بڵاوکردۆتەوە.

سەرچاوەی ماددی گۆڤارەکە بەشێکی لەلایەن حکومەتەوە، شارەوانی دابینکراوە، بەشێکیشی بە پیتاك کۆکردنەوە لە بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شار بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو، هەروەکو (طارق ابراهیم شریف) دەڵێ: (گۆڤارەکە پاداشتی نەبوو چەند نووسینێکم لەوێ بڵاوکردەوە هیچم وەرنەگرت)[2].

زۆر کەم ئاگاداری و ریکلام لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی (التآخي)[3] لەو کاتەدا وەکو رۆژنامەیەکی سیاسی خوێنەری زیاتر و هەواڵی گەرما و گەرمی لە هەگبەدا بوو.

---

١. چاوپێکەوتنی پیربال مەحمود، ٢٠٠٠/١١/٦ لە هەولێر.

٢. چاوپێکەوتنی طارق ابراهیم شریف، ٢٠٠٠/١١/٦ لە هەولێر.

٣. رۆژنامەی التآخي رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانە بوو لەبەغدا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاودەکرایەوە. خاوەنی ئیمتیازی صالح یوسفی بوو، لەرۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩دا یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. پاشان لە ١٩٦٨/١١/١٨دا وەستا، پاش بەیاننامەی (١١)ی ئادار لە١٩٧٠ دووبارە بڵاوکرایەوە و تا ساڵی ١٩٧٤ درێژەی کێشا.

گۆڤاری هەولێر دوازدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە:

**ساڵی یەکەم:**

(٦)ژمارە لە (٤) بەرگدا، ژمارەکانی (٢و٣) و (٤و٥) لە یەك بەرگدا بڵاوکراونەتەوە و ژمارەکانی (١) و (٦) بەتەنیان، ژمارە (٦)ی بۆ یادی جەژنەکانی (ئادار) و (نەورۆز) تەرخانکراوە.

**ساڵی دووەم:**

(٥) ژمارە لە (٤) بەرگدا بڵاوکراوەتەوە.

**ساڵی سێیەم:**

(١) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لە ساڵی دووەمدا دەستەیەکی تازەی لە نووسەران بۆ دانراوە، کە بریتی بوون لە:

(ئەندازیار عبدالوهاب حەسەن سەرۆکی شارەوانی. ئەندازیار عبدالمجید حەسەن. زبیر بلال، مەغدید سۆران، پیربال مەحمود)[١].

لاپەڕەی ژمارەکانی گۆڤارەکە وەکو یەك نییە و جێگیر نییە لە نێوان (١٢٠، ٩٦، ٧٢، ٦٤) لاپەڕەدایە، کلێشەی گۆڤارەکە لە بەرگی پێشەوەدا جێگیر و نەگۆڕە، کە بریتیە لە قەڵا و منارەی چۆڵی و لەمدیو و لەم دیوی گوڵە گەنم و گەڵایەکی توتن بە دی دەکرێت و لە سەرەوە بە ئینگلیزی ناوی هەولێر نووسراوە و لە لای خوارەوەیش بە گەورەیی (هەولێر)و بە بچووکتر نووسراوە (شارەوانی هەولێر مانگێ جارێك دەری ئەکات)، نەخشە و کلێشەی بەرگەکەی دەستکردی هونەرمەند (سلێمان شاکر)ە و لە ژمارە (٦)دا کلێشەی گۆڤارەکە گۆڕاوە، وێنەی قەڵا بچووك کراوەتەوە و لە دوورەوە دیارە، وێنەی منارەی هەولێر بە گەورەیی و لە نزیکەوە دیارە و سێیەکی بەرگەکەی گرتۆتەوە. لە ژمارە(٣و٤)ی ساڵی دووەمەوە تا کۆتایی کلێشەیەکی تری وەرگرتووە، کە بریتییە لە ناوی هەولێر و بازنەیەك لە ژێریدا لە ناوەڕاستی گۆڤارەکەشدا هێڵێکی رەشی پان بە شێوەیەکی ستوونی، ئەم کلێشەیە لە دەستکردی هونەرمەند و خۆشنووس (زادە)یە.

نرخی گۆڤارەکە سەرەتا لە ژمارە (١) بە (٧٠) فلس بوو پاشان لە ژمارە (٢و٣)ەوە بووە بە (١٠٠) فلس.

---

١. محەمەد مەلوود مەم، شارەوانی و گۆڤاری هەولێر، لە کتێبی هەولێر ١٨٨٥-١٩٨٥، ل ٢٢٧-٢٤٠.



لە رووی هونەرەکانی رۆژنامەوانییەوە، بە تایبەتی لە رووی بەکارهێنانی (وێنەی رۆژنامەوانییەوە) لاوازە و زۆر کەم سوود لە وێنە وەرگیراوە، کە وێنەی رۆژنامەوانی دەتوانێ لە رۆژنامەوانییدا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ، لە هەمان کاتدا بەشداری لە زیاتر ناساندنی نووسەرەکان بە جەماوەرەوە بکات. تەنانەت کۆمەڵێك لە لێکۆڵەرانی بواری رۆژنامەوانی لەو باوەڕەدان رەنگە وێنەیەك بەقەد سەدان وشە مانا بدات و باشتر و کاریگەرتر مەبەست بە خوێنەر بگەیەنێ، کە بەداخەوە رۆژنامەوانی کوردی چ لە کۆن و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا نەیتوانیوە سوودی تەواو لەو شێوازەی رۆژنامەوانی وەربگرێت، کە لە مێژووی رۆژنامەوانی جیهانیدا بۆ سەدەی حەڤدەهەم بۆ ئەوروپا دەگەڕێتەوە و پاشان لە رێگەی بڵاوبوونەوەی ئامێری چاپدا زیاتر گەشەی کرد و بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ) لە ١٩٠٨ لە رۆژنامەوانی کوردیدا بەکارهاتووە[١]، تەنانەت وێنەی کاریکاتۆریی لەرۆژنامەوانی سەردەمدا بۆ دەربڕینی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی رۆژ سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا کێش دەکات و تا رادەیەکی زۆریش رەواج بۆ رۆژنامەکە پەیدا دەکات و تیراژی رۆژنامەکە روو لە زیادی دەکات.

لە رووی تیپەکانی چاپەوە، هەست بە جۆری جیاوازی تیپەکان و شێوە و قەوارەیان لە ژمارەکاندا دەکرێت، ئەمەش هۆیەکەی ئەوە بوو گۆڤارەکە چاپخانەی تایبەتی هۆی نەبوو بە گوێرەی پێویست هەر جارەی لە چاپخانەیەکدا چاپکراوە، لە چاپخانەکانی (شارەوانی کەرکوك و چاپخانەی کوردستان، الغری الحدیثة).

لە رووی نەخشەسازییەوە، قەوارەی گۆڤارەکە (٢٢ x ١٦)سانتیمەترە و درێژی دێڕەکانی (١١)سانتیمەترە و پاشان بوو بە (٢١ x ١٥)سانتیمەتر لە هەندێ شوێندا. زەخرەفەیەکی ساکاری چاپی بەکار هاتووە. (مانشێت)ی وتارەکان بە هێڵی (بۆڵد) نووسراوە و خۆشنووسیی تێدا بە کارنەهاتووە. هەر ژمارەیەکی بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بڵاوکراوەتەوە.

---

١. لە بارەی مێژوو و گرنگی وێنەی رۆژنامەوانیی بڕوانە:

http://www.islamonline.net/iol-arabic/dowalia/fan-_37/alrawe1.asp

فوئاد عەلی ئەحمەد، مێژووی وێنە لە رۆژنامەوانیی کوردیدا (١٨٩٨-١٩٣٩)، گ رۆژنامەنووس، ژ ١، ٢٠٠٤، ل ١٦٣- ١٧٩.

نـاوەڕۆکی گۆڤارەکـە بـە شـێوەیەکی گـشتی ئەدەبییـە[1]. ئەگەرچـی هەنـدێ بابـەتی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و زانستی و گۆشەی تایبەتی بۆ ئافرەتان تێدایـە، بـەڵام زۆربـەی لاپەڕەکانی بەرهەمی شیعر و چیرۆك و وتاری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبین، تەنانەت گۆڤارەکە لە ژمارە (یەك)دا، لە (بانگەوازێك)دا بۆ نووسەران داوای بەرهـەمی ئـەدەبییان لێـدەکات، بێئەوەی کە ئەوەی لەبـەر چـاوبێ بابـەتی کۆمـەڵایـەتی و مێـژوویی و تایبـەت بـە کـار و چالاکییەکانی شارەوانی و شارەکەی بۆ بنێرن[2].

گۆڤارەکە پرۆژەیەکی دیکەشی هەبوو، ئەویش بڵاوکردنـەوەی نامیلکـەی (قـەڵاتی هـەولێر و پرۆژەی رێکخستنی)[3] وەکو هەنگاوی یەکـەم بڵاوکـردەوە، ئەگـەر دەرفـەتی هەبوایـە و تەمـەنی گۆڤارەکە درێژتر بوایە رەنگە نامیلکەی دیکەشی بە دوادا بهاتایە.

## (مەم) و (خاڵۆی رێبوار) و تەنزی کۆمەڵایەتی:

یەکێ لە توانا شاراوەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە، کە دەتوانێ وشە و رستە بـۆ واتایـەکی جیاواز لە واتا و مەبەستیی راستەقینەی خۆی بە کاربێنـێ. ئـەم شـێوازە نووسـینە، تـەنز ئامێز و گاڵتەجاڕییـە رەخنەییـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا مێژوویـەکی دێرینـی هەیـەو تەنانەت ئەرەستۆ لە کتێبی (پیوتیکا)دا ئاماژەی بـۆ کـردووە و لـە سـەردەمی یۆنـانی و رۆمانیدا سەرنجی راکێشاون.

پاشتر لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی هزر و ئاوەزی مرۆڤ هۆکارێکی گـرنگ بـوو بـۆ دەربڕینـی مەبەستی شاراوە و رێگەیەك بوو بۆ دەربڕینی زووخاوی دڵ و پـەردە هـەڵماڵین لەسـەر چـەوت و چەوێڵییەکانی رەوشت و ئاکاری مرۆڤ و ناهەموارییەکانی کاربەدەست و دەستەڵاتە سیاسـییەکان، بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە هەموویان بێنێتە پێکەنین ئەو ساتە و دەتوانێ وایان لێبکات بە خۆیانـدا بچنەوە و هەندێ جارییش رق و توڕەییان بوروژێنێ.

١. حەمە سالح فەرهادی، ژمارەی بابەتە ئەدەبییەکانی هەر دوازدە ژمارەکەی دەستنیشانکردووە، بڕوانە: حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسی، ل ١٢٣-١٢٤.

٢. بۆ دەقی بانگەوازەکە بڕوانە: قەڵاتی هەولێر و پرۆژەی رێکخستنی، هەولێر، ١٩٧١.

٠٣ مەجید عومەر، قەڵاتی هەولێر و پرۆژەی رێکخستنی، هەولێر، ١٩٧١.



ئەم شێوازە تەنز ئامێزە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی رۆژنامەوانیی زیاتر گەشەی سـەندو بـووە بەشێك لە ئـەرك و پـەیامی رۆژنامەنووسـی و لـەجیاتی وێنـەی کاریکـاتێر بـووە وشـەی نووسراو و خوێنراو.

لە رۆژنامەوانیی عەرەبی لە عیراقدا سەرەتای ئەم سەدەیە و بە تایبـەتی لەگـەڵ حـوکمی ئینگلیز لە عیراقدا دەنگی ناڕەزایی لـە رۆژنامـەوانیی کۆمیدیـدا بـەرز بـووەوە و ژمارەیـەك رۆژنامە و گۆڤاری عـەرەبی بـە زمـانێکی میللـی و بـە شـێوازێکی گاڵتـەجاڕیی بـارودۆخی ناهـەمواری ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیری عیراقییـان بڵاوکـردەوە و ئـەم رۆژنامـە و گۆڤارانەی وەکو: (جحا الرومـی-١٩٢٣، الهـزل-٩٢٤، کنـاس الـشوارع-١٩٢٥، حبـز بـوز-١٩٣١، الفکاهە-١٩٦٣)[1] جەماوەرێکی زۆریان هەبوو و بە ژمارەی زۆر چاپ دەکران، لە دوو توێی لاپەڕەکانیاندا راستی و گاڵتە و رەخنە و خەیاڵیان تێکەڵ دەکرد.


١. بۆ زانیاری لە بارەی ئەم رۆژنامە و گۆڤارە کۆمیدییانەوە بڕوانە:

السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية، ج١، ط٣،١٩٧١،ص١٠٧.

خالد حبيب الراوی، من تاريخ الصحافه العراقيه، ص٢٦-٣٥.


هەولێر
چاپخانەی كوردستان – هەولێر
٢٥٨٣ ی كوردی ( ١٩٧١ ) ی بوونی




HEWLER
هەولێر
شارەوانی هەولێر مانگی جارێك
دەری ئەكات

لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، گۆشەی (ئەلف و بێ)ی مارف بەرزنجی لە ژمارەکانی گۆڤاری (**شەفەق**)[1] دا شێوە نووسینێکی تەنز ئامێزی سەرنج ڕاکێشە و چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا سەرکەوتووە و ڕەخنەکانی مەبەستدارن.

من وای بۆ دەچم، **محەمەد مەولود (مەم)** وەکو ڕۆشنبیرێکو خوێنەرێکی ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبیەکان ئاگای لە گۆڤاری (الفکاهە ١٩٦٣-١٩٧١)[2] و شێوە تەنز ئامێزەکانی (**مارف بەرزنجی**) هەبووە و خوێندوونییەتەوە، بەڵام ئەوەی شایانی سەرنجە، بابەتەکانی خاڵۆی ڕێبوار (مەم) بە زمانێکی میللی یان شەعبی نەنووسراون و کۆمەڵێ کاریکاتێری نووسراون، کەم و کورتییەکانی فەرمانگەکانی هەولێر و هەندێ داب و نەریتی دواکەوتووی خەڵکی شارەکەی بە شێوەیەکی کۆمیدی دەربڕیون و هاوارێکە بۆ چاککردنیان.

هەوڵدەدەین نموونەی ئەو بابەتانەی گۆشەی (**خاڵۆی ڕێبوار**) پیشان بدەین:

**بانگێك لە بەڕێوەبەری پۆلیس:**

(بەڕێوەبەری پۆلیس بانگی هەموو ئەوانە دەکات، لە دانیشتوانی شار کە تائێستا نەیانکردووە بە خوو لە چەقی جادەکان بڕۆن و جوڵانەوەی هاتوچۆ بشڵەژێنن بانگیان ئەکات بۆ

١. گۆڤاری شەفەق گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی بووە، لە شاری کەرکووك بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری عەبدولقادر بەرزنجی بووە، ژمارە یەکی لە (١٥)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە، بەردەوام بووە هەتا ساڵی ١٩٦٢. دەستەیەك لە مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و مارف بەرزنجەیی و عەبدولسەمەد خانەقا و مارف خەزنەدار و عومەر عارف و جەمال خەزنەدار بەڕێوەیان دەبرد. وە لە ساڵی ١٩٥٩ لە ژێرچاودێری محەمەدی مەلا کەریم و حەمید عوسمان و گۆران چاپکراوە، لە پاشان ئیدارەی گواستراوەتەوە سلێمانی و ناوی بووە بە (بەیان) بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ل ٦٥.

٢. ئەم گۆڤارە (الفکاهة) خاوەنەکەی (حمید المحل) بووە و سەرنووسەرەکانی مەحمود بهجت و رشید النجار بوونە و لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچووە و لە ١٩٧١/٤/١٣ وەستاوە و پاشان لە (١٩٧١/٥/٦)ەوە دووبارە بڵاوبۆتەوە، بڕوانە:

زاهدة ابراهیم، کشاف الجرائد والمجلات العراقیة، ص٢٩٨.



ئەوەی خەڵاتیان بکات، بڕوایشی بە قسەی هەموو ئەوانە هەیە کە بۆ خەڵات وەرگرتن موراجەعەت ئەگەن و پێویستیش بە شاهێد هێنان ناکات)[1].

**بانگەوازێك و (٣) خەڵات:**

( شارەوانی هەولێر ئەم (٣)خەڵاتەی تەرخان کردووە و بەم پێیەی خوارەوە دابەش ئەکرێن:

١- تفەنگیکی ساچمە بۆ ئەو دایك و باوکانەی منداڵەکانیان بە (دار لاستیك) گڵۆپی شەقام و کۆڵانەکان ئەشکێنن، چونکی دارلاستیك بە چاکی بۆ ئەم کارە دەست نادات، هەروا بەردەقانیش بۆ داپیری ئەوانەی داپیریان بەرحەیاتە.

٢- جووتێك (مراوی) ڕەنگاوڕەنگ بۆ ئەوانەی بە هۆی ئاوی پیسی ماڵەکانیان گۆمیان لەبەر دەرگاکانیان درووست کردووە.

٣- بۆ ماوەی ساڵێك (عەفو کردن) لە پارەی ئاو و کارەبا بۆ ئەوانەی شەوان کارەبا چەنگاڵ ئەکەن و ئەوانەی سەعاتی ئاو و کارەبای ماڵەکانیان وەستاندووە.

وەبانگی هەموو ئەوانە ئەکات کە ئەم مەرجانەی سەرەوەیان (کامیل و موکەمەلن) بفەرموونە شارەوانی و خەڵاتەکانیان وەربگرن، هیچ شەرمیشی پێناوێ الحمدللە پیاون و بە تایبەتی لەم ڕۆژانەش خۆشوکور شەرم هەڵگیراوە.)[2].

**بازرگانی:**

ئەڵێن لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە فەڕەنسا گۆشتی بۆق لە گۆشتەکانی تر بە نرخ ترە! لە هەولێریش خوا بە زۆری نەبینێ لە هەر کۆڵانە و گەڕەکێك گۆمێك هەیە و بە هەزاران بۆقیان تێدا ئەژین.

بیری ئەوەم ئەکردەوە کە بۆچ مرۆڤ قازانجێك لەمە وەدەست نەهێنێ؟ من زۆر پێم خۆشە ئەگەر (ادارەی محلی) و(شارەوانی)ماوەم بدەن بۆ خۆم (شرکەتێك) دروست بکەم بۆ (تصدیری) ئەم بۆقانە بۆ دەرەوە، تا قازانجێك وەچەنگ بهێنم.. بڕوا ناکەم بۆ ئەم کارە (دکتۆری صحەی شار)یش ڕازی نەبێت بە هۆی ئەوە کە ئەڵێن گوایە وجودی باشە بۆ لەناوبردنی مێشوولە و مەگەز!.. ئەرێ ئێوە ئەم بازرگانییەتان پێ چۆنە؟[3]

١. خاڵۆی ڕێبوار، گ هەولێر، ژ ١، ل ٣٤.

٢. خاڵۆی ڕێبوار، گ هەولێر، ژ (٢،٣)، ل ٢٢.

٣. خاڵۆی ڕێبوار، گ هەولێر، ژ (٢-٣)، ل ١٨.

**ئەیەوێت چارەی (خەسووی ) بکات:**

لە ڕێگامان بەرەو (سێتاقان) لەناو (لانکەکانی.. بڵێم پاسەکانی مەسلەحە) بەرامبەر دوو ئافرەت دانیشتبووم، یەکێك لای ئەویتر سکاڵای لە خەسووی ئەکرد، کە.. چەند لە دەستی بە ئازارە و.. چۆن ژیانی لە خۆی و منداڵەکانی تاڵ کردووە!!.. لە دواییشدا لەخوا ئەپاڕایەوە کە یان چاکی بکات یان لە کۆڵی بکاتەوە؟!..

ئافرەتی دووەمیان بە کڕی گوێی گرتبوو.. هەر کە ئەو لە سکاڵاکەی بووەوە سەری بردە بنا گوێی و بەدەنگ پێی گوت:

– خوشکم بە تکا و نزا چی ئەکرێت، خەسووەکەی منیش وەکو ئەوەی تۆ بوو.. هەر گەیاندمە (خەستەخانە)، بە ئاسانی و بۆ یەکجاری کپ بووا!! ئەزانی چۆن؟.. خەستەخانە کە هەر سروشتی وایە ئەگەر یەکێك بچێتە ئەوێ لەبەر بێ عیلاجی و بێ ئاگایی..و یان لەبەر پیسی و دژوینی لەناو نەچێت، بێشك.. لە برسانا حەیاتی لەبەر ئەبڕێ.. جا ئامۆژگاریم ئەوەیە بە قسەی خوشکی خۆت بکەی و خەسووەکەت زوو بگەیەنە خەستەخانە.

ئافرەتەکە.. سەردەمێك داما، وام بۆ هات کە خەریك بوو لە خۆشیا هاوار بکات!!.. کەچی لەبنەوەش سەیری منی کرد، منیش سەرێکم بۆ هەژاند، وەکو پێی بڵێم:

بەقسەی.. دەستە خوشکەکەت بکە.. بەقسەی دەستە خوشکەکەت بکە!!.. لە ڕاستیشا من قسەی هەردوو ئافرەتەکەم لە کونجی (مەکری ژنان) تۆمار کردن، چونکی باوەڕ ناکەم.. خەستەخانەکەی هەولێر وەکو ئەڵێن نەرمەی گۆشت بۆ خۆیان بخۆن و هێلکەکان بدەن بە نەخۆش.. نەخێر من ئەڵێم ئەمە بوختانە.. نازانم ئێوە چی ئەڵێن؟![1]

١. خالۆی ڕێبوار، گ هەولێر، ژ ٢-٣، ل ١٩.



# ئەنجام:

محەمەد مەولود(مەم) وەکو ڕۆشنبیرێکی دیاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیی و چیرۆکنووسێکی  بە توانا هەر لە کۆتایی پەنجاکانەوە جێپەنجەی بە سەر دنیای چیرۆکی کوردیدا دیارە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە وەکو دەروازەیەك توانا و بەهرە و شارەزایی ڕۆژنامەوانیی ئەو ڕۆشنبیرەی ڕوونکردۆتەوە لەوەی، کە هەر لە تەمەنێکی زووەوە لە ساڵی (١٩٤٨)دا، کە تەمەنی (٢٢) ساڵان بوو پێوەندی بە ڕۆژنامەوانیی کوردییەوە کردووە.

پاشتر، لە پەنجاکان و دواتر لەگەڵ گۆڤارەکانی هیوا دەفتەری کوردەواری و هاوکاری و بەیان و کاروانیدا بەشداری کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٠دا بە هەوڵی (مەم) و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر (سەعدی دزەیی) گۆڤاری (هەولێر)ی بڵاوکرایەوە و خزمەتێکی زۆری باری ڕۆشنبیریی ئەو ڕۆژەی کردووە، بە تایبەتی کە تاقە گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی هەولێر بوو، لە کۆکردنەوەی نووسەران و هوشیارکردنەوەی جەماوەری شار لە باری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی سەرەتای ساڵانی حەفتادا.

گۆڤارەکە لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە، بە کەمی ئیمکانیاتی ماددی خۆیەوە لە بەرهەم و چاپکردن و نەخشەسازیدا، بەڵام پلە و پایەیەکی ئەدەبیی خۆی هەیە، کە بەرهەمی(هێمن) و(هەژار)ی شاعیری زیاتر بە خوێنەرانی ناساند، بۆ لێکۆڵینەوەی باری ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی شاری هەولێر لە سەرەتای حەفتاکاندا سەرچاوەیەکی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی بە کەڵکە و بایەخی خۆی هەیە، لێکۆڵەر ناتوانێ پشتگوێی بخات.

## سەرچاوەکان:


١- بە زمانی کوردی

**ا- کتێب**

- تەحسین چیچۆ و شێرزاد هەینی، هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا ١٨٨٥-١٩٨٥، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٥.
- جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣
- حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
- عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥.
- محەمەد مەولود مەم، چیرۆکەکانی مەم، ب١، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٧٠.
- مەم و ئافەرین، گوڵەبەڕۆژە، کۆمەڵە چیرۆکی منداڵان، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨١.
- محەمەد مەولود مەم، چیرۆکەکانی مەم، ب٢، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٤.
- محەمەد مەولود مەم، پایزە خەون، دار الحریە للطباعة، بەغدا، ١٩٨٧.
- محەمەد مەولود مەم، رێگا، پاکنووسی و ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ، ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجەیی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤.
- هیمدادی حوسێن، رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.

**ب- رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە:**

- گ دەفتەری کوردەواری، ژ ١، بەغدا،١٩٧٠.





- گ سلێمانی، سلێمانی، ١٩٦٨-١٩٧٠.
- گ شەفەق، کەرکوك، ١٩٥٨- ١٩٥٩.
- گ کاروان، ژ ٢، هەولێر، ١٩٩٢.

ژ١٥٢، هەولێر،٢٠٠٠.

- گ گەلاوێژ، ژ ٣، س ٩، بەغدا، ١٩٤٨.
- گ مەم، ژ ١، هەولێر،١٩٩١.
- گ هەولێر، ژ ١-١٢، هەولێر، ١٩٧٠-١٩٧٢.
- بڵاوکراوەی رۆڤار، ژ ٢، سلێمانی، ١٩٩٩/٦/٥.

**پ- نامەی ماجستێر:**

- طالب محمد أحمد، لێکۆڵینەوەیکی رەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود (مەم)، (چاپ نەکراو)، کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، ١٩٩٣.

**ت- چاوپێکەوتن:**

-چاوپێکەوتنی پیربال مەحمود، هەولێر، ٢٠٠٠/١١/٦.

-چاوپێکەوتنی طارق ابراهیم شریف، هەولێر، ٢٠٠٠/١١/٦.

**ـ بە زمانی عەرەبی**

- زاهدة ابراهيم، كشاف الجرائد والمجلات العراقية، مراجعة عبدالحميد العلوجي، بغداد، ١٩٧٦.
- السيد عبدالرزاق الحسني،تاريخ الصحافة العراقية، ج١، ط٣، مطبعة العرفان، صيدا- لبنان، ١٩٧١.
- د.كاظم المقدادي، البحث عن حرية التعبير، ط١، منشورات العالم العربي في باريس، ١٩٨٤.

# لەعنەتی سنوور و چیرۆکەکانی مەم

**عەبدولڕەزاق بیمار**
**چیرۆکەکانی مەم**
**(چاپخانەی ئەسعەد — بەغدا)**
**١٦٠ ل، ساڵی ١٩٧٠**

هونەرمەند لە ژیانی هونەریدا کە گەیشتە پلەیێك چاو بەکردەوەیا بگێڕێ و سەربەستانە کەرەستەکانی هەڵبژێرێ و هێڵێك بکێشێ کە بەسەر شوێنیا بۆ ئامانجێکی دیاریکراو سەر هەڵگرێ و بکەوێتە سەودا -معاملە- لەگەڵ هەموو گەوهەرێکی ماددە هونەرییەکەی، لام وایە بەسەر کردەوەکەیا زاڵە، وە لە جفزی تەسکی نموونەپەرستی هاتۆتە دەرێ.. بەتایبەتی چیرۆکنوسێك کە کەوتبێتە سەر ئەو زەوییەی هەوڵی دیارکردنی هێڵی بیر و لێکدانەوەی دابێت و لەسەر ڕۆشنایی ئەمەوە کەسەکان و هەڵسوکەوتیان دیار بکا و بنچینەی دیواری چیرۆکەکان بەم پێیە هەڵچنی، لام وابێ چیرۆکنووسێکی بەتوانایە و قۆناغی زۆری لە کاروانی پیشەی چیرۆکنووسیدا بڕیوە.

سەردەمێك چیرۆکنووسەکانمان خەریکی چەسپاندنی پایەی چیرۆك بوون لە ئەدەبی کوردیدا، ئینجا کە ئەمە بەیەکەم قۆناغ دابنێین، بێگومان پەسندی ڕەنجی فەرهادیشیان ئەکەین، دوای ئەوە قۆناغی دووەم هاتە پێشەوە، کە قۆناغی بژار و هەڵبژاردن و سەودایە. لێکدانەوە و شێوەی هونەریی چیرۆك بەگشتی گۆڕدرا، لە ئەنجامدا لە شێوە تەقلیدییەکان ڕزگار کرد و کەوتنە خۆ بۆ وەدەسهێنانی شێوە تازەکان. ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی (محەمەد مەولود) یەك دوانێکی نەبێ، ئەگینا ئەوانی کەی هەنگاوی گورجی قۆناغی دووەمن. (مەم) تیایانا، یەکسەر هاتووە ئادەمیزادی وەرگرتووە و رووەکانی تیشکدار کردووە، بەلاّم نەك ئادەمیزادێکی (نەتەوە) و (سروشتی کورد) و (هەژار و خۆنەگر). ئادەمیزادێکە بەر لە هەموو شت لەلایەن خواوە وەکو ئەفسانە کۆنەکان گوتەنی) لەعنەتی لێ کراوە، بەلەعنەتێك کە ناوی ناوە (لەعنەتی سنوور) گێژ بووە، کەوتووە، هەڵساوەتەوە، ڕوو لە ئاسمان ئەکا ڕوو ئەکاتەوە خۆی: بۆچی ئەم لەعنەتە؟ تاکەی ئەم لەعنەتە؟

کوردێکە کە هەنگاو ئەهاوێ، پێوەندی سنوور زڕەی لێ هەڵئەستێ! کە بیر بەرەڵلاّ ئەکا قەفەسی سنوور ئەیقۆزێتەوە! لەودیو بوو، سنووری شکاند و پێی نایە ئەم دیوە بەلاّم (لەم



دیویش بێ ئەوەی کەس هەر نانێکی پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت.. ل ٨٥) ئەو لەعنەتە لەو ڕۆژەوە دەس پێ ئەکا کە کۆرپەی ساوا بەسەر باوەشی دایکییەوە لەگەڵ ڕێچکەی دەربەدەراندا (لەبەر زەبر و لەناو زۆرداری دوژمن کەوتبوونە سەر ڕوو لە سنوور بۆ ئەو دیو ئاوا ئەبوون) وە ئەو ساوایەش (لەو ڕۆژە پڕ خوێن و پەژارانەدا پێی نایە دنیاوە وەکو ڕقەبەری بکا لەگەڵ ڕۆژگار و بیەوێ مەیدان پڕ بکاتەوە بۆ تۆڵە.. ل ١٤) ئیتر سنوورەکە هەر ئەو هێڵە نییە کە سیاسەت کێشاویەتی و ولاّتێکی پێ لە ولاّتێکی کە جیاکردۆتەوە و هاتوچۆی خزم و کەسوکاری بۆ لای یەکتر قەدەغە کردووە و بەس، وەیا هەر وەکو کەمێك دروشمی ئەم کارە لە چیرۆکی (ئەگەڕێمەوە ولاّتم)دا دەرئەکەوێ کە تەنیا ژەهری لەعنەتەکە لەوە دایە کە سنوورەکە ئادەمیزادەکەی ون کردووە و تێکی شکاندووە بەتەنیا، بەڵکو شتی گەورەتریشە، ڕەمزی دیلیەتی و نموونەی بۆگەنی ناو کۆمەڵ و هالاّوی دۆزەخی ژیانیشە، ئیتر لەمەوە سەر هەڵئەدا بۆ بیروباوەڕی پێشکەوتوو و جێگیر. ئەو کوردەی کە وڕ و کاسی لەعنەتی سنوورە، کە لە هەموو چیرۆکەکانا، ئادەمیزادێکە، ئەندامێکی کۆمەڵ و چینێکە، ڕێگای تێکۆشان و خەم و هیوا و ئاواتی ئەوەندە زۆرە کە کردوویە بەقارەمانی ژیان.

خوێندەوار، ئەتوانێ هەڵسوکەوتی لەعنەتی سنوور لە چیرۆکەکانی (ئاسۆ و دووچاوی لێڵ و تۆڵە و بێ ولاّت و ئەگەڕێمەوە ولاّتم و نامەیێك بۆ بەندیخانە)دا هەنگاو بەهەنگاو هەست پێ بکا. ئیتر ئەزانی تا چ ڕادەیێك چیرۆکنووس لەم بابەتە سەودای لەگەڵ ئادەمیزادی کورددا کردووە. ئینجا ئەگەر لەم چیرۆکانەدا هەندێ جار دۆش دامابێ.. گێژ بووبێ.. شێتانە هەڵچووبێ.. تەنانەت ئەگەر بەلەعنەتەکەش ڕازی بووبێ.. لە (چرای گوندەکەمان)دا ڕێگەی خۆ دۆزیوەتەوە لە ئەنجامی شۆڕشی چەکدارییەوە، گەیشتۆتە سەر لووتکەی (هەڵگورد) کە بەیەك چاو سەیری ئەم دیو و ئەودیو ئەکا و تازە لە لەعنەتەکەی سنوور بەرەڵلاّ بووە و ئەڵێ:

"باییێکی ساردی گەزێنەر لە باکوور نەهات و لە ڕوومان ئالاّکەی سەر ڕەشماڵەکەی ئەلەراندەوە. سەرم هەڵبڕی لە قوولاّیی ئاسمان ڕامام.. ئاووڕێکم لە ڕۆژهەلاّت دایەوە شەفەق تازە ئەپشکووت، کوردستانی ئەودیو هێشتا تەمی بۆری تاریکی بەچاکی لەسەر نەڕەوییوەوە.. گۆڵی (ورمێ) وەك چاوێکی گەورەی لێڵ لە ئاسمان ڕائەما، ڕۆژیش وەکو فرمێسکی خوێنین لە ناویا قەتیس مابوو.. ڕەشەی برادەریشم لەولاوە وەستابوو چەناگەی کردبووە سەر لوولەی تفەنگەکەی لەبەر خۆیەوە گۆرانی سەرکەوتنی ئەگوت. ل ٨٤".

ئینجا ئەم سنوورە ئەو سەرەداوە فیکرییەیە کە چیرۆکنووس بەدەستی گرتووە و لە قۆناغی ئێستادا تێمان ئەگەیێنێ کە خاوەن مەسەلەیێکە و لە هونەری چیرۆکدا شێوەی تازەی دیاریکردووە.

ڕوویێکی تر لە ڕووەکانی (شێوەی تازە)ی چیرۆکنووس سەودای نووسەرە لەگەڵ سروشتدا، کە سروشت لای ئەو هاوکاری ئادەمیزاد ئەکا لە هەست و ڕواڵەتدا، دیمەن و چاوەندازی سروشت بەپێی ئەو تیشکدانەوەیە کە لە چاوی مرۆڤەوە ئەکەوێتە سەری و ڕووناکی ئەکاتەوە دێتە بەرچاو. بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئاسۆ و دوو چاوی لیڵدا) ل ٥ - لە باسی ژنێکی کلۆڵی وەرزدا و لەبەر دوو چاوی لیڵدا دیمەنی سەوز و دارستانی چڕ لە هەموو جوانییێکی ڕۆمانیکیانە ڕووت ئەکاتەوە و ئاوا ئەینوێنێ: "دارستانە چڕەکەی ناو شیویش، دارگوێز و ئەسپیندار و چنارە بالاّ بەرزەکان بەوەرسی بەرەو ژوور هەڵچوو" ل ٥) نیگارکێشی زانا ئەوەندە کە بەخەم دەرخستنی ماکی نیگارەکەیەتی ئەوەندەش وریای (باك گراوند) و پشتەوەی وێنەکانێتی. وە ئاگاداری نەخشاندنی ئەو دەور و پشتە و دەرهێنانی ئەو (جوە) گشتییەیە کە وێنە نە لە چوارچێوەی تاسەریدا سنووردار ئەکا، بۆیە مەمیش لە هەر چیرۆکێکدا ئاگاداری سروشت و دەوروپشتی ڕووداوەکانە کە هەموویان لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدا لەگەڵ وێنەی کەسەکان و ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا بەشداری ئەکەن.

هەر لەو چیرۆکەی سەرەوەدا، کە دایکێکی کلۆڵ لە کۆرپەکەی خۆی وەرزە، ئەو کاتە (پاییزە)! گەلاڕێزانە (بای سارد لە چیاکەوە بەسەر شەقامی چۆڵ و دارستانەکەدا هەڵ ئەکا.. دارەکان بەتوندی ئەهەژێنێتەوە، گەلاّی مردووی ئەهاوێتە سەر سەروگوێلاکی ئافرەتەکە) بەلاّم کە کۆرپەکەی فڕێ ئەدا و بەجێی ئەهێڵێ کۆرپەکەش بەگیانی بێ تاوانی و پاکییەوە. بەوە کە خەلاّتی ژیان و خونچە هەمیشەیی زیندوویەتی ئەگەیێنێ (ئەو کاتە ڕۆژ لە ناوێن ڕیزە دار ئەسپیندار و چنارە بالاّ بەرزەکاندا بەچەپکێك پرشنگی جوان ڕووی - کۆرپەی - لە ڕۆخ شەقام فڕێ دراوی ئەگرتە باوەش لەگەڵ گۆڕانی ڕووداودا - چ دەرەوە و چ ناو دەروون - سروشت ئەگۆڕێ و لەگەڵ پێگەیشتنیا پێ ئەگا و یەکیەتییێکی سەیری ئەندام بابەتیان لە نێواندا هەیە.

بۆ نموونە لە چیرۆکی (تۆڵە)دا -ل ٧٠- کاتێ کە سووتانی گوند و هەلاّتنی خەڵکەکە و هێرشی دوژمنانی باس کرد ئەو کاتە بوو کە (ڕۆژ بەرەو ڕۆژئاوا گەوزی ئەدا و تانەییێکی زەرد و بۆری خستبووە سەر ئەو ناوە).

کە هەموو شت بڕایەوە و گوندەکە بەزی و هێرشبەران زاڵ بوون و جێگیر بوون (ڕۆژ ئەو کاتە مەیدانی بۆ لەشکری ڕەشی چۆڵ ئەکرد ل ٧٤، بەلاّم کە دەنگی تۆڵە دلێرانە سەرکەوتەوە و خەڵکی دێ بەسەر هێرشبەراندا زاڵ بوون و بەیاندا (ڕۆژ بەڕووییێکی گەشتر لە ڕۆژی ڕابردوو سەری لە گوندەکە هەڵ ئەهێنا، ل ٧٨).

گوتمان لە لێکدانەوەدا چیرۆکنووس ڕێگەگیرە (ملتزم)، ئادەمیزادی چیرۆکەکەی وەکو هەویر لەناو دەست گرتووە و بەپێی ڕێبازی خۆی یاری پێ ئەکا، هەر جارە بەجۆرێك کەسم و دروشمەکانی وێنە ئەنوێنێ، جاری وا هەیە بارێکی وای بەکوڵدا ئەدا کە پێی هەڵنەگیرێ، قسەی ئامادەکراوی



ئەوەندە ئەخاتە سەر زمان کە لێی بەگومان بین و تەنانەت بیروباوەڕی بەجۆرێك لە مێشك دەئاخنێ زەحمەتە جێی ببێتەوە، ئەمەش وابزانم هەر لە پێناوی ڕێگەگیرییەکەدایە. -ئەگەرچی ئێرە جێی درێژەپێدانی ئەم باسە نییە- بەلاّم بەختکردنی جوانیی هونەر بۆ ئەم مەبەست و پێناوە بێ جێیە، چونکە ئەگەر ئەم زۆردانە دەم و پیشەکارییە نەبێ ئینجا جوانی هونەر بەتاوتر و بەکارتر ئەبێ. بەتایبەتی کە دان بەوەدا ئەنێین کە نووسەر جڵەوی هونەری لە دەستە و شایانە هەر چۆنێك بیگێڕێ.

جارێ لە ڕووی تەکنیکەوە نواندنی بیر و فەلسەفەی چینایەتی لەسەر زاری چەند کرێکارێکی لادێیی -نەك هی کارخانەجات- و لە چەرخەی کۆلاّنێکدا و لە کاتی کەمدا دروست نییە (چیرۆکی یەکەم ل ٥) دیسان هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕی ژنە کلۆڵەکە و فەلسەفەی ژیان و خۆکوشتن و بیروباوەڕی پیرەژنی (چۆن جووتی ئاغامان بەردا ل ٣٩) و دایکی چیرۆکی (پیاو ل ٩٥) کە ئەوە بزانی خوێندەواری ڕێگای مرۆڤ لە ژیانا دیارئەکا و ڕوونی ئەکاتەوە) نەك هەر ئەوەندە کە بڵێ خوێندەواری باشە و بەکەڵکە.. ئەمانە و گەلێ نموونەی تر بەڵگەی قسەکەمانە.

هەر لەم پێناوەی سەرەوەدا نووسەر بەبێ پەردە هەندێ جار دێتە ناو گونگەری چیرۆکەکە و قسەی خۆی ئەکا. لە هەندێ شوێنی تریشدا ئەنجامدانە دەست بەکارێکی ڕەوا نازانم.

ئەمە وای کردووە هەندێ کەس لە کەسانی چیرۆکەکەدا خۆگرنەبن و هەژار بن، هەروەها شوێنەواری ئەو ڕۆمانتیکیەتەی کە لە سەردەمی قۆناغی یەکەمدا باوبوو، ئێستا جار ناجار وەکو دڕك بە لەشی چیڕۆکەکەوە ئەنووسێ.

کە ئەگەر سەرنج بدەینە چیرۆکی (تۆڵە ل ٧٠) ئەنجام هێنانەوەی شەڕی قارەمانانی خەڵکی دێییێك بۆ پارێزگاری خۆیان و تۆڵەسەندن لەو شالاّو هێنەرانەی کە دێیەکەیان لێ سووتاندن و دەربەدەریان کردن و وەکو چۆلەکە ڕاویان ئەکردن، بەزەماوەندی (کوڕ و کچێك) دوایی دێ کە سەرەڕای دەوری قارەمانێتیان ئەبێ ساغ و سەلامەتیش دەربچن و خەڵکەکە ڕاستەوخۆ بکەونە شایی و هەڵپەڕکێ بۆیان و نازناوی بووکی نیشتمان لە کچەکە بنێن و کۆشکێکی سپی جوانیشیان بۆ دروست بکەن!

* * *

لە دوایی باسدا، ئەڵێم، (چیرۆکەکانی مەم) بەرهەمی چیرۆکنووسێکی هەڵکەوتووە و ئەوەندە زەوییێکی بەپیتی هەیە کە چەندەها لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی تر هەڵئەگرێ، کە هەموشیان نیشانەی درەوشەداری پێنووسی مەمن و گەواهی توانا و لێ وەشانەوەی بۆ ئەدەن لە مەیدانی چیرۆکنووسیدا.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (نووسەری کورد) ژمارە (٢)، ١٩٧١دا بلاّوکراوەتەوە.**

# محەمەد مەولود (مەم)ی چیرۆکنووس ١٩٢٧-١٩٨٧

**کەریم شارەزا**

**سەرەتا:**

ئەگەر (بوون) لە لای مرۆڤی ئاسایی سەرەتای ژیان و (مردن) کۆتـایی بـێ، ئـەوا لـە لای مرۆڤی بەهرەداری هونەرمەند و ئەدیب و لە لای مرۆڤی تێکۆشەر و خزمەتگوزاری نیـشتمان و نەتەوەکەی، مان: دیوی یەکەمی ژیان و مردن: دیوی دووەمیەتی. زۆر جار وا بووە ئـەو جـۆرە کەسانە تەمەنێکی کورتی پڕ لە خزمەتگوزاریی لەسەر دنیا بەسەردەبەن و زوو دەکەونە دنیـای ئەودیو، کەچی دەبینین لە دوای مردن و نەمانیدا، لە ڕێگەی یادکردنەوە و سـوود وەرگـرتن لـە کار و کردەوە باشەکانی و بەرهەمە بەرز و بەنرخەکانییەوە، تەمەنی ئەو ژیانە نەمرەی گـەلێك درێژتر دەبێت لە تەمەنی ژیانی سەر دنیای و، ساڵ بەساڵیش نرخ و بـەها و ڕێـزی لـەناو دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدا پتر دەبێ و باشتر دەچەسپێ.

حاجی قادری کۆیی بەدەربـەدەری و ئـاوارەیی ژیـانی سـەر دنیـای بردەسـەر و لـە ولاتـی غوربەتیدا بەنامرادی سەری نایەوە و تا لە ژیاندا بوو ئەو نرخەی لەناو کـورددا نـەبوو، کەچـی ئەمڕۆ یادی حاجی و دەور و نرخی شیعرە نەتەوەییيە پڕ سۆزەکانی لـە دڵ و دەروونـی هـەموو کوردێکی دڵسۆزدا دەژین.

بێکەسی شاعیر لە ژیانێکی پڕ ئازار و ئەشکەنجە ژیـا و تەمـەنێکی چـل و سـێ سـاڵی بەکوڵەمەرگی بەسەربرد، کەچی تا میللەتی کـورد مـانگ بەئاسمانـەوە ببـینێ، شـیعرەکەی (ئەی مانگ)ی ئەو شاعیرە هەست ناسکەی لە بیر ناچێتەوە و تا ئیمپریـالیزم بەتـەواوی لـە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا لەناو نەچێ، شیعرەکەی (بیست و حەوت ساڵە)ی لـە نـرخ و ڕووەت ناکەوێ.

(گۆران)ی شاعیری نەتەوەی کورد، ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و تفت و تاڵی بەسەر بـرد و، لە دوا دوای ژیانیشیدا بەئێش و ئازاری نەخۆشیی شێرپەنجەوە سەری نایەوە و، تا لە ژیانـدا بوو ئەو نرخەی نەزانرا، کەچی ئەمڕۆ دیوانی شیعرەکانی وەکو کتێبێکی پـیرۆز لـە هـەموو



ماڵە کوردێکدا پارێزراوە و، هۆنراوە بەرزەکانی بوونەتە ویردی سەر زاری هەموو ڕۆشـنبیر و شیعر دۆستێکی کورد.

لە جیهانی چیرۆکی کوردیشدا، تا گەداییێکی برسی بمـێنێ خەڵکەکـە (پێکـەنینی گـەدا)ی (حەسەنی قزڵجی)ی چیرۆکنووس نەمری کوردی لـە بیرناچـێتەوە و، تـا کارەسـاتی جـەنگ لـە دنیایدا بمێنێ و تا سێبەری هەژاریی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە بـێ، ئـەوا چـیرۆکەکانی (برسیەتی بەهێزترە) و (پـەنجا فلـس)ەکـەی محەمـەد مـەولود (مـەم) و دوو کۆمەڵـە چـیرۆکە چاپکراوەکانی[1] و پایزە خەون و[2] ڕۆمانی (ڕێگا)[3]ی ئەم چیرۆکنووسە نەمرەی کوردمـان لـە بیرناچێتەوە و تا ماوین لە گەڵیان دا دەژین.

**محەمەد مەولود (مەم)ی چیرۆکنووس**

(مەم) نووسەرێکی هونەرمەند و دەست ڕۆیشتوو بـوو، لەگـەڵێ بـواری ئـەدەبی وەك وتـار نووسـین و شـیعردانان و کاریکـاتێر نووسـی و چیرۆکنووسـیدا دەسـتی هـەبوو و بـەهرەی دەدرەوشایەوە، بەلاّم لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە، هەروەك زۆر جار لە خـۆیم بیـستووە و لـە بەرگی دووەمی چیرۆکەکانیشیدا نووسیویەتی: "یەکەمین تاقیکردنـەوەم لـە چـیرۆك نووسـین دا دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی (١٩٥١) کـە لـەو کاتـەدا فەرمانبـەر بـووم لـە برادۆسـت و، چـیرۆکی (برسیەتی بەهێزترە)م نووسیوە"[٤].

(مەم) بەم نازناوەی لە (سـاڵی١٩٥٧)ەوە، چـیرۆکەکانی لـە گۆڤـارە کوردییـەکانی وەکـو (هیوا) و (ڕۆژی نوێ) و (بڵێسە) و ڕۆژنامـەی (برایـی)دا بلاّوکردۆتـەوە و لـە دوایـیش دا لـە (ڕۆژی کوردستان) و (نووسەری نوێ) و (کاروان) دا نووسیوە.

بەشێك لە چـیرۆکەکانی وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی و لـە گۆڤـاری (المثقف) و ڕۆژنامەی (التـآخي) و کۆمەڵـە بەرهـەمی ئـەدەبیی (مختـارات مـن الأدب الکـردي) یـەکێتی نووسەرانی عیراق دا بلاّوکراونەتەوە.

مەم یەکەمین چیرۆکنووسی کوردە کە چیرۆکەکانی بۆ زمانی ئەوروپایی وەرگێـڕدرابن و لـە ساڵی١٩٦٥دا کۆمەڵە چیرۆکێکی عێراق کە لە مۆسکۆ بەڕووسـی بلاّوکرایـەوە، چـیرۆکەکانی (پەنچا فلس) و (ئاوارەکان) و (بێ ولاّت)ی چیرۆکنووسی گرتـەخۆی و ئەمـەش لـە وەرگێڕانـی کچە کوردی سۆڤێتی (زاریێ یۆسۆپۆڤا) بوو[٥].

چیرۆکنووس باوەڕێکی بەهێزی بەخاك و مرۆڤی کورد بووە ئەو خاکەی کە پێی تێ چەقاندووە و سەرچاوەی بوون و هێز و ژیان و نەشونومای بووە، چونکە یەکێك بووە لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی و لە گەڵیاندا ژیاوە و لە خۆشی و ناخۆشییاندا هاوبەش بووە، بۆیە چیرۆکەکانی (مەم) نموونەیەکی ڕاستگۆی- ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگەریین و قارەمانەکانیان ئینسانی سادە و ساکاری کۆمەڵی کوردەوارین، چونکە هەرگیز بڕوای بەقارەمانی زەبربەدەست نەبووە و ویستوویەتی لەو جۆرە نموونانە بن کە هەموو ڕۆژێ دێنە بەرچاوی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات[6].

## چیرۆکەکانی محەمەد مەولود (مەم)

(مەم)ی چیرۆکنووس ڕۆڵەی چینێکی هەژاری میللەتەکەی بوو، بەهرەدار و هەست ناسك و ئەندێشە قووڵ بوو، لە مامڵەت کردنیدا لەگەڵ ڕووداوی چیرۆکەکانیدا گەلێك بیر تیژ و سەرنج ورد بوو، نووسەرێکی ڕیالیستی ڕاستگۆ بوو، بەرامبەر بەداب و نەریت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوانی چینە دەستەڵاتدار و چینە ڕەنجدەر و هەژارەکانی کۆمەڵەکەی یاخی بوویێکی بەجەرگ بوو، بن و بنچینەی کاروباری چەوت و چەوێلی ناو کۆمەڵگای کوردەواری دەدایە بەر چەکوشی ڕووخاندن و دەیویست بنچینەیەکی نوێی پتەو و بەهێز بۆ ئەو پەیوەندییانە لە چیرۆکەکانیدا بنیات بنێ و بەڕووناکی (ئاسۆ و دوو چاوی لێڵ)[7]ی خەم و خەفەتی ڕۆژگاری نالەبار (لەسەر شانۆ)ی ژیانی پڕ کارەساتی میللەتەکەی لە گەلێك ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێنی وەکو (مۆمەکەی شەماشە دنحە) ورد دەبووەوە، نارەزایی و پرۆتستۆی خۆی پێشکەش بەدادگای ڕۆژگار دەکرد و بەزمانی (داپیرە)ی لە چیرۆکی (هەبوو و نەبوو)ی گوێ ئاگردانی کوردەواریدا، ڕەوشت و خووی بەد و ناپەسندی (مام گورگ)ی بۆ منداڵانی کورد دەگێڕایەوە و (تۆڵە)ی هەزاران تاوانی پیس و چەپەڵی لێ دەکردەوە.

مەم خۆی (پیاو)ێکی (بێ وڵات) نەبوو، وڵاتێکی تا بڵێی جوان و ڕازاوە و شیرینی هەبوو بەڵام ئاوارە و دەربەدەری زۆریی و ستەمی ڕۆژگار و چەرخی چەپگەرد بوو و، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە (دەگەڕێمەوە وڵاتم)، وڵاتی پڕ لە خۆشی و بەختەوەریی و تاکو لە ڕۆخ (شەقامی گەورە)ی شارەکەیدا (قووچکە)ی هوڕێنەی خەونەکانی دروست بکات، بەڵکو لە دوا ڕۆژدا بۆی بەڕاست دەگەڕێن.



چیرۆك نووس، هونەرمەندێکی بەهرەداری سەرنج تیژی لێهاتوو بوو، بەچاوی بیر و لێکدانەوە، لە دەردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی میللەتەکەی ورد دەبووەوە و دەیزانی کارەساتی کوشتن دیاردەیەکی سامناکە لە ژیانی کۆمەڵەکەیدا و دەست لە بینە قاقای خەڵکەکە دەنێ و لە ناویان دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا بوو کە لە کاتی هەژاری و نەبوونیدا (برسێتی بەهێزترە) لەو، پیاوی برسی ئاواتەخوازە (پەنجا فلس)ێك لە ناو قوڕە چڵپاویش بێ بدۆزێتەوە و دەردی برسیەتی خۆی پێ چارە بکا.

چیرۆکنووس نموونەی پیرەژنێکی کلۆلی وەك پوورە بنەوش لەناو کۆمەڵدا هەڵدەبژێرێ و لە چاوەڕوانی شۆڕۆی کوڕە تاقانەیدا ڕای دەگرێ و هەر دەڵێ: لە ڕێی هات و نەهاتیشدا بێ هەر جگەرگۆشەکەم (دەگەڕێتەوە)!!

(مەم) هەستی خۆی بەبۆنەی دەستدرێژییە سێ قۆڵییەکەی ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر وڵاتێکی ئازادیخوازی وەك میسر دەردەبڕێ و چیرۆکی (کە دایکم بەڕۆژوو بوو)مان بۆ دەنووسێ و تابلۆی (پێشوازی)ی خاوەن شکۆمان لە بەسەرهات و هەڵوێستی قوتابییەکی لەڕولاواز و ڕاژیلەی سەردەمی پاشایەتیمان بۆ دەکێشی و، لە (سەرەتا و دوایی)ی (شەوی هەزار و دووەم)ی حیکایەتەکانیدا، تا دوای بانگی بەیانی کەڵەشێری شەوگاری خاتوو شەهرەزادی ئەم سەردەمە چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی (عاجباتی هەشتەم) (نوێنەرەکان) و (ئەو گورگەی یووسفی خوارد)مان بەشێوەیەکی کاریکاتێریانە پێشکەش دەکات.

مەمی ئەدیب لە ناوماندا کۆچی دوایی کرد و لەبەر چاومان ون بوو، بەدیمەن و لەشولار مایەوە. بەڵام دڵنیاین کە دوای کەمێك دوورکەوتنەوە گیانی پاکی دێتەوە ناومان و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین لەگەڵماندا دەژی و ئێمە نایبینین، ئەو دەمان بینێ، چی لە بارەیەوە گوترابێ دەی بیسێ و چی لە بارەیەوە نووسرابێ دەی خوێنێتەوە و گەنج دەبێتەوە و خۆی دەکاتەوە بەلاوەکەی سەردەمی خۆی و بەقوتابییەکەی جاران و دەست دەکاتەوە خامەکەی و لەبەر ڕووناکی (چرای گوندەکەمان) (نامەیەك بۆ بەندیخانە) دەنووسێ، ئەو ئازادە و ئێمە بەندی کۆتی ژیان و گوزەرانین و، ئاواتەکەی سەوز دەبێتەوە وەك (ئاواتی قوتابییەك)ی زیرەك سەرهەڵدەداتەوە و (دۆزینەوە)ی (ڕێگا)[8]ی کاروانی بێ بڕانەوەی ڕۆڵە و نەتەوەی نوێی نەتەوەی کورد لە (پایزەخەون)ێکی سەوز و گەشدا بۆ ئێمە بەدی دەکات.

خوێنەری بەڕێز، هیوادارم توانیبێتم لە یادی محەمەد مەولود مەمی چیرۆکنووسی کورددا ڕووناکییەك بخەمە سەر هەندێ لایەنی چیرۆکنووسی و بابەتی چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە خامە ڕەنگینەی کوردمان، کە لە ناوماندا کۆچی دوایی کرد و لەبەر چاومان نەما بەڵام ناوبانگی چاکی و بەرهەمی بەپێزی هەر بەنەمریی لەناو دڵ و دەروونی گەلی کورددا دەمێننەوە و نامرن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمی چیرۆکنووس لە ساڵی ١٩٧٠ دا لە بەغدا چاپکراوە.

٢- کۆمەڵە چیرۆکی دووەمی چیرۆکنووس لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە هەولێر چاپکراوە.

٣- پایزەخەون لەساڵی ١٩٨٧ دا لە دوای مردنی چاپکراوە.

٤- بڕوانە (چیرۆکەکانی مەم) بەرگی دووەم، هەولێر، ل: ٥.

٥- بڕوانە (چیرۆکەکانی مەم) بەرگی یەکەم، بەغدا، ل: ٣، ٤.

٦- بۆ پتر ئاگاداری بڕوانە — گۆڤاری کاروان — ژمارە (٢) ساڵی ١٩٨٢.

٧- ئەو ناوانەی لەناو دووکەوانەدان، ناونیشانی چیرۆکەکانی مەمی چیرۆك نووسن.

٨- ناونیشانی رۆمانێکی چیرۆك نووسە و ئامادەکراوە بۆ چاپ کردن.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) ژمارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٨٨، ل ٦٠-٦٣، بلاْوکراوەتەوە.**

# چەوساندنەوە و بەرەنگاربوونەوە لە چیرۆکەکانی (مەم)دا

د. ئازاد حەمە شەریف

## پێشەکی

ئەگەر بەوردی چیرۆکەکانی (مەم)ی شاکارنووس بخوێنینەوە، دیاردەی چەوساندنەوەی خەڵکی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوە یان چۆکدادانی خەڵك لەبەرامبەر هێزەکانی زۆرداران زۆر بەخەستی لە هەردوو کۆمەڵە (چیرۆکەکانی مەم — بەشی یەکەم و دووەم) و (پایزەخەون) و تەنانەت رۆمانی (رێگا)شدا رەنگی داوەتەوە.[1]

ئەوەی لەبگرە و بەردە بەدەرە ئەوەیە کە لەساڵانی ١٩٣٠ - ١٩٦٠ دا دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی شیوعیەت و دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی و پەیدابوونی هۆشیاری چینایەتی بەتایبەتی لەناو رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە و دواتریش شۆڕبوونەوەی ئەو بیرۆکانە بەناو چینی رەش و رووتی کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەم جۆرە ململانێیە زۆر بەروونی لە ناو خەڵکدا هەستپێکراوە و (مەم)یش وەکو نووسەرێکی راستگۆی سەردەمی خۆی ئەو کێشانەی خزاندۆتە ناو چیرۆکەکانی خۆی و لە قالبێکی هونەری بەهێز و هەست بزوێندا داڕشتوونەتەوە.

چیرۆکی (ئاسۆ و دووچاوی لێڵ) دەربارەی کێشەی خەڵکی ناوشارە بەهەردوو رەگەزی نێر و مێیەوە و چۆن ئەو دوو رەگەزە بەرەنگاری کێشەکانی ژیان دەبنەوە و چۆن لە زۆرانبازی و ململانێیەکی بەردەوام دان لەپێناو ژیانێکی مەمرە و مەژی دا. چیرۆکنووس لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چینی ژێرەوەی کۆمەڵ چ ژن و چ پیاو بەهەمان شێوە لەلایەن دەسەڵاتداران و ستەمکارانەوە چەوساونەتەوە.

---

١. بۆ زانیاری پتر لە بارەی نۆڤلێتی (پایزە خەون) و رۆمانی (رێگا) بڕوانە ئەو دوو لێکۆڵینەوەی نووسەر: "هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە پایزەخەون دا" گۆڤاری بەیان ژمارە (١٦٠) ت١ی ١٩٨٩. هەروەها لێکۆڵینەوەی "رۆمانی رێگا و رەهەندەکانی" گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩.



چیرۆکی (چۆن جووتی ئاغامان بەردا) باس لە بەکۆیلەبوونی دەست و پێوەندەکانی ئاغا دەکات و چۆن ئەوان بوونەتە کەرەستەیەکی بێ گیانی گوێڕایەڵ بۆ فرمانە ستەمکارانەکەی و چۆن خەڵکی گوند بەرووی ئەو زۆرداریییە رادەپەڕن بە سەرۆکایەتی (پوورئەستی) و (شەهلای کچی سۆفی).

لە چیرۆکی (هەبوو... نەبوو)دا (مەم) پەنجە دەخاتە سەر ئایدیۆلۆژی داگیرکەرانی کوردستان کە چۆن ئەو داگیرکەرانە هەوڵیان دەدا لەرێگای دام و دەزگا جۆربەجۆرەکانیان خەڵکی رەش و رووت بۆ سوود و قازانجی خۆیان بەکار بهێنن و بە چەندین شێوە مێشکیان بشۆنەوە و وایان لێ بکەن راستییەکان نەبینن.

بەئامێرکردنی مرۆڤی چەوساوە و بوونە داردەست بۆ مەرامە گڵاوەکانی دەسەڵاتداران کرۆکی چیرۆکی (خەڵکەکە چۆن بوون بە... گا) پێك دەهێنێت و لەوێدا مەم بەوپەڕی هونەرییەوە ئەوە دەردەخات کە سیستەمی بەڕێوەبردن رۆڵێکی یەکجار بەهێز دەبینێت لەگێلکردن و بەهەڵەدابردنی مرۆڤ. کەچی ئەمە واناگەیەنێت کە خەڵکی هەتا هەتایە بەچاوبەستراوی و کوێری و (گا)یی دەمێنێتەوە چونکە لە ساتێك لە ساتەکاندا مرۆڤ هەستدەکات کە رۆح و ناخی داگیرکراوە و ئەوسا نیری سەرملی خۆی تووڕ دەدات و مرۆڤایەتی بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە.

گوند و کێشەکانی گوند ناوەرۆکی چیرۆکی (بارکەین لە گوند) پێك دەهێنێت. ئەم چیرۆکە رەنگدانەوەی روانینی ساڵانی بیست و سی و چلەکانی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، باسی لایەنێکی سلبی خوێندنگا دەکات لەسەر ژیان و بژێوی گوندنشینەکان: چونکە ئەوسا ئاغا و داگیرکەران بە هەموو هێز و توانای خۆیان دژی کردنەوەی قوتابخانەکان بوون، بەڵام بۆ ئەوەی جووتیاران ناچار بکەن زەوییەکانیان پێ بدەن، حەزیان دەکرد منداڵان یارمەتی خێزانەکانیان نەدەن و بچنە خوێندنگا. بەمجۆرەش خاوەن زەوی ناچارە واز لە زەوی و زاری خۆی بهێنێت و بە ئاغاکانیان بسپێرنەوە. (مەم) رەخنە لەکردنەوەی خوێندنگا ناگرێت، بەڵکو رەخنە لە یەکجار چەوساندنەوەی جووتیاران و دابین نەکردنی ژیان و بژێوی جووتیاران لەلایەن رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا دەگرێت.

بێکاری و کێشە جۆراوجۆرەکانی لە چیرۆکی (کارمان دەوێ) دا لەلایەن چیرۆکنووس زەقکراوەتەوە و مەم تابلۆیەکی هونەری لێ دروست دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە بێکاری بەهۆی تەمبەڵی و تەوەزەلی خەڵکی کوردستان نەبووە. بەڵکو بێکاری کێشەیەکە لە کێشەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و هەر دەبێت روو بدات مادام ئەو جۆرە رژێمە باڵادەستە.

وەك بەروونی دیارە (مەم) زۆر بەتووندی پێ لەسەر هەر سێ جۆری چەوساندنەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواری دادەگرێت کە بریتین لە:

(أ) چەوساندنەوەی سیاسی،
(ب) چەوساندنەوەی ئابووری،
(ت) چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەوردی بەدوای هۆکار و سەرەنجامەکانی ئەو کێشانە و ململانێی چینایەتی کە لە ئەنجامی هەرسێ جۆری چەوساندنەوە پەیدا دەبێت دەکۆڵێتەوە.

## ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا

بەرلەوەی باسی ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین پێویستە پێناسەیەکی ململانێی چینایەتی بکەین و بزانین "ململانێی چینایەتی"چییە؟

بە گوێرەی (فەرهەنگی فەلسەفی) رۆزینتاڵ و یودین "ململانێی چینایەتی بریتییە لە زۆرانبازی نێوان ئەو چینانەی کە بەرژەوەندییان پێکەوە نەگونجاو و ناکۆکە. مێژووی هەموو کۆمەڵگەکان، هەر لە کۆمەڵگەی کۆیلەکانەوە، بریتییە لە مێژووی ململانێی چینایەتی."[١]

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە ململانێی نێوان چەوسێنەران و چەوسێنراوانە. ئەمەش سیمایەکی بنچینەیی هێزی بزوێنەر و بەرەوپێشەوەبەری هەموو پێکهاتەیەکی سۆسیۆ-ئابوورییە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی ناکۆکی لەبواری بەرهەمهێنانی کاڵا و دابەشکردنی ساماندا. جا لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگەی چینایەتی، سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی بووە مێژووی چینایەتی و هەڵایسانی ململانێیەکی توند و نەبڕاوە لە نێوان چینەکاندا. مێژووی کۆمەڵگەی کۆیلایەتی بەگشتی بووە مەیدانی ئەم ململانێیە و کۆیلە و خاوەنەکەی لەهەموو ئاستێکدا بوونە رکابەر و دژەکاری یەکتری.

وەك زانراوە ململانێی چینایەتی زادەی رەوشی ئابووری و دژبەیەکایەتی بەرژەوەندییە جیاوازەکانە. هەر بەرژەوەندی چینایەتییشە روانین و رەفتار و بیرکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات. بۆ نموونە چینی کۆیلەکان لەهەموو جۆرە موڵکداری و

1. M. Rosenthal and P. Yudin (ed.), ***A Dictionary of Philosophy***, (Moscow: Progress Publishers, 1967) p. 77.



سامانێك بێ بەش بوون و بوونە بەندەی سەردارەکانیان و تووشی گەورەترین چەوساندنەوە بوونەوە لە مێژوودا. دیاردەی خاوەندارێتی کۆیلە سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوین و کیشوەری ئاسیای گرتبۆوە لە نێوان سەدەکانی هەشتەم تا شەشەمی پێش زایین.[١] هەر ئەمەش وای لێکردن بەبەردەوامی لەیاخیبوون و شۆڕشدابن بەرامبەر بەو خاوەنکارانەی کە ژیان و سامانی ئەوانیان داگیرکردبوو و بەخراپترین جۆر دەیانچەوساندنەوە. لە ئەنجامی ئەمەشەوە چینی کۆیلەکان شۆڕش لەدوای شۆڕش لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی خۆیان و گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراوی خۆیان بەرپا بکەن گەرچی شۆڕشەکانیشیان سنووردار بوو.

ململانێی چینایەتی بە هۆکارێکی گرینگی گواستنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن و پەرپووت بەرەو کۆمەڵگەی نوێ و مۆدێرن دادەنرێت. لەو کۆمەڵگانەی کە پێکهاتەی ئابوورییان پێش سەرمایەداری بوو ئەم جۆرە ململانێیە کارێکی سروشتی و لەخۆوە بوو. بەڵام ئەم دیاردەیە گەیشتە ترۆپکی پێشکەوتن لەقۆناغی سەرمایەداری دا کە بەجۆرێکی هۆشیارانە و رێکوپێك هەستی پێدەکرا.

ئەوەی وەکو رۆژ ئاشکرایە ئەوەیە کە لە رژێمی سەرمایەداری دا ململانێی چینایەتی شتێکی ناچاری و خۆڵێ نەپارێزراوە چونکە هەمیشە ناکۆکییەکان لە ئەنجامی واقیعی ئابووری و باری سیاسی هەردوو چینی بنەرەتی کۆمەڵگە - بۆرژوازی و پرۆلیتاریا سەرهەڵدەدات.

لەم ململانێیەشدا چینی بۆرژوا هەوڵدەدات کۆنترۆڵی واقیع بکات و بەهەر نرخێك بێت نایەوێت گۆڕان لە پێکهاتە و هۆشیاری خەڵکیدا روو بدات، کەچی چینی پرۆلیتاریا هەمیشە هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە سەپێنراوە بە واقیعێکی مرۆڤانەی پڕ دادپەروەری و یەکسانی. کەواتە گۆڕینی ئاراستەی مێژوو و رووداو بەچینی کرێکار سپێردراوە و هەرئەویشە لەسەر هەموو ئاستەکاندا خەبات دەکات. ئەم ململانێیە رەنگە ئەم سێ شێوازە بەخۆوە بگرێت: شێوازی ململانێی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی.

ئامانجی ململانێی ئابووری ئەوەیە کە کرێیەکی زۆرتر و کاتی ئیشکردنی کەمتر و هەلی لەبار بۆ کاروفرمان بهێنێتە کایەوە. جا لەوەدەمەی کە چینی بۆرژوازی هەوڵی هەژارترکردنی چینی کرێکار دەدات، چینی کرێکاریش ئاست و رادەی هۆشیاری گەشە دەکات هەوڵی رزگارکردنی یەکجارەکی خۆی لە جەور و ستەمی زۆرداران و کۆت و بەندی ئاڵۆزییەکانی ئیش و کاردا دەدات و دەیەوێت خۆی لەو بارودۆخە دژوارە رابپسکێنێت.

1. See Zubritsky Y., Kerov V., and Mitropolsky D., ***A Short History of Pre-Capitalist Society***, (Moscow: Progress Publishers, nd) pp. 40-91.

ململانێی سیاسیش بەشێوەیەکی سەرەکی لەپێناو دەسەڵات گرتنەدەست و بەکارهێنانی هێزە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. هەڵبەتە هەریەکە لە چینی بۆرژوازی و چینی کرێکار بەوپەڕی هێز و توانایانەوە هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەست و پاراستنی ئەو دەسەڵاتە دەدەن.

شێوازی سێیەمی ململانێی چینایەتی بریتییە لە شێوازی ململانێی ئایدیۆلۆژی. هەر یەك لەو دوو چینە نەیار و ناکۆکەی کۆمەڵگا روانین و بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەیە لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی. ئایدیۆلۆژیای چینی بۆرژوازی هەمیشە دەیەوێت کرێکاران لەخشتەبەرێت و دەستەمۆیان بکات، بەڵام ئایدیۆلۆژیای چینی کرێکاران هەردەم ئەندامەکانی خۆی بەرۆحێکی خەباتکارانە و فیداکارانە پەروەردە دەکات بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە مەنگ و وەستاو و بێتامەی بۆرژوازییەکان بە واقیعێکی پڕهیوا و ئومێدبەخش.

چینی کرێکارانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بریتین لەو جووتیار و چینە رەش و رووتەی خەڵك کە بەخراپترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە و لەهەموو مافێکی ژیاری بێبەشکراون و هەرکاتێکیش داوای مافی زەوتکراوی خۆیانیان کردبێت یان لەنێو خڵتانی خوێن گەوزێنراون و یانیش گوندبەدەر و شاربەدەر کراون. هەربۆیەش چینی رەش و رووت لەوە پتریان لەدەست نەهاتووە کە بەناچاری یەك بگرن و خۆیان لەدەست جەور و ستەم راتەکێنن.

ململانێی چینایەتی لەپاڵ ئەوانەی باسمان کردن کۆمەڵێك ئامانجی دیکەی هەیە: لەوانە سڕینەوەی شوێنەواری داب و نەرێت و بیرکردنەوەی کۆن لە پێناوی هێنانەدی روانین و بیرکردنەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵگەدا.[1]

جا ئەگەر سەرنجێکی ورد لە کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین دەبینین هەمان ململانێ و زورانبازیش زۆر بەتوندی و زەقی لەناو کۆمەڵگەدا رەنگی داوەتەوە و چینەکان هەریەك بەجۆرێك داکۆکی و بەرگری لەمافەکانی خۆی دەکات و هەرچینەش روانینی تایبەت بەخۆی لەناو ئەندامانی خۆی پەرە پێ دەدات و خۆی ئامادە دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی چینە نەیارەکەی.

1. M. I. Volkov (ed.) ***A Dictionary of Political Economy***, (Moscow: Progress Publishers, 1985) S.V. "Class Struggle", pp. 41-43.



## ململانێی چیانەیەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا

هەر لەسەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤ هەوڵی داوە دەست بەسەر هێزە سروشتیەکاندا بگرێت- هەڵبەتە ئەمەش بۆتە هۆی ململانێکی زۆر توند و هەندێك جاریش خوێناوی لەنێوان خۆی و دەوروبەر و سەرجەم هێزە سروشتیەکاندا. لەو کاتەدا ململانێی مرۆڤ لەپێناوی مانەوەدا بووە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی رۆژانەی خۆی. جار وابوو هێزە دەرەکییەکان زۆر لە سەرووی توانای مرۆڤەوە بوون، هەربۆیەش تاکەکان بەناچاری پاڵیان پێکترداوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو هێزانەدا سەربکەون. ئەمەش بەسەرەتای پێکهاتنی ژیانی بە کۆمەڵ لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. هەڵبەتە میللەتی کوردیش لەم یاسایە بەدەر نەبووە و ئەویش سەرەتا بەهەمان قۆناغ و ئەزموونداا رەتبووە.

لە کۆنەوە مرۆڤی سەرەتایی لەشێوەی گرووپی راوکەری سەرەتایی لەناو ئەشکەوت و پەنایان ژیانی بەسەربردووە. بەتێپەڕبوونی کات ئەو گرووپانە هەوڵیان داوە هۆز و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی رێکوپێکتر دروست بکەن و لە گرووپی مرۆڤی راوکەرەوە ببنە گوندنشین و لەڕێگای کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵەوە بژێویان دابین بکەن.

لەئەنجامی ئەو هەنگاوانەوە سەرمایەی مرۆڤ زیادی کردووە و بەرهەمی کۆمەڵگەش لە پێویستی خۆی پتر بووە و بۆیەش هەوڵی داوە ئەو بەرهەمە زیادانە بگۆڕێتەوە بەو شتانەی کە پێویستی پێیەتی. هەر ئەم هەوڵ و توانایەی مرۆڤی سەرەتایی بووە هۆی دابەشبوونی کار و چینە کۆمەلایەتییە جۆربەجۆرەکان.

سەرەنجام میر و ئاغا و دەرەبەگ و دەوڵەمەند و هەژار و خاوەن زەوی و جووتیار پەیدابوون و کۆمەڵگە لە قۆناغی سەرەتاییەوە بەرەو قۆناغی دەرەبەگایەتی هەنگاوی نا. چەندین رۆژگاری دوورودرێژ بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا تێپەڕیووە و کۆمەڵگەی کوردەواریش لەم جۆرە دابەشبوونەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە بێ بەش نەبووە.

لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی سەرانسەری دنیادا، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی مرۆڤایەتیدا، سەدەی بیستەم بەسەدەی بەتێن بوونی ململانێی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی پرۆلیتاریا ناسراوە. بەڵام بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو بووە لەڕووی شارستانییەتەوە، بۆیە ئەم ململانێیە لەنێوان چینی گەندەبۆرژوا و نیمچە فیوداڵ و چینی رەش و رووتی کوردستان بووە.

ئەمەش بۆیە وابووە چونکە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش لەکوردستاندا چینی دەرەبەگی راستەقینە دروست نەبووبوو هۆیەکەشی ئەوە بوو نیمچە دەرەبەگ و گەندە بۆرژواکانی کوردستان راستەوخۆ لەژێرفەرمانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا کاریان دەکرد. ئەمەش وای لەوان کرد نەبن بە دەرەبەگ و بۆرژوای راستەقینە و نەبنە خاوەنی ویست و خواستی خۆیان، بەڵکو وابەستەی فەرمانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بن.

جا هەر لەم روانگەیەشەوە دەبینین چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی بەهەشتی (محەمەد مەولود مەم) بەوپەڕی راستگۆیی و هونەرییەوە ئەو تووندوتیژی و ململانێی چینایەتیەی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری تۆمارکردووە و لە قالبێکی هێندە هونەرییانە دایانی رشتۆتەوە کە وابزانیت خۆت بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداریت لەو هەموو بەسەرهات و گێرمە و کێشانەی ئەو سەردەمە پڕ نەهامەتیەی بەسەر چینە رەش و رووتەکاندا تێپەڕیووە. هەرئەمەش وایکردووە کە بەبێ خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەم شاکارنووسە کەلێنێك بکەوێتە تێگەیشتنی نەوەی داهاتوو لەبارەی سەردەم و رۆژگارە بەسەرچووەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان.

## ململانێی چینایەتی لە چیرۆکەکانی مەم دا

(مەم) بەشێوەیەکی گشتی بە چیرۆکنووسی خەڵکی چەوساوە دەژمێردرێت. چونکە ئەو چ وەکو مرۆڤ و چ وەکو چیرۆکنووس هەمیشە لایەنگر و سۆزداری خەڵکە چەوساوە و رەش و رووتەکەی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو. هەر ئەمەشە وایکردووە کە خەڵکە رەمەکی و رۆشنبیرەکە زۆر بەتام و چێژەوە چیرۆکەکانی بخوێننەوە. کەم چیرۆکنووس هەن هێندەی ئەو خەمخۆری کێشەی چەوساوەکانی وڵاتەکەی بووبن و کەمتریشن ئەو چیرۆکنووسانە کە بەشێوەیەکی هونەرییانە و راستگۆیانە و مرۆڤپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەکانی ئەوان کردبێت. هەڵبەتە ئەمەش لەئەنجامی تێگەیشتنێکی قووڵی نووسەرەوە دێت لە خواست و هیوا و ئازار و چەرمەسەری ئەو چینە ژێرپێخراوە چ لەلایەن دوژمنە بێگانەکانەوە و چ لەلایەن نیمچە دەرەبەگ و گەندە بۆرژوا و بەکرێگیراوانی رژێمە جۆراوجۆرەکانەوە. بەلای منەوە زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی (مەم) شایستەی ئەوەن کە لەو روانگەیەوە شیّ بکرێنەوە، بەڵام لەبەر کورتی ماوە و مەودای کەم لێرە تەنیا شەش چیرۆك دەخەینە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەکەمان. هەڵبەتە ئەو شەش چیرۆکە لەوانەن کە کێشە و ململانێی چینایەتی و چەوساندنەوە و سەرکوتکردنەوە و



بەرەنگاربوونەوەیان زۆر بەزەقی تێدا دیارە، ئەگینا زۆرینەی چیرۆکەکانی (مەم) لەدەوری هەمان بابەتدا دەسوڕێنەوە و دەکرێ لەدەرفەتێکی تردا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوانیش بکەم.

### ١) چیرۆکی "ئاسۆ و دووچاوی لێڵ"

ئەم چیرۆکە بریتییە لە دوو تابلۆی پەیوەندیداری لێك جیانەکراوە. هەردووکیان بە تاڵەداوی چەوساندنەوە و ستەم بەیەکتری بەستراونەتەوە. یەکەم تابلۆ دیمەنی ئافرەتێکی سەرلێشێواوی رەشبینی کلۆڵە، کە لەبەر هەژاری و بێکەسی بڕیاری کوشتنی خۆی و منداڵە ساواکەی داوە. دووەم تابلۆشیان دەربارەی کۆمەڵێك کرێکارە کە بەنزیك ئەو کۆڵێتەدا رەت دەبن کە ئەو ئافرەتە کلۆڵە خۆی تێدا حەشارداوە.[١]

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا خێزانی جەنگاوەرێکی کوردستانی رۆژهەڵات دەکاتە چەقی بابەخ پێدان. دوای ئەوەی کۆماری مەهاباد[٢] بە پیلانی نۆکەرانی ئیمپریالیزم دەکەوێت و مێردەکەی شەهید دەکرێت. ئەو ئافرەتە هیچ شوێنێکی نامێنێت بۆ ئەوەی پەنای بدات جگە لە کوردستانی باشوور/ عێراق و لەم دیوەش کەس نادۆزێتەوە تا گوزەرانی خۆی و منداڵەکەی مسۆگەر بکات یاخود دالّدەیان بدات. ئەمەش وا دەکات ئاسۆی ژیانیان بە جارێك تاریك بێت و ژیانیان لیّ تاڵ بێت و خۆکوشتن بە باشترین رێگەچارە بزانێت.[٣]

چیرۆکنووس بەخێرایی زوومی کامیراکەی لەو ئافرەتە کلۆڵەوە دەگوازێتەوە سەر کۆمەڵێك کرێکار کە بەرەو کارکردن دەچن و بەدەم رێگاوە خەریکی گفتوگۆن. هەریەك لەم کرێکارانە خەمی دڵ و دەروونی خۆی بەجۆرێك دەردەبڕێت. ژیانی هەریەك لەم کرێکارانە جۆرە درامایەکی تراژیدیایە کە هەموویان بەدەست یەك باری ناهەمواریيەوە دەناڵێنن کە بریتییە لە چەوەساندنەوەیان و پێشێلکردنی هەموو مافێکی ژیانیان لەلایەن دەسەڵاتداران و چینی سەرەوەی کۆمەڵگە کە یاری بە ژیان و چارەنووسی یەکەیەکەیان دەکەن. ئەو تراژیدیایەی ژیانیشیان بۆیە پەیدابووە چونکە دەوڵەمەندان و چینی دەسەڵاتداران ژیانێکی خۆش و

---

١. تالیب محەمەد ئەحمەد "لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی مەم" (نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئەدەبیات: زانکۆی سەلاحەدین، 1993 ) ل. ٨٢.

٢. کۆماری مەهاباد لە (١٩٤٦/٦/٢٢ تاوەکو ١٩٤٧/١٢/١٧) بەردەوام بوو.

٣. تالیب محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل. ٨٢.

پڕبەختەوەری لەسەر حیسابی ئەوان بەسەردەبەن. بەڵام کرێکارەکان هێندە لە ژیان بێزارن کە یاخیبوون وەکو چەخماخە لەناو چاوی یەکەبەیەکەیان بریسکە دەدات.

نووسەر دیسان رووی کامیراکەی خۆی دەگوازێتەوە سەر دیمەنی ئافرەتە هەژارەکە کە هیچ کارێکی لەدەست نایەت بیکات تا پاداشتی باوکی ئەو کۆرپەیە بداتەوە — ئەو باوکەی کە خۆی لەپێناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەخش کردووە. کۆمەڵگەش زۆر بێ باکانە و جارجارەش دڵڕەقانە رەفتاریان لەگەڵدا دەکات. بۆیەش نووسەر رەخنە لە کۆمەڵگە دەگرێت و بەناپاکی تاوانباریان دەکات. جا لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی کە پێیدا رەت دەبێت دایکەکە بڕیار دەدات کە جگەرگۆشەکەی خۆی بەدەستی چارەنووس بسپێرێت و لەسەر شەقامەکە بەجێ ی بهێڵێت. بەم دیمەنە تراژیدییە جەرگتەزێنە دایکەکە کۆتاییەکی زۆر ناخۆشتر بەبازنەی تراژیدیای ژیانی خۆی دەهێنێت.[1]

## ٢) چیرۆکی "چۆن جووتی ئاغامان بەردا"

بایەخی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە راپەڕینێکی ئافرەتانە نەك هی پیاوان دەکاتە بابەتی نووسین. ئەمەش ئەوپەڕی چاونەترسی و دڵقایمی گەرەکە چونکە ئافرەتان لە دژی ئاغا و دەست و پێوەند و نۆکەرانی ئاغا راست دەبنەوە. هۆی ئەم راپەرینە چەوساندنەوەی لەڕادەبەدەری چینی رەش و رووتە تاڕادەی بەگرتندانی پیاوانی دژ بە ئاغا لەلایەن میرییەوە. هەڵبەتە وێڕای لایەنە ئابوورییەکەی چەوساندنەوەی چینی جووتیاران، ئاغا و نۆکەرەکانیان ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ناگوێڕایەڵ تێك دەدەن. ئەمەش نەك تەنیا کار لە رەوشی ئابووری ئەو خێزانانە دەکات کە پیاوەکانیان گیراون، بگرە باری سۆزداری ژنە جووتیارەکانیش دەشڵەژێنێت.

بۆ ئەم مەبەستەش (پوور ئەستی) ژنانی ئاوایی لەسەر کانی کۆ دەکاتەوە و لەگەڵ (شەهلای کچی سۆفی پیرۆت)دا پیلانێکی رێکوپێکیان بۆ دادەرێژن و هەرئەوانیش سەرکردایەتی ئەم راپەڕینە دەکەن. جا بۆ بەیانی رۆژی دواتر کە ژنان چاویان بەو بڵێسە و دووکەڵە دەکەوێت کە لە مزگەوت و کۆشکی ئاغا بەرز دەبێتەوە، ئەوانەی ماویشن دەکەونە ویزەی خوبزەکانی ئاغا و لەسەر زەوییەکانیان دەریان دەپەڕێنن.

سەرەنجام پوورئەستی و شەهلا شەهید دەبن و یەکەم بڵیسەی یاخیبوون بەمەرگی ئەوان تەواو دەبێت. هەڵبەتە ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی دوولایەن دەگرێتەخۆ- لایەنە

---

١. محەمەد مەولود مەم، چیرۆکەکانی مەم، بەرگی یەکەم (بەغدا: چاپخانەی ئەسعەد، ١٩٧٠) ل ٥ - ١٧.



رووکەشەکە و لایەنە رەمزییەکەی.[1] هەندێك جار چیرۆکنووس بەوە تاوانبار دەکرێت کە گیانی ورەبەردانی تێدا زاڵە بەسەر رۆحی هاندان دا، یان دوورە لە واقیعەوە.[2]

ئەگەر وردتر بڕوانینە چیرۆکەکە هەر لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ململانێی چینایەتی لەم چیرۆکەدا لە نێوان چینی ئاغا و چینی رەش و رووتی کوردە. هەروەها لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدا دەبینین کە ئاغا سیمبوڵی چینی چەوسێنەرە و بەگەلێك شێوە چینی رەش و رووتی رەتاندووە.

سەرەتای ئەم چەوساندنەوەیە لە رێگای مەلایەتییەوە بووە کە ئەویش سیمبۆڵی ئایینە. مەلای بەناو ئایینپەرست و دادپەروەر یەکەمجار دەست بەسەر هەندێك زەوی دادەگرێت و ئەم دەست بەسەرداگرتنەش بەرەبەرە پەرەدەسێنێت و دەسەڵاتەکەش هێواش هێواش مۆرکی ئایینی لەدەست دەدات و دەگۆڕدرێت بۆ دەسەڵاتی چینایەتی و دەرەبەگایەتی کە پشتاوپشت لەباوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە.

هەڵبەتە لەسەرەتای داگیرکردنەکەدا چینی جووتیاران دەبەنگ و بێهۆش کرابوون بەهۆی پڕۆپاگەندە و ئایدیۆلۆژیە جۆراوجۆرەکانی داگیرکەرانەوە. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، رۆژ لەدوای رۆژ، ئەم چینە دەبێتە خاوەنی هۆشیاری چینایەتی خۆی. سەرەنجام ململانێیەکە بەتووندترین شێوە دەست پێدەکات.

چیرۆکنووس داگیرکارییەکانی زەویمان لەسەر زاری پیرێژنێك بۆ باس دەکات کە چۆن لە رێگای مەلا و دەست و دایەرەکانییەوە زەوی خەڵکە بەسەزمانەکە بەتاڵان بردران. ئەم کێشەیە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست بەشێوەیەکی دی رەنگی دابۆوە کاتێك دامودەزگاکانی کڵێسا و پیاوانی ئایینی بەناوی خودا و پێغەمبەرانەوە جووتیارانیان دەچەوساندنەوە.

بەڵام لەو کوردستانەی خۆماندا کێشەکە زۆر دڕندانەتر و پڕزەبروزەنگتر خۆی دەنواند. کاتێك جووتیاران یاخی دەبوون یان زەوییەکانیان نەدەدا بەئاغاکانیان، ئەو چینە رەش و رووتەی کورد بەسەدان فڕوفێڵی ئایینی و یاسایی لە مافە شارستانییەکانیان بێ بەش دەکران و هەندێك جاریش بەزۆری دەخزێنرانە ناو کونی زیندانەوە.

---

١. اسماعيل رسول "نقد قصص مـم" جريدة التاخي العدد (١٢٣٤) في ١٩٧٣/١/١١ ، ص ص ٦ و ٧ و انظر العدد (١٢٣٧) في ١٩٧٣/١/٢٠ ، ةص ٦.

٢. سەباحی غالب ، ئافرەت لە چیرۆکی کوردی دا (١٩٢٥ — ١٩٧٠)، (بەغدا: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، ١٩٧٩) ل. ١٧٠.

لەم چیرۆکەدا چینی چەوساوە ئافرەتانی گوندن کە تائەوپەڕی بەشێوەیەکی دڕندانە چەوسێنراوەتەوە و لەهەموو مافێکی مرۆیی و شارستانی بێ بەشکراون و هیچ ڕێگایەکیان بەدەست نەماوەتەوە جگە لە قوربانیدان بەجەستە نازدارەکانی خۆیان. ئەمەش لەڕێگای بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ئاغا نەبێت بەهیچ شتێکی تر نابێت. هەڵبەتە نەخشەدانەر و پلاندانەری ئەم بەگژداچوونەوەیە (پوورئەستی)یە و ڕاپەڕێنەر و سەرمەشقی ژنانی گوندیش (شەهلای کچی سۆفی)یە.

ڕووبەڕووبوونەوەکە ئەوکاتە دەست پێدەکات کە پیاوانی ئاغا دەچنە سەر زەوی جووتیاران بۆ ئەوەی جووتی لێ داببەستن، ئافرەتەکان زۆر ئازایانە بەگژ ئەم فەرمانەی ئاغادا دەچنەوە. سەرەتا بە تکا و پاڕانەوە داوایان لێدەکەن جووتەکە دانەبەستن، بەڵام پیاوانی ئاغا زۆر ناجوامێرانە وەڵامی ئەو ئافرەتانە دەدەنەوە و سووکایەتیان پێدەکەن.

لەپڕەوە بوڕکانی ڕق و کینەی پەنگخواردووی چەوساوەکان لەدژی زۆرداران دەتەقێتەوە و ئافرەتان بەچەشنی پڵنگی بریندار پەلاماری پیاوانی ئاغا دەدەن و ئاگر لە ماڵی ئاغا و مزگەوت بەردەدەن و هەردوو شوێنی چەوساندنەوە خاپوور دەکەن. ئەمەش نیشانەی کۆتایی پێهاتنی سیستەمی زۆرداری و چەوساندنەوەی چینایەتی و ئایینییە.

کۆتایی چیرۆکەکە بەکوشتنی هەردوو پاڵەوانی چیرۆکەکە (پوورئەستی ) دووربین و (شەهلای کچی سۆفی) ئازا و چاونەترس تەواو دەبێت. خوێنی ئەو دوو پاڵەوانە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا تێکەڵ بە خاکی گوندەکەیان دەبێت کە ئەمەش نرخی ئازادییە.[1] (مەم) دەیەوێت ئەو ڕاستییە بۆ هەموولایەك بخاتە ڕوو کە ئەستەمە شۆڕش بەبێ قوربانیدان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

## ٣) چیرۆکی "هەبوو نەبوو"

لەم چیرۆکەدا (مەم) سوودی لە گەنجینەی ئەفسانەی کوردەواری وەرگرتووە و بە دەستەواژە هەرە ناودارەکەی (هەبوو نەبوو) چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە داپیرەی بیستوویەتی. ئەم چیرۆکە باسی سەردەمێك دەکات کە تازە شەڕی جیهانی کۆتایی پێهاتبوو و بێگانان هاتبوونە وڵات و گوایە ئەوان بۆ ئەوە هاتوون دادپەروەری بۆ ئەم میللەتە بهێنن و دروشمە

١. محەمەد مەولود مەم، <u>چیرۆکەکانی مەم</u>، بەرگی یەکەم ل ل ٣٩ - ٥٣ .



بریقەدارەکانیان لە هەموو شار و گوند و کوچە و کۆڵانێکی وڵاتدا بڵاودەکردەوە. بەمجۆرە زۆر بە سانایی مێشکی خەڵکانی ساویلکە دەشۆنەوە و وایان لێدەکەن بەدوای سەرابی مرۆڤ خڵەتێنی بێگانان بکەون.

(کابایز)ی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە یەکێك دەبێت لەوانەی کە ئەم قسانە دەچێتە ناخ و دەروونییەوە و واتێدەگات ئەو بێگانانە هاتوون مافی زەوتکراوی زەوتکراوان بسێننەوە و ئەویش چونکە زۆر لەمێژ بوو زەوییەکەی لەلایەن (عەولاغا)ی ستەمکارەوە لێ داگیرکرابوو و خۆی و خێزانەکەی لە گوند دەرکرابوون خۆی بە خاوەن ماف دەزانی بۆ ئەوەی ئەو زوڵمەی لەسەر لاببردرێت. جا بەو هیوایە و هەزار خۆزگە و ئومێدەوە ڕێگای شار دەگرێتەبەر.[1]

لێرەدا چیرۆکنووس کەش و بای چیرۆکەکەی لەگەڵ باری دەروونی قارەمانەکانی گونجاندووە[2]، کاتێك بەهەموو دڵخۆشی و ئومێدێکەوە بەرەوشاری هەولێر بەڕێ دەکەوێت، نووسەر دیمەنی مانگەشەوێکی فێنکی بەهاریمان بۆ دەکێشێت و بەدەم ڕێگاوە وردە گۆرانییان دەڵێتەوە:

**لە دیبەگەیە (دیبەگەیە) لە (دیبەگەیە)**
**یاری من دەڵێ ی (دەڵێ ی) بووکە شووشەیە.**[3]

ئەم زەوق و خۆشییەش لە ئەنجامی ئەو هیوایەدا پەڕیووتە سینەی کە بەمزوانە زەوییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و ئیدی چیتر کەس ناتوانێت زوڵم و ستەمی لێ بکات و لەمەودوا یاسا باڵادەست دەبێت. ئەم هەستە دەروونییە (کابایز)ی هێندە بەهێزکردبوو تەنانەت بەو هەموو بێهێزییەی خۆشیەوە سەری لەخۆی سوڕمابوو کە هێندە بەتاو دەڕوات.

(کابایز) سکاڵانامە بۆ دادگا بەرز دەکاتەوە و داوای گەڕانەوەی مافی زەوتکراوی خۆی لەوانە دەکات گوایە هاتوون دادپەروەری جێ بەجێ بکەن. بەڵام دوای گوێگرتن لە دادنامەکەی، دادپەروەرەکەی چارەسەرێکی هێندە سەیروسەمەرە بۆ بڕاندنەوەی ئەو کێشەیە دادەنێت کە بۆنی گاڵتەپێکردنی لێدێت.

١. هەمان سەرچاوە، ل. ٦٤.

٢. تالیب محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە ، ل. ١٠٦.

٣. محەمەد مەولود مەم، <u>چیرۆکەکانی مەم</u>، بەرگی یەکەم ل ٦٥ .

(مەم) ئەوەندە کاریکاتۆریانە ئەو دیمەنە دەکێشێت کە خوێنەر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پێکەنینێکی تاڵ دەیگرێت چونکە کێشەی مافخوراوان هەرگیز بەمجۆرە ڕێگایانە چارەسەر ناکرێت. چارەسەرییەکەی دادوەر ئەوەیە کە پێشبڕکێیەك لە نێوان (کابایز) و (عەولاغا) دا بکرێت و تا شوێنێکی دیاریکراو رابکەن. هەرکامەیان پێشتر گەیشتە جێگای مەبەست ئەویان براوەیە، هەرکامەشیان نەگەیشت ئەویان دەبێتە دۆڕاو.

هەڵبەتە ئاغای تێروپڕ و لەش ساغ و تەندروست لە بەرامبەر (کابایز)ی رەش و رووتی برسی و تێنوو هەر براوە دەبێت!! (مەم) بە ئەنقەست ئەم کۆتاییە سەیرەی بۆ چیرۆکەکەی داناوە چونکە دەیەوێت پێمان بڵێت ئا ئەمەیە ئەو دادپەروەرییەی کە بێگانان دەیانەوێت لەولاتدا بیسەپێنن. دادپەروەرییەك کە تەنیا لە خزمەتی چینی زۆرداران و لەدژی چینی زۆرلێکراوە.[1]

## ٤) چیرۆکی "خەڵکەکە چۆن بوون بە... گا"

چیرۆك گێرەوە لەسەر زمانی داپیرەیەوە دەنگ و باسی سەردەمی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کاتی خۆی چۆن سواری چەرخ و فەلەك دەبوون و دەگەیشتنە ئەو شوێنانەی دەیانویست. هەروا دەڵێت ئەو شتانەی ئەمڕۆ هەن لە کۆنیشدا هەبوون و پتریش. بەڵام بەهۆی لێکترازانی کۆمەڵ و نەمانی بڕوا لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا، فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە دەستیان بەسەرداگرتوون و مۆری دیلێتییان پێوە ناون تا رۆژێکیان (خاڵ میکایل) بۆ کارێکی زۆر پێویست دەچێتە دەرەوە و بەچەشنی گایە دەم داچەقیوەکە باسکی رووتی وەکو داری ئالا لە جامی ئۆتۆمبێلەکە دەهێنێتە دەرەوە تا هێندە تووشی چەندوچون نەبێت. کەچی کابرای کاربەدەست ئەم کارە بە شتێکی گاڵتەجاڕانە دەژمێرێت و زۆر بەتوندی رەفتاری لەگەڵدا دەکات.

ئەم چیرۆکە دەربارەی هەڵسوکەوتی دەسەلاتدارانی عێراقە لە شۆڕشی ئەیلول دا، کاتێك حکومەت لەهەموو لایەکەوە تەنگی پێ هەڵچنرابوو و زەبری کوشندەی بەردەکەوت. ئەویش بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەم رەوشە دابگرێت و خەڵکی چاوترسێن بکات و هەندێك لە چالاکییەکانی پێشمەرگە کەم بکاتەوە دەیان خاڵی پشکنین و کۆنترۆڵی لەسەر شەقامەکان دامەزراندبوو و داوای پسوولەیان لە خەڵکی دەکرد. چونکە گومانیان لە هەموو کەسێك دەکرد و هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ بڕوایی حکومەت بە خەڵك و ئەمەش سەرەنجامی

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ل. ٦٥ -٦٩.



ئەو بارە نالەبارەی دەست بەسەراگرتن و روانینی رەگەزپەرستانەی دوژمن بوو بەرامبەر بە رۆڵەی کورد.

چیرۆکنووس هۆی دواکەوتنی میللەت دەخاتە ئەستۆی ئەو دەستەیەی کە لەلایەن رژێمە گەندەڵەکانەوە دەسەلاتیان پێ بەخشراوە بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی رەش و رووت. چیرۆکەکەش بە تەکنیکێکی نوێ نووسراوە و مێژوو تیایدا رۆڵێکی بەرچاو ناگێڕێت. هەروەها هەر لە زمانی داپیرەوە کە هێمای مێژووی مرۆڤایەتییە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتانەی کە بیری سواربوونی چەرخ و فەلەك هەبووە بۆ گەڕان بە ئاسماندا و گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. ئەمەش بەئاشکرا دیارە کە چیرۆکنووس سوودێکی چاکی لە ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە.

(مەم) هۆی پەیدابوونی ئەم بیرۆکە ئەفسانەییە سەیرانە دەبەستێتەوە بەو رژێمە گەندەڵانەی ئەو سەردەمانەوە. (مەم) رژێمەکانی ئەو سەردەمانە بەوە تاوانبار دەکات کە ئەوان هیچ جۆرە گۆڕانێکیان لە ژیانی تایبەتی و فیکری خەڵکدا بەرپا نەکردووە تا خەڵکی باوەڕ بەم بیرۆکە ئەفسانەییە سەیرانە نەهێنن. بەڵکو، بە پێچەوانەوە، ئەو رژێمانە زۆریان پێخۆشە کە میللەت لەناو دەریای نەزانیدا هەتا هەتایە مەلە بکات. چونکە ئەوان تەنیا بیریان لەکورسی حوکمڕانی خۆیان کردۆتەوە و هیچی تریش. کەچی دەبوایە ئەوان رێنیشاندەر و رابەری گەل بوونایە و لەخزمەتی گەل خۆیان تەرخان بکردایە و هۆیەك بوونایە بۆ بزواندنی بیری پێشکەوتنی میللەت هەروەکو لەئیمپراتۆرییەتەکانی گریك و رۆم لەسەرەتادا ئەمە بەدی دەکرا و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەیان نووسەری مەزنی وەکو (سۆفۆکلیس و ئەسخیلیەس و یۆریپیدیس و هتد) و هونەرمەندی گەورە و فەیلەسوفی بلیمەتی وەکو (سوقرات و ئەفلاتون و ئەرەستۆ و هیراکلیتس و هتد) بێنە کایەوە کە تا رۆژی ئیمڕۆش هەموو مرۆڤایەتی لەبەر روانینی تیشکی بیرەکانی ئەوان دیاردەکانی ژیان لێك دەداتەوە.

لەم سەردەمەی پاڵەوانی چیرۆکەکە تێیدا دەژیت، ئازادی میللەت هێندە تەسك کراوەتەوە کە تەنانەت هەموو جوولەیەکی سروشتی و ناسروشتیش بەمانای بێزاری پیشاندان و گاڵتەکردن بەبڕیارەکانی حکومەت و دەسەلاتدارانی سەروو لێك دەدرێتەوە. هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە، چیرۆکنووس زۆر کۆمیدیانە وەسفی باسك هەڵکردنی (خاڵۆ میکائیل) دەکات و دەست دەرهێنانی لە ئۆتۆمبێلەکە بە دژەکردارێك لێك دەدرێتەوە. گوایە ئەم بۆیە وا دەکات تا گاڵتە بە بڕیارەکانی

میری بکات و هەر بەم بیانوەشەوە تاوانبار دەکرێت و دەیانەوێت لە کونی زیندانی بپەستن و هێندێك پارەی پێ ببژێرن.

هەوڵدانی (خالۆ میکایل)ی بەسەزمان بۆ تێگەیاندنی لێپرسراوە ملهوڕەکان بێ سوودە و نووسەر ئەم هەوڵەی ئەو وەکو جوولانەوەی ئەو گایانە وەسف دەکات کە کڕیار دێتە سەریان و لاشەویلاکیان لێك دەکەنەوە تا لە ددانەکانیانەوە بزانن ئایا تەمەنی ئەم گایانە چەندە. هەر بۆیەش خەڵکەکە وەکو گای جووتیاریان لێهاتووە، هەرکەسێك ببینن بەبێ دەستی خۆیان دەمی بۆ دەکەنەوە جا ئەو کەسە کڕیار بێت یان نا. ئەمەش جولەیەکی سروشتی بێ مەبەستە و خەڵك رەنگە بە گرژی یان تووڕەبوونیان تێ بگەن. بەڵام ئەوەی مایەی ئومێدە خەڵکەکە تاسەر هەر بە گایی نامێننەوە و رۆژێك دادێت بەم بارودۆخە رازی نەبن.[1]

## ٥) چیرۆکی "بارکەین لە گوند"

ئەم چیرۆکە باسی سەردەمی پاشایەتی دەکات لە عیراقدا کە میری لە گوندە دیار و گەورەکانی کوردستاندا پڕۆپاگەندەی ئەوەی دەکرد گوایە قوتابخانە دەکاتەوە و منداڵانی گوند فێرەخوێندن دەکات و بەمجۆرە دوارۆژێکی گەش و رۆناك بۆ هەموو لایەك مسۆگەر دەکات. بەڵام ئەوەی کە فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە هیچ حیسابێکیان بۆی نەکردووە ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ژیان و بژێوی هەژاران بەجۆرێك لە جۆرەکان دابین بکەن تاوەکو کاتێك منداڵانی گوند لە کارەکانیان دەکێشرێنەوە هیچ کاریگەرییەکی خراپی نەبێت لەسەر تێکدانی شیرازەی بژێوی و ژیانی ماڵە جووتیارە هەژارەکان.

وەك هەموو کەسێکی شارەزا لە کاروباری گوند دەزانێت کە زۆربەی خێزانە جووتیارەکان لە کاروباری کاسبییاندا پشت بە منداڵان دەبەستن بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان — هەر لە ئیش و کاری ناو کێڵگەوە بیگرە تا دەگاتە ئاژەڵ بەخێوکردن و جەنجەڕ و شوانی و گاوانی و بەرخەوانی.[2]

(مەم) بۆ ئەوەی رووداوەکە هێندە گرژتر و بەتێنتر بکات چیرۆکەکەی خۆی لەبارەی ژیانی ناهەمواری خێزانێکی هەژارەوە داناوە کە لە هێزی بازوویان بەولاوە هیچی تریان نییە نانی پێ

١. هەمان سەرچاوە ، ل ل. ١٤١ – ١٤٧.

٢. هەمان سەرچاوە ، ل ل. ٣٩ – ٤٤.



پەیدا بکەن و پێی بژین. ئەم خێزانە ئەگەر بە (شۆڕۆ)ی کوڕیان نەخوێنن، خۆیان دەخەنە نێوان دووبەرداشەوە — یان دەبێ ئازاری بەندکردن و سزادان لەلایەن میرییەوە بچێژن یانیش دەبێ بەهەژاری و کلۆڵی بمێننەوە. کەچی لە وزەشیان دانییە بچنە ژێر باری هیچێکیانەوە، لەبەرئەوە ناچار دەبن بەشەو دێیەکەیان بەجێ بهێڵن تا ئەو کاتەی باری خۆیان راست دەکەنەوە، ئەوسا بە کوڕەکەیان دەخوێنن.

ئەم چیرۆکە هەروەکو چیرۆکنووس لە پێشەکییەکەیدا دەری بڕیوە، رەخنەگرتنە لەسەردەمی پاشایەتی بۆگەن کە تەنیا بۆ چاووڕاو قوتابخانەیان لە دێهاتە گەورەکان دەکردەوە بەبێ ئەوەی رەچاوی باری ناهەمواری دانیشتوانەکەی بکەن. منداڵانیش هەر بەزەبری کوتەك بۆ قوتابخانە پەلکێش دەکران و بەمەش باری ئابووری خەڵکەکەیان دەشێواند و تەنگوچەڵەمەی نوێشیان بۆ دروست دەکردن.[1]

هەڵبەتە میری بۆ پەیڕەویکردنی ئەم پلانە هیچ یارمەتییەکی بۆ خێزانە هەژار و منداڵە بەسەزمانەکان تەرخان نەکردبوو. جا ئەگەر یەکێکیش منداڵی لە خوێندنگا دەربهێنایە تووشی سزای هەمەجۆری توند دەهات. ئەمەش وای دەکرد کە خێزانەکان تووشی سەرلێشێوان بێن و نەزانن چ بکەن و چۆن خۆیان لەو تەنگوچەڵەمەیە رزگار بکەن. لەم چیرۆکەدا نووسەر باسی خێزانێکی کلۆڵی لەم بابەتە دەکات کە بووەتە قوربانی ئەم جۆرە سیاسەتە بێ سەروبەرە.

ئەم خێزانە تەنیا کێڵگەیەکیان هەیە کە خۆیان پێیەوە بژیێنن — بەڵام بەجۆرێکی مەمرە و مەژی، چونکە تاقە کوڕێکیان هەیە و ئەو کوڕەش یارمەتی باوکی دەدات لە کاروباری کشتوکاڵ و بەرهەم هێناندا. پاشان بە زۆرەملی راپێچی بەرخوێندن دەکرێت، بەمەش تادێت ژیانیان بەرەو ناخۆشی و ئالۆزی دەچێت. رۆژێکیان کوڕەکە کە ناوی (شۆڕۆ)یە دوای گەڕانەوە لە قوتابخانە باسی ئەو چیرۆکە دەکات کە مامۆستاکەیان لە قوتابخانە بۆیانی گێڕاوەتەوە.

بەپێی قسەکانی ناو چیرۆکەکە مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێت لەرێگای خوێندنەوە بگات بە هەموو ئاواتەکانی. بەڵام (مام عەولا) کە ئەم خێزانە بەخێو دەکات زۆر لەم بارودۆخە بێزار دەبێت. بۆیەش پلانێك دادەنێت تا خۆی و خێزانی لەم ئازار و ئەشکەنجەیە رزگار بکات. پلانەکەش ئەوەیە کە (شۆڕۆ) لە قوتابخانە دەربهێنن و بەدزی هەر ئەو شەوە باربکەن لە گوند کە شوێنی باب و باپیرانییەتی.

١. تالیب محەمەد ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل. ١٣١.

بێگومان خوێندن لەهەموو ڕوویەکەوە شتێکی چاکە ئەگەر بارودۆخی لەباری بۆ دابین بکرێت. بەڵام فەرمانڕەوا ستەمکارەکان بەجۆرێکی وا گەمژەڵانە مامەڵە لەگەڵ شتەکانی ژیان دەکەن کە تەنانەت شتە باشەکانیش لەلای خەڵك بەخراپ بکەونەوە و سەرەنجام هەر بەخۆیان قازانج لە شتەکان بکەن. بەزۆر سەپاندنی خوێندن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوودەمای کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی گوزەرانی ئەو خەڵکە هەژار و بەدبەختە لە هەڵاتن و ڕاکردن زێتر هیچی دیکەی لێ نەکەوتەوە.[1]

## ٦) چیرۆکی "کارمان دەوێ"

ئەم چیرۆکە لە کێشەی بێکاری دەدوێت. (مەم)ی چیرۆکنووس سەرەداوی ڕووداوەکان لە چاپخانەیەك دەکاتەوە کە (ئازاد)ی پاڵەوانی چیرۆکەکەی لێ دانیشتووە و کەوتۆتە ناو گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و پەیتا پەیتا بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە و هەوڵدەدات باری قوورسی سەرشانی خۆی بەوە سووك بکات کە داواکارییەك پێشکەش بە شارەوانی بکات و لەوێ بە فەرمانبەر وەربگیرێت چونکە ئەو خێزانێکی زۆروزەبەندی لەسەرشانە و ئەمەش لە ڕۆژگارێکی وادا کە هەژاری و برسیەتی باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشابوو کارێکی ئاسان نەبوو. (ئازاد) بەدەم بیرکردنەوە لەم خەیاڵاتانەوە عەرزوحاڵێك دەنووسێت و هەوڵدەدات بەختی ڕەشی خۆی بەم داواکارییە تاقی بکاتەوە. ئەم چیرۆکە حەز و ئارەزوو و کەڵکەڵە و خەم و خەفەتی مرۆڤێکی زێدەهەستیار دەخاتەڕوو کە لەبەر بێ نانی خوێندنگای جێ هێشتووە و ڕۆژگاری تاڵ ڕێگای نەدابوو خوێندن تەواو بکات.

ئەم دەردەی کە (ئازاد)ی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت بارێکی تایبەت و ڕێزپەڕ نییە چونکە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا تەنیا منداڵی خواپێداوان دەتوانن بەبێ قۆرت و گرێ خوێندن تەواو بکەن. بەڵام منداڵی هەژارن لەبەر پارووێك نان زووبەزوو لە خوێندنگا دەکێشرێنەوە و فڕێ دەدرێنە ناوجەرگەی ئەم ژیانە جەنجاڵەوە.

چیرۆکنووس دەیان کەسی بێکاری وەکو (ئازاد) لەبەردەمی فەرمانگەی شارەوانی کۆدەکاتەوە و هەریەکەشیان عەرزوحاڵێکیان بەدەستەوەیە و داوای کار دەکەن. بەڵام ئایا کەس هەیە بەزەیی بەم کڵۆڵانەدا بێتەوە؟

١. محەمەد مەولود مەم ، چیرۆکەکانی مەم، بەرگی دووەم (هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری، ١٩٨٤) ل ل ٤٤ - ٥١.



هەروەك لەلای هەمووومان ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا بەزەیی و هەستی مرۆڤانە تا ئەوپەڕەکەی کەم دەبێتەوە و کەس بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە چونکە سیستەمی چینایەتی لەسەر بناغەی پێشبڕکێ بنیات نراوە و هەرکەسە لەگەڵ ئەوانی تر دەکەوێتە ململانێ و هەر بەهێزەکەیان لەڕووی جەستەیی بێت یان فیکری ئەو بۆ خۆی هەموو شتەکان کۆنترۆڵ دەکات.

وەك پێشتریش ئاماژە بەوەکرا کە کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی بۆ کار داواکردن ڕوویان کردۆتە فەرمانگەی شارەوانی. بەڵام کەسیان هیچیان دەستناکەوێ و هەموویان بەنائومێدی لەوێ دەگەڕێنەوە. ئەم هەست بەنائومێدیکردنە بەرەبەرە توندتر دەبێت تا دەگاتە ڕادەی تووڕەیی و پاشتر هێندە بەهێز دەبێت تاڕادەی ئەوەی لە ڕێسا و یاساکانی وڵات هەڵچەرخێنەوە و دەست بە خۆپیشاندان بکەن.

بۆ خەڵەتاندنی خەڵکی و کۆنترۆڵکردنی ئەو بارە گرژ و ترسناکە لەنکاوڕا فەرمانبەرێکی بەرەی دەسەڵاتداران کە زۆر پۆشتە و پەرداخە دێتە بەرامبەریان و پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەمڕۆش بڕۆنەوە و سبەینێ یان دواتر وەڵامیان دەدەنەوە. بەڵام داواکاران بەم قسانە فریو ناخۆن و دەزانن ئەمەش فێڵێکی ترە لەو فێڵانەی دەسەڵاتداران لێیان دەکەن بۆ خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان. بۆیەش تێکڕا دروشمی: "کارمان دەوێ — نانمان دەوێ" بەرز دەکەنەوە و لەبەردەمی شارەوانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەکەن.

(ئازاد)یش دەستبەجێ عەرزوحاڵەکەی فڕێ دەداتە ژێر پێی و یەکسەر تێکەڵی خۆپیشاندەران دەبێت و هەمان دروشمی ئەوان دووبارە دەکاتەوە. بەمجۆرە هەردوو چین- چینی زۆردار و چینی زۆر لێکراو ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و دەکەونە توندترین ململانێ و زۆرانبازییەوە.[1] زیرەکی چیرۆکنووس لەوەدایە کە هیچ چارەسەرییەك بۆ ئەم کێشەیە دانانێت و کێشەکە بە کراوەیی بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت تا خوێنەر بەخۆی بڕیار لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدات.

١. هەمان سەرچاوە ، ل ل. 88- 92 .

# ئەنجام

دوای ئەوەی شەش کورتە چیرۆکی (مەم) خرانە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە لە روانگەی کێشە و ململانێی چینایەتییەوە، ئەوە ساغ بووەوە کە لە نێوان سالآنی ١٩٣٠ — ١٩٦٠ دا کۆمەڵگەی کوردەواری توندترین ململانێ و زۆرانبازی چینایەتی تێدا بەرجەستە بووە. ئەم ململانێیەش لەسەر هەرسێ ئاستی (سیاسی) و (ئابووری) و (کۆمەڵایەتی)یەوە زۆر بەزەقی رەنگی داوەتەوە.

لە هەندێك چیرۆکدا وەك (چۆن جووتی ئاغامان بەردا) چینی چەوساوە دەبێتە قوربانی ئەم زۆرانبازی و ململانێیە و ئەوان گیانی خۆیان بۆ پاشەڕۆژێکی ئارام و روون بەخت دەکەن. کەچی لە چیرۆکی (کارمان دەوێ ) و (ئاسۆ و دووچاوی لێڵ ) و (هەبوو نەبوو) و (بارکەین لە گوند) و (خەڵکەکە چۆن بوون بە... گا) دا هەست بەوە دەکرێت کە چینی رەش و رووت بەوپەڕی دڵڕەقی دەچەوسێنرێنەوە و ناتوانن بەئاسانی بەرەنگاری ئەو جۆرە چەوساندنەوەیە ببنەوە. بۆیە لەم چیرۆکانەدا پاڵەوانەکان بەسەرسامی و کێشەکانیش بەچارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە.

خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش لە چیرۆکەکانی (مەم) ئەوەیە کە پاڵەوانەکانی ئەو هەر هەموویان لە چینی رەش و رووتن و دژەپاڵەوانەکانیش هەر هەموویان هێمای دەسەڵاتی چەوسێنەرانی ناو کۆمەڵگەن. ئەمەش هەر لەخۆڕایی وانەبووە، (مەم) بۆیە بەم جۆرە پاڵەوانەکانی هەڵبژاردوون تا بەڕوونی کێشەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە بگەیەنێت و ببێتە رێگا رۆشنکەرەوەی خەباتی چینایەتییان. هەر ئەمەشە وا لە چیرۆکەکانی (مەم) دەکات کە مۆرکی واقیعیەتی کۆمەڵایەتی بە سەرجەم چیرۆکەکانی ببەخشێت.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١- سەباحی غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردی دا (١٩٢٥ – ١٩٧٠)، (بەغدا: لە بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ١٩٧٩).

٢- محەمەد مەولود مەم، چیرۆکەکانی مەم، بەرگی یەکەم (بەغدا: چاپخانەی ئەسعەد، ١٩٧٠).

٣- محەمەد مەولود مەم، چیرۆکەکانی مەم، بەرگی دووەم (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری، ١٩٨٤).


**گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان:**


١- ئازاد حەمە شەریف، "هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە پایزەخەون دا" گۆڤاری بەیان ژمارە (١٦٠) ت ١ ی ١٩٨٩.

٢- ئازاد حەمە شەریف "رۆمانی رێگا و رەهەندەکانی" گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩.


**گۆڤارە عەرەبییەکان:**


١- اسماعيل رسول، "نقد قصص مەم" جريدة التاخي العدد (١٢٣٤) في ١٩٧٣/١/١١، و ايضا العدد (١٢٣٧) في ١٩٧٣/١/٢٠،




**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


1- M. Rosenthal and P. Yudin (ed.) , ***A Dictionary of Philosophy***, (Moscow : Progress Publishers, 1967).

2- Zubritsky Y., Kerov V., and Mitropolsky D., ***A Short History of Pre-Capitalist Society***, (Moscow: Progress Publishers, nd) .

3- M. I. Volkov (ed.) ***A Dictionary of Political Economy***, (Moscow: Progress Publishers, 1985) S.V. "Class Struggle"


**نامە ئەکادیمییەکان:**


١- تالیب محەمەد ئەحمەد "لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی مەم" (نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئەدەبیات : زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣).

# فانتازیا یان ریالیزمی سیحری

# لە چیرۆکەکانی (مەم)دا

سابیر ڕەشید

ئامانجی فانتازیا و مەبەستی لە ئەدەبدا لەگەڵ بوونی لە واقیعدا جیاوازییان نییە، چونکە ئەوەی لە چیرۆکدا بەراستەقینە دەبینرێت بەزۆری شێوەیەکی گریمانەیی بەخۆوە دەبینێ، بەڵام ئەم ئەدەبە خاسیەتی کردەی بێ ئاگایی - نازەمەنی و تێکشکاندن و هاوپێچەوانە و شێواندن و لابردن و تەرکیز کردن بەخۆوە هەڵدەگرێ و خوێنەر و ڕەخنەگری ئەم ئەدەبەش وەك دیمەنێکی کردەی نائاگایی دەیخوێنێتەوە.

خەیاڵە شێوەییە فانتازیا ئامێزەکانی هۆسۆرۆن و کۆنراد و هۆفمان و کافکا و گۆگۆڵ و دیستۆیڤسکی و نابۆکۆف و بۆرخیس، بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێت ئەوانە بخرێنە ناو جیهانێکی سەقامگیرەوە، چونکە ئەم کاریگەرییەی ئەوان لە فانتازیەکانیاندا دەیخەنە ڕوو ئەم راستییە بەدەردەخەن کە ئەم جیهانەی دەریدەبڕن بێ شك جیهانی ئێمەیە و مانای ئاسایی و سادەش بەخۆیانەوە هەڵدەگرن و وەك خەون نیشان دەدرێن. کەشوهەوای فانتازیایی دەتوانرێ بەهۆکارێکی پراکتیکی و سەرکەوتوو دابندرێت بۆ بەدیارخستن و بایەخدانی کەسایەتییەکان و هەست و سۆزیان کە لە توانادایە داپۆشرێن و بگۆڕدرێن. لە دەوروبەرێکدا کە دابونەریت و وەسفکاریی کۆمەڵایەتی دەیجووڵێنێتەوە و حوکمی پێدەکات.

لەم روانگەیەوە دەکرێ وا تەماشای فانتازیا بکرێت کە هەمان مەبەست بەخۆوە هەڵدەگرێ کە گرێچنی نووسەرێکی واقیعی بەخۆیەوە گرتوویەتی، شان بەشانی ئەمەش دەکرێ هەقایەتی فانتازیایی وەك چیرۆکێکی رەمزی بخوێنرێتەوە.

(دانتی) پێناسەی فانتازیای وا کردووە کە لەگەڵ خەونی ئەقڵدا هاوشێوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی بۆ فانتازیا بەو پێیەی کە (خەیاڵی روانینە) بۆ ئەمڕۆ شتێکی نوێ نییە، بەڵام پێوەندی نێوان فانتازیا و خەون کارێکی بەڵگەنەویستە. ئەگەرچی (دانتی) بەشێوەیەك رێزی لە



خەون دەنا کە خەونی نوێ وەك ئەوینییە، بەڵام خەونی (دانتی) بۆ ئەقڵ دەگەڕێتەوە و هێزەکەشی لەوەدایە کە گونجاو و رێکوپێك و تەجربییە.

(کۆلرێدج) نێوانی وەهم و خەیاڵی لێکتر جیاکردۆتەوە، چونکە یەکەمیان کاری هونەری دادەهێنێ کە رووکەشەکەی دیارە و لە هەمان کاتیش یەکپارچە نییە ئەگەرچی پێکەوەش گرێ دراون، بەڵام دووەمیان کارێك دادەهێنێ کە رەگەزەکانی بەڕایەڵی بەهێز و لەگەڵ یەکتر ئاڵۆێر و بەئاماژە دەوڵەمەند پێکەوە بەستراونەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بەزۆری فانتازیا دەگەڵ خەیاڵدا پێکەوە بەراورد دەکرێت.

فانتازیا مەسەلەیەکی بێ ئاگاییە و ناشتوانرێ دەستی بەسەردا بگیرێت، بەڵام لە ڕووی یەکێتی و گشتگیری و هاوسەنگییەوە هەژارە، لێرەدا فانتازیا دەگەڵ زیندەخەون پێکەوە گرێ دەدرێن بەپێچەوانەی خەیاڵەوە کە واقیع بەسەنگی مەحەکی خۆی دادەنێت. بەزۆریش فانتازیا بەبینین و تەسەورات و چەمکە نادیار و چەوتەکانەوە دەبەسترێتەوە یانیش لە راستەقینە ناواقیعییەکانەوە، کە لە ئەدەبدا فانتازیا بۆ تێرکردنی ئارەزووە بێ ئاگاکانە و بۆ خەونیش زیاتر دەکەوێتە بەر راڤەکاری شیکردنەوەی دەروونی تایبەت بەخەونەوە.

فانتازیا بەهەمان رێگای شیکاری دەروونییەوە دەتوانێ واقیع بدۆزێتەوە و خۆی بخزێنێتە ناوی، جیا لەوەش کە نزیکترین دەروازەیە بۆ بیردۆزی شیکاریی دەروونی لە رووی وردبینییەوە بەو پێیەی کە مشتێکە لە ئەدەبی فانتازیا. لەسەر ئەم بنچینەیەدا کارەکانی (فرۆید) دەبن بە دەقی دەوڵەمەند و سەرنج راکێش، لە جیاتی ئەوەی کە تەنیا ژمارە بن لە زانیاری بیردۆزیدا.
بنچینەی فانتازیا کە بواری پشکنینی بیردۆزی شیکاری دەروونییە کەوتە ژێر کاریگەریی پرۆسەکانی دواترەوە واتە (هزر) بەمەش دەسکاری و گۆڕانکاری وەرگیرا و لە واقیع بۆ فانتازیا زیادکرا، بۆیەشە (فرۆید) فانتازیای وا دەبینی کە هەموو نامەئلووفێك دەبێتە مەئلووف و پێچەوانەکەشی هەر راستە.

دنیای نووسەری فانتازیا بەدنیای فرۆید دەچێ، (فرۆید)یش خۆی لە مەزنترین نووسەرانی فانتازیایە و باشترین کەسێکیشە کە نوێنەرایەتی شیکاری دەروونی کردووە لە چوارچێوەی روانینی بەهێزیدا جیهانی ئاشکرا و ئاسایی رووکاری دەستنیشانکراوی خۆی ون دەکات. جۆرەکانی تەداعی و ئەم پێشکەوتنەش کە وەسفی دەکات بەگوێرەی یاسایەکی نوێ دەبێ بەزیرەکی و ئامادەگییەوە درز و کەلێنەکانی بدۆزرێتەوە.

بەجۆرە پەردە لەسەر ئەرکی نووسەری فاتازیا ئامێز لادەدرێت کە تواناییەکەی دەخاتە سنووری ناماقووڵ و لەگەڵ بوونی ئارەزوویەکی بەهێزیش بۆ دۆزینەوەی مانا لە ناماقووڵدا.

زۆربەی نووسەرانی دیکەش کە لە دوای (فرۆید) هاتوون پێیەوە کاریگەر بووینە و لەناو فانتازیادا داهێنانی خۆیان کردووە و گوزارشتیان پێ لە هزر و بیروبۆچوون و روانین و جیهانبینی و فەلسەفەی نووسینی خۆیان پێکردووە.

فانتازیا لە ئەدەبی نوێدا پشت بەریالیزم دەبەستێ و تەرکیزیش لەسەر توانای خوێنەر دەکات بۆ درککردن بەدنیای ئاسایی و قبووڵکراو بەگشتی و درککردنی روخساری پەیوەست بەبار و زرووفی ئاسایی یا دوورکەوتنەوە لێیەوە.

یەکەمین کاریگەری و ناسینەوەی فانتازیا دوورکەوتنەوەیەتی لە مەئلووف، بەڵام کاریگەریی گرنگ و ترسناکی فەنتازیا سەرچاوەکەی پێوەندییەتی بەهەموو ئەو شتانەی کە مەئلووفە و ئەم رێگایەش کە تیشك دەخاتە سەر ناسەقامگیریی و دژگەیی، تا دەگاتە رادەی نائەقلانیش کە مەئلووف لەسەریەوە دەوەستێ.

(بۆرخیس) فانتازیا بۆ ئەوە تەوزیف دەکات تا بەرەنگاری روانینەکانی پەیوەست بەدنیای مەئلووفی پێبکات، چونکە ئەو رۆشنبیرێکی میتافیزیکی بووە و لە رێگای فانتازیاوە لۆجیك دەبینێ و بەسەری دەکاتەوە.

لە ئەدەبی نوێی هەموو دنیادا ئەزموونگەری و نوێخوازی جێگای ئەدەبی واقیعی گرتۆتەوە و خەیاڵ و روانینی نووسەرەکە ئەدەبی واقیعی جێ هێشتووە. ئەمەش بەتایبەتی لە ئەدەبی ئەمەریکای لاتینی بەرچاو دەکەوێ، چونکە ئەوان هەستیان بەوەکرد کە دەبێ خۆیان لە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی جودا بکەنەوە و سوودیش لە کەلەپووری لەبن نەهاتووی خۆیان وەربگرن و هەستیان بەوەکرد کە ئەدەب تۆماری مێژوو نییە و ئەم تۆمارە دەبێ بۆ زانایانی کۆمەڵناسی و شوێنەوارناسی و مێژوونووسان بەجێ بهێڵن، جا لەبەر ئەمەش رۆمان و چیرۆك کە ئێمە لەم باسە لێی دەدوێین خۆی پێکهاتەی خەیاڵە و دروستکردنی خەیاڵ و روانینی نووسەرە و لەم ئاوێنەیە نییە کە هەرچی دەیبینێ لە واقیع تۆماری بکات، بۆیە نووسەرانی ئەمریکای لاتین پەنایان بردە بەر خەیاڵی خۆیان و ئەم خەیاڵە قووڵ و رەسەنانەشیان بوو بە بەشێك لە پێکهاتەی چیرۆك و رۆمانی نوێ لە ئەمریکای لاتین و هەر بەمەش توانی خۆی جیابکاتەوە و لەناوەوە بەرەو جیهانی هەنگاو بنێت و تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێ و تۆماری خۆی بکات و رێزی لێ بگیرێت و ئەو دنیایە تووشی سەرسوڕمان بکات و بەلای خۆیدا وەریبگێڕێت و



ئەوەبوو بەئەدەبی واقیعی سیحری ناوزەدکرا و توانرا بەهۆی ئەم خەیاڵاتە فانتازیا ئامێزانەیان ناوەڕۆك و دەلالەتی قووڵ دابڕێژن و ئەوەی نەدەکرا راستەوخۆ لەنێو دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانیاندا هەڵبژێرن و بیدرکێنن ئەوا بەم خەیاڵە فانتازییایە هەم جوانکارییان بەواقیعی خۆیان دەدا و هەمیش ئامانجی ئەدەبەکەیان بەدیاردەخست و هەمیش پەردەیەکیان پێدا دەدا و هەمیش تەوزیفی سامانی لەبن نەهاتووی خۆیان دەکرد و بەدنیایان ناساند.

هەربۆیەش رۆمان و چیرۆکی ئەمریکای لاتینی لە هەموو دنیادا و بەتایبەتیش لە دنیای جیهانی سێیەم بایەخێکی زۆری پێدرا و دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، چونکە ئەو ئەدەبەی ئەوان رەنگدانەوەی ئێش و ئازار و ژانەکانی هەموو دنیا بوو و کێشەکانیشیان لە جیهانی سێیەم نزیك بوون بەتایبەتیش کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

لە ئەدەبی ئەمریکای لاتین چەندان ئەدیب و نووسەر و رۆماننووس و چیرۆکنووسی پێشەنگ پەیدابوون و زوو جێگای خۆیان کردەوە بەتایبەتیش لە ئەدەبیاتی جیهانی سێیەمدا زیاتر وەرگیران و پەسند کران وەك: ئەلیخۆکاربنتێ و کارلۆس خوێنتس و جۆرج ئەمادۆ و ماریۆفارگاس لۆسا و خۆسێ سێلاو بۆرخیس و ئەنفانتی و گابریێل گارسیا مارکیز و.. تاد.

نووسەرانی ئەمریکای لاتینی بەزۆری هەوڵی ئەوەیان داوە واقیعێك دروستکەن کە شوێنگرەوەی ئەو واقیعە بێت کە تێیدا دەژین. کە ئەم واقیعەی بەخەیاڵ دروستکراوە و هەندێك جار ئەو خەیاڵ و گاڵتەجاڕییەی کە دروستیان کردووە گەیشتووەتە چڵەپۆپە و جاری واش هەبووە تەنیا دەربڕی حاڵەتی سریالی پڕ گاڵتەجاڕی بووە و بەهەرحاڵ دەربڕینی ئەم خەیاڵە بەلایەنی تراژیدیایی و کۆمیدیاییەوە چارەسەرێك بووە بۆ رزگاربوون لە بارێکی تایبەتی و جاری واش هەبووە ئەم خەیاڵە تەنیا بۆ سەرنج راکێشانی خوێنەر بووە، بەڵام بۆ وێنەکێشانی ئەم واقیعە و ئەم وێنەکێشانە جیاوازییەی نووسەر نووسەرانی ئەمریکای لاتینی دروستکردنی فانتازیا لە واقیع دانابڕن. چونکە واقیعی ئەوان خۆی فانتازیا ئامێزە و فانتازیاش شێوەیەکی دەربڕینی واقیعی ئەوانە، بۆ نموونە کاتێ لە مارکیز دەپرسن بۆچی خۆی لە فانتازیا گرێ داوە پێیان دەڵێ: "چونکە من بڕوام وایە کە خەیاڵبازی تەنیا ئامرازێکە بۆ چەکەرەکردنی واقیع و واقیعیش هەمیشە سەرچاوەی دروستکردن و داهێنانە و هەر ئەمیشە کە دەمێنێتەوە. فانتازیا بەمانای جیاوازی دێت بەبێ چ بنچینە و مەرجێك...".

بۆیەش رەنگدانەوەی واقیعی سیحری نووسەرانی ئەمریکای لاتین لە ئەدەبیاتی جیهانی سێیەم تەواو کاریگەری هەبووە و بەتایبەتیش کاریگەری بەسەر رۆمان و چیرۆکی عەرەبیدا و ئەمەش

وەك شێوازێكی سوود وەرگرتن لە خۆماڵیی و ناوچەییەوە و سوود وەرگرتن لە كەلەپووری خۆماڵی بۆ دارِشتنی فانتازیای نووسەر بەكارهات كە ئەم كاریگەرییە لای عەرەبەكانیش شێوازی نووسینی رۆمان و چیرۆكی گۆرِی وەك (د. محسن جاسم الموسوی) لە كتێبی (الروایة العربیة- النشأة والتحول)دا لە بارەی پەرەسەندنی رۆمانی عەرەبی لەم كاریگەرییە دەدوێ و دەڵێ: "لەم ساڵانەی دواییدا (كە مەبەستی ساڵانی حەفتاكانە - س. ر) زۆر لە چیرۆكنووس و رۆماننووسانی عەرەب هەستیان بە هەندێك دیاردەی دووركەوتنەوە لە نێوان بابەت و شێواز كرد ئەو كاتەی كە نووسینەكانی نووسەرانی ئەمریكای لاتینیان خوێندەوە و لە بەرامبەر ناوچەگەری كراوە بەتەشقی نووسین وەستان و هەستێكی تایبەتی پێبەخشین كە ئەم شێوازە نووسینە لە رۆمانی جیهانیدا چ جێگایەكی تەنیوە، بۆیەش ئەم وەستانە پێویستە بۆ بنیادنانێكی پرِ وردەكاری و ئەمەش تاكە رێگای رزگاربوونە لە توانەوەی نێگەتیڤانە‘‘".

جا ئەگەر رۆماننووس و چیرۆكنووسانی عەرەب بۆ پەرەپێدانی شێوازی چیرۆك و رۆمانی خۆیان تەواو بایەخیان بە ئەدەبی چیرۆك و رۆمانی ئەمریكای لاتین دابێت و شێوازەكەیان بۆ ناو رۆمان و چیرۆكی عەرەبی گوازتبێتەوە و بۆ ئەمەش سوودیان لە كەلەپووری چیرۆكی خۆیان بەستبێت وەك ئەفسانە و تەشقی ئایینی و مەقاماتی عەرەبی و شێوازی هەقایەتخوانی و خورافات و هەموو بنچینەكانی فۆلكلۆر و دابونەریتی خۆیان و شێوازی نوێیان لەسەر بنیاد نابێت و شێوازێكی نووسین پەیرِەو كرابێت، بۆ چیرۆكنووس و رۆماننووسانی ئێمەش زۆر ئاسایی بووە كە لە رێگای رۆشنبیری و خوێندنەوەی زمانی عەرەبی سوود لەم واقیعی سیحرییە وەرگرن و ئەوانیش بەتەوزیف كردن و سوود وەرگرتن لە سامانی لەبن نەهاتووی فۆلكلۆر و كەلەپووری كوردی و میسۆلۆژیای كوردی، چیرۆكی ئاسایی جاران بەلادەن و شێوازێكی نوێ لە چیرۆكی كوردی جێگای بگرێتەوە كە ئەمەش لە كۆتاییەكانی ساڵانی شەست و بەتەواویش لە ساڵانی حەفتاكاندا بەرگێكی نوێی كرایە بەر چیرۆكی كوردی و چیرۆكەكانی (لەتیف حامید و ئەحمەد شاكەلی و سەدرەدین عارف و كاكە مەم بۆتانی و حوسێن عارف و محەمەد مەولود مەم و.. تاد) باشترین بەڵگەن. دواییش لەلای زۆربەی چیرۆكنووسانی دیكە پەرەی پێدرا و بوو بەشێوازێكی چیرۆك.

(محەمەد مەولود مەم) یەكێكە لەو چیرۆكنووسانەی كە زۆر بایەخی بەخەیاڵ و فانتازیا داوە هەر لە چیرۆكەكانی ساڵانی شەستەكانەوە كە سوودی لە هەقایەت و ئەفسانە و فۆلكلۆری كوردی وەرگرتووە بۆ دارِشتنی شێوازی نووسینی چیرۆكەكانی و دوایش سوودی لە واقیعی سیحریی



ئەدەبی ئەمریكای لاتین وەرگرتووە و تاقیكردنەوەی خۆی پێ دەوڵەمەندتر كردووە. بۆیەش دەبینین لە چیرۆكەكانی ساڵانی حەفتاكاندا بەدەلالەتی قووڵتر و دەربرِینی فانتازیاتر وەك چیرۆكنووسێكی پرِ لە ئەزموون چیرۆكی كوردیی نوێ كردۆتەوە و بەرگێكی پرِ لە فانتازیای كردۆتە بەر چیرۆكی واقیعی و وەك هێما و دەلالەتی سیاسیش سوودی لێ بینیوە.

لە چیرۆكی (ئاسۆ و دوو چاوی لێڵ)دا بەشێوەیەكی فانتازیا دەست بەچنینی چیرۆكەكەی دەكات كە چیرۆكنووس وەسفی تارماییەك دەكات كە لە دوورڕا وەك جنۆكە خۆی نیشان دەدات، كاتەكەشی تاریك و روونی بەیانە و تارماییەكە هیچی لێ بەدی ناكرێ. تا وردە وردە نزیكتر دەبێتەوە ئینجا دیارتر و زلتر دەبێ و پەردەی نهێنی زیاتر لەسەر لادەچێ تا بەدیاردەكەوێ تارماییەكە وەسفی ئافرەتێكی رەقەڵەی شلوشۆقە كە خۆی لە چارشێوێكی رەش لوولداوە و تێكەڵ بەباری دەروونی ئافرەتەكە دەبێ و دەزانرێ كە دوو رۆژە دایكەكە مەلۆتكەكەی پێیە و دوو رۆژە مەمكی نەخواردووە. بۆیە دایكی بەم تاریك و روونە سەری لێ شێواوە.. ئافرەتەكە كە گوێی لە دەردی دڵی كرێكاران دەبێ ئاوارەیی خۆی بیر دەكەوێتەوە كە چۆن ئاودیوی ئەم سنوورە بووینە كەسێكیش نییە پاداشتی باوكی مەلۆتكەكەی بداتەوە كە شەهیدی وڵاتەكەی خۆیەتی.. سەربازەكانی دوژمن ئەم ناوە دەتەنن و دایكیشی نایەوێ كاوە بمرێ بۆیە لەسەر شەقامەكە بەجێی دەهێڵێت و بەناو رەز و چەمی گوندەكەدا بزر دەبێت و لەگەڵ بێدەسەڵاتیی خۆی كاس دەبێ و لەناو قووڵایی چەمەكە بزر دەبێ.. بەڵام چیرۆكنووس بەم شێوەیە فانتازیا ئامێزە كۆتایی بەچیرۆكەكەی دەهێنێت و دەڵێ "كەچی من هەموو بەرەبەیانییەك كە رووبەرِووی چیاكە و چەمەكە ئەوەستم چاودێری پشكووتنی ئاسۆ و تەقینی شەفەق دەكەم لەناو چەمە پرِ دارەكەدا دوو چاوی بەرین.. بەرینتر لە ئاسۆ، دووچاوی گەورەی شێلوی سوور هەڵگەرِاو لەناو دەریای بێ بنی دارستانە چرِەكەدا دێتە بەرچاوی خەیاڵم كە پرِ پرس و ئارەزوو و سۆز لە دێیەكە و لە لووتكەی بەرزی چیاكە ئەروانن و گلێنەكانیان گەوز ئەدەن و ئەسوورِێنەوە، وەكو بەدوای شتێكدا بگەرِێن.. تا لە رۆخ شەقامە بەرینە خوار و خێچەكە و لە نزیك كۆلیتە شرِەكە بەزەمینەوە گیر دەبن.."، بەڵام چیرۆكنووس لە چیرۆكی (قووچكە)دا بەشێوەیەكی تەواو فانتازیا ئامێز چیرۆكەكەی لە شێوەی هەقایەتێكی میللیدا دەگێرِێتەوە و شارەكەی كە هێمای وڵاتەكەیەتی بۆ دروستبوونی سەرەتای دنیا دەگێرِێتەوە كە دەڵێ: "لەسەر كەوانەكەی تاقی دەرگای دنیاكە نووسرابوو: ئەم شارە هاوتەمەنی رۆژە".

حاكمی شار برِیار دەدا قووچكە گەورەكە دروست بكەن و خەڵكەكە وەك شارە مێروولە بەرد لەسەر بەرد دادەنێن. كەچی حاكم زەبر دەوەشێنێ و چاوی بەقەد دنیایەك گەورەیە و خەڵكەكە

لەناویا مەلە دەکەن!.. ئینجا دوای پەیدا بوونی گەرمایی و بەدیارکەوتنی تیشك باران دادەکا و لافاو دێت و قووچکەکە دەهەژێتەوە.. کەچی حاکمی شار لە جیاتی قووچکە گەلێك هەڵدەلووشێ.. وەستاکان لەسەر قووچکە دەستە هەزار پەنجەییەکەیان بەرەو ژوورتر درێژ دەکرد. پەنجەکان پتریان لێدەڕوێ و درێژتر دەبن.. پاڵەوانەکە تینووە و هاواری ئاو دەکا.. ژنەکە دەیگرێتە خۆی و دەیخاتە ناو سوولیە سپییە نوورینەکان.. تا ستوونە تیشکەکە قووت دەدا ئینجا هێمنییەکی دژ پەیدا دەبێ و دێتەوە سەر وێنەی ئادەمیزاد و لەو ساوە دەکەوێتە ناو خەونێکی خۆش و ون دەبێ و نازانرێ دەکەوێتە کوێ!.

ئەم چیرۆکە دیمەن و وەسف و شێوازی گێڕانەوە و هێماکانی لە شێوەی چیرۆکێکی ئەفسانەییدایە و خوێنەر وا هەست دەکا چیرۆکێکی گوێ ئاگردانی ئەفسانەیی کوردەواری دەخوێنێتەوە. ئەمەش چیرۆکنووس لە چنینی ئەم دیمەنە فانتازیا ئامێزانەدا بۆ مەبەستی هێمایەکە یا مەبەستێکی سیاسی چیرۆکنووسەکە نیشانەی ونبوونی مرۆڤی کوردە لەو دنیا جەنجاڵەدا. چنینی هونەرییەکەشی زۆر بەشێوەیەکی هونەری جوان چنراوە و ڕەهەندێکی فراوانی بەچیرۆکەکەی بەخشیوە.

(مەم) لە چیرۆکی (خەڵکەکە چۆن بوون بە... گا)دا وەك شێوازێکی نوێی گێڕانەوە جۆرە هونەرێکی دیکە بەشێوازی هەقایەتخوانی دەبەخشێ و سوودیشی لە کەرەستە و دەربڕین و کەشی فانتازیایی هەقایەتی گوێ ئاگردانی کوردی بینیوە کە خۆی لە وەسفی ئەفسانەیی و ڕووداوی خەیاڵئامێز و ئەمەش وەك دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی مەبەستەکانی خۆی ئەفسانەی کردووە بەئامرازێك بۆ دەربڕینی مەبەستی سیاسی و باسکردنی ئازارەکانی مرۆڤی کورد و گەڕانەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان و هەندێك جاریش بەشێوازی هەبوو نەبوو بۆ خوێنەر دەکاتە شێوازێکی هەقایەتخوانی ڕاستەوخۆ، یانیش لەسەر زاری داپیرەی هەقایەتەکەی ناو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە وەك لە بەشێکی چیرۆکەکەدا دەڵێ: "داپیرەم.. گوتی: سواری چەرخ و فەلەك بووم... بەتاقی ئاسمان هەڵچووم، تاکو گەیشتمە پەڵە هەورەکان!! باسی ئەم سەردەمەی دەکرد کە مێژوو هێشتا باسی نەکردووە، چونکی ئەو سەردەمە مێژوو لە دایك نەبوو بوو.. داپیرەم لە مێژوو کۆنترە، نەك تەنیا لە مێژوو کۆنترە.. بەشکەم مێژوو ئەو دروستی کردووە.."..

ئەم چەرخ و فەلەکە لە ئەفسانەی کوردیدا هەیە و ئەو کەسەی سواری دەبوو دەگەیشتە هەموو لایەکی ئاسمان، بەلاّم مرۆڤی کۆن چۆن بەچەرخ و فەلەکێك گەیشتووەتە هەموو لایەکی دنیا!؟.. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆن کە بەهۆی خەیاڵی ئەفسانەییەوە ڕاڤەی



ئەو گەردوونەی کردووە بۆیە فانتازیا و ئەفسانە لە چاخە کۆنەکانەوە هەبووە و بگرە زۆر بەبایەختریش بووە.. (مەم) لەم چیرۆکەدا ئەم وەلاّمەشی داوینەتەوە کە لەسەر زمانی پاڵەوانەکەی لە داپیرە دەپرسێ کە داخوا ئەوساکە شتی وەك فڕۆکە هەبووە تا مرۆڤ لە شارێکەوە بۆ جێگایەکی دیکە بگوازێتەوە!! هەر خۆشی لەسەر زمانی داپیرە ئەو وەلاّمە دەداتەوە و دەڵێ "بەڵێ کوڕم، ئەو سەردەمە، هەموو ئەو شتانە هەبوون و پتریش.. کە لە عالەمی ئیمڕۆدا دەیان بینی، بەلاّم ئادەمیزاد خۆی تێکوپێکی دا و دنیایەکەی ڕووخاند بەسەرخۆیا. بەجۆرێك کە ئەوەی هەی بوو ون بوو.. وەبەرەکانی دوای ئەوان هەتا دوو هەزار ساڵ دەیانتوانی ئەو شتانەی لەو سەردەمە ون بوون بیدزۆنەوە. وا ئێستا خەریکن هەندێ شتی ئەو کاتە ڕووخاوە ئەهێننەکایە".

ئینجا ئەم دەمەتەقێیە بەردەوام دەبێت لە نێوان پاڵەوانی چیرۆکەکە و داپیرەی و ئەنجامەکەشی بۆ زۆرداری دەگەڕێنێتەوە و دەیخاتە ئەستۆی پێوەندیی نێوان مرۆڤ کە لە پێشکەوتندا بەرەو خراپتر چووە. ئینجا دوای ئەوە بەشێوازی چیرۆك لەناو چیرۆکدا بەردەوامی بە چیرۆکەکەی دەدات و چیرۆکێکی دیکە کە وەك ناونیشانی سەرەکیی چیرۆکەکە دایناوە بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە کە لەڕاستیشدا چیرۆکێکی دیکەی خۆیەتی لەناو چیرۆکە سەرەکییەکەیدا و لەسەر زاری داپیرە دەیچنێت و چیرۆکەکەی وا بۆ دەگێڕێتەوە "فەرماندەکەی ئەو دەورە، بە ئارەزووی میللەت نەهاتبووە سەر کورسیی فەرمانڕەوایی.. بەشکەم بەزەبری چەك و بە زۆری فێڵ و تەڵەکەبازی وەکوو مێردەزمە بەسەر لاشەی میللەتەکەوە نیشتبوو.. تاد".

چیرۆکنووس تاکە ڕێگای دەربڕینی مەبەستی خۆی لەم چیرۆکەدا تەنیا ئەم شێوە هەقایەت ئامێزەی بووە و بەمەش هەم وەك ناوەڕۆك ئامانجی خۆی پێکاوە و قسەی خۆی کردووە و فەلسەفە و ڕوانین و جیهانبینیی خۆی دەرخستووە و هەمیش وەك شێوازی هەقایەتخوانی و چیرۆك لەناو چیرۆك و بەم شێوە هەقایەتخوانییە نوێیە خۆی لە چیرۆکنووسانی دیکە جیا کردووەتەوە کە چیرۆکیان بەشێوازی هەقایەتخوانی نووسیوە یا سوودیان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە بۆ شێوازێکی نوێی چیرۆکنووسین، ئەمەش وەك لەم چیرۆکەدا بەدیاردەکەوێ (مەم) دەست و پەنجەی هونەری لەم شێوازەدا زۆر ڕەنگین بووە.

چیرۆکنووس لە چیرۆکی (سەرەتا و.. دوایی)دا دایەلۆگی نێوان چیرۆکبێژ و پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکە دەست پێدەکات.. ئینجا بە وەسفی با و کەفی دەریا و زریان و کڕێوە دیمەنی چیرۆکەکە دەست پێدەکات کە دەبن بەجانەوەری ئەفسانەیی لە ڕوانینی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا.. لەناو ئەم کڕێوە و زریانەدا دەنگی زیڕەیەك دەلەرێتەوە کە زیڕەی میللەتی کوردە و هەست بەدوایی و

نەمانی خۆی دەکات! بەڵام پاڵەوانەکە بڕواناکات و بەلای خۆیەوە تازە دەستی پێکردووە، یا ئەو هێشتا دەستی پێنەکردووە کە دنیاکە بۆ ئەو کۆتایی پێهاتووە!.. ئەژدیهاکان تا دێ گەورەتر دەبن تا دەبن بە دوو دێوی زلی ترسێنەر و تارماییەکەش کە هێمای میللەتی کوردە لە ژێر پێیاندا وەك دەنکە گەنم هەڵدەقۆزایەوە!.. دێویێکیان پەلاماری رۆژ دەدا و قووتی دەدا و ئەوی دیکەش مانگەکە هەڵدەلووشێ.. دنیاکە نقوم دەبێت، چونکە نە رۆژ دەمێنێ نە مانگ، تەرازووی گەردوون لەنگ دەبێ و سەرەتا و دوایی تێکەڵاو دەبن.. تا لەو کێشمەکێشەدا دێوەکان لەناو دەچن و مانگ و رۆژ رزگاریان دەبێ و دنیاکە رووناك دەبێتەوە.. پاڵەوانی چیرۆکەکە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا سەیرێکی دوور و قووڵی ئاسۆ دەکات و خۆی کۆدەکاتەوە.. تا لە چاوەڕوانی تەقینی شەفەقدا دەست دەداتەوە کولینگەکەی بۆ ئەوەی دەشتاییەکە ئاوەدان بکاتەوە.. ئەمەش کۆتاییەکی کراوە و گەشبین بە چیرۆکەکە دەبەخشێ و بەچەند دیمەنێکی مۆنتاجی سینەمایی جوان وێنەکانی خستۆتە ناو فانتازیای چیرۆکەکە و توانیویەتی هەموو کاتەکان تێکبشکێنێ و کەشوهەوای ئەفسانە و خورافەی کوردیش دەکاتە بەرگێکی فانتازیایی و ئەم واقیعە سیحرییەی مرۆڤی کوردی لەم جیهانە جەنجاڵەدا وەك هێمایەك خستۆتە ناو کێشمەکێشی دێوە زلەکان و دەیان دیمەنی تاڵی دیکەی کورد وێنە دەکێشێ و خوێنەریش سەرنجیان بۆ ئەم وەسف و چنینە هونەرییە رادەکێشرێ و شێوە و ناوەرۆکی چیرۆکەکە دەوڵەمەند دەکەن.

(مەم) لە بەشی دووەمی چیرۆکەکانیدا و بەتایبەتیش لە چەند چیرۆکێکی کۆتاییدا کە لە ساڵانی حەفتاکاندا نووسراون و لە ژێر ناونیشانی هەندێکیشیاندا نووسیویەتی (بەشێکە لە زنجیرەی خەونەکانم).. لەم چیرۆکانەدا جیاوازییەك لەگەڵ چیرۆکەکانی پێشووتردا دەبینرێت لە رووی تەکنیك و گێڕانەوە و بیرۆکە و شێوازی نووسین و زمانی نووسینی چیرۆکەکان و تەنانەت ناونیشانی چیرۆکەکانیش شێوازێکی نوێتریان پێوە دیارە کە پێشتر مەم بەم شێوازەی نەنووسیوە، ئەمەش پێدەچێ کاریگەری ریالیزمی سیحری ئەدەبی ئەمریکای لاتین بێت بەسەر ئەم چیرۆکانەوە و ئەمەش تەواو چەکەرە کردنی هونەری چیرۆکنووسانی سەردەمی خۆی و ساڵانی حەفتاکانیش کە چیرۆکی کوردی بەرگێکی دیکەی نوێی گێڕانەوەی کردەبەر ئەوا (مەم) بە بەردێکی بناغەی ئەم نوێخوازییە دادەندرێت کە بەشێوە و ناوەرۆك ئیشی بۆ کردووە بە پێچەوانەی هەندێك چیرۆکنووسی نوێخوازی دیکەی ئەم سەردەمە کە تەنیا وەك شێوەخوازێك نوێ بووینە بەڵگەی تەواوی ئەم رایەشمان چیرۆکی (عاجباتی هەشتەم)ە کە بەشێوەی خەون نووسراوە و تا ئەوپەڕی بڕکردنی خەیاڵیش فانتا ئامێز و دەربڕی ریالیزمی



سیحری ولاتەکەیەتی.. بەڵام ئەم چیرۆکەی (مەم) تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و دەگەڵ چیرۆکەکانی دیکەیدا جیاوازە، چونکە شێوازی گێڕانەوەی لە شێوە گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاسایی جاران جیا کراوەتەوە و چنینی فانتازیاییەکەشی هێمادارە، کە چیرۆکەکەش تەواو دەبێ ئەوسا لە مەبەستی چیرۆکنووس و فەلسەفە و جیهانبینی و دەلالەتی هێما و ئاماژە و کەشە خەونئامێزییەکەی چیرۆکەکە دەگەی کە دەربڕی شێوازێکی نوێیە لە نووسین و وێنەیەکی سەرکەتووی نوێخوازی چیرۆکی کوردییە لە ساڵانی حەفتاکان کە خۆی لە گێڕانەوەی ئاسایی جاران جیا کردەوە و (مەم)یش پێشەنگێك بوو لە چیرۆکنووسە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە.

چیرۆکنووس لە چیرۆکی (عاجباتیی هەشتەم)دا چیرۆکەکەی کردووە بەپێنج بەشی جیاجیا یا پێنج تابلۆی فانتازیایی و هەر پێنج تابلۆکانیش بەناونیشانێکی سەرەکی فانتازیا ئامێز بەیەکترەوە بەستراونەتەوە.. بەڵام هەر (٥) تابلۆیەکەش بەتەنیا تەنیا و سەرجەمیش بەیەکەوە لکاون و پێکەوە تابلۆیەکی تراژیدیا ئامێزی پڕ لە سەیر و سەمەرەی دنیای کورد دروست دەکەن کە لە تابلۆی پێنجەمیدا ناونیشانەکەی کراوە بەناونیشانی ئەم بەشە و خۆی ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکەیەتی.. کە هەموو تابلۆکان بخوێنیتەوە خوێنەر ئەوسا دەزانێ ئەم تابلۆیانە بۆچی لێکتر جیا کراونەتەوە بۆچیش بەناونیشانێك پێکەوە بەستراون بۆچیش ئەم ناونیشانە بووە بەناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکە و لە هێما و دەلالەت و کەشە فانتازیاکە و دیمەنە سوریالییەکانی چیرۆکەکە دەگەین کە بەڕای من ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە هەرە جوانەکانی (مەم) و چیرۆکی کوردی بەگشتی و چیرۆکێکی هەرە دیاری ساڵانی حەفتاکانی نوێخوازی چیرۆکی کوردییە.

لە تابلۆی یەکەمدا کە بەناونیشانی (یەکیەتیی بوون)ە و لە روانگە و بۆچوونی فەیلەسوفێکی (گێڕ)ەوە وای دەخوێنێتەوە کە یەکێتیی بوون لای ئەم هەموو یەکیەتییەکی پارچە پەراسووی کابرا تاقانەکەیە و لای ئەو یەکێتی بوون تێکەڵبوونەوەی دوو کەسە کە لە بنەچەدا یەك بووینە!. ئەمەش بۆ بەدیارخستنی سیاسەتی دارستانەکە گەورە بچووك هەڵدەلووشێ و مەبەستیشی تواندنەوەی نەتەوەییە کە چیرۆکنووس بەم شێوە فانتازیایە دەریبڕیوە.

لە تابلۆی دووەمدا کە بە ناونیشانی (کەڵەشێری قارەمان)ە وێنەی کەڵەشێرێکی فانتازی دەکێشێ کە قارەمانانە بە فیزێکەوە لەسەر گرفتەکە وەستاوە و بانگی عالەمی دەخوێندەوە!. بەڵام لە خەونەکەی چیرۆکبێژدا دەبن بەکەللە و باڵ و پەراسووی ئادەمیزاد؟! کەڵەبابەکە سمێڵێکی بابڕی لێ دەڕوێ و پەڕە سەوز و سوورەکانیشی دەبن بە میدالیا و نیشان..نەڕەی دێت، بەڵام

چیرۆكنووس له نەڕە و هۆڕەكەی ناگات!!.. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە هەموو شتێكی نەشیاو یا هەموو كەسێكی نەشیاو دەبێ بەشیاو و بەبێ هیچ بنەمایەك دەبێتە پاڵەوان و شتە نامەئلووفەكان دەبن بە مەئلووف.

له تابلۆی سێیەمدا كە چیرۆكنووس ناوی لێ ناوە (بەهەشتە ون بووەكە.. دۆزرایەوە!). وێنەی خاوەن شكۆ دەكێشێت كە بەشێوەیەكی فانتازیایی لەسەر تاقی دەرگا گەورەكەی قەڵاتە رزیوەكە وەك (بت) راوەستابوو، وەعزی دەدا، پەندی دەڕشت، بەرێكی بەسەرشانی دادابوو و بەدەم راوەشاندن دەستەكانی بە خەڵكەكە دەڵێ:

**خەڵكی بێ سەر.. وەكو، رانی بێ شوانە**

**خەڵكی بێ دەر، وەكو داری بەر زریانە**

ئینجا داوایان لێ دەكات كە بێن، چونكە ئەو بەهەشتی بۆ دۆزیونەتەوە! تا لە بێ سەری رزگاریان بێت و لە سایەی ئەودا ڕزگار بن.. ئەمەش هەر بەدیار خستنی پێوەندی سیاسیی نێوان حوكمڕانی و حوكم لەسەركراوە كە خاوەن شكۆ بەهۆی دەسەڵاتەوە خەڵكەكەی كردووە بەمێگەل و ئەویش لەسەر شانی ئەوان قەڵاكەی بنیاد ناوە بووە بەخاوەن شكۆ و وەك بت دەپەرستن. لەم تابلۆ فاتازییایەشدا دیمەنی فانتازیا و ئێستاتیكای چیرۆكنووسەوە كە نەدەكرا بەشێوەی راستەوخۆ واقیعەكە بگێڕدرێتەوە، بەڵام سیحرئامێز كراوە و خراوەتە ناو چوارچێوەیەكی فانتازیایی.

لە تابلۆی چوارەمی چیرۆكەكەشدا كە بەناونیشانی (یەك ڕێگا)یە لە تێڕوانینی ئیمامێكی تەلیسماوی خەڵكەكەوە كلیلی دەرگای ڕێگاكان بۆ گەیشتن بە بەهەشتەكە (یەكبیری.. یەكگۆیی.. یەك كردارییە!)..

بانگەوازی ئیمامەكە ئەوەبوو كە بەگوێی خەڵكیدا دەیدا.. بەڵام خەڵكەكە لەرزۆك بوون.. قورمیش كرابوون!.. تاد لە چەرخێكدا كە تەنیا یەك دەست و یەك چاوی دێوە ئەفسوونییەكە هەبوون!.. لەم تابلۆیەشدا چیرۆكنووس هەر بۆ بەدیارخستنی مەرامی سیاسی بیر و بۆچوونەكانی پێشوویەتی كە كۆیلەكردن و تواندنەوەی میللەتەكەی بووە، ئەو میللەتەی كە خەونەكانیشی ئەفسانەیین و هەموو هیوایەكیشی رزگاربوونییەتی لە دەست دێوەكانی چیرۆكنووس!!، بەڵام لە دوا تابلۆی چیرۆكەكەدا كە چیرۆكنووس ناوی ناوە (عاجباتی هەشتەم) و ناوی سەرەكیی چیرۆكەكەشە، (مەم) تەواو سوود لە ئەفسانە و خورافەی كوردی دەبینێ، چیرۆكنووس لەدەسپێكی دوا تابلۆی چیرۆكەكەیدا بەوە دەست پێدەكات كە پیرێژن سواری چەرخ و فەلەكەكەی



ببوو، ئەم چەرخ و فەلەكەی لەئەفسانەی كوردیدا شوێنی فرۆكەی گرتۆتەوە!.. ئینجا كۆتنە خەرەكەكەی دەخاتەوە گەڕ و بانگی خەڵك دەكات و كۆیان دەكاتەوە!..

چیرۆكبێژ كە سەر بەكولانكەی خەرەكەكەدا دەگرێ دەبینێ عالەمەكە مێشوولەی تێ وورووژاوە! ئینجا چیرۆكبێژ دەڵێ: "زمانم كلیل دا.. هەمبانی خەرەكەكەم.. فوو.. نەدا!".

ئینجا ئەم دیمەنە فانتازیا ئامێزانە مەگەر تەنیا لە ئەفسانە و خورافەدا وێنەی هەبێت! دەنا عالەمەكەی یا ئەو خەڵكەی كە چیرۆكنووس باسیان دەكات هەر تەنیا بەڕوخسار ئادەمیزاد بوون دەنا هەریەكێكیان سەلكی دڕندەیەكی لەسەر روابوو! هەتا هەندێكیان سەری ئاژەڵ و بارگیر و گیانداری دیكەی لەسەر روابوو.. ئینجا چیرۆكنووس وەك چیرۆكبێژێك دێتە ناو ئەم دیمەنە ئەفسانەییانە و لەسەر زمانی پاڵەوانی چیرۆكەكەیدا، خۆی و دەسگیرانەكەی وا دێتە پێش چاو كە دەڵێ: "بیرم لە دیمەنی دەسگیرانە مەسخ كراوەكەم دەكردەوە، خۆم بەسەلكی گاوە دەهاتە بەرچاو! دڵم بەوە خۆش بوو كوڵكە مەلایەكان.. دەیانگوت: دنیا.. لەسەر قۆچی.. گا.. راوەستاوە!"..
بەڵام پاڵەوانەكە ناوێرێ خۆی بجوڵێنێتەوە و دان بەخۆیدا دەگرێ.. ئینجا ئەفسانەی (ئۆدیب) تێهەڵكێشی فانتازیای چیرۆكەكەی دەكا و دواییش چەندان دیمەنی مێژوو دەخاتە ناو گێڕانەوەكەی وەك (كۆشكی هەڵواسراوی بابل و قەیسەر و ئەهرام و كۆیلایەتی و خانزاد و خەزاڵ و لاس و پەرستگای بوودا و فیرعەون و.. تاد).. كە تێكەڵ فانتازیای گێڕانەوە سەیر و سەمەرە و مەسخی عەنتیكە و دیمەنە خەیاڵئامێز و خەونەكانی چیرۆكنووس دەبن و لە كۆتاییشدا لەگەڵ دیمەنی تابلۆی یەكەمی چیرۆكەكەی كە یەكێتی بوونە و دەبنە ئەو خەونەی كە چیرۆكنووس بەبەشێك لە زنجیرە خەونەكانی خۆی داناون.

كە لەگەڵ بۆڕەی گایەكەش رادەچڵەكێ و لەخەوەكەی هۆشیار دەبێتەوە و لەبەر خۆیەوە دەمرتێنێ و دەبێژێ: هەتاكو سەر بمێنێ.. قوون عاجباتییان دەبینێ!!.. عاجباتی هەشتەمیش لەوەوە هاتووە كە چیرۆكنووس مەبەستیەتی تا ئەم میللەتەی ئێمە بمێنێ بەردەوام خەون و عاجباتییان دەبینێ!!.

چیرۆكنووس لە چیرۆكی (شەوی هەزار و دووەم)دا، هەر لە ناونیشانەكەیەوە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەكێشێ، چونكە یەكسەر هەزار و یەك شەوەی بەبیر دێتەوە، بەڵام (مەم) باسی شەوێكی هەمان كەشوهەوای هەزار و یەك شەوە دەكات، وەلێ شەوێك جیاوازە و بیرۆكەی چیرۆكەكەشی لەوێوە هەڵێنجاوە، چونكە هەر لەناو چیرۆكەكەدا شەهرەزاد و شەهرەیار دوو پاڵەوانی سەرەكیی چیرۆكەكەن و (مەم)یش بۆ مەبەستی خۆی و گێڕانەوەی زنجیرە خەونەكانی

ئەم فانتازیایە دروست دەکات.. لەوەش جوانتر لە چیرۆکەکەدا بەکارهێنانی شێوازی چیرۆك لەناو چیرۆکە.. چیرۆکنووس پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لە شارێکی ئەفسانەییدا دروست دەکات کە ئەمیش حاجی شێخ مەلا عەبدولقدووسی قازی شاری جابولقایە.. ئەم شارە لە ئەفسانەی کوردیدا کۆتایی دنیایە.. ئینجا چیرۆکەکە لەوەوە دەست پێدەکات کە جەنابی شێخ دوای ئەوەی لەنیوە شەوێکدا سوننەت و تەراویح تەواو دەکات، لەسەر بەرماڵەکەی هەڵدەستێ و لە دەلاقەی دیوارەکەدا کتێبە کۆنەکەی سەراوگێڕ دەکا تا پێچراوێکی زەرد لەناو کتێبەکاندا دەردێنێ و تۆز و خۆڵی دادەماڵێ و بەدەنگ دەیخوێنێتەوە، ئینجا چیرۆکی ناو چیرۆکەکە واتە چیرۆکی دووەم کە لە پێچراوەکەدایە ئەمەیە کە لە شەوی هەزار و دووەمدا، ئەو شەوەی کە (مەم) بۆ پێکگەیشتن و کامەرانی شەهرەزاد و شەهرەیار دروستیان کردووە پڕ لە بڕوا و کامەرانی و هیوا دەبێ.. لەم شەوەدا چی زانا و دانا و شێخ و کەشیش و پیاو ماقووڵ و حەکیم و شالیار و پزیشك و لێزانانی وڵاتی خۆی بانگ کردبوون تا لە ئاهەنگی لەدایکبوونی، جێگرەکەی ئامادەبن و منداڵەکە بێ کەموکورتی لەدایك بێت.. ئینجا بزانە (مەم) لە وەسفی بانگهێشتی ئەم هەموو خەڵکە جیاوازەدا بە چ چنین و فانتازیایەك دیمەنەکان وەسف دەکات و لە هەمان کاتیشدا چۆن لە پشت ئەم دەربڕینە سوریالی و فانتازیا ئامێزانەدا مەبەست و جیهانبینی خۆی دەردەبڕێ..

بەم شێوەیە (مەم) داستانێکی بەشێوازی هەقایەتخوانی پڕاو پڕ لە فانتازیا دەگێڕێتەوە و لەسەر زمانی چیرۆکنووس خۆی ئەوە دەردەبڕێ کە هەتا ئێستاش، هەموو دنیا، هەزار و یەك شەوەکە دەجوون.. دەجوون و کاوێژی دەکەنەوە و کەس ئاگای لەم شەوەی هەزار و دووەمە نییە تەنیا شێخ عەبدولقوددووسی قازی شاری جابولقای ئەفسانەیی نەبێت!.

ئینجا کۆتایی چیرۆکەکەش وەك کۆتایی هەزار و یەك شەوە چنراوە، کە شێخ پێچراوەکە تەواو دەکات و لەناو دەلاقەکەی دادەنێتەوە و هەڵیدەگرێتەوە..

کە چیرۆکەکە تەواو دەبێت و کەڵەشێری بەیانیش بانگ دەدات، بەلاّم جیاوازییەکە لەگەڵ هەزار و یەك شەوە لەوەدایە کە ئەو لەجیاتی خەوەکەی بڕەوێتەوە، دەکەوێتە ناو خەوێکی قووڵەوە..

مەم زۆر زیرەکانە و بەشێوازێکی هونەری و پڕ لە تەشقی سیحری و فانتازیا ئامێز توانیویەتی شەوێکی دیکە بۆ هەزار و یەك شەوە زیاد بکات و لە هەمان کاتیشدا



مەبەست و فەلسەفە و جیهانبینی و ڕەوانیی خۆی و دەربڕینی کێشەی میللەتە چەوساوەکەی لەناو چیرۆکێکی پڕ لە سیحر و فانتازیا کردووەتە بەر واقیعی سیاسی میللەتەکەی خۆی و پەیامی خۆی پێ دەربڕیوە. (مەم)ی چیرۆکنووسی هونەرمەند لە چیرۆکی (ئەو گورگەی یووسفی خوارد)دا، باسی پاڵەوانێك دەکات کە لەناو کابووسێکی گران و بەد ڕەفتاردایە و هەوڵیش دەدات پێڵوو لەسەر چاوەکانی لابدات، بەلاّم هەوڵەکان بێ سوود بوون پێڵووەکان بەچاوەکانیان پەرچ کرابوون! بێ جەمسەر بوون هەڵنەدەوەشانەوە!. ئەو دەستانەی لەناو جەرگەی تاریکیدا هەر درێژ دەبوون و وەك دوو ستوونی بێ دوایی درێژ دەبوون و هەڵدەکشان!.

لەناو تارماییەکەدا بانگ دەکرێ، خوێنی یووسفی کوڕم.. دەوێ!!..

ئیتر لەناو چەندان دیمەنی ئەفسووناوی پڕ لە فانتازیا و خورافات و وەك لەناو هەقایەت و داستانە ئەفسانەییەکان، گێڕانەوەی چیرۆکبێژ بەشێوازی هەقایەتخوانی جوانکاری و تەشویقێك بە چیرۆکەکە دەبەخشن و خوێنەر بەدوای سەرەداوی کارەساتەکاندا دەگەڕێ تا بزانێ مەسەلەی یووسف و گورگەکە چییە و بەچی دەگات!. تا وەك ئەفسانەکان مەخلووقاتی جگە لە مرۆڤ کە لەو چیرۆکەدا گورگە لەگەڵ مرۆڤ دێتە قسە و وەلاّمی ئەو توومەتە دەدەنەوە کە لەناو گورگەکانی ئەم دنیایەدا یەکێك دەمی بەخوێنی یووسف نەبووە!.. بەلاّم پاڵەوانی چیرۆکەکە وەك لەناو دادگایەك بێت لەگەڵ گورگەکاندا، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە یووسف گورگ خواردوویەتی و لەسەر زمانی یاقووب دەیگێڕێتەوە کە یانزە بنیادەم دیویانە کە دەمی گورگەکە، بەخوێنی یووسف.. سوور بووە.. گورگەکانیش دەڵێن مەرج نییە کە ئەوەی سوور بێت خوێن بێت!.. بەلاّم یانزە دەنگەکە وەلاّم دەدەنەوە کە ئەوەی دیویانە: سوورایی دەمی گورگەکە خوێنی یووسفی برایان بووە!

ئیتر ئەم دادگایە بەردەوام دەبێت تا گورگەکان ئەوە رادەگەیەنن کە ئادەمیزاد خۆی دەگۆڕێ سەلکی گورگێك بە کەلەشی خۆیەوە دەکا!

دەنگەکان دەدەنە قاقای پێکەنین و دەپرسن کە (قابیل و هابیل و مەسیح و ئەهریمەن و نیرۆن و هیتلەر).. تا دەگاتە پرسیاری (خوێنی سوورەکانی ئەمریکا و ڕەشەکانی ئەفریقا و زەردەکانی ئاسیا.. داخوا هەموو گورگەکان خواردیان!!).. ئینجا بەتووڕەییەوە گورگەکە پرسیاری خوێنی، یووسفەکانی هیرۆشیما و یووسفەکانی ڕۆژهەلاّت و خوێنی یووسفەکانی هەموو دنیا بەدەمی گورگەکانەوە بوو؟!..

ئەمەش هێمای ئەوەیە کە یووسف نموونەی زوڵم لێکراوی هەموو دنیا و مرۆڤایەتییە و چیرۆکنووس بەسەرهاتی یووسفی وەك خۆی نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو لەم چیرۆکەدا براکانی بوونەتە گورگ و لەسەر دیالۆگی نێوان گورگەکان و پاڵەوانی چیرۆکەکەش کارەساتە تراژیدییەکانی دنیا و مرۆڤایەتی دەبن بەهێما و رەهەندێکی فراوانتر بە چیرۆکەکە دەبەخشن.. لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا (مەم) هونەرمەندانە گەشبینییەك دەداتە بەرچاوی پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکەی کە لە خەوەکەی رادەبێ و چاوەکانی لە ئاسۆی رۆژهەڵات دەچەقن.. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەشیدا هەم شێوازێکی نوێی بە گێڕانەوەی خۆی بەخشیوە و سوودی لە ئەفسانە و بەسەرهاتی رابردوو بینیوە و وەك شێوازێکی هەقایەتخوانی لە چیرۆکنووسیندا کردوّتە چنینی هونەری چیرۆکەکەی و هەمیش دەلالەتی سیاسی گەورەی کردووەتە ناوەرۆکی گێڕانەوە فانتازیا ئامێزەکەی، لەسەردەمێکدا کە نووسەر نەیتوانیوە راستەوخۆ باس لە کارەساتە تراژیدییەکانی مرۆڤی کورد بکات، لەو سالانەدا کە چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە، چونکە ئەو دەمانە کورد قڕان و قەتلوعام و ئەنفال و کیمیاباران بە بالای میللەتەکەیدا بڕابوو ئەویش وەك شاهێدێکی سەردەمی خۆی و وەك چیرۆکنووسێکی بەرەی میللەت تەنیا ئەوەی لەدەست هاتووە بەم شێوەیە ئەفسانەییە ئەم واقیعە یا ریالیزمە سیحر ئامێزەی میللەتەکەی بە کەشوهەوای فانتازیا و دیمەنی سوریالی برازێنێتەوە و وەك هونەریش و وەك تەکنیکیش شێوازێکی نوێ بکاتە بەر چیرۆکی کوردیی ئەو سالانە و دەقی نووسین لە دەقێکی سادە و راستەوخۆوە بکاتە دەقێکی پڕ لە هێما و دەلالەت و خوێنەر -وەرگر- رەخنەگریش بەشداربن لە درکپێکردن و دۆزینەوەی مانای شاراوەی دەق و بەشدارێکی دەقی چیرۆکەکە بن، بەلام لە چیرۆکی (دۆزینەوە)دا (مەم) وێنەی ئافرەتێکمان نیشان دەدات کە منداڵێکی خۆی بزر کردووە، ئەمەش تووشی شێت بوونی کردووە و لە کۆلانیش منداڵان گاڵتەی پێدەکەن و بە گوڵە شێت بانگی دەکەن..

گوڵە هەموو رۆژێك وا دەزانێ کە کۆرپەکەی دێتەوە و پێ بەپێ لەگەڵ تەمەنی کۆرپەکەی گەورە دەبێ و هەموو رۆژان قاتێك جلکی بۆ دەکڕێ و لە هزر و خەیاڵی دەرناچێ، تا بالای دەگاتە درەخت و دارەکانی شارەکەی و ئینجا لە کۆتایی چیرۆکەکە لەبەردەم ئاوێنەدا کە گوڵە تەماشای خۆی دەکات وێنەی خۆی لێ دەبێتە کچەکەی و جلکی بووکێنی لەبەر دەکات و دەیدۆزێتەوە.



فانتازیای چیرۆکەکە لەوێدا زۆر بەجوانی و هونەری چنراوە کە گوڵێ شێت و شەیدای کچەکەی، دوای ئەم تەمەنە چاوەڕوانییە، کە چەندان ساڵ لەگەڵیدا دەژی و رۆژ بەرۆژ لەگەڵ کچەکەیدا گەورە دەبێت و وەك ئەو بیر دەکاتەوە و هیوا و خۆزگەی بۆ دەخوازێ و خەونیشی بۆ دەبینێت، وەك خۆی ئەو بێت وا بیر دەکاتەوە!. ئینجا لە ترۆپکی هونەری ئەم فانتازیایەدا لە پڕێکدا لەبەردەم ئاوێنەکەیدا وێنەی خۆی لێ دەبێتە کچەکەی و دەیدۆزێتەوە و بۆ سیامەندی دەسگیرانی خەیاڵی دەیکات بە بووك و ئیتر ئەو رۆژە تا ئێوارەش دادێ، خەڵکی گەڕەك گوڵێ نابینن بێتە دەرەوە و هۆیهای لێبکەن، بەڵکو خۆی و کچەکەی دەدۆزێتەوە.. چیرۆکنووس زۆر هونەرمەندانە بینای هونەری ئەم چیرۆکەی رۆناوە کە دیمەنە سیحر ئامێزەکانی خوێنەر تا کۆتایی بەدوای خۆی رادەکێشێ و تا لە دوا پەرەگراف و لە کۆتایی چیرۆکەکە تووشی سەرسوڕمانی دەکات و ئەوسا دەزانێ کە چۆن (مەم) وەك چیرۆکنووسێکی شارەزا، چۆن سەرەتا و گرێچن و کۆتایی چیرۆکێکی پڕ لە ریالیزمی سیحری و فانتازیا داڕشتووە و دەلالەتی قووڵیشی بە چیرۆکەکە بەخشیوە.

# ئەنجام

لە هەموو چیرۆکەکانی (مەم)دا گیانی نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی وڵات و چەوسانەوەی مرۆڤی رەش و رووتی کورد هەر لە دێر زەمانەوە تا ئەو دەمەی ژیان بەجێ دەهێڵێت، بووەتە هەوێنی چیرۆکەکان و ئەوە بەدیار دەخەن کە ئەو چیرۆکنووسەمان مرۆڤێکی نەتەوەپەروەری پێشکەوتنخواز بووە و داکۆکی لە میللەتەکەی و هەموو ئازادیخوازانی دنیا کردووە و ئەمەش ئەگەر پێی کرابێ بە ئاشکرا دەریبڕیوە و ئەگەر نەشیتوانیبێت بەشێوەی هێما و جەفەنگ و بەهۆی بەکارهێنانی ئەفسانە و خورافە و میسۆلۆژیا و بەسەرهاتی کۆن و بەشێوازی هەقایەتخوانی جاران و لەسەر زمانی گیانداران و زۆریش سوودی لە فۆلکلۆر و سامانی کەلەپووری میللیی کوردی بینیوە بۆ داڕشتنی مەبەست و بیرۆکەی چیرۆکەکانی و بەڕاستیش وەك خۆی لە تاقیکردنەوەی خۆی دەدوێ و دەڵێ: "دەبێ چیرۆکنووس شاهێدی چەرخی خۆی بێت" هەرواش بووە، لە چیرۆکەکانیدا بەرەی میللەت و چەوساوەکانی هەڵبژاردووە و زۆردارانیشی ریسوا کردووە و بەگژیاندا چۆتەوە و دژی دارودەستەو چڵکاوخۆرانیشیان بووە و هەمیشە پیلان و مەبەستە گڵاوەکانی بەدیار خستوون، بۆ نموونە لە چیرۆکی (نوێنەرەکان)دا مەلا و شێخ و ئاغا ریسوا دەکات، چونکە ئەوانە کە بوونە نوێنەری میللەت و کەچی بۆ پارووی چەوری خۆیان میللەتەکەیان فرۆشت و نەیانتوانی لە بەردەم پاشادا داخوازی ئەو میللەتە بەستەزمانە بگەیەننە بەردەمی و دواییش بەسکی تێرەوە گەڕانەوە ناو میللەتە برسییەکەیان و لەسەر خوانی هەژارانەی ئەوانیش لەوەڕین و درۆیان دەرهەق کردن.. ئیتر دەیان پاڵەوانی زوڵم لێکراوی وەك (شەماشە دنحە) خۆیان دەکەن بەپاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکانی، ئەو شەماشەی کە بۆ مراز نەیتوانی تاقە مۆمێك لە هەولێرەوە بباتە شەقڵاوە تا لە چاکی (شێخ وسو رەحمان یان رەبەن بویا) دابگیرسێنێ و دڵی رۆشن بکاتەوە، بۆیەش پاڵەوانەکانی لەناو واقیعی میللەتەکەی هەڵدەبژێرێ و بەڵام بەرگی فانتازیا و پاڵتۆی سیحرییان لەبەر دەکات.

کێشەی هەرە گرنگ و سەرەکیی (مەم) وەك لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا رەنگیان داوەتەوە سنوورە دەستکردەکانن کە مرۆڤی کوردیان لەت کردووە لە زێد و خاکی خۆی ئاوارەی کردوون..



کەسایەتیی نووسەر لەزۆربەی چیرۆکەکانیدا رەنگدانەوەیان هەیە کە بەسەرهاتەکانی منداڵی و ژیانی دواتریشی کردوون بە تراژیدیا یا هێڵی درامی چیرۆکەکانی، ئەمەش هەموو چیرۆکنووسانی دنیا نەیانتوانیوە لێی رزگار بن، وەلێ (مەم) لە تێکەڵکردنی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی و وەرگرتنی پاڵەوانەکانی لە دەوروبەری خۆیدا، رەسانەتی پێ بەخشیوە و بوونە بەشێك لە هونەری گێڕانەوەی چیرۆکەکانی.

بەهەر حاڵ لێدوان و باسکردن لە هەموو دەلاقە و پەنجەرەکانەوە لە (مەم)ێکی دەستڕەنگین و کارامە لە هونەری چیرۆکنووسیندا پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی جۆراوجۆر و هەڵوەشاندنەوەی سەرتاپای دەقەکانی هەیە و (مەم) شایانی ئەوەیە زیاتر و باشتر بخوێنرێتەوە و بەسەر بکرێتەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵتر لەسەر چیرۆکەکانی بکرێن.

لە هەموو روویەکەوە (مەم) کاری هونەری خۆی کردووە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو بۆ شێوە و ناوەرۆك ئیشی کردووە و شان بەشانی یەکتر هیچیانی فەرامۆشی ئەوی دیکە نەکردووە و بەردەوامیش شێوازی نووسینی چیرۆکەکانی خۆی گۆڕیوە و ئاگاداری چیرۆك و رۆمانی نوێی دنیا بووە و خۆشی لەگەڵ نوێترین شەپۆلی نوێخوازی دنیا نوێ کردۆتەوە و هەنگاو دوای هەنگاو هونەرەکەی زیاتر رسکاوە، چیرۆکەکانی دوایی باشترین بەڵگەن کە (مەم) لە هەموو تەکنیکەکانی چیرۆکدا شارەزا بووە و لە چیرۆکەکانیدا بەکاری هێناون وەك: شەپۆلی هۆش، چیرۆك لەناو چیرۆك، دیمەنی نامەئلووف، فانتازیا و ریالیزمی سیحری، کۆتایی کراوە، پارچەپارچە کردنی چیرۆك، مۆنتاجی ئەکات و شوێن، سوود وەرگرتن لە شێوازی هەقایەتخوانی، سوود وەرگرتن لە خەون و دیمەنی سوریالی وەك لە چیرۆکەکانی دواییدا نووسیویەتی (بەشێکن لە زنجیرەی خەونەکانم).. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە (مەم) چیرۆکنووسێکی داهێنەر و هونەرمەند و نوێخواز بووە.. بەڵام لای من لەوانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە وەك پێوەندیی بەم باسەشمەوە هەیە چۆنییەتیی بەکارهێنانی فانتازیا و ریالیزمی سیحرییە لە چیرۆکەکانی (مەم)دا، کە من گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامەی چیرۆکنووس هەم بۆ مەبەستی هونەری و جوانکاری و نوێخوازیی چیرۆکی کوردی ئەم شێوازەی بەسەر چیرۆکەکانیدا زاڵ کردووە و هەمیش دەربڕی هەڵوێستی سیاسی و واقیعی سیحر ئامێزی میللەتەکەی لە ناویدا تواندووەتەوە، لە رۆژگارێکدا کە ئەم کارەساتە جەرگبڕانەی میللەتەکەمان بۆ چیرۆکنووسێکی شاهێدی راستەقینەی چەرخی خۆی و خەمخۆرێکی بەرەی میللەت دەبوایە بیانکات بە خەون و فانتازیا ئامێز و ریالیزمی سیحری، بەمەش تۆمارێکی پڕ بەخششی بۆ چیرۆکەکانی خۆی تۆمار کردووە، بۆیە لە کاروانی نوێخوازی چیرۆکی کوردیدا سەر دەفتەرە و ناکرێ فەرامۆش بکرێ، بۆیەشە هەندێك لە توێژەرانی چیرۆکی کوردی و مامۆستایانی زانکۆ نازناوی (چیخەفی کورد)یان بە باڵادا بڕیوە..

# سەرچاوە

١- ت. ي. أپتر- أدب الفنتازيا، مدخل الـيَ الواقـع- ترجمـة صـبار سـعدون الـسعدون - دار المأمون للترجمة والنشر- بغداد، ١٩٨٩.

٢- د. ث. غالفر- أدب أمريكـا اللاتينييـة الحـديث- ترجمـة محـمـد جعفـر داود- وزارة الثقافة والأعلام

- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد، ١٩٨٦.

٣- غابريل غارسيا ماركيز- رائحة الجوافة- ترجمة فكري بكـر محمـود- دار منـارات للنـشر- عمان- الاردن- ط/١-١٩٨٩.

٤- د. محسن جاسم الموسـوي- الروايـة العربيـة، النـشأة والتحـول- دار الآداب- بـيروت- ط/٢-١٩٨٢.

٥- محەمەد مەولود (مەم)- چـیرۆکەکانی مـەم -بـەرگی یەکـەم- بەغـداد- چـاپخانەی ئەسعەد- ١٩٧٠.

٦- محەمـەد مـەولود (مـەم)- چـیرۆکەکانی مـەم -بـەرگی دووەم- هـەولێر- چـاپخانەی رۆشنبیری- ١٩٨٤.

---

**تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٥٦ی مانگی شوباتی (٢٠٠١)دا بلاۆکراوەتەوە.**

# کوشتنی ئازادی و رووتکردنەوەی مرۆڤ لە شووناس
## لە چیرۆکی (خەڵکەکە چۆن بوون بە.. گا)ی مەم – دا

**عەتا قەرەداغی**

ناونیشانی ئەم چیرۆکە (خەڵکەکە چۆن بوون بە... گا)، راستەوخۆ لە رووی یادەوەرییەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ میتامۆرفیسی کافکایی، چۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگۆڕێت بۆ قاڵۆنچە. ئەم حاڵەتەی گۆڕان، جێگای ئاخاوتن و قسە لەسەرکردنی زۆرە. پێش هەموو شتێك، حاڵەتێکی نائاسایی گۆڕانکارییە لەروانگەی هارمۆنیای سروشت و گەردوونەوە، کاتێ گەردوون بوونەوەرانی بەپێی سروشتی پێکهاتن و ئاستی عەقڵی و جەسەدی و پلەی زیرەکی و رادەی هۆش و شێوازی ژیانیان لە سروشتدا جیا کردۆتەوە، مانای وایە یاسایەکی بنەڕەتی دەست لێنەدراو حوکمی ئەو چۆنێتی ئەفراندن و جوڵە و کارکردنی ئەفرێنراوەکانیش دەکات. مرۆڤ وەکو بالاترین زیندەوەری سەر ئەم گەردوونە، لەرێگای بوونی عەقڵ و هۆش سەلیقە پێشینەکانەوە، خاوەنی راستەقینەی بوونە و هەر ئەو بۆی هەیە ببێتە خاوەنی گەردوون و کۆنترۆڵی بکات و لەپێناوی خۆی و خۆشگوزەرانی و ژیانی سەربەرزانەی خۆیدا، ئەم گەردوونە بەهەموو رەگەز و توخمەکانییەوە بەکاربهێنێت.

لەروانگەی مرۆڤیشەوە، گۆڕانکاری سروشتی ئەوەیە، کە لە ئاستێکی خراپەوە بۆ ئاستێکی باش بێت، کە لە ئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر بێت، کە لە تاریکییەوە بۆ رووناکی بێت، واتە گۆڕانکاری سروشتی بەگوێرەی مرۆڤ ئەوەیە، کە لە ئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی بەرز بچێت، لە نەزانییەوە بۆ زانین و لە بێئاگاییەوە بۆ هۆشیاری و لە کۆیلەییەوە بۆ ئازادی و لەژێر دەستەییەوە بۆ سەربەستی هەنگاو بنێت، بەواتایەکی دی، گۆڕانکاری بەپێی مرۆڤ ئەوەیە هەمیشە بە ئاراستەیەك بجوڵێت، کە بوون و گەوهەر و ماهییەتی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندتر و بەهێزتر و بالاتر بکات، واتە لە مرۆڤی سادە و سەرەتاییەوە بگۆڕێت بۆ مرۆڤی بالا.

بەڵام لە هەر کردارێکی میتامۆرفیسدا، کە ئاراستەی جوڵەی پێچەوانەی بارە سروشتییەکەیە، مرۆڤ لە گەوهەر و ماهیەتی مرۆڤانە رووت دەکرێتەوە، واتە شووناسی



مرۆیی لە دەست دەدات، بێگومان هەر رووداوێکی لەو جۆرەش، هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و ئەنتۆلۆژی خۆی هەیە. نامەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە ئەو هۆکارانە چین پاڵەوانی چیرۆکەکەی کافکا دەگەیەنێتە حاڵەتی میتامۆرفیس، کە دەشێ جیاوازبن لەو هۆکارانەی لای مەم مرۆڤەکان دەکەن بە گا. گۆڕینی مرۆڤ بۆ هەر شتێکی تر، وەك پێشتر وتمان، رووتکردنەوەی مرۆڤە لە بەها مرۆییەکانی، بەڵام دەشێ ئەو هۆکارانە وا لە مرۆڤ بکەن خۆی ئاواتەخوازی ئەو گۆڕانکارییە بێت بۆ ئەوەی لە ئازارە مرۆڤییەکانی رزگاری بێت، کە دەشێ سەختترین جۆری ئازاربن، یان لەوانەیە مرۆڤ خۆی دژی ئەوە بێت لە بەها مرۆییەکانی رووت بکرێتەوە، بەڵام هێز و فشارەکانی دەرەوەی خۆی بیگەیەننە ئەو حاڵەتە، یان لەدەرەوەی خۆی ئەو روانینەی بەرامبەر دروست بکەن کە ئەو لەبنەما و بەها مرۆییەکان رووتکراوەتەوە.

لەناونیشانی چیرۆکەکەی مەمدا ئەوە دەردەکەوێت، کە مرۆڤەکان خۆیان بوون بەگا، واتە ئاماژە بۆ جۆرێك لەهەوڵی خۆویستیی مرۆڤەکان بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەکرێت، بەڵام ئەگەر راستی مەسەلەکەش هەر بەوجۆرە بێت مرۆڤەکان بەویستی خۆیان بن بەگا، هێشتا دەبێ لەوە دڵنیابین کە کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەن وا لەو مرۆڤانە دەکەن بن بەگا، ئەگینا بەهیچ شێوەیەك تەسەوری ئەوە ناکرێت مرۆڤی ئاسایی و لە بارودۆخێکی ئاساییدا بگۆڕێت بۆ هیچ زیندەوەرێکی تر، چونکە مرۆڤ بالاترین زیندەوەرە و بەغەریزەش مرۆڤ ویستی بەرزکردنەوە و خۆبالاکردن و خۆشارستانی کردنی هەیە، نەك لە بوونەوەرێکی ژێر و خاوەن عەقڵەوە خۆی بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی سادە لە رووی عەقڵ و پەرەسەندنەوە.

چیرۆکنووس لەسەر زمانی گێڕەوەوە، کە کەسی یەکەمە، دەکەوێتە گێڕانەوەی رووداوەکان، گێڕەرەوە رووداوەکان لەسەر زمانی داپیرەیەوە دەگێڕێتەوە، بەواتا گێڕەرەوە دەبێتە ناوەندێك کە داپیرە و بەسەرهاتەکانی داپیرە و ئەوەی داپیرە دەیلێت، لە رێگای ئەوەوە دەگاتە بە ئێمە. گێڕەرەوە لە فەزایەکی فانتازیدا داپیرەی پێشکەشدەکات و دەیناسێنێت کە نەك بۆ سەردەمی داپیرە خۆی یان بۆ مێژووی نووسینی چیرۆکەکە، بەڵکو بۆ ئەم سەردەمەش هێشتا ئەو وەسفکردنەی داپیرە و ئەوەی لەبارەی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە، لەواقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا مایەی لەسەر راوەستان و قسە لەسەرکردنەوە، کاتێ داپیرە دەڵێت: (سواری چەرخ و فەلەك بووم، بەتاقی ئاسمانا هەڵچووم، تاکو گەیشتمە پەڵە هەورەکان).

بێگومان هیچ کەس لە ئێمە تەسەوری ئەوە ناکات پیرەژنێکی ساڵی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەو جۆرە وەسفی خۆی بکات، ئەمە ئەگەر بێتوو نەگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە کۆنەی کە داپیرە باسی ئەوکاتە دەکات هێشتا مێژوو دروست نەبووبوو، بۆیە دەشێ لێرەدا وای بۆ بچن داپیرە بەخەیاڵ لەساتەوەختی خۆیدا لە داهاتوو دەدوێت و دەشێ وای لێکبداتەوە کە لەداهاتوودا مرۆڤ سواری چەرخ و فەلەك بێت، یان دەشێ داپیرە لەڕووی یادەوەرییەوە بگەڕێتەوە بۆ رابردوو، ئەو رابردووەی کە خۆی ئەو شارستانێتی و پێشکەوتنەی لەناوبردووە. لەپشتی ئەم روانینەوە، کە دوو ئاراستەی جیاوازی هەبووە، ئاڕاستەیەکی ئایندەخوازی و ئاڕاستەیەکی رابردووخوازی، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە مرۆڤ خوازیاری بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانییەتی و تەنانەت لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو حەز و ئارەزووانەدا کاردەکات و هەوڵی بنیادنان و دروستکردن و گۆڕانکاری دەدات. داپیرە دەیەوێت پێمان بڵێت، رابردوو هەر ئەوە نییە کە ئێمە وەکو مێژوویەکی دواکەوتوو، بێ بەرهەم سەیری دەکەین، بەڵکو رابردوویەك هەیە کە مرۆڤایەتی بەگشتی تیایدا خاوەنی شارستانێتی و پێشکەوتن بوو، مرۆڤ توانیویەتی بەشێك لەحەز و ئارەزووەکانی خۆی تیا جێبەجێ بکات، واتە دەتوانین بڵێین، ئەو رابردووەی داپیرە باسی دەکات، تیایدا جۆرێك لەماف و ئازادی بۆ پیادەکردنی حەز و ئارەزووەکانی تاکە کەس هەبووە.

گێڕەرەوە دەڵێت: (داپیرە باسی ئەو سەردەمەی دەکرد، کە مێژوو هێشتا باسی نەکردووە، چونکی ئەو سەردەمە مێژوو لەدایك نەبووبوو) ئەم دەربڕینە دەمانگێڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور، رابردوویەك کە نەلەکاتی خۆیدا تۆمارکراوە، نەدواتریش لەبارەیەوە قسەکراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەو رابردووە کەیە؟ ئەگەر لەروانگەی دیالکتیکی مێژووەوە سەیری رابردوو بکەین، ئەوا بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مێژووی مرۆڤایەتی لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە تۆمارکراوە، بەڵام دیارە ئەوەی تۆمارکراوە، هێڵە گشتییەکانی مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە.

ئەگەر لەروانگەی ئایینییەوە بۆ مێژوو سەیری رابردوو بکەین، ئەوا لە دروستبوونی گەردوونەوە ئایین بەشێوەیەکی گشتی باسی رابردوو دەکات، ئەگەر لەروانگەی تۆمارکردنی رووداوەکانەوە سەیری مێژوو بکەین، ئەوا مێژوو تەنیا لەڕێگای هەڵکۆڵینەوە یان بەپێی هەندێ راوبۆچوون و لێکدانەوە توانیویەتی لەڕابردووی پێش تۆمارکردن بدوێت. ئەوەی داپیرە باسی دەکات، رابردووی پێش تۆمارکردنە، کەواتە داپیرە کێیە کە لەو رابردووەدا ژیابێت و ئەو



رابردووەی لە یادبێت؟ بەهەرحاڵ گێڕەرەوە دوو زەمەن پێکەوە دەبەستێت، کە ماوەیەکی دوورودرێژ لەنێوانیاندا هەیە و ئەو پێکەوەبەستنەش بەهۆی کەسێتی داپیرەوە دەگاتە ئەنجام، کەواتە دەبێ ئەم کەسێتییە کێ بێت لەسەردەمی ژیانی منداڵی ئەمی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەدا، ئەو هێشتا لە ژیاندا مابێت و سەردەمانی پێش مێژووشی لەبیر بێت؟ دەشێ ئێستا خەیاڵمان بەلای یەکەم داپیرەدا بچێت، کە حەوایە، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە بۆ سەردەمی ژیانی منداڵی گێڕەرەوە یان رۆحی حەوایە یان هەر ئافرەتێکی ترە کە نوێنەری ئەوە لە ئێستادا. بەهەرحاڵ لێرەدا لە ئاستی نەگوتراودا چیرۆکنووس پێمان دەڵێت مرۆڤایەتی زۆر لەوە کۆنترە، کە مێژوو باسی دەکات، چونکە مێژوو لەو کاتەوە بەمێژوو دادەنرێت، کە مرۆڤ توانیویەتی ئاوەدانکردنەوە بکات شارستانێتی بەرهەم بهێنێت کە ئەوەش بەراورد بەدەرکەوتنی مرۆڤ یان بەراورد بەدەرکەوتنی حەوا وەکو یەکەم ئافرەت لەسەر زەوی، زۆر نوێیە.

گێڕەرەوە دەڵێت (داپیرەم لەمێژوو کۆنترە، نەك تەنیا لەمێژوو کۆنترە... بەشکەم مێژوو ئەو دروستی کردووە) بەهەرحاڵ لەوە دواین کە ئەو ئافرەتەی لەپێش مێژوودا بوونی هەبووبێت وەکو ناو بەپێی چیرۆکە ئایینییەکان ئامادەبوونی هەبووبێت، حەوایە، کە گەلێك لەپێش مێژووی تۆمارکراودا ئەو بوونی هەبووە و هەر لە رێگای ئەو گوناهەی کە کردوویەتی، مرۆڤایەتی کە نەوەی گوناهەکەی ئەون، فڕێ دراوەتە سەر زەوی بۆ بەدبەختی و کوێرەوەری، ئەمەش وەکو سزایەك بۆ گوناهەکەی ئەو سەیر دەکرێت، بێگومان یەکەمین مێژووی ئەفسانەیی گێرانەوەی بەسەرهاتی سێو دەرخوارد دانەکەی ئادەمە لەلایەن ئەوەوە، واتە ئەوە یەکەمین رووداوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکراوە، ئەگەرچی لەشێوەی ئەفسانەشدا بگێڕدرێتەوە، لەهەمان کاتدا دەشێ لێکدانەوەیەکی تریش بۆ ئەو بۆچوونە بکەین، کە گوایە داپیرە مێژووی دروستکردووە، ئەویش لەو روانگەیەوە بگەرێینەوە بۆ قۆناغی دەسەڵاتی دایك سالاری لە کۆمەڵگەدا، کە تیایدا ئافرەت باڵادەستبووە و خاوەنی دەسەڵات بووە، دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە مێژوو، مێژووی دەسەڵات یان چینی باڵادەست یان بەرهەمهێنەری شارستانێتییە، گێڕەرەوە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت بۆ یەکەمجار مێژوو بنیادنان و بەرهەمهێنانی شارستانێتی لەو سەردەمەوە دەستپێدەکات، کە ئافرەت دەسەڵاتی کۆمەڵگەی لەهەموو روویەکەوە بەدەستەوە بووە.

لەوەڵامی پرسیارێکی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەدا، داپیرە دەڵێت: (ئەو سەردەمە هەموو ئەو شتانە هەبوون و پتریش.. کە لە عالەمی ئیمڕۆدا ئەیانبینی، بەڵام ئادەمیزاد خۆی تێك و

پێکی دا و دنیایەکەی رووخاند بەسەر خۆیدا، بەجۆرێك کە ئەوەی هەیبوو ون بوو، بەرەکانی دوای ئەوانە هەتا دوو هەزار ساڵ نەیانتوانی ئەو شتانەی ئەو سەردەمە ونبوون، بیدۆزنەوە).

لێرەدا داپیرە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پێشتریش مرۆڤ توانیویەتی شارستانێتی بەرهەمبهێنێت و لە ئاستێکی پێشکەوتووی ژیاندا بوویێت، لێرەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەردەم و شوێنی جیاوازدا توانیویەتی پێشکەوتن فەراهەم بکات، بەواتایەکی دی، شارستانێتی سوڕی تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەرەتاوە دەستپێدەکات و گەشە دەکات و بەرەو لوتکەی واتە بەرزترین ئاستی بەرزدەبێتەوە پاشان بەرەو قۆناغی پیربوون و هەرەس دەچێت، دەشێ لەشوێنێکی تر و لەسەردەمێکی تردا، گەل یان نەتەوەکەی تر، شارستانێتییەکی تر بەرهەم بهێنن. ئەگەر سەیری مێژوو و رابردووی مرۆڤایەتی بکەین، پڕیەتی لەمجۆرە نموونانە، دیارە هیچ شارستانێتییەکیش نابینرێت کە لە رابردووی دوورەوە تاکو ئێستا بەزیندوویی مابێتەوە و خۆی لە لوتکەی پەرەسەندنیدا سەقامگیر کردبێت و بەرەو قۆناغی هەرەس و رووخاندن نەچووبێت. داپیرە پێیوایە مرۆڤ خۆی ئەو پێشکەوتن و شارستانێتییانەی رووخاندبێت دەشێ ئەمە بۆ هەندێ حاڵەتی وەکو شەڕ و پێکدادانی نێوان گەل و نەتەوە جیاوازەکان راست بێت، بەڵام ئەوەی زیاتر مایەی قسە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە شارستانێتییەکان وەکو هەر پێکهاتەیەکی بایۆلۆژیانە لە سروشتدا دەردەکەون و گەشە دەکەن و دەمرن، بەڵام داپیرە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی گێڕەرەوەدا، مێژوویەکی دیایکراو بۆ رووخاندنی یەکەم شارستانێتی و دروستبوونی دووەم شارستانێتی دەستنیشان دەکات، کە پێی وایە کاتێ یەکەم شارستانێتی بەدەستی خودی مرۆڤ روخێنراوە، کە دیارە لێرەدا مەبەست ئەو شارستانێتییەیە کە خودی داپیرە خۆی دروستیکردووە، واتە شارستانێتی سەردەمی دەسەڵاتی دایك سالاری، لەدوای ئەو رووخاندن و وێرانکارییە، مرۆڤ پاش دوو هەزار ساڵ ئەوسا توانیویەتی شارستانێتییەکی تر دروستبکاتەوە، دیارە شارستانێتی دووەمیان شارستانێتی پیاوە، لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت، ئەو شارستانێتییەی دەسەڵاتی ئافرەت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دروستی کردبوو و بەرهەمی هێنابوو، کاتێ بەدەستی ئەوی پیاو رووخێندرا، نەوەکانی ئافرەت پاش ماوەیەکی دوور و درێژ ئەوسا توانییان لەجێگای شارستانێتی و پێشکەوتنی پێ خۆیاندا، شارستانێتییەکی نوێ دروستبکەن و بگەنەوە ئاستی دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی ئەوەی پێش دووهەزار ساڵ رووخێنراوە و مردووە. بەهەرحاڵ ئێمە هیچ بەڵگەیەکی دیاری مێژووییمان لەبەردەستدا نییە کە نیشانی بدات ئافرەت



لە قۆناغی دەسەڵاتی دایك سالاریدا شارستانێتی دیاری بەرهەمهێنابێت و هەر خودی مرۆڤیش خۆی ئەو شارستانێتییەی رووخاندبێت و وەك پێشتریش وتمان دەشێ شارستانێتییەکان لە شەڕ و جەنگدا وێران کرابن، بەڵام زیاتر لەناوچوونی شارستانێتییەکان پەیوەندی بەدەر کەوتن و پەرەسەندن و پیربوونی ئەو شارستانێتییانەوە هەیە وەك زیندەوەرێکی ئەم گەردوونە.

داپیرە پێی وایە ستەم و زۆرداری بووەتە هۆی تێکچوونی ئەو هەموو پێشکەوتنە بەرز و بەرینە، (برا شکی لەبرا ئەکرد، کوڕ باوکی ئەدا بە ئەرزدا، گەورە بچووکی ئەخوارد، بەهێز بێ هێز......).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی بووەتە هۆی رووخاندنی پێشکەوتن و هەرەسپێهێنانی ئەو شارستانێتەی پێشتر داپیرە باسی دەکرد، لە ئاستی یەکەمدا ستەم و زۆردارییە، بەواتا نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی وایکردووە بنەمای پێکەوە ژیان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوەش بووەتە مایەی شەڕ و ئاژاوە، کە لەوەشدا دەسەڵات ستەمی لەخەڵك کردووە و زۆرداری بەرامبەریان نواندووە لە ئاکامی ئەوەدا ژیان شێواوە و سەقامگیری نەماوە، کاتێ سەقامگیری تێکدەچێت، مانای وایە چیتر بواری بنیادنان و دروستکردن و ئاوەدانکردنەوە نەماوە و لەبری ئەوە زەمینەی شەڕ و پێکدادان و وێرانکردن و رووخاندن دروستبووە، چونکە لەهەر جێگایەك ستەم و زۆرداریی هەبێت، مانای وایە ئینتیما و پەیوەستبوونی رۆحی و ئەخلاقی هەڵدەوەشێتەوە. لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئینتیما هەرەسی هێنا، مانای وایە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو رووخاندن و هەرەسهێنان دەچێت. کاتێ کۆمەڵگە وای لێبێت ئەندامانی بەگومانەوە سەیری یەکتر بکەن و بەهێز هەوڵبدات بێهێز بخوا، مانای وایە یاسای دارستان ئەو کۆمەڵگایە بەڕیوەدەبات، کە ئەویش یاسایەکە نەعەدالەت و نەماف و نە ئازادی تێیدا نییە، چونکە هێز حوکم دەکات و یاسا دروست دەکات. لە هەر کۆمەڵگایەکدا هێز بوو بە پێوەر بۆ بەرێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگە، مانای وایە جەمسەری دووەم، کە جەمسەری خەڵکە، ئەو خەڵکەی لەدەرەوەی دەسەڵات و لەدەرەوەی هێزە، لە هەموو شتێك بێبەش دەبێت، ئەو بێبەش بوونەش بەسە بۆ ئەوەی ئاژاوە و پشێوی لەو کۆمەڵگایەدا دروست بکات و لە ئاکامدا ببێتە هۆی رووخاندنی خودی کۆمەڵگەکە.

لەڕاستیدا وەکو تۆمارێکی دیاری مێژوویی، ئێمە بەڵگەی لەو جۆرەمان لەبەردەستدا نییە کە شارستانێتییەکی دیاریکراو بەتایبەتی بەوجۆرە رووخابێت، بەڵام ئەوە ئاشکرایە لەدوای کۆمۆنەی سەرەتاییەوە، کۆمەڵگایەك نادۆزینەوە عەدالەت و یەکسانی و چەمکی هاوڵاتیبوون

تیایدا جێگای خۆی گرتبێت. هەروەك دەشزانین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین شارستانی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا دروستبوون و ئاکامیش زۆربەیان هەرەسیانهێناوە و لەنێوچوون. هەندێکیان پاشماوەی ئیداری و کولتوری و عەقڵیان بەجێهێشتووە و تاکو ئێستاش بۆ نەوەکانی ئەو نەتەوە و گەلانە هێزێکی مەعنەوی بەهێزن، بەڵام بەو شێوە دەستنیشانکراوەی کە داپیرە باس لە بوونی شارستانێتییەکی دیار و پاشان رووخاندنی دەکات و دواتریش لەوە دەدوێت دوای دوو هەزار ساڵ نەوەکانی بەرهەمهێنی ئەو شارستانێتییە توانییان بۆ جارێکی تر شارستانێتی دروستبکەنەوە و پێشکەوتن و پەرەسەندن بەرهەمبهێنن، لێرەدا ئەوەی کە دەشێ لە درێژەی مێژووی رابردوودا بکرێتە لێکدانەوە بۆ ئەم قسەیە، دەشێ مەبەست لەو قۆناغە مێژووییەی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت کە بە قۆناغی دایك سالاری ناو دەبرێت بەتایبەتی کاتێ گێڕەرەوە دەڵێت، داپیرەی ئەو مێژووی دروستکردووە، هەرچەندە ئەوەش جێگای گومانە، چونکە مەرج نییە یەکەمین شارستانێتی و پێشکەوتن ئافرەت دروستی کردبێت، یان لەسەردەمی دەسەڵاتی دایك سالاریدا بووبێت.

دواتر گێڕەرەوە لەسەر زمانی داپیرەوە دەسەڵات و چۆنێتی رەفتارکردنی ئەو دەسەڵاتە و تەنانەت شێوازی هاتنیشی ئاشکرادەکات، (١١ فەرمانداندەرەکەی ئەو دەورە بە ئارەزووی میللەت نەهاتبووە سەر کورسی فەرمانڕەوایی... هەرگیز بڕوای بەگەلەکەی نەکرد.. جا بۆ ئەوەی گەلەکەی بەچاکی ئابلوقە بدا.. لەسەر هەریەکە دوو چاوی دانابوو، جوڵە و بزووتنەوەی خەڵکەکەیان ئەژمارد، بەمەندەش نەوەستا، فەرمانیدا کە هەموو خەڵکی شارەکەی کۆبکەنەوەو ناونووسیان بکەن و هەریەکە مۆرێکیان بە باسکەوە بنێن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە چاودێریکردنیان ئاسان بێت). لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت ئەو جیهانبینییە بەرجەستە بکات، کە کاتێك کەسێك یان دەسەڵاتێك بەزۆر خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت، ئەوە هەمیشە بەترسەوە دەڕوانێتە خەڵکی و هەمیشە گومانیان لێدەکات، گومانی ئەوەی لەدەسەڵات دووری بخەنەوە، چونکە خۆی باش دەزانێت بەچ شێوەیەك هاتووە، بۆ پاراستنی خۆی و دەسەڵاتەکەی دەبێ بەتووندترین شێوە رەفتار بکات و بەگشتی دەست و بیرکردنەوەی خەڵك قفڵ بدات، بۆ ئەوەی نەتوانای جووڵەیان هەبێت، نەتوانای بیرکردنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ چەندین دەزگای چاودێری و جاسووسی بەسەر خەڵکەوە دروست بکات، بۆ ئەوەی ئاگاداری بچووکترین جووڵەبن، بێگومان ئەمەش خاسێتی سەرجەم دەسەڵاتدارانە لە دنیادا، بەتایبەتی ئەو سیستەمانەی دەسەڵات بەشێوەیەکی نارەوا و لەرێگای جۆراجۆری نەخشە و پلان و کودەتاوە



هاتوونەتە سەر کورسی فەرمان. ئێمە دەزانین تەنانەت خەباتگێڕەکانی رێگای ئازادی و سەربەخۆییش کاتێ دەستیان لە کورسی دەسەڵات گیردەبێت سەرسەختترین خەباتکەری رێگای پاراستنی دەسەڵاتەکەیان دەبن و لەو سەروبەندشدا بەخراپترین شێوە ئازادی ئەوانی دی دەکوژن، کەواتە لە کاتێکدا خوازیارانی ئازادی دواتر بەمجۆرە پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆیان بکەن، دەبێ ئەوانەی بەرێگای نامەشروع گەیشتبنە کورسی دەسەڵات، لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا چی بکەن؟

کاتێ سەرۆکی ئەو دەسەڵاتەی بوو بەهۆی رووخاندن و وێرانکردنی پێشکەوتن و شارستانێتی دێرین بۆ دوورخستنەوەی گومان و مەترسی لەخۆی، هەموو خەڵکی کۆدەکاتەوە و بڕیار دەدات ناونووسیان بکەن و هەریەکە مۆرێك بنێین بەباسێکیانەوە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە و بە ئاسان چاودێری بکرێن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لوتکەی ئەو دەسەڵاتە بەچاوی ئاژەڵ دەڕوانێتە لادێنشین، یان ئەوانەی ئاژەڵداری دەکەن، تاکو ئێستاش باوە هەریەکە مەڕەکانی خۆی بەرەنگێك نیشانە دەکات، یان داخیان دەکات لەشوێنێکی دیاریکراوی جەستەیاندا بۆ ئەوەی لە ئاژەڵی کەسانی تریان جیابکاتەوە و بەباشی بیانناسێتەوە. لێرەوە تا ئەندازەیەك ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت، کە چیرۆکنووس لە قۆناغی ژیانی لادێنشینی کوردەواری و سەردەمی ئاژەڵداریدا ئەم چیرۆکەی نووسیوە، یان باشتر بڵێین فەزای گشتی چیرۆکەکە، فەزای ژیانی لادێیە.

لەلایەکی ترەوە لە پشتی ئەم بەرجەستەکردنەوە، روانینێکی میتامۆرفیسانە دەردەکەوێت، کە ئەویش بە ئاژەڵکردنی مرۆڤە، ئەوەش لەڕوانینی دەسەڵاتەوە بۆ خەڵکی بەرجەستە دەبێت، واتە دەسەڵات وەها سەیری مرۆڤ دەکات، کە ئاژەڵن، بۆیە بەوجۆرە رەفتاریان لەگەڵ دەکات، ئەمەش ئەو دەردەخات دەسەڵات بەگشتی کۆمەڵگە لە گەوهەر و ماهیەتی مرۆییانەی رووت دەکاتەوە و بەهەمان شێوەی ئاژەڵ سەیری دەکات.

لەکاتێکدا مرۆڤایەتی لە شووناس و گەوهەر و ماهیەتی خۆی رووت بکرێتەوە، دەبێ چ رووبەرێك بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندن و شارستانی بمێنێتەوە... کەواتە هەر لێرەوە زەمینەی رووخاندنی هەموو بنەمایەکی شارستانێتی دێتە ئاراوە، چونکە کاتێ مرۆڤ لە بوونی مرۆیی خۆی دامالرێت، ئیتر هیچ شتێك لە گەردووندا مانای نامێنێت، چونکە ئەوە ئاشکرایە گەردوون بەهەموو رەگەزەکانییەوە تەنیا لەکاتی بوون و ئامادەبوونی مرۆڤدا پێناسەیان هەیە، کاتێ مرۆڤ لە شووناسی خۆی رووت بکرێتەوە، ئیتر هیچکام لەو رەگەزانەش پێناسەیان بۆ

ناکرێت، بۆیە کاتێ لەسایەی دەسەڵاتێکی دڕندە و تۆتالیتار و نامرۆییدا کۆمەڵگا لەباری مرۆییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازی ئاژەڵ، ئیتر هیچ مانایەك بۆ پێشکەوتن و شارستانێتی نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوە تاریکترین ساتەوەختە، کە مرۆڤ پێی دەگات، واتە ساتەوەختی کوشتنی ماهیەتی مرۆڤ. گێڕەرەوە لەسەر زمانی داپیرە بۆمان ئاشکرا دەکات، کە زۆرینەی خەڵك ملکەچی ئەو فەرمانەی فەرماندارەکەیان بوون و لەگەڵ ئەو توندوتیژی و زەبروزەنگە راهاتوون، ئەگەرچی لەناخەوە بەو رەفتارە نارازی بوون، بەڵام کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەمەش دەریدەخات کاتێ جەماوەری خەڵك بەرامبەر بەسیستەمی دەسەڵات نارازییە و هەست دەکات ئازادی و مافەکانی پێشێل دەکریت، مەرج نییە بگاتە ئاستی راپەڕین و داواکردنی مافەکانی، هەتا ئەوکاتەی نەگاتە ئاستێکی هۆشیاری ئەوتۆ بەچاکی پەی بەکێشەکان ببات، دەشێ بەشێوەی عەفەوی لەملاوئەولا نارەزایی و بەرنگاربوونەوەش رووبدات، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، هەروەك دەشێ نوخبەی هۆشیار و بەئاگا رابەرایەتی خەڵك بکات بۆ داواکردنی ماف و ئازادی، خاڵ میکایل نموونەی ئەو نوخبەیەیە، کە هەم تەمەن و ئەزموونی ژیان زۆر شتی فێرکردووە، هەم لەسەر ئاستی تاکەکەسیش سیمای تاکەکەسی هۆشیاری هەیە، کە ئەم حاڵەتەش لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا شتێکی ئاسایی و بینراوە، بۆیە ئەو لە پێش خەڵکی ئاسایی هەست بەگەوهەری کێشەکان دەکات، بەتایبەتیش بڕیاری فەرماندار بۆ مۆرکردنی باسکی خەڵکەکە بەمەبەستی ناسینەوەیان، خاڵ میکایل دەگێڕێتەوە بۆ یادەوەری سەردەمی منداڵی خۆی، کاتێ کە باوکی ئاژەڵەکانی مۆرکردووە بۆ ئەوەی بیانناسێتەوە، لێرەدا لە روانینی ئەم کەسێتییەوە بەگشتی خەڵکەکە هاوشێوەی ئاژەڵەکانی باوکی رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت، مۆرکردنی ئاژەڵەکان بۆ ناسینەوە و پاراستنی خاسێتی خاوەندارێتی ئاژەڵەکان بوو، بەڵام مۆرکردنی باسکی خەڵکەکە بۆ کۆنترۆڵکردن و کوشتنی هەر جووڵەیەك بووە دژی فەرماندار.. بەڕوانینی داپیرە، کاتێ شووناسی مرۆیی لەمرۆڤ بسەندرێتەوە، ئیتر هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەمرۆڤەوە هەیە دەڕووخێن، رووخاندنی پێشکەوتن و پەرەسەندن و شارستانێتی رابردوو بەهۆی ئەم سیاسەتە نادروست و عەقڵییەتە نادروستەی فەرماندارەکە بووە، کە ئەمەش بۆ هەموو سەردەم و هەموو جوگرافیایەك راستە، هەرکات مرۆڤ لە خاسێتی مرۆیی خۆی داماڵرا، ئەوە مانای وایە مرۆڤایەتی هەرەسیهێناوە، کە گەورەترین سەرمایەی ئەم گەردوونەیە، بۆیە لەدەرەوەی ئەوی مرۆڤ، هیچ شتێك بوونی نییە. زۆربەی خەڵکی هەمان روانین و تێگەیشتنی خاڵ میکایلیان



هەبوو بۆ ئەو رەفتارە نادروستەی دەسەڵات، کە ناسنامەی بە ئاژەڵبوونی بەسەردا سەپاندبوون، بەڵام هەستی خۆپارێزی و خۆبەدوورگرتن لە کێشە و گرفت، وایلێکردبوون بە ئەمری واقیع رازی بن، ئەمەش خاسێتێکی ئاشکرای مرۆڤە، کە بەسروشتی دەیەوێت خۆی لە گۆڕانکاری و سەرکێشی بەدوور بگرێت نەوەك ئەوەی هەیەتی لە دەستی بدات، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین، ئەوەی بواری بۆ دەسەڵات کردۆتەوە بە ئارەزووی خۆی چۆنی دەوێت وەها رەفتار بکات، ئەوە کۆمەڵگەیە، ئەویش لەدوو ئاستدا، لە ئاستی یەکەمدا ترس لە ئاژاوە و پشێوی و دووچاری گرفتبوون هۆکارێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە شێوەیەکی خۆپارێزانەدا دەربکەوێت، لە ئاستی دووەمدا مرۆڤ بە سروشتی هەرچۆن لەسەرەتاوە خۆی بەدوای دۆزینەوەی هێزێکدا گەڕاوە تا لەسەرووی خۆیەوە، هەتا بەرپرسیارێتی ئەو لە ئەستۆ بگرێت، بە واتایەکی دی، مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە هەمیشە مەیلداری ئەوەیە بەدوای باوکدا بگەڕێت، ئەو باوکەش دەشێ باوکی راستەقینە بێت یان هەرکام لەو دەزگا و دامەزراوانەی دەسەڵات بن کە دەوری باوك دەبین. بەپێی گێڕانەوەکەی داپیرە، گفتۆگۆ لەنێوان فەرماندار و خاڵ میکایلدا دروست دەبێت لەسەر چۆنێتی ئەو فەرمانە و شێوازی پەیڕەوکردنی، لەبنەڕەتدا هەڵوێستی خاڵ میکایل رەتکردنەوەی مۆرکردنی باسکی و سیاسەتی توندوتیژی دەسەڵاتە، لەکاتێکدا ناتوانێت بەجددی بەرگری بکات و ئەو سیاسەتە رەتبکاتەوە، پەنا توندوتیژی دەسەڵاتە، لەکاتێکدا ناتوانێت بەجددی بەرگری بکات و ئەو سیاسەتە رەتبکاتەوە، پەنا دەباتە سەر شێوازی کۆمیدی و دەیەوێت لەو رێگایەوە گاڵتە بە گەوهەر و ماهیەتی ئەو عەقڵییەتە بکات، کە لەپێناوی مانەوەی خۆیدا، پەنا بۆ ئەو جۆرە سیاسەتە دەبات، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە، ئایا هەروا بە ئاسانی گفتوگۆ لەنێوان دەسەڵات و جەماوەردا دروستدەبێت؟ بێگومان دەشێ جۆرە ئاخاوتنێك لەنێوان جەللاد و قوربانیشدا دروست ببێت، بەڵام ئەوە گفتوگۆیەکی هاوسەنگ نییە، چونکە کاتێ ئەوی پاسیڤکراو و مافخوراو لەبەرامبەردەسەڵاتدا دێتە دواندن، مانای وانییە ئەم دووجەمسەرە یەکسانن، یان هاوشانن، هەربۆیە ئەمجۆرە گفتوگۆیە تەنیا لە رووکەشدا گفتوگۆیە، ئەگینا لەگەوهەردا ماهیەتی گفتوگۆی نییە، چونکە ئەوی دەسەڵاتدار دەبێ قسە و فەرمانەکانی جێبەجێبکرێن، بەڵام ئەمی دەرەوەی دەسەڵات نەك فەرمانی نییە و ناتوانێت فەرمان بکات، بەڵکو قسەکانیشی نابیسترێت، بەواتە لە گەوهەردا قسەکانی شووناسی قسە یان دواندنیان نییە، چونکە نابنە هەڵگری هیچ مانا و دەلالەتێك لەڕوانگەی ئەوی دەسەلاتەوە.

خاڵ میکائیل چیرۆکی ئەو (گا) جووتە دەگێڕێتەوە، کە دوای ئەوەی پیردەبێت و خاوەنەکەی دەیەوێت بیفرۆشێت، کڕیار ئەوەندە دەمی دەکەنەوە تابزانن ددانەکانی کەوتووە یان تەمەنی چەندە، گاجووتەکە لەگەڵ ئەو کردارە رادێت، هەرچەندە لە سەرەتاوە بە زۆریش دەمی ناکاتەوە، بەڵام دواتر وای لێدێت هەر کە دەستیان بۆ دەمی برد، لەشێوەی پەرچەکردار یان وەڵامدانەوەدا دەستبەجێ دەمی دەکاتەوە. بێگومان ئەو شێوازە راهاتنەی کە چیرۆکنووس لەسەر گاجووت لەچوارچێوەی دەقەکەدا بەرجەستەی کردووە، لەبنەڕەتدا بۆچوونێکی سەرچاوەدارە و ئاستی بە ئاگایی چیرۆکنووس لەبوارەی دەروونزانیدا نیشان دەدات، لە تیۆری دەروونزانی باڤلۆڤدا، مەسەلەی راهاتن رووبەرێکی دیارکراوی گرتووە، (سەگەکە دەبەستێتەوە و جاری یەکەم پارچەیەك گۆشتی بۆ هەڵدەدات و هاوکات زەنگێك دەزرنگێنێتەوە، سەگەکە دەمی ناگاتە گۆشتەکە، لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە، ئەم کارە چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە، هەموو جارێك کە سەگەکە چاوی بەپارچە گۆشتەکە دەکەوێت و لەهەمان کاتدا گوێی لەدەنگی زەنگەکە دەبێت لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە، پاش ماوەیەك لەچەندبارەکردنەوەی ئەم کارە، ئەمجارەیان دێت تەنیا زەنگەکە دەزرنگێنێتەوە، بێ ئەوەی پارچە گۆشتەکە هەڵبدات، دیسان دەبینێ هەمان شێوەی پێشتر سەگەکە لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەگەکە لەگەڵ ئەوە راهاتووە، هەر گوێی لەدەنگی زەنگ بێت، راستەوخۆ لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە). چیرۆکنووس ئەم تاقیکردنەوەیەی گواستۆتەوە بۆسەر گاجووت و دەڵێت ئێمەش ئەوەندە باڵیان پێ رووتکردووین بۆ ئەوەی سەیری مۆرەکەی سەر باڵمان بکەن، وەکو گاجووتەکە و دەستی کڕیارەکانمان لێهاتووە، هەر چۆن گاجووتەکە هەر دەستی کڕیارەکەی بینی دەمی دەکاتەوە، یان چۆن سەگەکەی بافلۆف هەر گوێی لەدەنگی زەنگەکە بوو لیك دەڕژێت، ئێمەش هەرکە دارۆغە (پیاوانی دەسەڵات) مان ببینی، راستەوخۆ وەکو وەڵامێکی مەرجی بێ ئاگایانە قۆڵمان رووت دەکەین. ئەمەش ئەو قۆناغەیە تیایدا لەشێوازی مرۆڤەوە دەگۆڕێین بۆ شێوازی ئاژەڵێکی تر، کە لە چیرۆکەکەدا بەگاجووت ناوبراوە و لەتیۆرەکەی بافلۆفیشدا بەسەگ ناودەبرێت، لەهەردوو بارەکەدا کردارەکە هەرهەمان کردارە، کە ئەویش راهاتنە، یان وەڵامدانەوەی مەرجییە، کە تیایدا مرۆڤ لە گەوهەر و ماهیەتی خۆی رووت دەکرێتەوە و دەچێتە شێوەی ئاژەڵێکەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت روانینی مەم بۆ گۆڕینی خەڵکەکە لەباری مرۆییەوە بۆ (گا)، کردارێك نییە لە ئەنجامی هەستکردن بە بێتوانایی و لاوازی لەبەردەمی گۆڕانکاری و



بێئومێد بوون لەبوونی خۆیان وەکو مرۆڤ روویدا، بەڵکو پێمان دەڵێت لە ئەنجامی زەبر و زەنگ و سەرکوتکردن و کوشتنی ماف و ئازادیدا مرۆڤ رادێت کە ئەو واقیعە تفت و تاڵە قەبووڵ بکات و ملی بۆ کەچ بکات و پێی رازی بێت، کە ئەوەش دۆڕاندنی گەوهەر و ماهیەتی راستەقینەی مرۆڤایەتییە، کەواتە هەرچەندە مرۆڤ لەژێر فشاری دەسەڵاتدا بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی نامرۆیی، یان لەژێر کاریگەریی هەستکردنی خودی مرۆڤ خۆیدا بەبێدەسەڵاتی و ناکارایی و لەئەنجامی ئەوەشدا هەستکردنی بەبێ مانایی ژیان بگۆڕێت بۆ قالۆنچە.. لەهەردوو بارەکەدا مرۆڤ لە ماهیەتی خۆی رووت دەکرێتەوە و خاسێتی مرۆیی خۆی لەدەستدەدات. بێگومان ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکەی (مەم) ئەوەیە، کە هەڵگری جیهانبینییەکی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئەنتۆلۆژییە، بوونی شارستانێتی و پێشکەوتن و پەرەسەندن دەبەستێتەوە بەبوونی مرۆڤی ئازاد و ئیرادەوە، واتا ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت، ئەوا نابێتە خاوەنی ئیرادە، کاتێکیش مرۆڤ ئیرادەی نەبێت، نەدەتوانێت بینابکات، نە ئاوەدانی بەرهەمبهێنێت، نەشارستانێتی دروست بکات. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە قۆناغێکدا خاوەنی ئیرادە بووبێت و توانیبێتی شارستانێتی بەرهەمبهێنێت، ئەوا هەر کات ئازادی لێ سەندرابێتەوە و ئیرادەی رووخێندرابێت، ئەوا شارستانێتییەکەشی هەرەسیهێناوە، ئەو شارستانێتیی و پێشکەوتنەش کە داپیرە باسی دەکات، لە ئەنجامی کوشتنی ئازادی و هەرەسپێهێنانی ئیرادەی مرۆڤدا رووخاوە.

لەلایەکی ترەوە، دەتوانین مەم لە چیرۆکنووسانی تری هاوچەرخی خۆی جیابکەینەوە لەکاتێکدا کە زۆربەیان پاڵەوان و کەسێتی خۆڕاگر و نەبەزیوویان بەرجەستە کردووە، ئەم دێت کەسێتییەك بەرجەستە دەکات کە لە حاڵەتی مرۆییەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی ئاژەڵی، کۆمەڵگە و مێژوویەکمان پێشکەش دەکات لە پێشکەوتن و پەرەسەندن و شارستانێتییەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و دواکەوتن و وێرانەیی، بەمەش پێمان دەڵێت، مێژووی مرۆڤایەتی لە شێوەی ژیانی زیندەوەراندایە و خاسێتی بایۆلۆژیانەی هەیە، لە سەرەتاوە بۆ گەشەکردن و گەیشتن بەبەرزترین ئاستی و پاشان داڕووخان و هەرەس دێت دەگاتە کۆتایی *.

* ئەم بابەتە لە کتێبی (فانتازیای گەڕانەوە) نووسینی: عەتا قەرەداغی (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

# چیرۆك وەك بنیات

## محەمەد مەولود و نوێخوازی چیرۆکی کوردی

**نەجات حەمید ئەحمەد**

لەڕاستیدا دیاریکردنی ئەزموونەکانی تازەگەری لە چیرۆکی کوردیدا کارێکی نیمچە مەحاڵ بووە لە ڕەخنەی کلاسیکی و نوێی کوردیدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز بووە، کە گرنگترینیان، لەنێوان ( لایەنگیری ئایدۆلۆژی و سیاسی) دا کەوتبوونە نێو ئەو حوکمە نازانستییانەوە کە لە بناغەوە ئەو خوێندنەوانە لە پێناو مەبەستی دیاریکراودا کراون، هەروەکو چۆن لە ژێر کاریگەری کەسایەتی و لایەنداری جیاجیادا توانای زۆر کەسان لە مەیدانی چیرۆکی کوردیدا پشت گوێ خراوە. بەشێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکان کە نەیان توانیوە بەشێوەیەکی دیار و کاریگەر و زانستییانە ئەو مێژووە بخوێننەوە بەهۆی نەبوونی جیهانبینی و میتۆدێکی نوێوە بووە، هەر بۆیە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری چەمك و زاراوە کلاسیکییەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییەوە، هەروەك زۆر لەو لێکۆڵینەوانە هەمان چەمك و زاراوەیان لە هەڵسەنگاندندا بەکار هێناوە، هەروەکو چۆنیش تاوەکو ئەمڕۆ بەهیچ میتۆدێکی نوێ و بەهیچ جیهانبینی و ڕێگەیەکی شیکردنەوەی نوێوە چیرۆکی کوردی هەڵنەسەنگێنراوە. ئەمەش وای کردووە چیرۆکنووسانێك بکەونە پێشەوەی چیرۆکنووسانی دیکەوە و بەسەرەتای نوێخوازی و تازە بوونەوەی شێواز و زمانی چیرۆکنووسی لە قەڵەم بدەن، کە زیانێکی زۆری بەڕەخنەی کوردی و مێژووی چیرۆکی کوردی گەیاندووە، هەر بۆیە هەندێك چیرۆکنووسی دەست پێشخەر لە نوێخوازیدا هەوڵەکانیان بەپەراوێزکراون و شوێنی شیاوی خۆیان لە ئەدەبی کوردی پێ نەبەخشراوە، لێرەوە بەپێویستم زانی بەرجەستەی هەندێك لەو ڕاستییانە بکەم، بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئەم ناهاوسەنگیانە و دەرخستنی دەوری نوێخوازانەی هەندێك لە چیرۆکنووسانی کورد.

### محەمەد مەولود مەم

محەمەد مەولود مەم یەکەم چیرۆکنووسی کوردە کە نوێخوازی هێناوەتە ناو چیرۆکی کوردییەوە، لە هەرسێ چیرۆکی (برسیەتی بەهێزترە) و چیرۆکی (پیاو) و (پەنجا فلس) کە



یەکەمیانی لە ساڵی (١٩٥١) نووسیوە و دووەم و سێیەم لە سەرەتای پەنجاکان، ئەمەش دەلالەتی ئەدەبی و ڕەخنەیی خۆی هەیە لە چیرۆکی کوردیدا، ئەم سێ چیرۆکەی کە بەتەواوەتی نەخراونەتە بەر تیشکی ڕەخنە و شیکردنەوە.

لایەنەکانی نوێخوازی چیرۆك، لە هەوڵەکانی محەمەد مەولود مەمی نوێخوازدا لە دوو ئاراستەی تەواوکەری یەکتردان، لەلایەکەوە یەکەم چیرۆکنووسە کە لە زمانی چیرۆکدا کاری کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە بەتوانایەکی سەیرەوە هەوڵی داوە چیرۆك بەرەو بنیاتی دووسەرە بەرێ، ئەمەش بەهۆی بەخشینی کۆمەڵێك ڕەگەزی بنیات نەری ڕووکەش و بەکارخستنیان لە بنیاتێکی شاراوەی بەهێزدا، هەروەها چۆن چیرۆکنووس لەو دوو چیرۆکەی، چەند چیرۆکێکی دیکەشدا هەوڵی داوە هەر وەك چیرۆکی (پیاو) کە زمانی ئەوەندە سۆزدار و دەوڵەمەند کردووە لە ئاستی مانا ڕووکەشەکاندا ماناکانیان دەگوازنەوە بۆ ئاستێکی دیکەی زمانەوانی وەك یەکەی ڕەگەزە تێکدەرەکانی بنیات، ئەو بنیاتەی هەموو ئەو زمانە دووسەرە و پڕ لە سۆزە دەخاتە قاڵبێکی زمانەوانیی بزر و بێ ناسنامەوە کە تەنها لە گەردوونی ئەو بنیاتەدا هەموو ڕەگەزە سەرەتاییەکانی نووسین دەخاتە گەڕ کە ناسنامەیەکی نوێ بەرجەستە دەکات.

لەڕاستیدا سیمای نوێخواز لەو چیرۆکە سەرەتاییانەی چیرۆکنووسدا ئەزموونێکی گەییوی پڕ مانا دەردەبڕێت هەروەکو چۆن لە نوێبنەوەی زمان دەردەبڕێت کە بەشێوەیەکی کاریگەر کاردەکاتە سەر خوێندنەوە و تاوەکو ئەمڕۆش ئەو شێوازی نووسینە یاخود ئەو زمانە باڵی بەسەر چیرۆکی کوردیدا کێشاوە، کە بەهێزەوە ئاراستەکانی ئەو زمانە، چۆنییەتی هاتنە ئاخاوتنی دەوڵەمەند دەکات.

که ئەمەش بەڕای من خاڵێکی وەرچەرخانە لە چیرۆکی کوردیدا لە چۆنییەتی بە بنیات کردندا.

### ١- برسیەتی بەهێزترە (١٩٥١)

ئەگەرچی چیرۆکی یەکەمی چیرۆکنووسە، لە پێشەکی چیرۆکەکەدا نووسراوە، کە ساڵی (١٩٥١) نووسیویەتی تەنیاش گۆڕانکاریی لە شێوازدا کردووە لەو ساڵانەی دوایی هەروەك دەسکاریکردنی (شێوە و ڕێنووسەکە)ی بەلاّم داڕشتنەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە. ئەم چیرۆکە حەوت ساڵ دوای (سکالاّی مردوو)ەکەی ئیحسان مستەفا بەرزنجی نووسیویەتی و نزیکەی شەش ساڵیش دوای چیرۆکی (چای شیرین)ی حوسێن عارف نووسیویەتی کە ئەو چیرۆکە زۆری لە ئەدەبی کوردیدا لەسەری نووسراوە، ئەم چیرۆکە هەروەکو لەدوای خوێندنەوەی یەکەمدا

بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بابەتی ڕۆمانێکی گرتۆتە خۆ لە شێواز و بەرچاوخستنی بابەتیی خۆیدا، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە چیرۆکنووس بەهەمان ئەو ڕووداو و جیهانە بابەتییەی کە لە چوارچێوەی چیرۆکێکی کورتدا دەریبڕیوە، دەیتوانی ڕۆمانێکی یا نۆڤلێتێکی سەرکەوتووی لێ بنیات بنێ، لە هەموو مەیدانەکانی درێژبوونەوەی زەمەنی و کردارە جیاوازەکانی پەیوەست بەڕووداوەوە. ئەمەش بێگومان تەنیا ڕەگەزی ڕۆمان نین، بەڵکو لەبەر فرە دەلالەتی و مەودای درێژ بوونەوە و توانای چیرۆك لەم ئاراستەیەدا.

بنیاتی بابەتی و بناغەیی چیرۆکەکە لە گریمانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە مرۆڤ و بیری مرۆڤ، هەرچەندێك جیهانێکی پاك و بێ گەرد و نموونەیی هەبێ و لە دووتوییێ چەند نموونەیەك لە بەهای بەهێز و بالآدا،جیهانبینی خۆی بۆ دەرەوە و پەیوەستەکانی خۆی بەجیهانەوە دیاری کردبێت و بەهەموو شێوە و لە ژێر زۆر بارودۆخدا داکۆکی لەو بەهایانە بکات وەك چەمکی پیرۆز و نەگۆڕ، بەلآم ئەم جیهانە لەبەردەم هەژاری و نەبوونی و بەتایبەتی برسێتیدا مل دەدا، ئەم وەرچەرخانە نائومێدییەش بەرجەستەیەکن بۆ گۆڕانی سروشتی و باری دەروونیی مرۆڤ لە قات و قڕی و نەبوونیدا، ئەو کەسایەتییە هەموو بەها کەسایەتییە پیرۆزەکانی یەك لە دوای یەك لە دەست دەدات و تووشی ئالۆزی و شلەژانێکی دەروونی و نەخۆشی ئامێزی دەکات، چیرۆکنووس هەر لەناو نیشانەکەوە هاوکێشەی ئەو گریمانە سادەیە دەخاتە ڕوو، کە سیفەتێکی بەراوردکاریی ڕەوشتی پێشنیار دەکات، خوێنەریش هەر لە سەرەتاوە بەپێی ئەم گریمانەیە دەخوێنێتەوە، ئەمەیە سیفەتی ڕاگەیاندنی زانیارییە پێش وەختەکان، بەلآم ئەم زانراوە وای لە چیرۆکنووس نەکردووە ڕاستەوخۆیی ڕاگەیاندنەکانی بەرەو ڕووی پرسیارە بابەتییەکانی بکاتەوە، ئەمەش وای کردووە چیرۆکنووس لە جیهانە بابەتییەکەیدا سەرکۆنەی (جەنگ و برسێتی و زۆرداری و داگیرکردن) بکات، کە ئەمەش شوێنی پڕ بایەخ و گرنگی هەیە کە بەشێوازێکی هونەرییانە دەربڕاوە مانایان باڵ بەسەر ڕێچکەی ڕووداوەکاندا دەگرن، بەلآم ئەم بابەتە ڕووکەشانەی نێو چیرۆکەکە هەروەك ڕەگەزی لابەلا و ناسەرەکی نەکراونەتە بناغەی جیهانبینی و بنیاتی شاراوەی چیرۆك، چیرۆکنووس هەموو ئەم مانایانە لە ژێر یەك دەواری بابەتیی بنیاتی دەقدا بەکار دەخات لە پێناوی خولقاندنی یوتوپیای زمانی شاراوە و ناسنامەی دەقدا، پرسیاری کەسایەتی و گۆڕانەکانی لە بەها ڕەوشتییەکاندا پەیوەست بەباری ئابووریی و ژیاریی زۆر دەگمەندا دەکات، ئەمەش بەبڕوای من کرانەوەی زێدەڕۆی زمانە لە هەڵبژاردنە بابەتی و شێوازکاری و ئیستاتیکیەکاندا، بەکارخستنی بەرەلآبوونی



بنیاتە ڕووکەشەکانە، لە پێناوی سپاردنی دەوری دیاریکراوی دیکە و هێنانە ناوەوەی دەوڵەمەندی زمان لە چیرۆکدا، کەواتە بنیاتی کەسایەتیی (کوێخا ڕەسوول) و چۆنییەتی گۆڕانی دنیادیدەیی و هەڵوێستی ئەو بناغە و پێکهاتی سەرەکیی زمانی دووەمی چیرۆکە، هەر لە سەرەتاوە سیفەتەکانی کەسایەتی و سیما دەروونییەکانی عەقڵییەتێك دەنوێنێ کەبەشێوەیەکی بنەڕەتیانە بەش بەش دەبێ و لەو گۆڕان و بەشبەش بوونەیدا کۆمەڵێك سیفەتی بەشبەشی دیکە بۆ خۆی بنیات دەنێ و بەم شێوە دابەش دەبێت.

**کوێخا ڕەسووڵ**

**زیرەك - چالاك - بەبەزەیی - دەوڵەمەند**

**پێش جەنگ**

**کوێخا ڕەسووڵ - باوکایەتی**

**گرێدار - سست - بێ بەزەیی - هەژار**

**پاش جەنگ - مرۆڤایەتی**

ئەم پێکداچوونە ئالۆزەی نێوان دوو بارودۆخی جیاواز هەمیشە ئەو وێستگە کۆتاییانەن کە لە کێشەی بەردەوامی مرۆڤێك دەردەبڕن کە بەسروشت پەیوەستێکی خێرخوازانەی لەگەڵ جیهاندا هەیە و لەپاشاندا بەهۆی بێ دەرامەتی و هەژارییەوە پەیوەندی شەڕخوازانە لەگەڵ جیهاندا دادەمەزرێنێ، ئاخۆ مرۆڤ بەسروشت خێرخوازە، یاخود بەسروشت پەیوەستی چاکەخوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ یاخود بەرامبەر بەم سروشتە هەروەها هەموو مرۆڤێك سیفەتی شەڕخوازیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و هەموو چاکە و خراپەیەك چاوەڕوانی بارودۆخی کامڵبوونی خۆیان دەکەن. لەڕاستیدا چیرۆکنووس لە گۆشەی کۆتایی جیهانبینییەکاندا ئەو بیرە دەخاتە مێشکمانەوە کە ئاستەمە مرۆڤ تەنها یەك بەرهەمی ئایدیالی لەپەیوەستەکانیدا بنوێنێ بەجیهانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی کە بەم شێوەیە پەرە دەسەنێ:

**کوێخا ڕەسووڵ - مرۆڤێکی بە نموونە کراو --- دەوڵەمەند**

**کوێخا ڕەسووڵ - مرۆڤێکی ڕیسوابوو --- هەژار**


**برسێتی ---------------------- دەوڵەمەندی**

**هەژاری ---------------------- تێری**

**برسێتی --- هەژاری - پەیوەستی گۆڕاو - خراپەکاری**

**تێری--- دەوڵەمەندی - پەیوەستی گۆڕاو- چاکەخوازی**

کەواتە بەقەد یەك هەردوو خاسیەت و سیمای ڕەوشتی ڕێکەوتەکانی گۆڕانکاری چالاك بوونیان لەبەردەمیدایە و ئەمەش بازنەیەکە تەنها ڕاڤەی سووڕانەوەیەکی کۆتایی نەهاتوو دەکا و لە گیرۆدەیی و گرفتاریی مرۆڤ دەردەبڕێت بەو بارە ژیارییەی تێیدایە:




کرداری بناغەی چیرۆك کە هەلاتن و ڕفاندنی خواردنی مال و منداڵەکەیەتیێ، ئەم کردارە، دەرخستنی کاریگەری و نامرۆڤانەی برسێتی و نەبوونییە کە هەموو بەهایەکی کۆمەلایەتی و زاتی لە بەردەمیدا هەلدەوەشێنەوە، چیرۆکنووس بۆ زالکردنی ئەو باوەڕەی هەیەتی پالەوان دەخاتە بارێکی ناهۆشیاری ڕەمەکیەوە، دەیخاتە تەفرەدان و هەلاتن و نەبینینی تراژیدیاوە، هەروەك خۆدامالین و خۆشاردنەوەیەك لە بەهاکان و هەلوەشاندنەوەیان ئەمەش دەلالەت لە کەوتنی کەسایەتی و نوچ خواردنی نامرۆڤایەتییانەی کەسایەتی دەکات، هەر ئەم لایەنەی چیرۆکەکەشە کە لایەندارییەکی نیمچە ئایدۆلۆژی بەچیرۆکنووس دەبەخشێت، بەلام لەگەل بەرجەستە بوونی ئەم چەمکە دیارەش کە زۆر نزیکە لە چەمکی کردارە بەرهەمهێنەکانی (ئەریك فرۆم) و لەگەل ئەمەشدا چیرۆکنووس، بەرهەم هێنانی (ترس) لە مردن و دەرخستنی هێزی مانەوە لە زاتدا زالە بەسەر هەر پەیوەستێکی کۆمەلایەتی بەهێز لە دوو تویی دابەشبوونی زات لە نێوانی پەیوەندییە شەڕانگێزی و خێرخوازییەکاندا -واتە بەرهەمی کرداری کەسایەتی دەرچوونە لەو قالبە باوانەی کە کردارەکانی مرۆڤ پۆلین دەکەن، بەو پێیەی ترس لە مردن بەهێزتر و کاریگەرترە لە هەموو هەستێکی دیکەی مرۆڤ، هەروەك ئەوەی غەریزەی مانەوە، ئەو مەیلە زۆر سەرەتایی و ڕەمەکی و نەمرەیە لە عەقلی مرۆڤدا، کەوا دەکات، هەموو پەیوەستە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ بەمرۆڤەوە بخاتە بارێکی زۆر خراپ و پەیوەستێکی زۆر خراپترەوە، لە هەر پەیوەستێکی پۆلین کراو لە چاکە و خراپە، هەر ترسی مانەوەشە خالبەندییەکی فەلسەفییانەی دیکە بۆ ماناکانی ڕەوشت و بەهاکانی مرۆڤ دادەڕێژێ، کەواتە هەموو ئەو پەیوەستانەی بنیاتە ڕووکەشەکانی زمان ڕێچکەیەکی تازە بۆ خۆیان



دەدۆزنەوە هەروەکو بنیات نانی زمانی دووەمی نووسەر کە دەیەوێ ئەو مانایە بخاتە سەرەوەی هەموو ماناکانی دیکەوە، کە ترسی مانەوە هەموو چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دیاریدەکات و سنووری کردارەکانی دیاریدەکات و شوێن بەهەموو مەترسییەکانی دیکە دەگرێتەوە، بەو پێیەی ترس لە نەبوونی، ترس لە مانەوە، بۆی هەیە هەموو بەهاکان و هەموو بۆچوون و پۆلین کردنە ڕەوشتی و هەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتی و خانەوادەییەکان سەرەو ژێر بکاتەوە، چونکە غەریزەی مانەوە بەهێزترین غەریزەی مرۆڤە، ڕادەی هۆشیاری هەر چەندێك بێت و یەکێك لە هۆیەکان جولاندنی ئەو هەستەش مردنی ژیانە بەمردنی هیوای بەردەوام بوون لە ژێر گوشاری برسێتی و هەژاری و نەبوونی.

## ٢- پیاو

چیرۆکی پیاو یەکێکە لە دەقە هەرە سەرکەوتووەکانی چیرۆکنووس کە لە سەرەتای پەنجاکان نووسیویەتی، دوای چیرۆکی (برسیەتی بەهێزترە) لەم چیرۆکەدا محەمەد مەولود مەم لە بنیاتە ڕووکەشەکانی زماندا هاوسۆزییەك و جۆشێکی ڕادەبەدەر پەلکێشی ژیانی منداڵی خۆی دەکات، بۆ ئەو زەمەنەی کەنەك وەك نووسین بەلکو وەك یادەوەرییەکی زیندوو لە گۆشە هەرەزیندووەکانی بیرکردنەوەیدا جێگرە، بەلام ئەو بایەخێکی زۆر گەورەی بەزمانی چیرۆك و شێوازی گێڕانەوە داوە لە دوو تویی ئەو جیهانبینینە دەولەمەند و نوێخوازەی کە لە چیرۆکەکە و جیهانی بابەتی بەخشیوە، بەرهەمی ماناکانی چیرۆك زەق کردنەوەی ئەو تێڕوانینە تایبەتەی منداڵە بۆ هەست کردن بەمرۆڤایەتی خۆی، بەمانای بوونی مرۆڤێکی گەورە لە عەقلی بچووکی منداڵدا، بێگومان ئەمەش هەستی بە(پیاوبوون)ی مرۆڤە و کاریگەری غەریزەی بۆ ماوەیی پەیوەستە خانەوادەیی و ئێرەیی ناخەکییە بەبزر بوونی جێگرەوەکان، کەوا لە منداڵێك دەکات لە پڕێکدا هەست بەوە بکات کە ئەو دەبێ ببێ بەپیاو. مەسەلەی بوونە پیاو سیفەتێکی خانەوادەیی نییە بەمانا گشتییەکەی بەلکو بەرجەستەبوونی کاملکردنی پەیوەستە بزرەکانی خانەوادەییە لەو باوەڕەی خانەوادە بەبێ (سەرگەورە) یا (پیاوی مال) ببێتە خانەوادەیەکی ناڕێك و ناتەبا، هەر ئەم هەستەش وا لە منداڵی چیرۆکەکە دەکات هەستی مرۆڤانەی بجولێ و لە ناخەوە دلی گەورە بێ. (جۆن شتاینبێك) لە یەکێك لە چیرۆکەکانیدا هەمان بابەتی، یاخود هەمان چەمکی بەشێوەیەکی جیاواز و

بەمانایەکی هاوشێوەیی بابەتیانە بەکار هێناوە، بەڵام ئەو ئەم هەستە بۆ زایەندی زاتی منداڵ ناگەڕێنێتەوە بەڵکو دەیکاتە بەرهەمی چەند هۆکارێکی دیکە، وەك تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی باوکی و هاندانی دایکی و باوەڕبوونی بەوەی کە منداڵەکەی دەشێ ببێتە مرۆڤێکی گەورە شوێنی باوکایەتی لە خێزاندا بگرێتەوە.

ئەم هەست بەگەورە بوونە مرۆڤانەیە، لەلای کاکە محەمەد مەولود مەمدا لە لای منداڵێکدا وێنەی کێشراوە کە هەر خۆی خەرمانەیەك لە کەشی زاتی هەست بەگەورە بوون ناخی دەگرێتەوە، وای لێدەکات هەستێکی دیکە و بوونێکی دیکە و کەسایەتییەکی دیکە لە ناخیدا گەورە بێت بەتایبەتی پاش نەمانی باوکی، لەو باوەڕەی کە ئەو دەتوانێ شوێنی بزری باوکی پڕکاتەوە.

چیرۆکنووس بەزمانێکی زۆر نوێخوازەوە وشەی (پیاو) دەکاتە ناوەندی هەموو ماناکان لەو کاتەوەش ئەم هەستە لەلای منداڵەکە گەورە دەبێ و پەرەدەسەنێ کە پورە زولێخا لەگەڵ دایکی منداڵەکە دەیانەوێ بچنە گوندێکی نزیك خۆیان بۆ هاڕینی گەنم، لە ڕستەکانی پورە زولێخا جەخت لەسەر (پیاو)ـەتی منداڵەکە دەکرێتەوە، هەروەك:

١- ئەدی دایکم، کەماڵ بێ خاوەن بێ...

٢- قوڵچیش...... دەتوانێ خۆی لە پیاو بگەیێنێ....

٣- خوشکم با شێرکۆش لەگەڵماندا بێت، هەر بێ شەرعیشە بێ پیاو بکەوینە ڕێگا....

ئەم ڕستانە ئەو هێزە بەگوڕ و بەتینەن کە گەورەترین کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوەی شێرکۆی منداڵدا هەیە، هەر ئەم مانا سەرەکییەی دەقیش سەرجەمی مانا ڕووکەشەکانی دیکەی دەقیان پێوە گرێ دەدرێ و دەبێتە ناوەندی هەموو ماناکانی دەق و پەیوەستی هاوبەش و کێشەی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست دەکات. زمانی ئەم کێشانە زمانێکە لە ڕاستەوخۆیی گوتن و ساکاریی پێکهاتنی ڕستەکان دەردەچێ و هەموو ڕستەکان بەشێوەیەکی قووڵ بەماناکانیان قورس کراون، هەر ئەم دووسەرەبییەی مانا و ئەم ئاراستەیەی زمانە وادەکات کەسایەتی چیرۆك هەر لە خولگەی ئەم وەهمەی خۆیدا بژیت تەنانەت لەو پەڕی ماندوو بوون و شەکەتیدا ئەو بیر لەو ساتە گەش و سەرسوڕهێنەرەی خۆی بکاتەوە، ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە شکۆمەندییەکی گەورەی پێ بەخشراوە، ئەو پیاوە یا ئەو پیاوەیە کە خۆی قەت بەبیریا نەهاتووە ئەو مافە بەخۆی بدات ئەو بیر لەوە ناکاتەوە کە بچووك و بێ دەسەڵات و بێ هێزە، چیرۆکنووس لەگەڵ ئەوەشدا ناونیشانی چیرۆکەکەی بە (پیاو) داناوە کە بناغەی



سەرەکی بەرهەمهێنانی هەموو ماناکانی دەقەکەیەتی، بەڵام هەر ئەو هاوسۆزییە کەسایەتییەی بۆ سەردەمی منداڵیی وای لێدەکات لە خۆکردنی منداڵ لە کەسایەتی خۆی شێوەیەکی فانتازی زۆر سیحراوی وەرگرێت، کە منداڵ هەست دەکات ئەو لە هەموو کارێکی گەورە بەدەرە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتانێ حسێبی پیاوی بۆ دەکەن دەکەوێتە ئەندێشە و خەوبینین و خەیاڵەوە کە گەورەترین بەرجەستە بوونی ئەم بنیاتە بزرەی چیرۆکەکە، کە بنیاتی سەرەکیە و لە بابەتۆکە ڕووکەشەکانی دەقدا دەکەوێتە ڕوو خۆی لەمانا ئاساییی و باوەکان جیادەکاتەوە، ئەو ڕستە چڕکراوە و مانادار و بنیات ئامێزەیە:

...هەستی ئەمەش کە شتێکم و دەجوولێمەوە چیرۆکی پیاو بەهێزەوە یەکەم چیرۆکی هونەری نوێخوازی کوردییە لەگەڵ چیرۆکی (برسێتی بەهێزترە) کە یەکەم ئەزموونی چیرۆکنووسە. لە هەموو لایەنە هونەری و زمانەوانی و تەکنیکی و ئیستاتیکییەکانەوە، کە بەسەرکەوتوویی ئەم ڕەگەزانەی بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی بنیاتێکی بەهێز و توندوتۆڵ کە پێشی هەموو هەوڵەکانی نوێخوازی کەوتووە لە چیرۆکی کوردیدا سیمایەکی دیاری دیکەی زمانی چیرۆك ئەوەیە کە لە خوێندنەوەدا هەست بەهیچ گرێیەکی ناتەبا و دژ بەیەکی نووسین و ماناکان ناکەین، چیرۆك هەر لە سەرەتاوە بەڕوچوونێکی زمانی پتەو و پڕ ماناوە ڕستە بنیات دەنێ کە دەتوانین بەهۆی ئەو زمانەوە پێکهاتی بنیاتەوە بەراوردی بکەین لەگەڵ زۆر لە ئەزموونەکانی دوای خۆی، هەر ئەم لایەنەش سیفەتی یەکەم تازەکردنەوەی کامڵ بەچیرۆکی کوردی دەبەخشێ. بەڕای من گەورەترین سەرکێشی لەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی پێشوو و زۆر لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود مەمدا ئەو سەرکەوتنەیە کە ئەو مۆرك و خاسیەت و سیمای جیهانبینییەکی مرۆڤایەتی لە مرۆڤی کورددا دەستنیشان دەکات، لە چیرۆکی (برسێتی بەهێزترە) چیرۆکنووس پەنجە لەسەر ئەو جیهانە توندوتیژ و مرۆڤ کوژە دادەنێ کە کۆمەڵی کوردەواری هەزاران ساڵە لەگەڵیدا دەژی، کە ئەویش گۆڕانکارییە لە کەسایەتیدا، لە چیرۆکی (پیاو) پەنجەمای ئەو پەیوەستە کۆمەڵایەتییە زۆر دڕندانەیە دەکات کە (پیاو) هەموو دەورەکان دەگرێتە دەست و عەقڵیەتی بەپیاوبوون ئەو عەقڵیەتەیە کە شوێنی هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی لە دەورەکانی ئافرەتی کورد کەم کاتەوە، هەر لە خولگەی مانا ڕووکەشەکانی دەقەوە ئەو بەجوانی لە چیرۆکی پیاودا ناسنامەیەکی نەتەوەیی زۆر بەهێز بەرەو ڕووی زۆرداران و داگیرکەرانی کوردستان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو واتایە بخاتە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاکەیەوە، ئەو بەکارێکی هونەری و بەزمانێکی دووسەرە و بەدەیەها بنیاتی و ڕەگەزی بابەتی و هونەری هەموو ئەم مانایانەمان بۆ بەرهەمدێنێ، ئەو

بەتوانایەکی هونەری و زمانەوانییەوە کار بۆ خولقاندنی ئەفسانەی بنیاتەکان دەکات، هەر ئەم خاسیەتەش سیفەتی یەکەم نوێخوازی کامڵ بەئەزموونەکانی دەبەخشێت لە چیرۆکی کوردیدا.

## ٣-پەنجا فلس

(پەنجا فلس) سێیەم چیرۆکی سەرکەوتووی محەمەد مەولود مەمە کە ساڵی ١٩٥٧ نووسیویەتی، لە چەندین لای چیرۆکەکەدا، چیرۆکنووس ئاماژەی بەبنیاتنانی بناغەی چیرۆکنووسی دەدات هەروەك ئاخاوتنەکانی کەسایەتی چیرۆك لەگەڵ خۆیدا کاتێك دەڵێ، (بەلاّم من هەر ئەوهام کە زەمین و ئاسمان هەمووی لە پەنجا فلس پێکهاتووە، لەسەر پەنجا فلس کە بەهێزی پارە ڕاوەستاوە) یاخود لەجێگەیەکی دیکەدا دەڵێ (هەر ئەوەندەم لەلا ڕاست و ماقووڵ بوو کە بنکەی هەموو زانیارییەك هەر پارە بێ و پەنجا فلس و هەر خواردەمەنی.. هتد)...

پەنجا فلس هەروەکو دراوێك لە چیرۆکەکەدا هەموو خەون و خولیا و هەوڵ و گەشبینییەك و دنیابینییێکی لەسەر بنیات نراوە، کە لە نێوان دوو جیهانی کاتی و بەردەوامی، دنیایەك لە ئازار و خەم و پەژارە و گۆڕان لە یەکیان جودا دەکاتەوە، هەروەکو ئەو ساتەی کە هەردوو کەسایەتیی چیرۆکەکە دەینوێنن لە یەك ڕووداوی ساکارەوە کە بۆی نییە بەهیچ شێوەیەك ژیان و بیرکردنەوەی ئەو دوو کەسایەتییە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت، هەروەك ئەو سیمایانەی بەو دوو کەسایەتییە بەخشراون پێش دۆزینەوەی پەنجا فلسەکە، ئەو دوو کەسایەتییە لە تەنگ و چەڵەمە و پڕ لە بێهێزیی و نوشوستی و نائومێدیدا دەژین، ڕەش بین و سستن بەرامبەر بەژیان، کەچی پاش دۆزینەوەی پەنجا فلسەکە هەردووك برسێتی و ماندوێتییان لەبیر دەچێتەوە و ئەمەش وایان لێناکات بەتەواوی دەرك بەواقیعی تراژیدیای خۆیان بکەن، هەست بەگەشانەوە و بەهێزی گەشبینی دەکەن و هەست بەبوونی ژیانێك دەکەن کە ماوەیەکە لەبیریان نەماوە، لێرەدا هەردوو کەسایەتی برا، کە دوو قووتابین لە گوندێکی دوورن و لە هەولێر دەخوێنن و چاویان لەو یارمەتییەیە کە لەماڵەوە وەریان دەگرن، چیرۆکنووس بەشێوەیەکی هونەرییانە و بابەتیانەی زۆر پتەو لە پەنجا فلسێکەوە تیشك دەخاتە سەر واقیعێکی توندوتیژ و دڕندەی پڕ لە وەحشیەتی داگیرکردن و چەوساندنەوە و چیرۆك بەئاستێکی سەیری ئەم مانایانە دەبات بەبێ ئەوەی لەو گوتارەیدا پەنا بۆ ڕستە ڕاستەوخۆ و ڕووداوە ڕاستەوخۆ و باوەکان بەرێت، زەمین هەر لە پەنجا فلس دەکات، هەموو سیستەم و سیاسەت و هەموو خۆش و ناخۆش و گەشانەوە و کامەرانی و جەنگ و داگیرکردن و هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ پارە و دراو دەوریان تێدا دەبینن. چیرۆکنووس هەموو کەسایەتی و ڕووداو و هەموو خەون و بوونێك دەخاتە جوگرافیای



بازنەیی پەنجا فلسێکەوە، هەر لەو پەنجا فلسەوە، نەخشەیەك و دابەش بوونێکی زەمەنی و چالاکی مرۆڤ بەو پەنجا فلسەوە پەیوەست دەکات، پەنجا فلس هۆی برسێتی و خەون و ڕزگاربوون ئەوە ئەو وەهمە گەورەیەیە کە کەسایەتییەکان دەرکی پێدەکەن بەبێ ئەوەی سنووری خەونەکانیان لە بازنەی ئەو جوگرافیایەوە بەرەو هیچ جیهانێکی گەورەی واقیعی دیکە ببەن.

شێوازی چیرۆك و هاوبەشی لە بنیاتی سەرەکیی دەقدا لە یەك ڕووداوی سەرەکییەوە یەك دەگرێتەوە، ئەویش دروستکردنی دەقی یەك مەدلوولی فرە مانایە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نووسەر لە پێناوی یەك بنیاتی چیرۆکدا کاری نەکردووە، چیرۆکنووس ئەگەرچی لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیدا ژیاوە و ئەمەش گوشارێکی دەرەکیی سەپاندۆتە سەری، بەلاّم نەیهێشتووە ئەو جیهانە دەرەکییە خۆی بەسەر زمان و هونەری چیرۆکنووسیدا زاڵ بکات، هەر بۆیە گەر بێتوو لە هەرسێ چیرۆك وردبینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە هەستێکدا یەك شێواز و چەند بابەتێکی جیاوازی وروژاندووە. هەرسێ چیرۆك هەڵگری شێوازێکن کە مەدلولی ناوەندیان چەندین جیهانی بابەتیی یەك ئاراستە و جیاواز لەناوەڕۆك دەخەنە ڕوو، برسێتی و پیاو پارە یا پەنجا فلس، ئەو چەمکە ناوەندی و سەرەکییانەی چیرۆك کە هەر لەوانەوە چەندین مانای دیکە ڕاڤە دەبن، هەروەك مەسەلەی ترس و دوودڵی و باوکایەتی و تاڕادەیەکی ناڕاستەوخۆ بێهوودەیی ئەو بەهایانەی کە مرۆڤ هەمیشە بەچاوێکی نەگۆڕاوەوە سەیریان دەکات، ئەمەش چ لە زمان و چ لە شێوازی گێڕانەوەدا کاریگەریی خۆی هەیە، ئەو زمانی بەرەو زمانێکی هونەریی دوو سەرەی مانا بردووە، ئەو بەڕوونی مانای ڕووکەشی دەقەکانی بەرەو مانای دیکە دەبات و بەمەش لەپێناوی بنیاتی شاراوەی بزر و نائامادەدا کاری کردووە، کە گەورەترین سەرکەوتنیش هەر لەم بەکارخستنەی زمانەوەیەوە و ئێرە شوێنی لێکۆڵینەوەی وردی ئەم خاسیەتانە نییە، هەروەکو چۆن ئەو ناونیشان دەکاتە هێمایەك بۆ گۆڕانی بنیاتەکانی دەق، کە لە هەرسێ چیرۆکدا وشەی ناوەندی بناغەی هەموو گۆڕانکارییەکانی دەقن، چیرۆکنووس لەم سێ چیرۆکەدا هۆشیارییەکانی کەسایەتی و هاوبەشیان لەو تیایدا دەژین، سنوورێکی دیاریکراو جیهانبینییەکی زۆر لە قاوغ گیراو و لە چوارچێوە گیراودا وێنەکراون، ئەمەش لایەنێکە لە نوێخوازی چیرۆکنووس، لەو کاتەی خوێنەر دەکاتە لایەنێکی کاریگەری بەرهەم هێن لە مانادا و خوێندنەوەی ڕەخنەیی و هوشیاری ڕەخنەی لەلادا دروست دەکات، چیرۆکنووس بەهیچ شێوەیەك شێوازی ڕاستەوخۆی هاندان و لایەنگیری ناخاتە چیرۆکەوە، ئەو سیفەتەی زۆر چیرۆکنووس تاکو ئەمڕۆش لەبارە

قورسەکانی دەرنەچووە، هەروەکو چۆن لە بەکارخستنی تەکنیك و ڕستە ئیستاتیکییەکاندا، هەولێداوە بایەخێکی گەورەتر بەدەوری زمان ببەخشێت.

## ٤- عاجباتی هەشتەم ١٩٧٤

لە ترۆپکی پێگەیین و کامڵبوونی عەقڵی نوێخوازییدا، چیرۆکنووس ئەزموونێکی زۆر نوێ لە چیرۆکدا دێنێتە کایەوە، بەتێکهەڵکێش کردنێکی واقیع و ئەفسانە، بەو شێوەی کە واقعێکی سیحریی تایبەت لە سەرچاوەی فۆلکلۆر و ئەفسانەی کوردیدا دێنێتە کایەوە.

عاجباتیی هەشتەم لە بنەڕەتدا چەند کورتیلە چیرۆکێکی سەربەخۆن و هەولێداوە لە بنیاتێکی سەرەکی و ژێرەوەی دەقدا هەموو ماناکانیان یەك خاتەوە، شێوازی مونتاژ کردنی بابەتییانە و هونەرییانەی ئەم چیرۆکە بەو بەکارهێنانەی کە شێوەکانی گوتن دەخاتە یەك دەوری گێڕانەوە و بەرجەستەکردنی یەك جیهانی بابەتی کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دەسەلاتی هونەرییانەی چیرۆکنووس، کە بیری سەرەکی و بابەتییانەی ئەو کورتیلە چیرۆکانە لەو جیهاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە ئەمرۆی ژیانی مرۆڤدا ئەفسانە و خەیاڵ وەك هێما زیندوو دەبنەوە، لە گرفتارییەکی واقیعیانەدا دەبێتە ژیانی خودەکان، کە ڕوویەکی دیاری ئەو ئەفسانە و فانتازیا واقیعیە باری تراژیدی یا خولقاندنی تراژیدیایە و سەرکۆنە کردنێکی ناڕاستەوخۆی مات بوون ناکردەیی و دەستەپاچەیی مرۆڤە کەپاڵ بەسەر ئاستی عەقڵییدا دەگرێت، ئەم نوچ خواردنەی کەسایەتی ڕێگە بۆ ئارەزووی خۆپەرستی و هەستی نامرۆڤایەتی خۆش دەکات و ڕێگەکان تەنها ڕێگەی پاشەکشێی عەقڵێن کە لەنێو کۆمەڵە عەقڵێکی مەیبوو کاڵ فامدا شوێنی زاتیەتێکی خۆپەرستانە و ڕێکەوت پەرستانە بۆ خۆی دەکاتەوە، لە بنەڕەتەوە چیرۆکنووس لە شێوازێکی ناڕاستەوخۆدا نەفرەت لە جیهانی بەفیڕۆچووی هەستی و هوشیاری بەکۆ بوون دەکات، کە ڕێکەوتی فرت و فێڵ بەسەر خۆیدا دەسەپێنن و دەرك بەواقعی تراژیدیایی خۆیان ناکەن.

عاجباتی هەشتەم ئەو زەمەنە دژ بەیەکانەیە کە ئەفسانە و واقیع دەخاتە کێشەیەکەوە، کە ئەفسانە بەسەر واقیعدا زاڵ دەکات، چیرۆکنووس بەوردبینی و بەزمانێکی نوێوە کێشەی نێوان وەهم و واقیع بەرجەستە دەکات، هەموو ئەو کورتیلە



چیرۆکانەش خاوەنی یەك ناسنامەی بنیاتی شاراوەن کەلەیەك ئاستی تەکنیکی و زمانەوانی و هونەری خۆیان دەردەبڕن، هەموو وەك بنیاتی ڕووکەشی دەق کار بۆ بنیاتی شاراوەی دەق دەکەن، ئەم یەکێتییەی بنیاتەکانی دەقیش لە چەند کورتیلە چیرۆکێکی پەیوەستدار و هونەرییەوە شێوازێکی نوێ و خەسڵەتێکی نوێی چیرۆکی کوردییە. چیرۆکنووس بەهوشیارییەکی زمانەوانیی بەهێزەوە وێنەی ناهۆشیاری دەستە جەمعی دەکێشێ، هەر لە سەرەتاوە ئێمە هەست دەکەین لەگەڵ دوو ئاستی جیاواز لە کێشەی دەقدا مامەڵە دەکەین، لە لایەکەوە تاك لە کۆدا تواوەتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە کۆ هیچ تاکێکی بەرپەرچ دەرەوە و یاخی تێدا نابینرێ، ئێمە کۆمەڵێك تاك دەبینین کە تەنها گوێ دەگرن و کاریگەر دەبن و ملکەچ دەبن، هێڵە سەرەکییەکانی چیرۆك لە چەند لایەنێکەوە کار بۆ بنیاتی شاراوەی دەق دەکەن:

تاك -: ئەفسانە -: دەستەبالاّیی چەواشە.

واقیع

کۆ -: بەئەفسانە کراو-: نمایشی دەسەلاتی چەواشە.

ئەم چیرۆکە وەرچەرخانێکی بەرچاو دەردەبڕێت، کە چیرۆکنووس وەك ئەزموونێکی نوێ پەل بۆ جیهانی بابەتییانە و هونەرییانەی بەهێز و پتەو دەهاوێت، بەم چوار چیرۆکەوە محەمەد مەولود مەم بەسەرەتای یەکەم کامڵبوونی نوێخوازی دادەنرێ لە چیرۆکی کوریدا.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٤٠)، ساڵی (١٩٩٩)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە (پایزە خەون)دا

**د. ئازاد حەمە شەریف**

ئەگەر یەکێك بەوردی چیرۆکە زووەکانی (محەمەد مەولود مەم)ی چیرۆکنووس بخوێنێتەوە، هەر لە یەکەم کورتە چیرۆکی کە (برسیەتی بەهێزترە) تا دەگاتە دوا بەرهەمی بلاوکراوەی کە (پایزە خەون)ە بەروونی هەست بەوە دەکات کە چیرۆکنووس خاوەنی ڕوانینێکی کۆمەلایەتی بەهێزە و هۆشیاری کۆمەلایەتیشی لەهەر چیرۆکێك لەوانەی پێشوو لە ئاستێکی جیاوازدایە، بەلام لە (پایزە خەون)دا ئەم هۆشیارییە کۆمەلایەتییە سەرسەدان دەشکێنێ و لە ترۆپکی بێ ئاگایی پاڵەوانەکەیدا کە (ڕەشید جەردە)یە خۆدەبینێتەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ چیرۆکی (پایزە خەون) بخەینە ناو یەکێك لەو خانانەی کە چیرۆك بەسەریدا دابەش دەبن دەبینین ئەویان دەکەوێتە ناو خانەی (چیرۆکی کۆمەلایەتی) چونکە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم چیرۆکەدا ژیانی کۆمەلایەتی و کێشەی کۆمەلایەتی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆك کە (ڕەشید جەردە)یە لە ناو چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی و ئابووری و تەنانەت باری دەروونیشدا نەخشەی بۆ کێشراوە. هەر بۆیەش هەموو ئاوات و نیاز و خەیالات و نسکۆ و تێکشکان و مایەپووچی ئەم خەونە بریتییە لە هەولێکی بێ ئاگایانە بۆ داهێنانی ژیانێکی باشتر و خۆشتر... دوور لە کێشەی برسییەتی و نەبوونی... و سەدان کۆستی تر.

(ڕەشید جەردە) بەرەبەرە سەرەداوی کارەساتەکان دەکاتەوە، لە ناو ئەو گەشتەی گەڕانەوەیدا، لە جێگای کارکردنییەوە کە لە دەوروبەری هاوینەهەواری (سەلاحەدین) لە نزیك (گردی پیرمەم) بووە بەرەو گوندەکەی کە لە ناوچەی (شەقلاوە) بووە.

پاڵەوان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مرۆڤێکی کرێکارە و بەدەستی (حەمە چاوڕەش)ی سەرکار و لەوان سەرەوەتر کە مودیر بەگ نموونەی یەکێکیانە دەتلێتەوە و کەرامەت و مافی پێشێل دەکرێ و تەنانەت گاڵتە و مەزاقیشی پێ دەکرێت.



جا پاڵەوانی ئەم چیرۆکە وەك بەردەوامی دان بەگێڕانەوەی ئەلقەی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری هێواش هێواش ڕابردووی جەرگ تەزێنی خۆیمان بەشێوەی (فلاش باك) بۆ دەگێڕێتەوە، کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە دەستی ڕۆژگار ئەوی پەڕاگەندە کردووە و خێزانی لێ تەفر و توونا کردووە و باوکی کردۆتە یاخی دژ بەدوژمنی ولاتەکەیان.. ئینجا بەچاوی یادگار باوکی دەبینێت: (پیاوێکی سەرکەش و مل ڕەقیش بووە، تەنانەت لە میریشی نەخواردۆتەوە، پاش کشانەوەی لەشکری دوژمنیش، ئەو ماوەیەك هەر بەچیاکانەوە ماوەتەوە.. ڕاوی پەڕاگەندەی لەشکری دوژمنەکەی کردووە.)(پایزە خەون. ل ١٣-١٤). هەر لەبەر ئەوەشە ناوی جەردەی بەدوا کەوتووە. بەلام ئەم ناوەی پێ گران نەبووە چونکە هەروەك خۆی شیکردنەوەیەکی جوانی ئەو ناوە دەکات و دەڵێت: " ئەوەی ئەوسەردەمە، ئەوەی بەڕاستی جەردە نەبوایە، ئەوەی دز و.. درۆزن و پیاوکوژی ئاغا و حەلقە لە گوێی دەوڵەت و دەست ئەستوورەکانی نەبوایە، بەیاخی بوو.. بەجەردە حیساب دەکرا"(پایزە خەون، ل ١٤).

کەواتە هەر لەسەرتاوە پاڵەوان ئەوەمان بۆ دەدرکێنێت کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ولات و بەڕێوەبردنی لە ژێر دەسەلاتی هەرکەسێك دا بێت، ئەو کەسە بەپێی ڕوانینی خۆی بۆ شت چمکی دیاردەکان دەگۆڕێت، بەجۆرێکی وا کە لە بەرژەوەندی خۆی دابێت.. جا بەچاوی کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوسەردەمە کوڕی چاك ئەو کەسە بوو کە ئەڵقە لە گوێی ئاغا بێ و پیاوکوژ و دز و درۆزن بێت. بەلام ئەو مرۆڤەی پاك و دڵسۆز و ئازا و سەرکەش و خاوەنی بیروباوەڕی خۆی بێت، ئەوە بە یاخی بوو.. بەجەردە حسێب دەکرا. ئەم دیاردەیەی کە لە (پایزەخەون)دا باس کراوە، دیاردەیەکی لە سەداسەد تەواوە لە هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا لە قۆناعەکانی گۆڕانی کۆمەڵ دەکەونە بەرچاو.

لەناو خەونە ڕیالیزمانەکەی مێشکی بێ ئاگای پاڵەواندا، بەرەبەرە بەلام بەشێوەیەکی زۆر سەیر و ڕاستگۆیانە مەسەلەی چەوساندنەوەی چینایەتی و گرینگی نەدان بەمرۆڤ دەردەخات هەرکە ڕۆژانەی کرێکارەکان لەگەڵ هی کەر و ئێستران بەراورد پێ دەکات:

(- ڕۆژانەی خۆی و ڕۆژانەی عەلە.. هی تۆما و سلێوەش وەك ڕۆژانەی هەموو کرێکارەکان تەنها (دە) عانە بوو.)

- بەلام هێستر و بارگیر.. هەریەکەیان ڕۆژێ دوو ڕوپیەی بۆ دەنووسرا.

- گوێدرێژیش.. تەنیا تاقە ڕوپیەیەك ڕۆژانەی بوو...

- هەر ئێستر.. یان بارگیرێك، بارتەقای سێ بەنیی ئادەم بوو!!! دوو کەریش.. بەسێ کرێکاری خواپەرست خورد دەکرانەوە.)(پایزەخەون. ل، ١٦)

بەڕامانێکی کورت و سەرپێیی مرۆڤ ئەوە لە (ڕەشید جەردە) بەدی دەکات کە هەرچەندە لە دڵەوەڕا مرۆڤێکی خواپەرست و خواناس بووە، بەڵام هەرگیز ئەوە وای لێ نەکردووە کە کوێرانە بەدوای ئەو کەسانە بکەوێت کە ئایینیان کردۆتە داردەستێك بۆ بەدەستهێنانی مەرامی تایبەتی خۆیان. جا لە ئەنجامدا، بەشێوەیەکی لابەلایی، توندوتیژترین ڕەخنە بەشێوەی پرسیارێکی ڕەوانبێژییانە ئاراستەی مەلای ئەو گوندە دەکات کە بۆتە چەلاوخۆری ئاغا و پاکی مزگەوتی بەپارووی چەوری ماڵی ئاغا گۆڕیوەتەوە و نوێژی بەجەماعەتی شەوی هەینی لە مزگەوتەوە گوازتۆتەوە ماڵی ئاغا:

- چۆن نوێژی شێوان لە ماڵی ئاغا... دەکرێ؟

- دیارە نەیزانیوە ئیمشەو هەینییە.

- چۆن شەوی هەینییان ماڵی ئاغا دەبێتە مزگەوت؟)(پایزەخەون ل، ٢٠).

جا هەروەك کاردانەوەیەك و لە ڕك ڕاچوونێك بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی مەلای ئاغاپەرست بەبێ نوێژکردن مزگەوت جێ دەهێڵێت و جارێکی تر دەکەوێتەوە ڕێ.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە وەکو میکانیزمی ڕاکردن لەدەست ئەو ڕۆژگارە تاڵە مرۆڤ ڕەتێنانەی کە پێیەوە دەتلێتەوە پەنا دەباتە بەر ڕۆژانی ڕابردوو... ڕۆژانی گەنجێتی خۆی و ئایشۆکی ئامۆزای... ڕۆژانی پاش کشانەوەی لەشکری دوژمن... ڕۆژانی دۆزینەوەی باوکی... ڕۆژانی چوون بەرەو کوێستان و بەزمی دڵداری جووتە یاران و چوونە قەلەندۆر و ڕێواس و ترشۆکە و گیاوگوڵی بەهار... ڕۆژانی سەیران و دەسبازی و چاوبازی و ڕاونانی یەکتر و گەوز گەوزانێ...

ئەو ڕۆژانەی ڕابردوو لەلای جەردە بە (ڕۆژانی تەمەن... بەهاری تەمەن) باس دەکرێن، بەڕۆژانێك دادەنرێن کە مرۆڤ خاوەنی ئەڤانی و ئازادی و ژیان و چارەنووسی خۆی بووە. بەڵام ئیمڕۆی پاڵەوان ڕۆژێکە کە مرۆڤی تێدا پەل بەست کراوە و ناتوانێ بەئازادی و هەوەستی دڵی خۆی هەرکوێی بوێت هەڵی بژێرێت و هەرچی بیەوێت بیکات چونکە پابەندە بەدام و دەزگا و دەسەڵاتدارانی سەرووی خۆی. ئیمڕۆی پاڵەوان ڕۆژێکە کە (دەرگای ماڵ... لە ماڵخۆ... لۆك و زنجیرکراوە،) (خەتی لەعنەت) و (دەستکردی شەیتان)(پایزەخەون. ل ٢٨) ژیانی بەهەشتی ڕابردووی لێ کردۆتە دۆزەخ. جا هەروەك بینیمان پاڵەوان، لەدەست ئەم ڕۆژگارە تەنگە ڕادەکات... ئەم جارە لە جیاتی ڕاکردن بەرەو ڕابردووی خۆش... هەڵدێت بەرەو دنیای خەون



بینین بۆ پڕکردنەوەی جێگای خەم و ناسۆری ژیانی. جا هەر لە ئەنجامی ئەو خەون بینینەیدا ئەوەی لەلا ڕوون دەبێتەوە کە نەك تەنها خەونەکەی شتێکی هیچ و پووچ و بێ مانایە، بەڵکو ئەگەر خەونێکی درۆزنی وەك هی (گیسکەبۆر) ببینێت، ئەوا هەر لە پیاوانی ئایینییەوە گاڵتەی پێ دەکەن و سیمفۆنیای ڕووخێنەری (هەجەردە جەردە جەردە، سەنگی گونانی چەندە)ی بۆ دەڵێن تا دەگاتە قۆمیسەر و پیاو و ژن و پیر و گەنج و منداڵ و قەشە و ڕەبەن و موریدەکانیش جاڕی ورەڕووخێنی بۆ دەدەن.

لەگەڵ خەون بینییەکەی (ڕەشید جەردە) و دەرکەوتنی (گێسکە بۆر) چیرۆکەکە ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت و کێشەی جەردە بەرەو لووتکەیەکی دی دەچێت کە ئەویش مەسەلەی زۆرانبازییە لەگەڵ هەرسێ هەرەمەکانی ناو چیرۆکەکە (وەك لەمەودوا لێیان دەدوێم.).

(گیسکە بۆر) گیسکێکی ئاسایی نییە بەڵکو هێمایە بۆ دەستکەوتی ئاسان و گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی ساتەوەختی تاکە کەسێك لەناو ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەستووندەکانی لەسەر ئەو سێ هەرەمە (کە هەرەمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارین) هەڵنراوە.

لەناو ئەو خەونەدا گەلێ لایەنی گرینگ نەك تەنیا لە ژیانی (ڕەشید جەردە) شی دەکرێتەوە، بەڵکو بگرە سەرتاپای ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمە لە دیمەنی گەیشتنە ناو گوند ڕوون دەبێتەوە و ئەو سێ هەرەمە دەردەکەون کە سەنگەکانیان بارتەقای سەنگی سەرشانی ئەو خەڵکەیە کە لە ژێریا دەناڵێنن بەڵام بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی بەرجەستە هەستیان پێبکەن. ئا لەم دیمەنەدا فەنتازیا ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەر دەگێڕێت لە ڕووبەڕووکردنەوەی هەرەمەکان و خەڵکی ڕەش و ڕووت، کە ئەمەش کەش و هەوای ڕیالیزمی سیحری بەچیرۆکەکە دەبەخشێ.

هەرەمی یەکەمیان کە هەرەمی ئایینی کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی هێمایی لەسەر شێوەی درەختێك هەڵنراوە کە پیاوە ئایینییەکانیش بەشێوەی باڵندە خۆیان دەنوێنن، بەپێی ئاستی کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی ئایینییان بەسەر درەختەکەوە لەبنەوەڕا تا سەرەوە ڕیز بووینە. لەسەر تەوقەسەری درەختەکە کە (وەك ئەژدیهایێکی هەزار دەست هەڵچوو بوو!)(شێخ مەلا عبدالقدوس)ی موفتی لەسەر شێوەی (حاجی لەقلەقێك) هەڵنیشتووە... دوای ئەو خەلیفە سەرسۆر و لەسەر لقەکانی خوارەوەتریش دەروێش و سۆفی و حاجی و فەقێ و... ڕەش و ڕووتی گوندەکەی هەڵنیشتبوون، لە زیکر و تەهلیلەی گەرم دابوون و هەریەکەشیان چاوی لەوەی لە خۆ سەرەوەتری دەکرد و قسە و زیکری لەوەی سەرەوەتری وەردەگرتەوە... ئینجا لەپڕ ئەو هەرەمە ئایینییەی کە پێویستە ببێتە هۆی ڕزگاربوونی

جەردەی بەسەزمان لەژێر قورسایی (گیسکە بۆر)ی لەعنەتی دەبینین یەکەمجار شێخ مەلا عبدالقدوس و دواییش ئەوانی تر بەشێوەی (کۆڕاڵ) سیمفۆنیا ورەڕووخێنەکەی (هە جەردە... جەردە...، سەنگی گونانی چەندە) دەڵێنەوە.

هەڕەمی دووەمیان هەڕەمی ڕامیاری و دەسەلاّتە. ئەم هەڕەمە لە پەیوەندی دوو قوڵی نێوان ڕامیاری و کارگێڕی پێکهاتووە کە (پۆلیس و شەبانەکان... باڵیان تێك هەڵکێشابوو، بەدووریز... لەسەر ملی یەکتر کۆببوونەوە و وەستابوون... قووچەکێکی خڕی بڵندیان دروست کردبوو... مودیر بەگ و قۆمیسێر لە سەرەوەی قووچەکەکە وەستابوون، لەسەر یەك لاق... سەمایان دەکرد.)(پایزەخەون. ل ٥٠).

ئەم قووچەکە بەهێزی قەمچی و زەبر و زەنگ ولاّت بەڕێوە دەبات و پارێزگاری لە خۆیان و هەڕەمەکەیان دەکەن... ئەمەش هەڕەمی ڕامیاری و دەسەلاّت دەنوێنێت لەسەردەمی عوسمانلی و ئینگلیزە داگیرکەرەکان لە عێراق و کوردستان دا، نووسەریش لە لاپەرە حەوتی (پایزە خەون)دا ئەمەی دەستنیشان کردووە.

هەڕەمی سێیەمین بریتییە لە هەڕەمی کڵێسایی، کە ئەمەشیان هەر هەڕەمێکی ئایینییە و لە دێرە دێرینەکەی مام قەشە (ئیستیفان)دا بەرجەستە بووە. لە دوای مام قەشە ئیستیفان (خەڵکێکی زۆریش لە پشت خانووەکانی گوندەوە هەتا بەردەرگایەکە... ڕێز بەڕێز وەستا بوون، لە ڕێزی پێشەوە... شەماشە دنحە و... شەماشەکانی دیکە بەجلکی (کەهنووتی) و لەدوای ئەمانەشەوە ڕەبەنی ژن و پیاو... جوانەکیژ... پیرەژن... منداڵ... هەرزەکار... پیر و پەککەوتە... لاو... شەل و کوێر... سەقەت... گردەکەیان داپۆشیبوو... دەتگووت ڕۆژی حەشرە)(پایزەخەون. ل، ٥٠-٥١) ئینجا (لەریزەکانی دواوە... تۆما و سلێوای هاوڕێی ناسینەوە.) کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە سەردەمی ئینگلیزە داگیرکەرەکاندا نەك هەر مرۆڤە موسوڵمانەکان دەچەوسێنرانەوە، بەڵکو بگرە برا مەسیحییەکانیشمان بەهەمان شێوە کەوتبوونە بن سەنگ و قورسایی ئەو هەڕەمانەی کە باری ژیانیانی تەنگ و ئاڵۆز دەکرد.

ئەوەی لێرەدا سەر سوڕدەهێنێت ئەوەیە کە (محەمەد مەولود مەم)ی چیرۆکنووس لە چارەسەریکردنی کێشەی جەردە و گیسکەبۆر پەنا دەباتە بەر هێزێکی تری ئەفسانەیی بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەو کێشە و گیروگرفتە کە ئەویش مەسەلەی (خدری زیندە)یە. ڕەنگە هۆی ئەوە لەبەر ئەمەبێت کە مامۆستا مەم زۆر بەچارەسەییەکانی (کافکا)ی ڕۆماننووس گیرۆدە بووبێت. چونکە زۆرجار کە وەك هاوڕێ پێکەوە باسی کافکامان دەکرد و مامۆستا مەم



لە دڵەوە وای پیشان دەدا کە (کافکا) نووسەرێکی زۆر بلیمەتە. ڕەنگە هەر ئەوەش بێ وای لێی کردبێت کە چارەسەری و کۆتاییەکی ئەفسانەیی بۆ کێشەیەکی ئەفسانەیی دابنێت.

جا لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئارەزوو و خواستی پاڵەوان و تینی زۆرانبازی کۆمەلاّیەتیدا بەشێویەکی هیمایی ئەوە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکرێت کە گۆڕانی باری کۆمەلاّیەتی تاکێك لە ناو چینێکدا یان چینێك لە ناو چینەکانی تری کۆمەڵدا بەهەلاّتن و خەون بینین نابێت، بەڵکو بەگۆڕانێکی هەمەلایی ژێرخان و سەرخانی ئەو هەڕەمانەوە بەندە. هەربۆیەش دەبینین کە سەرەنجامی (ڕەشید جەردە)ی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بەهیچ ناگات و هەموو ئاوات و خواست و ئارەزووی لە (خەونێکی پایزە) پتر دەرناچێت. جا بەبێ لادانی ئەو هۆیانەی بوونەتە بەربەست لە ڕێگەی گەیشتن بەهیوا و ئاواتەکانی، باوەڕناکەم ئەگەر پاڵەوان هیچ شتێکی دەستگیر بکردابایە، محەمەد مەولود مەم ناوی لەو چیرۆکە نابوایە (پایزەخەون). بەلاّم چونکە پاڵەوانەکە مرۆڤێکە هۆشیاری کۆمەلاّیەتی تەواو کامڵ نییە و بەزۆری لە ناو دنیای بێ ئاگاییدا گوزارە لە خۆی دەکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر خەون بۆ گۆڕینی باری ناهەمواری ژیانی... ئەویش بەخەونێکی مایەپووچ.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە وەکو پاڵەوانی چیرۆکی (مرواری) جۆن شتاینباك دەیەوێت بەگۆڕینێکی تاکڕەوی تەرازووی لەنگی ژیان بێنێتەوە جێی خۆی، بەلاّم سەرەنجام هەردووکیان دەست بەتاڵ دەمێننەوە.

ئەم چیرۆکەی مامۆستا مەم دەشێ بکرێتە بەڵگەنامەیەك بۆ باری ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمەی کە کوردستان لە ژێر چەپۆکی عوسمانلی و ئینگلیزە داگیرکەرەکان دەیان نالاّند، هەروەها دەشێ بکرێتە بەڵگەنامەیەك بۆ ژیانی تەنگ و دژواری کرێکارانی ئەو ڕۆژگارە. هەرچەندە چیرۆکەکە لە قاوغێکی (ئەفسانەیی)دا داڕێژراوە، بەلاّم خامە ڕەنگینی و وەستایی (مەم)ی نەمر مۆرك و بەرگێکی واقیعی بەم چیرۆکە بەخشیوە و وای لێ کردووە ببێتە ئاوێنەی کات و سەردەمی خۆی.

## سەرچاوەکان

١- محەمــەد مــەولود مــەم، چـیرۆکەکانی مــەم، بــەرگی یەکــەم، (بەغـدا: چـاپخانەی ئەسعەد، ١٩٧٠).

٢- محەمــەد مــەولود مــەم، چـیرۆکەکانی مــەم، بــەرگی دووەم، (هــەولێر: چـاپخانەی رۆشنبیری، ١٩٨٤).

٣- محەمەد مەولود مەم، پایزەخەون، (بەغدا: دار الحریة للطباعة. ١٩٨٧).

---

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەی لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١٦٠) ت١ی، ١٩٨٩، بلاْوکراوەتەوە.**

# پایزە خەونێك لە بناری چیای (سەفین)دا

**ئازاد حەمەئەمین یونس (پاریزەر)**

## (تەوزیف کردنی خەون لە ئەدەبی کوردیدا)

دیاردەی خەون بینین وەکو کردارێکی بایۆلۆژی تایبەت بەمرۆڤ زۆر جەمسەری هەیە و زۆری لێ کۆڵراوەتەوە، چ لە ڕوانگەی ئایینی وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (اني اراني احمل فوق رأسي خبزا يأكل الطير منه.. سورەتی یوسف)، چ لە ڕوانگەی فەلسەفەی دەروون ناسییەوە کە چەندان قوتابخانەی هەیە و زۆر پەلوپۆی لێ بۆتەوە "هەر لە فرۆیدەوە بگرە تا دەگاتە پاڤلۆف.." ئەمڕۆ لە ئەدەبی هاوچەرخدا (خەون) بۆتە پێداویستییەکی مرۆڤی سەردەم و ئەوە پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان نووسەر و بابەتەکەدا ڕێکخستووە. خەون هەروەکو چۆن بۆتە هەوێن و پەینی زۆر ماددەی شیعری بەهەمان شێوازیش باڵندەی خەون لە جیهانی بەرینی چیرۆکدا لە شەققەی باڵ دەدا و لە مەنزڵگەی خەیاڵ و کەڵکەڵەی چیرۆکنووس وەکو ئەوەی دەستەمۆ دەنیشێتەوە.

نووسەران و شاعیرانی کوردیش وەکو ڕەمز پەنایان وەبەر خەون بردووە و دنیا جوان و دڵڕفێنەکەی ئەدەبیان خۆشتر و دەوڵەمەندتر کردووە و خەون بۆتە پەساپۆرتی پەڕینەوەی ڕاز و نیازیان بۆ ئەو مەبەستە، بەکەڵك وەرگرتن لە حیکایەت و سەفەرنامە و سەرگوزشتەی کوردەواریمان، پەرەیان بەکلتوور و فۆلکلۆری کوردەواری داوە و زەنگی ئەدەبیاتی لە گوێی ئێمەدا خۆشتر کردووە.

خەون مەودایەکی باشی داوەتە بنووسی کورد تا بە ئارەزووی خۆی هەندێك کاری خەیاڵ و ئەفسانەی دوور لە واقیعەوە بئاخنێتە نێو بابەتەکەیەوە کە لەوانەیە کاری ناسروشتی بن و نووسەر نەتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی و واقیعی ئەنجامیان بدات بەدەستەوە.



چیرۆکنووسی کورد بەمەبەستی ئاوێتە بوون لەگەڵ فۆلکلۆر و ئەفسانە و بەباڵی خەون و بەچاوی تیژ و خەیاڵ ئامێزەوە بەرەو ساتە پڕ تەون و ئاڵۆزەکانی سەردەم دەفڕێ و یادگار و حەزە ترش و شیرینەکانی وەکو لاولاوی قەد سپینداری شاتان بەیەکەوە دەئاڵێنێ.

بەڕاشکاوییەوە دەڵێم خەون بۆتە دیاردە و سیمایەك کە ئەدەبی کوردی پێ دەناسرێ و شەقڵ و مۆرکێکی تایبەتمەندی داوەتە دنیای سەرامەدی چیرۆك.

ڕەنگ بێ ئەوەش لەلایەك لەبەر هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندی ژیانی فۆلکلۆریمان و جیهانی پڕبەیت و باڵۆرە و ناڵەی دەروێشانە و مرازی سووتاوانی ئەشقی داستانەکانمان و نەعرەتەی سوارچاکان و چریکەی حەیران و لاوك و مۆسیقای سروشتی ئەفسووناوی کوردەواریمان بێ. لەلایەکی دیکەشەوە لەوانەبێ بەهۆی دەستی کارامەی سەردەستەی ئەو کاروانە ڕێسا و بنچینەیەك بۆ چیرۆکی هونەری کوردی دروست بووبێ.

بەهەرحاڵ ئەوە باسێکی دیکەیە و بەڵام دەبێ ئەوەتان بخەمەوە یاد، کە یەکەم چیرۆکی کوردی کە بنەمای هونەری چیرۆکی بدرێتێ (لە خەوما)کەی جەمیل صائبە، لەو وەختەوە هەتا هەنوکە بەدەیان چیرۆکی کوردی بەناونیشانی (خەون) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، هەر بۆ نموونە با چاوێك بە ژمارەی تایبەت بە چیرۆکی گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٨دا بگێڕین، دەبینین ئەم ناونیشانانە دەخوێنینەوە.

١- خەونی شەوێك/ ئیسماعیل ڕەسول/ ل ٤-٨ یەکەم چیرۆکی ژمارە.
٢- خەون و خۆزی/ محەمەد سەلیم سواری/ ل٣٠-٣١.
٣- خەوزڕان/ حسام حەکیم/ ل ١٠٦.

جگە لە پاییزە خەون تا ئێستا وەکو کۆمەڵە چیرۆك ئەم کتێبانەش چاپکراون:

١- لە خەوما- جەمیل صائب/ ١٩٧٥.
٢- لە خەونەکانی نامۆیەك/ حەسەن جاف/ ١٩٨٦.
٣- خەونە سەوزەکان/ سابیر ڕەشید/ ١٩٨٨.
٤- خەونە و خەون نییە/ حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی، کە لەوانەیە شتی تریش هەبێ من نەیزانم، دیسانەوە هەر (مەم) لە بەرگی دووەمی چیرۆکەکانیدا ئەم ڕستەیەی بەداوێنی،

ناونیشانی چیرۆکەکانی (١-عاجباتی هەشتەم، ٢-ئەو گورگەی یوسفی خوارد، ٣-دۆزینەوە)دا نووسیوە: (بەشێکە لە زنجیرە خەونەکانم).

بەڕای من ئەو مەسەلەیە جێی سەرنجە و وروژاندنی ئەو مەسەلەیەش لێکۆڵینەوەی دیکە بەخۆوە هەڵدەگرێ.

ئەگەر لە ناوەڕۆکی خەونەکەی هەردوو چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل صائب و (پایزە خەون)ی مەم بکۆڵینەوە، بەمەرجێ ئەو ماوە مێژوویییە درێژەش لەبیر نەکەین کە لەنێوان هەردوو چیرۆکەکەدا هەیە، نەك بەمەبەستی بەراوردکردن، بەڵکو بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و دەرخستنی (پایزە خەون) دەبینین، خەونەکەی (لە خەوما) ڕووداو و کارەساتەکانی لەوە زیاترن کە مرۆڤ بتوانێ لە خەونی شەوێکدا بیانبینێ، زیاتر پاڵەوانەکان بە کۆمەڵ دەور دەبینن بەلاّم هەرچی خەوەکەی (پایزە خەون)، مەودای خەوەکە کەمترە و خەوێکی ڕاستەقینەی مرۆڤێك نزیك دەبێتەوە.

لە هەردووکیاندا، وەرزی پاییزە و دار و دەوەن زەردە (وەختیش ئاخر و ئۆخری پاییزە).. سارد و سەرمایە. (لە خەوما/ ل ٢٥) هەردوو چیرۆك لە کاتێکدا دەگەنە ترۆپکی ئەنجام، کە پاڵەوان خەریکە بەرامبەر ئەو بارە ناهەموار و ستەمە هەرەس دێنێ و دەرەقەتی ئەو دۆخە شڵەژاوە نایە و هێزی بەرەوڕووبوونەوەی، بەهۆی قورسی و سەختی هەڵوێستەکە، کەم دەبێتەوە (یەکێك نیشتە سەر قاچم، یەکێکی تر بەسەر شانەوە، جوولەم بۆ نەکرا... چونکە سوارم بووبوون... لە خەوما/ ل ٧٣) لە (پایزە خەون)یشدا گیسکەبۆر، بەهۆی قورسی تەنگ بە جەردە هەڵدەچنێ چونکە (گرانایی کەلەشی گیسکەبۆریش... نەفەسی تەنگتر کردبوو و بەهەنگاوی گران و لەنگ.. بنارو بنار.. بۆ لای گردی دێرە لەشی دەگوازتەوە و دەچوە پێش/ ل ٤٩) پاڵەوان لە چیرۆکی (لە خەوما) ناچارە بسڵەمێتەوە و بەناو هاوار بۆ هێزی دەرەکی دەبات لەو هەڵوێستە دەربازی بکات (انا للە.. تەسلیمی قضا و قدر بووم.. ل ٧٣) جەردەش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە دەبێتەوە (هۆ خدری زیندە.. لەبەرخۆیەوە هەر دەیگوت و دەیجوویەوە:

لا.. حەولە.. وەلا قوەتە.. ل ٥٣ پایزە خەون) بەلاّم لە پایزە خەون پاڵەوان (لەگەڵ ئەو هاوار و چریکەیە، لە خەو ڕاچلەکی.. ل ٥٣ پایزە خەون) کەچی خەوەکەی جەمیل صائب تەواو نابێ هەرچەندە ئەنجام دەدا بە دەستەوە.



**(پاڵەوان و شوێن لە پاییزە خەوندا)**

مرۆڤ لە ژیانێکی پڕ نەهامەتی و چەرمەسەری کە پابەندی هەموو مەسەلە دژوارەکانی ڕۆژانی خۆی بووە لە ڕۆژگارێکدا کە ئینسانی تێدا هەرزان بووە، (جەردە) لەو ڕۆژگارەدا بۆ قووت دانی پاروە نانێك و گوزەرانی ژیانی پڕ چەرمەسەری خۆی بۆتە کرێکار و خەون بەهاتنی ژمێریارەوە دەبینێ، هەر بەو خەیاڵەوە کەوتوّتە بەر ڕەحمەتی قسە زۆر و بۆرەکانی (حەمەی چاوڕەش) ئەو سەرکارەی کە درۆو ڕاستەی بە ئاسانی لە گوتەکانیدا نادۆزرنەوە، کە نموونەی مرۆڤێکی هەلپەرست و خۆبەرەپێشی ئەو ڕۆژگارە سەختەیە. بەیانی هەینییە و ڕۆژی دووشەممە جەژنە و جەردە بەتەمایە ژمێریار بێ و مانگانەکەی بدات، هەر هیچ نەبێ بە ئەرکی جەژن ڕابگات و تۆزێ لە بژێوی ماڵ و منداڵی بگۆڕێ و چیتر لە برسان سکیان نەگوشن.

(ژمێریار لە شارەکەوە دێ و مانگانەکە وەردەگرن: پایزە خەون ل ٨).

(درۆ لەلای حەمە چاوەش ئاو خواردنەوەیە.. ل ٩) بەلاّم هیوا بڕاو دەبێ و (ڕۆژ خوێنی لە ڕۆژئاوا ڕژابوو) و بەناچاری (بەبێ ئەوەی سەرکارەکەی بدوێنێ، یان وەلاّمێکی بداتەوە، کەلەشی جولاندەوە ملی بەڕێگاوە نا، ل ٩).

جەردە ملی ڕێگا دەگرێ لە گوندی (گردەچاڵ)یش دەچێتە مزگەوت و هیچ خواردنێکی وەچنگ ناکەوێ و هەر بەبرسێتییەوە بەو وەزعە پەشێو و ئاڵۆزە بەرەو خەونە سەوز و سوورەکانی پەلکێش دەکرێ، لەناکاو چیرۆك لە ڕێی (پاڵەوان) وەکو چۆن قاچ بەر تاشە بەردێك بکەوێ و ساتمە بکات، تەونی گرێی چیرۆکەکە دەکاتەوە:

(لە خوارەوەی بەردی کۆنتی تێدەپەڕی کە لەپڕ گوێی لە دەنگێك بوو ل ٣٠) ئەویش گیسکەبۆر بوو باعە باعی بوو لەپشت ئەو بەردەوە خۆی مەلاّس دابوو، جەردە بیری پەرت و بلاّو بوو، دەبێ ئەو گیسکەبۆرە بەو شەوە و بەتەنها لێرە چی بکات، با بزانم زیاتر بچمە پێشەوە مەسەلە چییە، بەلاّم بەداخەوە گیسەبۆر بۆی دەرچوو-ل ٣٥) پاشانیش (گیسکەبۆر بووە پاروەنانێك و کەوتە گەرووی ئەو شەوە-ل ٣٦).

جەردە پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە و وەختێك تا بینە قاقا لە خەم و ناسۆرەکانی خۆیدا نقوم بووە و لەناو بیری خەیاڵەکانی خۆیدا دەژی و ژیانی پڕ ئازار و دژوارە و یادگاری زەمانی خۆشی

و هەرزەکاری خۆی دێتەوە یاد.. جەردە بەرۆکی گیسکەبۆری بەرنادا و کۆڵ نادا و بەدوایەوە تا دەیگرێ بەپشتێنی هەر چوار پەلی شەتەك دەدا و، حەواڵەی سەرشان و قوڵی خۆی دەکات، بەتەمایە نزیکترین کۆڵان هەڵبژێری تا بەزووترین کات بگاتەوە لای ماڵ و منداڵی لە گەڕەکی زێوەر، بەلاَم لەنگەری پاڵەوانەکە تێکدەچێ و بەتایبەتیش کاتێ دەبینێ ئەو فەقێ و مەلایانە وەکو تەیری بێ باڵ بەسەر دار چناری مزگەوتی گەورەی گەڕەکی گوندی شەقلاَوە، لە دامێنی گردەکانی چیای سەفین، هەڵنیشتوون و هەر ئەمەشە وای لێدەکات، خۆی لەبەر ئەو هەموو گۆڕین و قوتبوونەوە سەیرەی دەوروبەری پێ ڕانەگیرێ هاوار دەباتە بەر خدری زیندە و لەگەڵ ئەو کەینە و بەینەدا لە خەو ڕاپەڕێ و بەئاگا دێتەوە و حاڵەتێکی تازە دێتە ئاراوە، کە باری بێ ئاگایی لە چیرۆکەکەدا تێکەڵ دەبن. (جەردە) مرۆڤێك نییە دابڕاوبێ لەدەوروبەر، شەخسیەتێك نییە وەکو داشی دامە بجولێتەوە و، بەپێی میزاجی چیرۆك نووس هەنگاو هەڵێنێ، بگرە دۆخی پڕ ئەستەم و مەنەلۆژی ناوەوە، پێمان دەسەلمێنێ کە دەبێ بەو جۆرە بێ بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکات، جەردە نموونەی مرۆڤێکە نەك هەر لێیەوە دەروبەر شارەزا دەبین و دۆڵ و چیا پلەبەپلە لەبەر دەمان قووچ دەبێتەوە، بەڵکو لەمەوە جیاوازی چینایەتی باری ئابووری سەردەم و ژیانی خۆی و باب و باپیریشی بەئاسانی بەدەردەکەون، چیرۆك نووس، تەونی ڕووداوەکە لە هەڵقەیەکەوە بەشێوەیەکی هونەرکارانە بۆ هەڵقەیەکی پچڕپووی تر دەگوازێتەوە و زۆر بەڕاشکاوی دەرك بەتوانای پاڵەوانەکە لە گواستنەوەی ڕووداو و کارەساتەکاندا دەکەین.

پاڵەوان زۆر واقیعانە بیر دەکاتەوە و لە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژی مرۆڤایەتی و نەتەوە خوازی کرۆکی ئەو وەزعە شلۆقەی گیری بەدەستەوە خواردووە شی دەکاتەوە و بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیانە (سخریە) هەڵسوکەوت و پێناسی دەست ڕۆیشتوانی ئەو وەختەمان دەخاتەدەست.

(ئاغای گوندەکە دوو ئێستر و کوڕەکانیش هەریەك بەبارگیرێك نووسراون:

- عەلە ئێختەش بەیەك کەر: وە لەخۆی پرسیەوە:

- ئەرێ ژمێریار و حەمە چاوەش و سەرۆکەکانی دیکە کە لە شارن، دەبێ ئەمانە، ئەم گەورانە حیسابی چەند کەر و ئێستر و بارگیریان بۆ کرابێ؟



وەلەبەر خۆیەوە دەی گوت:

- کێ بەرۆژانەی کرێکاری ئینسان ڕازی دەبێ؟ ل ١٨).

بێگومان لە هاتنەکایەی چیرۆکێکی بەلەزەت و ناوان و هەڵبژاردنی ئەو ڕووداو پاڵەوانانەی لەو چیرۆکەدا ڕۆڵ دەبینن، هەردەم بۆ کارامەیی و لێزانی چیرۆك نووس دەگرێتەوە و هەر لێرەشەوەیە زۆر جار زاتیەتی چیرۆکنووس تێکەڵ بە چیرۆکی (پیاو. و.. لە شەقامی گەورە) دەیگوت (زۆرم خۆش دەوێن، بۆ خۆم خۆشم دەوێن: ئەمانە زەنگی ئازارەکانی سەردەمی منالێم و هەرزەکاریم دەدەنەوە... چیرۆکەکانی مەم بەرگی دووەم).

مەم هەر لەو ڕوانگەیەوە هەولێ داوە زۆربەی بەسەرهات و کارەساتەکانی ژیانی و یادگارەکانی بگێڕێتەوە، لە پاییزە خەوندا مەم دەیەوێ، یادگارەکانی لە شەقلاَوە ئەو زۆزانە پڕ چەم و مێرگ و باخانەی کە شوێنی چاوکردنەوەی ئەو بۆ ژیان و لانەی سەردەمی منالێ و هەرزەکاری بووە، تۆمار بکاتەوە، هەر بۆیەشە دەبینین کامیرای خەون و خەیاڵەکانی مەم وەکو فلیمی سینەما، بوونێکی زەق و ئاشکرای داوەتە ڕەگەزی (شوێن) لەو داستانەدا.

(پایزە خەون ) ڕۆمانی (القمر والاسوار)ی ڕۆماننوسی عیراقی (عبدالرحمن مجید الربیعی)م دەخاتەوە یاد، لەم ڕۆمانەدا، نەخشەیەکی تەواوی شاری ناسریە، لە کۆتایی چلەکاندا کێشراوە، کە دواییەکەی بووە فلیمی سینەما و لە میهرەجانی دیمەشقی سینەمایی لە ١٩٧٨ دا خەلاَتی (شیری زێر - السیف الذهبي) پێ درا.

(عبدالرحمن مجید الربیعی) لەسەر ئەو ڕۆمانە دەڵێ (ویستم ئەو ڕۆمانە تۆمارکردنی قۆناغێکی مێژوویی شاری ناسریە بەهەموو داب و نەریتەکانییەوە بێ، پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆمانەم هەموو دەناسین و ئێستاشم لەیاد ماون، هەندێك لە ژیاندان و هەندێك مردوون، لەو ڕۆمانەدا نەخشەیەکی جوگرافی شارەکەمم کێشاوە).

(مەم)یش لەسەر یەکەم لاپەڕەی پاییزە خەون دا نووسیویە (ڕووداوەکانی ئەم داستانە دەگەڕێتەوە سەردەمی عوسمانییەکان و داگیرکەرە ئینگلیزەکان لە عێراق و کوردستان دا زۆربەی کەسانی لەو کاتەدا هەبوون). لێرەوە دەبێ ئەوەش بڵێم، جوانی ئەفسووناوی پاییزەخەون هەرچەند بێ، هەر کەسێك ئەو داستانە بخوێنێتەوە چەندەکی ئەدەب دۆست و

کوردیزان بێ، بەلاّم هەرگیز بەقەد یەکێکی خەڵکی شاری چیرۆکەکە کاری تێ ناکات، خەڵکی کوچە و کۆلاّنەکانی ئەو شارە باش دەزانن (مەم) چ وەستاییەکی لە پیشاندانی ئەو سنوورە جوگرافیایە ڕاکێشاوە، زۆر لەو شوێنە و ناوانەی کە لە پاییزە خەوندا هاتوون نەماون و یان لە بیرچوونەتەوە بەلاّن کە دەڵێن ( گەلی دەنگارە، گوند، مزگەوتی گەورە، کەندەکۆخ، چاکی خەز و لاس، گەلی زەیتیان، تەم تەم، زێوەر.. ل٤٠) دەبێ چەند عاشق لەسەر ئاوی چاکی خەجەلاس ژوانیان بەستبێ، دەبێ چەند جۆلانەی کوڕ و کیژان ڕۆژانی جەژن بۆ هەرزەکاران، بەقەد دارتووەکانی گەلی دەنگارەوە هەڵبەسترابێ، چەند چاوشیلکانێ و قەرەیانی لە قەد بەردە تەمۆخەکانی تەم تەمان دا کرابێ، مەگەر مەم خۆی لێرە بوایە بێگومان لە ئێمە شارەزاتر بووبێ چەند جار بەچاوی بێ ناز و بێ دەرەتان لەبەر برسێتی و هەژاری لە دایکی تۆرابێ و لە بن توتڕك و دارمێوەکانی زێوەردا خۆی حەشاردابێ، دەبێ چەندان جار سۆفی مەولود (باوکی مەم.. کە لە چیرۆکەکەدا ناوی دەهێنێ) لە بن دارچنارە ڕەزاگران و درێژەکەی مزگەوتی گەورەدا تەهلیلە و میعراج نامەی خوێندبێتەوە.

لە پاییزە خەون زۆر چاك هەست بە پەیوەندی دینامیکی نێوان هەلومەرجی دەرەوە و ناوەوەدا، ناو (خەونەکە) دەکەین، لەناو خەوەکە، وەرزی پاییزە و ( پایزێکی دەرنگ بوو.. دارودەوەنی ئەو ناوە لەگەڵ هیوای پیرە پاییز، وەك فرمێسك گەلاّیان دەڕێژتن- ل ١٠) و کاتێ پاڵەوان بەئاگاش دێتەوە هەر پاییزە (ژوورەکە ژووری کۆلیتەکە، لەناو ئەو شەوە پایزە، نقووم ببوو ل ٥٣) (کات نزیکی شەبەق بوو، تەیر و تواری پایزە.. دەستیان بەجریوە جریوێکی سارد کردبوو.. ل ٥٦).

جەردە، وەزعی لێ دەشێوێ خەڵك دەبینێ لەسەر دارچناری مزگەوت ئالاّون لە تەوقە سەری دارە ئەفسووناوییەکەش (شێخ مەلا عەبدالقدوس) موفتی لە شێوەی حاجی لەق لەقێك هەڵنیشتبوو لەسەر هەر لقێکی دارە ئەژدیهایەکەش، دەروێش و سۆفی و حاجی و فەقێ ملیان ببووە جۆلانە، بۆیە پەنا وەبەر ئەفسانەی (ڕەمزی خێر و پەنای لێ قەوماوان) خدری زیندە دەبا و (هۆ.. خدری زیندە دەهانام وەرە.. هاوارێکی ڕاهێشت..ل ٤٧) کەچی کاتێ هۆشی لەبەر خۆیەتی و وەئاگا هاتۆتەوە تەمی زیندە خەونەکەی ڕەویەوە و پەرت بوو، هەڵستایەوە



سەرپێیان، گوێی لە دەنگی کوندەبەبۆ (ڕەمزی نەهامەتی و شەڕ و مەترسی) دەبێ و ناچارە خۆی کۆ دەکاتەوە لە ژێر دار گوێزەکەی پەلارێکی تێ دەگرێ (دە بڕۆ.. هەی ئاو.. ئاوچی.. دە بڕۆ هەوارت کەلاوەی کۆشکی زۆرداران بێ.. ل ٥٦).

ئەوەی لە خوێندنەوەی (پایزە خەون) دا تەواو دەبێ، هەست دەکات ئەو خەونە، بەشێکە لە خولیا و سکالاّی مرۆڤ، خەونەکە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستەقینە و واقعییانەیە، (مەم) بەبەکارهێنانی وردەکارییەکی زۆر چیرۆکەکە بەشێوەیەکی تەدریجی و پلەبەپلە داڕژتووە، کات لە خەونەکە ئێوارەیە و ڕۆژ لە زەردەیەتی و دوای تاریك دادێ و بەرەبەرە شەو بەرەو درەنگی و نیوەشەو دەڕوا. تا جەردە بەئاگا دێتەوە، کات بەیانییە و (کات نزیکی شەبەق بوو ل ٥٦) بەڕادەیەك هەست ناکەین کە ئێمە لە خوێندنەوەی خەونێك بووینەوە، خەونەکە بەشێکە لە زنجیرەی ڕووداوەکانی ئەو چەند سەعاتانە، بۆیەش مەم ناوی لێ دەنێ (زیندە خەون) چونکە، ئەو چەند سەعاتە دەربڕینی حەز و کوڵی ڕاستەقینەن، ئەوەی شایانی باسە مەم زیاتر بۆیە بەرەو نووسینی چیرۆکەکە بەو شێوەیە چووە، تا بتوانێ ئەو چیرۆکە بەڵگەنامەیەکی تەواوی ئەو سەردەمەی خەڵکی ناوچەکە بێ و ئەو ناوە زۆرەی کەس و شوێنەکانیش کە لەو چیرۆکەدا هاتوون، مانای زۆری و پاڵەوانی بەکۆمەڵ ناگەیەنێ و بەڵکو خەونەکە ئەو بوارەی بۆ ڕەخساندووە، بتوانێ ئاماژە بۆ خەڵکی ئەو کاتە بکات و لە چیرۆکەکە وەکو شەخسیەتی ڕاستەقینە بۆ زیندوویێتی چیرۆکەکە تۆماری کردوون.

هەروا ئەو مەسەلەیە خزمەتی چیرۆك نووسی کردووە بەدەوڵەمەندکردنی بەسەرهات لە ڕووی پاراوی و ڕەوانی زمانەوە.

**شەقلاّوە - زستانی ١٩٨٨**

---

**تێبینی: ئەو باسە لە گۆڤاری (مەم) ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩١ دا بلاّوکراوەتەوە.**

# تەکنیك لە پایزەخەون دا

سابیر ڕەشید

## سەرەتایەکی پێویست:

ئەگەر بەچاوێکی وردبینەوە بڕوانینە قۆناغەکانی گۆڕانی چیرۆکی کوردی هەر لە سەرەتای نووسینی یەکەم چیرۆکی کوردییەوە، تا ئەمڕۆشمان دەبینین ئەم هونەرە بەچەندان گۆڕان و بارودۆخی جیاجیا ڕۆیشتووە و لە هەر قۆناغێکدا سیما تایبەتییەتی خۆی نواندووە و بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا بووە، جا هەر لە دوای قۆناغی دووەمدا کە قۆناغی نەش و نما کردنی چیرۆکی کوردییە و ڕۆڵی هەرە دیاری گۆڤاری گەلاوێژ لەبەرەو پێش بردنی چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا و پەیدابوونی چەندان چیرۆکنووسی بەتوانا و لێهاتوو، دوای ئەم قۆناغەش قۆناغێکی پێگەیشتووتر دێتە ئاراوە کە قۆناغی سێیەمی چیرۆکی کوردییە و بەقۆناغی بەرەو پێگەیشتن (١٩٥٠-١٩٦٠)[1] دادەنرێت.

هەر چەندە دوای ئەم قۆناغەش چیرۆکی کوردی زیاتر تەکانی داوە و خۆی ناوەتە پلەیەکی پێشکەوتووترەوە و بەرگێکی هونەری کردووەتەبەر تا ئێستامان.. بەڵام لێرەدا وای بەپێویست دەزانم هەر لە بارەی قۆناغی سێیەمەوە بدوێم کە چەندان چیرۆکنووسی لێهاتووی هێنایە مەیدانی چیرۆکی کوردی و توانیان ڕۆڵی دیاری خۆیان ببینن، هەیانە تا ئێستا لە نووسین بەردەوامەو هەشیانە هەر لەگەڵ تەواو بوونی قۆناغی خۆی تەواو بووە. (مەم)ی نەمریش یەکێکە لە کەڵە نووسەرانی هەرە دیاری ئەم قۆناغە.

چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە توانییان هونەر لەبەر چیرۆکی کوردیدا بکەن و لەشێوە هەقایەت خوانییەکەی قۆناغەکانی پێشووتر دەربازی بکەن، چەندان کێشەی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری و مرۆڤایەتی بگرنە ئەستۆی خۆیان و زیاتر لە ناخی ئادەمیزاددا قووڵ ببنەوە و لەگەڵ کێشەی سەردەم و ئاڵۆزی باری ژیانی کۆمەلایەتیدا بڕۆن، جا چیرۆکیش وەك گشت هونەرێکی تر پێویستی بە گۆڕانی بەردەوام هەبووە و هەیە کە شێوە هەرە دیارەکانی تەکنیکە. ئەوەی



چیرۆکی (برسێتی بەهێزترە)ی مەم کە یەکەم چیرۆکیەتی بەراورد بکات لەگەڵ دوا بەرهەمی بلاوکراوەی کە (پایزەخەون)ەکەیەتی دەگاتە ئەم بڕوایەی کە (مەم) هەمیشە وەك زۆربەیی چیرۆکنووسانی هاوڕێیی هەوڵی گەشەسەندن و نوێبوونەوەی داوە لە شێوە و ناوەرۆکدا. لەم باسەدا ئێمە زیاتر بەلای کاری هونەری (پایزەخەون)دا دەڕۆین و بەهای تەکنیك لە دوا بەهەمی مەم بەدیار دەخەین.

## هونەرکاری تەکنیك:

لە (پایزەخەون )دا، کە چیرۆکێکی ڕیالیزمی کۆمەلایەتییە چەند جۆرێك تەکنیك بەکارهێنراوە، کە هەریەکێکیان ئەوەیتر تەواو دەکا و خواست و مەرامەکانی نووسەرمان بۆ بەدیار دەخەن و زیاتر بەناو ناخی پاڵەوانی چیرۆکەکەمان شۆڕ دەکاتەوە و ئێستا و ڕابردووی پاڵەوان بەیەکەوە دەبەستێتەوە تا دەبێ بەشێوە گێڕانەوەی نووسەر بۆ ڕووداوەکان کە سەرەتاکەی بە مەنەلۆژی ناوەوە دەست پی دەکا و لە سەر زمانی چیرۆکنووسەوە بە هۆی کەسی یەکەمی قسەکردن دەست بە گێڕانەوە دەکات کە دەڵێت:

"لەبەر ڕێگاوە لەگەڵ خۆی دەدوا.. دەیگوت:

- خوا حەمەچاوەش بگرێ دەنا بۆ چ ئەوەندە گیر دەبووم".

دواییش چیرۆکنووس دەیکاتەوە شێوە گێڕانەوەی ئاسایی و لە سەر زمانی خۆیەوە بەزمانی کەسی سێیەمی قسەکردن دەڵێت: (کە هێوارەش داهات و ئیش پایدۆزی لێ کرا، کرێکاران بلاوەیان لێ کرد و بەرەو گوندەکانیان گەڕانەوە، تەنیا ئەو چاوەڕوانی حەمەچاوەشی دەکرد.. تاد)(٢).

چیرۆکنووس گەلێك جار دیالۆگ بەکاردێنی بۆ نموونە وەك دەڵێ:

" نزیك ڕۆژ ئاواش کە چاوەشەکە بانگی کاك ڕەشیدی کرد:

- ها جەردە. دەڵێی بەتەما نی ئەم هەینییە بگەڕێیتەوە ماڵ.."(٢).

هەر دوای ئەم دیالۆگە نووسەر دەگەڕێتەوە سەر شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی لەسەر زمانی خۆی، دوایی دیسان دەبێتەوە مۆنۆلۆژی ناوەوەی ڕاستەوخۆ، ئینجا بەڕستەیەك مۆنۆلۆژی ناوەوە دەپچڕێ و دیسان دەبێتەوە گێڕانەوەی نووسەر و دوای ئەمیش بەمەنەلۆژێکی تری ناوەوە دەست پێ دەکاتەوە. دەبینین چیرۆکنووس بەهۆی هەڵفڕینی بیری بۆ لای تاقە کەوێك شەپۆلی هۆش بەکاردێنی و بۆ کاتێکی زۆر کەم بیری بۆ لای کەوە هەڵدەفڕێ و ئینجا بەمۆنتاج

بەراوردی سەردەمی ئاوارەیی خۆی لەگەڵ کەوەکە دەهێنێتەوە یاد. ئینجا بەهۆی تەداعیەوە دەگەڕێتەوە سەردەمی منالّی خۆی وەك دەلّێ (بیری بۆ لای تاقە کەوەکە فڕی.. لە خۆی پرسی.. تاد.. ل١٠) ئینجا بەهۆی قەبۆ قەبۆی تاقە نێرە کەوەکە کە بلاّوەیان بەبیرکردنەوەی هێنا کۆتایی پێ دێت و دەگەڕێتەوە سەر گێڕانەوەی نووسەر. لێرەدا بەدیار دەکەوێت کە چیرۆکنووس لە ناو تەداعیەکەدا شێوەی گێڕانەوە بەزمانی چیرۆکنووس و شێوەی مۆنۆلۆژی ناوەوە بەزمانی کەسی یەکەم بەکاردێنێ. بێگومان ئەمەش شارەزاییەکی چاکی دەوی لە تەکنیکدا. چیرۆکنووس لە چەند شوێنێکی تردا بەشێوەی خۆدواندن پالّەوانی چیرۆکەکەی لەگەڵ خۆی دەدوێ وەك دەلّێ:

(لەگەڵ خۆی لێکی دایەوە! بەلاّم کەنگی ئەو جەردەیە؟

وە دیسان لە خۆی پرسیەوە... تاد ل ١٥.

لەمانەش گرنگتر لە چیرۆکەکەدا بەکارهێنانی ئەفسانەیە شان بەشانی هەموو جۆرە تەکنیکەکانی تر لە چوارچێوەی خەونی کرێکارێك. مەم زۆر زیرەکانە توانیویەتی ئەم بەرگە لەبەر چیرۆکەکە بکات و چەندین دیاردە و کاریتەی کۆمەڵەکەی خۆی بەدیار بخات کە کاری لێ دەکەن. هەرە گرنگترینیشیان کۆڵەگەی ڕامیاری و کۆمەلاّیەتی و ئایینی و ئابوورین و لە سەرکەوتن و دابەزینی مرۆڤی کۆمەڵەکەیدا ڕۆڵی خۆیان دەنوێنن و دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەم خەونە مەزنانەی مرۆڤی هەژاری ولاّتەکەی و ئاواتخوازە کە لە واقیعدا بێنەدی، هەر بۆیەشە مەم سەرتاپای چیرۆکەکەی کە چیرۆکێکی ڕیالیزمی کۆمەلاّیەتی ڕەخنەگرانەیە لە چوارچێوەی ئەم خەونەی ڕەشید جەردەی کرێکار یەکالاّ دەکاتەوە بەهۆی پیشاندانی کەشێکی پڕ لە ترس و سامناکی و دلّەڕاوکێ و بێ ئارامی دەخاتە دلّی پالّەوانەکەی و وا لە خوێنەریش دەکات بەرەو ناخی ململانێیەکەی ڕابکێشێ کە بێگومان گرێ و ململانێی چیرۆکەکە لە گیسکە ئەفسانەییەکەوە دەست پێ دەکا و لە درەختە گەورەکەی مزگەوتدا زیاتر دەبی و تارمایی و قورسایی سەرشانی جەردەش ئەوەندەیتر کێشەکە ئالّۆز دەکەن، چونکە پالّەوانی چیرۆکەکە لە تەقسێکی ئەفسانەیی ترسناکدا دەژی و ئەوە نیشان دەدا کە مرۆڤ و ولاّتەکەی لەم سەردەمەی نووسەر دەستنیشانی کردووە لەم ترسە و بارە ئالّۆزەدا ژیاون. جا هەمیشە هاوار بۆ پیاوچاکان دەبا، جارێك بۆ خدری زیندە کە وەك مامۆستا کامەران موکری دەلّێ:



(لە ئەفسانەی کوردیدا وێنەیەکی خێرخوا ئەبینین کە خدری زیندەیە، ئەفسانەی کوردی ئەم پیاوە لە وێنەی ئادەمیزاددا پیشان ئەدات کە تا ئاسمان و زەوی مابێت ئەو هەر ئەمێنێ و فریای ئەم سەر لێشێواو و لێقەوماوانە ئەکەوێت کە هاواری بۆ ئەبەن، یارمەتیان ئەدات و ڕێگای ڕزگاری و چاکەیان پیشان ئەدات...)[٣]

جارێکی تریش هانا بۆ قەشە (ئیستیفان) ئەبات کە نیشانەی ئایینی مەسیحی یە: (کە دەرگا فراوانەکەی دێرە دێرینەکەی لێ دەرکەوت مام قەشە ئیستیڤان چوار قامە لە ناو کەوانەی دەرگا گەورەکە وەستابوو، هەردوو بالّی بەراست و چەپی بلاّو کردبوونەوە، وێنەی خاچێکی دەنواند) ل ٥٠. دواییش نیشاندانی ڕێز بەڕێزی خەلّکی کە لە ڕێزی پێشەوە شەماشە دنحە و شەماشەکانی دیکە بەجلکی کەهنووتی لە دوای ئەمانەشەوە ڕەبەنی ژن و پیاو.. جوانە کیژ.. پیرەژن.. منداڵ.. هەرزەکار.. پیر و پەککەوتە.. لاو.. شەل و کوێر.. سەر گردەکەیان داپۆشیبوو..

بە ڕای من جوانکاری هونەری چیرۆکەکەی مەم لەم وێنە جوانانەدا بەدیار دەکەوێت، هەروەها پیشاندانی جوانکاری کوردەواری گیسکەکە کە لە هەمان کاتیشدا ڕەمزێکە بۆ بارگرانی ژیانی کرێکاران و سەختی گوزەرانیان و ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەلاّیەتییەکە لە ناو خەوندا و خەونیش خۆی تەعبیر لە واقیعەکە دەکا بەبێ ئاگاداری هۆش (لاوعی) و نەهاتنەدی خەونەکانی کاتی وە ئاگا دێت و کوندە بەبۆکە لە سەر دارگوێزی باخچەی مالّەکەی دەردەکات کە ڕەمزی شەڕ و مالّ وێرانی و کاولّ بوون و قات و قڕییە. توانیویە هاوکێشەیەك دروست بکات، یەکەم بەهاتنەوە ناو واقیع و پچڕان لە خەونەکە و بەگژ هاتنی شەڕ و وەیشوومە و دواییش لوولدانەوەی پالّەوانەکە لە ناو شەپۆلەکانی خەوندا بۆ جارێکی تر. لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی خەون و واقیعیشدا نووسەر هاوکێشەیەك بەدەستەوە دەدات، وا دەزانم مەبەستی مەم جگە لەم هاوکێشەیەی وتمان بۆ داهێنانی ئەفسانەو خەونەکەی پالّەوان و پەرەپێدانی ئەم بەرگە میسالیەیە چونکە ئەم واقیعەی دەیەوێت باسی لێوە دەکات و بەئەفسانە و کەشێکی ترسناك تەعبیری لی دەکاتەوە لە ناو چوارچێوەی خەونی کرێکارێکدا. بێگومان هەموو نووسەرێکیش سەربەستە لە کوێوە دەست بەچیرۆکەکەی بکا و لە کوێش و چۆن کۆتایی بەچیرۆکەکەش بهێنێ، بەچ جۆرە تەکنیکێك بنووسی و لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە چیرۆکنووس چی دەنووسی و بۆ کێی دەنووسی هەلّوێستی تەواوی خۆی لە بەرهەمەکەی یەکالاّ بکاتەوە.

**کات:**

چیرۆکەکە لە سەرەتادا بەدەم ڕێگای گەڕانەوەی (جەردە) دەست پێ دەکا و چەند ڕۆژێك پێش سەری مانگە و نزیك جەژنی قوربانە.

(بەیانی هەینییە و دەبی سەر لە منالّەکان بدەم.. ل ٢٩) چیرۆکنووس زۆر شارەزایانە بەهۆی فلاش باکەوە لە کاتی گێڕانەوەی ئاسایی دەمانگوازێتەوە بۆ بەشێك لە کاتی ڕابردوو کە کاتی منداڵی پاڵەوانەکەیە کە وا دەزانم هێمایەکە بۆ خودی چیرۆکنووس چونکە کات بەگشتی لە چەند بەشێکی گێڕانەوەیی یەك لە دوای یەك دێت و لە گەلێك ڕۆماندا بەدی دەکرێت وەك أ.ب.ج کە لە بەشەکانی چیرۆکەکە بیر لێ کراوەکە دروست دەبێت.

(ئەو سەردەمە منداڵێکی فەراژی بوو کە لەشکری دوژمن هێرشی هێنایە سەر گوندە جوانەکەیان و وێرانیان کرد... ل ١٠) تا ئەو کاتەی جەردە دەیەوێ چۆنییەتی ئەو کات و ساتەی بەدواوەیدا جێ بێڵێ و دەست دەکا بەژماردنی هەنگاوەکانی تا یادگارە تاڵەکانی منداڵی لە بیر بکات.

لە چیرۆکەکەدا هەست بەوە دەکەین کە مەم کاتی دەست نیشانکراوەی چیرۆکەکەمان بۆ بەدیار دەخات کە لە ڕۆژئاوای پێنجشەمە دەست پی دەکات و بەرە بەیانی هەینی کۆتای دێت واتە کاتەکە تەنیا شەوێکی مانگەشەوە.

(هەر سەعاتێکی دیکەیە و دەگەمەوە ماڵ... ل ٢٦) چیرۆکنووس توانیویە بەگواستنەوەی کات لە شوێن و سەردەمی گێڕانەوەی چیرۆکەوە کاتی جیاجیای چیرۆکە بیر لێ کراوەکە فراوانتر بکات.

**شوێن:**

(ڕەشید)ی کرێکار کە شوێنی کارکردنەکەی نزیك هاوینەهەواری (پیرمەم)ە، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە (بێ ئامانج سەری خۆی بۆ لای سەفین هەڵبڕی و ڕووی گواستەوە لای پیرمەم... ل ٩).

نووسەر هەموو شوێنەکانی بەردەم (جەردە)مان وەك شاشەیەکی سینەما دێنێتە پێش چاو

سەری بۆ لای سەفین هەڵبڕی

ڕووی گواستەوە بەرەو لای پیرمەم

لە پێچەکەی دەرماناوا سووڕاوە.

گەیشتە بەرامبەری شێرەسوار.

لە گردەچاڵ لایدا.



ناچێتە ناو مزگەوت و بەتەنیشت (کاوانیان) ڕەت دەبێت و بەسەر گردی باویان بەرەو دەنگارە شۆڕ دەبێتەوە ئینجا دەچێتە سەر چاکی خەز و لاس و لەوێشەوە بەبەر (گردی دێری دا بۆ گەلی زەیتان و بەرەو تەم تەمان شۆڕ دەبێتەوە و بناوان بناوان خۆی دەگەیەنێتە زێوەر.

نووسەر بەهۆی گواستنەوەی شوێنەوە لە شوێنی دەست نیشان کراوی ناو چیرۆکەکەوە بەهۆی مەنەلۆژی ناوەوە بەفلاش باك دەمانگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تری دەرەوەی شوێنی گێڕانەوەی چیرۆکەکە.

کاتێ لەشکرەکەی دوژمن بەسەرشۆڕی و بەزیوی لە گوند کشایەوە... باوکی دۆزیەوە.. دنیا قات و قڕی بوو.. لەگەڵ باوکی بەرەو کوێستان سەرکەوتن.

لەو دیو.. لەماڵ مامی لەگەڵ ئایشەگوڵی ئامۆزای پێکەوە گەورە بوون.

- بەهاران لەگەڵ کوڕ و کیژانی گوند دەچوونە ڕێواسان نووسەر خۆشەویستی مرۆڤ بۆ شوێن پیشان دەدات بۆیە سەرجەم کێشەی پاڵەوانی چیرۆکەکە سنوور بەزاندنە.

(کە دنیاکەش دامەزرایەوە.. شەڕ و شۆڕ و قاتی دواییان پێ هات.. گەڕانەوە گوندە جوانەکەی خۆیان.. ل ٢٥)

مامۆستا مەمی ڕەحمەتی دەیتوانی زیاتر درێژەی پێ بدابا و لە (نۆڤلێتەوە) بیکردبا بەڕۆمان بەلاّم بەو چڕوپڕییە گرەوەکەی بردۆتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١- بۆ دەست نیشانکردنی قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی سوودم لـە کتێبەکـەی حـسێن عـارف. (چـیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠) وەرگرتووە.

٢- ئەو بڕگانەی خراونەتە ناو کەوانە لە (پایزەخەون) وەرگیراون.

٣- کامەران موکری- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی-بەشی یەکەم ل ٤٨.

٤- جان ریکاردو- قضایا الروایة الحدیثة- ص٢٥.

٥- روبرت همفري- ترجمة د. محمود الربيعي- تيار الوعي في الرواية الحديثة.

٦- بیمار- لەعنەتی سنوور و چیرۆکەکانی مەم- نووسەری کورد ژ ١٢، ساڵی ١٩٧١.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە(٩)ی ساڵی١٩٩٤، بلاوکراوەتەوە ل ٨٣-٨٥.**

# پایزە خەون و قاسپەی کەوی کۆچەرییان

**هاشم ئەحمەد سەراج**

ئەم داستانە کوردەوارییەی - مەم-ی ڕەحمەتی گەرچی لە سەرەتاوە بە سەربوردەی بێ دەرەتانی حاڵ و گوزەرانی (ڕەشۆ)ی کرێکار و دنیای پڕ فرۆفێڵ و ڕیاکاری چاوەش و ژمێریار دەسپێدەکات.. بەڵام هێدی هێدی نسکۆ و کارەسات و بەسەرهاتەکان هەتا دێن پەل و پۆ دەهاوێژن و گەورەتر و مەزنتر هەڵدەکشێن و مۆرکی ململانێ و کێشەی هەمیشەیی وەردەگرن.. جەردەی تاقە پاڵەوانەکەی (پایزە خەون) لە نێو باهۆزی شەپۆلی خەونێکی پایزئامێزدا زارکی تووڕەکەی هەست و نەست و بیرۆکە و یادگارەکانی ڕاستەوخۆ واڵا دەکات.. ئەوەی کە زیاتر سەرنج ڕاکێشەر بێت نووسەر پەنای بردۆتە بەر (تەکنیکی مۆنۆلۆجی ناوەکی ڕاستەوخۆ) و بەپێی هەڵبژاردنی ئەم جۆرە تەکنیکەشدا ئامادەبوونی خۆی لە نێو دەقەکەدا تەنیا بەپێداویستی ڕێنومایکردن هەندێك جار وەدیار خستووە ئەگینا چرکەی گۆڕین و گواستنەوەی دیمەن و ڕووداوەکان زیاتر پەیوەستن بەحاڵەتە هەستییەکان وەك بینین و بیستن و زۆر جاریش دەست وەروو داهێنان ٠

وێڕای ئەمانەش گیسکە بۆری (پایزە خەون) هەڵاوێردەی مێردەزمەی ئەفسانەی کوردییە کە بۆتە مۆرەگەی چیرۆکەکە و ئەو گیسکە بۆرە هەمان گیانلەبەرە نێرینەکەی ئەفسانەیە کە سواری قەڵاندۆشکانی مرۆ دەبێت و لنگی لە ملییەوە دەئاڵێنێت و بەقاچیش هەموو قەبرغەی تێك دەشکێنێت.. وەلێ ئەم کابووسە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو (پەنجا فلس)ەی - مەم-ی نەمردا نییە کە لە قۆناخی قوتابێتیدا لە نێو قوڕ و لیتەدا لە هەمان حاڵەتی کوشندەی پایزە خەونی برسێتیدا دەیدۆزێتەوە.. گەرچی دنیای (پایزە خەون) زیاتر ڕووەو توانابوون و هەستکردن بەمەرگ و مردن هەڵدەکشێت.. بەڵام هەر چۆنێك بێت هەر بەتەواوکەرەوەی ڕێچکەی واقیعیەتی -مەم-ی نەمر دەژمێردرێت.

* * *



لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ئەو خەونە تەلیسماویەدا جەردە خدووی دەداتە قەبۆ قەبۆی ئەو تاقە کەوە لە ڕەوە دابڕاوەی کۆچەرییان و هۆگری دەبێت.. دەنگەدەنگی قاسپەی کەسیرەبووی پڕ غوربەتی دەگەڵ شەو بای شاخ و بەندەنان تێکەڵ بەگەڵا مردووەکانی پاییز دەبێت و ئەو دەنگە نامۆ و تاقانەیە تێکڕای بەسەرهات و سەرگەردانی سووتانی گوندەکەیانی وەبیر دێنێتەوە.. کەچی جەردە سەرباری برسێتی و سەرما و سۆڵی و شەکەتی بەوپەڕی هۆشیارییەوە هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لەدەست تەوژمی بیرکردنەوە و چنگی یادگارەکانی ڕاپسکێنێ و هەر بۆیەشە دەسدەکات بەئەژماردنی هەنگاوەکانی و دووجاران هەتا سەد بەڵام بێ سوودە، بەرگەی ئەوەی نەماوە دەگەڵ دنیای بیرکردنەوە و یادگارەکانیا یەکپارچە و یەکالا بووە.. چونکی لە نێو ئەو گێژەڵووکە پڕ سۆیەشدا خێوو تارماییەکانی چاوەش و جەندرمەکان هەر گەماڕۆی دەدەن.. ئەم نێرەکەوە لە ڕەوە دابڕاوە دوور نییە هێمای - خودی نووسەر -خۆی بێت.. چونکی وردە وردە دەگەڵ (پایزە خەون)دا بزر دەبێت و هەتا دێ زیاتر هەست بەمەرگ و مردن دەکات و ئاکامیش لە ناکاودا لەناو دەچێت.. ئەگینا جەردەی تاقە نێرەکەوی کۆچەرییان لەبەر دەرد و کۆڤانی دووری و تاوان و هەڕەشەی شەبانەی تخووبان نەبوایە دەگەڵ چەتیمە ئایشەگوڵی دۆتمامێ خۆ و یادگارییە دێرینەکانی چەندین ساڵ و عەیامی عیشق و حەزحەزۆکێی بنار چیا و ڕۆژانی مازووچنین و ڕێوساکردن دا دەحەسایەوە و قەت دەبووە ئەو ئاگردانە خامۆش و وێرانەی ئایشەگوڵی پایزە خەونان بەخۆ بەکۆرپەی ئامێزییەوە لە شەوی برسێتی و ناهومێدیدا بەرانبەری ڕوونیشێ ٠

ئەو ئاگردانەی کە هەرگیزاو هەرگیز هێز و توانستی ئەوەی نەمێنێ دووبارە بگەشێتەوە.. هەمدیس قەبۆ قەبۆی هەمان کەوی کۆچەرییان دەروونی دەورووژێنی دایدەتڵەکێنێ و تووش و دووچاری دیمەنی دارستانی ئەنگوستەچاو و بەرەو مزگەوتی چۆڵ و هۆڵی ڕاپێچ دەکات.. نووسەر لە وەسفکردنی دیمەنی ناوەوەی مزگەوتەکەدا جۆرە شێوازێکی (کافکا)وی بەکاردێنێت وەك دیمەنی ڕاکشانی سێبەری سێ زەلامەکە و هەڵایسانی دەنکە شقاتەکە و ئەمەیان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ تێکڕای ئەو وەسفە ڕۆمانسیانەی کە سەرتاپای دنیای (پایزە خەون)یان داگیر کردووە وەك (ڕۆژ خوێنی لە ڕۆژئاوادا ڕژابوو) وەك فرمێسك گەڵایان دەڕێژتن، یان لێك چواندنی مانگ بەکولیچە و کولێرە کە لە ئەدەبی جیهانیدا هێندە باو بووە گەیشتۆتە ڕادەی سوان. جگە لەمانەش لایەنی کەسایەتی جەردە لە دوو توێی دەقەکەدا ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤێکی خوداناس و خاوەن نەفسیەتێکی سەنگین و شکۆمەندە و لە دژوارترین حاڵەتی

برسێتی و شەکەتیدا سەر دانانوێنیَ و نابێتە میوانی ناوەختی ماڵی ئاغا و بەلاَم کات و زەمانی چیرۆکی (پایزە خەون) لەنێو خەونێکی تەلیسماویدا چڕکراوەتەوە.. ئیتر چەمکی ڕاستەقانی چیرۆکەکە لە ململانیَ و زۆرانبازییە بیَ کۆتایەکەی نێوان جەردە و گیسکە بۆری سەر قەلاَندۆشکانی زێتر پەل دەهاوێژێت و مۆرکی کێشەیەکی هەمیشەیی وەردەگرێت.. جەردە لەم کێشەیەدا هەموو ئاوات و خولیا و کەڵکەڵەی لەوەدایە ئەم گیسکە ئەفسانەیییە بگەیەنێتە گوندی زێوەر و بیکاتە ژەم و خۆراکی جەژنی قوربان و قاوورمەی ساڵە وەختێکی خاو و خێزانەکەی. لێرە بەو لاوە پەیتا پەیتا تەوژمی جولانەوەی نێو دەقەکە ڕووەو مۆرکی نیمچە درامایەك دەڕوات و لە هەڵچوون و ململانیَ و جمان و بەرەڤانی و دەنگی مێردەزمە و دنیای کپ و پیرۆز و ترسناکی گۆڕستان و جەردە بە گاگۆڵە بۆ لای سێبەری گیسکەبۆر هوروژم دێنێت، ((گەڕانەوە بەرەو قۆناخی منداڵی)) لەسەر دەم دەکەوێت و جەردە لە کێشە و ڕکابەرایەتییەکی بیَ کۆتاییدایە دەگەڵ خاك و خۆڵ و کەڤر و مێردەزمە و تارمایی و گردی ئەسحابان و شەوی سەرما و سۆڵ و برسێتی و تێکەلاَوبوونی شێوەی مانگ لەگەڵ کولێرە و ڕوخساری ئایشەگوڵ دا.. تێکڕای ئەم هەموو حاڵەت و دیمەنانە تێکەلاَوی یەکدی دەبن و پاشان لە ڕۆخ (کونە جنۆکە)دا لە نێو زەردە پووشی پاییزی چنگی لیَ گیر دەکات و.. قولفەی پشتێنەکەی دەستەمۆی دەکات و ئەم گیسکە خەڕافییە بریسکانەوەی چاوە فسفۆڕیەکانی لە کەلا شووشەی منداڵی جەردە دەکات.. گیسکەبۆری فیلەتەن دەڵێی کەرتە شاخە و بەهیچ شێوازێك لە شوێنی خۆی نابزوێت وەلیَ جەردەی ڕکابەر هیچ کاتێك ئامادە نییە واز لەم مێردەزمەیە بهێنێت (پڕی دایە گوێیەکانی هەڵی گلۆفت، ڕای گوشین، لوولیدا) بەهەزار هەوڵ و دەردەسەری ئەم بارستاییە ترسناکە دەخاتە سەر شان و ملی - ئیتر کێشەی لەبن نەهاتووی گیسکە بۆر و جەردە بەڵگەی ئەوپەڕی هێز و توانستی بەهرە و لێهاتوویی چیرۆکنووسی نەمرمان دەسەلمێنێت.. چونکی هەتا دێت ئەو کێشە خوڕافێیە قورستر و بەهێزتر دەبێت.. نیازی وایە سەرپاکی دەوروبەر بتەنێتەوە و گەمارۆی هەموو شتێك بدات و هەر ئەم دەنگەشە کە هێدی هێدی هەستی جەردە لە مەرگ و مردن نزیك دەکاتەوە و دەڵێت (شەوبا گەلاَی وشکی دارە پیرۆزەکەی دەڕژاندە سەر گۆڕستانە پیرۆزەکە) هەتا دێت قەوارەی مێردەزمە دەپەنمێت و دەئاوسێت و درێژتر و قەبە و گەورە و زەبەلاحتر دەبێت.. ئیمجارەیان دەگاتە سەر ناوکی و بەردەوام لەم کێشەو پەلەقاژە و ململانێیە ڕزگاری نابێت.. لێرەدا هەستی -بینین- بەردەوامی دەداتە ڕووداوەکان و کاتێك تەماشای دار چنارە تەوقەسەر ئەفسوناوییەکە دەکات یەکسەر دیمەنی هەرسیَ قوچکەکان بەلەوەندی و یەك لە دوای یەك دەست پێدەکات.. ئیتر دوور



نییە نەخشە و پلانی ئەم سیَ هەڕەمە عەقلیانە پێشتر لەلایەن نووسەرەوە کێشرابێت ئیتر شێخ مەلا عبدالقدوس لە کلێشەی حاجی لەقلەقێکدا لەسەر چلەپۆپەی هەڕەمەکەدایە و لەولاشەوە بەپێی شوێن و پایە دەگۆڕێت و لێرەدا -مەم- پەنا دەباتە بەر جیهانی تەیر و توالاَن هەندێك لەم تەیرە مرۆڤانەی سەر درەختە شێوە ئەژدەهاکەکە دلڕفێن و پیرۆزن و هەندێکی تریشیان گەمژە و بەدیۆمن، بەپێی ئەم دابەشکردنە ساقەسۆر دەکەوێتە نێو خانەی گەمژە و بەدیۆمان.. بەلاَم نزمەکە هیچ شوێنێکی نەهێشتۆتەوە تەوقەسەری درەختە ئەفسووناوییەکەشی بەرباد کردووە.. لەم لاشەوە قورسایی سەرشانی جەردە هەتا دێت گەورەتر و قورستر دەبێت، دەیشلەژێنێت و تووشی وروژان و هەناسە بڕکێی دەکات. بەلاَم جەردە هیچ کاتێك نوشوستی ناهێنێت و کۆڵ نادات.. مودیر و قۆمیسەر و ژمێریار هتد.. جەردەی خوداناس زۆرجار پەنا بۆ خدری زیندە دەبات هەتا وەفریای بکەوێت.

هەتا دێت ئەم نزمە تەشەنە دەکات پاشان دەگاتە هەڕەمی فەلە و دیانان (قەشە ئیستیفان) و شەماشە دنحا و کەهنووتی و شەل و کوێر و سەقەتان.. لێرەدا نووسەر هێمایەك بۆ (مسیح) دەکات چونکی باڵە سپییەکانی قەشە ئیستیفان ڕەمزی مەسیحە کە لە تەشقی ئاسمانی بەپۆشاکی سپی وەدەردەکەوێت، ئەم سەقەت و نەقوستانانەش ئەوانەن کە لە (ئینجیل)دا باسیان کراوە و مەسیح وەهانایان هاتووە.. هەڵبەتە جەردە هەتا دێت زیاتر هەست بەمەرگ دەکات و بەلاَم لەم حاڵەتە دژوارەشدا هاوڕێیە فەلەکانی خۆی کە(تۆما) و(سلێوە)ن لە دواوەی هەڕەمە مەسیحییەکەدا دەناسێتەوە.. هەتا دیَ ئەم کێشەیە کۆتایی پیَ نایێت و بەلاَم جەردە بیەوێت و نەیەوێت هەر دەبێت بەتاقی تەنیَ بەرەنگاری مەرگ ببێتەوە.. ئیتر دەگاتە ئەم حاڵەتە خودییە و دەڵێت (بواری ئەوەی بۆ نەمابووەوە لە چۆنییەتی خۆی بەولاوە بیر لە ڕووداوەکانی دەرەوەی بکاتەوە) ئەو لەو هەناسەبڕکیَ و پەلەقاژەیەدا لەگەڵ هاواری هۆ خدری زیندەدا لە خەو ڕادەپەڕێت.. جەردەی سامگرتوو پاش ئەم خەونە ترسناکەش هەر بەگاگۆڵە بەرەو ئاگردانەکە دەخشێت و بەلاَم (ئاگردان هێشتا ژیلەمۆیێکی تێدا مابوو) هەوڵی ئەوە دەدات ئاگردان بگەشێنێتەوە بەلاَم تازە کار لە کار ترازاوە..

دووبارە دەیەوێت بخەوێت ئیمجارەیان کوندەبەبۆی مەرگی لەعنەتی وازی لیَ ناهێنێت.. لەگەڵ ئەوەی کە هێندە کەسیرە و شەکەتە ڕووبەڕووی ئەویش دەبێتەوە و پەللارێکی تیَ دەگرێت و بەلاَم لە ئاکامدا (لینگی بەدرێژایی لیَ ڕاکشان) و وردە وردە پەیوەندی لەگەڵ هۆش و لەگەڵ دەرەوەی خۆی دەبڕا).

# سەرچاوەکان

١- پایزە خەون- محەمەد مەولود-مەم- دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکرنەوەی کوردی - زنجیرەی ژمارە (١٧٤) ساڵی ١٩٨٧.

٢- چیرۆکەکانی مەم - محەمەد مەولود (مەم) بەرگی دووەم ١٩٨٤ بەیارمەتی ئەمینداریەتی گشتی و ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان چاپکراوە.

٣- تیار الوعی فی الروایة الحدیثة - الطبعة الثانیبة - دار المعارف - تألیف روبرت همفری - ترجمە - دکتور محمود الربیعی.

٤- ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. جەلال مەحمود عەلی - زنجیرەی کەلەپوور-١ بەغدا ١٩٨٢.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٩٤٣)ی ڕۆژی ٢٥/١/١٩٨٨، لاپەڕە(٨)دا بلاوکراوەتەوە.**

# ڕۆچوونێك به (پایزه خەون)دا

**فەڕوخ نیعمەتپوور**

**(کوردستانی ئێران)**

کاتێك نووسەر دەچێتە نێو دنیای دەروون و دنیای واقیعی پاڵەوانەکەی و دەیەوێ هەر کامەیان وەك خۆی و دواتر لە پێوەندی لەگەڵ یەکتر بیانخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بە تووشبوونی نەگەییو و نەکولاوەوە دەبێت کە دەبێ بیانخاتە خانەی چێژی هونەرییەوە.

دنیای واقیع زۆرتر لە ڕواڵەت و ڕووکەشدا مرۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکا و دنیای دەروونیش خزۆك و خۆبەدەستەوەنەدەرە. دنیای واقیع لە فرەیی ڕووداوەکانیدا ڕووداوە سەرەکییەکان ون دەکا و، دنیای دەروونیش بە هۆی کەم شۆڕبوونەوەی مرۆ بە نێویدا ئاستەنگ و ڕەمزاوییە و مەنتقی ڕووداوە سەرەکییەکانی تێدا شکاوەتەوە.

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ ناتوانێ بیانناسێ و ناتوانێ وەك خۆیان بۆ ناو بیر و ئەندێشەی بیانقۆزێتەوە. دنیای واقیع لە دووپات بوونەوەیدا، یاسا نەگۆڕەکانی دەردەخا و، دنیای دەروونیش لە پەیوەندی ئۆرگانیکی بە جیهانی واقیع، هێماکانی ڕوون دەکاتەوە.

پایزه خەون، دنیای لێك گرێدانی واقیع و دەروونی ئەو مرۆڤانەیە کە بە هۆی ژیانی واقیعیان و نزیکبوونی مەتریالیستیانەیان لە دنیای دەروون، هارمۆنیایەك لە هاوکێشە و پێوەندی دیالکتیکیی واقیع و دەروون دەخاتە ڕوو. واقیع، ڕەقە و دەروونیش ڕەق، بەڵام واقیع هەمیشە ڕەق نییە کەواتە دەروونیش هەمیشە ڕەق نابێت، ئەی ئەوە نییە دۆزینەوەی "بزنە بۆرێك" دەروون نەرم و نیان و خەنی دەکاتەوە!

ژیان بێ ڕەحمە. واقیعەکان لە نێو کاتەکاندا ون دەبن، بەڵام ڕاستییە پلە یەکەکان، ڕاستییە خەستەکان کات ونیان ناکات و لە ڕێگای تەئسیری بەهێزیانەوە لەسەر دەروونی مرۆڤ دەمێننەوە... دەمێننەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە و بەم شێوەیە مانا و خەم بە ژیان ببەخشێ: مانای "گرنگیی ژیان" و خەمی "لە دەستدانی ژیان". ئەی ئەوە نییە "جەردە" لە



ڕێگای فلاش باك و مەنەلۆگەوە، واقیعی شەڕ و عەشقی ئایشۆکە لە سەردەمی مێردمنداڵییەوە بۆ ئێستای دەگوێزێتەوە!

ڕاستییە پلە یەك و خەستەکانی ئێستاش ناتوانن کۆنەکان داپۆشن، چونکە هێشتا ڕاستییە خەستەکانی داهاتوو نەهاتوون، چونکە ڕاستییە خەستەکانی ڕابردوو هی سەردەمی لاویەتی و پیر نەبوونی مێشکن، چونکە ڕاستییە خەستەکانی ئێستا تا نەبن بە ڕابردوو، نازانی دەمێننەوە یان نامێننەوە. ئەی ئەوە نییە درۆکانی "حەمە چاوەش"، "نەداری و هەژاری"، "هاتوچۆی ڕێگای دووردرێژی هەفتانە" ڕابردوو لە "جەردە" کوێر ناکەنەوە!

دەروونی مرۆڤ و واقیع دوو ئاوێنەن بەرامبەر بە یەکتر: زایەڵەی وێنەکان تا قووڵاییەکانی بوون. وێنەکان نەگۆڕ نین، دەگۆڕدرێن، چونکە هەم واقیع دەگۆڕدرێ و هەم دەروون. کەواتە: زایەڵەی وێنە بگۆڕەکانی تا قوڵاییەکانی بوون. ئەی ئەوە نییە وێنە واقیعییەکانی ژیانی ئێستا و ڕابردووی "جەردە" دەکەونە بەرانبەر وێنە دەروونییەکانی ژیانی ئێستا و ڕابردووی و "پایزه خەون" لەدایك دەبێ! واقیعی ڕابردوو وەك سیستەم تەنیا لە دەروونی مرۆڤدا بوونی هەیە.

مێژوو، وەك واقیعی ڕابردوو دێتە دەروونەوە. بەم شێوەیە مرۆڤ دەبێ بە خاوەنی ڕابردوو، بەڵام سیستەمی گشتیی ڕاستییەکانی ڕابردوو لە دەرووندا شەقار دەبن... کەرت کەرت دەبن. ڕابردوو بۆنی ئێستا دەگرێ. ئەم شێوەیە خوێندنەوەی مێژوو لە تاك ڕەهەندی قوتاری دەبێت، بەڵام بە پێی بۆچوونی دیکارت حەقیقەت تاکە. کەواتە خوێندنەوەیەکیان حەقیقەتە. ئەم حەقیقەتە تاقانەیەش لە پایزه خەوندا حەقیقەتی کاولکاری و چەوساندنەوە و ڕێگرتن بە ماف و خەونە سەرەتاییەکانی مرۆڤە.

کاتێك مرۆڤ لە نێوان ڕابردوویەکی زۆرینە تاڵ و داهاتوویەکی زستاناویدا دەوەستێ و هەست بە "ئێستا"ی ناکات، کاتێك "ئێستا" بزر دەبێت و بێ ڕەنگ دەبێ و مرۆ دەکەوێتە سەرەتاتکێیەکی ئەبەدییەوە، کاتێك مرۆ لە نێوان ماف و حەزە سروشتییەکان و سەرخانە سەرکوتکەرەکاندا ڕادەوەستێ و لە جێکاتی پاییزدا دەمێنێتەوە. ئاشکرایە کە خەون دەبێ بەو ئارەزووە پەرتەوازەی کە لە شیو و دۆڵان "بزنە بۆر" دەبێ بە کەلەشی بوونی.

لە خەونێکی وەهادا، داخوازییە سروشتییەکانی بوون، هەڵبەستە ئەخلاقییەتی مەزهەب و سوونەت لە لای مرۆڤ دەکا بەو درەختە ئەژدیها ئاسایەی کە شێخ و دەروێش و سۆفی و حاجی و ڕەشوڕووتی گوند لەسەر لکەکانی هەڵنیشتوون...

لە خەونێکی وەهادا دەوروبەر (قەشەکان و خەڵك و پۆلیس و شەوبان) وەك بوونێکی ئاوەژوو (هەمان بوونی ڕاستەقینەی دەرەوەی خەون) بەشداری دەکەنەوە و لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە ئێستا بوونەتە بۆچوونی "جەردە" قورسایی "بزنە بۆر" چەند قات دەکەن و گونی پیێ بەل دەکەن و بەسەر سینگ و سك و ناوك و ڕانیدا شۆڕ دەبێتەوە.

لێرەدا پاڵەوانی چیرۆك دەبێتە بوونێکی ژاناوی لە نێو هەموو دیاردە دەرەکی و دیاردە دەروونییەکاندا. لێرەدا ئیتر خۆشەویستیش دەبێ بە گوناح، هەموو شتێك هێمای گێنگڵ دانە. پاڵەوان لە چەقی گێژەنی ئەو ڕووداوانەدایە کە تێپەڕ بوون، بەڵام هەر ماون. هەموو شتێك دنەدەرە بۆ نوقم بوون لە گێژەنە دەروونییەکاندا. ئیتر قوتاربوون دەبێ بە ڕووداوێکی بە هەڵکەوت. ڕەنگە بەسەریدا بکەوێ یان نەکەوێ! بەڵام ڕووداوە بە هەڵکەوتەکانیش لەم ولاتە قەت ناچنە خانەی یاساوە، هەروەك هەڵکەوت دەمێننەوە! هەڵکەوتی هەمیشە هەڵکەوت!

* * *

بێگومان ئەوەی کە نووسەر لە لاپەڕە (٥)دا نووسیویە:

"بەو خوێندەوارانە پێشکەشە، کە دەزانن
چ دەخوێننەوە
چۆن دەیخوێننەوە
بۆچ دەیخوێننەوە"

جگە لە ئاماژە پێکردن بۆ بارودۆخی دیکتاتۆریانەی چاپی کتێبەکەی، پێشاندەری مەیلی نووسەرە بەرەو جیلی نوێی خوێندەوارانی ئەدەب و چیرۆکی نوێ، واتە نووسەر لێرەدا خوازیاری خوێنەرێکە کە بەشداریی چالاکانە لە دەقەکاندا دەکا. ئەمەش بێ هۆ نییە، چونکە (پایزە خەون)ی (محەمەد مەولود مەم) شکاندنی نەریتە ئاساییەکانی چیرۆکە و بە بەربلاوی لە تەکنیکی شەپۆلی هۆش و مەنەلۆگ و فلاش باك کەڵك وەرگیراوە. هەروەها مۆنتاجی کات و شوێن لە دەقەکەدا بوونی هەیە و نووسەر بە دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە مەنەلۆگەکانی "جەردە" ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك دەباتە نێو مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆی پاڵەوانی سەرەکییەوە (وەك لاپەڕە ١١). ئەمەش بە نیشانەی (-) دیاری کراوە و پێم وابێ تا ئێستا کەس کەڵکی لێ وەرنەگرتووە.

لە نێو چیرۆکەکەدا هەندێك کەموکوڕی لەبەرچاونەگرتنی دانانی نیشانەی تێدایە کە گرنگە لە کاتی چاپی کتێبەکەدا لەبەرچاو نەگیراون. بەهەر حاڵ بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٥)دا هاتووە:



"جارێك عەلە ئێختەی هاوڕێی، لەکن حەمە چاوەش بە ژمێریاری گوت:
- قوربان، مادام هەر بە ئێختە بانگم لێ دەکەن
- مادام پێتان وایە، منیش ئێختەییێکم، ئەدی بۆچ ڕۆژانەی ئێختەییێکم بۆ نانووسن؟
- بۆچ ڕۆژانەکەم، ناگەیەننە ڕۆژانەی ئێختەییێك؟"

کە دەبێ ئەم سێ ڕستەیە بە یەك نیشانەی (-)و بە شوێن یەکتردا و بێ دابڕکردنیان بنووسرێن.

* * *

پایزە خەون، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە، ڕۆمان نییە، بەڵکو چیرۆکێکی درێژە. بە ڕای من لە خانەی ئەدەبی کرێکاریدا جێی دەبێتەوە و بەسەرهاتی ئەو کرێکارانەی کوردستانە کە بە هۆی پەرەنەسەندنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری هێشتا چاویان لە ڕابردوویە و بەختەوەریی خۆیان لە نیمچە خاوەنداریەتی نێو گوندەکاندا دەبیننەوە. ئەو کرێکارانەی کە لە بیرەوەریی بوونیاندا ڕابردوویەکی بەهێز لە داگیرکەران و سستبوونی بنەمای کۆمەلایەتی و ئابوورییان بەدی دەکرێ..

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە(٢٦)ی ساڵی١٩٩٨، بڵاوکراوەتەوە.**

# خەون لە "پایزە خەون"دا

**دەریا جەمال حەویزی**

## پێشەکی:

چەندەها جار تەنگژەکانی زەمەن رووەو هەڵاتن دەستمان دەگرن، بەرەو جیهانێکی کپ و بێ دەنگ، ئەم جیهانەی کە چەندین ئاواتی تاڵ و شیرین وەکو شەونمی بەهار لەسەر چڵی دارەکانی دا دەردەکەون، کە جار جار لە شێوەی تەقینەوەیەکی ترسناك ئەم جیهانە کپە دەشێوێنێت و جارانێکیش بزە و خەندە دەخەنە سەر رووە پڕ لە ئاواتەکانی کەسی خەوتوو بە زەردەخەنەوە لەم جیهانەی دەردەپەڕێنن، ئەمەیە ئەم جیهانەی کە بە (خەون) ناسراوە کە ساتانێك هەیە لەوپەڕی دڵتەنگی شادومانمان دەکات و ساتانێکی تریش کۆشکی شادیەکانمان ئەلەرزێنێت.

خەون چییە؟! چۆن دروست دەبێت؟! ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە لە کۆنەوە بووە بە مایەی لێکدانەوەی چەندەها زانا و پسپۆڕی دەروونناسی وەك (سیگمۆند فرۆید) و (ئەلفرێد ئەدلەر) و چەندانی تر.

بێ گومان هەموو مرۆڤێك وا دروست بووە کەم یان زۆر خەون دەبینێت و ئەم خەونانەش جۆراوجۆرن: هەندێکیان خەونی خۆش و هەندێکیان ناخۆشن، بۆیە مرۆڤ هەردەم بەدوای راڤەکردنی خەونەکانیدا دەگەڕێت تاوەکو بە تەواوی تێی بگات.

## بەشی یەکەم: هەوڵێك بۆ پێناسەکردنی خەون

### ١. خەون لە روانگەی دەرونناسەکان:

خەون لەژیانی مرۆڤدا بایەخێکی زۆری پێدراوە تەنانەت بووە بەماددەی لێکۆڵینەوەی زۆربەی زانایانی دەروونناسی کە گرنگترین یان (سیگمۆند فرۆید)ە.

"فرۆید وای بۆ دەچێت کە خەون بریتییە لەو حەرام کراوانەی کە لە دەروونی مرۆڤدا کپ کراوە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە، بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو پێویستییانەی کە



لێیان بێ بەش بووین بەهۆی ئاکار و ئایین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو پێویستییانەی کە ناتوانین لە راستیدا ئەنجامی بدەین بۆیە لە بێ ئاگایی دا بیری لێ دەکەینەوە."[١]

بێ گومان گرنگی خەون لەوەدا دەردەکەوێت کە لە کتێبە ئاسمانییەکان و ئاسەوارەکۆنەکانی گەلانی وەك هیندی و چینی و عەرەبی و یۆنانییەکاندا دەردەکەوێت، بەهێزترین بەڵگەش بۆ ئەم راستییە ئەوەیە کە یەکەم مامۆستای یۆنانی کە بە (ئەرستۆ) ناسراوە نووسەرانی تەرخان کردووە بۆ بابەتی خەون "بۆیە خەون بایەخی لای فەیلەسوفەکان مایەوە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و لای فەیلەسوف و مامۆستاکانی دواتریش لە سەدە تازەکاندا"[٢].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زانا و فەیلەسوفەکانی یۆنان هەوڵیان داوە خەون بکەن بەبابەتی لێکۆڵینەوە سایکلۆژیەکان، بە جۆرێك کە هەر "لە سەردەمی ئەرستۆوە ئەم هەوڵە دەستی پێکردووە هەروەکو لە هەردوو کتێبەکەی ئەرەستۆدا ئەمە دەردەکەوێت کە خەون نێردراوێك نییە لە خواوەندەکانەوە و خاوەنی سیفاتی خواوەندی نییە بەڵکو جنۆکەییە، چونکە سروشتێکی جنۆکەیی هەیە"[٣]

کەوانە خەون هێزێکی لەبن نەهاتووی کاریگەرە و پەیوەندی بەو ئارەزووە کپ بووانەوە هەیە کە لە ژیانی راستەقینەی خەوتوودا دەرکەوتوون، بۆیە زۆرجار بۆ پێناسەی خەون دەگووترێت:"- خەون بریتییە لە ئەنجامدانی حەزە بەرزەکان"[٤]، واتە هەرکاتێك ئەو مرۆڤە لەژیانی ئاگاییدا نەگەیشت بە خەوەکانی ئەوا لە کاتی بێ ئاگایدا لە شێوەی خەون پێی دەگات.

بێ گومان سیگمۆند فرۆید تاکە زانای دەروونناسی نییە پێناسەی خەونی کردبێت بەڵکو چەندین زانا و پسپۆڕی ئەم بوارە هەوڵی ئەوەیان داوە، بۆ نموونە زانایەکی دەروونناسی کە ناسراوە بە (فیختە) لە پێناسەکردنی خەوندا دەڵێت:- "خەون یەکێکە لە نهێنییە سروشتییەکانی رۆح کە لە ناخدا کپ کراوە"[٥] واتە پەیوەستە بەنهێنییە شاراوەکانی ناو رۆح و گیانی ئەو کەسەی خەون دەبینێت هەر بەهۆی ئەوە (هافنر) خەون وا پێناسە دەکات:- "خەون بەردەوام بوونی ژیانی راستەقینەیە و خەونەکانمان هەردەم پەیوەندی بەو بیرەوە هەیە کە هەستی پێ دەکەن لە پێش روودانی."[٦]

### ٢. خەون لە ئاوێنەی بیروڕا ئایینییەکانەوە:

هەر لە کۆنەوە خەون جێگەی بایەخی مرۆڤ بووە و بەشتێکی پیرۆز داندراوە بەهۆی ئاماژە پێکردنی لەکتێبە ئاسمانییەکاندا، هەروەك لە قورئان و ئینجیل و تەروات دا ئاماژە بۆ چیرۆکەکەی (حەزرەتی یوسف) کراوە.

لەدێر زەمانەوە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا کەسانێکدا هەبوون کە بەدوای پیاوانی ئایینیدا دەگەڕان، بەم جۆرە بەدرێژایی سەدە رابردووەکان چەندین کەس پەیدابوون کە هەوڵیان داوە بۆ گرنگیدان بە بابەتی خەون و چەند نموونەیەکی کتێبە ئاسمانییەکانیان کردووە بەبەڵگە و پاڵپشت بۆ لێکۆڵینەوەکانیان و لەم رووەوە سوودیان لەتێکستەکانی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە و زۆر جار ئاماژەیان بۆ خەونەکەی (چیرۆکی حەزرەتی یوسف) کردووە چونکە لەم تێکستە قورئانییەدا دەردەکەوێت کە یوسف کاتێك خەون دەبینێت بۆ باوکی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:- "لە خەودا چاوم کەوت بە یازدە ئەستێرە و رۆژ و مانگ، هەموو ئەمانە لە ئاسمانەوە هاتنە خوارەوە بۆ ئەرز و سەری حورمەتیان بۆ دانەواندم"(٧).

بۆ لێکدانەوەی ئەم خەونە "(ابن عربی) پێی وایە کاتێك یوسف ئەستێرە و مانگ و خۆر دەبینێ کڕنووشی بۆ دەبەن ئەوانە براکانی و دایك و باوکیەتی کە ونبوون لە ناو بوونی ئەودا"(٨)

ئەم خەونە تاکە خەون نییە کە لە قورئاندا بەرچاو بکەوێت، تەنانەت لە ناو هەمان چیرۆکی قورئاندا باس لە خەونێکی شای میسر کراوە لەو کاتەی کە یوسف لە بەندیخانەیە، کاتێك کە شای میسر بەدوای لێکدانەوەی خەونەکەیدا دەگەڕێت گوێبیستی ئەوەدەبێت کە یوسف لەم بوارەدا شارەزایە بۆیە ئازادی دەکات تا خەونەکەی بۆ لێك بداتەوە، هەر بەم شێوەیە لە قورئاندا باس لە خەونێکی تریش کراوە کە بووە بە مایەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زۆر ئەویش خەونەکەی (حەزرەتی ئیبراهیم)ە کاتێك کە لەخەونەدا پێی رادەگەیەنن پێویستە ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێت و بیکات بە قوربانی.

بەم جۆرە چەند نموونەیەکی لەم شێوەیە لە قورئان و کتێبە ئاسمانییەکانی تردا بەرچاو دەکەون کە بووە بەهۆیەك بۆ گرنگی پێ دانی خەون لای نەتەوە جیاوازەکانی جیهان.



## بەشی دووەم: خەون لە ئەدەبدا

### ١. نموونەی بەکارهێنانی خەون لە ئەدەبی جیهاندا:

خەون وەکو تەکنیکێك لە زۆر بەرهەمی ئەدەبی جیهانیدا رەنگی داوەتەوە هەر لە دێر زەمانەوە دەورێکی کاریگەری هەبووە لەشاکارە جیهانییەکان دا ئەمەش زیاتر روون دەبێتەوە کاتێك کۆنترین داستانی جیهان بخەینە بەرچاو کە بریتییە لە داستانی (گەلگامێش)ی سۆمەری، لە داستانی (گەلگامێش) دا چەندین جار ئاماژە بۆ خەون دەکرێت بۆ نموونە:- کاتێك گەلگامێش خەون دەبینێت و بۆ دایکی دەگێڕێتەوە هەر وەکو لە ستوونی پێنجەمی داستانەکەدا هاتووە: "گەلگامێش لەوکاتە لە خەو هەڵساو خەونەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە و گوتی دایکە لە شەوی رابردوودا خەونێکم بینی......."(٩) و هەر لەهەمان داستانیشدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە کاتێك کە گەلگامێش و ئەنکیدۆی هاوڕێی چەند خەونێك دەبینن و ئەنجامەکەی لێکدەدەنەوە، هەر بۆیەش خەون لە لایەن نووسەران رۆڵێکی کاریگەری هەبووە و زۆرجار بەرهەمەکانیان لەسەر بنەمای خەون بنیات ناوە، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین پەیڕەوکەرانی گشت رێبازە ئەدەبییەکان بایەخیان بە تەکنیکی خەون داوە.

رۆمانسییەکان شوێنێکی بەرزییان بۆ خەون داناوە بە جۆرێك "لە ئەدەبی رۆمانتیکیدا شوێنی خەون کراوەتەوە و بووە بە مایەی خەریك بوونیان و وەکو بابەتێکی گرنگی فەلسەفەکەیان دەر کەوتووە"(١٠) کە ئەمەش کارێکی وای کردووە هەر لە سەرەتاوە پەیڕەوکەرانی ئەم رێبازە لە سەرتاپای جیهاندا هەردەم هەوڵی ئەوە بدەن کە لە بەرهەمەکانیاندا پلەوپایەکی بەرز بۆ خەون تەرخان بکەن و "بۆ ئەم مەبەستەش رۆمانسییەکانی ئەڵمان و فەیلەسوفەکانیان لەم مەیدانەدا رۆڵێکی چالاکیان گێڕاوە لە دوای ئەوانیش رۆمانسییە فەرەنسییەکان"(١١).

پەیڕەوکەرانی رێبازی رۆمانتیك وای بۆدەچن کە خەون هۆیەکە بۆ گوێزانەوە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر هەروەکو (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەڵێ: "خەون وەك پەنجەرەیەك وایە ژیانی سەردەمێك بە مرۆڤ پیشان دەدات"(١٢)، و هەر بۆیەش شارەزایان وای بۆ بچن کە رۆمانسییەکان لەم بوارەدا پێشڕەو بوون و لەم رووەوە دەڵێن: "رۆمانتیکییەکان بەهۆی ئەو دوورەپەرێزییەوە لە کۆمەڵەکەیان کەوتنە دوای سۆز و ئەندێشەی بێ پایانەوە و لە جیهانی راستەقینە بە تەواوی دوورکەوتنەوە بەدوای خەونە پیرۆزەکانیان وێڵ بوون"(١٣). بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەند بەڵگەیەك ئەوە دەردەخات کە "رۆمانتیکی یەکەم رێباز نەبووە لە بەکارهێنانی

خەون و خەیاڵ لە بەرهەمەکانیاندا بـەڵکو بـەکارهێنانی خـەون لـە ئەدەبدا مێژوویـەکی زۆر کۆنتری هەیە و لە سەردەمی ئەدەبی یۆنانییەوە دەستی پێ کردووە وەك شـانۆگەری (الفـرس)ی ئەسخیلۆس"[١٤]، هەروەها لە ئەدەبی ئەوروپیشدا چـەندین نموونـەی لـەم جـۆرە دەردەکـەوێت هەروەکو (ولیەم شکسپیر)ی گەورە نووسەری ئینگلیزی لە (١٥٦٤ — ١٦١٦ز) لە یـەکێك لـە شانۆکانیدا بەناوی (خەونی شەوێکی هاوین) ئەم تەکنیکـە بـەکاردەهێنێت[١٥]، هـەروەها بـەم شێوەش لە ئەدەبی فەرەنسیدا خـەون شـوێنێکی گرنگـی بـۆ تـەرخان کـراوە بـۆ نموونـە" لـە شانۆگەری؟. بۆلیوکت. دا کەلایەن (کورنی)یەوە دانـدراوە ئـەم تەکنیکـە بـەدی دەکرێـت کـە (بولیون) خەونێکی ناخۆش بە (بولیوکت)ی مێردیەوە دەبینێت"[١٦].

ئەمانەی باسکران چەند نموونەیەکن لە بەکارهێنانی تەکنیکی خەون لە ئـەدەبی جیهـانی دا. گەر لەم بوارەدا توێژینەوەی گەورەتر ئەنجام بدرێت و بێ گومان چـەندین نموونـەی تـریش بەرچاو دەکەون.

**٢.    خەون لە چیرۆکی کوردیدا:**

هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد خەون لە ئەدەبی جیهانیدا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و هەر بـەم جۆرەش لە ئەدەبی کوردیدا رەنگـی داوەتـەوە و "نووسـەران و شـاعیرانی کـوردیش وەکـو رەمـز پەنایان وەبەر خەون بردووە و دنیا جوان و دڵڕفێنەکەی ئەدەبیان دەوڵەمەندتر کردووە و خەون بۆتـە پەساپۆرتی پەڕینەوەی راز و نیازیـان"[١٧] و خـەون وەك تـەکنیکێکی گـرنگ لـە زۆر بەرهـەمی ئەدەبی کوردیدا دەردەکەوێت و"شاعیر و نووسەر بە هۆی خەون و خەیاڵەوە ئەو ئاوات و هیوایەی هەیەتی بە شێوەیەکی پڕشنگدار لە شێوەی خەونێکی خۆشدا پێشکەشی دەکات، بە پێـچەوانەش خـەون و خـەیاڵ بـۆ دواوە بریتییـە لـەو شـەوەزەنگ و تاریکییـەی وەك خـەوێکی نـاخۆش دەردەکەوێت"[١٨] و گەر بۆ نموونە چاوێك بە کتێبخانەی چیرۆکی کوردیدا بخشێنین چەندین نموونەی بەرزی ئەدەبی دەردەکەوێت کە لەسەر بنەمای خەون و خـەیاڵ وەسـتاوە، یـەکێك لەمانـە کورتـە رۆمانی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ە کە لە ساڵی ١٩٢٥ نووسراوە و لە چوارچـێوەی خـەونێك رووداوەکانی سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمود دەگێڕێتەوە[١٩].

کەواتە هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە خەون وەك تەکنیکێکی هونـەری لـە چـیرۆکی کوردیدا بەکارهاتووە و دواتـریش چـەندین نموونـەی لـەم جـۆرە دەرکـەتووە کـە زۆربـەیان بڵاوکراونەتەوە و چەندەها چیرۆکی لەم جۆرەش تا ئێستا دەستی چاپ و بڵاوکردنـەوەی پـێ نەگەیشتووە، هەروەك (جەلیل کاکـەوەیس) لـە وتارێکـدا دەڵێـت: ((هـەروا بـە رێکـەوت



ماوەیەك لەمەوبـەر دەستنووسـێکی چـیرۆکی (زێـوەر)ی شـاعیرم بـینی و بـۆم دەرکـەوت چیرۆکێکی باڵایە و تا ئێستا چاوی نەپشکتووە..."[٢٠]، بەپێی ئەو وتارە بێت ئەم چـیرۆکە بێ ناونیشانە و لەسەر بنەمای خەون بنیـات نـراوە هـەروەك لـە دوا رسـتەی چـیرۆکەکەدا ئاماژەی پێ دەکات کە دەڵێ "لەم وەقتەیەدا دەست کرا بە دەهۆڵ و زوڕنـا لێـدان... لـە تەقەی دەهۆڵ لە فیتەی زوڕنا لە خەو راپەڕیم..."[٢١].

واتە هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردییەوە ئەم تەکنیکە لە چیرۆکدا بەکارهاتووە و سوودی لێ وەرگیراوە وەکو یەکێك لەو تەکنیکانەی بـۆ دروسـت بـوونی چـیرۆك پێویستن، لەکتێبخانەی ئەدەبی کوردی دا جگە لـە (پایزەخـەون)ی محەمـەد مـەولود — مـەم- چەند چیرۆکێکی تر بەرچاو دەکەون کە لەسەر بنـچینەی خـەون بنیـاتنراوە، بـۆ نموونـە:- (لـە خەوما- جەمیل سائیب)، (لە خەونەکانی نامۆییێك. حەسەن جاف)، (خەونە سەوزەکان. سـابیر رەشید)، گەر چاوێك بخـشێنین بـەو چـیرۆکانەی کـە (حەسـەن جـاف) لـە ژێـر ناونیـشانی لـە (خەونەکانی نامۆییێك) بڵاوی کردۆتەوە چەن چیرۆکێکی کورتمان بەرچاو دەکەوێت کە تـەکنیکی خەونی تێدا بەکارهاتووە هەروەکو چیرۆکی (خەون) کە لە دوا رستەدا دەڵێ:- {ئێـستاش لـەو باوەڕەدایت خەون نییە} هەروەها چیرۆکی (چەند ساتێك لە یاداشتەکانی نامۆییێك) لە هـەمان کۆمەڵە چیرۆکدا کە بەم رستەیە کۆتایی دێـت: {بـەدەم پەلـەقاژێ و قـاچ و قـوڵ جوڵانـدن و هاوارکردنەوە چاوم کردەوە..}[٢٢].

هەر بەم شێوەیەش (محەمەد مەولود — مەم) لە بـەرگی دووەمـی چـیرۆکەکانیدا کـە بـە ناونیشانی (چیرۆکەکانی مەم) بڵاوکراوەتـەوە لـە ژێـر ناونیـشانی چـیرۆکەکانی (عاجبـاتی هەشتەم)، (ئەو گورگەی یوسفی خوارد)، (دۆزینەوە)دا رستەیەکی نووسیووە کە بریتییە لـەم چەند وشەیە: "{بەشێکە لە زنجیرەی خەونەکانم}"[٢٣]، سەرەڕای ئەمانـەش لـە لاپـەڕەکانی گشت رۆژنامە و گۆڤارەکاندا چەندین چیرۆکی کورت دەرکـەوتووە کـە بەهـەمان شـێوە ئـەم تەکنیکەی تێدا بەکار هاتووە، بۆ نموونە:. (خەونی شەوێك. ئیـسماعیل رەسـول)، (خـەون و خۆزی. محەمەد سەلیم)، (خەوزڕان. حسام کـەریم)، هـەروەها پیرەمێـردی شـاعیر لـە ژێـر کاریگەری (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی ئەم داسـتانەی نووسـیوەتەوە بـەلام خـستوویەتییە قاڵبی خەون.

بەم شێوەیە لە رێگەی ئەم نموونانەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە لـە چـیرۆکی کوردیـشدا خەون رۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری دیوەو بەشێکی گرنگـی تـەکنیکی چـیرۆك نووسـین پێـك

دەهێنێت. سەرەڕای ئەوەش جگە چیرۆك لە شیعریشدا ئەم تەکنیکە بەرچاو دەکەوێت کە لێرەدا پێویست بە باس کردنی ناکات بەهۆی تایبەت کردنی باسەکەمان تەنها بە چیرۆك.

## بەشی سێ یەم

### خەونەکەی رەشید جەردەی پاڵەوانی پایزە خەون:

خەون بە دیاردەیەکی گرنگ و بەرچاو دادەنرێت لە ئەدەبدا و کارێکی وای کردووە کە ئەدەبی کوردی یەکێك بێت لەو ئەدەبانەی کە لە بەکارهێنانی خەوندا لە ریزی پێشەوەن و لەم رووەوە چەندین نموونەی جۆراوجۆر دەکەوێت لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا، هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد و چەند نموونەیەکمان لەم بوارەدا خستە بەرچاو کە یەکێك لە بەناوبانگترین چیرۆکی لەم جۆرە بریتییە لەو چیرۆکەی (محەمەد مەولود مەم) کە بە (پایزە خەون) ناو نراوە، "لە چیرۆکی پایزە خەوندا چیرۆکنووس بە لێهاتوویی و زیرەکی خۆی تەکنیکێکی گرنگ لە دەربڕینی ئەدەبیدا بەکاردەهێنێت کە بریتییە لە دروست کردنی ئاوێتەیەك لە نێوان ژیانی راستەقینە و ژیانی ئەفسانەیی مرۆڤ"[٢٤]، (مەم) لەم بەرهەمەی دا هەولی داوە لەڕێگەی پەنابردن بۆ خەونێکی پایزی — جەردە- ی کرێکار کەموکورتییەکانی کۆمەڵەکەی دەربخات و هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمە و چەرمەسەریانە دەربخات کە کرێکارێکی کوردی وەك -رەشید جەردە-ی شاکەسی چیرۆکەکە لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزەکاندا دووچاریان بۆتەوە. هەروەکو چیرۆکەدا نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێ:- "رووداوەکانی ئەم داستانە دەگەڕێتەوە سەردەمی عوسمانلییەکان و داگیرکەرە ئینگلیزەکان لە عێراق و کوردستاندا"[٢٥] کەواتە نووسەر ویستوویەتی لە رێگەی ئەو خەونەوە سەبارەت بە ژیانی کورد لەم سەردەمە زانیارییەکمان پێ بدات هەروەکو لە هەمان شوێن دا دەڵێ: "ویستومە خەڵکی نووستوو لە ئازارەکانیان هۆشیار بکەمەوە"[٢٦] کەواتە مەم هەولی داوە بە قوڵایی نالەبارییەکانی کۆمەڵەکەی دابچێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەڵساوە بەهەڵبژاردنی ئەو کرێکارە و رووداوەکانی چیرۆکەکەی دەکات بە خەونی شەوێکی جەردە و ئەوە پیشان دەدات کە لە رۆژی هەینی دا زۆر بە هیواوە لە شوێنی کارکردنەکەیدا چاوەڕێ ژمێریار دەکات تاوەکو خەرجییەك بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات چونکە جەژنی قوربان نزیك بۆتەوە بۆیە هەر لەبیری ئەوەدا دەژی کە لە هەوڵدانەکەی سەرکەتوو بێت و جەژنێك بکات کە بە جەژنان بچێت بۆیە لەبەرخۆیەوە دەڵێ: "لەوەتەی هەرزەکارم... نەمانزانیوە تام و رەنگ و بۆی جەژن چییە؟"[٢٧]

بەم جۆرە نووسەری پایزە خەون" لەناو خەونە ریالیزمانەکەی مێشکی بێ ئاگایی پاڵەواندا



بەرەبەرە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سەیر و راستگۆیانە چەوسانەندنەوەی چینایەتی و گرنگی نەدان بە مرۆڤ دەردەخات"[٢٨]، و لە چوارچێوەی ئەم خەونەدا ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم کرێکارە و نموونەی ئەم لەم رۆژگارەدا لە بارێکی ئابووری زۆر خراپدا ژیاون و تەنها بۆ پەیداکردنی پاروەنانێك چەند رۆژێك خێزانەکەیان بەجێ هێشتووە هەروەکو لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت "گەر نووسەری پایزە خەون لە تەك ئەشکەنجەی هەژاران دا نەکولاَبێ هەرگیز لەو جۆرە چیرۆکانەی پێ نەدەهاتەبەر و هەستی بە گیرفان بەتاڵی رەشۆ نەکرد و گیسکی بزربوو لە شوان و دابڕبوو لە رانی نەدەهێنایە کایەوە تا نیوەی دوایی چیرۆکەکەی پێ مەیسەر بکات لە بەر ئەوەی کاسەی جەژنی ماڵ و منداڵی رەشۆی پێ دابین بکات"[٢٩].

(مەم)ی چیرۆکنووس لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەیدا لە رێگەی تەکنیکی (فلاش باك)ەوە هەوڵ دەدات ئەوەمان بۆ دەردەبخات کە شاکەسی چیرۆکەکە بە درێژایی تەمەنی هەر لە هەژاری و نەهامەتی و دەربەدەری دا ژیاوە و "وێنە واقعییەکان ژیانی ئێستاو رابردووی -جەردە-ی کرێکار دەکەونە بەرامبەر وێنە دەروونییەکانی ژیانی ئێستا و رابردووی و. پایزە خەون. لەدایك دەبێ"[٣٠] بە جۆرێك کە لە رێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەم راستییە دەسەلمێنێت کە "ئەوەی چیرۆك بنووسێ پێویستە ئەوە بزانێ نووسەر کاتێ کەسێك لەکۆمەڵ هەڵئەبژێرێ مەبەستی ئەوەیە لەڕێی ئەو تاکە کەسەوە رووناکی بخاتە سەر هەڵس و کەوت و سایکۆلۆژیای چینەکەی"[٣١].

بەم جۆرە "دانەری پایزە خەون بارو زروفی رەشید پاڵەوانی چیرۆکی بە چەشنێکی پتەوی وا دارڕشتووە کە گوزەرانی ئەو کەسێتییە سەرەکییە بگونجێ لەگەڵ واقع دا"[٣٢] هەروەکو خۆی لە ووتارێك دا دەڵێ:- "ئەوسەردەمە کتێب لە نان هەرزان تر بوو، پتر کتێبم دەخوێندەوە، چیرۆکنووسە گەورەکانم ناسی، (چیخۆف)م ناسی... (چیخۆف) رێگای چیرۆك نووسی پیشان دام، پاڵی پێوەنام قوڵتر بەدەریای چیرۆکدا نقوم ببم"[٣٣] لەمەوە توانیویەتی لە پایزە خەوندا وەسفێکی جوانی دیمەنەکانی ئەم ناوچەیە بکات و بۆ وەسف کردنی کاتی چیرۆکەکەش دەڵێ لەو کاتەی کە"رۆژخوێنی لە رۆژئاوادا رژابوو"[٣٤] واتە ئێوارەیەکی درەنگی پایزە و رەشید دەیەوێت بگاتەوە ماڵ، بێ ئەوەی هیچ شتێك شك ببات بیدات بە منداڵەکانی و"... بە هیچ ناگات هەموو ئاوات و خواست و ئارەزووی لە خەونێکی پایزە پتر دەرناچێت"[٣٥]، نووسەری ئەم چیرۆکە هەولی داوە سوود لەم چیرۆکانە وەربگرێت کە لە رێگای خەونەوە رووداوەکانیان بنیات نراوە و لە پایزە خەونەکەیدا ئەم رووداوانە دەردەخات کە کرێکارێك ئەنجامیان دەدات و هەموو رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەخاتە ناو چوارچێوەی ئەم خەونەی کە (رەشید جەردە)ی کرێکار لە رێگەی ئەم خەونەوە دەگات بەو ئاوات و خۆزگانەی کە لە دڵ و دەروونی دا دەخولێتەوە و هەموو ئەمانەش لە گیسکەبۆردا دەردەکەون کە رەشید جەردە هەوڵ دەدات دەستگیری بکات تاوەکو بیکات بە خواردنی جەژن بۆ ماڵ و منداڵەکەی.

(مەم) هەروەك پەیڕەوكەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیك هەوڵی داوە پایز بكات بە نیشانەی هەڵوەرینی حەز و ئاواتەكان و لەگەڵ گەڵاڕێزان و وەرینی گوڵەكان یەكی بخات و بیكات بەناونیشانی ئەو چیرۆكەی كە تەنها لە خەونێكی بێ ئەنجام پتر نییە و هیچ ئاواتێكی مەیسەر نابێت و هەروەكو چۆن" شاعیر و نووسەرانی ڕۆمانتیكی لە سەرەتاوە خەون بە دوارۆژەوە دەبینن بەڵام دوای ئەوەی ئەو ئاوات و هیوایەیان دەستگیر نابێت تووشی ڕەشبینی دەبن"[36]، بەم جۆرە ڕەشید جەردەش كاتێك كە هەست دەكات ڕووداوەكان تەنها بریتی بوون لە خەونێكی بێ ئەنجام ناچار دەبێت بە واقیعەكە ڕازی بێت و دووبارە بگەڕێتەوە خەونەكەی.

ئەوەی پایزەخەون بخوێنێتەوە دەگات بەو ڕاستییەی كە ڕەشید مرۆڤێكی موسڵمان و خاوەن بیروباوەڕێكی ئایینی بەهێزە بۆیە كاتێك بە هۆی گیسكەكەوە ماندوو دەبێت و لە بیری دەچێت دوعا بۆ گۆڕستانەكانی سەر ڕێگای گوندەكە بكات زۆر خەفەتبار دەبێت بۆیە لە دڵی خۆیدا دەڵێ:- "خوا حەمەچاوەش و گیسكەبۆر بگرێ... دەنا گەنگێ لە نەریت و دەستووری موسوڵمانەتی لام داوە"[37] كەواتە بە ناحەق نازناوی جەردەی بەسەردا دەسەپێنن ئەگینا زۆر لەوانە دوورە كە بە جەردە ناودەبرێن بۆیەش ڕەشید لەبەرخۆیەوە دەڵێ: "ئەو سەردەمە ئەوەی بەڕاستی جەردە نەبوایە.. ئەوەی دز و درۆزن و پیاوكوژی ئاغا... نەبوایە... بە جەردە حیسباب دەكرا"[38] بۆیە لەوكاتەشدا كە گیسكەكە دەدۆزێتەوە هەست بە ناڕەحەتییەك دەكات و بەردەوام بیر لەو كردارەی دەكاتەوە تا دەگاتە ئەو حاڵەتەی بیانوویەك بۆ كردارەكەی بدۆزێتەوە و بڵێ:- "ئەگەر خاوەنێكی لێ پەیدا بوو دەنا بە خێری خاوەنی.... بۆ بچووكان دەیكەم بە چێشتی جەژن.... هەر خوداش ڕازی نابێ لێرەكانە وازی لێ بێنم"[39]، بەم جۆرە لە شەوڕۆیەكەی دا بەردەوام دەبێت بەڵام گیسكە بۆر وەك مێردەزمەیەكی ترسناك هەموو ئاوات و هیواكانی هەڵدەوەشێنێتەوە و سەمفۆنیای ترسناكی (هەجەردە جەردە)ی بۆ دەڵێ تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی بەم حاڵەتە وەڕسێ بكات و هەست بە ترس و لەرزێكی زۆر بكات" كاتێك كە وای هەست كرد گرانایی چیاكەی سەفین هەمووی لەو گیسكە بەدفەڕە كۆبۆتەوە"[40] بۆیە دەگات بەوەی گۆڕانی بواری كۆمەلایەتی بەهۆی خەون نابێت بەڵكو بە پێچەوانەوە" لە ئەنجامی ئەو خەون بینینەی دا ئەوەی لە لا ڕوون دەبێتەوە كە نەك تەنها خەونەكەی شتێكی هیچ و پوچ و بێ مانایە[41] بەڵكو لە هەمان كاتدا ئەوەش دەردەكەوێت كە هەر كاتێك خەونێكی درۆزنی وەك. گیسكە بۆر. ببینێت ئەوا هەر لە پیاوانی ئایینییەوە گاڵتەی پێ دەكەن و سەمفۆنیای ڕوخێنەری بۆ دەڵێت تا دەگاتە ژن و منداڵی گوندەكەی و هەر هەموویان لە شێوەی باڵندەی سەیر و سەمەرە لە دارچنارە گەورەكەی بەردەم مزگەوت دەردەكەون و ئەمە دووبارە دەكەنەوە و كاتێكیش كە بە هەموو هێز و توانایەوە هاواری دەكرد و هەوڵی دەدا. تۆما. و.



سلیوە.ی هاوڕێ وەڵامی بدەنەوە هیچ وەڵامێكی دەست نەكەوت و هەموو هەوڵدانەكەی بێ سوود بوو، ئەم حاڵەتە بە جۆرێك كاری تێ كردبوو" هەناسەی تەنگ ببوو، خەریك بوو چاوەكانی لە كەللەسەری دەرپەڕن، خنكەخنكی گەرووی دەهات،.... لە ژێر باری ئازاری لەش و گیانی مێشكی تەزی بوو... ئاگای لە دەوروبەری خۆی پچڕا"[42].

ئەمانەش ئەو ڕاستییە دەردەخەن كە "خەونەكەی جەردە ڕەنگدانەوەی ئاواتی وەدەستهێنانی ئەو پێداویستییانەی ژیانی بووەو خەونی پێوە دیوە"[43] بەڵام كاتێك كە هەست دەكات "خۆ لەبەر ئەو هەموو گۆڕین و قوتبونەوە سەیرەی دەوروبەری پێ ڕاناگیرێ هاوار دەباتە بەر. خدری زیندە. و لەگەڵ ئەو كەین و بەینەدا لە خەو ڕادەپەڕێ و بەئاگادێتەوە"[44].

محەمەد مەولود. مەم هەوڵی داوە لێهاتووانە لە ڕێگەی خەونێكەوە وەسفی ژیانی ڕەشیدی كرێكار و نموونەی ئەم بكات لەو سەردەمەدا كە ئاماژەی بۆ كردووە، بە جۆرێكی وا ئەم كارەی ئەنجام داوە كە توانیویەتی ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت" ئەگەر نووسەر دەقاودەق ڕووداوێكی گێڕایەوە یان بەو پەڕی دەست پاكییەوە بەسەرهاتی كەسێكی نووسییەوە ئەوا ئەو نووسەرە مێژوونووسە نەك چیركنووس"[45] بۆیە چیرۆكەكەی بە شێوەیەك داڕشتووە"ئەوەی لە خوێندنەوەی. پایزە خەون. تەواو دەبێ هەست دەكات ئەم خەونە بەشێك لە خولیا و سكاڵای مرۆڤ"[46] و لە ڕێگەی ئەم خەونەوە نووسەر هەوڵی داوە بۆ خوێنەری كوردی دەربخات كە ڕەشیدی كرێكار ناتوانێت بە خەونیش بگات بەو هیوا و ئاواتانەی كە هەوڵی بۆ دەدات و هەر كاتێكیش كە لە ڕێگەی ئەم خەونەوە بگات بە كەمترین ئاوات و خۆزگە ئەوا هەموو خەڵكانی دەوروبەر و دانیشتوانی گوندەكە لێی دەبن بە دوژمن و هاواری لێ دەكەن. بۆیە كاتێك كە لە خەوەكەی ڕادەپەڕێت وەك موسڵمانێكی خاوەن بیروباوەڕێكی بەهێز لەبەرخۆیەوە دەست دەكات بە دوعا و پاڕانەوە و زاراوەی (لاحەولە وە لاقوەتە) چەند جارێك دووبارە دەكاتەوە و لێفەكەی لەسەرخۆی لادەدات و دوای ئەوەی كە ئاگرەكە دەگەشێنێتەوە و منداڵەكان دادەپۆشێت هەوڵ دەدات دووبارە بگەڕێتەوە ناو جێگاكەی و بخەوێت، بەڵام لەو كاتەدا باڵندەیەك هەست و هۆشی دەبزوێنێت و چونكە باڵندەكە (كوندەبەبۆ)یە كە بە بۆچوونی گەلانی ڕۆژهەڵات ئەم باڵندەیە لەهەر ماڵێك بخوێنێت تووشی بەڵاو كارەساتی دەكات. بۆیە نەیتوانی خۆی لەمە بێ دەنگ بكات و هەوڵی دا هەڵیبفڕێنێت و دوای ئەوەی كە پەلە دارێكی بۆ هاوێشت "لەبەرخۆیەوە گووتی دەبڕۆ هەی ئاو و ئاوچی.... دەبڕۆ هەوارت كەلاوەی كۆشكی زۆرداران بێ"[47] دوای ئەمە گەڕایەوە ناو جێگاكەی و "ماوەییێك بەسەرچوو نەیزانی زۆر بوو یان كەم كە خەو لە ناو شەپۆڵەكانی خۆی لولی دایەوە"[48].

كەواتە دوای ئەوەی لە پایزە خەونەكە و لە دەست چەرمەسەرییەكانی گیسكەبۆر ڕزگاری بوو دووبارە گەڕایەوە جیهانی خەون و بێ ئاگایی و بەتەواوی كەوتەوە قوڵایی خەو.

# ئەنجام

لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێت کە خەون تەکنیکێکی گرنگە لە ئەدەبدا و زۆر جار بووە بە ماددەی دروست بوونی بەرهەمی ئەدەبی هەروەکو لەمەو پێش چەند نموونەیەکمان دەرخست.

(مەم)ی چیرۆکنووس هەروەك لە لێکولێنەوەکە دەرکەوتووە ئەم تەکنیکەی لە ئەدەبی جیهانی وەرگرتووە و بە مەزراندنی لەلایەن ئەفسانەی کوردییەوە ئەم چیرۆکەی لێ دروست کردووە، لە چیرۆکەکەی دا خەونی تێکەڵ کردوووە بە ژیانی راستەقینەی مرۆڤ و رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە لە چوارچێوەی خەونی کرێکارێك پیشان دەدات کە بەوپەڕی هیواوە خەون بە هاتنەدی ئاواتەکانی دەبینێت.

نووسەر لە چیرۆکەکەی دا دەریخستووە کە لەم سەردەمەدا بە هۆی ناهەمواری باری ئابووری و رامیاری کۆمەڵگا (رەشید) و نموونەی وەك ئەم نەیانتوانیووە بە بچووکترین ئاواتی خۆیان بگەن، بۆیە هەوڵی داوە لە رێگەی خەونەوە ئاواتەکانی ئەم کرێکارە بهێنێتەدی، بەڵام ئەویش لە کۆتایدا مایەپوچ دەبێت.

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئەم تەکنیکەی لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت زۆر لەمە مەزنترە کە لەم چەند لاپەڕەیەدا باس بکرێت و دەبێ بە هیوای ئەمە بین لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی زۆر لەمە بەرزتر و شایستەتر لەم بوارە گرنگەی ئەدەبدا ئەنجام بدرێت.



# پەراوێز و سەرچاوەکان:


١. مصطفي محمود، الأحلام/ مطبعة دار الهناء للطباعة، ص ٢٠.

٢. سيجموند فرويد، تفسير الأحلام، ت. مصطفى صفوان، راجعه: مصطفى زيور، مطبعة دار المعارف، قاهيرة، ص ٧.

٣. سيجموند فرويد، تفسير الأحلام، ص٤٤.

٤. مصطفي محمود، الأحلام ص٢٠.

٥. سيجموند فرويد، تفسير الأحلام، في سيبل موسوعة النفسية -٥-، بيروت — من منشورات مكتبة الهلال، ١٩٧٨، ص١٨.

٦. سيجموند فرويد، الأحلام، ل١٩.

٧. بۆ شی کردنەوەی ئەم ئایاتە پیرۆزە سوودم وەرگرتووە لە کتێبی (تەفسیر نامی)، مەلا عبدالکریم مدرس، محمد علی قەرەداغی ئامادەی کردووە، بەرگی چوارەم، ١٩٨٤، ل ١٩٨

٨. شیعر و زمان لە چوارشێوەی خەودا، عیرفان مستەفا، گ. رامان، ژ ٢٩، ل٢٠.

٩. طه باقر، ملحة جلجامش، وزارة الأعلام العراقية، دار الحرية اللطباعة، بغداد، ١٩٧٥، ص ٦٧.

١٠. د. محەمەد غنيمي هلال، الرومانتيكية، مطبعة دار العربي، القاهرة ١٩٧١، ص٧٢.

١١. د. محەمەد غنيمي هلال، هەمان سەرچاوە، ٧٣.

١٢. د. محەمەد غنيمي هلال، هەمان سەرچاوە، ٤٤.

١٣. خورشید رەشید ئەحمەد، رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل ٧٧.

١٤. خورشید رەشید ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

١٥. فاضل سمير، مسرحيات شكسبير، الجزء الثاني، ص ٣-٢٠ (د.ت).

١٦. خورشید رەشید ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

١٧. ئازاد حەمەدەمین یونس، پایزە خەونێك لە بناری سەفیندا، گ. مەم، ژ.(١)، ل٤٤.

١٨. خورشید رشید ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

١٩. جميل صائب، لە خەوما، پێشكەش كردن و لێكۆڵینەوەی جەمال بابان، چاپخانەی كـوڕی زانیـاری كورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٢٠. جەلیل كاكەوەیس، یەكەمین چـیرۆكی هونـەری كوردیـان كامەیـە؟ ڕۆژنامـەی هاوكـاری، ژ٧٨٨، ١٩٨٥/٥/٩، ل ٧.

٢١. جەلیل كاكەوەیس، هەمان سەرچاوە، ل ٧.

٢٢. حەسەن جاف، لە خەونەكانی نامۆیێك، ١٩٨٦، ل ٩ — ٤٧.

٢٣. ئازاد حەمەدەمین یونس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

٢٤. نجاه حمید أحمد، حلم خریفي و البنییة المتحولة، م. گولان- العربی، ع ٤٢ ص ١٦٨.

٢٥. محمد مەولود — مەم — پایزە خەون، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكلادنـەوەی كـوردی، چـاپخانەی (دار الحریة) بەغدا، ١٩٨٧، ل ٧.

٢٦. محمد مەولود — مەم — پایزە خەون، ل ٧.

٢٧. محمد مەولود — مەم — هەمان سەرچاوە، ٢٨.

٢٨. ئازاد حەمە شەریف، هۆشیاری كۆمەڵایەتی لە پایزەخەوندا، گ. بـەیان، ١٦٠، ت ١٩٨٢/١، ٣٣ — ٣٤.

٢٩. عبدالله حەمەسور، دەستەوارەیەك بۆچوونی ڕەخنەگرانە بۆ پایزەخـەون هەڵدەچـنم، گ. كـاروان، ژ ٦٧ ، ل ٣٨.

٣٠. فەروخ نیعمەت پور، ڕۆچونێك بە پایزەخەوندا، گ. ڕامان، ژ ٢٦، ل ٢٣٧.

٣١. حەمەسعید حەسەن، پاڵەوان و ڕووداو لە ئەدەبی كوردی دا، گ. كاروان، ژ ٤، ك١٩٨٣/٢، ل٧٤.

٣٢. عبدالله حەمە سور، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

٣٣. محمد مەولود — مەم، مەم بە قەلەمی مەم، بڵاوكراوەی ڕۆڤار، ٢، ل ٣٩.

٣٤. محمد مەولود — مەم — پایزە خەون، ل ٩

٣٥. ئازاد حەمە شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

٣٦. خوشید ڕەشید ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

٣٧. محمد مەولود — مەم — ، هەمان سەرچاوە ل ٤٣.

٣٨. محمد مەولود — مەم — ، هەمان سەرچاوە ل ١٤.

٣٩. محمد مەولود — مەم — ، هەمان سەرچاوە ل ٣٣.

٤٠. محمد مەولود — مەم — ، هەمان سەرچاوە ل ٤٤.



٤١. محمد مەولود — مەم — ، هەمان سەرچاوە ل ٥١.

٤٢. محمد مەولود — مەم — پایزە خەون، ل ٥٢.

٤٣. عبدالله حەمە سور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

٤٤. ئازاد حەمەدەمین یونس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

٤٥. حەمە سعید حەسەن، پاڵەوان و ڕووداوە لە چیرۆكی كوردی دا،. كاروان، ژ٤، ل ٧٤.

٤٦. ئازاد حەمەدەمین یونس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

٤٧. محمد مەولود — مەم — پایزە خەون، ل ٥٥.

٤٨. محمد مەولود — مەم — هەمان سەرچاوە ل ٥٦ *.

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ئاینده) ژمارە (٦٩)ی تشرینی یەكەم (٢٠٠٦)دا بڵاوكراوەتەوە.

# وەسف لە "پایزە خەون"ی مەمدا

زرار عەبدوڵڵا سەرتاش

نازانم لە چییەوە دەست پێ بکەم لەو فانۆسەی لەم مەڵبەندە تاریکستانە بەنێوچاوانی دێرەکەی مەڵبەندی منداڵی و برسیەتی (مەم) دەدرەوشایەوە. ئەم ڕووناکییە لە دوورەوە لە دوورییەکی ئێکجار سامناك و مەرگکێشدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە مەمی بانگ دەکرد. لەوانەشە پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەر مەم خۆی بێ.

ئیدی لەم تروسکاییە چەندین شتی گەورە گەورە و نائاشنای بەرجەستەی فانتازیای خۆی کردووە، هەر یەکێ ئەگەر هاتوو ئەم ڕۆمانەی خوێندەوە ئاشنای جوغرافیای شەقڵاوە نەبێ ئەوە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە ڕاوێژکارە و خوێنەر ئاشنای هەموو دۆڵ و چیا و تلەبەرد و مەڵبەندە دێرینەکەی خۆی دەکات لەلایەکی تر. کەش هەمان کەشی باب و باپیر و مەڵبەندی شەقڵاوەی لەناو ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی باڵادەستانە بەکار بردووە..

مەم لە سەرەتای چیرۆکنووسییەوە کێشەیەکی دیار و باڵاگەورەی بەسەر دنیای فیکر و هونەریدا کێشاوە کە ململانێی چینایەتی.. لە سەرووی ئەوەشدا چیرۆکەکانی کەش و ئاو و هەوا و پێداویستییەکانی نەتەوایەتی خۆی بەجێ هێناوە.. ئیدی لەم چەند دێرەوە دەچینە ناو دنیای ئەفسوون و سیحر ئامێزەکەی پایزە خەون. کاتێ کە چاودێری کارەکە ئەم مژدەیە بەکرێکارەکان دەدات، جەردەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەم کێشەیە وەك دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەردەوامە ئیدی ڕەشیدی کرێکار چاوەڕوانی جەژنە و دەیەوێ لە پارەی مانگانەکەی پارووی چەور دەرخواردی منداڵەکانی بدات.. لێرەدا هونەر و باڵادەستی و هۆشمەندی ڕۆماننووس بە دیار دەکەوێ لەناو خەونە گەورەکەدا چەندین خەونی بچووك بچووك دەبینێ. مەمی نەمر زۆر وەستایانە باسی زەحمەتکێشانی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن لەو کاتەدا بەدەست خاوەن کارەکان چەوساونەتەوە. ئەوەی لێرەدا بلیمەتی و کارامەیی مەم بەدیار دەخات چەوساندنەوەی کرێکارەکانە لە کوردستان بەبێ جیاوازی لە نێوان ئایینە جۆر بەجۆرەکانی



کوردستان. دەبینین مەم باسی دوو کرێکاری دیان دەکات هەمان دەرد و ئازاری جەردە ئەچێژن کە ئەویش (سلێوە و تۆمەن).

کە مرۆ پایزە خەون دەخوێنێتەوە سەری سوور ئەمێنێ لە کارامەیی باسکردنی جوغرافیای ناوچەکە و واهەست دەکات کە ڕۆماننووس بەکامیرای سینەمایی وێنەی سروشتی ئەم ناوچەیەی گرتووە. دەبینین مەم وەسفی پایزە وەختێکی درەنگمان بۆ دەگێڕێتەوە. وەرینی گەڵای دارەکان بەفرمێسك نیشانی خوێنەر دەدا. کاتێ وەسفی سروشت دەکات. با بزانین مەم چۆن بە چ جۆرێ وەسفی سروشتمان بۆ دەکات بزانین کە ڕوو لە چیای پیرمەم دەکات دیمەنی ڕۆژ ئاوابوون بە چ جۆرێ نیشانی خوێنەر دەدا و دەڵێ "ڕۆژ خوێنی لە ڕۆژئاوا ڕژابوو" مەم بەدەم ڕێگاوە لە کوڕێی دامێن پیرمام دەست پێ ئەکا و هەنگاو هەڵدێنێ بۆ گەڕانەوەی بەرەو ماڵ. لە ڕێگاوە هەزاران خەیاڵ لە مێشکیدا سەر هەڵئەدەن. لە ناکاو دەنگی قاسپەی کەوێکی لە ڕەو جێماو زنجیرەی بیری ئەپچڕێنێ و سەر هەڵئەبڕێ و تەماشای کەوەکە دەکا و دەڵێ دەبێ ئەمە بۆ لە ڕەو دابڕابێ. دابڕانی کەوەکە لە ڕەو لەگەڵ ئاوارە بوون و دێ سووتانی خۆی تێکەڵ دەکات.

بە چ تەکنیکێك مامەڵە لەگەڵ وشە دەکات و چۆن باسی هێرشی دوژمن بۆ سەر دێیەکەیان دەکا و کە چۆن دوژمنان دێکەیان خاپوور و وێران کردووە و ئەویان لە دایك و خوشکە بچووکەکەیان دابڕاندووە.

کاتێ ئەگاتە پێچی شێرەسوار بزانین چۆن مەم دێ وەسفی دارستان و دارەبەڕووە گەورەکان دەکا و دەڵێ دارستانەکە خۆی لە پێخەفی ئەستووری ڕەش لوول دابوو. دار بەڕووە زلەکان وەك ڕەشماڵ لەناو بۆرایی ڕەشایی دارستانە چڕەکە کە سەریان هەڵدابوو. ئەمجارەیان دێ باسی جوامێرێکی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە زۆر لێهاتوانە وەسفی یاخیبوونی ئەم جوامێرەمان بۆ دەکات. ئەویش باوکی ڕەشیدی کرێکارە کە خەڵکی بەجەردەیان ناوبردووە. خەڵکی ناوچەکە بۆ ڕەشیدیان گێڕاوەتەوە کە باوکی چ مێرخاسێ بووە لە ناوچەکەدا لە هەموو گۆڤەندێکا میر کوڕ و سەرچۆپی گێڕ بووە. بەیەك نەفەس بەسەفیندا هەڵگەڕاوە. مەم بەمە ناوەستێ دێ وەسفی گۆڕایی خانزاد و کەپکی کایسان دەکا و خوێنەر بەم دوو شوێنە ئاشنا دەکات. وەسفی ئەم قارەمانانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە کاتی خۆی ئەو کەسانە سەریان بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت شۆڕنەکردووە و نەبوون بە ئەڵقە لەگوێی دوژمنان خەڵکی بە جەردە و ڕێگر ناویان بردوون چونکی ئەمانە دز و جەردە نەبوون بە ژیانی نۆکەری ڕازی نەبوون. ناچار پەنایان بردۆتە بەر

چیا و پێیان گوتوون جەردە. جەردەی کرێکار ئەمجارەیان بیری ئەچێتەوە لای حەمە چاوەش و ژمێریارەکە. بابزانین ڕۆماننووس چۆن وەسفیان دەکات. (حەمە چاوەشی ڕەزاگران چۆن بووە. دەڵێ ڕووی ڕەش و گرژ و مۆنی.. ڕووی چرچ و لۆچی حەمە چاوەش کە درۆ و ساختەی لێ دەبارێ و دەم و لووتی خەپلە و ورگی پەل و ئەستووری ژمێریار نیشانەی گەلحۆیی و چلێسی ئەنوێنن) لێرەدا مەم دێ باسی کردەوە دژ بە مرۆڤایەتی خاوەن کارەکانمان بۆ دەکات و چینی سەرمایەدار ڕیسوا دەکات کە چۆن کرێکارەکان بەدەست ئەمانەوە چەوساونەتەوە. تەنانەت کرێی ڕۆژانەی کەر یان ئێستر سێ قاتی مرۆڤێ بووە. ئەمجارەیان ئەگاتە گوندی حوجران و دێ وەسفی چۆنییەتی کردنی نوێژی هەینی و خواردنی ماڵی ئاغامان بۆ دەکا.. ڕۆماننووس ئەمجارەیان دێتە سەر عەشق بازی و ژیانی پڕ هەرەوەزی لادێمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کاتێ لەگەڵ باوکی بە دیدەنی یەکتری شاد دەبنەوە یەکتر دەدۆزنەوە ئەم سنوورە دەسکردەی نێو ئەو دیو و ئەم دیوی کوردستان ئەسڕێتەوە و جەردەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی هەرزەکاری کە لەگەڵ باوکی دەچێتە ماڵی مامی لە کوردستانی ئەودیو. لەوێوە لەگەڵ ئایشۆکێ هۆگری یەکتر دەبن و تا دەبنە هاوسەر و هاوژیانی یەکتر. باسی کار و چینین و ڕێواسکردنمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن لەو ڕۆژانەدا دڵدار و دڵخوازییەکدی لەدەشت و دەر دەست لەملانێی یەکتربوون. دیسان ڕۆماننووس وەسفی گەنم چاندن و مەڕ لەوەڕاندن و ئاژەڵ مۆرکردنی بن دار بەڕووەکانمان بۆ دەکات.

مەم باسی ئایشۆکێ دەکات کە تازە هەراش دەبێ و جەردەی ئامۆزای هۆگری بووە. بزانین چۆن وەسفی ئەم کیژۆڵەیە دەکا و دەڵێ: ڕوومەتەکانی ئایشە گوڵ سوور هەڵگەڕابوون. سینگی هەندێ بەرزتر دەهاتە بەرچاوان. مەمکەکانی خڕ کردبوون. وەك جوزەرە سەریان هەڵدا بوو ڕکەیان لەگەڵ کراسە خامەکەی دەکرد. تەنانەت ڕۆماننووس حەپەی سەگەکانیش لە بیر ناکا و ئەوەتانێ دەڵێ ئەو کاتە لە نزیك گوندی (کاوانیان) سەگوەڕێکی گەرم و درێژ و دڕ... هۆشیاری کردەوە. مەم ڕەشماڵی کۆچەری خێڵە کوردەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ ئەو هۆبە پاشەنگی ئەو کۆچەرانە بوون لە کوێستانەوە بەدەشتی (هەریر)، (ماوەران) و (زێباروك) بەرەو هەوارە زستانەی ناوچەی (زراری) و گەرمیانی (بەحرکە) دەگەڕانەوە. (مەم) نەعلەت لەو سنوورە دەسکردانە دەکات بەتەڵەی ئاگرییان دادەنێ. خەون بە ئەودیو دەبینێ بەڵام داگیرکەران ڕێیان گرتووە. ئەوەتانێ مەم بەزمانی جەردە پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێ ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە. ئەم سنوورە بەدەسکردی شەیتان لەقەڵەم دەدا. بزانە کاتێ جەردە لە گوندەکەی نزیك دەبێتەوە



و دەگاتە سەرمەیدان. ڕۆماننووس چۆن وەسفی ئاگری ماڵەکان دەکا و دەڵێ: ئاگرە سیسەکانی ماڵەکانی گوند.. لە دوورەوە تێکەڵ بە چاوەکانی دەبوون.. دەبینیت وەسفی سەفین دەکا و دەڵێ پیرە سەفین سەری بەسنگیدا کەچ کردبوو. سێبەرەکەی هەتا ناوقەدی داپۆشیبوو.. شیو.. و دۆڵەکان باوەشکیان دەدا. تەڕاش و دەوەن.. کەڤرەکان.. لەژێر تیشکی مانگەشەو سەریان بەیەکەوە نابوو.. دنیایەکی خامۆش و بێ هەست و بێ جووڵە بوو لەناکاودا ئەم گیسکەی کە لە جەردە پەیدا دەبێ تا نزیك ئاوایی جەردەی هەژار و کڵۆڵ بیر لە گیسکەکە دەکاتەوە کە چۆن لە جەژن بیکاتە خۆراکی منداڵە برسییەکانی و جەژن بکات بە دووو جەژن. لێرەوە هونەرمەندی و باڵادەستی ڕۆماننووس بەدیار دەکەوێ. ئەم دوو گونە گیسکەی کە بەسەر شانی مەم دادێنە خوارێ دەبنە هۆی خنکاندنی حەز و ئارەزووی جەردە و لەوانە ڕۆماننووس ئەم هێمایە پڕ ڕامانەی درێژ بوونەوەی جووتە گونی گیسکەکە دەبنە هۆیەك بۆ خنکاندنی جەردەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە. مەم زۆر وەستایانە وەسفی ئەو گەڕەکە کۆتانەی شەقڵاوە کە خەریکن ناویان لە بیری خەڵکی بچێتەوە زیندوو دەکاتەوە و ناوی هەموو گرد و دۆڵ و گۆڕستان و ناوی پیاوچاکەکان بە خوێنەر ئاشنا دەکات.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (مەم) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩١، بڵاوکراوەتەوە.**

# دەستەوارەیەك بۆ چوونی ڕەخنەكاری بۆ پایزە خەون هەڵدەچنم

عەبدوڵڵا حەمە سوور

لەوانەیە هەندێك لە خوێنەران وابزانن ڕەخنەكاری دژی كەسێتی نووسەرە بۆ دۆزینەوەی هەڵە و خوارو خێچی لەو نووسراوە ئەدەبییەی كە دانەر دەیهێنێتە بەر، یان ئەوەندەی تێدەگەن كە ڕەخنە بریتییە لە دەستنیشانكردنی ئەو هەلاّنەی لای ئەو بڕە كەسانە باون... بەڵێ ڕەخنە بریتییە لە دانان بەهەقدار، بەلاّم ئەو دانانە ئەوە ناگرێتەوە كە ڕەخنەكار بیەوێت بەهۆی هەڵسەنگاندنەكەیەوە دانەر تاقی بكاتەوە و چەند واژە و هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی وشە و پاش و پێشی ڕستە و چەند جۆرە بڕگەیەك لە دەقی نووسینەكەیدا هەڵبژێرێت و بڵێت ئا ئەمەیە ئاستی ڕۆشنبیری نووسەر.

ئەو جۆرە كەسانەی بەدەستی ئانقەست دەستووری ڕەخنەكاری فەرامۆش بكات و، بەبێ پێوەرێكی زانستییانە چاولێ كەری ڕەخنەگر بكات و لە خۆڕا دەقی نووسینی دانەرێك داپڵۆسێت بێگومان خۆی تووشی زیانێكی وەها دەكات كە توانای نەشكێ بەسەر هیچ چەشنە جوانكاری و داهێنانێك و هەنگاوێكیش بكاتە دە هێشتا بەتۆزی بەرپێی دانەرەكەدا ناگات و ئەوساش كە بەشداری هەست و سۆزی دانەری نەكرد ئەوا لە ئاكامدا لێكۆڵینەوە كزەڵەكانی ڕەواجی نابێت و دەبێتە دراوێكی قەڵب.

بەر لەوەی بەبۆنەی ئەم سوكەڵە توێژینەوەیە پێ بنێمە نێو دەركی چیرۆكی (پایزە خەون)[1] و لە سەرەتاوە پێ بەپێی ڕووداوە بەسەرهاتەكانی ڕاگوزار و گەشتێكی ڕەخنەكاری تیا بسازێنم هەر بەو دەردەی دەڵێن: ئەوەندە دڵت بەدنیا خۆشە، منیش هێندە ئاشنا بوونم لەتەك چیرۆكەكەدا پێ مەزەدار بوو بەكامی دڵ هێنانەدی حەز و ئارەزووم لەدووا دێراوی دێروغەی ئەوپەڕی پایانی خەونەكەوە سەری هەڵدا كە (ڕەشید)ی بەناوبانگ بەجەردە لە دووا ساتی خەونەكەیدا (لەژێر زەبری ژان و ئازارەكەدا... بەبێ دەستی خۆی زریكەیەكی لێ هەڵستا: هۆ... خدری زیندە!! لەگەڵ ئەو هاوار و چریكەیە.. لەخەو ڕاچڵەكی!!) و بەئاگا هاتەوە نێو ژیانە ڕاستەقینەكەی..



جا بۆیەكا دەڵێم قەڵەم تێوەردانی ئەم ڕەخنەكارییەم لە بەئاگاهاتنەوەی ڕەشیدەوە بۆ ژیانە واقیعییەكەی دەست پێ دەكات چونكە لە ئاكامی ئەو سەلماندنەی (پاڤلۆف)[2] بۆ لێكدانەوەی خەون پسپۆڕێكی تەواوی تیا پەیدا كردووە دەڵێت: (بێجگە لەوەی كە بنەڕەتی خەوبینین فەسلەجییە و پەیوەندی بەلەش و مێشكی مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگە هۆیەكی سەرەكی و كاریگەرە و ئەو خەونەی یەكێكی نوستوو دەیبینێت لەو ژینگەو كۆمەڵگەیەدا لەوەوبەر ڕووی داوە و كاری كردۆتە سەر بیركردنەوەی ئەوانەی كە خەونەكەیان دیوە و لەتەك ئەو كۆمەڵگەیەدا شوناس و تێكەڵ بوون..).

بەلاّم ئایا نووسەر ئەو سەردەمەی دیوە كە بەسەرهاتی چیرۆكی تیا ڕوداوە؟.. یان بیستوویەتی و بیروڕا و بۆچوونی پەی بردووە بەزەمانەیەكی ڕابردووی كۆمەڵگەكەی كە زۆر كەس لە تاو هەژاری چەندین ئێواران بێ شێو سەریان ناوەتەوە و تەنانەت گەلەك خێزانی دەست كورتی واش هەبوون باری داراییان یارمەتی ئەوەندەی نەداون كاسەی جەژنەیان ببێت و سەرتاپای منالاّنی ڕەشوڕووتیان ڕۆژانی جەژنان بەكاسەی ڕەش دانیشتوون... جا گەر نووسەری (پایزە خەون) لە تەك ئەشكەنجەی هەژاراندا نەكولاّبێ هەرگیز لەو جۆرە چیرۆكانەی پێ نەدەهاتە بەر و، هەستی بەگێرفان بەتاڵی ڕەشۆ نەدەكرد و، گیسكی بزربوو لە شوان و دابڕبوو لە ڕانی نەدەهێنایە كایەوە - نیوەی دوایی چیرۆكەكەی پێ مەیسەر بكات - لەبەر ئەوەی كاسەی جەژنی ماڵ و منداڵی ڕەشۆی پێ دابین بكات و بەزەیی و سۆز و ویژدان و دەروونی كەسێتی سەرەكی چیرۆكی پێ هەڵسەنگێنێ..

كەواتە خەونەكەی (جەردە) ڕەنگدانەوەی ئاواتی وەدەست هێنانی ئەو پێداویستییانەی ژیانی بووە كە بەر لە شەوی خەونەكەی بەڕاستەقینە ئاتاجی بووە و خەونی پێوە دیوە... هەروەك (فرۆید)[3] لە تیۆری سێكس دا بۆ لێكدانەوەی خەون The Sex Theory of Dreams وای دەسەلمێنێت (خەون دەربڕینی ئەو ئارەزوانەیە كە لە ژیانی واقیعیدا نەهاتۆتە دی و بۆتە هۆی پیش خواردنەوەی باری سێكس و هۆگری ئەو لە تەك ژینگە و پەنگخواردنەوەی ئەو ڕووداوانەی كە بیستوونی وەیان دیوێتی و هێندە ئاواتەخوازی چەندین پێداویستی سەرەكی ژیانی بووە چنگی نەكەوتووە).. هەروەك لە كوردەواری خۆشماندا كە باسی شتێك دەكرێت و چنگ ناكەوێت بەو كەسە دەڵێن بنوو بێتە خەوت..

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو كارە پیرۆزەی لە پایزە خەونی كاك (محەمەد مەولود مەم)ی خوا لێخۆشبوو هێنابوویە كایەوە گەلەك پرسیاری سەرسوورهێنەر سەر بڵند دەكاتەوە لەبەردەم خوێنەران.. و لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە:

ئایا ئەو جوانکارییەی وەك تابلۆی ڕەنگین کێشاویەتیە بەر شێوەی نووسینی چیرۆکەکەی و پێ دەشت و بناری ناوەڕۆکی بەچەشنی گوڵی (کولیك جوانەمەرگ) خەملاندووە بۆتە هۆیەکی سەرەکی تاکو بڵێین نووسەر گوزەرانی بەر لە سێ بەشی ڕابردووی ئەم سەدەیەمان وەبیر دەخاتەوە...

یان لەبەشێکی گرنگی ژیانی خودی خۆی بدوێ وەهایە ؟.

گەر بۆچوونە ڕەخنەکارییە زانیارییەکانی (تۆدۆرۆڤ)[٤] بەوردی شی بکەینەوە تێ دەگەین کە وێستی ڕەخنەکارییەکەی وا دەگەیەنێت:

(هیچ نووسراوێکی ئەدەبی نییە بێ لایەن بێت لە واقیع، واتە ئەدەب و ڕەخنە بەشێك نین لە خود، بەڵکو خودن...).

کەوابوو گەر بەڕوانگەی ڕەخنەکاری لە توانا و بەهرەدارێتی نووسەر بڕوانین ئەوا سەڵەف دەڵێم ئەو داڕشتن و بۆچوونانەی (مەم) بۆ شێوەی چنینی چیرۆکەکەی خەملاندنیەتی دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی لە کەسێتی مرۆڤی ئەو ژینگەیەی ڕووداوی تیا هاتۆتە گۆڕێ... بەهۆشمەندییەکی بالاوە لە تەك گێڕانەوەی باسێکی زیندوو توانیوێتی گوزەرانی سەردەمێکی ڕابردوو بکاتە تەکنیکی نوێی چیرۆك نووسین وەگرێی بدات بەباری ڕۆمان نووسینی نوێ وە ئەمە نەك لە خوتوخۆڕایی بڵێم ئۆباڵ بەگەردنم بەرهەمەکە کاریگەرە بۆ سەر ژیانی داهاتووی ئەدەبیمان..

چونکە هەر لە سەرەتای دەست پێکردن بەگێڕانەوەی داستانەکەی لەسەر زمانی تەنیا پاڵەوانی چیرۆك کە (ڕەشید)ە دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان دوو دەستە دەست پێ دەکات، ڕەشید و هاوڕێکانی لە لایەك، دامودەزگای (کامپ)ی ئینگلیزەکان لە لایەکی دی... وەهەر ئەو ناکۆکیەش بوو گوڕ بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەدات و بەردەوامی دەخاتە بەر هۆنینەوەی چیرۆك.. چونکە لە یەکەم هەنگاوی چیرۆکدا کە کرێکارەکان دەستیان لەکار هەڵگرت و بلاوەیان لێ کرد، ئومێدیان لەوە پچڕا و بەتەواوی دۆبڕ بوون کە (ژمێریار) مووچەی مانگانەیان بۆ بهێنێ و پتریش ئاشنای درۆکانی (حەمە چاوەش)ی بێ چاووڕوو بووبوون... دڵپاك و ساکارێکی وەك کاك ڕەشیدیش بۆیە مایەوە لەبەر داماوی و نەداریی.. دڵی خۆی بەوە ئەدایەوە گوایە بەڵکو پێش جەژن هەقی ڕەنجکۆشیەکەی خۆی دەست کەوێت و پێویستی خاو و خێزانی پێ جێبەجێ بکات.. بەلاّم کە بیری قسەی هاوڕێکانی کەوتەوە کە دەیانگووت:-

(قسەکانی حەمە چاوەش، هەر تەنیا "با" یەو چاوەشەکە لە زگی خۆی دەری دەکا)، ئەوەبوو (بەرکەوە چاوەکانی لە حەمەچاوەش گیرکردن بەدڵ ساردییەکەوە ڕووی



لێوەرسووڕاندنەوە، بەبێ ئامانج سەری بۆ لای "سەفین" هەڵبڕێ) و بەنائومێدی بڕیاری دا هەر دەبێ سەر لە منداڵەکانی بدات و بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە.

کەی ڕەشید بەرەو گەشتەکەی دەچێت؟..

دووای ئەوەی نووسەر ڕك و کینە دەکاتە مافێکی سروشتی ڕەشید دژ بەچاوەش و سەرکار و ڕووی لێ وەرگێڕان.. لە دەمەو ئێوارەیەکی پاییزێکی درەنگدا بوو ملی بەرەو ماڵ نا، کە بەدەگمەن کەڵە شاعیرێکی ڕۆمانسی وەك (مەم)ی نووسەر وەسفی زەردەپەڕ بکات بڵێت:

(ڕۆژ خوێنی لە ڕۆژئاوادا ڕژابوو).. وە لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتیشدا تەشبیهی پەڵەهەوری سپی بەگوڵی ((کولیك جوانەمەرگ) بکات و بڵێت: (پەڵە هەوری سپی وەك "کولیك جوانەمەرگ" بەدرێژایی ئاسۆی ڕۆژهەڵات، قۆپەنیان بەستبوو).. دیارە ئەو پەڵە هەورە سپێیانە کەناوبەناو بەری ئاسمان دەگرن وەك کولیك جوانەمەرگ ڕەنگیان دەنوێنن و تەمەن کورت و جوانە مەرگن ئەویان لەتاو ساردی بۆشایی ئاسمان و ئەمیان لەبەر سۆڵەی زەمین خۆڕاگر نین و بەناکامی دەڕەوێنەوە و هەڵدەوەرێن.. کەچی تا دەریا و وەرز و کەژ بمێنن گەشتر سەر هەڵ ئەدەنەوە، مەگەر یاسای گەردوون تێك بئاڵێت و گوڵی سپی گەشی خۆڕسك لە بناری سەفین و پیرمام نەبووژێتەوە..

دانەر هەوێنی باسەکەی لە نێوان دەستەی ڕەشید و عەلەئێختە و تۆما و سلێوا و ئاوەڵەکانییەوە بەرامبەر بەکارگێڕانی کامپ تێوەردەدات و دەیکاتە ڕێبازی گۆڕدران بۆ ئاستی ڕۆشنبیری خۆی لەو چیرۆکە بەرکراوەیەدا و دەیلکێنێ بەواقیعی چاخێکی دیاردا کە ئاغای گوندیش بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی (باری ئێسترێك دیاری بۆ ژمێریار و کەندێر و ئەوانەی شار ناردبوو) کە ئەم جۆرە نموونانەی دانەر بیرتیژی خۆی بەجۆرێك تیا ڕەخساندووە نیشانەی ئەوە دەکات کە بەرژەوەندی ئاغا و دەستەی کامپ لێك نەترازاون و تەواوکاری یەکدی بوون..

بەلاّم ئەگەر بەتێڕوانینێکی تیژڕەوی بەنێو ئەو بڕگەیەدا ڕاگوزار بکەین کە دانەر دەڵێت: (ئێسترەکە لە نزیك کامپ لە قوڕ و لیتە چەقی.. بەستەزمانە بارەکەی گران بوو.. بارانیش تەختاییەکەی پێش کامپی کردبووە قوڕەبەگ.. کرێکارەکان لێی کۆبونەوە... ئێستریان بۆ لە قوڕ ڕزگار نەکرا) هەتاوەکو دێتە سەر ئەوەی (عەلە ئێختە لەبۆ ئێسترەکە چوو.. لەناو قوڕەکە بەرزی کردەوە و هێنای لەبەردەم ژمێریار لە پێش زارکی چادرەکە داینا).. هەرچەندە لێرەدا دانەر مەبەستی، لە ئازایەتی و بەکاری عەلە ئێختە بووە، بەلاّم گەر لەبارەی هونەرییەوە بەو بڕگەیەدا بڕوانین، ئەوە لەیاد ناکرێ کە ئێستر بۆ بارهەڵگرتن لە گشت ولاّخی بەرزەو ڕەشە

ولاّخی بارهەڵگر بەکارترە و با بارانیش ئەو ناوەی کردبێتە قوڕ دەبوایە بەڕێکەوت بکەوتایە ناو چاڵە قوڕێکی ئەو ناوە و بچەقیایە نەك لە تەختاییەکی پێش کامپ.. وەبام عەلە ئێختە زۆر بەکاریش بوایە، بەلاّم هێشتا توانای عەلە ناگاتە هێزی کرێکارەکان بەکۆمەڵ کە لە ئێسترەکە کۆبوونەوە و بۆیان دەرنەهێنرا، وە کرێکارەکانیش دەیان توانی بەکۆمەڵ بارەکە بترازێنن و ئینجا ئێسترەکە بەجیا بەرز بکەنەوە... وە ئەگەر واش نەبوایە دەبا عەلە بارەکەی لە ئێسترەکە بترازاندایە و بەجیا بیدایە بەکۆڵی خۆیدا نەك ئێستر و بارەکەی بهێنایە و لە پێش زارکی چادرەکە دایبنێ وەکە عەلە ئێسترەکەشی بەرزکردۆتەوە و بەجڵەو ڕاکێشان هێناویەتی بۆ بەردەمی ژمێریار، ئەی بۆ لەملاتر کە هەموو گۆڕەپانەکە قوڕ بوو ئێسترەکە نەچەقیوە، کەواتە با لە چاڵەقوڕێکدا بچەقیایە باشتر بوو...بەهەر حاڵ تین و ئازایەتی عەلە کە توانیوێتی باری ئێسترێك بەکۆڵ هەڵبگرێ، نازناوی ئێختەی کە لەوەبەر بەسەریاندا بڕیوە پڕ بەپێست خۆی بووە و، هەقێکی ڕەواش بووە کە ڕۆژانەکەیان بۆ زیاد کردووە، چونکە وا دیارە لە هاوڕێکانی گورجتر و زۆرتر کاری کردووە.

ڕەخنەگر و فەیلەسوفی ئیسپانی (ئۆرتیگا ئا.گاسیت)[٥] دەڵێت (ئەو دیاردەیەی لە هونەری سەردەمی نوێدا هەڵی داوە، کەس گوێ بەدەربڕینی سۆز نادات و بەتەواوی هونەر لە سۆز دابڕاوە).. کەچی کە دێیتە سەر هونەری پایزە خەونی مەمی نووسەر، تێدەگەیت کە کلیلی والاّبوونی چیرۆکەکە سۆزە و گەر کەسێتی سەرەکی چیرۆك سۆزی بەرامبەر خێزان و منداڵەکانی نەبوایە خۆی بەو دەردە نەئەبرد ڕووەو ماڵ بگەڕایەتەوە.. بگرە لاپێیەك بەرەو دووا وەرنەدەچەرخا و هەر لە کامپ دەمایەوە.. بەلاّم هەر ئەوەندەی (ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا، لەبەر خۆیەوە گوتی: بەیانی هەینییە.. هەر دەبێ سەر لە منداڵەکانم بدەم)... وەکاتێکیش کولیچەکانی باخەڵی بردنەوە لە نێوان هەموویاندا بەشیان کرد و (منداڵەکان لە خۆشیاندا شاگەشکە بوون).. دیسان لە شەوەڕۆکەیدا کە بیری منداڵەکانی کەوتەوە (وێنەی ژن و منداڵەکانی لە خەیاڵدا دووبارە بوونەوە.. کانی سۆز و خۆشەویستی لە دەروونەدا هاتە کوڵێن و هەڵچوون)... وە کە لە تەنیشت گوندی (کاوانیان)ەوە ڕادەبورد و مەڕ و ماڵاّتی ڕەشماڵێکی دی ئەوەی بەبیر داهات (ئەگەر مانگانەکەم وەرگرتبایە، بەشی ئەوەی دەکرد پیرە بزنێك بۆ منداڵەکانم بکڕم).. وەئەگەر ڕۆژی شەموش مووچەکەمان بدەن.. دەتوانم جەژنەیەك لەگەڵ خێزانەکەم بکەم کە وەجەژنان بچێ !!).. سۆزی جەردە بەرامبەر بەمنداڵەکانی بەچەشنێکی ئەوتۆ بوو هەر کە بیری کردەوە (وای بابە.. هەر کە لەگەڵ گیسکە بۆر.. دەگەمەوە ماڵ.. وای



منداڵەکان باش لە خەو ڕادەپەڕێنم.. هەر لە دەوری گیسکە بۆر هەڵدەپەڕن.. گونانی هەڵدەسەنگێنن.. خۆی تێ هەڵدەسوون، گوێچکە نەرمەکانی لە ڕوویان دەخشێنن).. وە تەنانەت دوای خەونەکەش کە بەئاگا هاتەوە و (بەچاو ژوورەکەی پشکنی، دوو منداڵە فەراژیەکانی.. لە ڕۆخ ((گۆڕکەکە)) - ئاگردان - پەلیان لێ هاوێشتبوو.. چوە نزیکیانەوە، هەندێك بەسەریاندا چەمایەوە.. بەجاجمەکەی داپۆشینەوە.. چاوی لە ژنەکەی بڕین).

جا دووای ئەوەش کە ئایشۆکی لەو سەری ژوور لای کەندوەکەوە بینی (بەتیژی لە مەمکی ژنەکەی و لەڕووی ساوایەکەی ورد بوەوە)... دەبا لە خۆمان بپرسین و بڵێین ئایا هونەری هۆنینەوەی ئەو جۆرە ڕستانە بێ بەرین لە سۆز یان کوتومت دەربڕینی سۆزە لەناخی دەروون و سەر زمانی ڕەشیدی کلۆڵدا هەڵقولاّوە و مەمی نووسەر بەوپەڕی جوانکارییەوە ناوبەناو تێکەڵ بەچنینی چیرۆکی سەردەمییەوە کردووە.

لێرەدا بەڵگەیەکی با گچکەش بێت بۆ جوانکاری بێنینەوە سەیر دەکەین ئەو تەکنیکەی لە کاتی هۆنینەوەدا بەکاری هێناوە نووسەر پەی بەوە بردووە کە گشت ڕووداوەکان لە شەوێکی مانگەشەوی پڕدا نەبووە، مانگ لە شێوەی کولێرەیەکی لاقرتاو یان کولیچەیەکی گەورەی وەك دەمەداس پانتر بووە، مانگە شەوەکە تا ئەڵەندی تاریك و لێڵەی بەربەیان دەوامی نەکردووە، ئاڤا بووە... بۆیەکا نووسەر لە پایانی شەودا دوای بەئاگاهێنانەوەی جەردە لە خەوەکەی دەڵێت ناو ژووری کۆختەکەی گەلەك تاریك بووە (ژوورەکە.. ژووری کۆلیتەکە، لەناو تاریکایی ئەو شەوی پایزە.. نقوم ببوو)..

هەروەك (باختین)[٦] دەڵێت ڕای چەند کەسانێك لەوەدایە (بیرتیژی مرۆڤ دەربڕین ڕێك ناخات، بەڵکو دەربڕین دەبێتە هۆی بیرتیژی دانەر).. هەرگیز بۆچوونی من سەبارەت بە(پایزە خەون) لە تەك ڕای ئەو جۆرە کەسانەدا ناگونجێت کە باختین باسی کردوون... ئاوەژووی ئەو ڕایانە دەڵێم بیرتیژی (مەم)ی نووسەر بۆتە هۆی دەربڕینێکی وەستایانەی دەقی چیرۆکەکەی و ئەو بیرو ڕایەی نووسەر هەیبووە بۆ ئەنجامدانی پایزە خەونەکەی بەکارامەیی خستوویەتە گەڕ و.. بەهەستێکی هوشیارانە و ویژدانێکی مرۆڤایەتیەوە دەری بڕیوە.. بەتەواوی ژیرکارییەوە گشت هەوڵ و تێکۆشانی ئادەمیزادی ڕەخساندوە بۆ دابین کردنی بژێوی ڕەوا لەلایەك و دەربڕینی هەستێکی پیرۆز لە بۆ جوانکاری چنینی باری هونەری چیرۆکەکەی لەلایەکی دیکەوە.. چەند نموونەیەکی وا دەهێنمەوە دەیسەلمێنێ ئەگەر(مەم) بیرتیژی و ژیرکاری لە دەربڕیندا نەبوایە چۆن دەیتوانی هەرزەکاری بخاتەوە بیر و یادی جەردە و باسی ئایشۆکێی

دەستگیرانی لە تەمەنی بازەڵەییدا[٧] بکات کە: (ڕوومەتەکانی ئایشەگوڵ سوور هەڵگەڕابوون.. سینگی هەندێك بەرزتر دەهاتە بەرچاو.. مەمکەکانی خڕ کردبوون.. وەك چوزەرە سەریان هەڵدابوو.. ڕکەیان لەگەڵ کراسە خامەکەی دەکرد).

یان سەڵتە زەلامی ڕێگایەکی چۆڵ و هۆڵی شەوەکی نێو کەژوکێوان، نەك وا لەو تاکە کەسە بکات: بەبێ دەستی خۆی دەستی کرد بەژماردنی هەنگاوەکانی لە یەکەوە تا سەد و دیسان بەسەریدا دەهاتەوە.... وەکو هەموو ژمارەکانی دنیا لە سەدەوە کۆتاییان پێبهێنێ).. بۆ ڕۆشتنی تەنیایی شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتییە ئەو کەسە دەست بکات بەشەق و تێ هەڵدانی سەرەکەرتەشی و بنجە گیا و دڕك و بازبازدێن بەسەر کوچکە بەرد و بنچکە دار و.. ناوبەناویش دەنگ خۆشی خۆی تاقی بکاتەوە بزانێ لەو کەلە دەنگی ساز دێ.... وەیان دانەر بە چ جوانکارییانەیەك ئەو شەوە کشووماتەی کە ڕەشۆ دوای گردەچاڵ لە مزگەوتەکەی گیر نەبووە، ملی ڕێگای بەو شەوە گرتەوە، دانەر ئەو شەوەمان چۆن بەسلاێدزێکی وشە بۆ دەکاتە دیمەنێکی سروشتی و دەڵێت: "ئاسمانی ئەو شەوە، بەدەریاچەیەکی لێوار خواروخێچی شین و ساف دەچوو.... مانگ وەکو کولیچەیەکی گەورەی زەرد لەناویدا مەلەی دەکرد"...

وەیاخود جەردە کاتێك لەسەر گردی (باویان) گیسکە بۆری ون کرد، نووسەر بەدەربڕینێکی بالاوە دەڵێت: (گیسکە بۆر بووە پارەوە نانێك کەوتە گەرووی ئەو شەوە!!)“ وە ئەو جارەی ڕەشۆ گیسکەکەی بۆ نەدۆزرایەوە دەستەوئەژنۆ لەسەر گڵ متکەکە هەڵتروشکا و سەری لە مانگ بەرز کردەوە، نووسەر بەچ چەشنە ئاوێزەیەکی هونەرییەوە لە مانگ دەڕوانێت: (ڕووی مانگی ئەو شەوە.. تەمێکی بۆری بەسەردا کشابوو دەتگووت کولێرەیەکی لاقرتاوە.. ڕووە زەرد و تەماویەکەی هەر وەڕەنگی ڕووی کچێکی ماندوو.. و.. برسی دەچوو) وە هەمدیسان نووسەر چ ئاخافتنێك دەخاتە پاڵ ڕەشۆ: (هەر وەڕنگ و ڕووی ئایشۆکی دەچێ !!).. ئەو کۆپلە وەسفانەی مەمی دانەر کە ڕەنگ و ڕووی مانگی تەشبیە کردووە بەڕووی کیژۆڵەیەکی شەکەت عایشەی هاوسەری جەردە هەر چەندە خەریکە نزیك بێتەوە لە پەرێز وەسفەکەی شاعیری مەزن (عەلی کەمال باپیر) سەبارەت بەڕووی مانگ و ڕووی خۆشەویستەکەی - هەر چەندە تا ئێستا سەرچاوەی شیعرەکەیم لانییە بەلاّم وام دێتە بیر کە دەفەرموێ:

مانگی نوێ هەموو شەو بۆیە زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە
تا جەمالی وەك ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە
کاتێ گەیشتە چواردە تێ ئەگا نابێ بەڕووت
جا لە داخا وردە وردە کەم ئەکا و ئەتوێتەوە

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا مەمی نووسەر دەربڕینێکی ڕەوان و بلیمەتانەی بەکارهێناوە بۆ بەراوردی ڕووی مانگ لەتەك ڕووی ئەو کەنیشکە ڕەنجدەرە جوان و ناسکانە و ئایشە گوڵێی هاوسەرەکەی جەردەشدا کە بەسکێك تێرن و بەحەوت برسی... بێگومان ئەو جۆرە داهێنانەی بۆ بڕشتی هۆنینەوەی چیرۆکەکەی بەکارهێناوە لەئەنجامی بیری قووڵ و ژیرکارییەوە هاتۆتە ئارا.

وە دیسان (مەم) فەرامۆشی لایەنی ویژدان و بەزەیی و دەروون پاکی تاکە کەسێکی سەرەکی ناو دەقی چیرۆکی نەکردووە و.. ڕەشۆی بەدز و جەردە لە قەڵەم نەداوە.. چونکە ئەو ساتەی جەردە گیسکەکەی بەدی کرد تەمای ئەوەی نەبوو دەست بەسەردا بگرێ و بیدزێ، کە بەخۆی گووت: (دەیبەمەوە هەتا جەژن ئەم چەند ڕۆژە بەخێوی دەکەم... ئەگەر خاوەنێکی لێ پەیدابوو) ئەوە لاری لەوە نییە کە بیداتەوە... وەئەگەر لەو ناو شاخ و تاوێرانە بەجێی هێشتبایە ئەوا (هەر خوداش بەوە ڕازی نابێ لێرەکانە وازی لێ بێنم ببێ بەخۆراکی گورگ و کەمتیار). کەواتە ئەم لێکدانەوەی جەردە وای دەردەخات کابرایەکی خاوەن هەست و بەزەیی و ویژدان خاوێن بووە.. دەنا ئەگەر وانەبوایە چۆن کەدیمەنی پێش دەرگای دێرە کۆنەکە و جەنجاڵی سەرگردەکەی دی (هەوڵی دەدا لە ژێر ئەو بار و لەناو دۆزەخی دەرەوەی... لەناو هەستی.. ئەو ترسەی لە دەروونیدا چەقیبوو.. ڕزگاری ببێ).. لە کاتێکدا تێبینی ڕایەکی دیکەی ڕەخنەکاری بکەین دەبینین لەنێو سەرنجەکانی (ڕۆلان بارت)[٨]دا بەجۆرێك لۆمەی نووسەر دەکات و دەڵێت: (ڕۆڵی دانەر بۆتە ڕوونووسێکی چاولێکەری و هیچی تر)... بەلاّم ئەو پێوانەیەی ڕۆلان بارت بەسەر ئەو جۆرە دەقانەی وەکو پایزە خەوندا ناشکێتەوە و هەرگیز مەمی دانەر لە خاوەنییەتی ئەم چیرۆکەیدا ڕوونووسی نەبووە و چاو لە دووی نووسینی کەسی نەکردووە چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا نەیدەتوانی داهێنان لە دەربڕینی ئەدەبیدا بکات دروشمێکی ڕەونەقداری بەها ئەو ڕایەی ڕۆلان بارت دەری بڕیوە بەگوێی خاوەن دەقە وشکەڵەوەبووەکاندا دەچرپێنێ کە بەرهەمەکانیان لە ڕەوگەی ئەدەب بەجێماوە و کز و سیسەڵ دیارن و بەلاسایی خەڵکی بەرەو پێشکەوتن ناچن.. جا ئەودەمی خوێنەر بەتەواوی هۆشیەوە ڕۆ دەچێتە ناو بێخی چیرۆکەکە و لاری لەوە ناکات کە دانەری (پایزە خەون) بار و زرووفی ڕەشیدی پاڵەوانی چیرۆك بەچەشنێکی پتەوی وا داڕشتووە کە گوزەرانی ئەو کەسێتییە سەرەکییە بگونجێ لەتەك واقیعدا.. بەزەبری لێهاتوویی بیر و کارکردەی قەڵەمەکەیەوە (مەم)ی نووسەر توانیویەتی پلە و پایەی نووسەرێتی

خۆی بسەلمێنێ پەی دەر پەی ڕووداوەکان بۆ مەبەستێکی پیرۆزی مرۆڤایەتی بەئەمانەتێکی ڕاستگۆیی ئەدەبەوە بگەیەنێتە مەرام. جا بۆیە کە ئەو باسەی هەڵبژاردووە چونکە مەزندەی بەهەستێکی پیرۆز بردووە لەناو کۆمەڵگەکەیدا و لەنێو دووتوێی مێشکیدا تۆمار بووە و بەشێوەی خەونێکی دوور و درێژ وەك شریتێك لێی دەداتەوە هەر لەبەرایی تولە ڕێگاکەوە بەدەم ژنەفتنی ئاوازەی قاسپەی کەوی زۆرانەوە نەخشەیەکی سروشتی جوگرافیای ناوچەکەی خستۆتە بەر سۆمای چاوی خوێنەران و تەنانەت گەڕیدەی نابەڵەدیش بتوانێ شوناسی ئەو دەوروبەرە بێتو چاوی مەست کات لە دیمەنی سروشتی شیو و دۆڵ و دامێن و بنار و قەدپاڵی کەژان.. تا چاو بڕیش دەکات بەکامی دڵ بڕوانێتە کەپك و تۆپکە و کۆپی و کەلو لوتکەی چیاکان. وەنەبێ مەمی چیرۆکنووس باری ئایینی و ئابووری و دابونەریتی کۆمەڵایەتی فەرامۆش کردبێت.. پێ بەپێی گەشتەکەی جەردە دەنگی تاقە کەوێکی تەرە لە ڕەوەی وەبینینی گیسکێکی بزر لە شوانی کردۆتە لەنگەری گێڕانەوەی چیرۆك هەر لە کانیاوی دەرماناوا و دارستانی شێرەسوار و گوندی گردەچاڵ و کاوانیانەوە بۆ گۆڕایی خانزاد و کەپکی کایسان و دۆڵی دەنگارە بەڕێگەی گێرەدا بۆ لای گردی باویان و دێرە و ئەشکەوتی کونەجنۆکە و کەندەکۆخ و گۆڕستانی خەز و لاس و زەیتوون و ئەسحابان تا دەیگەیەنێتە گەڕەکەکانی تەم تەم و زێوەری شەقلاوە.. ئەمە چ جیهانێکە و چ زیندەوەرێکی تیا دەژێ؟!

جیهانێك کە چەندین باڵندەی وەکو کەو، لەق لەق، تووتی، ڕیشۆڵە،کرکاك، زەردووشامی، قەلەڕەش، دارکلۆرە، سۆفیلکە، پەپوسلێمانکە،کوندەپەپوو، گێزوولە، چۆلەکە و گەلێك جۆر باڵندەی دی تیا بژی دەبێت بێجگە لە دار بەڕوو و مازوو و گوێز و چنار ئاخۆ چەند چەشنە دار و دەوەنی تر لەو خاکەدا ڕەگی داکوتابێت و زەمینی دەوروبەریان سەدان جۆر گژوگیای کێویلەی وەك قەلەندۆر و ڕێواس و ترشۆکە و تەنانەت گەنمەبەهارەشی لە ئامێزی خۆی گرتبێت!...

دنیایەکی وا پان و بەرینی ژێر ئاسمانی پیرمام و سەفین.. لەلایەك گوێت لە بانگی مزگەوت و ئەو لای دیکەش زەنگ لێدانی کڵێسە، دەبێ چ نهێنییەکی لە خۆ پێچابێت.. گشت نهێنییەکان لە ویژداندا خول دەخۆن و کۆدەبنەوە.. ویژدانی ڕەشۆی جەردە بەسەردا سەپێنراو کە (ناو و ناتۆرەییێکە بەناڕەوا لە دڕکە پەرێزی باوکیەوە بەدەلینگیەوە نووساوە) کە بابیشی بێبەری بووە لەو نازناوە ئا ئەو جەردەیە سڵی لە خشپەی مێروو کردووە.. ئەی چۆن بەگیسکە بۆرەوە لاتریسکە لەو جۆرە کەسانە نابەستێت لەبەر شەرمەزاری پێ دزەیان لێ ناکات.. خۆی لە کێ بشارێتەوە چۆن لەبەر چاو ون دەبێت؟.. لە یەك لە دووان لە سەرتاپای کۆمەڵگە... هەر



لە موفتی و عەزیز بەگ و مەلای مزگەوت و قەشەی کڵێسەوە تا دەگاتە خەلیفە، دەروێش، سۆفی حاجی، فەقێ، مەلاکوێرە، شەماش و مودیر بەگ و قۆمیسێر و پۆلیس و شەبان، بۆ سەرانسەری گشت ئەندامانی کۆمەڵ.. دەکەواتە ئەم بارە گرانەی بەرەشۆ هەڵناگیری و ویژدانی خۆشی ناڕەنجێنێت و.. بەدەم زریکە و هاوار و چریکەوە لە خەوەکەی خەبەری دەبێتەوە و.. خۆشی لەدەست کەندەپەپووی شووم قوتار دەکات و نایەڵێت کرداری چەپەڵ زەفەری پێ ببات.. ئەمجا بەئاسوودەیی و بێ باك لێی دەنوێتەوە.

کۆتایی باسەکەش بەوە دێنم کە هەرچەندە (مەم)ی بەهەشتیم لە ژیانیدا نەناسیوە، تەنیا ئەوە نەبێت هەندێ لەبەرهەمە بلاوکراوەکانیم خوێندوتەوە و لەنێو دووتوێی ئەو بەرهەمانەیدا شوناسی بووم.. بەبڕوایەکی ڕەخنەکارانەی تەواوەوە دەڵێم چیرۆکی (پایزە خەون) دەستڕەنگینی خامە و ژیرکاری نووسەری بەڕۆشنی تیا دەردەکەوێت و تێڕوانینێکی تایبەتی خودی (مەم) خۆیەتی بۆ گشت بەسەرهات و کارەساتەکانی نێو دەقی چیرۆکەکەی.

وە هەر چەندە کرداری ڕەخنە کاری بریتییە لەجمە و جوڵەیەکی هۆشیاری بەرپرس بەرامبەر هەر دەقێکی ئەدەبی.. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سەرجەمی بۆچوونەکانی دانەر و ڕای ڕەخنەگر و خوێنەران گەر نەش لکێن بەیەکەوە، لێك نزیك ببنەوە گەلەك چاکترە بۆ برەو پێدانی ئەدەبی ئەمڕۆمان.. بەلاّم لێرەدا دەربارەی دەقی پایزە خەونی محەمەد مەولود (مەم)ی بەهەشتی چەند دەستەوارەیەك ڕەخنەم لەبان چیرۆکەکەی هەڵچنیوە دڵنیام لەوەی کە زۆر لە خوێنەرانی هێژا بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمەکداری بەئەدەبی کوردی ڕاوبۆچوونی خۆیان لە بری وەلاّم دانەوەی دانەری خوالێخۆشبوو بەهەستێکی پیرۆزەوە لێ دەخەنەگەڕ بەرامبەر گشت داهێنانێك لەلایەك و ناتەبایی نێو دەقی چیرۆکەکەی لەلایەکی دیکە گەر ڕەچاو بکرێت مەرامیش خزمەتی وشەی پیرۆزی ئەدەبەکەمانە.

# پەراوێزەکان

١- پایزە خەون، محەمەد مەولود (مەم) چاپخانەی دار الحرية. بغداد ١٩٨٦.

٢- طبيعة الانسان في ضوء فسلجة بافلوف - الدكتور نوري جعفر - مطبعة الزهراء - بغداد ١٩٧٧.

٣- خمس حالات من التحليل النفسي. سيجموند فرويد. ترجمة د.صلاح مخيمر وعبده ميخائيل. رزق مكتبة الانجلو مصرية.

٤- نقد النقد - تزفيتان تودوروف. ترجمة: د.سامي سويدان. دار الشؤون الثقافية العامة - بغداد.ط/٢ ١٩٨٦.

٥- البنوية: فلسفة موت الانسان. روجيه غاروديَ. ترجمة: جورج طرابيشي. دار الطليعة. بيروت. ط/٣ ١٩٨٥.

٦- باختين: التواصل اللفظي الملموس. عبدالرحمن طهمازي جريدة الجمهورية. العدد ٦٦٨٠-٢٩/ كانون الاول/ ١٩٨٧.

٧- بازەڵە = هەرزە= هەرزەکار=(مراهق أو مراهقة).

٨- درس السيمولوجيا. رولان بارت. ترجمة: ع. بنعبد العالي دار توبقال. للنشر المغرب.١٩٨٥

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ٦٧،ساڵی (١٩٨٨)دا بڵاوکراوەتەوە.**

# (سەگوەڕ)ی موکری و (کاروان و سەگوەڕ)ی مەم: شۆڕش لە دوو گۆشەنیگای جیاوە

**نووسینی: د. ئازاد حەمە شەریف**

شۆڕش یان گەندەشۆڕش، بەرخودان یان چۆکدادان، کۆڵنەدان یان بەزین، کرۆکی هەردوو ڕۆمانۆکەکەی سەرەوەن. هەردوو ڕۆمانۆکە لە لایەن دوو چیرۆکنووسی گەورەی گەلەکەمان نووسراون. هەردووکیشیان راستەوخۆ ئەزموونی شۆڕش کاری تێکردوون و پەیوەندی راستەوخۆشیان بە شۆڕش و سەرانی شۆڕشەکانی کوردەوە هەبووە. موکری نووسەری (سەگوەڕ) جگە لەوەی کە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا بە کەسێکی یاخی دژ بە هەموو جۆرە سیستەم و کۆت و بەندێك ناسراوە، ماوەیەکی زۆریش لە شاخ بووە و لەپاڵ پێشمەرگەدا خەباتی کردووە. ئەمەش وای لێکردووە کە زۆر وردەکارانە لە ناوەوەی شۆڕش و ناخی شۆڕشگێران رابمێنێت. (مەم)ی نووسەری (کاروان و سەگوەڕ)یش هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ئەندامی کۆمەڵەی (هیوا) بووە و تا کۆتایی ژیانیشی نووسەرێکی خاوەن هەڵوێستی کوردایەتی بوو.

لە هەموو شۆڕش و سەرهەڵدانێکی دنیاشدا، لەپاڵ رەوایی کێشە و دۆزی میللەت، هەزاران کەسی خۆفرۆش و خایەن و بازرگان خۆیان دەخزێننە پاڵ شۆڕش بەمەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندی تایبەتی یان خزمەتکردنی دوژمنان و تێکدانی شۆڕش و زۆرجارانیش هەرئەوانن دەبنە سەرکردە و رابەری شۆڕش و لێپرسراوی پایەبەرز. بۆیە لە زۆربەی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمدا کەسانی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەری راستەقینە لە ئەنجامی بینینی کەم وکوڕی یە زۆر و زەبەندەکانی ناو کاروانی شۆڕش و ڕێگای خەبات و بەهەڵەدابردنی ئاراستەی شۆڕش و شۆڕشگێڕایەتی، ئەوان ساتێك لە ساتەکانی ژیانیان تووشی نائومێدی و ورە رووخان دێن و جاریش وایە هەربەیەکجاری دەست لە ژیان دەشۆن و رەشبینی بەرچاویان تاریك دەکات و



نەفرەت لە شۆڕش و هەموو ئەو بیروباوەڕانەش دەکەن کە ساڵانێك بووە قوربانییان لە پێناوی داوە. بەکورتی شۆڕش لەلای ئەوان هێندە قێزەوەن دەبێت و لەهەموو مانا جوانە مرۆڤانەکەی دەشۆرێت و دەبێتە (سەگوەڕ).

بەپێچەوانەشەوە، سەرباری ئەو هەموو لایەنە خراپانەی کە لەناو شۆڕشدا دەبینرێن و ئەو هەموو کێشە و تەنگ و چەڵەمانەی لەسەرەوە باسمان کردن، زۆربەی شۆڕشگێڕانی راستەقینە لەپێناو بیروباوەڕەکانیان ئازایانە گیانیان بەخشیووە و لەجیاتی بەزین و ورە ڕووخان ئەوپەڕی بڕواقایمی و ورەبەرزییان نواندووە و تا دواچرکەی ژیانیان بڕوایان بە دۆزی رەوای گەلەکەیان لەق نەبووە و کێشەی شۆڕش و خایەنانی ناو شۆڕشیش لەلای ئەوان وەکو مەسەلەی (کاروان و سەگوەڕ)ە، چونکە ئەوان بڕوایان وابووە کە شۆڕش کاروانێکی درێژخایەنە و کاروانیش بێ سەگوەڕ مەحاڵە.

هەردوو ڕۆماننووس بەحوکمی پاشخانی سیاسییان باس لە کێشەی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان دەکەن. بەڵام هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاواز و پێچەوانەوە. ئەوەی راستی بێت، ڕۆمانۆکەی (کاروان و سەگوەڕ)ی محەمەد مەولود (مەم) وەڵامی نوڤڵێتی (سەگوەڕ)ی موکری یە. وەك روون و ئاشکرایە لەلای هەموومان، (سەگوەڕ)ی موکری لە گەرمەی شەڕی بەرخودانی میللەتەکەمان بەرامبەر بە دوژمنانی عەرەبی فاشیستی لە ناوچەی رزگارکراودا، لە (ناوزەنگ) لە ساڵی (١٩٨٢)دا بڵاوکراوەتەوە. (کاروان و سەگوەڕ)ی (مەم)یش لەماوەی کەمتر لە دووساڵێك دوای (سەگوەڕ)ی موکری نووسراوە. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کاتێك لە ساڵی (١٩٨٤) کە بۆ یەکەمجار (مەم)م ناسی، (مەم) لە ماڵی خۆی بە ئامادەبوونی کاك (سەباح رەنجدەر) باسی ئەو کتێبەی خۆی بۆ کردم و پێی گوتم کە "من وەڵامی (سەگوەڕ)ەکەی موکریم بە رۆمانێك داوەتەوە بە ناوی (کاروان و سەگوەڕ)". هەروا گوتیشی کە "هەموو رستە و دەستەواژە ورەرووخێنەکانی (سەگوەڕ)ی (موکری)م بەبێ هەڵاوێردن خستۆتە بەر باری سەرنج و لێکۆڵینەوەی ورد و پێچەوانەی یەکە بەیەکەیان را و هەڵوێستی خۆمم لە ناو ڕۆمانەکەی خۆمدا هێناوەتەوە".

دیاربوو (مەم) زۆر رای لەو بیرۆکانە نەبوو کە لەو نوڤێلتەی "موکری" دابوو و دەیگوت "نابێ نووسەر لە بارودۆخی ناسك و تەنگی ئاوادا شۆڕشەکەی بە "سەگوەڕ" تێ بگات چونکە ئەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەرلەخزمەتی دوژمن دەکەوێتەوە". هەروا دەیگوت "شۆڕش

کاروانە و کاروانیش بێ سەگوەڕ نابێت." بەهەرحاڵ داوای ڕۆمانۆکەی "کاروان و سەگوەڕ"م لێی کرد بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە، بەڵام ئەو پێی نەدام. وەڵامیشی ئەوە بوو "لەڕووی ئەخلاقیەوە پێم باشە تا موکری نەیخوێنێتەوە، کەس نەیبینێت."

ئەوەی راستی بێت، پاڵەوانی هەردوو ڕۆمانۆکە هەمان کەسایەتین. ئەویش کەسێکی هەژاری خەڵکی شاری گڕوخەمە و هەردووکیشیان سەر بەچینی ژێرەوەی کۆمەڵ و بێ ناو و ناونیشانن. هەردوو پاڵەوانیش خاوەن بیروباوەڕی نەتەوایەتی قووڵن و تا بڵێ ی مرۆڤی ئازا و بەجەرگن. هەردووکیشیان نەك تەنیا خۆیان بەڵکو بنەماڵە و خۆشەویستەکانیشیان بوونەتە سووتووی ڕێگای ملنەدان بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی ڕژێمەکانی پێشوو.

بەڵام پاڵەوانی (سەگوەڕ) دوای ئەزموونێکی دوورودرێژ لەناو دوو شۆڕشی یەك بەدوای یەکدا و دوای بینینی سەدان کارەساتی جەرگبڕ کە بەسەر خۆی و خوشك و باوك و دایك و هاوەڵ و هاوڕێیانی ڕێگای خەباتی داهاتووە، گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە چونکە زۆرێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی کورد کەسانی خۆپەرست و نادڵسۆز و بەرژەوەندیخواز بووینە، بۆیە شۆڕشی کورد مایەپووچ بووە و ئەوەی کەسانی شۆڕشگێڕ ئەنجامیان داوە و گیانیان لەپێناویدا بەختکردووە شتێکی بێ ئەنجام و بێ مانا و مرۆڤ خڵەتێن بووە و سەرکردەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەزاران ڕۆڵەی نازداری ئەم میللەتەیان بەکوشتداوە وەکو (دڵشاد)ی جوانەمەرگ و دایکیشی یان (ئازاد و شێرزاد)ی برای یەکتری کە یەك بەدوای یەکەوە لەکونی زیندان بەدەستی بەعسییە فاشیستەکان لە سێدارە دەدرێن. هەر ئەمەشە وا لە پاڵەوانی (سەگوەڕ)ی موکری دەکات کە لەدوا چرکەساتەکانی ژیانی خۆیدا بگاتە ئەو بڕوایەی ئەوەی ئەوان پێ ی هەڵخەڵەتاون بەناوی (شۆڕش) تەنها و تەنها (سەگوەڕ) بووە و سەگوەڕیش هیچی لێ ناکەوێتەوە جگە لە نائومێدی و ماڵوێرانی. هەربۆیەش پاڵەوانە بەزیووەکەی ئەو ڕۆمانۆکەیە بەهەموو توانای خۆیەوە دەیەوێت نامەیەك ئاراستەی نەوەی دوارۆژ بکات لەڕێگای نەخشاندنی وشەی (سەگوەڕ) لەسەر دیواری ئەو کونجەی زیندان کە ئەو چاوەڕوانی لە سێدەرانی تیا دەکات. ئەم پەیامەشی هێندە لەلا پیرۆزە کە هەموو هێزی خۆی بۆ تەواوکردنی خستۆتە گەڕ. پیرۆزی ئەم پەیامە لەلای ئەو لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو دەیەوێت چیتر نەوەی دوارۆژ نەبنە سووتووی هەندێك لەو سەرکردە ناپاکانە و جارێکی تر بەقسەی بریقەداری فیشالاویان فریوو نەخۆن.



بێگومان، هەر لە خت و خۆڕایی نییە کە موکری شۆڕشێکی گەورە و گرانی پەنجاساڵەی بە (سەگوەڕ) ناساندووە چونکە هەندێك لەوانە بەناوی پیرۆزی کوردایەتییەوە شۆڕشی کوردیان بەلاڕێ دا بردووە - ئەو شۆڕشەی کە میللەتێکی بەشخوراوی وەکو کورد زیاتر لە نیو سەدە بۆی تێکۆشاوە و قوربانی زۆر و زەبەندی بۆ داوە وای لێکراوە کە شایەنی وشەی (سەگوەڕ) پترنەبێت. هەڵبەتە هۆکارە سەرەکییەکانی ناساندنی شۆڕشێکی زل و زەبەلاح بە (سەگوەڕ)ێکی قێزەوەن زۆرن. لەمانە: "شەڕی براکوژی و عەشیرەتبازی" و عەقڵی خێلپەرستی و ڕێگرتن لە "مرۆڤە ڕۆشنبیرەکانی" ناوەوە و دەرەوەی شۆڕش و رابەرایەتیکردنی خەڵکی رەش و رووت و شۆڕشگێڕ لەلایەن "سکرابە سیاسیەکانی پێشوو" و "رەفتاری ئاغایەتی" ناو شۆڕش و بەرزکردنەوەی "دروشمی بریقەداری کالڤام خڵەتێن" و رووخساری "بزەئامێزی چاپلووسی"و بەگرتنەدانی ڕۆشنبیرانی رەخنەگر لەڕێگای راپۆرتنووسین و دەزگا هاوبەشییە سیخووڕییەکانی شۆڕش و دژەشۆڕش (سەگوەڕ، ل: ٥٩ - ٧٤). جا کاتێك (شۆڕشێك؟) بە (سەگوەڕ) دەچووێنرێت ئەمە ئەوپەڕی ریسواکردن و پەردە لەرووهەڵماڵینی راستییە پەردەپۆشکراوەکانە بەناوی پیرۆزی کوردایەتی و شۆڕشگێڕایەتی. ئەم پێکچواندنەش لەلایەن کەسایەتییێکی خۆفرۆشەوە نەکراوە، بەڵکو لەلایەن ئەو پاڵەوانە بەجەرگە گیان بەخشەوە کراوە کە لە کونی زیندانی دوژمنان دایە و تەنیا چەند کاتژمێرێکی کەمی ماوە بۆ لە سێدارەدان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو کەسایەتییێکی تا ئەوپەڕەکەی شۆڕشگێڕبووە و تا دواچرکەساتی ژیانی خۆی لە پێناو ئەو مەسەلەیەدا بەختکردووە !!

هەڵبەتە ئێستا موکری وەڵامی خۆی بۆ هەموو ئەو قسانەی ناو ڕۆمانۆکەکەی پێ یە، ئەگەرچی کاتی خۆی کە ئەو ڕۆمانۆکەی لە چیادا بڵاوکردەوە گران بوو وەڵامێکی باوەڕپێهێنی بێ مشتومڕی پەیدابکردایە چونکە ئەوسا خەڵکی بەگشتی بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوون قسەی خراپ لەبارەی شۆڕش و شۆڕشگێرانەوە بکەن، بەڵام دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەهەموو شۆڕشێکدا کەموکوڕییەکان هێندە زۆر دەبن کە بە ئاسانی پاساو بۆ ئەم قسانەی موکری لەدەمی گەوجترین کەسیش دەبیسترێت.

هەر ئەودەمای بوو کە (مەم) ی دڵسۆز و کوردپەروەر بەهەموو توانای خۆیەوە دەیەویست بەهەرشێوەیەك بێت بەرپەرچی قسە و گوفتارەکانی ناو (سەگوەڕ) بداتەوە، چونکە ساڵانی

هەشتاكان دوژمن لەهەموو لايەكەوە تەنگى بە كورد هەڵچنيبوو و كوردقڕان و ئەنفال لەبەرنامەى ئەو دوژمنە خوێنخۆرەدا بە روونى بەدى دەكرا. (مەم)يش وەكو مرۆڤێكى نەتەوەپەرستى كورد هەركەسێك لەرووى رژێم بوەستابايەوە بە پيرۆزى دەزانى ئەگەر ئەو كەسە تاوانبار و ناپاكيش بوايە. (مەم) هەر لەو روانگەيەشەوە دەيڕوانييە شۆڕش. واتە (مەم) لەدەرەوە تەنيا لە قەپێلكى شۆڕش راماوە و ئەگەر خەوش و كەم وكوڕيشى ديبێت چاوى خۆى لێ نووقاندبوو چونكە دوژمن ئەوسا نەك تەنيا دوژمنى شۆڕشگێڕان بوو بەڵكو دوژمنى سەرجەم ميللەتى كورد بوو. هەربۆيەش كاتێك (سەگوەڕ)ى موكرى خوێندەوە تا سەر ئێسقان بريندار بوو و كارێكى هێندە قووڵى لەدڵ و دەروونى كردبوو كە دڵى بە نووسينى نامەيەك يان وەڵامێكى ئاسايى دانەدەكەوت.

سەرەنجام (مەم) بڕيارى خۆى دابوو كە هەر دەبێت بە رۆمانۆكەيەك رووى دووەمى شۆڕش و مرۆڤى شۆڕشگێڕى كورد پيشانى خوێنەران و دۆست و دوژمن بدات كە بەتەواوى پێچەوانەى قسە و بيروباوەڕ و هەڵسوكەوتى پاڵەوانەكەى (سەگوەڕ)ى موكرى بێت. ئەمەش تەنيا و تەنيا بۆ نووسەرێكى وەكو (مەم) لەڕێگاى وەرگرتن و بەنموونە هێنانەوەى دێر بەدێر و رستە بە رستەى رۆمانۆكەكەى موكرى نەبێت بەهيچ شێوەيەكى تر مەيسەر نەدەبوو. جا (مەم) دەستى كرد بەكاركردن لەسەر سەرجەم وشە و رستە و بيرۆكەكان. بەڵام لەناو هەر رستەيەك يان بيرۆكەيەكدا ئەو پێچەوانەى ئەوەى موكرى دەسەلماند.

بەمەبەستى بەهێزتركردنى پێگەى شۆڕش و بيرى شۆڕشگێڕايەتى لەناو رۆمانۆكەكەى دا، وێڕاى ئاوەژووكردنەوەى قسەكانى ناو (سەگوەڕ) بە تەواوى يان بە وشە و دەستەواژەيەك، (مەم) لێرە و لەوێ ى رۆمانۆكەكەيدا رووداوى پاڵپشت و كەسايەتى سەربارى خزاندۆتە ناو رۆمانۆكەكەى خۆى كە لە (سەگوەڕ)ى موكرى دا بوونيان نييە. دەيان بيرۆكە و رستە و دەربڕينى پڕ بيرى شۆڕشگێڕايەتى و لێكدانەوەى هزرى هێناوەتەوە تاوەكو باوەڕ بەخوێنەر بهێنێت كە دەكرێت شۆڕش لە چەندين گۆشەنيگاوە سەير بكرێت و بە چەندين جۆر لێك بدرێتەوە. هەروا دەيەويست ئەوەش بۆ هەموو لايەك دەربخات كە رەوتى شۆڕشەكانى دنياش هەروا بووە و ژيان و شارستانى مرۆڤ بە هەمان رێچكەدا رۆيشتووە و لەم دنيايەدا شتێك نييە بەتەواوى باش يان بەتەواوى خراپ، تەنيا چۆنييەتى



بەكارهێنانيانە لەلايەن مرۆڤەوە وا دەكات ئەو شتە چاك يان خراپ بكەوێتەوە. هەر بۆيەش سەرەتاى رۆمانۆكەكەى بەو جۆرە دەست پێ دەكات:

"ئامێر و كەرەستەى دروستكردن و ئاوەدانكردنەوە هەر ئەو ئامێر و كەرەستەيەن، كە رووخاندن و وێرانكاريشيان پێ دەكرێ... ئينسان خۆى بۆ چۆنييەتێتى بەكارهێنانيان سەرپشكە."(كاروان و سەگوەڕ، ل ٥)

وێڕاى ئەو جۆرە رستە و دەستەواژە و وشانە، پاڵەوانى (كاروان و سەگوەڕ) لەدواچركەساتى ژيانى خۆيدا كە سەرجەمى بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕايەتى تەرخانكردووە چركەيەكيش چييە پەشيمان نييە لەو رێبازەى هەڵى بژاردووە و هەرگيز هەستيش بەوە ناكات كە ژيانى خۆى لەپێناو شتێكى هيچدا بەفيڕۆ داوە. بۆيە دوا پەيام و دوا وشە كە لە دواى خۆى بۆ نەوەكانى دوارۆژ بەجێ ى دەهێڵێت وشەى (سەركەوتن)ە نەك (سەگوەڕ) كە ئەمەش درێژەپێدانە بە بيروباوەڕە پتەو و رێگا راستەكەى كە لەپێناويدا گيان و سەروماڵى خۆى و بنەماڵە و كەسە ئازيزەكانى خۆى بەختكردووە. ئەم پەيامەش رێك پێچەوانەى پەيامەكەى پاڵەوانى (سەگوەڕ)ى موكرى يە.

دوا قسەمان لەبارەى رۆمانۆكەى (كاروان و سەگوەڕ) ئەوەيە ئەگەر (مەم) تا رۆژى ئەمڕۆ بمابوايە و لە رۆژگارى دواى شۆڕش بژيابوايە و ئەو هەموو تێكەولێكەيەى رۆژگارى ئيمڕۆ و سەروژێرى زەمانە و راكەراكە و فڕكان فڕكان و گەمەى پاشا و كورسى بديبوايە، داخۆ هەمان تێڕوانين و هەمان هەڵوێستى ناو رۆمانۆكەكەى بەرامبەر بە شۆڕش و شۆڕشگێڕايەتى دەبوو ياخود ئەويش وەكو (موكرى) شۆڕش بە (سەگوەڕ) و هەڵسوڕێنەرەكانيشى بە "سكراب سياسى" تێ دەگەيشت؟

هەمان پرسياريش بەجۆرێكى تر ئاراستەى موكرى دەكەينەوە: ئاخۆ دواى بينينى ئەو هەموو رووداو و گۆڕانە باش و خراپانەى كە سەرەنجامى شۆڕشى كورد پێ ى گەيشت و دواى ئازادبوونى كورد لەنيرى دوژمنان و هاتنەكايەوەى بارودۆخێكى وا كە هەندێ لە دەسەڵاتداران بازرگانى نەك تەنيا بە شۆڕش و شۆڕشگێڕان بكەن، بەڵكو بەسەرجەم ئەو بنەمايانەى رۆژگارێك بانگاشەيان بۆ دەكرد و پاوانكردنى دەسەڵات و بەرتەسك كردنەوەى ئازادى تاكە كەس و تێك شكاندنى ناخى كەسايەتى كورد لە پێناو نان و كورسى دا و هێنانەكايەوەى ئەو

گەندەڵیەی ناوجەرگی کۆمەڵگەی کوردەواری لەناخەوە دارزاندووە، داخۆ موکری ئەگەر ڕۆمانێکی تر لە بارەی شۆڕشی کورد بنووسێتەوە هەڵویستی چی و چۆن دەبێت ؟ ئایا هەر وەکو جاران شۆڕش بە (سەگوەڕ) تێدەگات یان بەچاوێکی گەشبینانە یان ڕەشبینانە لەم ئەزموونەمان رادەمێنێت؟ ئایا چ ناوێك بۆ ڕۆمانەکەی دەدۆزێتەوە و چ لایەنێکی کۆمەڵگەکەمان دەخاتە بەر نەشتەری رەخنە؟ ئەمە پرسیارێکە موکری دەتوانێت وەڵامی بداتەوە و ئێمەی خوێنەر هیچی لێ نازانین؟

**هەولێر ١ تا ٨ /١٢/٢٠٠٨**

................................................................................

## سەرچاوەکان:

(١) موکری، سەگوەڕ (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی شەشەم، ٢٠٠٨)

(٢) محەمەد مەولود (مەم)، کاروان و سەگوەڕ (هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم: ٢٠٠٣) (لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس)

# ڕێگا و تراژیدیای خولیاکان

**فەرۆخ نیعمەتپوور**

**(کوردستانی ئێران)**

"کەنگێ هەندێك ئاسوودە دەبین؟" (لاپەڕە ٤٢٨ ڕێگا) ڕۆمانی (محەمەد مەولود مەم)

رەنگە ئەمە گەورەترین پرسیاری مێژووی نەتەوەیەك بێت کە دەتوانێ لە دەقێکی ئەدەبیدا ببێ بە دەستپێك و نێوئاخن و کۆتایی بەهرەیەکی هونەری و ببێ بە خاڵی هاوبەشی هونەر و مێژوو و کۆمەڵ و تاك. ڕستەکە، پرسیارە. ئەو داواکارییەش کە تێیدایە زۆر نییە: "هەندێك"، فرمانەکەشی فرمانێکی کۆیە. لە مێژوویەکی پڕ نەگبەتیدا تەنانەت کاتێك "تاك"یش ئەم پرسیارە دەکا، هەر فرمانی کۆ بەکار دەبا. لەو شوێنەی تاك فرمانی کۆ بەکار دەبا دەبێ پێوەندییەکان وەها هەمەگیر و ئازارەکان وەها گشتی بن کە هەستەکان و عەقڵەکان وەك تاك بزربن، یان ڕەنگە مرۆڤەکان وەها هەست بە بزربوونی خۆیان بکەن کە چاریان نییە جگە لەوەی لە گشتییەکانەوە دەست پێ بکەن. بەڵام مرۆڤ تا ئێستا هەمیشە خاوەنی ئەو کێشە گشتییانە بووە کە بەردەوام دەبێ لە گشتییەکانەوە دەست پێ بکا.

مرۆ چییە جگە لە پێوەندییەکانی؟ ئەمە ڕاستە کە مرۆ بریتییە لە پێوەندییەکانی، بەڵام هەر لەو کاتەدا کاتێك ئاسوودەیی دێتە گۆڕێ، ئاراستەی پرسیارەکانیشی دەگۆڕدرێ. دەکرێ ئیتر بووترێ: "کەنگێ هەندێك ئاسوودە دەبم؟" ئەم پرسیارە بەم شێوەیە لە مێژووی ئێمەدا بوونی سەرەکیی نییە. لێکچوونەکان ئەوەندە تۆخن کە مرۆڤەکان زۆربەی هەرە زۆریان ئاوێتەی یەکن. یەك لە ناوی یەکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە. یەك لە ناو هەزاران و ملیۆن کەسانی دیدا خۆی دەبینێتەوە... ملیۆنان کەس خۆیان لەناو یەك کەسدا دەبیننەوە.

کە مرۆڤەکان زۆر لەیەك بچن، داواکارییەکانیش ناتوانن زۆر قووڵ بن. داواکارییەکان سادە بەڵام گرنگیش دەبن. سادە لەبەرئەوەی هەموو دەیزانن، گرنگ لەبەرئەوەی جێهێشتنی قۆناغێکە و تێپەڕبوونە بەرەو قۆناغێکی دی.



ئەم پرسیارە ئاراستەی مێژووییشی هەیە. گۆشە نیگایەکی پرسیار ئامێزە بەرەو ڕەوڕەوەیەکی دیکە.

ئەم پرسیارە تەنیا هی مێژووی دوێکە نییە، بەڵکو هی مێژووی داهاتووشە... پرسیاری گۆڕینی جلوبەرگی مێژووە، گۆڕینێك کە دەیەوێ ئێستا ڕووبدات، بەڵام هەر لەو کاتەشدا بەردەوام دەبێ و ئێستاش جێ دێڵێ. چونکە دڵنیا نییە لەوەی کە ئێستا بۆی مسۆگەر دەبێ یان نا.

وشەی "کەنگێ" لەم ڕستەیەدا ئاراستەیەکی داهاتووبینانەی تێدایە. "کەنگێ" لە مێژوو وەدەرمان دەهاوێژێ و ئەو توانامان دەداتێ کە بەردەوام هەوێنی جێهێشتنی قاوغەکانی ئێستا لە خۆماندا پەروەردە بکەین. بەڵام باری گرانی مانا لەم ڕستەیەدا لەسەر شانی وشەی "ئاسوودە"یە. ئەگەر یەك بە یەك وشەکانی دی دەرهاوێژین و ئەوسا لە کۆتاییدا تەنیا "ئاسوودە" دەرهاوێژین، بە جوانی ئەم مەبەستەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا وشەی "کەنگێ" دینامیکییەتێك بە "ئاسوودە" دەدات. "کەنگێ" ئۆقرە لە "ئاسوودە" دەبڕێ و بەسەر داهاتوودا دەیگێڕێ، تا بزانێ داخۆ لە چ ساتەوەختێکدا دەکڕدرێ؟! بەم شێوەیە "ئاسوودە" وەك وشەیەکی موجەڕەد و هەڵبڕاو لە مێژوو، دەیەوێ قاچ بخاتە سەر زەوی و قەوارەیەکی ماددیی پەیدا بکا.

ئەم پرسیارە هەڵگری باری گرانی سایکۆلۆژییەکی ڕۆچووە. سایکۆلۆژییەك کە دەست بە هەر کوێیەکیدا بێنێ، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی هەر وشەیەك دنیایەك گرێ و شەیدایی ناعەقلانی، مازۆخیسم، سادیسم، تەنیایی نەزۆك و بەهرە لێك دابڕاوەکان سەر دێنن و بەرەو سەقەتیی ڕۆنانی ئارەزووەکان پەلکێشمان دەکەن.

بارودۆخی مێژوویی و کۆمەلایەتیی ئەم پرسیارە و ئەو زەخیرە مێژووییەی کە لە پشتی ڕاوەستاوە، باری سایکۆلۆژییەکان بەرەو خود شەیدایی (وەك مام حاجی و..) یان، ئەوی دی شەیدایی (وەك خۆ تواندنەوە لە خودا یان دەسەلاتێکی زەمینی)، یان، خود- ئەوەی دی شەیدایی (وەك کەسایەتی عەولا و شێرکۆ و کامەند) دەبا.

خودشەیدایی لەم ڕۆمانەدا دەسەلاتی بەدەستە (چ ئابووری، چ سیاسی و چ ئەتنیکی)، ئەوی دی شەیدایی لەم ڕۆمانەدا دەسەلاتی بەدەستەوە نییە، بەلام بەردەوام هۆگری دەسەلاتە و لە شەیداییەکی شێتانەدا بۆ شتە عیرفانییەکان، دەیەوێ هەم ئومێدی خۆی بۆ ڕوحم و بەزەییەکی دەسەلات ڕاگرێ و هەم دەیەوێ پاساوی ترسنۆکی خۆی بداتەوە و لە پرسیارەکان

دەرباز بێت (بڕوانە چۆن مەلا حەمید لە کاتی کاروانەکەدا بەردەوام دەیەوێ ئاراستەی قسەکانی مام زانەوێر و مام هەیدەر و شێرکۆ بەرەو شوێنێکی دیکە ببات) خود - ئەوی دی شەیدایی، لەم ڕۆمانەدا دەستەڵاتی بەدەستەوە نییە. ئەو دەیەوێ لە ڕێگای تواندنەوە لە کەسەکانی دیکەدا نیاز و پێداویستییەکانی خود هەر لە ئێستادا دەستەبەر بکا. سایکۆلۆژییەتێکی وا (لەم ڕۆمانەدا) لەسەر بڕوا زەمینییەکان ڕاوەستاوە و ئەوی دی شەیداییش هەر بۆ مرۆڤەکانی سەر زەویشە. هەر لەم ڕووەوە کەسایەتیی عەولاَ و مامەند و شێرکۆ گرنگترین و زۆرترین کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەن. تەنانەت هەرچەند عەولاَ و مامەند لە پانتایی ڕۆمانەکەدا بوونێکی کەم خایەنیان هەیە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئێمە پێشتر لە نێو ڕۆمانەکەدا لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە ئاشنا بووینە کە بە چەشنێك هەڵگری باری سایکۆلۆژی و بۆچوونی عەولاَو مامەندن. هەرکە بەم دوو کەسایەتییە دەگەین، هەست بە ئاشنابوونێکی زۆریان لەگەڵدا دەکەین. وەك بڵێی عەولاَ و مامەند ئەنجامی پرۆسەی مەنتیقی نێو ڕۆمانەکەن (عومەری سلێمان و مەحمودی سەعید و هاوڕێکانیان لە پاش یاغی بوونێك، ئارام دەکرێنەوە و خۆبەدەستەوە دەدەن، بەڵام دواتر ڕوو لە شاخ دەکەنەوە - مێژوو لە نێو ڕۆمانەکاندا باس لە خیانەتەکانی نێو بەرەی میر سلێمان بەگی میران و شێخ مەحمود دەکا- لە ئەنجامدا عەولاَ و مامەند دێنە ئاراوە کە بۆ نەفی باری سلبیی ئەو مێژووە هاتوون).

ئەمە گەورەترین پرسیاری مێژوویییە (واتە "کەنگێ هەندێك ئاسوودە دەبین؟") هەروەك وتمان ئاراستەیەکی مێژووییشی هەیە... ئاراستەیەك کە لە دوێنێی دوێنێکانەوە دێت و لە ئێستادا خۆ دادەکوتێ و ڕەنگە لانی کەم پرسیاری ئایندەیەکی نزیکیش بێت. مرۆڤی ناو ئەم مێژووە "لایەکی وەك شەو تاریکە، لایەکیشی ڕووناکی دەداتەوە" (لاپەڕە ٢٥ ڕێگا)، کە ئەمە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی مێژوودا مرۆڤەکان دەبن بە دوو بەرە و بەشێکی ئینسانەکان ڕووناکین و بەشێکی دیکەیان تاریکی (وەك لای پاڵەوانی ڕێگا وای لێ دێ). جا لە حاڵەتی وادا هەمیشە ئەم پرسیارە لە بەرامبەر مرۆڤی نێو ئەم مێژووەدا ڕاوەستاوە و زەینی دەخواتەوە.

مرۆڤی عەودالی حەقیقەت و ئاسوودەیی نێو ڕۆمانەکە هەر بە پێی لێك جودا بوونە عەینییەکانی نێو کۆمەڵ، دەیەوێ لێك جودا بوونەوەیەکیش لە نێو دیاردە مەعنەوییەکاندا بکا کە باڵیان بەسەر کۆمەڵدا کێشاوە (بڕوانە لاپەڕە ٢٤ کە دەیەوێ خودای خۆی لە خودای خەڵکی جودا بکاتەوە، یان بڕوانە ئەو بۆچوونەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە لای وایە دەبێ خودای هەژاران و خودای دەوڵەمەندان جودابن).



ئەم لێك جوداکردنەوەش لەو کاتەوە لە زەینی پاڵەواندا چەکەرە دەکەن کە بەهۆی زوڵم و زۆر و بارودۆخی نامرۆڤانەوە، پرسیارەکانی وەك "کوا ئیسلامەتی، ئەدی خوا و پێغەمبەر.. چییان لێ هات؟" (لاپەڕە ٢٩)، سەر هەڵدەدەن. کەواتە کاتێك پەنا خەیاڵییەکان لە درێژەی بوونیاندا، دەسکەوتێکی ماددییان نەبێ، بەرەو پرسیار دەگۆڕدرێن و مل دەدەنە گۆڕانکاری. مەعنەوییەتەکان بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، لە ڕەوتێکی مێژووییدا دەگۆڕدرێن. بەم شێوەیە مرۆڤ لە بازنەی جەبرێکی ماددیدا پێکهاتەی جوانکارییەکان دەگۆڕێ.

بەڵام گومان و پرسیار لە بوون، لە خودا، لە بیروڕاکان، لە شەیتان (شەیتانیش تا دنیا مابێ هەر دەمێنێ؟) (لاپەڕە ٣٢ ڕێگا)، تەنیا بۆ شێوەی ژیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ جێهێشتنی قۆناغی منداڵیش دەگەڕێتەوە. جێهێشتنی قۆناغی منداڵی، جێهێشتنی خەون و قۆناغی ڕۆمانسی و دواتر چوونە ناو واقیع و دنیای تاڵی ڕیالیستییە ئەمە بیری ئەو لێکچوواندنەمان دەخاتەوە کە (ئۆگۆست کۆنت) لە نێوان قۆناغە فیکرییەکانی مرۆڤێك لەگەڵ قۆناغە فیکرییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەیکا. لای کۆنت، ناسین، سێ قۆناغی جیاجیا بە درێژایی مێژوو دەبڕێ: قۆناغی یەکەم، قۆناغی خەیاڵییە کە تێیدا مرۆڤ جەوهەری سروشت و بوونەوەرەکان بۆ هۆکارێکی میتافیزیکی دەگێڕێتەوە. لە قۆناغی دووەمدا (قۆناغی فەلسەفی) مرۆڤ جەوهەری تەبیعەت و بوونەوەرەکان بۆ هێزە نادیار و نهێنییەکان، یان شتە موجەڕەدە حەقیقییەکان دەگێڕێتەوە کە دیاردەیەکی زاتیی هەموو بوونەوەرەکانە. لە قۆناغی سێیەمیشدا کە بە قۆناغی زانستی ناوی دەبا، مرۆڤ دەست دەداتە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاساکانی سروشت بە شێوازی زانستی، جۆری بیرکردنەوەی شێرکۆ لە منداڵیدا و ئەو پرسیارانەی کە دواتر لە قۆناغی تێپەڕاندنی منداڵیدا دێتە گۆڕێ، بەهرەیەکی لەم بۆچوونەی کۆنتی تێدایە. بۆ شێرکۆ دابڕانێکی بێ مێژوو هەست پێ دەکرێ (تەنانەت تەڵە داوە دەزوویەکی باریکیش بەدی ناکەم، ئەو ڕۆژە ڕابردووانەم بەم ڕۆژانەی ئەمڕۆم ببەستێتەوە) (لاپەڕە ٣٢ ڕێگا). داخۆ ئەمە تاوانی تەمەنە، یان تاوانی ژیان؟ داخۆ ئەمە سەمبولێك نییە بۆ دابڕانە مێژووییەکانمان؟

...بەڵام لێك دابڕانێك کە هەست بە مێژووی خۆی نەکا و مێژووی لێ بزربێت، ڕوو دەکاتە تێکدان. هەڵبەت نەك تێکدانی مێژوو، بەڵکو تێکدانی ئێستا (چونکە مێژوویەك لەبەردەستدا نییە تا بیرووخێنێ) هەر لەو کاتەدا "مرۆڤی لێك دابڕانی مێژوو" حەزی بەو یەکبوونانەیە کە مرۆڤەکان لە نێو یەکتردا دەتوێنێتەوە. تواندنەوەی خۆ لە بەرامبەردا و بەرامبەر لە خۆدا، بەڵام ئەمە ونکردنی خودە و بەهرەیەکی عیرفانییە. چلۆن دەکرێ یەکبوون و تواندنەوەیەکی لەم

چەشنە ڕوویدا؟ کە من و تۆ بووین بە یەك، کوا ئەو دوو جەمسەرەی کە لە بوون و پێوەندییاندا عەشق لە دایك دەبێ؟ داخۆ عەشق بەبێ بوونی من دەتوانێ بوونێکی سەربەخۆی هەبێ؟

بەڵاّم وا دیارە پاڵەوانی ڕێگا هەست بەم مەسەلەیە دەکا، بۆیە خوازیاری تواندنەوە و ناژتنێکی دوو لایەنەی وەهایە کە شتێکی نوێ و تازەی لێ پەیدا ببێ. کەواتە لای ئەو دەکرێ تواندنەوەکان لە چەشنی دیکە بن. چەشنێکی وا کە وا دیارە لە پراتیکی خۆیدا تەسەور دەکرێ. ئەم ئارەزووەی پاڵەوانی ڕێگا کە لە ئاسمانەکان دادەبەزێ و قاچ دەخاتە سەر زەوی، دەسبەجێ ڕواڵەتی ماددیی پەیدا دەکا و دەیەوێ لە سووتاندنی عەمبارە گەنمەکەی مام حاجییەوە دەست پێ بکا کەواتە ئارەزووەکەی ئەو بنەمایەکی ڕاستەقینە و واقیعی هەیە. لای ئەو گۆڕان لە شێوەی ژیاندا دەتوانێ ببێ بە گۆڕان لە عەشقدا و گۆڕان لە پێوەندیی مرۆڤەکاندا.

شێرکۆ، پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، لە قۆناغی پێش گومان و پرسیارەوە دەست پێدەکا و دەگاتە گومان و پرسیار، دواتر دەگاتە وەڵاّمەکان و ئەوسا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لەگەڵ عەولاّ و مامەند بە بڕیارێك دەگەن. ئیتر ڕۆمانەکە واز لە ڕاپەڕاندنی بڕیارەکە دێنێ و خوێنەر یەکسەر بەرەو هەوای شاخ و بزووتن و تێکۆشان دەبا. قۆناغی گومان و قۆناغی وەڵاّمەکان زۆرترین پانتایی نێو ڕۆمانەکە داگیر دەکەن. قۆناغی گومان و قۆناغی وەڵاّمەکان، پێ بەپێی شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵاّیەتی و ئابووری و سیاسی دەچنە پێشێ. زۆر جار سنووری نێوان پرسیار و وەڵاّم ناگاتە کردەوەی پێویست (هەر بۆیە دەبینین شێرکۆ بەردەوام خۆی سەرکۆنە دەکا). یەك نەگرتنەوەی پرسیار و وەڵاّم لە کردەوە و پراکتیکی پێویستدا، گرێی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، کە هەموو تانوپۆی ڕۆمانەکەی چنیوە (هەرچەند ئەم گرێیە بەردەوام دۆخی تایبەت بەخۆوە دەگرێ. وەك دۆخی عومەری سلێمان و هاوڕێکانی).

شێرکۆ چەند جار بڕیار دەدا عەمباری گەنمی مام حاجی بسووتێنێ. ئەم بڕیارە قەت ڕاناپەڕێندرێ و شێرکۆ بەردەوام خۆی سەرکۆنە دەکا. ئەو وا بیر دەکاتەوە کە ترس لە خودا و نەبوونی ئازایەتی ناهێڵن کارەکەی ڕاپەڕێنێ، بەڵاّم دواتر تێدەگا کە مەسەلەکە ئەمە نییە، بەڵکو مەسەلەکە بریتییە لە هەڵوێست، کە هەڵوێستیش بەشێکە لەو نەریت و یاسایانەی خۆمان سنووری بۆ دەکێشین، لێرەدا هەڵوێست دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتەکان. کەواتە شێرکۆ قەناعەتی نییە ئەو کارە بکا، ئەگەر قەناعەتی بێ دەتوانێ ترس لە خودا و تخووبی نەبوونی ئازایەتی ببەزێنێ. لێرەدا قەناعەت دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی "کاریگەریی سەرخان لەسەر ژێرخان". واتە مرۆ دەتوانێ لە ڕێگای هەڵوێستەوە (کە پرۆسەیەکی پڕ گرێ و گۆڵی دەروونییە) نەوعی پێوەندیی خۆی لەگەڵ واقیع، یان واقیع لەگەڵ خۆی بگۆڕێ:



لێکدانەوەی واقیع، زەین گەرایی وەلادەنێ. لە کردەوەیەکی دەروونیدا بە ئاکامێکی تازە دەگا.

زەین گەرایی ناهێڵێ (بوونی خودا و ترس)

↓

بڕیاری سووتاندنی عەمباری گەنم

↓

بینینی ڕاستییەکان (بارودۆخی ناهەمواری ژیانی خەڵك)

↓

نەبوونی کردەوە لە نەبوونی هەڵوێستدا دەبینێ کە بە ڕای وی مرۆڤ دەتوانێ بە دەستی بێنێ...

بەڵاّم سووتاندنی عەمباری گەنمەکە لە پانتایی ڕۆمانەکەدا نابینین، سووتاندنی عەمبارەکە ڕووداوێکی ئاساییە کە دەکرێ دواتر ڕوویدات.

* * *

نووسەر لە لاپەڕە سەرەتاییەکانی ڕۆمانەکەیەوە، جگە لەوەی لە باری کۆمەڵاّیەتییەوە بارودۆخێکی ناسازگار و پڕ لە کێشەمان پیشان دەدات، هەر لەو کاتەدا لە باری ئەتنیك و سایکۆلۆژی و فیکرەوە دەیەوێ سەرەتاکانی کردار و دەروونە جۆراوجۆر و دژ بە یەکەکانمان پیشان بدات.

"من توانای شتی سەیرم هەیە، توانام هەیە کە شتێك دەکەم، شتێ بە پێچەوانەی ئەو شتەش بکەم!!" "دەتوانم گۆشت بخۆم... جا چ گۆشتی گا... چ گۆشتی برا" (لاپەڕە ٢٥).

ئەم تایبەتمەندییە دەتوانێ مێژوویەکی پڕ لە هەڵخەڵەتانی بەردەوام بخولقێنێ، چونکە بۆ ئەم مێژووە گرنگ ئەوەیە کە تێر بخوا. "مرۆ کە تێر دەخوا" گەلێك شت لەو شتانە لەبیر دەکا... کە پێوەندییان لەگەڵ زاتی خۆیدا نەبێ" (لاپەڕە ١٦١)

مرۆی مێژووی ئێمە، تێری خوارد بۆیە نەمرد و سەرەڕای هەر نەهامەتی و کێشەیەکی مایەوە و ژیا، بەڵاّم گەلێك شتیشی لەبیر کرد کە پێوەندی لەگەڵ زاتی خۆیدا نەبوو. وا دێتە پێش چاو مێژووی ئێمە زۆرتر مێژووی تێرخواردن بێت، یاخود هەوڵدان بۆ تێرخواردن بێت نەك بە زاتی کردنی ئەو شتانەی کە هێشتا هی ئێمە نین.

ڕستەی: "... جا چ گۆشتی گا... و چ گۆشتی برا" لە ڕووی مێژوویی و سیاسییەوە ڕوو لە دووبەرەکیی ناوخۆ دەکا و لە بەشەکانی ناوەندی و دوایی ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەبێتەوە. لەم بەشانەدا بەسەرهات و سەرگوزەشتەی میر سلێمان بەگی میران و بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود دەبێ بە شکڵی ماددیی ئەم ڕستە چڕ و تێکسمڕاوە.

هەروەها ئەم ڕستەیە لە درێژەی بوونی کراوەی خۆیدا دەگا بە ڕەخنەیەکی دیاریکراوی بزووتنەوەی شێخ مەحمود. عەولاّی کرێکار بەقسە ساکارەکانی خۆی حەقیقەتێك دەدرکێنێ. ئەو بزووتنەوەی شێخ مەحمود لەگەلّ خەلیفە سەرسۆر و دەروێشەکانی گوندی خۆیان هەلّدەسەنگێنێ کە چلۆن بۆ کەیف و هەوەسی میر و مودیر بەگ و بۆ خاتری گەورەیی شێخ هەلّدەپەڕین و شیر و زەرگەیان دەوەشاند. دەلّێ: "لەوێش هەر بۆ مەبەستێکی لەو بابەتانە گالّتەیان بە میللەتەکەی ئێمە دەکرد"، "خەلّکی ڕەش و ڕووتی... ستەم دیدەیان هەلّدەخەلّەتاند و دلّساردیان دەکردن" (لاپەڕە ٣٩٨). یان دەلّێ:

"ئێمە لە کۆبوونەوەکانی کۆمەلّە... وەهامان بۆ شی دەکرایەوە کە بە ڕاستی شۆڕشێك هەیە... کەچی لە ڕاستیدا مەسەلەکە وا نەبوو..." (لاپەڕە ٣٩٧). عەولاّ باسی وێکچوونەکانی دەسەلاّتی حوکم بەدەست و دەسەلاّتی دژی دەسەلاّتی حوکم بەدەست دەکا. دواتر شێرکۆ لەژێر کاریگەریی قسەکانی عەولاّدا بیردەکاتەوە:

"سەرم لەوە سوڕ دەما کە ئەو وێکچوونە لە کوێوە هاتووە..." (لاپەڕە ٤٠٦) عەولاّ پێی وایە ئەگەر زەحمەتکێشان سەرکردایەتی بزووتنەوەی خەلّك بەدەستەوە بگرن، ئەم وێکچوونە لە گۆڕێدا نامێنێ. ئەمە بۆچوونێکی مارکسییانەیە. دەسەلاّتی، زۆرینە بەسەر کەمینەدا گەرچی دەسەلاّتە، بەلاّم هەمان دەسەلاّتی کەمینە نییە بەسەر زۆرینەدا. لێرەدا دەسەلاّت هەم لە بارەی چەندایەتییەوە و هەم لە بارەی چلۆنایەتییەوە دەگۆڕدرێ و لە ڕاستیدا عەولاّ و مامەند و هاوڕێکانیان بۆ ڕێکخستنی بارودۆخێکی وا هاوپەیمان دەبن.

❊ ❊ ❊

دەسەلاّتی باوکسالاری، دەسەلاّتێکی دێرینە و کۆنی نێو مێژوو و کۆمەلّگای مرۆڤایەتییە. لەو کاتەوە باوك لەنێو کۆمەلّدا بالاّدەستیی ئابووریی دەستەبەر کرد و، دوا بڕیاری دا، ئیتر مێژوو پانتاییەکی زۆری دەسەلاّتی خۆی دا بەنێرینە. ئەم دەسەلاّتە، دەستەواژە و زمان و جۆری لێدوان و فەرهەنگی تایبەت بەخۆشیی هێنا. پۆلین کردنەکان بەگوێرەی دەسەلاّتی پیاو دەستی پێکرد و مێینە لە ڕەوتی ملدانێکی ئابووریدا پۆلین کردنە فەرهەنگییەکانیشی وەرگرت و بوون بەتایبەتمەندیی ئاکار و ئەتنیك و دەروونناسییانەی، بەلاّم دەسەلاّتی باوکسالاری تەنیا بریتی نییە لە دەسەلاّتی نێرینە بەسەر مێینەدا، بەلّکو بریتییە لە سیستەمی بەرهەم هێنانەوەی دەسەلاّتی نێرینە لە ڕێگای پەروەردەکردنی نێرینەوە. نێرینەش هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ڕادەهێنرێ. مێینە لێی دەدرێت تا فێری ژێردەستە بوون بێت، بەلاّم نێرینە لێی



دەدرێت تا فێری بالاّدەست بوون بێت! کەلتووری باوکسالاری، مێینە فێری "دان" دەکات نەك وەرگرتن مێینەی کۆیلە دەبێ بدات هەروەك چۆن خزمەتکار لە بەرانبەر دەسەلاّتدا خزمەت دەدات و پێشکەشی دەکات، بەلاّم ئەم کەلتوورە نێرینە فێری وەرگرتن دەکا. سەیرە! سیستەمی باوکسالاری، ئازادیی نێرینە دەستێنێ بۆ ئەوەی لە پرۆسەیەکدا فێری وەرگرتنی بکا. کەواتە تا ئەو کاتەی نێرینە فێری وەرگرتن دەبێت، ئەویش وەك مێینە قوربانیی سیستەمی باوکسالارییە.

باوکسالاری، هەر لەو کاتەدا دەتوانێ سەمبول و ڕەمزی دەسەلاّت بێت. باوك نزیکترین دەسەلاّتی جیددییە کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانییەوە هەستی پێدەکا. هەر بۆیە ئاستی ترسی منداڵ لە دەسەلاّتێکی دیکە (واتە دەسەلاّتێك لە دەرەوەی ماڵ) پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەلّ ترسی ئەو منداڵە لە باوکی گوێڕایەلّی مرۆڤ لە ئاست دەسەلاّتی باوکدا، مرۆڤ فێری گوێڕایەلّی لە دەسەلاّتەکانی دەرەوەی خێزان دەکا جا داخۆ لەو کاتەیدا کە باوکی جگە لە دەسەلاّتی خۆی، پڕوپاگەندەی دەسەلاّتی دیکە بکا، دەبێ بارودۆخەکە بە چ لایەکدا بشکێتەوە؟ باوکسالاری تەنیا پڕوپاگەندەی دەسەلاّتی خۆی لە نێو بنەماڵەدا ناکا، بەلّکو پڕوپاگەندەی هەموو ئەو دەسەلاّتانە دەکا کە تەمسیلی دەسەلاّتی خۆی دەکەن، لە تۆڕێکی بەربلاّوی دەسەلاّتدایە کە دەسەلاّت دەتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدا. لایەنەکانی دەسەلاّتی باوکسالاری زۆر ئاسان پالّیان بە یەکترەوە داوە و زۆر ئاسان دەناسرێنەوە، تەنیا زەینێکی تیژی دەوێ:

"من وەهام لێکدەدایەوە... کە هەموو ئەو کەسانەی... هەموو ئەو شتانەی... هەموو ئەو هۆیانەی کە ئازادییان کەم دەکردمەوە... بە زۆری نوێژیان پێ دەکردم... ناچاری ڕۆژووگرتنیان دەکردم... لە ڕەمەزانان برسییان دەکردم، بە زۆری خودایان پێ ناساندبووم لە دنیای منداڵیدا هەلّیان دەکێشام، ئەمانە هەموویان مردن!! تەنانەت بیری ئەوەم بۆ دەهات کە بەو مردنەی باوکم خوداش...!!" (لاپەڕە ٦٤) باوکی، شێرکۆی خۆشدەوێت، بەلاّم هەر لەو کاتەشدا ئەو بەرگری لەوە ناکا کە باوکی لە ڕێگای نەستی خۆیەوە تەمسیلی دەسەلاّتی باوکسالاری نەکا و بۆ شێرکۆی ڕانەگوێزێتەوە. لێرەدا عەشق (واتە بڕیارێکی سۆزئامێز) ناتوانێ ڕەوتی مەنتقیی مێژوو بشکێنێ سنووری عەشق و بڕیارەکان لێرە گەلێك لێك جودان. باوکی شێرکۆ بەیانییەکی زووی زستان، شێرکۆ لە گەرمەی خەو هەلّدەستێنێ و ڕەوانەی مزگەوتی دەکا. شێرکۆ بە نابەدلّییەوە دەچێ، لە ڕێگادا بە هەلّکەوت کچێك لە بانێژێکەوە چلّکاو دەڕێژێ و شێرکۆ تەڕ دەکا. شێرکۆ دەگەڕێتەوە، بەلاّم

باوکی دەیگێڕێتەوە. لە بەشەکانی دیکەی ڕۆمانەکەدا نووسەر ئەوەمان پێ دەڵێ کە شێرکۆ ئەو بەیانییە لە مزگەوت خۆی تەڕ کردووە (میزی بەخۆدا کردووە) داتەپاندنی ئارەزووەکانی منداڵی و شێواندنی ئاسوودەیی منداڵی، سەرەڕای هەر خۆشەویستییەکی باوکی بۆ شێرکۆ، دەبێتە هۆی ئەوە کە شێرکۆ گەلێك ڕقی لە باوکی بێتەوە. بۆ منداڵێکی وا کە هێشتا تەسەوری مەسەلە عیرفانی و غەیرە ماددییەکان ناکا، لێکچوواندنێك دروست دەبێ:

"ئەو سەردەمە خودا و باوکم لا ببوون بەیەك" (لاپەڕە ٦٩)، بەڵام ئەمە ڕەنگە نزیکترین ڕێگا بێ بەرەو چێکردنی دەسەڵاتە گەورەکان لە خۆماندا. تا دەسەڵاتی بچووك نەبێ، دەسەڵاتی گەورە ناناسرێ. لە سەرەتاکانی تەمەن، ناسین لە بچووکەوەیە بەرەو گەورە لێك جوداکردنەوەی خودا و باوك ئەو کاتە بۆ شێرکۆ دێتە گۆڕێ کە دەبینێ جیرانەکەی لە خودا دەپاڕێتەوە بێ ئەوەی ڕوو بکاتە باوکی شێرکۆ، یاخود ناوی بێنێ. واتە لێك جوداکردنەوەکەش هەر لە دیاردە وردەکانەوە دەست پێدەکا، بەڵام دیاردە وردەکان بۆ هەمیشە خودا ناسڕنەوە، بەڵکو لە زەینی شێرکۆدا سەربەخۆیان دەکا. کە خودا و باوك لێك جوداکرانەوە و هەر کامەیان بوونی سەربەخۆی خۆی پێدرا، ئەوا تایبەتمەندییە لێکچووەکانیشیان دابەش دەکرێت، بەڵام لە عەینی دابەش بوونیشدا دیسان تەمسیلی یەکتر دەکەن. وەك بڵێی هەر کامەیان ئەو تایبەتمەندییانە دابەش دەکەن، بێ ئەوەی لێکی بپچڕێنن. هەڵبەت هەر بوونێکی سەربەخۆ لە درێژەی ژیانی خۆیدا هەندێك تایبەتمەندیی دیکە پەیدا دەکا کە لە وێکچووەکانی خۆی جودای دەکاتەوە. ئیتر لێرەوەیە کە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی مەیدانی باوکسالاری دێنە گۆڕێ.

بازنە پێکەوە گرێدراوەکانی باوکسالاری، یەك بەرەو یەکتر ڕاکێش دەکەن... تەواوکەری یەکترن... یەکتر بەرهەم دێننەوە. باوکسالاری وەك فۆرم و ناوەڕۆك لە ڕێگای بوونی سیستماتیکی خۆیەوە، شوێنی تاکەکان دیاری دەکات. ئەم سیستەمە شوێنی تاکەکان لە ڕێگای میراتیشەوە دەستنیشان دەکا. میرات لێرەدا دەتوانێ ئەو ڕێگایە بێت کە تێیدا نەوەکان یەکتر بەرهەم دێننەوە جۆری بیرکردنەوە و ئەتنیك و کەلتووری باوکسالاری لە ڕێگای میراتەوە بەرەو داهاتوو ڕێی خۆی دەکاتەوە. میرات، نەوەی ئێستا بە نەوەی ڕابردووەوە دەبەستێتەوە. چاو لەبەری دەکا و فێرە تەقدیسی دەکا. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە مرۆی میراتگر لە چوارچێوەی



پێناسەی "مرۆڤی حیماسی"دا جێی دەبێتەوە. واتە ئەو مرۆڤەی کە پتر لەوەی پشت ئەستوور بە خۆی بێت، پشت ئەستوور بە مێژووییەکی تەقدیس کراوە.

"نا... دایە گیان... نا، تۆ بە هەڵەچووی، هەموو میراتەکەی باوکم... هەر تەنیا ئەو چەند پارچە قاقەزە دەق گرتووانە نەبوون... میراتەکەی باوکم شتی تریش بوو... ئەو میراتە، خوایە... خوا!!" (لاپەڕە ٣٦ و ٣٥)

* * *

ڕۆمانی ڕێگا، چیرۆکی عەشقە ڕۆمانسییەکان، شێوازی ڕیالیستیی و تەکنیکی شەپۆلی هۆشەکە تێیدا هێڵی ڕاستەوخۆی کات و شوێن شکاوە. لەم ڕۆمانەدا شێوازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە لە ڕێگای تاکی یەکەمی گێڕەرەوەوە، لە ڕێگای تاوتوێ کردنی بیرەوەرییەکانەوە لەدایك دەبێ، چونکە گێڕەرەوە خۆی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ئیپیزۆدی بەسەرهاتی سەرەکیی ئەون، شاهیدی گەلێك شیکردنەوەی ڕووداوەکانین کە زەرەر بە مانا شاراوەکانی دەقەکە دەگەیەنێ. بەکاربردنی زمانی ڕاستەوخۆی سیاسی و چینایەتی، لایەنی هونەریی چیرۆکەکە کز دەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا دەڵێم هەم شێوازی ڕۆمانەکە و هەم قۆناغی مێژوویی ڕووداوەکان و هەم ئاستی گەشەسەندنی فۆرمەکانی هونەر لەلای ئێمە پاساوی پێویستی ئەم مەسەلەیە دەدەنەوە. داخۆ لە وڵاتێکدا کە خەمەکان ئەوەندە زەق و ئەوەندە ڕاستەوخۆ و بێ گرێ و گۆڵن، دەکرێ ئەو هونەرە لەدایك بێ کە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو خەمانەی بەسەرەوە نەبێ؟ وای دابنێین کە دەکرێ، داخۆ هونەرێکی وا چەندە بنەما و شوێنی ناوخۆیی پەیدا دەکا و دەتوانێ ببێ بە بەشێکی گرنگ یاخود قۆناغێك لە گەشەی هونەریی ئێمە؟

پانتایی ڕۆمانی ڕێگا، پانتایی لە گۆڕێدا بوونی میتۆلۆژیا و بیروباوەڕە فۆلکلۆرییەکانی خەڵکە. ئەم ڕۆمانە، ڕووبەری پیشاندانی لە کیس چوونی زەمەن و دەرفەتەکانی بەختەوەرییە لە ڕێگای میتۆلۆژیاوە (بڕوانە نموونەی لەیل و مەجرووم).

هەرچەندە لەم ڕۆمانەدا مانا شاردراوەکان پانتاییەکی کەم داگیر دەکەن، بەڵام لەو شوێنانەدا کە لە ڕێگای دەستەواژە و ڕستە چڕەکانەوە و لە ڕێگای میتۆلۆژیاوە دێنە ناو دەقەکە، گۆشەنیگا و تایبەتمەندییەکی دیکە دەدەن بە ڕووداوەکان. بەم شێوەیە ڕووداوە

مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەبن بە خاوەن گرێیەکی توندوتۆڵتر. هەر لەو کاتەدا ئەم ڕۆمانە بە وەرگرتنی لایەنی مێژوویی، دەتوانێ شیکەرەوەی قۆناغێکی مێژوویی بێت.

لەم ڕۆمانەدا هەندێك دووپات بوونەوە دەبینرێ کە لە تۆکمەیی دەخا. بۆ وێنە لە (لاپەڕە ٤١٢)دا باس لەوە دەکا کە لە دەوروبەری ئۆردوگاکانی سوپای ڕووسیا خەڵك لە پیر و پەککەوتە و ژن و منداڵ مۆڵیان خواردبوو، کە ئەم وێنەیە لە بەشەکانی پێشتریشدا ئاماژەی پێکراوە.

جگە لەمە هەندێك "تەوارود" لە ڕستەکاندا دەبینرێ. بۆ وێنە حەسەنی قزڵجی لە کۆمەڵە چیرۆکی "پێکەنینی گەدا"دا لە چاوی پاڵەوانەکەیەوە ڕۆژ بە کولێرە دەشوبهێنێ و (محەمەد مەلوود مەم) لە ڕێگادا مانگ بە کولێرە دەشوبهێنێ.

هەروەك وتمان گێڕەرەوە کەسی تاکی یەکەمە و لە ڕێگای بیرەوەرییەکانییەوە و بە بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆڵی هۆش، بەسەرهاتەکان دادەڕێژێ. ئەو ماوە واقیعییەی کە ڕۆمانەکە تێیدا بەسەر دەبات، بریتییە لە (سێ شەو و دوو ڕۆژ و بەیانییەك). واتە زەمەنی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە لەم ئاستە لانادا. لە ڕستەی سێیەمی دەستپێکدا دەوترێ: "ئێوارە کە چاوم بە نەخشین کەوت"، واتە دەبێ شەو بێ کە گێڕەرەوە تێیدا باس لە ئێوارە دەکا. هەروەها ئەو شەوە، شەوی پێش کاروانەکەیە. واتە بۆ سبەی کاروان بەرەو سنووری ئێران بەڕێ دەکەوێ. دوو ڕۆژ کاروان بەڕێوە دەبێ و لە سێیەم ڕۆژدا بۆ بەیانییەکەی شێرکۆ دوا چاوپێکەوتنی نێو ڕۆمانەکە لەگەڵ عەولا و کامەند دەکا و ئیتر ڕۆمانەکە کۆتایی دێ، بەڵام خەرمانەیەك لە زەمەن و شوێنی زەینی، دەوری ئەم زەمەن و شوێنە ڕاستەقینەیان داوە. هەڵبەت بەسەرهاتەکانی ئەو زەمەنە ڕاستەقینەش بەشێك لە پانتایی ڕۆمانەکە داگیر دەکەن.

---

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری ڕامان - ژمارە (٣٠) کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە.**

# مەزراندنی فۆلکلۆر

# لە رۆمانی (رێگا)ی (محەمەد مەولود مەم)دا

**سابیر رەشید**

بێ گومان فۆلکلۆر سامانی لەبن نەهاتووی هەموو مرۆڤایەتییە، دیارە هەر کۆمەڵگەیەکیش کە توانی سوود لەگەوهەرە لەبن نەهاتووەکانی خۆیەوە وەربگرێت بێ شك دەتوانێ شان بە شانی دنیا لە نوێبوونەوە و بەرەو پێشەوە چوونیشدا خۆی تۆکمە بکات و رەگی توندی خۆی دەبن خاکە جوانەکەیدا دابکوتێت و ئەوجا بەهێزەوە سوود لە دەوروپشتی خۆشی ببینێ.. دیارە لەهەموو دنیاشدا فۆلکلۆر وزە و توانای داهێنەران قایمتر دەکات و بەها جوانەکانی رابردوو بەنەوەی نوێ دەسپێرێ و پەیڤە سیحر ئامێز و تەشقەئەفسانەیی و خوارفییەکانیش دەبن بە هەوێنی داهێنانی جوان و دانسقە و لەبەر دڵان خۆش.. دیاریشە ئەو میللەتەی سامانی نەتەوەی خۆی خۆش بوێت دەیپارێزێ و داهێنەرانیش دەیکەن بە گیانی نەمری بەرهەمەکانیان بەتایبەتی هونەری رۆماننووسین کە پێویستی بە وزە و داهێنان و خەیاڵ و ئەندێشەی قووڵ هەیە... پێویستی بە سیحر و فەزا و جیهانبینی فراوان هەیە دیارە ئەم هەموو سەرچاوانەش لە دنیای فۆلکلۆر هەر لە مرۆڤی بەراییدا هەبووە و هەتا مرۆڤیش بمێنێ خەیاڵ و واقع دوو جمکەی یەکترن و بێ یەکتر و بێیەکتر هەڵناکەن.. ئەو میللەتەش کە ئەم سامانە نەتەوەییەی خۆی دەکاتە سەرچاوە لە دنیادا پەسند و ناسراوە و دەشتوانێ تایبەتمەندی خۆی بە دنیا بناسێنێ، ئەوەتانێ هەموو میللەتانی ئەمریکای لاتین ئەو سەرچاوەی فۆلکلۆرە دەبێتە کانگای داهێنان و ناسینەوە و تایبەتمەندی و پێناسە و بەڵکو لەسەر ئەم بونیادەشەوە هزر و خەیاڵی پڕ لە سحری فانتازیا ئامێز و ئەندێشەی ئایندەخوازی و ئەفراندنیان لەم چۆنییەتیەوە وەردەگرن ئەوەتانێ نموونە وەرگێڕادراوەکانی رۆمانووسانی وەك (مارکیز، بۆرخیس، ساراماگۆ، ئەلیخۆ کاربنتە، جۆرج ئەمادۆ، ماریۆ فارگاس یۆسا، کارلۆس فۆینتس، و دەیان ناوی دیکەش) شاهێدی ئەم بۆچوونەن.. دارە ئێمەی کوردیش خاوەن سامانێکی زۆر و لەبن نەهاتووی فۆلکلۆرین.. تۆمارەکانی فۆلکلۆرمان پڕن لە سیحر و فانتازیا و جوانی و تژین



لە پەند و حیکمەت و فەلسەفە، ئاوێزانن لە خەیاڵی بەرزەفڕ و پرسیاری نهێنییەکانی مرۆڤ و گەرودوون کە لەوەتەی مرۆڤ هەیە پرسیاری بوونی خۆی کردووە... بەڵام تا رادەی پێویست ئەم سامانە تۆمارنەکراوە و نەبۆتە سەرچاوەی بیر و هزری داهێنەرانە بەتایبەتی لە بواری رۆماننوسیندا، راستە سەرچاوەی چیرۆکی کوردی لە هەقایەت ئامێزی گوێ ئاگردانی کوردییەوە پەیدا بووە و سەرەتاتکێی کردووە و دواتریش چیرۆکنووسانی کورد لە قۆناغەکانی دواتری چیرۆکی کوردیدا سوودیان لە دەیان تەکنیك و مۆتیڤی فۆلکۆری کوردی وەرگرتووە، کە ئێمە لە باسی دیکەمانا بەدرێژی لێیەوە دواوین و دەدوێین. مەزراندنی فۆلکلۆر هەر وا بە ئاسانی و سەر پێییەوە نییە، هەر تەنیا گواستنەوەی بیرۆکە و کەش و هەوای فۆلکلۆری بەس نییە، بەهەرحاڵ چیرۆکنووسانی حەفتاکان هەندێکیان توانییان بەشێوەی جۆراوجۆر فۆلکلۆر بمەزرێنن و سوود لە هێزی ئەم دەقانە وەرگرن و بیکەن بە هێمای خێرو شەڕ وەك بەکارهێنانی دێوی رەش و سپی و لەهەمان کاتیشدا مەبەستەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن، ئەمەش لەدوو سەرەوە قازانجی بۆ چیرۆك هەبوو یەکێکیان بۆ مەبەستی هێما و رەمز ئەوەیدیکەیشیان بەمەبەستی نوێکردنەوە کە وەك تەکنیك و جوانکاری بەبەر چیرۆکدا دەکرا. دیارە ئێمە لە چیرۆکی کوریدا نموونەی بەرچاومان زۆرن کە دوای ئەم قۆناغەش لە هەشتاکاندا زیاتر برەوی پێ درا و بە چەندان تەکنیکی جیاجیا و هۆکاری جیاوازەوە سوود لە فۆلکلۆری کوردی بینراوە.. دیارە دوای راپەڕینیش نەوەی نوێی چیرۆکی کوردی لە جاران زیاتر سوودیان لە سەرچاوەی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، تەنانەت وەکو بنیادیش لە شێوەی گێڕانەوەشدا لەسەر شێوەی فۆلکلۆر خەیاڵ و ئەندێشە و گێڕانەوەی چیرۆکی کوردی بەدەرخستەیەکی ترەوە، بەبەرگ و روخسارێکی ترەوە چ بۆ مەبەستی جوانکاری و تەکنیك و چیش وەك رەنگدانەوەی خەم و ناسۆری و نائومێدییەکانی مرۆڤی کوردی دوای جەنگەکان لە شێوەی ئەفسانە و خەیاڵ و فانتازیادا چیرۆکنووسی کورد ویستوویەتی پەیامی خۆی بەڕووی جیهاندا بناسێنێ.

ئێمە لە بواری رۆماننووسیندا ئەگەرچی تاقیکردنەوەی نووسین هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تۆمارە کەمتر بووە لە چیرۆك وەك پێویست ئەم فۆلکلۆرە سوودی لێ وەرنەگیراوە، راستە رۆماننووسانی پارچەکانی دیکەی کوردستان سوودیان وەرگرتووە وەك (قەڵای دەمدم)ی (عەرەبی شەمۆ) یان (ئەفسانەی چیای ئاگری) یەشار کەمال یان رۆمانەکانی (سەلیم بەرەکات) و رۆمانی (ئاسۆس)ی محیەدین زەنگەنە کە بە عەرەبی نووسراوە و رۆمانەکانی عەلی ئەشرەفی دەروێشییان و ئەو کوردانەی دیکە کە بەفارسی دەنووسن و هی دیکەیش بەڵام ئەو رۆمانانە بە تایبەتیش ئەوانەی بەزمانی دیکەی جگە لە زمانی کوردی نووسراون

ناچنە ناو خانەی ڕۆمانی کوردییەوە، ئەگەرچی ئەمەش بۆخۆی مشتومڕی زۆری لەسەرە ئێرە جێگای نییە لەوە زیاتر لێی بدوێین.

بەهەرحاڵ یەکەم تۆمار لەم بارەیەوە لە کوردستانی عیراقدا کە ڕاستەوخۆ دەقی فۆلکلۆری کوردی مەزراندبێت ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەلوود مەم)ە کە لە ساڵانی حەفتاکاندا نووسراوە و بەشداری پێشبڕکێی ڕۆمانی کردووە و خەڵاتی دووەمی ڕۆمانیشی وەرگرتووە.. (مەم) لە چیرۆکەکانیشیدا پشتی بە فۆلکلۆری کوردی بەستووە و وەك تەکنیکیش شێوەی تەکنیکی نوێی لەسەر بنیاد ناوە بۆ نموونە چیرۆکی (عاجباتی هەشتەم) لە تۆماری چیرۆکی ئەودا دیارە.. کە ئەفسانە و خورافاتی فۆلکلۆری کوردی کردووە بەکەرەستەی نوێخوازی بۆ ئەوەی لە پەنای ئەم ڕەمز و هێمایانەدا ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئەو کاتەدا بگرێت..

(مەم) لەڕێگادا زۆر زیرەك و هونەرمەندانە فۆلکلۆری کوردی بەهەموو بەشەکانییەوە: هەقایەت، پەند، سەربردەی مێژوویی، هەڵسوکەوتی ژیانی خەڵك، ئامۆژگاری، قسەی نەستەق، کەش و هەوای ئەفسانەیی، خورافە، کەسایەتی فۆلکلۆری، مۆتیڤی داستان، لاوك، حەیران، گۆرانی فۆلکلۆری، شایی، بووك گواستنەوە، بیروباوەڕی ئایینی، پێکەوە ژیانی ئایینی کوردستان، دەروێشایەتی، کوچك و دیوەخان و مزگەوت و ژیانی گوند، حیکایەتخوانی، ژیانی کۆمەڵایەتی جاران و ئێستا، لاواندنەوە واتە سەردوولکە، یاری منداڵان و گەوران، تێکەڵ کردنی بەیتی فۆلکلۆری، مەتەڵ.. تاد. ئەم هەموو بابەتە فۆلکلۆرییانە بۆ ڕۆشنبیرێکی ئاگاداری وەك (مەم) زەحمەت نەبووە چونکە هەم لە هونەری ڕۆماننووسین ئاگادارەو هەمیش لە سامانی نەتەوەیی خۆی، بۆیە ویستوویەتی پێکەوەیان بگونجێنێ چ بەمەبەستی هێما و دەربڕین کە جاری وا هەبووە لە پەنای بەرسەرهاتێکەوە مەغزایەکی خۆی دەربڕیوە کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ نەیتوانیبێ بیدرکێنێ و لەهەمان کاتیشدا وەك تەکنیك دەوڵەمەندییەك بەباڵای گێڕانەوەکەی دەبڕێت. مەم لەم ڕۆمانەیدا جگە لە گێڕانەوەی دەیان هەقایەت و سەربردە و داستان کە لە کوردەواری باو بووینە و خستوونییەتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەوا دەیان دیمەنی فانتازی و سیحریشی دروست کردوووە کە بیرۆکەکانی هەندێکیان خوازراوی فۆلکلۆرن و هەندێکیشیان لەسەر شێوە فۆلکلۆرییەکە دیمەنی ئەفسانەیی و خورافی لێ دروست کردوون و لەگەڵ سەمتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا گونجاندوویەتی. بۆ نموونە: کاتێ لە کە سایەتی خەلیفە سەرسۆردا پاڵەوانێکی ئەفسانەیی



دروست دەکات بەتوانایەکی لە ڕادەبەدەر ئەو کاتەی کە لەرقی شەماشە سولاقە خۆی داوێتە ناو ئاگرێکەوە، دوایی جەستەکەی لەبەردەم شەماشە بەدرێژاییدا دەڕواو بزردەبێ و بەناخی چیای سەفیندا دەڕوات و کەس نازانێ چی لێدێت؟!

یا دروستکردنی ئەم دیمەنە ئەفسانەییە سەرنج ڕاکێشە کە لەسەر شێوەی ئەفسانە داڕێژراوە کاتێ کە قەشە ئیستیڤان لە برسان پەنا بۆ عەلەشیشەکانی دێرێ دەبات و دەگەڕێتەوە دێرێ دەبینی جەندرمەکانی عوسمانلی عەلەشیشەکانێ دێرێ سەر دەبڕن، ئەویش ڕوودەکاتە ئەشکەوتی وسوورەحمان لەخوا دەپاڕێتەوە تا تۆڵەی عەلەشیشەکان بکاتەوە، خواش ئەم داوایەی قەبووڵ دەکات و جەندرمەکان دەکاتە عەلەشیش و قەشەش پەلاماریان دەدات و لە دەستی ڕادەکەن و بەرەوچیای سەفین بەدوایان دەکەوێ تا لە دواییدا بۆی ناگیرێن و هەڵدەفڕن و دەبن بەنوقتەی ڕەش لە ئاسمان... ئەمانە و چەندان دیمەنی ئەفسانەیی دیکە ڕۆمانەکەیان خستۆتە ناو تەشقێکی تێکەڵکردنی ئەفسانە و واقع جیا لە تێکەڵکردنی دەیان داستان و هەقایەتی کوردەواری لە شێوەی دێو درنج و هێمای دێوی ڕەش و دێوی سپی و شێوەی هەقایەتی منداڵان وەك سەرهەڵقەنەو زەلامە گورگەکان و گێڕانەوەی هەقایەتەکانی داپیرە بۆ شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەوکاتەی کە منداڵ بوو... جیا لە سوود وەرگرتن لە بیروباوەڕی کۆنی کوردەواری و داب و نەریتی میللی لەگەڵ ئەمانەش ڕاستەوخۆ سوودی لە گۆرانی و بەستە و لاوك و بەیت و داستانی میللی بەدەقە میللییەکەی خۆی وەرگرتووە واتە وەك فۆلکلۆر تێکەڵ بە بونیادی گێڕانەوەی کردووە.... بۆنموونە کاتێ کە لاپەڕە (٥٦)ی ڕۆمانەکەدا پاڵەوانەکەی شێرکۆ یادەوەری منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە ئەوکاتەی کە (دایکی جەمال)ی گۆرانیبێژ دەچێتە شەقڵاوە و دەبێتە میوانی مودیر بەگ و دواییش گوێ لە گۆرانی گوتنەکە ڕادەگرن و لەبەر خۆیان دەیڵێنەوە و گۆرانییەکەش فۆلکۆرییە کە لەسەر زاری (دایکی جەمال)ی گۆرانیبێژ دەڵێ:

هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە
بۆم تێکە جەرگم داغە
چاوت پیاڵەی قۆنیاغە
مانگ لە ئاسمان ڕاوەستاوە
ئەستێران دەوریان لێداوە

یاری خۆمە و لێم تۆراوە
بۆم تێکە و جەرگم داغە

دواییش لەسەر زاری شێرکۆ و ئایشە گوڵ کە گۆرانییەکەی دایکی جەمال دەڵێنەوە تەواو دەکات کە دەڵێ:

مانگ لە ئاسمان بیست و سێیە
لەسەر سینگت ئەلف و بێیە
هەتا دەمرم تەمام پێیە
بۆم تێکە جەرگم داغە
هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە

یانیش کاتێ باسی یاری منداڵان دەکات و بووکە بەبارانێ تێهەڵکێش دەکات و وەك لەلاپەڕە (١٣٦)ی ڕۆمانەکە دەڵێ:

بووکی مە.. بارانی دەوێ
شیری.. کچۆڵانی دەوێ
هێلکەی.. بارۆکانی دەوێ

یانیش کە دەڵێ:

هەیاران و نەیاران
یاخوا بباریٚ باران بۆ فەقیر و هەژاران

یانیش لەناو زیکر و سۆفیگەری دەروێشانەدا بەیتی فۆلکلۆری شەهیدکردنی شێخ سەعیدی پیران بە گۆرانی دەگوترێ بۆ نموونە لەلاپەڕە (٢١٣)ی ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری دەروێشانی دەڵێ:

هەی گوڵ هەی گوڵ.. گوڵی من کوانی
ئاغام شێخ سەعید.. قوتبی سلێمانی
شاخی هەورەمان چەند بەرزو کۆمە
شێخ سەعید.. هەیرۆ یەخسیری ڕۆمە
هەی گوڵ هەی گوڵ.. بەری بەیانی
قورعان دەخوێنێ شێخ لەسەر ڕانی



فرمێسك دەباری وەکو بارانی
شێخیان شەهید کرد جەژنی قوربانی

ئیجا هەر لەناو ئەم تەشقە ڕۆحییەداو لەناو هەڵسوکەوت و گێڕانەوەی دەروێشانەدا لەسەر زاری دەروێش گۆرانییەکە تەواو دەکات و دەڵێ:

هەی گوڵ هەی گوڵ.. گوڵی من کوانی
لەمابەینی هەولێرو پرد
ماڵی وێرانم شێخ سەعیدیان برد
لەمابەینی هەولێر و موسڵ
ڕێگا دەچێنم بەدار و بەگوڵ
شێخ پێیدا بڕوا بۆ شاری موسڵ
هەی گوڵ هەی گوڵ گوڵی من کوانێ
ئاغام شێخ مەحمود.. شێخ سەعید کوانێ

ئەم بەیت و بەسەرهاتانە لە کوردەوارییدا هەندێکیان بەگێڕانەوە دەگوتران و هەندێکیشیان وەك گۆرانی دەگوتران هەمووشیان بەسەرهاتی سەرنج ڕاکێش و ڕوودوای ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕەشورووتی کوردەواری بوون، بەڵام (مەم) هونەرمەندانە ئەم بەیت و بەسەرهاتە فۆلکلۆرییانە لەگەڵ گیانی سەردەم تێکەڵ دەکات بەمەبەستی دەربڕینی سیاسی و هەم هونەرییانە و هەمیش وەك ڕەمز و هێما گێڕانەوەکەی خۆی پێ ئەنجام دەدات بۆ نموونە لەلاپەڕە (٢٧٦)دا بەم شێوەیە خەم و پەژارەکانی وێستان و گەرمیانی کوردستان بەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە دەردەبڕێ و دەڵێ:

هۆ خاڵۆی ڕێبوار
خاڵۆ ڕێگاکەم دوورە
مەنزڵ نادیارە و خاڵۆ
تۆیشوو زەرووەرە
هۆ خاڵۆ ڕێبوار
ڕێگا نازانم
بۆگەرمیان دەڕۆم
خەڵکی کوێستانم

دەترسم بمرم.. خالۆ.. لەدوور ولاتا
دڵ پڕ لە خۆزگە و هاوار.. ئۆف و ئاواتا
هۆ خالۆی ڕێبوار.. خاڵەی خوانەناس
بۆچ ڕوحمێ ناکەی.. بەمنی کەساس

ئینجا بەدەم وەسفی پاڵەوانەکە و چۆنییەتی گـۆرانی گوتنەکـەی کـە مـام زانـەوێر بـەدەم ڕێگای دوورەوە لە کاروانی گەنم و ماندوویێتی و برسێتیدا گۆرانییەکەی تەواو دەکات و دەڵێ:

هۆ.. خالۆی ڕێبوار.. خالۆ
ڕێگام هەورازە
کەسی دوور ولات.. چاوەکەم
خالۆ.. دیل و بێ نازە

بەڵام گۆرانییەکە هێشتا تەواو نەبووە بۆیە ڕۆماننووس ئەم جارە بەدەم یادگارەکانی بـاوکی لە دەمی ئەوەوە بەردەوامی بەتێکەڵکردنی ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە دەدات کە لـە ڕاستیـشدا ڕۆماننووس خۆیەتی ئەم زار و ئەو زاری پێدەکات و دەیخاتە ناو گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە و لـەناو بەسەرهاتەکاندا وردە وردە دەیانگێڕێتەوە و تۆماریان دەکـات ئـەوەتا ئـەو جـارە وەك گوتمـان لەسەر زاری باوکی پاڵەوانی ڕۆمانەکە و لە لاپەڕە(٢٧٩)دا دەڵێ:

هۆ خالۆی ڕێبوار.. خالۆ
ڕێگا.. نازانم
بۆگەرمیان دەڕۆم.. خەڵکی کوێستانم
کوێستانان خاڵ خاڵ.. بەفری ناچێتۆ
گیانم تۆراوە... هەی هاوار
چی بکەم ئاشتی نابێتۆ

دیارە ئەم بەیت و گۆرانییە میللییانە موڵکی میللەتن و بۆیـەش وێـردی سـەر زاری خـەڵکی جیاوازیشن.. ئەوەتانێ جارێکی دیکەیش لەلاپەڕە (٢٨٢)دا ئەمجارە ئـەو خەڵکـەی لەکاروانەکـەدا بەرێوەن بە دەم ڕۆیشتنەوە پێکەوە ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە وەك دەڵێ:

فەلەك وەرگەڕێ چەرخی دەورانت
بڕووخێ.. تەخت و.. تاج و ئەیوانت
هۆ خالۆ.. خالۆ ڕێگام هەورازە



بارم بێ نازە
ژینم ناسازە
دەست لەباری خۆم هەڵناگرم تازە
هۆ.. خالۆی ڕێبوار

دواییش بڕگەیەکی تر دەداتە دەم چیرۆکبێژ خۆی کە بۆ ئایـشە گـوڵی خۆشەویـستی لـەناو ڕەزان دەیگێڕایەوە وەك لە لاپەڕە (٢٨٣)دا هاتووە.. دوای ئەمەش دیسان هەر لەهەمان لاپەڕە بەهاوبەشی نێوان شێرکۆی چیرۆکبێژ و ئایشە گوڵ پێکـەوە بڕگەیـەکی دیکـەی ئـەم گۆرانییـە دەگێڕدرێتەوە تۆمار دەکرێت.

شەوانی زستانی جاران لە کوردەواریـدا بـە هەقایـەت و گێڕانـەوەی داسـتان و سـەربردە بەسەر دەبرا.. (مەم)یش لەم ڕۆمانەدا کاتێ بەسەرهاتی منداڵی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە (شـێرکۆ) لەسـەر زاری چـیرۆکبێژی ئاگـادار بەهـەموو شـت دەگێڕێتـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ بیرهاتنەوەی هەقایەتەکانی داپیرەی.. هەبوو.. نەبوو.. چەندان داستان و بـەیت و هەقایـەتی ئەفسانەیی و چیرۆکی گیانداران دەخاتە ناو بیرەوەرییەکانی و تێکەڵ گێڕانەوەی ڕۆمانەکـەی دەکات وەك لە لاپەڕە (٧٥)دا ئاشکرای دەکات و دەڵێ: بەدرێژایی شەوانی زسـتان.. پلکـە مێرێ بە گێڕانـەوەی بـەیتی مـەم وزیـن و سـیامەند و خـەجێ.. شـێخ فـەرخ.. برایمـۆك و نێچیروان.. ئەسپا ڕەش.. بـەیتی دیکـە.. مێـشك و گیـانی ئـاو دەدام، بـەحیکایاتی سـێ برالەو... کوڕە کەچەڵ و گەنج خەلیل... بەیتی ئازایی و خۆشەویستی و دڵداری.. ڕابواردن.. گیانی خۆشەویستی ومێردایەتی بەهێز دەکردم:

کەچەڵەك بووم لە کاروانی
لامدا گوندەك لە بۆنانی
دیتم زەرییەك لەبەر نانی

بەحیکایەتی ئەفسانەیی دێو.. و درنج.. ترسی لەگیان دەچاندم.. لەگەڵ مریشکە قونـدە.. مام هەیدەری شاوریم خۆشتر دەویست:

مام هەیدەری شاوری
مریشکۆڵەت لەبەر نەمری
بگە ڕێویێ خازری
مام هەیدەر هات لە هەردا

تووله و تاژی لەگەردا
مام ڕێویان له خۆڵی وەردا

که مام هەیدەر، ڕێـوی زۆرداری لـەخۆڵی وەردەدا.. مریـشکه قونـده و جووجکـەکانی ڕزگاریان دەبوو.. ئێمه منداڵەکان هەموویان گەش دەبووینەوه دەستمان لـەیێك دەدا.. لـه ڕۆخ ئاگردانەکه.. هاوارمان دەکرد:

ها.. ها.. ها.. ها

که باسی دێـو.. و ئـەژدیها و درنجـیش دەهـات.. باسـی مێردەزمـه و نێـره عەلیشیـشی قەشەش دەکرا.. ترسمان لێ دەنیشت، لـەشمان دەلـەرزی... لێـك نزیـك دەکەوتینـەوە، لـەرۆخ ئاگردانەکه.. قوونه تووتکەمان دەکرد..!.. تاد)).

(مەم) له فۆلکلۆری لاوانەوەشدا بڕگەیەك تێکەڵ گێڕانەوەی ڕۆمانەکـه دەکـات بـۆ نموونـه لەکاتی مردنی گولیزاری کەسایەتییەکی ڕۆمانەکه لەسـەر زاری دایکـی چـیرۆکبێژ بـەم جـۆرە کچەکه دەلاوێنێتەوە وەك له لاپەڕە (٨٨)دا دەڵێ:

هەی.. مەکە.. ڕۆڵە مەکە
بابان وێرانم مەکە
خەڵکی.. بەتاڵانی دەچوو
مەڕە.. بەرانە.. یەختەیە، شەکە
ئەمنی بێکەس.. بێدەر.. ئەمنی مل
بەکوێن
بەتاڵانم دەچو
گەردنێ زەرد.. بەژنی باریك
ڕووی بەخاڵ و.. دووچاوی ڕەش بەڵەکە
هەی.. مەکە..
ڕۆڵە مەکە
بابان وێرانم
دەتوخوامەکە.



بەردەوام لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەبێته باسـکردنی بەیتـه کوردییـەکان و تێکـەڵ بـه بونیادی بەسەرهاتەکانی دەکات وەك دەبینین له لاپەڕە (٢٠٦)دا ئەمجارە داپـیرەی هەقایـەتخوان بەم شێوەیه به قارەمانانی پارێزەرانی (قەڵای دەمدم)دا هەڵدەڵێ:

دێ لرفه لرفی بەیداغان
دێ دەنگی زرێ و قولچاغان
مەنزل له بنا و و مەراغان
قوشەن دێ ڕێ بەڕێیه
دەڵێ خانی موکری له کوێیه
سەلاح شۆران دەستدا چەکان
دەگەڵ سەفێ دەمەلەکان

ئینجا بەیتی (مەم و زین) دەکاته سـەر باسـی هـەوێنی عەشـقه پاکەکـەی خـۆی لەگـەڵ خۆشەویستەکەی و نموونەی پاکی و جوامێری لێ دروست دەکات و داپـیره وای بـۆ دەگێڕێتـەوە وەك که له لاپەڕە (٢٠٧)دا هاتووه که دەڵێ:

سێ پەری.. له ئاسمانی حەوتەمین
بەستوویانه لەنگەره
لەسەر کۆشکی کاکه مەمی هەڵدەنیشتن
ئەو بەر.. ئەو بەره
خوشکی گەورە.. بەرەو ڕووی خوشکان
گۆتییه
ڕوومەتی..کاکه مەمی جوانە.. یان
چراو فەنەرە
خوشکی نێونجیش.. وای گۆتییه
هەر له عەرشی.. تا کورسییه
هەر له گای تا ئەسپییه
هەموو دنیام پشکنییه
کەسم له کاکه مەمی جوانتر.. پێ نەکەوتییه!

بـەڵام (مـەم) لـەناو پانتـایی ڕۆمانەکـە و لەگەرمـە و کێـشەی ڕووداو و بەسـەرهاتە تراژیدیاکاندا لەهەموو بەیتەکان زیاتر داستانی خانزادە خـاتوون و مـیر سـلێمان بـەگی مـیران بەتەواوی دەخاتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە چ بە ڕاڤە و قسەکردن و گێڕانەوە و چیش بە گـۆرانی و دەنگە بەسۆزەکەی داپیرە بۆیە ڕۆماننووس خۆشی ئەم بایەخدانەی دەرخستووە وەك لە لاپەڕە (٢٠٧)دا دەڵێ:

((پوور بنـەوش — لەهـەموو بـەیت و هەقایەتـەکانی.. پـتر بەبـەیتی خـانزادە خـاتوون و لەشکری و سەربوردەی میر سلێمان بەگی میران.. گەرم دەبوو.. و دڵی دەهاتـە جـۆش و سـۆز دەیگرتە خۆی!.. تاد))

لە لایێك تەسکەرەو..
عەرزو حاڵ... نووسین بوو
لەلایێکی دیکە.. قۆڵ بەقۆڵ
تەتەر.. ڕەوانە دەکرانە..
بەخۆم لێی دەبوومە سەرکردە
قۆڵێکم هەڵدەدا.. لە بۆ قامچۆغەی موبارەك
قۆڵی دیکەیان.. لە بۆشەناغە و گەزوەشانە
قۆڵی دیکەم.. هەڵدەدا لەبۆ.. زێی زەهاوی
هی دیکەیان لە بۆ.. سەقز و.. بانە
قۆڵێك لە بۆ شارەزووری.. ڕەنگین
ئەوی دییان.. لە بۆ دەشتی لاجانە
سەد حەیف و..سەد.. مخابنی دنیایێ
لەپاش.. سلێمان بەگی میران
وەڵات مایەوە..
بەبێ خودانە

ئینجا چیرۆکبێژ لە شوێنی جیاجیا و لەدوای هەر ڕاڤەیەکی بەیتەکە و باسکردنی مێـژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە و بـە بەسـتنەوەی لەگـەڵ بـارودۆخی ئـەم سـەردەمەی ڕۆمانەکـەی لـێ گێڕدراتـەوە هـەر جـارەو بڕگەیـەك لـە بەیتەکـە دەخاتـە نـاو ڕاڤـەکردنی بەسەرهاتەکانی ئەم بەیتە و هۆکارەکانی دروستبوونی ڕووداوەکان کە لەلایەن ڕۆماننووسەرە بە



ئاگادارییەوە خراونەتە سەر زمانی گێڕانەوەی پـوور بنـەوش و دەتـوانن قەناعـەت و گونجـانی ڕووداوەکان لەگەڵ سەرجەم ئازارەکانی میللەتی کورد و سەردەمی ڕابردوو و ئێستای گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بیگونجێنن و خوێنەریش بخەنە ناو سەمتی ڕووداوە درامییە سەرنج ڕاکێشەکان.

میرسلێمان بەگی میران.. گازی دەکرد..
دەیگۆت.. لەشکری!
هۆ لەشکری.. دەستێ خۆ.. وەدە
وەرە.. لەو قوشەنەی لێ ببە سەرکردە
کورەی موحەکان.. چریکەی ڕکێفان
دەنگی تەپڵی بازان
سەدای لاوژە بێژان
لە دنیایێ دەنگیەوە دەدا
هاوارتە.. لەمن.. سەد هاوارە
لەپاش.. سلێمان بەگی میران
کوو بەفنجانەکی قاوەی
دەست لە دنیایێ بەردەدا..!

ڕۆماننووس لـە گەرمـەی گێڕانـەوەی ڕووداوە مێژووییەکانـەوە کـاتێ دێتـە سـەر ڕووداوە مێژووییەکانەوە کاتێ دێتە سـەر باسـی شـێخ مـەحمود و شۆڕشـەکەی و دوای ئـەوەی باسـی ڕێکخستنی نهـێنی ئەوسـا و سـەردەمی منـداڵی خـۆی دەکـا کەسـایەتی (کـاوێس ئاغـا) و لاوکەکەی شێخ مەحمود تێکەڵ ڕووداوەکان دەکات و لـە هـەمان کـاتیش باسـی کەسـایەتی و وەسفی کاوێس ئاغا و ئەو چاپخانەیە دەکات کە لێ دادەنیشت چونکە دیارە هەردووکیان مەم و کاوێس ئاغا خەڵکی شەقڵاوەن و بۆیەش ڕۆماننووس وەك چۆنی دیوە وەسفی کردووە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا زیرەکانە ئەو لاوکەی کاوێس کە لەسـەر شـێخ مـەحمودی گوتـووە مەزراندوویـەتی و خسوویەتییە ناو گێڕانەوە و بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە و لەگەڵ تێهـەڵکێش کردنـی سـەردەمی شێخدا ئاوێتەی یەکتری کردوون.. بزانە لـە لاپـەڕە (٣٠٢)ی ڕۆمانەکـە چـۆن دەمانخاتـە نـاو بەسەرهاتەکان و بە کاوێس ئاغا دەماننناسێنێ و دەڵێ ((کە منداڵ بووم.. لەگـەڵ منداڵـەکانی گەڕەك.. هەموو هێوارەیەکی هاوین لەناو ڕەزانەوە بۆ ناو بازاڕی گونـد سـەردەکەوتین، کاتێـك دەگەیشتینە (تەم تەم)ان.. دەنگە زوڵاڵەکەی کاوێس ئاغا تێکەڵ بەدەنگی شەپۆڵی ڕووبارەکـە دەبوو... دەڕژایە ناو گیان و گوێمان، کاوێس ئاغا.. لە چاپخانەکەی خدرەسۆر لاوکی دەگوتن:

دەلایلۆ.. دەلایلۆ
شەڕەکا دەقەومی.. لە چیاییێ
سورداشیێ)).

ئینجا وەسفی چایخانەکە دەکات و چۆنییەتی گوێڕاگرتنیان وەك منداڵ کە بەسەرداردا هەڵدەگەڕان بۆ ئەوەی کاوێس ئاغا ببینن و گوێییان لێی بێت. ئینجا دێتە سەر کاوێس ئاغا و دەڵێە: گرمافۆنەکە ئەو هێوارەیە بێ دەنگ بوو کاوێس ئاغا لە تەنیشت گرامافۆنەکەوە ئەویش لەسەر تەختێك لێی پاڵ دابووەوە، سەر و شەدە و گەردەن و هەردوو لامل و نیوەی تەختەی سینگی لە ئێمە.. منداڵەکان دیاربوو، ئێمە چاومان بەسەرو شەدەی کاوێس ئاغاوە گیربوو، کاوێس ئاغا سەر و شەدەکەی لێ لار کردبووەوە، دەستێکی خستبوو بناگوێی و لاوکی دەگوتن:

دەلایلۆ.. دەلایلۆ
بەهارە بەسەرێ سلێمانیداکەتم
محەلی شەڕان و... دیلا
لە ئاسمانا خۆشدێ گڕیلێ تەیارا
سرخێلێ مەترەلۆسا
ڕەنگێلی بۆمبا.. برا.. گازەگازێ تۆبەدارا
شادو شوودێ شێخ مەحمود.. کاکی شێخ قادر
بابێ لەتیف.. بەسێ دەنگان گازی دکا
کەریمێ فەتاح بەگ گەلێ عەگیدا
ئیمڕۆ دەست هەلینانەکی بکەن

بەڵام لە بڕگەیەکی دیکە لەلاپەڕە (٣٠٣) دا لەسەر زمانی عەولای پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە درێژە بە تۆمارکردنی لاوکەکە دەدات کە ئەو ئەوەندەی گوێ لێ بووە و هەمووی لەبەر بووە و دوای کاوێس ئاغا دەیلێتەوە بەڵام لێرە مەبەست بەهونەر کردنی گێڕانەوەکەیە کە ڕۆماننووس نایەوێ هەمووی ڕاستەوخۆ بگوزارێتەوە، بۆیە لەسەر زمانی عەولا دەڵێ:

دەلایلۆ.. دەلایلۆ
شەڕەکا دەقەومی لچیاییێ سورداشیێ.. وابەرا



بەرێ سبەییێ.. عەسکەرێ هیندۆك و قەلەڕەشکان دکەنە قیڕە و هەرا..
ئینجا لەم وەسفانەدا دەگاتە کۆتایی و هەموو دانیشتوانی چایخانەکە هەستیان لێ دەبڕێ.. بۆیە لە لاپەڕە (٣٠٣)دا بەم جۆرە کۆتایی پێدێنێ کە دەڵێ ((کە لاوکەکەش.. تەواو دەبوو:
چ گاوێ دەستێ خۆدەمە جامبێزارێ
دەگرم شارێ کەرکووکێ.. شارێ بەغداییێ
ئەورۆ سێ ڕۆژە ئەمن عاسێ بوویمە لە چیاییێ سورداشیێ
چ بکەم هاواری تورکان دوورە براینە..
کورد خاینە)).

ئینجا دێتە سەر وەسفی کاوێس ئاغا و دەوروبەری دوای تەواوکردنی لاوکەکە وەك لەلاپەڕە (٣٠٤)دا دەڵێ ((ناوە.. ناوە کاوێس ئاغا ئاوڕێکی لە وەستا سەعید و فەیزۆ و برادەرەکانی دەدایەوە.. چاوێکی بەدانیشتوانی چایخانەکەدا دەگێڕا.. سەری بۆ دەهەژاندن، بۆیان دەگرژێیەوە.. ئەمانیش بەدەنگ بانگیان دەکرد..!

- هەللا... هەللا... کاوێس ئاغا.. بلبلی کوردستان..)).

تادەگاتە ئەو ڕادەیەی منداڵێك بتوانێ هەموو لاوك و بەستەکانی کاوێس ئاغا لەبەر بکات و تەنانەت کاریشی لێ بکات ئەمەش هەم بۆ نیشاندان و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە کە تەشویقێك بە گێڕانەوەکە بدات هەمیش تۆمارکردن و مەرزاندنی ئەو لاوك و بەستانەیە بەشێوەیەکی هونەری کە تەنیا گواستنەوە نەبێت بەڵکو ببێت بەبەشێك لە بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەوەتا کە پاڵەوانە منداڵەکە واتە شێرکۆی چیرۆکبێژ لەکاتی بیرهاتنەوەی سەردەمی منداڵیدا بەم شێوە لاسایی کاوێس ئاغا دەکاتەوە و کە لەگەڵ ئەمەش بەستەی هەی نار.. هەی نارەکە تۆمار دەکات وەك لە لاپەڕە (٣٠٤)دا دەڵێ:
((وە لەپێش دەمی دایکم.. لەناو پەڵە سێوە کەسکەکەدا دەستم بە لەرزین کرد و دەنگم هەڵبڕی:
هەی نار.. هەی نار.. هەی نارەللۆ
سینگت.. سێنییە ساوارەللۆ
هەڵگرە.. بۆفتارەللۆ
لە پاشان بەستەکەم دەگۆڕی وەك کاوێس ئاغا دەستم خستە بناگوێیم و لاوکەکەم دەگوتەوە:

دەلایلۆ

شەڕەکا دەقەومیێ لچیاییێ سورداشیێ..

لەدەریێ دۆلیێ

ئەسپیێ شێخ مەحمود.. بابیێ لەتیف..

کەوتە پیێ کۆلیێ

دایکیشم بەکزی گوێی لیێ رادەگرتم.. ئاهێکی درێـژی هەڵدەکێـشا و بـەدەنگێکی پـڕ سۆز دەیگوت:

- کوڕم.. ئەوە لاوکی شێخ مەحمودی مەلیکە.. کاوێس بەسەر شێخ مەحمود هەڵـدەڵێ، باسی شەڕی ئەو نازدارەو کافرەکان دەکا!! وە لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- ئەو شێخە نازدارە چی کردووە چۆن ئیسلامەکان پشتیان بەردا هەتا ئینگلیزی کافر و قەڵەڕەشکە و هیندۆکە خوانەناسەکان.. ئەوەی بەسەربێنن کە بەسەریان هێنا...... تاد)).

ئەمانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە خـەڵکی سـادەو سـارکاریش چـۆن ئاگـاداری هـەموو رووداوەکانی مێژووی میللـەتی کـورد بووینـە بۆیـە ئـەو داسـتان و سـەربردە و کارەسـاتە مێژووییانە زۆریان کراون بەبەیت و هەقایەت و سەربردە و شەوانە بەدەم هەقایەتەکانی گـوێ ئاگردانەوە گێڕدراونەتەوە و بەشێکیان تۆماری نەمری خۆیان.. بەشێکی دیکەشـیان رۆژگـار پێیچاونەتەوە و دەگەڵ هەقایەتخوان و چـیرۆکبێژەکان چـوونەتە بـن ئـەم خاکـە.. بـەڵام ئـەم سامانە هەمیشە وزە و گوڕوتینە بـۆ داهێنـەران و هەمیـشە بـە چـرای روونـاکی میللـەت دەمێنێتەوە.. ئافەرین بۆ ئەو داهێنەرەی چۆن دەتوانێ وەك (مەم) هونەرمەندانە بیخاتە ناو ئەم هونەرە جوانەی رۆمـان و هونەرمەندانـەش تۆمـار و مەزرانـدنیان بکـات.. دیـارە لـەم رۆمانەی (مەم)دا ئەم داستان و بەیت و پەنـد و ئامۆژگـاری و گـۆرانی و لاوك و حـەیران و لاواندنەوە، زۆربەی بەشەکانی و سەرچاوەکانی دیکەی فۆلکلۆری کوردی وەك هونـەر لەگـەڵ بارودۆخ و کات و شوێنی رۆمانەکە و سەرجەم گێڕانەوەی هونەری رۆمانەکەدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەبن بە رێبواری کاروانی رۆمانەکە.

---

**ژێدەر:**

**محەمەد مەولود — مەم-**

رۆمانی رێگا- چاپی دووەم- زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس- ژمارە (٤٣)- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە — هەولێر — ساڵی ٢٠٠١.

# ڕۆمانی ڕێگا

# هەڵوێست و پشووی هونەری

**جەلیل کاکەوەیس**

ڕێگا ڕۆمانێکی (٤٣٣) لاپەڕەیی قەوارە مام ناوەندییە و زادە و ئافەریدەی هزر و ئەزموونێکی چڕی (محەمەد مەولود مەم)ە.

بەرلەوەی بچینە نێو دنیای لێکدانەوە و پێکهاتە هونەرییەکانی (ڕێگا) دەمەوێ بڵێم، مەم پێش دەست پێکردن و چنینی ڕووداوی هەر (٢٣) بەشەکەی ڕێگا پێشەکییەکی نووسیوە. بەڕواڵەت ئەم بەراییە لە تەنی ڕۆمانەکە جیایە و سەربەخۆ بوتە ڕووداوێک یان چیرۆکێکە و تێهەڵکێشی ڕۆمانەکە کراوە، بەلاّم لەبەرئەوەی هەموو ڕووداوەکانی ڕێگا لەو بەراییەوە سەرچاوە دەگرن و سەرهەڵدەدەن. بۆیە ڕۆمانەکە بە ئافەریدەی بەراییەکە دادەنرێ، یان بەبارێکی دیدا دەتوانین بڵێین ڕۆمانەکە کەشف کەری نهێنییەکانی بەراییەکەیە.

نووسەر بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) لە پێشەکی ڕێگادا ئاوها دەست پێدەکات (ماوەیەکی زۆر بوو لە سنوور دەژیام لەو سنوورەی کە نەخشەی جوگرافیای ولاّتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا لێک جیادەکاتەوە ئەو شوێنە سێگۆشەییەی نێوان سێ ولاّتەکەیە.) قسەکەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە لەو ماوەیەی کە لەوێ بووە کارەکەی فەرمانبەر یان باجگری دەوڵەت بووە. شوێن لەم پێشەکییەدا گرنگییەکەی لەوەدایە نووسەر لەبن پەردەی هونەرەوە سنوورە دەستکردەکانی ولاّتی کوردان بەرجەستە دەکات، ئیدی بۆ گەیشتنە مەبەست لە عاست سێ دیمەندا هەڵوەستەمان پێدەکات (ڕووباری هاجی بەگ گوندی دەریا سۆر، ئاشی گوندی دەریا سۆر).

ڕووباری هاجی بەگ، ڕووبارێکی سەرشێتە و لە بەهاراندا زۆرجاران ڕێڕەوی خۆی دەگۆڕێ. ئاشەکەش کە بەئاوی ئەو ڕووبارە دەگەڕێت لە سۆنگەی ئەو بەلەسەبوونەی ڕووبارەکەوە ئەمیش لە جێی خۆی هەڵدەقەنرێ و بەمەش سەریەشە و سنوور بەزاندن لای خەڵکەکە بەدوای ئاش و دانەوێڵە هاڕیندا پەیدا دەبێت.

مام بریندار خاوەنی ئاشەکەیە. حەمەد ئاشەوانە و ئەو پیاوە ژیر و وشیارەیە، کە لەدوای هەرەسی کۆماری مەهابادەوە لەودیو (کوردستانی ئێران) جێی لەق دەبێت و لە گوندی دەریا سۆر



دەگیرسێتەوە، ئیدی دەبێتە جێی متمانەی گوند و مام برینداری خاوەن ئاشیش. دوای یەکێک لە سەرپێچییەکانی ڕووباری هاجی بەگ ئاش تێک دەچێت. لەو دەمەیدا (من)ی قسەکەر بۆ سۆراخی ئاشانە دەچێتە گوندی دەریا سۆر و ڕووبەڕووی مام بریندار و سۆفی زێندین دەبێتەوە. لە دەم و دوویاندا تێ دەگات کە (حەمەدی ئاشەوان) لەوێ نەماوە: (چۆن چاوم بەکاک حەمەد ناکەوێتەوە. چۆن؟) ئیدی مام بریندار ئاوها ڕووی تێ دەکات: (ئەمەش ئامانەتێکە.. ئاشەوانەکە لەلای من بۆ تۆی داناوە) دیارە ئامانەتەکەش سندوقێکی تەنەکەی ڕەنگ کراوە و چەند لاپەڕەیەکی نووسراوی تیایە: (ئەوەندەی هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن چ نیشانەیەك یا ناوێکم نەدۆزییەوە کە ئەو کاکە حەمەدەی ئاشەوانەم پێ بناسێنێ). تا لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا نووسەر پێمان دەڵێت (دەفەرموون بۆ خوێندنەوەی لاپەڕە نووسراوەکان).

کام لاپەڕە نووسراو؟ لاپەڕە نووسراوەکانی نێو سندوقە تەنەکە ڕەنگ کراوەکە. یان لاپەڕە نووسراوەکانی خودی ڕۆمانەکە؟ من پێم وایە نووسەر لێرەدا مەبەستی هەر لەو لاپەڕە نووسراوانەی نێو سندوقەکەیە و هەموو نهێنییەکان لەوێوە کەشف دەبن. ڕووداوی نێو ئەو لاپەڕانە من وای بۆ دەچم ڕەنگڕێژکردنی هەڵسانەوەیەکی نوێیە، هەڵسانەوەی دوای هەرەسی کۆماری مەهاباد. هەرچەندە نووسەر لەم پێشەکییەدا دەڵێت: (ئەوەندەی هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن چ نیشانەیەك یا ناوێکم نەدۆزییەوە کە ئەو کاك حەمەدەی ئاشەوانەم پێ بناسێنێ) جا با نیشانەیەکیش نەبێت خۆ ئەو چەشنی سەربازێکی ون بناغەی شۆڕشێکی ڕەنگڕێژ کردووە و ئیدی خەڵکانی دی دوای پێزانین و وشیار بوونەوە فوویان لەپەنگری ئەو شۆڕشە کردووە.

وشەی (ئاش)یش دیسان هێمایەکی ترە و دەکرێ بەبالاّی شۆڕشدا ببڕێت. ڕووباری هاجی بەگیش بۆ خۆی هێمایە و دەشێ گوزارشت لە سەرکوتکردن بدات. نووسەر لە هزرێکی قووڵەوە پێگەی ڕووداوەکان دادەچەقێنێت.

ئاش = شۆڕش.

ڕووبار = هێزی سەرکوتکەر (ئەگەر بشێ) کەواتە لێرەدا باری گریمان و زانستی لێك نزیك دەبنەوە.

گریمان چواندنی شۆڕش بەئاشی گوندی دەریا سۆر و ڕووباری هاجی بەگ بەهێزی سەرکوتکەر. بەوەی لەوێ (کۆماری مەهاباد) هەرەس دێنێت و لێرە (کوردستانی عێراق) بناغەی شۆڕشێکە دادەمەزرێت.. لە ئەنجامی سەرشێتی ڕووباری هاجی بەگەوە ئاشی گوندی دەریا سۆر لە شوێنی خۆی لەق دەبێت و لە شوێنێکی دی دادەمەزرێتەوە. ئەمەش حاڵەتی لێکچوون و نزیکبوونەوەی گریمان و زانستییەکە. هەموو ئەمانەش ڕاستییەکی مێژوویین و لەسەر ئەو لاپەڕە نووسراوانەدا تۆمارکراون کە دامەزرێنەرێکی شۆڕش (حەمەدی ئاشەوان) لە ئەزموونی خۆی، لە نوشوستی خودی ئەزموونەکە دیرۆکێك تۆمار دەکات و لەنێو

سەندووقێکی تەنەکەی ڕەنگکراو تەقەتی دەکات ئێستا بۆ پەند و بۆ هەڵسانەوەیەکی نوێ بەئەمانەت بۆ نەوەی نوێی جێ دەهێڵێت. کەواتا ڕۆمانی ڕێگا بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو لاپەڕانەی نێو سندوقەکە.


وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ئەم پێشەکییە بەرواڵەت لە تەنی ڕۆمانەکە جیایە و وەك چیرۆکێکی سەربەخۆ خۆ دەنوێنێت. محەمەد مەولود مەم ـی بەئەزموون ئەم کارە هونەرییەی لێرەدا ئەنجام داوە. وەلێ هەرچەندە لەچاو ئەدەبی جیهانی و ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەرمان دەست پێشخەر نییە، چونکە لای ڕۆماننووسانی شوورەوی بەتایبەتی دۆستۆفسکی و لە ئەدەبی عەرەبیشدا من بۆ خۆم ئەم شێوازەم لە ڕۆمانی (امرأة القارورة - ئافرەتی نێو کەمۆڵەکە)ی سەلیم مطر کامل بینیوە. لای ئەمیش ڕۆمانەکە لە دەستنووسێکەوە سەر هەڵدەدات. ئەویش پێشەکییەکی بۆ ڕۆمانی (ئافرەتی نێو کەمۆڵەکە) نووسیوە و دەڵێت: من هیچ دەستێکم لە ڕووداوی ئەم ڕۆمانەدا نییە و دروستکەری نیم. بەڵکو من تەنها ئەوەندەم لەسەرە دەستنووسەکەتان بۆ دەگێڕمەوە کە لەمەوبەر لە کابرایەکی (چایچی)م وەرگرتووە... بەڵام ئەم جۆرە شێوازە بۆ ڕۆمانی کوردی دیاردەیەکی نوێیە و مەم لەم ڕووەوە دەستپێشخەرە. ئەم جۆرە لێکچوونانەش هەرگیز بەخەوش دانانرێ، چونکە دوو بابەتی تا بڵێیت لە یەك دوورن و دوو فانتازیای جیاواز و دوو خولیا و تەکنیکی جیاوازن.

لە بەرایی (ڕێگا)دا کەسێك بەناوی (مام بریندار)ەوە بەخۆیی و کۆمەڵێك پەڕە کاغەزەوە لە کوردستانی ئەودیوەوە (لە شنۆ)وە ڕوودەکاتە ئەم دیو.. پەڕە کاغەزەکان لە ئاشێکدا دەشارێتەوە ئیدی ئەو مام بریندارە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی زۆربەی ڕووداوەکان و جارێکی دیش وەکو ناو سەرهەڵنادادتەوە.

دوای ئەوەی خوێنەر بەخێرایی بەڕۆمانەکەدا دەچێتەوە. ئینجا دێتە سەر ئەم لێکۆڵینەوەیە. دیارە لەم بارەشدا (دەق و ڕەخنە) دروست دەبێت.. لەم کردارەشدا خوێنەر دەبێتە لایەنی سێیەم و خاوەن بڕیاریش. مەم هەر لە چیرۆکی پەنجا فلسەوە هەوڵی ئەوەی داوە کە چیرۆکی کوردی بەرەو بارە ڕاستەقینەکەی ببات.. بەر لە هەموانیش هەوڵی داوە کە (گرێ) بکاتە شادەماری چیرۆك و هەودای ڕووداوەکانی بەدەوردا بچێنێت و ڕاپێچی دنیا سیحرامێزەکەی فانتازیا بکات. خەیاڵ هەناسەی چیرۆك و ڕۆمانە، پێم وایە لەم ڕووەشەوە دیسان مەم دەستپێشخەرە و لەم دوو بەرهەمەی بەرایی مەرگیدا (پایزە خەون و ڕێگا) فانتازیا سیمایەکی گەشی ئەو دوو بەرهەمەن خۆ ئەگەر مەرگیش مەودای دابا کێ نالێت کوردیش نەدەبوونە خاوەنی ڕۆمانی نەمر.

پێش دەست پێکردن پێم باشە هێلکارییەکی سادە بۆ هەڵسووڕانی کەسانی (ڕێگا) و ئینتمای چینایەتی و ڕێڕەوی بزووتنەوەیان بکێشم.






**نموونە (١)**

ڕێگا ڕۆمانێکی مێژووییە. لە پاڵ ئەوەشدا دەتوانین بە ئەوتۆگرافیایەکی دابنێین. چونکە لە زاری کەسی یەکەمی تاکەوە (من) مێژووی ژیانی بنەماڵەیەك بەرجەستە دەکات و لەگەڵ ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم ئاوێتەی دەکات و کەسانی ناسەرەکی نێو ڕۆمانەکەش دەگاتە گەواهی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەم پێکەوەیان گرێ دەدات.

ئەگەر خانە بۆ (ڕێگا) دابنێین. ئەوا تێکەڵییەك سەر هەڵدەدا، چونکە لەلایەکەوە ڕەخنە لە ڕەفتاری کۆمەڵ دەگرێت بەمەیان چەمکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە هەڵدەگرێت. لەلایەکی دی، کە هەوڵێکی گەشی بەکاربردنی فانتازیا و چوونە ناو دنیای ئەفسانەوەی لەخۆگرتووە. بەمەش لە خانەی دنیا سیحرامێزەکەی ڕۆمان نووسانی ئەمریکای لاتینی نزیك دەکاتەوە.

لەڕووی کردەی ڕێزمانییەوە. ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من) وەك کۆڵەگەی هاوبەش لە هەموو بەشەکانی ڕێگادا ئامادەیی هەیە و کلیلی دەرگا داخراوەکانە. دەبێتە بکەر و برێ جاریش بەرکارە. کەسانی تری وەك لە هێڵکاری (١)دا ئاماژەم بۆ کردوون. ئەم دوو ڕێڕەوە دەگرن.

یەکەم: دامودەزگای دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیز و دەوڵەتی عێراق. کلکەکانیان (تۆفیق بەگ، مام حاجی، مەلا قطب الدین).

دامێنی کلکایەتی (خەلیفە سەر سوڕ، کوێخا، دەروێش قادر)

دووەم: خەڵکی ڕەمەك ــــــــــــــــ چینی جوتیار+ ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا + عەمەری سلێمان و هاوڕێکانی.


ئێستا دەتوانین بەپێی ئەو پۆلین کردنە چینایەتییە و ئەو خەسێتەی بەپێی کردە ڕێزمانییەکە هەڵی دەگرن. ئاوهای لێکبدەینەوە.

یەکەم + ئاوەڵناوی بکەر ـــــ (ـــــ ئاوەڵناوی کراو، ئاوەڵناوی بکەر ـــــ) (ـــــ ئاوەڵناوی کراو، ئاوەڵناوی بکەرـــــ).

دووەم - ئاوەڵناوی کراو - ئاوەڵناوی کراو + ئاوەڵناوی کراو و ئاوەڵناوی بکەر.

بەم پێیە دەتوانین بۆ پتر ڕوون کردنەوە ئەم هێڵکارییە بنوێنین:






**نموونە (٢)**

بەپێی ئەو پۆلین کردن و هێلکارییەی سەرەوە دەتوانین کردە ڕێزمانییەکی ڕوون بکەینەوە. دەبینین لە هێلکارییەکەدا پێکهاتەیەکی چینایەتی شێوە هەرەمی خۆ دەنوێنێت. چینی دەسەلاتدار کە سەرووی هەرەمەکەی داگیرکردووە نموونە هێمایە بۆ زەبروزەنگی دەولەتی عوسمانی و دواتریش دەسەلاتدارێتی ئینگلیز و دەولەتی ئەوسای عێراق... ئەم چینە دەوری ئاوەلناوی بکەر دەبینی، چونکە هەلگری خەسێتی چەوساندنەوەیە و لەم ڕووەوە بکەرێکی ڕاستەقینەیە. مەبەستیش لە کلکایەتی (تۆفیق بەگ و مام حاجی و مەلا قطب الدین)ە. کە هەر یەکێك لەم سێکوچکەیە بەپێی پلەی کۆمەلایەتی و ئاینی نوێنەری یەکێك لە نەریتە داچەسپاوەکانی کۆمەلْ وەك ملْکدارێتی و بەناو پیاوی ئاین و هەردوو جەمسەری هەرەمەکە: بنکە و لوتکە بەیەك دەگەیەنن. سێکوچکەکە دوو ئەرکی ڕێزمانی دەبینێ: لەلایەکەوە کە ئەلقە لەگوێی چینی دەستەلاتدارانن دەوری ئاوەلناوی کراو دەبینێ. چونکە لەم بارەدا سیفەتی بەرکاریان هەیە. لەلایەکی دیش، کە دەنگیان بەسەر دامێنی کلکایەتیدا تێرە، ئەوا سیفەتی ئاوەلناوی بکەر وەردەگرن.

دامێنی کلکایەتی بەهەمان شێوە بەدوو لادا سەر دەردەکات، واتا کردە ڕێزمانییەکەی ئاوەلناوی کراو و ئاوەلناوی بکەرە، چونکە ئەوەتا (خەلیفە سەرسۆر و هاوچیزەکانی) ملکەچی ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی مەلا قطب الدین و لەلایەکی دی مێملّی گیانی چینی خوارەوەن. بەلام ڕۆلیان زۆر ترسناکە. چونکە ڕیشەیان لەنێو جەرگەی چینی دامێن دایە و داینەموی کۆڕە کۆمەلایەتی و دابە چەسپیوە ئەفسانەییەکانن.

لای ڕاستی هەرەمەکەش کە زۆربەی کۆمەلْ پێك دێنێت و کردە ڕێزمانییەکەشی ئاوەلناوی کراوە هاوشان دوو ڕێچکەی لێ دەبێتەوە، چینێکی دوودلْ و ڕاڕا لەنێوان بڕوابوون بەنەریتی جێماوەی دەست لێ نەدراو و ڕق ئەستووری بەرانبەر نەهامەتی و برسێتی و دەسەلاتی چەوسێنەر وەك (مەلا حەمید، مام ڕەسول، پیرئۆمەر و..)

ڕێچکەی دووەم ڕێچکەیەکی تیژڕەو و بەگوڕە. خوێنی لاوێتی و بەرهەلستی و ستەم قەبوولْ نەکردن بەشادەماریدا فڕکە دەکات. ئەم ڕێچکەیەش بۆ خۆی لە سەرەتاوە و بەپالْ یەکەوە دوو ڕێچکۆلەی دی، دەبەستن، ڕێچکۆلەیەکی بێ بەرنامە و پلانە. بەلام ڕق ئەستوورە، وەك (عەمەری سلێمان و هاوڕێکانی) ڕێچکۆلەی دووەم شۆڕشگێڕ و وریایە و خاوەن پلان و بەرنامەیە، ئەمانەش ئەو دەستەیەی کۆمەلەی هیوان و خۆ ڕادەپسکێنن و چینی دەسەلاتدار ڕەت دەکەنەوە، وەك (تۆما. کاك ڕەسول، مەهدی، مەحمود، شێرکۆ، عەولا و کامەند) لە



دواییدا ئەم دوو ڕێچکۆلەیەش یەك دەگرنەوە و لەگەلْ ڕێچکە چینە دوودلەکەدا بنکەی هەرەمەکە پێکدێنن. کە بنەکەش پێکهات گیانی بەرگری و بەرهەلستی بەگوڕتر دەبێ و هێلە بەیانییەکەی سەرەوژوور و ڕووە و چەپ لە شێوەی کاردانەوەدا هەلدەکشێ. کردەی ڕێزمانی هەردوو ڕێچکەی دوودلْ و شۆڕشگێڕ، بەو پێیەی بندەستە دەوری ئاوەلناوی کراو دەبینێت. بەو پێیەش کە گیانی بەرگری و هەلگەڕانەوەی تێدایە خەسێتێکی دی وەردەگرێ، کە ئەویش ئاوەلناوی بکەرە.

تا ئێرە لە بونیاد و پێکهاتەی ڕێزمانی ڕێگا بەکورتی تیشکێك خرایە سەر کەسانی ڕۆمانەکە. خۆ ئەگەر لە باری سینتاکسییەوە (ڕستەسازی) بڕوانینە ئەم هەولەی مەم، ئەوا دەلێم: لەم ڕووەشەوە دەست ڕەنگینە و تایبەتمەندی و چێژی زمانی لە ڕستەی ساکار و باوی نێو خەلکی وەرگرتووە.. توانیویەتی زمانی چیرۆك لە ڕەگەزەکانی تری ئەدەب جیا بکاتەوە، چونکە باش لەوە گەیشتووە، کە زمانی چیرۆك و ڕۆمان بەرلەوەی گەمە لەگەلْ سۆزدا بکات خۆی لە هۆش نزیك دەکاتەوە. چۆن کەسەکان بەپێی چین و توێژ دابەش دەکات، ئاوهاش هەریەکە و بەزاری خۆی و زمان حالّی خۆی ڕستەی بەبالادا دەبڕێت.. بەتایبەتی ڕۆمان کە زمانێکی شاشتر و نزیکتر لە خەلکی گەڕەکە.. مەم ئەم لایەنەشی لە ڕستەسازیدا بەکارهێناوە، ڕستەی باوی نێو خەلکی بەشێوازێکی پراکتیکانە و هونەرییانە خستۆتە گەڕ.. ڕستەکان لە هەندێ شوێن نەبێت هەموو دەستووری زمانیان تیا ڕەچاو کراوە، ئەمەش دیارە جۆرێکی تری ستاتیکای نووسینە، چونکە هزر و ئەندێشە هەرچەندە بەرزیش بن، بێ پۆشاکی زمان دەپووکێنەوە. بۆیە بەدلنیاییەوە دەلێم: مەم لە ڕستەسازی ڕۆمانی ڕێگادا یەکجار پێ لەسەر شێوەزاری موکری و ئەو هێلە جوگرافییە دادەگرێت کە بەپشدەر و ئاکۆیان و خۆشناوەتیدا تێدەپەڕێت، چونکە ئەم هێلە زۆر بەداستان و سەربهووردی ڕەسەن بەنێوبانگە، کە ڕێگا دەخوێنینەوە هەست بەوە دەکەین کە مەم یەکجار ئاوێتەی کەلتووری نەتەوەییە و ڕستەکانی پابەندی ڕووداوی نێو خەلکین و بەرەوانی سەردەکەن.

تا ئێرە ئاوها، لەمەولاش بەپێی بۆ لوان لە چەمك و بوارەکانی تری ڕێگا دەدوێم.. لە بەشەکانی بەراییدا دەبینین (من)ی قسەکەر خۆ لە فەلسەفەی (بوون) نزیك دەکاتەوە.. دیارە ئەم (من)ەش هەر نووسەر خۆیەتی و دواتریش لەگەلْ خەست بوونەوەی ڕووداوەکان ئەمیش گەشە دەکات و ناسنامەکەی دەردەخات.. لە زۆربەی بەشەکاندا هەر ئەو خودەیە و خۆی لە بۆسەدا حەشارداوە و چاودێری ڕووداوەکان دەکات، یان لە پەنایانەوە دەوەستێ و هەندێ جاریش

له کەسێتی ئەواندا (تقمص) دەکات.. لەگەڵیاندا تووڕە دەبێت.. دەگری.. پێدەکەنێت.. یاخی دەبێت.. ئینجا دەکەوێتە بەراوردکاری و ناهاوتایی ئەم بوونە بەبارە فەلسەفییەکەی لێکی دەداتەوە. تووڕەهاتی ئەم بوونە.. بێ تام و لەزەتی ئەم بوونە دیاردە دزێوەکانی.. ئەو دیاردانەی کە هەر بەزگماك بەسەر مرۆڤدا چەسپاون. گەر زگماکیش نەبن، ئەوا کۆمەڵێ دیاردەی دەستکردی خودی مرۆڤ لە پەنا و پەردەی موقەدەساتدا بوون بەبارێکی دەق گرتووی ئەوتۆ کە مرۆڤ لە عاستیاندا دەستەوستانە و زاتی هەڵوەشاندنەوەیان ناکات، بۆیە دەبینین ئەم (من)ە خودی خۆشی لێکدەداتەوە (هەتا دەچمە قولاٌیی بوون. هەتا پتر بەناخی ژیاندا دەچمە خوار دەکەومە ژێر پاڵەپەستۆی بیرکردنەوە) ئەم (من)ی قسەکەرە بیر لەچی دەکاتەوە؟! خۆ ئەم (من)ە و هەموو ئافەریدەکانی تری بوونەکە دەچنە نێو یەك هاوکێشەوە، یان بەشێوەیەکی تر یەك هاوکێشە پێکدێنن.، ئەویش سەرەتاکەی فت و کۆتاییش هەر فت.. تۆ بڵێیت ئەو (من)ەش هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو دادی بێ دادە بکات، یان دەیەوێت ئەو سنوورە بشکێنێ و خۆی و دەوروبەرەکەی بەو (بیرکردنەوە)یە ڕزگار بکات.. ئەمەیان پتر ڕێی تێ دەچێت، چونکە وردە وردە بیردەکاتەوە تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بۆ یەکجاری بانگی یاخی بوون هەڵدەدا و دەبێتە هەڵۆی سەر ترۆپکان.

هونەری کاریکاتێر بەشێکی تری لە پانتایی (ڕێگا) داگیر کردووە. هەروەك ئاشکراشە مەم لە زۆربەی نووسین و چیرۆکەکانیدا، هەر لەو نووسینانەی گۆڤاری (هەولێر)ەوە تا ڕۆمانی ڕێگاش دیمەنی کاریکاتێر لای مەم دووبارە دەبێتەوە.. دیارە بەکارهێنانی ئەم شێوازەش هەروا سووك و سانا نییە و توانایەکی هونەری باشی دەوێت.. لویجی بیراندلۆی ئیتالی، عەزیز نەسینی تورك لەو ڕێگایەوە توانیان پەردە لەڕووی زۆر لە ناهاوتاییەکانی کۆمەڵی خۆیان هەڵماڵن، لای ئێمەش ناو بەناو لە شێوەی ڕستە و فرێزی هەمەچەشنەدا نەك وەکو سەرتاسەری دەق، مەم ئەم وێنە کاریکاتێرانە پیشان دەدا. لە (ڕێگا)دا بەدیمەنی کاریکاتێرانە ئاماژە بۆ بەرەی خێر و شەڕ دەکات و دەیان خاتە نێو بازنەی ململانێوە.. ئەوەتا لە بەشی سێیەمدا (خەلیفە سەرسوٚر) وەکو لە هێلکاری (٢)دا نیشان دراوە بەرەی شەڕی ململانێکەیە. هەروەکو لە بونیادە ڕێزمانییەکەشدا ئاماژەم بۆ کرد ئەم کەسێتییە دوو جەمسەر وەردەگرێت: (جەمسەری یەکەم بەو پێیەی کە لەژێر کاریگەری چینی سەرەوەدایە ئاوەڵناوی کراوە. بەوپێیەش کەلە سەرووی چینە ڕەمەکەکەیە ئاوەڵناوی بکەرە). دیارە لە بارێکی ئاوهاشدا خەلیفە سەرسوٚر بەخۆی و توێژەکەشییەوە کەسێتییەکی دیماگۆیی بێ بارە. بۆیە لای مەم بەو شێوە کاریکاتێرییە بەرجەستە کراوە. ئەوەتا



پرچی خەلیفە بوونەتە (دوو شاماری سوور و بەسەر شانیدا شۆڕبوونەتەوە) لەگەڵ سەربادانادا دوو مارەکە لوول دەخۆن و دیمەنێکی ترسناکیان و هەیە و تا ئێستاش لە بیری (من)ەکەدا هەر ماوە و ترسناك و قێزەوونە. دیارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا چواندنێکی شەڕامێزی نێو کۆمەڵگای بێ بنەما و مەعریفەتە. چواندنی ئەو دوو پرچە بە دوو شامار هەروا لە خوٚڕا بەکارنەهێنراوە و بیرۆکەی دەچێتەوە سەر بنەما جێماوەکانی کۆمەڵی کوردەواری و نەریتە هاوبەشەکانی دنیای ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست.. گەڕانەوەیە بۆ بنەبانی مێژووی کۆن، بەشێوەی جەفەنگ و دیمەنی کاریکارتێرانە ئەو کەسێتییە شەڕدامێزە لەبەرچاوی چینە بندەستەکە قێزەوون دەکات.. دیارە ئەمەش زۆر نزیکە لە دوو مارە مێشك خۆرەکەی سەرشانی (ئەژدەهاك)ی نێو ئەفسانە کوردی - ئێرانییەکە. لێرەدا دەبینین لە ڕێگای کەڵك وەرگرتن لەم هونەرە کاریکاتێریانەوە بەشێوەی بیرەوەری منداڵی ئەو دیمەنانە زیندوو دەکاتەوە. کاریگەری سۆفیگەری ڕووکەشانە و زەق بوونەوەی بارە چینایەتییەکە و کەسە ڕۆحییە دیماگۆییەکان ئاوێتەی کەش و ئاو و هەوا و باری جوگرافی دەبن (ئەو نەڕە فیلانە.. بەناوی زیکری خودا ئەو ناوەیان خرۆشاندبوو..) ئەمە جێبەجێ کردنی دابێکی دەق گرتووە.. بەڕێ خستنی تەرمی سۆفی نەوروٚزی (باوکی شێرکۆ - من -)ە.. دەیانەوێ بەو کردارە تەرمەکەی پیرۆز بکەن.

تابلۆی کاریکاتێرانە لە بەشی شەشەمیندا جارێکی دی سەر هەڵدەداتەوە، لەم کونجەوە ناهاوتایی بوونە کە لەڕێگای (بەد گوٚڕان - مسخ)ی کۆمەڵەوە بەرەو تاك پیشان دەدات. بەدگۆڕانەکە هەندێ جار بەباری فەسلەجییەوە گرێ دراوە و بڕێ جاریش بە ڕەفتارەوەی دەبەستێت.. ئەوەتا پەردە لە ڕووی چینی ڕەنج خۆر هەڵدەماڵێت و بەدیمەنێکی کاریکاتێرانە ئەو چینە قێزەوون دەکات.. دزییەك لە گوند دەکرێ.. دەسەلاٌتداران و کلکەکانیان بۆ لەدەست نەدانی ئەم هەلە و جێبەجێکردنی دوو ئامانجی سەرەکی خۆیان.. کە یەکەمیان تۆقاندنی چینە بندەستەکەیە و دووەمیان تۆڵە سەندنەوەیە لە کەسێکی پاك و بەهەڵوێست (مام وسو)یەك کە دزی نەکرد و تاوانی دزی کردنی وەئەستۆ دەخرێ و لە پاڵ نێرەکەرێکدا و لە گۆڕەپانی گوند بەبەرچاوی خەڵکەوە سندم دەکرێ.. بەسەر و برۆی تاشراوە مەنجەڵی ماستی بەسەردا دەکرێ و سواری کەرەدێزە دەکرێ و بەنێو گونددا دەی گێڕن و کەسیش متەق ناکات. لە ئەنجامدا تووشی عەقڵ سووکی دەبێت و لە کۆمەڵیش دادەبڕێت، ئامانجی دەقەکە لەم دیمەنە کاریکاتێرییە لاسەنگی و ناهاوتاییەکانی ئەم بوونەیە و دەیەوێت لە ڕێگای هەژاندنەوە تیۆری (هۆ و ئەنجام) بخاتە سەر لەپ و دیاردە کۆمەلاٌیەتییەکان هاوسەنگ بکاتەوە.

هەر لە بەشی شەشەمدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەکی سەردەمی دەرەبەگایەتی دەبینەوە.. کۆمەڵگایەکی باوکسالاری ئەوتۆ، کە دەسەلاتی نێرینە لە بڕیاردان و نوێنەرایەتی دابونەریت و ئایین و سیاسەت نێر هەر نێرە و ڕەگەزی دووەم لەبەردەمیدا بەرخۆڵەیەکی بەسەزمانە، گەر وانەبێ چۆن بەبەرچاوی باوك و دایکەوە، چەند دەروێشێکی چڵکن، خوبزەی مەلا قطب الدین بەناوی بەزەییەوە، لە هەمێزی دایك هەڵدەبڕن و ئاوقای نێو ئۆتۆمبیلی دەکەن و بەرەو کۆشك و سەرای مەلا قطب الدین ڕای دەفڕێنن. ئینجا لەژێر پەردەی خواناسیدا هەوڵ دەدەن ناموس هەتك بکەن و کچێنی ئایشەگوڵ بدزن. مەم باش شارەزای خەسێتی ئەو چینەیە بۆیە بۆ ڕیسواکردنی ئەو چینە ئایشەگوڵی تووشی ئەو مەرگەساتە کردووە.

مامەڵە کردن لە تەك ئەفسانەدا دیاردەیەکی باوی پانتایی ڕۆمانی ئەم سەردەمەیە. بەتایبەتی لای نووسەرانی ئەمریکای لاتین. لە بەشی حەوتەمی ڕێگاشدا مەم هەولێکی گەشی دنیای ئەفسانەی زەق کردۆتەوە.. لە ڕێگای یادەوەرییەوە و لە زمانی (پوورە مێرێ) ناوێکەوە دەمانباتەوە بۆ هەمان داڕشتنە ئەفسانەییەکەی (پایزە خەون).. پایزە خەونی کرێکاری برسی و ستەمدیدە.. لەوێدا گیسکێکی ئەفسووناوی دەکاتە کوڵ ئەو کرێکارە و بەمتەمت بەهەمان شوێنەکانی (ڕێگادا) تێدەپەڕێت. تا لە ئەنجامدا نەگیسك بوونی هەیە و نەهیچ. لە ڕێگاشدا لەژێر زەبری هەمان برسێتی و نەهامەتی و لە هەمان دۆخدا (مامەولا) یەك دەخاتە شوێن ڕەوە قەلەموونێك و تا بناری سەفین و ئەشکەوتەکانی شوێنیان دەکەوێت (بەڕاکردن) بەرەو جێ مۆڵگەی عەلیشیشەکان بەزی..خۆی لە یەکێکیان ڕۆکرد.. لە پڕ هەموویان دایان لە شەقەی باڵ.. هەتا بوونە نوقتەی ڕەش ڕەش و توانەوە..) لێرەدا لەبری گیسك کۆمەڵە قەلەموونێکی ئەفسووناوییە و هۆڕمۆنی چێژی برسی (مامەولا و مەلای گوند)یش دەوروژێنن، لە دوایشدا نەقەلەموون بوونی هەیە و نەهیچ، گەر باش زەین بدەینە هەردوو دیمەنەکەی (پایزە خەون) و (ڕێگا) ئەوا دەبینین لە کرۆکدا یەك بابەتن و خەیاڵی برسێتی و بێ بەشی ئەو دوو شەبەنگەی لای هەردوو کەسی (پایزە خەون) و (ڕێگا) خولقاندووە.

لێرەدا دەپرسین بۆچی ئەم شێوازە لای مەم دووبارە دەبێتەوە؟ دیارە هەر نووسەرە و بەتایبەتمەندییەك دەناسرێتەوە، مەمیش ماوەیەك بوو خۆی لەم بابەتگەلە دەدا.. ماکی ئەفسانەش لای مەم نیشانەی خۆی هەیە، کە ئەویش پیشاندانی هێزی لەبن نەهاتووی مرۆڤە..



زاڵ بوونی توانای مرۆڤ.. بەسەر هەمموو نەکراوێکی ئەم بوونەدا، تێکشکان و گۆڕینی ڕەوشی بوونەکە و ماڵی کردنی دیاردە نامۆ و سەرکەکان.. لەلایەکی ترەوە ئەو بارە ئەفسانەییە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی پێکهاتە و بونیادی دەروونی کۆمەڵ و تاکیش.. بڕوابوونی بەشتە نادیارەکان، بەقەزا و قەدەر، بەو شتە خەیاڵئامێزانەی کە هەمیشە لە هۆشیدا، لەو دیوی ئەسڵیدا ئامادەیە.. لەو ساتانەشدا ئەو ئامادەییە سەردەردێنێ، کە حەزەکانی مرۆڤ هێشتا تێر نەبوو.. تێر نەبوونەکەی بیری پێ دەکاتەوە، بیرکردنەوەش دەبێتە خەیاڵ و ئالێرەوە دنیای فانتازیا دەست پێدەکات، پێم وایە مەم توانیویێتی تاڕادەیەك لەتەك ئەم حەزە کپ بوانەدا گەمەیەکی بەلەزەت بکات.

خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو دیمەنی (پایزە خەون) و (ڕێگا) ئەوەیە، کەسانی ڕێگا دوای نائومێدبوون لە گرتنی قەلەموونە ئەفسووناوییەکان، مەسەلەی پەیدابوونی ئەو ڕەوە قەلەموونە بەباری ئایین و لەدین لادان دەبەستنەوە (پایز درەنگ بوو لەپڕ قۆڵێك جەندرمەی عوسمانلی لە گوند پەیدابوون، وەك گورگی هار پەلاماری گوندیان دا.. تا لە ئەنجامدا لە دێرە کۆنەکە جێگیربوون، مام قەشە لە ترسان دێرەی جێهێشت و چاوی بەخەڵکی گوندی هەڵنەدەهات بێتەوە ناویان.. ڕووی کردە ئەشکەوتی سوورەچمان و بەرانبەر خاچەکەی چۆکی دادان.. لە خودا دەپاڕایەوە تۆڵەی لەو جەندرمە دڕندانە وەربگرێ.. خودا بەهاواری مام قەشەوە هات.. شەوێکی تاریك جەندرمەکانی دانە بەر غەزەبی خۆی و هەمووی کردن بەعەلەشیش) لەم دەم و دووەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە دەسەلات، چینی چەوسێنەر مێژووییەکی دوور و درێژی دەق گرتووە چینی دامێنیش هەمیشە لە پەلەقاژێ دایە، بگرە هەر خۆشی -چینە دامێنەکە- هاوکێشەیەکی ئەوتۆی لادروست بووە کە دەست لێدانی بۆ نییە، لێرەدا توانای ماسولکەیی و تەنانەت هۆشیش سڕ و خاوە، ئیدی تەنها کاردانەوەیەك خۆ دەنوێنێ کە ئەویش بارە میتافیزیکییەکەیە و لە شێوەی هێزە ئەفسانەییە خەیاڵئامێزەکاندا دەردەکەوێ و دەبێتە هێزێکی تۆڵەسێنەر.. مەسخ بوونەوەی جەندرمە و بەعاجباتی بوون و قەلەموون جێگەی پلان و هۆشی ڕاستەقینە دەگرێتەوە.

ڕووداوەکانی (ڕێگا) یەکجار پەل و پۆدارن، وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد گێڕانەوەکە بەزۆری ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من) ئەنجامی دەدات، نەخشە و سیناریۆی فلیمێکی مەرگەسات و بڕێ جاریش بۆ وەرس نەبوونی خوێنەر دیمەنێکی کۆمیدی پیشان دەدات، باش دەزانێت مێژوو بەرجەستە بکات، بەڵام بەشێوازێکی هونەری. باری جوگرافی و کاتەکان

ڕێزبەند دەكات و هەریەكەیان بەرووداوێكەوە گرێ دەدات، جەنگی دووەم و قات و قڕی، پارچە پارچە بوونی كوردستانی دایك، زەق بوونەوەی باری چینایەتی، پاڵەپەستۆ و كاردانەوە، ئەمانە هەموو دەبنە هۆ و ئەنجام و ئەنجامەكانیش وەك بەرایی كاردانەوە لە كۆمەڵەی هیوادا خۆ دەنوێنێ، نووسەر بەتیل نیگایەك لە بەشی هەشتەمدا ختووكەی هەستی نەتەوەیی دەدات، ئێزگەی كوردی و پەخشەكانی لە (حەیفا) لەلایەن گۆرانی شاعیر و ڕەفیق چالاكەوە تێكهەڵكێشی ڕووداوەكان دەكات.

لێرەدا ئێمە سەرپشك دەكات، ئێمەی ئێستا و ئەو سەردەمە بۆ شیكردنەوەی ئەو جۆرە هەڵوێستانەی زلهێزەكانی دنیا. مەم لەگەڵ ئەودیوی هەستماندا قسان دەكات و ئاماژە پیشان دەدات بێ ئەوەی پێمان بڵێت بۆچی و لەبەرچی؟! دیارە ئەمەش كاری هونەرە و هونەریش سیماكانی ژیان بۆ جارێكی دی بەشێوازێكی سیحرئامێز پێشكەش دەكات، ئەوەتا سوورە لەسەر مەسخ كردنی چینی ڕەنج خۆر. (سەید ڕەسوڵ) ڕادەسپێرێت. كە بەچاوی خۆی بەگزادە خوێنمژەكان لە دەور و پشتی گوند ببینێت، بیان بینێت چوونەتە پێستی گورگەوە (دوو زەلامی عاجباتی سەیر.. لەسەر كەپكە شاخەكەی سەر ڕێ.. هەردووكیان بەكەلەش ئادەمیزادبوون.. دوو جووت كلاشی هەورامانیان لە پێكردبوو.. دەت گوت بەگزادەی دیبۆكراتن، بەلاّم بەسەر و كەللە.. گورگ.. گورگ بوون). ئەم مەسخ كردنە هەروا لە خۆڕا پێكنەهاتووە، شۆڕبوونەوەی نووسەرە بەرەو ناخی ناخەوەی كۆمەڵ و ململانێكان. لە هەموو ڕووداوەكاندا هەر ئامادەیی خۆیەتی و بەناوی جیاجیاوە ڕاسپاردە و ئەركەكان جێبەجێ دەكات. سەید ڕەسولیش هەر (من)ەكەیە و بەعەقڵیەتی چینە بندەستەكە ڕەفتار دەكات، پێیان دەڵێت ئەوانەی ئێوە بەخانەدان و پیاوی ئایین دەتان ناسین ئەوا ئێستا گورگێكی ڕاستەقینەن.

هۆكارەكان وردە وردە لە شێوەی گرێ چندا خەست دەبنەوە و چاوەڕوانی ئەنجام دەكەن، تا دەگاتە ئەوەی نووسەر لە پەنای (عەمەری سلێمان)دا پەلاپیتكەی تەقینەوەی تێ دەسرەوێنێت. هۆكارەكان یەق دانەوەی ستەمی (ئینگلیز دەوڵەتی عوسمانی + دەزگای دەوڵەت + كلكایەتی + دامێنێ كلكایەتی)یە و ئەنجام و كاردانەوەش لە كەسێتی (عەمەری سلێمان و هاوڕێكانی + خەلكی ڕەش و ڕووت) بەشێوەی یاخیبوون ڕەنگ دەداتەوە، بەلاّم وەك لە هێلكارییەكەدا ئاماژەی بۆ كراوە بێ بەرنامەیی لە كەسێتی عەمەری سلێمان و هاوڕێكانی دەردەكەوێت بۆیە هەر زوو پشتی چۆل دەكرێ و دەكەوێتە داوەوە، لەم لاشەوە سیفەتی (هۆكار) هەر بەردەوامە و باری دیماگۆگی لێ دەكەوێتەوە، ئەوەتا لە بەشی نۆیەمدا



كاپتانی ئینگلیز بەبەرچاوی خەڵكەوە عەمەری سلێمان لە پێناو دوو نیازدا بەرهەڵدا دەكات: یەكەم - كاپتان بۆ كاربەدەستانی دەوڵەتی عێراقی دەسەلمێنێ كە هەتا هەناسەی بەریتانیای گەورە لەم ولاّتەدا بێت ئەمان بەپوولێك.

دووەمیش - بۆ خۆ خۆشەویست كردن لەبەرچاوی خەڵكەكە تا بزانن تەنها بەریتانیا پشت و پەنای لێ قەوماو و برسییانە و هەر ئەویش مافی مرۆڤ دەپرسێت. دەقەكە لە زۆربەی ئەم بەشانەیدا لە ڕێگای كردەی بێ دەمامك و تەفسیركردنی ڕووداو خۆی دەخاتە ڕوو، كەسەكان بەڕەهایی هەڵدەسووڕێن، بەجۆرێك ئەنجامێكی یەكلایی خوێنەر دروست دەكات، ئەم وەدەنگ هاتنەی دەقیش خۆی لە خۆیدا ئەدگاری زیندوویی هەڵدەگرێ.

لە بەشەكانی (١٠-١١-١٢-١٣)دا ڕێڕەوی بزاوتنی كەسانی ڕۆمانەكە گۆڕانی لێ بەدیاردەكەوێت، بەمەش گۆڕانكارییەك لە هێلكاری هەرەمەكەدا پەیدا دەبێت... فشار لە لوتكە بەگوڕتر دەبێت و جەمسەری پەیوەندییەكانی شل دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە جەمسەرەكانی بنكە توندوتۆڵ دەبێ و كاردانەوە دەست پێدەكات. كاردانەوەكە لە دوو خاڵدا خۆ دەنوێنێ، یاخیبوونی كۆمەڵەی هیوا، لە پێناو مانەوە و بژێو پەیداكردن خەڵكی ڕەمەك كاروان بەرەو (زینۆی شێخی) بەڕێ دەخەن، كاروانیش لێرەدا هێمایە بۆ كۆكردنەوەی خەڵكەكە بەدەوری یەك ئامانجدا، كە ئەویش ڕەت كردنەوەی زوڵم و زۆرە.

دەقەكە لەو بەشانەی ئاماژەم بۆ كرد، دیسان قسەكەر (من) كردە ڕێزمانییەكەی بكەرێكی مەعنەوییە، چونكە زۆربەی جەمسەری ڕووداوەكان بەدەست خۆیەوەیەتی.. بەتایبەتی لەو دەمەی دی، كە لە گەڕەكی تەیراوەی هەولێر ئایشەگوڵی ڕاكردوو لەدەست شێخ و شێخ زادە یەكانگیر دەبێتەوە و بەهەردووكیان پەردە لەسەر كۆمەڵێ بیرەوەری لادەدەن. لێرەدا (من)ەكە، شێركۆیە بەپێچەوانەی دابی تەپیوی ئەو سەردەمە ئایشەگوڵ لەبەردەمیدا پاكیزەیەكی بێ گەردە و لەهەمان كاتیشدا نێچیرێكی ماندووی دەست سیستەمی دەرەبەگایەتی و كۆیلایەتییە. بەو ڕادەیەی كە نزیكترین كەسی خۆی (عەزۆ)ی برای بەتیغی بڕندەی شێخ زادە ونجڕ ونجڕی دەكات.

كەسێتی (ئایشە گوڵ) لەم ڕۆمانەدا ڕووبەرێكی فراوانی هەیە و هەمیشە لای (من)ە كە ئامادەیە. لە گۆشەنیگای هێڵە گشتییەكانی ڕۆمانەكەوە تێی دەڕوانین ئاوهای دەردەخەین:


١- تەمەنی منداڵی و بیرەوەرییەكانی - ڕفاندنی لەلایەن شێخ قطب الدین و دەست پێوەندەكەیەوە و هەوڵدان بۆ هۆگركردنی لەنێو دنیای لەش فرۆشیدا.. كردەی ڕێزمانی لەم

قۆناغەدا ئاوەڵناوی کراوە. چونکە جگە لە هەستە مت بووەکەی ئیدی بەجەستە وەکو تاکێکی مێیینەی نێو کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی جگە لە (کۆیلەیەتی) چ دەورێکی ناگێڕێت.

ب- زاڵ بوونی هەست بەکەسێتی خۆکردن - پاراستنی ڕووسووری و خۆ قوتارکردن - مێردکردن و گیرسانەوە. لەم قۆناغەدا بەو پێیەی خەسێتی بەرگری کردن و ڕەت کردنەوە هەڵدەگرێت، دەبێتە ئاوەڵناوی بکەرو دەوری کەسێتی (رەها) دەبینێت.

جـ- بێ دیفاع و پشت و پەنایە - لەلایەن (عەزۆ)ی برایەوە دەکوژرێتەوە دیسان لەم بارەدا دەبێتەوە بەئاوەڵناوی کراو و گەڕانەوەیە بۆ قۆناغی (کۆیلەیەتی).

لەو سێ قۆناغەدا مەودایەکی کورتی تەمەن و مەرگەساتێکی زۆر لە سایەی سیستەمی کۆمەڵگایەکی باوك سالاری ئەوتۆ دەبینین، کە بوونی مرۆڤ لە شەهوەت و کاری بەرهەم هێنانی قازانج و نەریتی بەناو ئابڕوو چڕ دەبێتەوە. ئەنجامیش مرۆڤە بندەستەکان (عەزۆ و ئایشەگوڵ)ی برا و خوشك دەبنە غەنیمی گیانی یەك و ئەنجامدەری خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤە سەردەستەکان، بۆ پتر ڕوون کردنەوە ئەم هێڵکارییە دەنوێنین:




وەك وتمان (من)ی قسەکەر. کە شێرکۆیە لە تێکڕای دەقەکەدا ئامادەیی هەیە و هەندێ ناڕاستەوخۆ لە پەنای کەسەکانەوە خۆیان نیشان دەدات، ئەوەتا لە بەشی پانزەدا بەخۆدا دەچێتەوە (لە باوەشی دایکەوە.. تا سێکس، لە مەمکەوە بۆ مەمك) لەم دەربڕینەدا بەئاشکرا گرێی ئۆدیب بە (من)ەکەوە دیارە، ئەمەش بۆ خۆی شیکردنەوەی باری پەروەردەیی و دەروونی منداڵی شێرکۆ (من) پیشان دەدات. ئەو شێوازە پەروەردەیەی (سۆفی نەوروز)ی باوکی شێرکۆ لە تەمەنی گەورەیی شێرکۆشدا شوێنەواری هەر ماوە... ئەمە لەلایەك لەلایەکی دی وابەستەکردنی منداڵێکی حەوت هەشت ساڵی بەنوێژی جەماعەت و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە چێژی منداڵی بێبەش دەکا و ئێستا دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و خۆبەستنەوە بەدایك و هەڵسوڕان بەفەرمانی دایك دەوروبەری لێ ئاڵۆز دەکا و جارێکی دی دەیەوێت ئەو کۆتە و ئەو سنوورە ببەزێنێ و لە دنیای مێینەش خۆی قوتار بکات... لە مەمکی شیر و لە مەمکی حەزی ڕەگەز بێزار دەبێت.. لەنێو ئەم جەنجاڵییەدا. کە مەرجە لەمەولا (ببم بەپیاو..). ئەم پیاوبوونەش ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی بارە پەروەردەیی و دەروونییەکانە.



شوێن لە (ڕێگادا) مەودایەکی بەرین لە پانتایی دەقەکەدا دەگرێتەوە. ئەم پێ داگرتنەی نووسەریش لەسەر شوێن هەر بۆ ئەوەیە تیشکی کات بخاتە سەریەکە جوگرافییەکان و جەمسەری شوێنەکان پێکەوە گرێ بدات. بۆیە ئەمەش دەکات. تا:

یەکەم: هێز و دەسەڵاتی ڕۆمان بنوێنێ و بیسەلمێنێ، کە ڕۆمان و دەسەڵاتە فراوانەکەی هەمیشە نەمرە و کۆکەرەوەی زۆربەی زانستەکانە.

دووەم: شوێن دەبێتە دەفرێکی گەورە و ڕووداو و کارەسات و نهێنییەکانی ئەم بوونە بەمەرگ و ژینەوە، بەکاتەوە، تیادا جێ دەبێتەوە و هەتا هەتایە دەیان پارێزێت.

سێیەم: شوێن وردە وردە پیرۆز دەبێت، تا دەگاتە پلەی دایکایەتی، ئیدی لێرەوە ئەو پیرۆزییە دەتەنێتەوە و هاوجووت لە تەك نیشتماندا هاوسەنگ دەبێ و یەك تەنی ئەو دایکایەتییە دەپارێزێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سێ خاڵەدا دەگەڕێتەوە لای (من)ی قسەکەر و لە عاست یادەوەرییەکانی لەمەڕ شوێنەوە دەوەستین.. دەبینین تخووب لە شوێندا دەسڕێتەوە. ژینەوار دەبنە یەك. ئاو و هەوا لە یەك دەچن، دیرۆك یەك کارەساتی شوێن دەگرێتەوە، نەریتەکان چوون یەکن، ئەمانە هەموو لە هەستی وشیار و ناوشیاری ئەو (من)ەدا سەقامگیر بوون و لە زمانی دایکێکی ڕاستەقینەوە کە (خودی منەکەیە) هەڵدەقوڵێن. (هەمووی هەریەك وڵاتە... هاووڵاتی و موسڵمانان وەك خوێندن و گۆشتن. لە یەك جودا ناکرێنەوە جا چ لە شنۆ یان لە شەقڵاوە یان کەرکوك. خوداش هەر خودای هەمووانە.. بەشی ١٦). ئەمە بانگ هەڵدانە بۆ یەك خاکی کوردستان و سنوور و تخووب تەفروتوونا کردنە.

(ڕێگا) وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد. لەڕووی چنینەوە وابەستەیی خۆی بەدەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا ڕادەگەیەنێت، کە ئەویش پشت بەستنە بەهێزی (راکرە) واتا یادەوەری، ئەم یادەوەرییەش لە هەندێ شوێندا ڕاستەوخۆ لە زمانی (من)ی قسەکەرەوە زیندوو دەبێتەوە برێ جاریش بریکارێك ئەو ئەرکە وەردەگرێت، بەڵام لە هەردوو باردا هەر (من)ەکە خۆیەتی و هەمان ئامادەبوونە. کە ئێستا و ڕابردوو یەکانگیر دەکات. ئەم جێگۆڕکێیەش کاری ستاتیکایی دەربڕینە. لە بەشی شانزەیەمدا ئەو (من)ە جارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر بیرەوەرییەکانی دوو بابەتی چینایەتی و پەروەردەیی لەبەردەماندا زەق دەکاتەوە و ناڕاستەوخۆش چارەسەریان بۆ دادەنێت، بیرەوەری گۆڕەپانی یاری.. لەو دەمەیدا کە کۆمەڵە منداڵێکی گوند یاری بەتۆپەڵە پەڕۆیەك دەکەن کورە ئاغای هاوتەمەنیان بەباوەڕی کوێخا

بەوێدا تێدەپەڕێت و بێ مەبەست تۆپەڵەکە دەکەوتە بەردەم کوڕە ئاغا. ئەمیش دەیەوێت دەستی بۆ بەرێ و هاوبەشی یارییەکەیان بێت، کەچی کوێخا بانگی دەکات (میران.. فڕێی دە.. پیسە.. فڕێی دە!) دەبینین چینە بندەستەکە نەك هەر لەبەرچاوی چینی سەردەست قێزەوونە بەڵکو تۆپی دەستی منداڵەکانیشیان هەر پیس و قێزەوونە.
لێرەدا شوێنەواری کاری پەروەردە بەزەقی دیارە.. سروشتی ئەو منداڵە، کە کوڕە ئاغایە تێکەڵاوی باری چینایەتی نەبووە و حەز بەتێکەڵاوبوونی هاوتەمەنەکانی خۆی دەکات، بەڵام گەورەکانی لەو تەمەنەدا هەستی زاڵبوون و خۆ جیاکردنەوەی تێدا دەڕوێنن و ئەنجامیش لەمپەرێکی یەکجار گەورە لە نێوان ئەو و منداڵانی چینی بندەست دروست دەبێت. ئیدی هەتا هەتایە دەبنە دوو جەمسەری دژیەك و لە دوو سەنگەری ناڕەواشدا دژی (مرۆڤ) دەجەنگن.

* * *

هەستی مێژوویی و گێڕانەوەی ڕووداو بەناو و سیمای ڕاستەقینەوە کارێکی مێژووییە. ئەم لایەنەش هەر ئەوەندە لە کاری هونەریدا لای لێ دەکرێتەوە تا ببێتە هێما و تێهەڵکێشی کارە هونەرییەکە بکرێت، کەچی لە بەشەکانی (١٧، ١٨، ١٩، ٢٠)دا پتر لە پێویست لە زمانی کەسەکانەوە (من، مام زانەوێر، مەلا حەمید، شەریفە شەل، مام هەیدەر) مێژوویەکی ڕووت دەگێڕێتەوە.. چونکە درێژدادڕی لەسەر مێژوو کارە هونەرییەکە لاواز دەکات و پتر بەکاری مێژوو دەناسرێت.. ئەم بۆشاییە لەم بەشانەدا کەوتۆتە نێو ڕۆمانی ڕێگاوە.. چونکە بەزەقی پێوەی دیارە کە ویستوویە دەسەڵاتی میرنشینی سۆران بکاتە هێمای هەوڵی یەکبوونی کوردستان (گەر ئەم شوێنەوارە نەبوایە "قەڵای سۆران" کەس بەبیریشی نەدەهات، کە خانزادە خاتوونێك هەبووە و فەرمانڕەوای وڵاتی سۆران و عالەمێکی بەرینی کردووە. سەرێکی لە سابلاخ و سەرێکی لە وان و دیاربەکر و سەرێکی کەی لە موسڵ و سەرێکی لە وڵاتی بابان بووە.) ئەمە بیری ئێستای نووسەرە و لە زمانی مەلا حەمیدەوە سەر دەکات.. نەخشەیەکی، نوێیە و بۆ یەکبوون دای دەڕێژێت.. هەناسەیەکی ساردە و بۆ ئەو ڕۆژە شکۆدارە هەڵی دەکێشێت و دەیەوێت ئێستا ئەو خەونە بێتە دی.
دەیەوێت بەو ڕوخسارە گەشەی مێژوو ناخی دەوروبەر بهەژێنێ، دەیەوێت پێیان بڵێت (میر سلێمان بەگ بەدەستی والی عوسمانی بەغدا و بەدەسیسەی خیانەتکارێکی وەك لەشکری لەناوچووە). لەم لاشەوە گیانی تۆڵەسەندنەوە دەخاتە بەر خاتوو خانزاد و بۆ یادەوەری میر سلێمان بەگ دیواری تاقێك لەسەر لاشەی گیان تیاماوی لەشکری هەڵدەچنێ.. ئەمانە



گەواهێکی مێژوویی تەواون و تێکەڵ بەهونەری ڕۆمان کراون.. بەڵام ئەوەندە هەیە، دەڵێم زۆر ڕۆیشتن لەسەر گێڕانەوەی مێژوو شاشییەك دەخاتە نێو چنینی ڕۆمانەوە، وەك لەم بەشانەی (ڕێگا)دا بەکارهێنراون.
ڕێچکە لەو مێژووە دەکاتەوە و بەشێوەی ڕستە و فرێزی ڕاگەیاندن -خەبەری- ڕاپۆرت کارانە مێژوو تۆمار دەکات، جڵەوی حیکایەتخوانی دەداتە دەست (مام زانەوێر و شەریفە شەل و مام هەیدەر)و هەریەکە و ڕووداوێکیان پێ دەگێڕێتەوە. لێرەدا نووسەر وەك ئەوە ویستبێتی ئەو شەکەتی و ماندووبوونەی گیانی کەسانی ڕێگا بەو سەربهووردانەدا بڕەوێنێتەوە و ئازاری لەش و پێیان بیربباتەوە. هاتووە بەو ڕووداوە حیکایەت ئامێزانە خافڵاندوونی، بۆیە لەم بەشانەدا خاوبوونەوەیەك پەیدا دەبێت. خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەو ڕێچکە هونەری و هێماکارییەی کە لەبەراییەوە دەست پێدەکات ئاوها لاتیسکەی نەدەبەستا.. لەلایەکی ترەوە خاوبوونەوە کە جوانکارییەکی بەدەقەکە بەخشیوە و پتر لە وێستگەیەکی پشوودان دەچێت چ بۆ کەسانی کاروانەکە و چ بۆ خوێنەریش.

* * *

لە بەشەکانی کۆتایی (ڕێگا)دا هەست بەدابڕانێکی ڕۆحی لە خودی (من)ەکەدا، کە شێرکۆیە دەکەین.. ئەم دابڕانەش پەیوەستە بەهەڵبڕان لە شوێنی دایکەزا و زایچەی سەرەتا لەلایەکەوە، لەلایەکی دیش فشاری دەرەکی وەك چەوساندنەوە. برسێتی، شوێنەواری جەنگ گرێی دەروونی لە ناخیدا دروست دەکەن، کۆچ و کۆچبار، ڕێبواری و ڕەوتەنی مرۆ نیگەران دەکەن.. ئەمانە لای (شێرکۆ) کاردانەوەیان هەیە و لە بەشی بیست و یەکەمدا مام زانەوێر دەبێتە بریکار و ئاوها دەڵێت: (هۆ خالۆی ڕێبوار، خالۆ ڕێگاکەم دوورە، مەنزڵ نادیارە و توێشوو زەرووەرە..) ئەمە لاواندنەوەیە و (من) دەباتەوە تەمەنی منداڵی، هەمان ڕەزم لەناخیدا دەژێتەوە. نەخۆشی و لاواندنەوەکەی باوکی (هۆ خالۆی ڕێبوار.. خالۆ، ڕێگا نازانم، بۆ گەرمیان دەڕۆم خەڵکی کوێستانم).
لێرەدا دەبینین (کات)یش پانتاییەکی زۆری لەم دەقەدا هەیە، ئێستا و ڕابردوو لەنێو یەکدا دەنگ دەدەنەوە. دەنگدانەوەی هەردوو ڕەزمەکە لە بنەمادا چوون یەکن و یەك ڕەگیان هەیە. لە دوو گەرووی مام زانەوێر و سۆفی نەوڕۆز (باوکی شێرکۆ)وە هەڵقوڵاون، بۆیە غەریبی دەردەبڕن، ئەو دوو سۆزە لە دوو کاتدا چڕاون، وەلێ گوزارشت لە یەك شت دەکەن، تەنانەت وشەکانیش هەر یەکن و یەك (خالۆی ڕێبوار)ێ، لە دواییدا هەردوو کاتەکە یەکانگیر دەبن و

ڕووبەرێکی نوێ لە دەقەکە دروست دەکەن. هەردوو کەسێتییەکەش (مام زانەوێر) و (سۆفی نەوروزی باوکی شێرکۆ) دەبنە یەك دەنگ و لە کەسێتی (شێرکۆ)دا خۆ دەنوێنێ.

پانتایی ڕۆمانی (ڕێگا) بەروخسار و ناوەڕۆکەوە، بەهەموو ئەو وردەکارییانەی شەپۆلی هەستەوە.. وەك دیالۆگ و مەنەلۆگ و فلاش باك و شوێنکات و تێکڕای کەسەکان لە کۆتایی (ڕێگا)دا گوێزانەوەیەك پەیدا دەکەن، ئەویش گۆڕانە لەباری تایبەتییەوە بۆ گشتی.. خەم و برسێتی و بندەستی تاقە کەسی دەبێتە خەمی تێکڕا و خەڵکی دەڤەرەکە و ئینجا وڵات و لە پاشان وەگەڕخستنی هەموو تواناکان بۆ بەرهەڵستی، ئینجا هەموو ئەوانەش دەبنە یەك بڕیار و لە سێ کەسێتیدا کۆدەبنەوە (شێرکۆ، عەوڵا، کامەند).. یەك بڕیار کۆیان دەکاتەوە کە لە زمانی عەوڵاوە سەر دەکات (خەم مەخۆ.. حەق جێگای خۆی هەر دەگرێ.. جا ئیمڕۆ یان سبەی.. نزیك یا دوور.. زوو یان درەنگ.. دەبێ ئەم بارە چەوتە و نالەبارە بەبارێکی تر بگۆڕێ.. بەبارێکی چاکتر). ئەمە سەرەتای بڕیارەکەیە و شێرکۆش سوێند دەخوات (مەرج بێ.. بۆ ئەو بەرزاییانە تەکان بدەم.. کە تۆ و کامەند و هاوڕێکانی دیکەمان هۆگری بوون.. بەڵێ، هەڵۆ جێگایان سەر ترۆپکەی شاخ و کەپك و هەوراز و هەڵدێر و بڵندانی ئاسمانە!) خولیا دەبێتە گشتی و لە دوا قسەی (کامەند)دا بەرجەستە دەبێت (بەلام لە ئەنجامدا هەموومان یەکتری دەگرینەوە).

بەمەدا دەردەکەوێت کە سەرەتایەکی نوێ دەست پێدەکات و ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم دەقە وەك ڕۆمان هێشتا کۆتایی نەهاتووە و پێشهات و ڕووداوی دی وا لە دواوەن، بەلام مەرگ مەودای نەدا، کە بەتانی ئەو ڕووداوانەدا بچێت.

لە دیماهی ئەم نووسینەدا. دەڵێین زۆر لایەنی هونەرکاری و کەرەسەی لە بن نەهاتووی ڕۆمان نووسین لە (ڕێگا)دا بەکارهێنراون و لە خزمەت ڕووداوەکانیدا کێشە و ململانێیان دروست کردووە. جا وەك ئەنجامێکی لێکۆڵینەوەکە ئەم خاڵانە دەکەمە دوا لێکدانەوەی نووسینەکە:

١- مەم هەوڵێکی باشی بۆ بەکاربردنی فانتازیا داوە. کە هێشتا تەواوی هۆگری داهێنانی کورد نەبووە.

٢- ئەفسانە، کە بەڕای زانایان نەك هەر زانستێکی سەرەتاییە، بەڵکو بیرۆکەی زانستیش فراوان کردنەوەیەکی ساکاری بیری ئەفسانەیە، من وای بۆ دەچم، کە مەم لەم بەرهەمانەی دواییدا خەریکی لە دەرگادانی ئەم لایەنە بوو، وەك لەم نووسینەشدا ئاماژەم بۆ کرد لە (پایزە خەون) و (ڕێگا)دا ئەم هەوڵە بەباشی هەست پێدەکرێت.. خێو و مۆتەکە و بابەتی ئەفسانەیی



کەرەسەیەکی گەشی مەمن و لەگەڵ باری دەروونی و پلەی کۆمەلایەتی و ئاستی بیرکردنەوەی کەسانی ڕۆمانەکە گونجاندوونی.

٣- هونەری کاریکاتێر، کە ئێستا بۆتە هونەرێکی کاریگەر و بەهێلکاری ئامانجی خۆی دەپێکێت. لای مەم بە وشە و فرێز و دەربڕینی گونجاوەوە بەکارهاتووە.

٤- ڕەت کردنەوەی ئەو کەسێتییە دیماگۆییانەی کە لە بن پەردەی موقەددەساتدا تاك و کۆمەڵ چەواشە دەکەن.

٥- ڕێچکەیەکی ئەوتۆبیوگرافیانە لە ڕێگەی (من)ی قسەکەرەوە بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان بەکارهێنراوە و ناڕاستەوخۆ لە پشت کەسانی ڕۆمانەکەوە نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت من ئەو (شێرکۆ)یەم کە لە (ڕێگا)دا دەی خوێننەوە.

٦- هەوڵێکی باش لەم دەقەدا دیارە بۆ بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کورد، هەرچەندە شەقڵی ناوچەیی هەر پێوە دیارە.

٧- ڕۆمانی (ڕێگا) لە ڕووی کردار و بکەر و گوزارشتەوە یەکەیەکی تاڕادەیەك نەپچڕاوە. بەمەش چەمکێکی نوێ و سەرەتایەکی تازەی لە کۆتاییدا لای خوێنەر پەیدا کردووە. کە ئەویش کاردانەوەیەکە بەرانبەر بەبارە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگا.

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (کاروان) ژمارە ( ١١٧)ی ساڵی (١٩٩٧) دا بڵاوکراوەتەوە.**

# خوێندنەوەی شوونەکانی دەسەڵات لە نێو دەقی (ڕێگا)دا

**هاشم سەراج- هەولێر**

(ڕێگا) یا ئەو دەقە ڕۆمانەی کە (محەمەد مولود مەم) لە دوا ساتەوەختی کێشەکانی مان و نەمان، جواناوەکانی گیانەلاّ وەك شاکارێکی ئەدەبی ئەنجامی دەدا و، وەك دوایین ناسنامەی سەفەرە چەرمەسەرییەکانی ژیانیش جێدەهێڵێ و ئیتر ماڵئاوایی لە وجوود دەکا..

(ئیسماعیل بەرزنجی) کارەکانی پاکنووسی، ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ دەگرێتە ئەستۆ و ساڵی (١٩٩٤) لە دووتوێی کتێبێکی چوارسەد و سی و سێ لاپەڕەی قەوارە مامناوەندی، لە ستۆکهۆڵم دوو سەد دانەی لێ چاپ دەکرێ.. چەند دانەیەك دەگاتە کوردستان و لەوانەیە کەم کەس لە خوێنەرانی کورد چاوی بەم ڕۆمانە کەوتبێ.. بلاّونەبوونەوە و دەساودەس نەکردنی ئەم کارە ئەدەبییە بەشێوەیەکی پێویست جێگەی داخە و غەدرێکی گەورەشە دەرهەق بەدەق و زەوقی شەیدایانی ئەدەب..

خوێندنەوەی (ڕیگا) و دەستنیشانکردنی شوونەکانی دەسەلاّت، لەم ئان و سات و دەرفەتی نووسینە کاتێکی زۆر و خەلّوەتێکی لەززەتاوی گەرەکە..

بەلاّم ئەم وتارە هەولّدانێکی پەلە ئامێزە بۆ وروژاندنی پانتاییەکانی دەسەلاّت و، بەدیارخستنی ماك و ئاسەوارە سووتێنەرەکانی لەسەر جەستە و قولاّییەکانی ڕۆح و زەینی خەڵکانی ستەمدیدە.. هەروەها هەولّدانیشە بۆ پەرتکردنی کەش و هەوای فانتازیایی دەق و دەسەبەرکردنی چرکە پیرۆزەییەکانی پرۆسەی نووسین تا چ ڕادەیەك لەززەتە شارراوەکانی لەززەتدارمان دەکا و جوانییە خەفەکراوەکانی ئاخاوتن ڕووەو سەرمەستیمان ڕادەماڵێ.. گەیاندنی هەندێ لایەنەکانی ڕووداوە سەرەکییەکانیش بەپێویست دەزانم.. دوور نییە (ڕێگا) وەك چەمك و ناواخنێکی تراژیدیایی، یا وەك ئەدەبێکی بەرهەڵستکاری دژی ستەمەکانی دەسەلاّت، بەبڕیارێکی کتوپڕی ڕاستەوخۆ بەدەقێکی واقیعی لە قەڵەم بدرێ.. بەلاّم قەوارەی فرەئاستە کەڵەکە بووەکان، کەناڵ و بابەت و بوارە جیاجیاکان سەد دەر سەد بەواقیعی کردنی



تێکڕای حاڵەت و ڕووداو و بابەتەکان ڕەتدەکەنەوە، چونکە هەر ئاستێك لەم ئاستە جیاوازانە تەوەرێکی تایبەتی گەرەکە و دەتوانرێ توێژینەوە و خوێندنەوەی جودای بۆ ئەنجام بدرێ..

بەم چشنە ڕووەو جوگرافیای نهێنی ئامێز و جوانییە خەفەتبارەکانی (ڕێگا) هەنگاو دەنێین و تا ڕەونەقە پیرۆزەییەکان دەدرەخشێنەوە.. سنوورەکان، ڕووباری بەرازگر، شاخەکانی خواکوڕك، ئاودەل کێو، زنجیرە شاخەکانی ئارارات (گۆڤەند).. خەڵکی ئەو ناوچانە لە هەر سێ دیو خزم و کەسی یەکن زۆربەیان لە یەك خێڵ و بنەماڵە هاتوونەتە خوار و لە سەر یەك پێنج ڕواون و لە یەك باوان و بنەوانەوە سەریان هەڵداوە.

مەڵبەندی خێر و بەرەکەت، ڕووباری هاجی بەگ لەبەر زۆری بەفر و باران ئاوەکەی شێت دەبێ! مام بریندار خاوەن ئاشی گوندی دەریا سوّر کاك حەمەدی ئاشەوان کە بەدەربەدەری کەوتۆتە ئەم گوندە "منالّەکانی گوندی کۆ دەکردەوە و فێری ئەلف و بێی دەکردن و لە هەموو بوارەکانی ژیان دەدوا.. پاش ڕووخانی کۆمەڵە و کوژرانی پێشەوا و هەڤاڵەکانی کەوتۆتە ئێرە.. لە ناکاو حەمەد دەڕوا و ئەم ئەمانەتە لە سندوقێك بەجێ دێڵێ) مەبەست دەقی ڕۆمانی (ڕێگا)یە.. هەر لەم خاڵەوە نهێنیترین کلیلی بیرۆکەی نووسین خۆی بەدەست دەدا و حەسرەتی پەرتەوازەبوونی خێزانێك لەودیو سنورەوە ئاشکرا دەکا و هۆکاری سەرەکیش کێشەی نێوان ڕووس و ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانییە.. خەم و خەفەتی ئاوارە بوونە تا ئەبەد لە دڵ و دەروونی ئەم خێزانە چکۆلانەیە ناسڕێتەوە.. (ڕێگا) سەفەرە و دووبارە نووسینەوەی خەونە نوستالژیاکانی حەمەدە و گەڕانەوەیە ڕووەو ئەو زێد و مەفتەنە سیحراوییەی کە بەزەبری دەسەلاّتی کوشتار و تالاّن و بڕۆ خاپوور کرا، شێرکۆ دووبارە دەستنووسەکە لە ئامێز دەکا بەدەسەلاّتێکی ڕۆشنبیری نەقشکارییەکانی پرۆسەی نووسینی تیا ئەنجام دەدا، نووسین کاریگەرترین توخمەکانی ڕووبەڕووی زەبروزەنگەکانی دەسەلاّتە تەقلیدییەکان دەکاتەوە، ڕووەو ئەو سیستمانەی کە خاکی کوردستانیان دابەش و لەت و پەت کردووە، یا ئەو دەوڵەتانەی کە بەزەبری هێز و چەرمەسەرییەکانی مرۆڤایەتی خۆیان سەپاندووە.. (ڕێگا) بەو دەسەلاّتی ڕەوشنبیرییە هەولّدەدا تەقلیدییەتی دەسەلاّتەکان هەڵتەکێنێ.. کەچی دەسەلاّت خۆی لە خۆیدا "پێوەندی کۆمەڵە هێزێکی جۆراوجۆرە وە بەردەوام لە ڕێکخستندایە" هەتا لە ئاستەکانی ژێرەوەشدا ئەم ڕێکخستنە بەدی دەکرێ، بۆیەش هەردەم پێوەندییەکانی تۆفیق بەگ، شێخ قوتبەدین، مام حاجی، مدیر بەگ لە توند و تۆڵترین ڕێکخستندایە و وەك باندێکی بەدفەڕ چەند ئامرازێکی بێ کەڵك بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەوڵەت دەپارێزن بەلاّم هەر دەسەلاّتێك خودان ستراتیژییەتی تایبەتمەندی خۆیەتی و خەتەرناکترین دروشمیشی سزادانە، پێدرێژی کردن و

یاخیبوون لە بەردەم ستەمەکانی دەسەلاتی تەقلیدیدا ئەنجامەکەی ترس و تۆقاندن و سزادانی ڕۆح و جەستەیە، پرووشکە ئاگرینەکانیشی زێتر ڕووبەڕووی چینی چەوساوە دەکا..

(ڕێگا) وەك چەمك و مەودلوولەکان بێ ئەخلاقییەتی دەسەلاتی ئەوسای سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی (لە پانتایی خاکی کوردستاندا) دەوروژێنێ.. لە سزا دانەکانی ڕۆح و هەتکردن و سیاسەتی برسیکردنی خەڵکی هەژار و بەکوشتدانیان دەدوێت. (پول ڕیکور) کە وەسفی دەوڵەت دەکا بەبێ ئەخلاقی لە قەڵەم دەدا چونکە بەورووژاندنی هەستی نیشتیمانپەروەرانە خەڵکی ڕووەو مەیدانەکانی جەنگ و کوشتار ڕادەماڵێ و دەیانکاتە کوشتوو سووتەمەنی. شێرکۆی کوڕی سۆفی نەورۆز وەك سەرەکیترین پاڵەوانی ڕۆمانەکە تادێ خۆی دەدۆزێتەوە و ڕووەو بالابوونی هزر و هۆشمەندی دەڕوا و ڕووداوەکان بەشێوەی شەپۆڵی هۆش گەمارۆی دەدەن.. شێرکۆ زۆر جار لە بەردەم چەرمەسەرییەکانی واقیع و زەبر و زەنگەکانی دەسەلات دووچاری نیگەرانییەکی گیانی دێت و دەڵێ (گەلێك جار خۆزیا دەخوازم ئەم گەردوونە گۆسکەیەکی قوڕ.. بەللور.. بوایە هەتا دەگەڵ یەك سەرسمك ورد و خاشم کردبا.. کوڕینە وا تێ مەگەن من و مرۆیەکی ڕەشبین و شەڕخوازم یان خۆپەرست نا نا بڕوابکەن وەها نیم (لاپەرە ٣٣)...

تا دێ ژیانی هەژاران سەختتر و واقیعی کوردستان تاڵتر دەبێ لەلاشڕا عەمبارەکانی مام حاجێ، شێخ قوتبەدین، تۆفیق بەگ تژی گەنم و لۆرییەکان شەو و ڕۆژ بەرەو بەغدا و باشوور دانەوێڵەکان دەگوازنەوە..

دەروێش قادر و خەلیفە سەرسۆری کەزی درێژ کە دوو خوبزەی (شێخ قوتبەدین)ن لە هەمان کاتیشا دۆستی گیانی سۆفی نەورۆزن.. ئەوان بەزیکر و زەرگ لێدان و شمشێر ڕاوەشاندن مەجلیسی تۆفیق بەگ و حاجی و مدیر بەگ دێننە جۆش، هەر ئەم دوو خوبزەیە لە زەماوەندی بەردەرکی سەرای شەقلاوەدا ئایشەگوڵی خۆشەویستی شێرکۆ (کە کیژۆڵەیەکی پارچەڵەیە) لە قەمەرە تەنتەکەی شێخ دەنێن و بەرەو هەولێر دەیڕفێنن. چونکە شێخ ئایشەگوڵی لە بری چەند ڕبە گەنمێك لە سۆفی وسوی باوکی کڕیوە- ئەو بەدەستووری خۆی کیژۆڵەی هەژارەکانی دەکڕی و تا لە برسان و لە مردن دەربازیان کا! بەم جۆرە تا دێ شوونەکانی دەسەلات مۆرکی خۆیان دەسەپێنن شێرکۆ بەم کارەساتە لە گیانڕا بریندار دەبێ.. ئەو ئایشۆکی خۆشدەویست هەر دوو متووی یەکدی بوون.. ڤێکڕا دەچوونە گەمان و.. گردی باویان جێژوانگەی ئەوان بوو. سەرچاوەی دەنگارە، دارنومرە، گردی دێر کەیلی یادگارییەکانی سەردەمی منالییانە.. بەلام خەلیفە سەرسۆر بەخۆ بەکەزییە درێژەکانی وێرای ئەنجامدانی ئەم کارەساتەیش ئامادەیە پەرجۆکانی خۆی بنوێنێ و بچێتە نێو



کوورەی ئاگرەوە تا شەماشە سولاقا بگەیێنێتە قەناعەت.. تا دێ کێشە و ڕووداوەکان بەهێزتر دەبن و برسێتیش فراوانتر خۆی دەسەپێنێ.. دەق جۆرە فانتازیایەك بەبەرهەم دێنێ نزیکە لە واقیعەی سیحری چەشنی تۆڵە سەندنەوەیەکە لە جەوروستەمەکان.. ڕەوە قەلەمونێکی ڕەش لە سەر دارگوێزەکەی ئەشکەوتی سووڕەحمانی چیای سەفین، یەك بەدرەختەکە هەڵدەنیشن و مامەولا هەولّی گرتنی یەکێکیان دەدا و بۆی دەسەمۆ ناکرێ و تێکڕا هەڵدەفڕن و هەمان قەلەمونەکانی حەوشی دێرن.. ئەم ڕەوەیە جەندرمەی عوسمانین و هێندە تالاّن و چەپاو کوشتاریان ئەنجام داوە لە تۆڵەی کارەساتە جەرگبڕەکان بوونەتە قەلەموونی قەترانی، تێکڕای ڕووداوەکان لە نێو پانتاییەکانی ئاخاوتنەوە سەرهەڵدەدەن و جۆرە پەیڤینێك دێتە کایەوە کە زێتر سوود لە نهێنییە ناوازەکانی شێوەزارەکی ناوچەی خۆشناوەتی وەردەگرێ توخمە جوانەکانی زمانیش بەهیچ شێوەیەك دووچاری پاشەکشە و دابەزین نابن بەڵکو تام و بۆی ئیدیۆم و ڕستە و دەستەواژە خەفەتبارەکان جۆرێك لە جوانی یا دەوڵەمەندییەکی تایبەتمەند بەئاخاوتنەکە دەبەخشن و مۆرکی شارستانییەتی زمان.. نادۆڕدرێ.. هایدگەر وتەنی (بوونی ئێمە بوونە لە زماندا) بەهەمان شێوە ئاخافتن لە (ڕێگا)دا گەمانەکانی خەون، جوانی، هزر، زەمەن لە پانتاییەکاندا ئەنجام دەدا.. چرکە خەفەتبارەکانی نوستالژیا جۆرە جوانییەك بەناوەوەی زمان دەبەخشن و کە لەشێوەی تەداعی و فلاش باك دەگێڕنەوە و هەروەها تەوژمەکانی شەپۆڵی هۆش کەرەوە و مەزەندکاری پەرش و بلاو دەبن کەچی کێشەکانی دەسەلات پان و پۆڕترین پانتاییەکان داگیر دەکا.. پێوەندییەکانی دەسەلات لە بچووکترین ڕیکخراوەوە کە خێزانە و دووچاری ئەشکەنجەی دەکا.. سۆفی نەورۆزی باوکی هەر لە سەردەمی منالییەوە ئازاری دەدا و نایەڵێ لەگەڵ منالە هاوکوفەکانی کووچە و کۆلان یاری بکا و بچێتە گەشت و سەیران.. بەخۆ و بەئایشەگوڵی لە سەر گردی باویان وازی بکەن.. بۆیە لە نەستەوە ڕقی لە باوکی دەبێتەوە. ڕۆژی مردنی باوکی تەرمەکە بەجێ دێلێ و دەچێتە زەماوەندەکەی بەردەرکی سەرا وەك دەزانین حاڵەتەکانی دەسەلاتی باوکایەتی زێتر لە ڕۆمانەکانی (دیوستوفسکی)دا زاڵە و (ڕێگا)ش لە زۆر ڕووەوە سوودی لە کەش و هەوا و تەکنیکەکانی نووسەری ناوبراو وەرگرتووە.. سۆفی گەرەکیەتی شێرکۆ بکا بەنوسخەیەك لە خۆی و وەك تەماهی کردن تێکڕای خەسڵەتەکانی هەڵمژێ ئەو ڕۆژەی بەو سەرما و سۆڵە بەخورتی دەینێرێتە مزگەوت و تا بەنوێژی جەماعەت ڕابگا کەچی لە ڕێگادا بەرێکەوت لە سولاوکەیەکەوە تەشتە ئاوێکی پیسی پێدادەکرێ و دەگەڕێتەوە ماڵەوە.. بەلام باوك مەودای نادا و بەهەمان جل و بەرگی تەڕەوە دووبارە دەینێرێتەوە مزگەوت و ئەو کوڕە تاقانەکەی خۆی خۆشدەوێ و دەیەوێ هەردەم لە تەنگ و چەڵەمەی ژیان بیپارێزێ. بەلام شێرکۆ لە سەرەتاوە یاخییە و ڕێز لە یاسا و دەسەلاتەکانی ناگرێ..

که باوك و دایکی هەڕەشەیان لێ دەکرد بەڕۆژوو دەبوو کەچی بەدزی ئەوانەوە خواردنی دەخوارد و ئێوارانیش ئیفتاری دەگەڵ دەکردن.. لێرەوە توخمە واقیعییەکان هەندێ وردە پاژیان لێ دەبێتەوە و خود و کێشە واقیعییەکان جۆرە نامەوزوعییەتێکی دەروونی دەردەهاوێژن. وەك ئاماژەم بۆ کرد ئاستە جیاجیاکان پێویستیان بەتەئویل و تەفسیری تازەبابەت هەیە و با ڕەخنەگرەکان خوێندنەوەی جیاجیای بۆ ئامادەکەن.. بەلاّم تا دێ واقیعی کوردستان تاڵتر و ئاڵۆزتر دەبێ و شێرکۆش هۆشمەندتر.. ئەو لە هەولێر لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە و سوود لە گوتە و لێکدانەوەکانی کاك نافیع وەردەگرێ و لە بنج و بناوانی کێشە چینایەتییەکان دەگا.. و هەروەها لە چایخانەی حاجی مستیل پێوەندی لەگەڵ برادەرانی بەهێزتر دەبێ- کەچی باندی بەدفەڕی تۆفیق بەگ، شیخ قوتبەدین، مام حاجی.. و مدیر بەگ شوونی تاوانێکی تر لە جەستە و ڕۆحی مام مستۆ تۆمار دەکەن.. لەبەر ئەوەی دژی دەسەلاّتی ئەوان دەوەستێ تاوانی دزی دەخەنە پاڵی و لەبەردەم چاوی خەڵکانێکی زۆر سەرو بڕۆی دەتاشن و بەبەرەواژەی سواری پشتی کەرێکی دەکەن و بەکوچە و کۆلاّنی شەقلاّوە بەهەتککارییەك دەیگێڕن و مەنجەڵە ماستێکیشی بەسەردا دادەکەن و کوێخا بەکریش تەنەکەیەك بەملی خۆیەوە دەکا و.. شێرکۆ هەر لە سەردەمی منالّییەوە بچووکترین دەسەلاّت ئازاری دەدا ئەوەتانێ سۆفی باپیری مجێوری مزگەوتی گەورە.. کە چۆن لێنەدەگەڕا شێرکۆ و هاوەڵەکانی سەردانی حەوشەی مزگەوت بکەن و لە ژێر دوو پیرە دار چنارەکە و ئەسپیندارەکان گەمان بکەن و لەو کانیاوە سازگارە بخۆنەوە کە ئاوە ساردەکەی ئارووی شەق دەکرد.. هێدی هێدی ڕووداوەکان لە شێوەی تەداعی دێنە یاد و دەسەلاّت جوانییەکانی ژیان دادەپلۆسێ.. دەتوانین بلێین (ڕێگا) وەك کارێکی هونەری هەوڵدانێکە بۆ هەڵتەکاندنی دام و دەزگا و ڕێکخراوە تەقلیدییەکان و خولقاندنی هۆشمەندییەکی عەقلانی دژ بەتاوان و چەوساندنەوە.. چونکە ئەوان بەردەوام تاوانەکان ئەنجام دەدەن و ئەمجارە بەتەفرەدانی عەزۆی برای ئایشەگوڵ دەتوانن ئایشۆك بەکوشت دەن چونکە لە ماڵی شێخ ڕادەکا و جەستە جوانەکەی ناخاتە بەردەست فرزەندەکانی..

لە هەمان کاتدا دەق لایەنە خێرخوازەکانی ئایین جیا دەکاتەوە و بەچاوێکی ڕێز و نەوازش سەیریان دەکا و وەك چاکی تەوسکە، حالّەتەکانی شێرە سوار، یارمەتییەکانی ڕەفیق ساحیب.. تاد کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی دانە.. چونکە مام حاجی و شێخ قوتبەدین و تێکڕای باندە بەدفڕەکەی بەهۆی بیرۆکەی چارەنووسێکی غەیبیانییەوە خەڵکانێکی زۆر چەواشە دەکەن و دژی خێر و جوانی و هەق و خانەدانی دەجولێنەوە و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕوو لە چەوساندنەوە دەکەن و دانوێڵەکان لە عەمبارەکانیان دەئاخنن.. واقعە تاڵەکە دەبێتە هاندەرێك و زەمینە خۆشکەرێك بۆ خولقاندنی یەکەمین گرووپی ئەشقیای وەك عەمەری



سلێمان، مەحمودی سەعید و هاوڕێکانی ڕێگا بەلۆرییە بارهەڵگرەکان دەگرن و ڕووەو چیای سەفین هەڵدەزنێن (دەرکی عەمبار دەشکێنین بەبار گەنم دەدێنین).. ئەشقیا بەرەو سۆرك و دەربەند و سەرمەیدان شۆڕ دەبنەوە دژی دەسەلاّتی ئینگلیزەکان و باندە بەدفەڕەکانی دەجەنگن.. ئەشقیاکان شێرکۆیان خۆشدەوێ دەزانن کوڕێکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕە و کوڕە تاقانەکەی خەجیجی خێزانی سۆفی نەورۆزە ئەو جارەی کە لەپاسەکەی تۆما دادەبەزن و ڕێگا لە لۆرییەکانی گەنم دەگرن شێرکۆ پڕ بەدڵ حەز دەکا بەشدارییان بکا.. کەچی لێ ناگەڕێن.. شێرکۆ پاڵەوانێکی هۆشمەندی نیمچە نیگەرانە.. بیر لە دەڤەرە ئەفسوناوییەکانی باوك و باپیری دەکاتەوە.. شنۆ، مەرگەوەڕ، دەشتی لاجان.. بۆ جاری دووەم تووشی عیشقی نەخشین دەبێ، عیشق و ڕووداو و چرکە نوستالژیاکان تێکەڵ بەیەکدی دەبن و پەیتا پەیتا زێتر خودی خۆی دەدۆزێتەوە.. زۆر جار بەشێوازی خۆ دواندن لە ڕووداوەکان دەدوێ.

(دایکم دەیگۆ: )

(خوایە کوڕەکەم لە چاوی بەد بپارێزی!)

(شەوان بەدەورم دەسوڕا و ئایەتولکورسی دەخوێند) ڕووداوەکان لە شێوەی فلاش باك گەمارۆی دەدەن..

زەماوەندی بەردەرکی سەرا، کەزییە سورەکانی خەلیفە سەرسۆر دەف و زەرگە و شمشێر وەشاندن، دەروێش جامی (دایکی جەمال)ی گۆرانیبێژ.. هەی ئاغا و ئاغا و ئاغە و ئەحمەد شەشخان و ئەسپە سپییە جوانەکان شێوەی ئەو دوو ئاغایەی بە سەر و سەکوت گورگ و بە لەش ئینسان..

کوژرانی سەید خەلیل و سەلکە پیازەکەی دوڕ باخەڵی یاری جخزانێ و کوڕە ئاغا و خزمەتکارەکەی دیمەنی (حاجی مستیل)ی چایچی کە میلی ڕادیۆکەی دەسووڕاندەوە و مەلا سەعید و ئەجندەکانی (تۆما) و ماشێنە شڕەکەی، جۆرکە سەمونەکانی ڕەفیق ساحێبی هیندۆکی، سەرهەڵقەنە لاشەخۆرەکان، لە ڕێسمەبردنی دەروازەی قوللەی دەشتی هەریر، کوژرانی سەید نیزام ئەفەندی و بەکر باشچاوش ئیتر کاروانی کۆکردنەوەی گەنم دەسپێدەکا و چەند خێزانێکی بەدبەخت و هەژار ڕێکدەکەون و لەگەڵ ماڵی شێرکۆ، پوور ئەستێ، مام هەیدەر، زانەوێر، مەلا حەمید.. بۆ کڕینی چەند ڕبە گەنمێك بەنرخێکی هەرزان.. بەپیادەیی ڕووەو سنوور دەڕۆن..

نووسین هێندە بەنەسقکاری بوونی خۆی دەسەلمێنێ و گوزارشت لە کاریگەرترین ڕووداو و حالّەت و دەردەسەرییەکان دەکا و کەچی لە بەشی هەژدەمیندا.. یا لەلاپەڕە (٢٧٥) تا لاپەڕە (٣٠٠) درێژدادڕییەکی زێدە لە پێویست پانتاییەکانی دەق داگیر دەکات و بەها جوانییەکانی

دەکوژێ و کە تیایدا بەسەرهاتەکانی خانزاد و میری سۆران، سەربردەکانی سلێمان بەگی میران و چەندین بڕگەی دوور و درێژی لاوکەکانی خانزاد و لەشکری دەگێڕدرێتەوە.

سیاقەکانی دەق دەبەزێنرێ، ئەم هەموو زانیارییە مێژوویانەیش بەزمانێکی پاراو بەموڕکێکی هونەرییانە لە دەمی پوور بنەوشی هەڤایەتخوانەوە دەگێڕدرێتەوە.. دەتوانین بلێین ئەم بەشە دیمەنی دەروێشەکی لێ بترازێ لە پێوەلکاندنێك بەولاوە چیتر نییە.. چونکە هەمان سەربردەکانی خانزاد لە بەشی بەراییدا بەشێوەیەکی بروسکەیی باسی لێوە کراوە.

بەم جۆرە کاروان هەر بەڕێوەیە و شێرکۆش لە تەك دایکیا ڕێدەکا و.. لەگەڵ حاڵەتەکاندا دەژی بڕوای تەواوی بەئاییندەیە و هەر دەبێ هەق بەسەر بکەوێ و ئەو سیستەم و دەسەلاتە تەقلیدییانە هەڵتەکێنرێن، بەنیگەرانییەوە ئاماژە بۆ شۆڕشی شێخ مەحمود دەکرێ و هەروەها هێماش بۆ سەرەتای پێکهاتەی شۆڕشی بارزانی و تاك تاك ئەو کوردانەی کە ڕوو لە چیا دەکەن و دژی دەسەلاتەکانی ئەوسا دەوەستن ــ ئەو بڕوای تەواوی بەسەرکەوتنی لایەنەکانی حەق و لەنێو چوونی جەور و ستەم هەیە و ئەو ساتانەی کە کاروان پشوو دەدا و تا بەیانی لەسەر گازەرەی پشت ڕادەکشێ و چاو دەبڕێتە پانتاییەکانی ئاسمان و قل قل سەیری ئەستێرە جریوە دارەکان دەکا و.. لەو گەمانی جوانییەدا بیر لە خەفەتەکانی لەیل و مەجروم دەکاتەوە.. جارێ لەیل دەبێ بەئایشەگوڵ جارێ بەنەخشین و هەنێ جاریش لەیل و مەجروم دەبنە خەجیجی دایکی و سۆفی نەورۆز.. بەم چەشنە خەفەتبارترین چرکە ساتەکانی نووسین کە کۆمەڵێك پروشکەی پیرۆزەیی هەڵدەهاوێژن بەتایبەتی ئەو کاتەی وەسفی مردنی باوکی دەکا.. لەم بەشەدا پەژارەکان دەتەقنەوە و مۆرکەکانی خۆدواندن و وڕێنەکان تێکەڵ دەبن، نیگەرانی ڕاستییەکان دەخواتەوە، چرکە ساتەکانی بەزەیی و عیشق و خۆشەویستی یاساکانی باوکسالاری قوتدەدا ڕووداوەکان بەشێوەیەك تێك دەچرژێن و لێکدی جوێ ناکرێنەوە..

"نازە خوشکە بچکۆڵەکەشم دەیگوت.. پوور بنەوش دەڵێ، بابۆ نەخۆشە.. لەشی ژان دەکا، بۆیە نرکە دەکا و دەناڵێنێ" ل ٣٩٦.

"دایکم.. ئاوەگەرمەکەی خستە ناو هەردوو لاقی باوکم، جاجمەکەی بەسەر لەشی ڕووتی باوکم و بەسەر جامە ئاوە گەورەکەدا کێشایەوە.. دەستەکەی لەبن جاجمەکە دەجوولایەوە.

بەبێ ویستی خۆم.. فرمێسك لە چاوانم هەڵقوڵێن و بەسەر ڕوومەتمەوە ڕێچکەیان بەست و دەرژانە ناو کۆشمەوە.

-مەگریێ.. کوڕەکەم مەگریێ !

- ئەوە بۆ بابۆ دەگرییێ.. ها



بابۆ.. چاکە.. چاك دەبێتەوە بابۆ.. منی زۆر خۆش دەوێ.. ئەو زۆر زۆر منی خۆش دەوێ کە بەخۆیەوە دەیقرساندم هەستم بەگەرماییەکی خۆش دەکرد..

- نازانم بۆچ هەندێك جار.. ئەمن ڕکم لێ دەبێتەوە

- کە ناهێڵێ بچمە ناو منداڵان.

- کە ناهێڵێ لەگەڵ گوڵێی هاوڕێم بچمە ناو ڕەزان!

بابۆ.. ئەتۆی بەقەد چاوەکانی خۆی و.. پتریش ئەتۆی خۆش دەوێ!

- من بابۆم خۆش دەوێ

- خوایە باوکم چاك بکەیەوە بەتوندی بەخۆیەوە قرساندمی.. قرساندمی.. یاڕەبی خودایە بابۆ چاك بکەیەوە.. ئیدی چیدی ڕکم لێی نابێتەوە".

بەم جۆرە کاروانی سیاچارەکان بەڕێوەیە، ڕووەو سنوور بەرەو زێد و مەفتەنە لەنجەدارەکەی شێرکۆ، مشتومڕەکانی نێوان مام زانەوێر و مەلا حەمیدیش بەردەوامە، مام هەیدەر، پوور ئەستێ، عەلی ئێختە.. لە ڕێگادا دیدەنی کۆنترین هاوڕێی خۆی دەکا عەولا.. ئەو مرۆڤەی بەشداریی لە شۆڕشی شێخ مەحمود کردووە و ئەمێستەش ڕووەو چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەڵدەکشێ، ئاشنایەتیش دەگەڵ کامەند پەیدا دەکا کۆمەڵێ وردە کاروانی تر هەمان ڕێچکە دەبڕن و تێکەڵ بەحەشاماتی ئەوان دەبن.. لەولاشەوە دوو داڵاشی گەورە لە ئاسمانەوە باڵیان لێکدەدا و بەسەر کاروانەکەوە هەڵدەفڕین و ئەم سەر و ئەو سەری دۆڵەکانیان دەبڕی (قەبۆ قەبۆی چەند نێرە کەوێك تێکەڵ بەهاششەی ئاوی ڕووبارە ڕشتەکە و پێ خوستی کاروانەکە دەبوو).

"لە پڕ فجووقیان کرد.. بۆ ناو ئەشکەوتەکان هەڵفڕین" ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ڕۆمانە لەمە زێتر هەڵدەگرێ دوور نییە لە دەرفەتێکی تردا خوێندنەوەیەکی.. جیاواز تری بۆ ئەنجام بدەم..

١٩٩٧ /٦/١٩

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٧ دا بڵاوکراوەتەوە.**

# تەكنیك لە رۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولود مەم - دا

**سابیر رەشید**

بێ گومان هەموو لێكۆڵینەوەیەك لەهەر بوارێكی ئەدەبی بێت پشت بەدەقی نووسراو دەبەستێ و وەك بیبلیۆگرافیاش لەكتێبخانەكاندا جێگای خۆی دەكاتەوە، ئێمە باسی ئەو دەقە دەستنووسانە ناكەین كە دەكرێ پێش چاپكردنیش لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرێ، بەڵكو لێرە مەبەستمان ژانرێكی گرنگی ئەدەبە كە ئەمەش رۆمانە، كە هەر خۆشی دەرنگ لە ئەدەبی كوردیدا نووسراوە و بایەخی پێدراوە لە چاو میللەتانی دیكەی دنیا... گرنگترین نموونەی بەردەستیشمان ئەم رۆمانەی (مەم)ە كە خۆی وەك دەق لە ساڵانی حەفتاكاندا نووسراوە و بەشداری ئەم گرەوە ئەدەبییە بووە كە لە ساڵی (١٩٧١) بۆ شیعر و چیرۆك و رۆمان و چیرۆكی شانۆ لەلایەن یەكێتی نووسەرانی كورد رێكخراوە و لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری نووسەری كورد بڵاوكراوەتەوە و ناوی لێژنەكان دەستنیشان كراون بۆ هەڵبژاردنی یەكەم و دووەم و سێیەم لەهەر بابەتێك[1]... دوای ئەوە لە ژمارە (٣)ی هەمان گۆڤاردا[2] ئەنجامی گرەوەكە و ناوی نووسەر و بەرهەمەكان راگەیەنراوە كە لەبواری رۆماندا خەڵاتی یەكەم مەدالیایەكی زێڕ بووە دراوە بە مامۆستا (سەعید ناكام) لەسەر رۆمانی (ئاگری بن كا) و خەڵاتی دووەمیش كە سەعاتێكی دەست بوو دراوە بەخاوەنی ئەم رۆمانە (محەمەد مەولود مەم) لەسەر رۆمانی (كاروانی گەنم) كە بەشی یەكەمی ئەم رۆمانەیە و ئەوسا مەم وەك لەسەرەتای رۆمانەكەشدا لەدوای پێشەكی ناوی لەم بەشە ناوە (قوناخی یەكەم- كاروانی... گەنم)[3] بەڵام لێژنەكە خەڵاتی سێیەم رۆمانی رانەگەیاندووە.

بەهەر حاڵ لێرەدا بایەخی رۆمانەكە لەوەدا دەبێت كە وەك تۆمارێك دەخرێتە ناو كتێبخانەی كوردی و خەرمانی رۆمانی نووسراوی كوردی پێ دەوڵەمەندتر دەبێت بەڵام ئەگەر رۆمانەكە وەك لە ساڵانی حەفتاكان نووسراوە بەشداری گرەوی كردووە و خەڵاتیشی وەرگرتووە بایەخی زیاتر دەبوو كە لە سەردەمی خۆیدا چاپ بكرابوایە ئەگەرچی رۆمانەكانی تریش هەر بەم دەردەوە چوون چونكە (ئاگری بن كا)ش هەر دوای راپەڕین چاپ كراوە و لەكاتی خۆیدا چاپ نەكراوە و ئەم رۆمانانەی دیكەش كە بەشداربووینە لە گرەوەكە هیچ ئاسەوارێكیان نەماوە دەنا بۆ تۆماری رۆمانی كوردی



نووسرا و چەند خشتێكی تریان دەنایە سەر ماڵی رۆمانی كوردی، هەر بۆیەش دەبینین لەم لێكۆڵینەوانەی كە لەبارەی رۆمانی كوردی نووسراون و بە تایبەتیش نامەكانی ماستەر و تێزەكانی دكتۆرا كە هەموویان خۆیان لەشەش نامەدا دەنوێنن و وەك نامەی خوێندنی باڵا لە ئەدەبی كوردیدا پێشكەش كراون... دەبینین لەم نامانەدا هیچیان باسی (ڕێگا)ی محەمەد مەولود مەم و (ئاگری بن كا)ی سەعید ناكامیان نەكردووە وەك دوو نموونەی هونەری رۆمانی كوردی ساڵانی حەفتاكان، هۆی ئەمەش ئەوەیە كە ئەم دوو رۆمانە كە ئێمە لێرە باسی رۆمانەكەی (مەم) چاپی دووەمیەتی كە لە ساڵی (٢٠٠١)دا زنجیرەی ژمارە (٤٣)ی چاپ كراوەكانی دەزگای (ئاراس)ی بەركەوتووە... بێ گومان نامەی ئەكادیمیش پشت بە بەرهەمی چاپكراو دەبەستێ نەك نووسراو بۆیە دەبینین لە شەش نامەكانی خوێندنی باڵای كوردیدا (١٨) دەقی رۆمان كوردی خراونەتە بەر تیشكی لێكدانەوەی ئەكادیمی خاوەن ئەو نامانە[4].. بێ گومان ئەگەر ئەم رۆمانە لەكاتی خۆی چاپ بكرابوایە ئەوا لەم بڕوایەدام لە زۆربەی ئەم نامانەدا تیشكی لێكۆڵینەوەیان دەخرایە سەر. هەربۆیەشە من لەلای خۆمەوە دەمەوێ لایەنی هونەری ئەم رۆمانە باس بكەم ئەگەرچی درەنگ وەختیشە بەڵام دڵنیام بایەخی خۆی دەبێت، چونكە بۆ سەردەمی خۆی كە ساڵانی حەفتاكان نووسراوە زۆر شتی نوێی كردووە و بەزمانێكی كوردی جوان و رەوان نووسراوە، بەڵام چی بكەین ئێستاكەش دەتوانین گەلێك لایەنی هونەركاری لەم رۆمانەدا بدۆزینەوە كە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە رۆمانی كوردیدا نوێن بۆ نموونە ئەم رۆمانە یەكەم رۆمانی كوردییە لە كوردستانی عیراقدا كە بە تەكنیكی چیرۆك لەناو چیرۆك نووسراوە جیا لە گەلێك لایەنی دیكەی هونەری كە لە رێڕەوی باسكردنی رۆمانەكەدا باسیان لێوە دەكەین... ئەمەش بۆ (مەم)ی رۆشنبیر و ئاگادار و نوێكار شتێكی چاوەڕوانكراوە، چونكە خۆشی لە چاوپێكەوتنەكانیدا و ئەو برادەرانەشی كە لەگەڵیدا ژیاون باسی ئەوە دەكەن كە (مەم) كاریگەرییەكی زۆری ئەدەبی رۆژئاوای لەسەر بووە، بەتایبەتی ئەدەبیاتی فەرەنسی و عەرەبی و هی دیكەیش.

## هونەركاریی رۆمانی رێگا

بۆ یەكەم جار لە رۆمانی كوردیدا رۆماننووس ( پێشەكی) بۆ رۆمانەكە نووسیوە ئەمەش وای كردووە كە خوێنەر بەشێوەیەكی ئاسایی بخزێنێتە ناو رۆمانەكە و لە هەمان كاتیشدا لەناو پێشەكییەكەدا هونەری چیرۆك لەناو چیرۆك دادەمەزرێنێ.

بەكارهێنانی تەكنیكی چیرۆك كە ئەمەش هەر دەستپێشخەرییە لە رۆمانی كوردیدا بەتایبەتی لە كوردستانی عیراقدا.. پاڵەوانی رۆمانەكە رۆماننووس خۆیەتی كە لەم پێشەكییەدا

رۆڵی فەرمانبەرێکی باج وەرگر دەبینێ و روو دەکاتە ئاشەکەی مام بریندار لەوێ دوای ئەوەی مام بریندار چیرۆکی مام حەمەدی بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن دوای رووخانی کۆماری کوردستان بۆ ئەم دیوە هاتووە و دواییش چۆن شەوێك خوا حافیزی لە مام بریندار دەکات و بزر دەبێ بۆ بەیانی خەڵکی گوند بەدوایدا دەگەڕین و تاساتی گێڕانەوەی رووداوەکەش لێی دەگەڕێن بەم جۆرە لەوێوە مەم دروستکردنی چیرۆك لەناو چیرۆکدا جوان دەچنێ... با وەك خۆی بینووسینەوە بزانین چۆن دەمانخاتە ناو لاپەڕە نووسراوەکانی ئەم ئاشەوانە و دواییش رۆمانەکە لەسەر زمانی ئەو دەگێڕدرێتەوە بەناوی (کاروانی گەنم) دەست بەگێڕانەوە دەکات و (من)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە و چیرۆکبێژی ئاگادار بەهەموو شتێ لە وەرگری باجەوە دەگوازێتەوە بۆ حەمەدی ئاشەوان.. بەڵام لەناو چیرۆکبێژیشدا دەنگی مەم دەناسرێتەوە و هەست دەکرێ کە رۆمان نووس بۆ مەبەستی هونەری رۆمانەکە ئەم کارەی کردووە.. مەم زۆر هونەرییانە چیرۆك لەناو چیرۆکی لەناو پێشەکی رۆمانەکەدا دروست دەکات و لەلاپەڕە (٦) دا دەڵێ ((کە گەڕانەوە گوندی.. مام بریندار سندوقێکی تەنەکەی رەنگکراوی لە بنەبانی ژوورەکەی دەرهێنا و پێی گوتم:

– ئەمەش ئەمانەتێکە... ئاشەوانەکە لەلای من بۆتۆی داناوە. لەگەڵ سەرسووڕییێکی تەواو سەری سندوقەکەم هەڵدایەوە، ئەم چەند لاپەڕ نووسراوانەی کە تێیدا بوون.. ئەوەندەی هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن.. چ نیشانەیێك.. یا ناوێکم نەدۆزییەوە کە ئەو کاك حەمەدی ئاشەوانەم پێ بناسێنێ. چونکە ئەمانەت پیرۆزە.. دەبێ مرۆڤ رێزی لێ بنێ، ئەوا لێرەدا بەدواوە.. لاپەڕە نووسراوەکانی ئەو ئاشەوانە دەخەمە پێش چاوتان، وەکو بۆی دەچم دەبێ ئەو لاپەڕانە نوێشکی بیروباوەڕ و بەشێك لە ژیانی ئەو ئاشەوانە وێڵ و... بێ سەر و شوێنە بێ.

دەفەرموون بۆ خوێندنەوەی لاپەڕە نووسراوەکان.

بایەخ پێدانی لە رادەبەدەر بە شوێن بەتایبەتی کە بۆ مرۆڤی کورد دەبێتە قەدەر و چارەنووسی دەخاتە دەست ئەمبەر و ئەوبەری نێوان دەوڵەتانی سەر سنوور بەمەش (مەم) ئاشەکەی کردووە بەهێمایەك بۆ قەدەری مرۆڤی کورد کە هەمیشە بەدەست سروشتەوە ناڵاندوویەتی، ئەم سروشتەی کە سنوورە دەستکردەکان دەبەزێنێ وەك لەم رۆمانەدا رووبارەکەیە کە شوێنی ئاشەکە دەگۆڕێ و داوییش هەر دەبێ خۆی خاوەن ئاشەکە کە مرۆڤی کوردە باجەکەی بدات. (مەم) دیارە شەیدای ئەم سروشتە جوانەی کوردستانە بۆیەش کە وەسفی ئەم سێکوچکەی سنوور دەکات جوانی ئەم ناوچانەت بۆ وەسف دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەست بە چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد دەکەیت کە سروشتیش لەگەڵیدا سەختە.



دروستکردنی دیمەنی فانتازیا ئامێز و تەشقی خورافی ئەمە پشت بە خەیاڵێکی قووڵ و بەرزەفڕ دەبەستێ و رۆماننووس خوێنەر تووشی ئەندێشەیەکی خۆش دەکات و بگرە هەست بەوەش دەکات ئەوەی کە بۆی دەگێڕدرێتەوە بەشێکە لە واقیع و بەڕاستی روودەدەن من خۆم وەك خوێنەرێك هەرگیز ئەم دیمەنە فانتازیاییەم لەیاد ناچێ ئەو کاتەی کە لەلاپەڕە (٨٠)ی رۆمانەکە بەدواوە کاتێ کە رۆماننووس لەگەڵ قەشە ئیستیفانی پاڵەوانێکی رۆمانەکە دەمانباتە ناو دێرێ بۆ ئەوەی لە برسان عەلەشیشێك بکاتە نێچیر کەچی کە دەبینێ جەندرمەکانی عوسمانلی ئەم قەلانەیان خواردووە و قەشەش روودەکاتە ئەشکەوتی سووڕەحمان ئەم ئەشکەوتەی کە لەلای موسڵمانەکان سووڕەحمانە و لای مەسیحییەکانیش رەبەن بۆیایە و لای هەردوو لاش پیرۆزە ئینجا قەشە لەم ئەشکەوتە لەبەر خوا دەپاڕێتەوە تا خوای گەورە دوعاکەی قەبووڵ دەکات و جەندرمەکان دەکاتە عەلەشیش و دواییش قەشە بەدوایان دەکەوێ تا یەکێکیان بگرێ، بەڵام بێ سوودە و بەرەو چیای سەفین هەڵدەفڕن و قەشەش هەر بەدوایانەوەیە تا لەبەرچاوی ون دەبن و دەبن بەنوقتەی رەش لە ئاسمان.. یان کاتێ لەلاپەڕە (٣١)ی رۆمانەکەدا ئەم دیمەنە ئەفسانەییە دروست دەکات کە خەلیفە سەرسۆر لە رقی شەماشە سوولاقە و بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دینی ئیسلام لەسەر حەقە خۆی داوێتە ناو کوورەی ئاگر و دەتوێتەوە.. ئیتر شەماشە سوولاقە موعجیزەکە دەبینێ کە بە درێژاییدا دەڕوا و بزر دەبێ و بە چیای سەفیندا دەڕوات و کەسیش نازانێ چی لێهات؟ یان دروستکردنی ئەم دیمەنە ئەفسانەییانە کە لەسەر شێوەی گیانداردا دەیخاتە روو بۆ نموونە لەلاپەڕە (٩٨)ی رۆمانەکەدا دەعبایەك دێنێتە ناو گوندەکەیان کە پێیان دەگوت (سەرهەڵقەنە) یان وەك لاپەڕە (١٠٠)ی رۆمانەکە کە زەلامە گورگەکانی سەید رەسووڵ پەیدا دەکات.. ئەم رووداوانەش لە کوردەواریدا هەنە و بیستراون، بەڵام رۆماننووس بەدەربڕینی خۆی و بیرۆکەی خۆیەوە دەگەڵ سیاقی رۆمانەکەدا دەیانگونجێنێ ئەمانە و دەیان دیمەنی فانتازیایی کە رۆماننووس لەگەڵ رووداوە مێژوویی و واقیعییەکاندا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتریان دەکات، هەم بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر و دەربازبوون لە گێڕانەوەی رووداوە راستەقینەکان و هەمیش بەمەبەستی هونەری جوانییەکی دیکە بەگێڕانەوەی رۆمانەکە دەدات و خوێنەر لە بێزاری رزگار دەکات.

بەکارهێنانی دیالۆگ کە شان بە شانی گێڕانەوەی بەردەوامی رۆمانەکە ناوە ناوەش رۆماننووس پشت بە دیالۆگ دەبەستێ هەر بۆ نموونە دیالۆگی بەردەوامی نێو پاسەکەی تۆماس کە سەرنشینەکانی هەر لە شەقلاوەوە تا دەگەنە هەولێر لە گفتوگۆدان لەگەڵ یەکتر و چیرۆکبێژیش بۆ هەر یەکێکیان چیرۆکی جیاجیا دروست دەکات کە زۆربەشیان چیرۆکی هەژاری و برسییەتی

و چەوسانەوەن و ئێش و ئازاری میللەتی کورد بەدەردەخەن و تێکەڵ بەگێڕانەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە دەبنەوە.

سوود وەرگرتن لە تەکنیکی سینەمایی ئەمیش بەهۆی مۆنتاژی کات و شوێنەوە یا بەهۆی ئەم وەسفە جوانانەوە کە ڕۆماننووس چەندان دیمەنی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە وەك ئەوەی کامێرایەکی پێ بێت و لەقتەکان بەجوانی لە شێوەی سینەما نیشانی خوێنەر بدات، هەر بۆ نموونە ڕۆماننووس لەوەسفی پاسەکە بەسەر لۆفەکانی پیرمەمدا هەڵدەگەڕێ و دواییش چۆن گرتەکان بۆ ناو پاسەکە و دیالۆگی سەرنشینەکان دەگوازێتەوە.. یانیش کاتێ کە ڕۆماننووس لە باسکردنی ڕێگای دوور و درێژ شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە و ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدان وەك دایکی مەلا حەمید و خەڵکانی دیکەی گوندەکەی کاتێ بەدەم ڕۆشتنەوە یەکەیەکە دیمەنی ئەو شوێنانەی کە دەیانبینین و شوێنی ڕووداوەکانن لەگەڵ گێڕانەوەدا وەك گرتەی سینەمایی و مۆنتاژی کات و شوێن ڕۆماننووس بەهەموو وردەکارییەکەوە ئەو دیمەنانە وێنە دەکێشێ و دەیخاتە پێش چاوی خوێنەری ڕۆمانەکە.

بەکادهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش کە ئەمەش لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لە زۆر شوێندا لەناو گێڕانەوەی شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا پەنای بۆ بردراوە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە بەفلاش باك بۆ رابردوو و سەردەمی منداڵی خۆی دەگەڕێتەوە یان ئەو کاتانەی کە یادگارییەکانی وەبیردێنەوە هەر بۆ نموونە دەبینین ڕۆماننوس لەلاپەڕە (١٧٦)ی ڕۆمانەکەدا خۆشی سەری لەوە سوڕماوە کە چۆن لە ساتێکی کەمدا ئەم هەموو ڕووداوانەی بە مێشکدا گوزەر دەکەن وەك بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێ: ((سەرم لەوە سوڕمابوو.. کە چۆن بەو ساتە کەمە.. کە لە چەند چرکەییێك پتر نەبوو.. ئەو هەموو ڕووداوانە... ئەم عالەمە پڕ جۆش و جەنجاڵەم هاتەوە بیر و خەیاڵ و مێشك، وجوودم گەڕایەوە ناویان گۆڕانێکی وایان هێنایە سەرم کە لەبارێکەوە بۆ بارێکی زۆر زۆر جیاواز.. ڕەکێشم بکەن:

- لە ئایشە گوڵەوە.. تا نەخشین!
- لەمنداڵییەوە.. تا هەرزەکاری!
- لە ئاوایی شیرەوە.. هەتا ویستی لەش!
- لە باوەشی دایکەوە... تا سێکسی!
- لە مەمکەوە... بۆ مەمك...!

وە بەڕەنگێك ڕژانە ناوەوەوم و کێشامیان و کێشامیان... بەسەر هەزار قەوماوی جەرگبڕ و پڕ کۆست و ئازار.. هەزار هەڵوێستی تاڵ و سوێر پڕ مەترسی و ژان، لە ئەنجام.. لە ڕۆخ



یاخیبوونەکەی عەمەری سلێمان و.. هاوڕێیەکانی.. لەنگەریان پێگرتم...)). زۆر جاری تریش بەهۆی چەند گوزارشتێکی وەك (ئەوساکە منداڵ بووین، جاران حەزم دەکرد، بەبیرم دێ، منداڵ بووم... تاد) بە فلاش باك و مۆنتاژی کات و شوێن تەداعی شەپۆلی هۆش گێڕانەوەکە لە گێڕانەوەی ئاساییەوە بۆ ئاستەکانی دیکەی گێڕانەوە دەگۆڕێ.

ئامادەیی مێژوو وەك کەرستە و تۆمار و مەزراندن و سوود لێوەرگرتنی لە دروستکردنی و ڕەوایی و پیشاندانی ڕووداوەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵی ڕۆماننووس کە بێ گومان ئەم دیمەنە تراژیدییانەش ناکرێ لە یاد بکرێن بەڵکو ڕووداوی وەهای تێدایە دەکرێ بکرێن بەڕۆمان و چیرۆك و فلیم و شانۆش.. جا چونکە مرۆڤی کورد ئێش و ئازاری زۆری دیوە بۆیە ئەم ڕووداوانە هەرگیز لێی دانابڕێن و ڕۆماننووسیش چونکە وەك مەم خۆی گوتەنی ((چیرۆکنووس شایەدی چەرخی خۆیەتی)) بۆیە لێرەدا ناتوانێ ڕۆڵی مێژوونووس ببینێ، بەڵام دەتوانێ بیانکات بەکەرەستەی نووسینەکانی خۆی و بەڵکو دەشتوانێ لە بەرهەمەکانیدا بشیانمەزرێنێ.. بەهەر حاڵ لەم ڕۆمانەدا ڕووداوە مێژووییەکان پێکهاتەی سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکبێژن، بەڵکو سیمەی سەرەکی ڕۆمانەکە باسکردنی ساڵانی گرانییە کە خەڵکی چۆن بەدەم برسییەتییەوە کاروانی گەنم دەگرنەبەر یانیش تۆمارکردنی ئەم دیمەنە تراژیدیا ئامێزانە کە باب و باپیرانمان لە ساڵانی گرانیدا بینیویانە و دەماودەم بۆمانیان گێڕاوەتەوە وەك منداڵ فرۆشتن لە برسان و دابڕان لە کەس و کار و خواردنی سەگ و پشیلە لە برسان وەك لە لاپەڕە (٢٤٢)ی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس ئەم دیمەنانەی سەرەوە دەبەستنێتەوە بە تایبەتیش هاتنی سوپای داگیرکەری ڕووس و عوسمانلی و دواییش هاتنی سوپای ئینگلز بەبیانووی ڕزگارکردنی خەڵك لە دەست ئەڵمانیای نازی ئەمەش لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا باس کراوە بەتایبەتی لاپەڕە (٢٣٨)ی ڕۆمانەکە... هەمدیس نیشاندانی ململانێی هەردوو داگیرکەری ڕووس و عوسمانلی و هەردووکیان بەردەبوونە کورد و بەلایەنگری لاکەی تریان دادەنان خۆشیان بەرزگارکەر حساب دەکرد و ئەنجامەکەیشی مرۆڤی کوردی بەستەزمان زەرەرمەند و چەوساوە دەبوو.. ئا ئەم دیمەنانە مێشك و هزری مەمیان هەراسان کردووە بۆیە (مەم) بە چەند تاقە دیمەنێك ناوەستێ بەڵکو باسی شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان و ڕووخانی کۆمار و قازی محەمەد و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەنجان و ڕێکخستنە نهێنییەکان قوتابیان دژی داگیرکەر و سەردەمی شانشینی عیراق و تا یاخیبوون و دروستبوونی شانە چەکدارەکانی پێشمەرگە و ڕووکردنە چیاکان دەکات.

تێکەڵکردنی میسۆلۆژیا و بیروباوەڕی خەڵك کە هەندێکیان وەك چیرۆك و رووداو تێکەڵ گێڕانەوەی سەرەکی دەکرێن و هەندێکیشیان وەك ئاماژەیەك تەنیا وەك بیروباوەڕی خەڵکی ئەم سەردەمەی کە رووداوەکانیان تێدا دەگێڕدرێتەوە و ئەمانیش دەماودەم گێڕدراونەتەوە و بووینەتە بەشێك لە بیروباوەڕی خەڵك وەك ئەوەی هەندێك کات و شت هەن نەگبەتن و هەندێك کات و شتیش هەن کە پیرۆزن... بۆ نموونە سێشەممە شوومە کەچی چوارشەممە پیرۆزە بۆیەش سێشەممان لای کورد سەرتاشین باش نییە، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٢٦)دا چیرۆکێکی دیکە لەسەر شوومی سێشەممە دەخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەی سەرەکی یانیش لەو باوەڕەی پاڵەوانێکی رۆمانەکە وەك لە لاپەڕە (٤٦)دا رۆماننووس باسی کردووە کە لای وایە ئەوەی حەوت کوڕی هەبێت ئەوا لە رۆژی قیامەت هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە... یا گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی کە شەیتان کوێرە و پاشان وەك لە لاپەڕە (٤١)دا بەچیرۆکی ململانێی نێوان ئیمامی عەلی و شەیتانی کوێرە دەگێڕێتەوە... یانیش وەك لە لاپەڕە (٣٧)دا باوکی شێرکۆ کە نەخۆش دەکەوێ مەلا سەعیدی خاوەن جنۆکە دەهێننە لای و ئینجا رۆماننووس دەمانباتە ناو باسکردنی جنۆکەی رەش و جنۆکەی سپی و باوەڕپێهێنانی لای خەڵکی جاران و چۆنییەتی چاکبوونەوەی نەخۆشی.. ئەمانە و چەندان نموونەی دیکە. مەزراندنی فۆلکلۆری کوردی بەهەموو لقەکانییەوە هەر لە تێهەڵکێشکردنی هەقایەت و بەسەرهاتی ئەفسانەیی و خوڕافی و تێکەڵکردنی بەیت و بەسەرهاتی کوردەواری و لاوك و حەیران و بەستە و پەند و مەتەڵ و گۆرانی فۆلکلۆری و دیاری منداڵان و دروستکرنی دیمەنی ئەفسانەیی کە لە نووسینێکی دیکە بەدرێژی ئەم مەزراندمان باس کردووە و لە وردەکاری هونەریشی دواوین.

خۆ ئاشکراکردنی رۆماننووس لە خوێنەر، ئەمەش لە تەکنیکی چیرۆك لەناو چیرۆکدا تەواو چیرۆکنووس یان رۆماننووس خۆی ئاشکرا دەکات، هەروەها لە بەکارهێنانی تەکنیکی (میتا رۆمانیش)دا چیرۆکنووس یا رۆماننووس باسی هونەری رۆمان دەکات و خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و قسەی لەگەڵدا دەکات و پرسیاریشی لێ دەکات و هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە، بەڵام لێرەدا رۆماننووس وەك چۆن لەسەرەتای رۆمانەکەدا تەکنیکی چیرۆك لەناو چیرۆکی بەکارهێناوە، لێرەش جارێکی تر خۆی لەخوێنەر ئاشکرا دەکات و هەست دەکرێ کە چیرۆکنووسێك هەیە ئەو رووداوانەی لەم



رۆمانەدا دەگێڕدرێنەوە ئەو دەیاننووسێ و دوایش بەهۆی باسکردنی ئێسترەکەی شێخ رەزا دەزانرێ کە ئەوە رۆشنبیری رۆماننووسە بەدیاردەکەوێ، ئەگەرچی لە چیرۆك و رۆمانی ئاساییدا زۆرجاران هەستی پێدەکرێت وەلێ لە ژێر تارمایی یا بەناوی کەسانی ناو چیرۆك یا رۆمانەکەوە قسەکانی خۆی یا یادەوەرییەکانی یا تێڕوانینی خۆی یا جیهانبینی خۆی دەخاتە ناو دەقەکەوە، بۆ بەڵگەی زیاتریش ئەگەر تەماشای لاپەڕە (١٢٧)ی رۆمانەکە بکەین دەبینین خۆ ئاشکراکردنەکەی دیارە وەك دەڵێ ((پاسەکەی... (تۆماس)... شتێکی یا بابڵێت... دەعباییێکی.. سەیر بوو، ئەگەر بێتو کەمێك باسی نەکەم پێم وایە ستەم دەکەم و لایەنێکی گرنگ لە تابلۆی رووداوەکانی ئەو رۆژە دەشێوێنم رەشی دەکەمەوە. ئەوەی ئەو پاسەی دیبوایە... یەکسەر ئێسترەکەی شێخ رەزای خوالێخۆشبووی دەهاتەوە یاد!!.. ئەو ئێسترەی.. میر.. بەدیاری و بەسەد منەتەوە بۆی هەناردبوو، لەگەڵ جیاوازییێك کە پێوەندی بەلایەنی بایلۆجی و تەکنیکەوە دەبێ!!.. پاسەکە ئەگەرچی منەتێکی بەسەر تۆماس شوفێر نەڕشتبوو ئەمیش وەك ئێسترەکە بە پاڵدان و راکێشان نەبوایە.. هەڵنادەستا،.. تاد)).

# ئەنجام

ئەم خاڵانە دەستنیشانکردنی تەکنیکە بەرچاوەکانی ناو رۆمانەکەیە، بێ گومانیش لە تەکنیك و هونەرکاری دیکەش بەدەر نییە، بەڵام ئێمە مەبەستمان بوو لایەنە دیارەکانی بخەینە بەر دیدی خوێنەران ئەگەرنا دەکرێ باسی شێوازی نووسین و فەلسەفە و مەغزا و جیهانبینی رۆمانەکەش بکرێت یا وەك خوێندنەوەی نوێ جارێکی دیکە بخرێتە بەر نەشتەرگەری و بونیادەکانی شاراوەی بەدەربخرێت و هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام دیارە ئەم هەوڵانەش بۆ خوێنەر و توێژەری دی لێدەگەڕێین، چونکە دڵنیام ئەم رۆمانە شایەدی هەوڵ و شونخوونی رۆشنبیری و ئاگاداری (مەم) نیشان دەدات و هەرچەندیشی لەسەر بنووسرێت هێشتا هەر کەمە، خۆ ئەگەر حیسابی سەردەمی نووسینەکەیشی بکرێت کە ساڵانی حەفتاکان نووسراوە و پێشکەشی گرەوی ئەدەبیشی کردووە و خەڵاتیشی لێ وەدەست هێناوە ئەوا زۆر تەکنیك و هونەرکاری دیکەی ناو رۆمانەکە دەبوو بە دەستپێشخەر لە رۆمانی کوردیدا، زمانی نووسینەکەشی بۆ ئەم سەردەمە و هونەرکاری رۆمانەکە گەلێك لە هەڵسەنگاندنەکان دەگۆڕن، بەڵام دیارە وەك لە سەرەتا باسمان کرد لەبەر دەرنگ چاپکرنی وەك پێویست ئاوری لێ نەدراوەتەوە و لەنامە ئەکادیمییەکانیش باسی نەکراوە.. بەڵام دڵنیام چەندان ساڵی تریش بێ نازمێنێتەوە ئەوا رۆژگار دەیسەلمێنێ کە رۆمانەکە شاکارێکی ئەدەبی کوردییە و نووسەرەکەشی هەم داهێنەر و هەمیش وەك چیرۆکنووسێکی بەرەی میللەت شاهێدی چەرخی خۆی بووە و عاشقی میللەتەکەی و ئەدەبیاتی میللەتەکەی بووە، بێ گومان خوێنەرانیش کە ئەم رۆمانە دەخوێننەوە سەرنج و را و تێبینی دیکەیان هەیە رەنگە هەندێك بیروڕا و خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاشیان لەگەڵ مندا هەبێت و ئەمەش زیندوویی و سەرکەوتنی دەق نیشان دەدات،، چونکە دەقی مردوو خوێنەر تاقەتی نییە نەك هەر بیخوێنێتەوە، بەڵکو تەماشاشی بکات.

# پەراوێزەکان

١- بڕونە ژمارە (٢)ی گۆڤاری نووسەری کورد، نیسانی (١٩٧١)، ل ٧٦.

٢- بڕوانە ژمارە (٣)ی گۆڤاری نووسەری ئابی (١٩٧١)، ل ٨٤.

٣- ئەم رۆمانە تەنیا ئەم بەشەی نووسراوە کە (مەم) ناوی ناوە (کاروانی گەنم) و وەك لەسەرەتای رۆمانەکەش ئاماژەی پێ داوە و هەر بەم ناوەش کاتی خۆی بەشداری گرەوی رۆمانی کردووە...(مەم) خۆی باسی ئەوەی دەکرد کە (رێگا) بکات بە سێیانە و حەزی دەکرد دووبەشی دیکەشی بۆ بنووسێ بەڵام داخەکەم ئەو خەونەی بردە ژێر گڵەوە.

٤- بڕوانە د. عادل گەرمیانی هەڵسەنگاندنی رۆمانی کوردی لە خوێندنی باڵای کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٨٨ — ١٨٩)، ل ١٢.



# سەرچاوەکان

١- د. عادل گەرمیانی، هەڵسەنگاندنی رۆمانی کوردی لە خوێندنی باڵای کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٨٨ — ١٨٩)ی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٤).

٢- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٢)ی نیسانی (١٩٧١)، بەغداد چاپخانەی دارالزمان.

٣- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٣)ی نیسانی (١٩٧١)، بەغداد چاپخانەی دارالزمان.

محەمەد مەولود (مەم)، رۆمانی رێگا، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) زنجیرە (٤٣)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی (٢٠٠١).

# رۆمانی (ڕێگا) و ڕەهەندەکانی

د. ئازاد حەمە شەریف-ئەڵمانیا

دواترین بەرهەمی چاپکراوی (محەمەد مەولود مەم)ی بەهەشتی، شاکاری (ڕێگا)یە کە دەتوانرێت بەگەورەترین و پڕ زانیاریترین بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری سەردەمی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بدرێتە قەڵەم. لەهەر لاپەڕەیەکی ئەو ڕۆمانە درێژەدا مێژووی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کوردستان هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بەرچاوخراوە تادەگاتە سەفەربەلك و گرانی گەورە و کارەساتەکانی کوردستانی ئێرانی پێخوستی عوسمانلییە زۆردار و ڕووسە دڵڕەقەکان؛ لەمەش پتر لەبارەی داگیرکرانی کوردستان لەلایەن ئینگلیزە کورد خەڵەتێنەکان و سەرەتاکانی پەیدابوون و گەشەکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵك و شۆڕشی شێخ مەحمود و چۆنییەتی کوژاندنەوەی بەئاگر و ئاسن و سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بارزان دەدوێت. لەپاڵ ئەمانەشدا، پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمە و چین و توێژە خۆفرۆش و خۆڕاگرەکان لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە ورد و درشت، گەورە و بچووك بەزیندوویی دەردەکەون، هەر لە ئاغا و پیاوەکانییەوە بگرە تا دەگاتە ئەوانەی کە ئاین و پیرۆزییەکانی بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار دەهێنن و بەمجۆرە خەڵکی ڕەش و ڕووت و ساویلکەی پێ لەخشتە دەبەن، لەجیاتی ئەوەی خەڵکی پێ وشیار بکەنەوە. لەم ڕۆمانەدا (مەم) پەردەی لە ڕووی کۆمەڵێك لەو مەلا و شێخ و دەروێش و موریدانەوە هەڵماڵیوە کە بەناوی ئاینەوە خزمەتی ئینگلیزە غەیرە دینەکانیان کردووە و بەدرێژایی ئەو ڕۆمانەش (مەم) هەوڵی ڕیسوایی کردنیانی داوە.

جا (مەم) سەرجەم ئەم ڕووداوانەی لە دەمی (شێرکۆ) کە گێڕەرەوەی سەرەکییە لەو ڕۆمانەدا و کوڕە تاقانەی خێزانۆکەیەکی ئاوارە و پەڕاگەندەی لە شنۆوە هاتوو دەگێڕێتەوە کە لە(شەقلاوە) گیرساونەتەوە لەو ژینگە نوێیەیاندا بەهەموو هێز و توانایەکەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ڕەگ دابکوتن و لە ململانێیەکی بەردەوامدان بۆ نەهێشتنی ئەو هێزانەی هەوڵی لەناوبردنیان دەدات.



بۆ ئەوەی پتر ڕووبچینە ناو تەونی ئەو ڕۆمانە وای بەچاك دەزانم کە لەم وتارەدا تەنیا لە گۆشەنیگای ڕووداو و کات و شوێنەوە لە ڕۆمانی (ڕێگا) بدوێم و لەوێوە تیشك بپرژێنمەوە سەرهەندێ کەلێن و قوژبنی دی و نیگاشم بەئاراستە جیاوازەکانەوە هەڵبدەم تا بتوانم ڕەهەندەکانیان شی بکەمەوە:

**یەکەم- ڕەهەندی ڕووداو:** ئەو ڕەهەندە هەموو ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە کەسایەتییەکانی (Characters) ڕۆمانی (ڕێگا) بینیویانە یان بیستوویانە یاخود بەشدارییان تێدا کردووە. جا لەلایەنی هونەرییەوە دەتوانین ڕووداوەکان بەسەر چەند جۆرێك پۆلین بکەین:

### أ- ڕووداوە ئاوتۆبایۆگرافیەکان:

واتە ئەو ڕووداوانەی کە بەڕاستی بەسەر نووسەری ڕۆمانەکەوە هاتوون و ئەویش کەسایەتییەکی وای دروستکردووە کە کتومت لە خۆی دەچێت و لە زمان و چاوی ئەوەوە ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە یان دەبینرێن. جا ئەگەر لە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی (ڕێگا)[١] کە (شێرکۆ) یە وردبینەوە، دەبینین کە کتومت (مەم) خۆیەتی؛ خەجیجی دایکی شێرکۆ دایکی ڕاستەقینەی (مەم) و (سۆفی نەورۆز)ی باوکی شێرکۆ سۆفی مەولودی باوکی (مەم)ە. (فاتمۆك)ی خوشکی شێرکۆ هەمان فاتمۆکی خوشکی (مەم)ە. خۆ خێزانی پەڕاگەندەی لە ئێرانەوە هاتووی (شێرکۆ) و ڕووداوی پەڕینەوەیان لە ڕێگای (زینۆی شێخ) بەرەو (ڕواندز) و (شەقلاوە) هەمان ڕووداو لەگەڵ خێزانی (مەم) لە سەداسەد ڕاست دێتەوە[٢].

(قەشە جبرائیل)ی ناو ڕۆمانی (ڕێگا)ش هەمان ئەو (مام قەشە جبرائیل شێر)ەیە کە (مەم) لە بیرەوەرییەکانی خۆی و ئەزموونی چیرۆکنووسیندا وا باسی دەکات:

(لە پۆلەکانی سەرەتایی قەشەی بەڕێز (جبرائیل شێر) مامۆستای زمانی کوردیمان بوو. ئەم ئینسانە مەزنە خوێنی خۆشەویستی و ئەدەب و زمان و وڵات و کەلەپووری نەتەوەکەی لە دەمارەکانمدا جولاندەوە.)[٣]

تەنانەت بێهێزی و لاوازی و نەخۆشییەکانی (شێرکۆ)ش هەمان زگ ئێشەی (مەم) بوو و بگرە ڕۆژی مردنی سۆفی نەورۆزی باوکی شێرکۆ کە دەکاتە ڕۆژی پێش لەدایکبوونی (مەلیك غازی) هەمان ڕۆژی مردنی باوکی (مەم) بووە و برسێتی و نەبوونی ماڵی شێرکۆ هەمان نەداری و برسێتی (مەم) خۆی بووە.

خۆ ڕقی ئەستووری شێرکۆ بەرامبەر بەباوکی کە ئازادی لێ زەفت کردبوو و نەیدەهێشت لەگەڵ منداڵانی ئاوزەی خۆی گەمان بکات، هەمان ڕقی (مەم)ە بەرامبەر بەو باوکە پیاوچاکەی کە بەقسەی (مەم) گوتەنی: "ئەو باوکە بەپەرۆشەم.. کە.. بەپاڵ پێوەنان و زۆری ئەیەویست.. هەر لە (٥-٦) ساڵییەوە بمکات بەپیاو.."[٤]

هەروەها ڕکی کۆنینەی (شێرکۆ) لە ئاغا و دەست و پێوەند و چەلاوخۆرەکانی هەمان ڕکی (مەم)ە لە ئاغا و زۆردارەکان و ڕووداوی تێکەڵبوونی (شێرکۆ) بەسیاسەت هەمان دەست تێکەڵکردنی (مەم)ە لەگەڵ سیاسەت و کە لە ئەنجامدا تووشی گرتن دەبێت و شەش حەوت مانگ زیندانی دەکرێت.[٥]

کێشەی بەپیاوبوون و بەپیاونەبوونی شێرکۆ (ڕێگا، ل ٢٤١) هەمان کێشەی نێوان (مەم) و باوکی بووە. جا هەرچەندە (مەم) سوودێکی بێپایانی لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بینیوە بۆ نەخشاندنی کەسایەتی (شێرکۆ)، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت کە (مەم) ئەو ڕووداوانەی بەشێوەیەکی میکانیکییانە گێڕاوەتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە (مەم) زۆر هونەرمەندانە سوودی لەو لایەنەوە بینیوە.

## ب- ڕووداوە ڕاستەقینە سەرلەبەرەکان:

مەبەست لەمە ئەو ڕووداوانەیە کە هەر لەگەڵ دەست پێکردنی ئەو ڕۆمانەوە دەست پێدەکەن و سەرلەبەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەرەوەی سەرەکی یان کەسایەتییەکی دیکەوە دەخرێتە ڕوو لە ماوەی ئەو (٣٨) کاتژمێرەی کە زەمەنی ڕاستەقینە یان کاتی ناوەکی ئەو ڕۆمانەیە تەواو دەبن (بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە لەپێنتی ڕەهەندی کات لەو بابەتە دواوم). لە ڕووداوە سەرلەبەرەکانی ئەو ڕۆمانە ئێمە پەنجە بۆ حەزلێك کردنی (شێرکۆ) و (نەخشین) دەکێشین کە سەرەتای ڕۆمانەکە بەو عیشقە پاکە دەکرێتەوە، لەپاڵ کێشە و ڕووداوی نەمانی گەنم و داکردنی لەلایەن (مام حاجی) و (شێخ قوتبەدین) و (تۆفیق بەگ) و یاخیبوونی (عەمەری سولەیمان و هاوەڵەکانی) لەدژی دوژمنانی گەل و خۆئامادەکردنی خەڵکی برسی و ڕەشوڕووت بەرەو سنوور بۆ کاروانی گەنم و بەرێکەوتنیان تا دەگەنە ناوچەی زارگەلی. نووسەر لە پیشاندانی ئەم ڕووداوانەدا تەنها تەکنیکی گێڕانەوەیەکی ئاسایی و وەسفکردنی بەکارهێناوە.



## ج - ڕووداوە ڕاستەقینە لەمەوبەر و مێژووییەکان:

ئەمەش دوو جۆرە ڕووداو دەگرێتەوە:

**یەکەمیان:** ئەو ڕووداوانەی لەمەوبەر بەسەر کەسایەتییەك هاتووە و نووسەر لە ڕێگای تەوژمی هۆش یان فلاش باك یان هاوبابەتی (المعادل الموضوعي)یەوە لەگەڵ ڕووداوە سەرلەبەرەکان تێکهەڵکێشیان دەکات؛ لەمانە ڕووداوی فرۆشتنی (ئایشەگوڵ)ی هاوەڵی (شێرکۆ) بەمستێك گەنم و دوو مستە جۆ (ڕێگا، ل ٨٨-٩٠) یاخود ئابڕووبردن و هەتك کردنی (مام مستۆ) لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕی بەرامبەر بەئاغا و سەرشۆڕنەکردنی بۆ زەبر و زەنگ (ل ٨٣-٨٨).

**دووەمیان:** هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەگرێتەوە کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون و نووسەر یان بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی میللەتی کورد و وەبیرهێنانەوەی کەموکوڕی و کورتبینی سەرکردەکانی هێناویەتیەوە یاخود بۆ دەرخستنی زوڵم و زۆری داگیرکەران. ئەو ڕووداوانەش بەهەمان تەکنیکەکانی پێشوو زیندوو کراونەتەوە. لەمانە: سەربردەی (خانزاد و میر سلێمان بەگی میران و لەشکری خایەن) کە لەلایەن (داپیرە بنەوش)ی حیکایەتبێژ بەتاموبۆیەکی کوردەوارییانە گێڕدراوەتەوە (ڕێگا، ل ٢٧٨-٢٧٩)؛ یاخود (بەسەرهاتی شۆڕشی شێخ سەعید) کە مام دەروێشی دەفژەن بەبەیت دەیڵێتەوە (ڕێگا، ل ٢٨٤-٢٨٥) یانەکو چیرۆکەکانی مام زاناوێر و سەفەربەلك و ڕەشبگێری عوسمانلییان (ڕێگا، ل ٣٢٠-٣٢١) یان شەڕەکانی مام زاناوێر و هاوەڵەکانی لە بەرزایی سپیلك و کەلەکین و خستنی تەیارەیەکی ئینگلیزی داگیرکەر (ڕێگا، ل ٣٣٤-٣٣٥) یا تاوان و زەبر و زەنگی ڕووس و جەندرمان لە کوردستانی ئێران (ڕێگا، ل ٣٢٤-٣٢٥) یاخود دەست تێوەردانی ئینگلیز و کاپتن لاین لەکێشەی زەوی و زار لە کوردستان دا (ڕێگا، ل ٣٣٩-٣٤٠) یانەکو (تێکشکانی شۆڕشی شێخ مەحمود) کە بە لاوك لەلایەن کاوێس ئاغا هۆنراوەتەوە.(ڕێگا، ل ٤٠٢).

## د. ڕووداوە ئەفسانەییەکان:

هەموو ئەو ڕووداوانەن کە یان بەڕاستی ڕوویان نەداوە یان ئەگەر ڕووشیان دابێت بەجۆرێکی وا گەورە و قەبەکراون و مۆرکێکی خەیاڵی وایان پێوە نووسێنراوە کە پتر لە ڕووداوی خەیاڵکردە دەچن نەك ڕاستەقینە. ئەم ڕۆمانە بەحوکمی ئەوەی باسی واقیعێکی یەگجار تاڵی ژیانی ناو

کۆمەڵگەی کوردەوارییە؛ نووسەر هەر زوو هەستی بەوە کردووە ئەگەر بێتوو سەرلەبەر لاپەڕەکانی ئەو ڕۆمانە بەو ڕووداوە جەرگبڕانە پڕ بکاتەوە، ڕەنگە خوێنەر زوو بەزوو لە خوێندنەوەی بێزار ببێت؛ بۆیە نووسەر بەکارامەیی و لێزانی خۆی ناوە ناوە ڕووداوی خەیاڵکردە و ئەفسانەیی تێ ترنجاندووە کە لە سێ لاوە خزمەتی ئەو ڕۆمانە دەکات.

**یەکەمیان:** بەوەی کەش و بایەکی واقیعیەتی ئەفسانەیی (نەك سیحری وەك هەندی برای نووسەر وای بۆ چوون)[٦] بەو ڕۆمانە دەبەخشێت. چونکە واقیعیەتی سیحری ئەوکاتە بەرهەم دێت کە ئەفسانە بەرەو ئاستی فەنتازیا هەڵبچوێنرێت وەك لە (پایزە خەون)دا کراوە، کەچی لێرەدا ئەفسانەکان ئەوەندە چڕ نەکراونەتەوە بگەنە ئەو ڕادەیە و وەك خۆیان بەساکاری گێڕدراونەتەوە.

**دووەمیشیان:** بەوەی کە ئاستی هۆشیاری ئەو دەمای کۆمەڵگەی کوردەواری دەردەخات.

**سێیەمیشیان:** ئەوەیە کە پشوویەکی هەرچەندە کەمیش بێت دەداتە خوێنەر بۆ ئەوەی کەمێك مێشکی بحەسێتەوە و تووشی بێزاری نەیەت. لەو ڕووداوە ئەفسانەییانەی کە لە (ڕێگا)دا بەدوورودرێژی هێنراونەتەوە: ڕووداوی عەلەشیشە ئەفسانەییەکان کە لە هەردوو ڕوانگەی ئیسلامی (مامەولاّ-ڕێگا ل ١٠٤-١٠٧)و مەسیحییەتەوە (مام قەشە-ڕێگا ل ١١٠-١١١) گێڕدراونەتەوە و هەردووکیشیان ئاماژە بەوە دەدەن کە دروستبوونی ئەم ئەفسانەیە بەرهەمی زەبروزەنگی جەندرمەی عوسمانلییانە؛ یاخود بەسەرهاتی زەلامی سەرگورگ (کە ئاغاکان بوون و لەبرسان وایان لێهاتبوو پڕ بدەنە خەڵك و بیانخۆن) (ڕێگا ل١٣٧) یان خۆ دەکوورە هاوێژتنی (خەلیفە سەرسۆر) و نەسووتانی لەناو کوورەی دوکانی وەستا حەمەد عەلی ئاسنگەر بۆ باوەڕ پێهێنانی شەماشە (سوولاقە)(ڕێگا، ل ٤٣-٤٤)؛ یان ئەفسانەی ئەجەل و دووپشکی سەرکاغەز کە بەڕاستی دەبێتە کولاژدومێکی ژاراوی و بەکوڕی پادشاوە دەدا و دەیکوژێت (ڕێگا، ل ٣٤٤)؛ یانەکو سەربردەی شێرگیری شێرەسوار (ڕێگا، ل ٢٢٥)و چاکەکەی تەوسکە بۆ ئاشکراکردنی دزی (ڕێگا، ل ٢٢٦) یاخود دیمەنی ئەفسانەیی نوێژە بەبارانە (ڕێگا، ل ٢١٥-٢١٦).

جا (مەم) لە ڕێگای تێکەڵکردنی هەر چوار جۆری ڕووداو (ئاوتۆبایۆگرافی و ڕووداوە ڕاستەقینە سەرلەبەر و لەمەوبەر و مێژوویی و ئەفسانەییەکانەوە) مۆزایکێکی سەیر و سەمەرەی وای خوڵقاندووە کە بەیارمەتی بەکارهێنانی تەکنیکە نوێکانی ڕۆمان وەکو شەپۆڵی هۆش و فلاش باك و بەدوای یەکدی داهاتنی بیرۆکە و بیرکێشەکی و هاوبابەتی (المعادل الموضوعي-Objective Correlative) توانیویەتی بەکاریگەرترین شێواز جێگا بۆ وردودرشتی بەسەرهات و کێشەکانی سەردەمی خۆی لەناو ئەو ڕۆمانەدا بکاتەوە.



**دووەم- ڕەهەندی کات:** لە ڕۆمانی (ڕێگا)دا کات دوو ڕەهەندی هەیە. ڕەهەندی ناوەکی: مەبەست لەمە ئەو ماوە ڕاستەقینەیە کە ڕووداوە سەرلەبەرەکانی چیرۆکێك یان ڕۆمانێکی پێنووسراوە؛ واتە ماوەی نێوان دەست پێکردنی یەکەم ڕووداوی ڕۆمان تا دوا ڕووداو چەند دەخایەنێت. جا ئاراستەی کات لەو ڕەهەندەدا لەکاتی ئێستاوە دەست پێدەکات و لەسەر هێڵێکی ڕاست بەرەو ئایندە (کۆتایی ڕۆمان) مل دەنێت.

کەچی ڕەهەندی دووەمی کات ڕەهەندی دەرەکییە: مەبەستیش لەمە ئەو ماوەیەیە کە گشت ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی پی تەواو دەبێت (واتە ڕووداوە ئاوتۆبایۆگرافی و لەمەوبەر و مێژوویی و ئەفسانەییەکانیش دەگرێتەوە). ئاراستەی کات لەم ڕەهەندەدا لەکاتی ئێستاوە دەست پێدەکات و بەهەر سێ ئاراستەی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا پەل دەهاوێت. هەڵبەتە ئەمەش بەبێ بەکاربردنی تەکنیکە نوێکانی ڕۆمان ئەستەمە کۆبکرێنەوە و سەرکەوتن وەدەست بهێنن. لێرەدا بەدڵنیاییەوە دەڵێین کە ئەمجۆرە تەکنیکانە بەجوانی بەکارهاتوون.

جا ئەگەر لە ڕەهەندی یەکەمی کات کە ڕەهەندی کاتی ناوەکییە لە ڕۆمانی (ڕێگا) بڕوانین، دەبینین کە ئەو ماوە ڕاستەقینەیە بەهیچ جۆرێك لە (٣٨) کاتژمێر پتر ناخایەنێت، نەك وەك نووسەری ئازیز فەروخ نیعمەتپوور بۆی چووە و دەیڵێت (سێ شەو و دوو ڕۆژ و بەیانییەك)[٧]، چونکە سەرەتای دەست پێکردنی ڕۆمانەکە دەمە دەمی ئێوارەیە (ڕێگا، ل ١١) کە (شێرکۆ) چاوی بە (نەخشین) دەکەوێت و ئەویش ئێوارەی ڕۆژی پێش وەڕێکەوتنی کاروانە و تا دەگەینە لاپەڕە (١٦٣) بەیانییەکی زووە (شێرکۆ) و (دایکی) لە هەوڵی خۆ سازدانن بۆ بەڕێکەوتن. کاتی دەست نیشانکراو لەلاپەڕە (٢٤٤-٢٤٥)دا (بەیانییەکی پایزییە) و کات و ساتی بەرێکەوتنیانە بۆ کاروانی گەنم و دواتر لەلاپەڕە (٢٦٨) کات (نیوەڕۆیەکی درەنگە) و لەلاپەڕە (٣٦٧)دا تەنها ئێوارەی پاشترە و بەسەرچوونی ڕۆژی یەکەمی کاروانە و لە ڕۆخ ڕووبارە گەورەکەی خەلیفان و لەپاڵ دارستانەکەی ڕۆخ ڕێگادا بارگە و بنەی لێدەخەن و شێرکۆ گۆتەنی: "بەوجۆرە ڕۆژی یەکەمی کاروانەکەمان لە تەمەنی ڕۆژگاردا پچڕاند." (ڕێگا، ل ٣٦٧) کەواتە کاتی ناوەکی لە دەست پێکردنی ڕۆمانەکە و تا ئێرە تەنها نزیکەی (٢٤) کاتژمێری پێچووە و لەوێوە تا لاپەڕە (٤١١) شەوی یەکەمی کاروانە و شەوی دووەمی ڕۆمانەکەیە. مەلابانگدانی ئەو شەوە لەلاپەڕە (٤٢٦)دا پەنجەی بۆ کێشراوە و لەوێشەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە تا دەمە دەمی بەیانی ڕۆژی دووەمی کاروانی گەنمە. جا ئەگەر ئەوە بزانین کە وەرزی دەست پێکردنی ئەم ڕۆمانە پاییزە و ئێوارانی پاییز لە کوردستاندا لە دەوروبەری

کاتژمێر (٥)ی ئێوارەوە دەست پێدەکات، ئەوا تا ئێوارەی ڕۆژی یەکەمی کاروان (ل ٣٦٧) تەنها (٢٤) کاتژمێری پێچووە و تا مەلابانگدانی شەوی یەکەمی کاروان (ل ٤٢٦) دەکاتە نزیکەی (٣٦) کاتژمێر و لەوێشەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە کە ڕۆژبوونەوەی پاییزانە و کاتژمێر (٧)ی بەیانی ڕۆژ دەبێتەوە، ئەوا دەبێتە نزیکەی (٣٨) کاتژمێرێك.

بەڵام ڕۆماننووس بەبلیمەتی خۆی و بە یارمەتی تەکنیکە مۆدێرنەکانی ڕۆمان کە پێشتر باسمان کردوون، توانیویەتی ڕەهەندێکی دیکەی کات لەو ڕۆمانەدا بجوڵقێنێت کە ئەویش ڕەهەندی کاتی دەرەکییە و لەوێوە گەلێ ڕووداوی مێژوویی و ئەفسانەیی و ئاوتۆبایۆگرافیانە بخزێنێتە زارکی ئەو کاتە کورتە. بەمەش مەوداکانی کات بەهەرسێ ئاراستەی ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا هەڵبدات و بەجۆرێکی لاستیکییانە جەمسەرەکانی کات لێك بکێشێتەوە تا بتوانێت زەمەنێکی درێژتر هەر لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانەوە بەهەموو وردی و درشتی و جەنجاڵییەوە تا دەگاتە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بەخۆوە بگرێت وێڕای کۆمەڵێك وردە بابەتی تایبەتمەندی ژیانی نووسەریش. جا وەك ئاشکرایە کە مەگەر خامە و بلیمەتیەکی (مەم) ئاسایانە، دەنا بەرهەمهێنانی زەمەنێکی وا چڕی پڕ ڕووداو لە ئەستەم ئەستەمتر بوو.

**سێیەم- ڕەهەندی شوێن:** لەو ڕۆمانەدا شوێنیش دوو ڕەهەندی هەیە کە ڕەهەندی ناوەکی و ڕەهەندی دەرەکییە. مەبەستیش لە ڕەهەندی ناوەکی ئەو شوێنانەیە کە ڕووداوە سەرلەبەرە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕۆمانە لێیانەوە ڕوو دەدەن. ڕەهەندی دەرەکیش هەموو ئەو شوێنانەن کە بەڕووداوە ئاوتۆبایۆگرافی و مێژوویی و لەمەوبەر و ئەفسانەییەکانەوە بەستراونەتەوە و نووسەر ناوە ناوە ئەندێشەیان دەکات و دەیانهێنێتەوە بەرچاوی خۆی و لە ڕێگای تەوژمی هۆش و فلاش باك و بەدوای یەکدی داهاتنی بیر زیندوویان دەکاتەوە.

نموونەی شوێنی ناوەکی هەموو ئەو جێگایانەی کە لە ئێوارەی پێش خۆ ئامادەکردن بۆ کاروانی گەنم لە (شەقلاوە)دا دەگرێتەوە وێڕای ئەو قۆناغانەی کاروانی گەنمی پێدا ڕەت دەبێت. یەکەم خاڵی دەست پێکردنی کاروان لە (گردی زێوەر)ەوەیە و دواتر بەلای (چیای سۆرك) و (گردی میراوە)دا ڕەت دەبن و بەرەبەرەی کێشتان دەگەنە تەك (تای بێران) و نیوەڕۆ دەگەنە ڕۆخ (قەلاتی خانزادی سۆران)(ڕێگا، ل ٢٤٩) و دوای عەسرێکی درەنگ بەکن (گوندی گولەك)و لای دەشتی هەریردا ڕەت دەبن و ئێوارە دەگەنە (هەورازی سپیلك) و لە (زارگەلی) شەویان لێ بەسەردا دێت (ڕێگا، ل٣٧٧) و لە گوێی چۆمی خەلیفان بەرامبەر (گەلی عەلی بەگ) و لوتکە بەرزەکەی (کارۆخ) باری لی دەخەن و نوێژی عیشا لەوێ دەکرێ و تا بانگی



بەیانی لەوێ دەمێننەوە و بەیانی دووەم بەرەو سنوور بۆ ناوچەی (زینوێ شێخ) بەمەبەستی گەنم وەدەستهێنان بەڕێ دەکەونەوە.

خۆ شوێنی دەرەکی لەڕۆمانی (ڕێگا)دا هێندە بەسفت و سۆڵی لەناو تان و پۆی ڕووداوەکاندا چنراوە کە زۆر جاران خوێنەر وا لێدەکات نەزانێت کیها شوێن لەمانە ناوەکین و کیهانیشیان دەرەکین. بێگومان تەکنیکە نوێکانی ڕۆمان دەستێکی باڵای لە بەرجەستەکردنی شوێن و ڕووداوەکاندا هەبووە. هەربۆیەش، لەپاڵ ئەو شوێنانەی ئاماژەمان بۆ کردن (گردی دەنگارە) و (گردی دێرە) و (گۆڕەپانی کانی ئاغایان) (ڕێگا، ل ٢٦٥) و حەوشەی گەورەی مزگەوت و دێری مەسیحییان و چایخانەی خدرەسۆر و خوێندنگای شەقلاوە و گوندی کاوانیان و شێرەسوار و کۆڕێ و لۆفەی دەرماناوا و گردی پیرمام و هەولێر و چایخانەی مستیلی بن پیرەقەلاتی هەولێر و زینوێ شێخ و تەنانەت شنۆ و ورمێش لەبەرچاوی خوێنەر زەق دەبنەوە.

جا وەك (مەم) لە (تاقێکردنەوەی چیرۆك نووسیندا) باسی لە ئاشنایەتی خۆی لەگەڵ نووسەرە جیهانییەکانەوە کردووە، منیش پاش لێوردبوونەوە و سەرنجدانێکی نقوورڤانانەی لایەنەکانی ئەم ڕۆمانە، دەتوانم بڵێم کەوا لە ڕۆمانی (ڕێگا)دا واقیعبینی (چیکۆڤ) و ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕانەی (گۆرگی) و گۆشەنیگای (دیستۆڤیسکیانە) و شێوازی ناسکی (پیرڵ باك) و سادەیی و ساکاری (ئەرسکین کالدوێل)و مرۆڤپەروەری (تۆلستۆی) و کاریگەری (بەلزاك) و چڕکردنەوەی (مۆپاسان) و جواننووسی (لامارتین) و (شاتۆبریان) و ڕاستگۆیی (زەیات) و رۆحی یاخیگەرایی و کۆڵنەدانی (کامۆ) و ڕەخنەبازی (کافکا)و تەکنیکسازی (جۆیس) و (فۆکنەر) گەش گەش دەدرەوشێنەوە.

لە کۆتاییدا هەرهێندە ماوە بیڵێم کە ڕۆمانی (ڕێگا) تەنیا "سەربوردەی مرۆڤی سەر ئەم خاکە، لە پێناوی مان و نەمانیدا"[٨] نییە و بەس، بەڵکو گەورەترین بەڵگەنامەی چەوساندنەوەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و ڕەهایی دەسەلاتی زۆردارانە لە کوردستانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا.*

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١- محەمەد مەولود (مەم)، ڕێگا، پاکنووس و ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ: ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجەیی (ستۆکهۆڵم: ١٩٨٤) بڕوانە لاپەڕە (٣٧٦) (لەمەودوا هەر ئاماژەیەکی دی بۆ لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە لەناو دەقی نووسینەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێت).

٢- بە مەبەستی بەراوردکردنی لایەنی ئاوتۆبایۆگرافی لە ڕۆمانی (ڕێگا)دا بڕوانە (نامەیەکی بڵاونەکراوەی (مەم) بۆ عەبدولڕەزاق بیمار) (١٩٦١) و (نامەیەکی خوشکە گەورەی (مەم) بۆ نووسەری نامەی ماجستێر-تالیب محەمەد ئەحمەد، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود مەم (نامەی ماجستێر کە پێشکەشی کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین- ١٩٩٣) کراوە. لاپەڕە ٢١٨-٢٢٨.

٣- (لەگەڵ دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیدا: محەمەد مەولود مەم و تاقیکردنەوەی لە چیرۆك نووسیندا) گۆڤاری (کاروان) تشرینی دووەم ١٩٨٣. ژمارە (٢) لاپەڕە (٥٥).

٤- بڕوانە (نامەیەکی بڵاونەکراوەی (مەم) بۆ عەبدولڕەزاق بیمار) (هەمان سەرچاوە) لاپەڕە (٢٢٢).

٥- بڕوانە (نامەیەکی خوشکە گەورەی مەم) (هەمان سەرچاوەی پێشوو) لاپەڕە (٢١٨).

٦- هاشم سەراج (خوێندنەوەی شوونەکانی دەسەڵات لەنێو دەقی (ڕێگا)دا گۆڤاری (رامان)، ژمارە (١٣) ساڵی ١٩٩٧، ل (٣). هەروەها بڕوانە: جەلیل کاکەوەیس (ڕۆمانی ڕێگا: هەڵوێست و پشووی هونەری) گۆڤاری (کاروان) ژمارە (١١٧) ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٣٠-٣١).

٧- فەروخ نیعمەتپوور (ڕێگا و تراژیدیای خوولەکان) گۆڤاری (رامان) ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٢٧).

٨- ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی (بەر لە کۆچی بە مانگێك: ٦ پرسیار لەبەردەم (مەم)ی زیندوودا) ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٩٢٥)ی ١٩٨٧/١١/٢٣، لاپەڕە (٦).

---

**تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ ل ٥١-٦٠ بڵاو کراوەتەوە.**

## بەرهەمەکانی

### زنجیرەی شاکارنووسانی کورد لە سەدەی بیستەم دا:

١- محەمەد مەولود مەم
٢- موحەڕەم موحەمەد ئەمین
٣- حەسەنی قزڵجی
٤- ئیبراهیم ئەحمەد
٥- ئەحمەد موختار جاف
٦- جەمیل سائیب
٧- عەبدوڵڵا سەراج
٨- حوسێن عارف
٩- محەمەد موکری
١٠- ئەحلام مەنسوور